www.pertwk.com

د. حسن عماد مكاوى*

# ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەنووسی

## لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە:

مەم بورهان قانع

*مامۆستای ئیزگە لەکۆلیجی ڕاگەیاندنی زانکۆی قاهیرە.

# أخلاقيات العمل الأعلامى

دراسة مقارنة

دكتور

حسن عماد مكاوى

أستاذ الأذاعة بكلية الأعلام

جامعة القاهرة

www.pertwk.com


**وەزارەتی رۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان**

www.roshnbiri.org

khanaywargeran@yahoo.com

- ناوی کتێب: ئەخلاقی کاری ڕۆژنامە نووسی
- نووسینی: د. حسن عماد مکاوی
- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: مەم بورهان قانع
- بابەت: ڕۆژنامەوانی
- نەخشەسازیی کۆمپیوتەری: شیلان نوری
- تایپی کۆمپیوتەری و هەڵەچن: وەرگێڕی کوردی
- نەخشەسازیی بەرگ: نازەنین ساڵح
- زنجیرە: (66)
- تیراژ: 1500 دانە
- چاپ: چاپخانەی تیشک
- ژمارەی سپاردنی(402)ی ساڵی (2004)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە
- چاپی یەکەم: 2004- سلێمانی

www.pertwk.com

## پێشکەشەی لێکۆڵیار:

* بۆ ئەوانەی فێری خۆشەویستی و چاکەو ئەخلاقیان کردم..
* بۆ رۆحی دایک و باوکم

## پێشکەشەی وەرگێڕی کوردی:

*بۆ ئەوانەی لەکاری رۆژنامەنووسییدا رەچاوی ئەخلاق و بەرپرسیاریێتی رۆژنامەنووسی دەکەن.

* ئەوانەی دڵ گەورەن بەرانبەر بەقەڵەمی رۆژنامەنووسان.

پێشکەشی ئەوانەیش نەبێ کە رۆژنامەنووسان دەخەنە زیندانەوە.

www.pertwk.com

# چڕست

سەرباسەکان

لاپەڕە

* پێشەکی ........................................ 13
* دیریازیی یەکەم/ گەشەسەندنی ئازادیی رادەربڕین و رۆژنامەنووسی: .... 25
* فەسڵی یەکەم: چوارچێوەی مێژوویی و فەلسەفیی ئازادیی رادەربڕین: ........ 27
– دەسپێك ........................................ 29
– چەمکی ئازادیی رادەربڕین و رەگەزەکانی ........................................ 31
– ئازادیی رادەربڕین لەشارستانێتییە دێرینەکاندا ........................................ 33
– مەسیحییەت و ئازادیی رادەربڕین ........................................ 40
– ئیسلام و ئازادیی رادەربڕین ........................................ 42
– دۆزینەوەی چاپ و ئازادیی رادەربڕین ........................................ 44
– ئازادیی رادەربڕین لەهەردوو سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا ........................................ 45
– ئازادیی رادەربڕین لەچاخی نوێدا ........................................ 54
– پوختە ........................................ 58
– سەرچاوەکانی فەسڵی یەکەم ........................................ 61
* فەسڵی دووەم: ئازادیی رۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگا هەمەجۆرەکاندا: ........ 65
– دەسپێك ........................................ 67
– ئازادیی رۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگاکانی خۆرئاوادا ........................................ 68
– لێکۆڵینەوەی باری کۆمەڵگای ئەمەریکی ........................................ 79
– ئازادیی رۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگا پەرستێنەکاندا ........................................ 92
– بیری عەرەبی و ئازادیی رۆژنامەنووسی ........................................ 97
– لێکۆڵینەوەی باری کۆمەڵگای میسری ........................................ 100
– پوختە ........................................ 109
– سەرچاوەکانی فەسڵی دووەم ........................................ 111
* دیریازیی دییەم/ ئازادیی رادەربڕین و مافەکانی کۆمەڵگا: ....... 115
* فەسڵی سێیەم: سانسۆری حکومی و یاساکانی هاندان: .............. 117
– دەسپێك ........................................ 119
– سانسۆری حکومی ........................................ 120
– یاساکانی سانسۆر لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا ........................................ 122
– ناوەندە بیستراوو بینراوەکان و کۆتوبەندی پێشوەخت لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا.... 134
– داهاتووی رێکخستنە حکومییەکانی ناوەندەکانی راگەیاندن لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ........................................ 140
– یاساکانی سانسۆر لەکۆمەڵگا پەرستێنەکاندا ........................................ 142
– پوختە ........................................ 154
– سەرچاوەکانی فەسڵی سێیەم ........................................ 156
* فەسڵی چوارەم: سانسۆری رێکخستنەکانی تایبەت بە ناوەندەکانی راگەیاندن: ........................................ 159
– دەسپێك ........................................ 161
– پێویستی بۆ راگەیاندنێکی ئازادو بەرپرسیار ........................................ 162
– بەڵگەنامەکانی ئابڕوی ئەخلاقی و ئەنجومەنەکانی رۆژنامەنووسی ........................................ 164
– کۆمەڵگای ئەمەریکی بۆ رۆژنامەنووسانی رۆژنامەکان ........................................ 166
– کۆمەڵگای رۆژنامەنووسە پیشمەندەکان ........................................ 167
– یەکێتیی نەتەوەیی رۆژنامەنووسانی ئیزگە ........................................ 169
– یەکێتیی بەڕێوەبەرانی هەواڵی رادیۆو تەلەفزیۆن ........................................ 170

www.pertwk.com

- ڕێکخستنە پیشەییەکان لەکۆمەڵگای عەرەبیدا.......................... 171
- بەڵگەنامەکانی ئابڕوی ئەخلاقی عەرەبی.............................. 173
- دەستوری یەکێتیی گشتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب..................... 173
- بەڵگەنامەی ئابڕوی ڕاگەیاندنی عەرەبی.............................. 175
- ڕۆڵی ڕەخنەگران لەچاودێریکردنی ناوەندەکانی ڕاگەیاندندا............. 176
-ڕۆڵی گروپەکانی فشار لەچاودێریکردنی ناوەندەکانی ڕاگەیاندندا......... 179
- ڕۆڵی جەماوەر لەچاودێریکردنی ناوەندەکانی ڕاگەیاندندا............... 181
- پوختە........................................................... 183
- سەرچاوەکانی فەسڵی چوارەم....................................... 185
* **فەسڵی پێنجەم**: ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و حکومەت.. کێ چاودێری کێ دەکا؟........ 189
- دەسپێك.......................................................... 191
- گرنگیی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و بەرپرسیارێتیان...................... 192
- پەیوەندیی ناکۆکی................................................. 196
- پەیوەندیی هاوبەرپرسیاری.......................................... 201
- ڕۆژنامەنووس وەك بریکاری حکومەت.................................. 204
- پەیوەندیی بازرگانی............................................... 206
- ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی....................................... 207
- پوختە........................................................... 212
- سەرچاوەکانی فەسڵی پێنجەم........................................ 214
* **دیوێزیی سێیەم**/ ئازادیی ڕادەربڕین و مافەکانی ڕۆژنامەنووسان:.. 217
* **فەسڵی شەشەم**: مافی پارێزگاریکردنی نهێنیی سەرچاوە ڕۆژنامەنووسییەکان:........ 219
- دەسپێك.......................................................... 221
- بنەمای حەسانەی ڕۆژنامەنووسی...................................... 222
- مافی پەیڕەوکردنی کاری ڕۆژنامەنووسی................................ 228
- سنوورەکانی پەیڕەوکردنی حەسانەی ڕۆژنامەنووسی..................... 232
- ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی....................................... 237
- پوختە........................................................... 242
- سەرچاوەکانی فەسڵی شەشەم......................................... 243
* **فەسڵی حەوتەم**: مافی زانینی ئەوانەی لەڕێکخراوە حکومییەکاندا هەڵدەسوڕێن:........ 245
- دەسپێك.......................................................... 247
- پرەنسیپی مافی زانین.............................................. 248
- نهێنیی زانیاری و بەڵگەنامەکان...................................... 249
- یاسای ئازادیی زانیارییەکان......................................... 255
- ئەو بەربەرەکانێیانەی سەبارەت بە پرەنسیپی مافن لەزانیندا............ 256
- هەندێ لەو کێشانەی لەمافی زانین کەوتوونەتەوە....................... 259
- ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی....................................... 262
- پوختە........................................................... 269
- سەرچاوەکانی فەسڵی حەوتەم........................................ 271
* **دیوێزیی چوارەم**/ ئازادیی ڕادەربڕین و مافەکانی هاووڵاتیان:..... 273
***فەسڵی هەشتەم**: مافی پارێزگاریکردنی ئابڕوو پلەو پایەی کەسێتی لەتاوانی ناوزڕاندندا:........ 275
-دەسپێك.......................................................... 277
-چەمکی ئاشکرایی.................................................. 279
-ئاشکرایی لەشەریعەی ئیسلامیدا...................................... 280
- ئاشکرایی لەیاسای ئینگلیزیدا....................................... 281
- ئاشکرایی لەیاسای فەڕەنسیدا....................................... 282

www.pertwk.com

- زیانگەیاندن بۆ سەر پلەو پایەی کەسێتی لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا........283
- تاوانەکانی زیانگەیاندن بۆ سەر پلەو پایەی کەسێتی لەکۆمەڵگای میسریدا......289
- نیەتی تاوانکاری لەتاوانەکانی ئابڕوو پلەو پایەی کەسێتی لەمیسر......294
- چۆن رۆژنامەنووس لەتۆمەتی ناوزڕاندن دووردەکەوێتەوە؟................296
- ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی....................................298
- پوختە..........................................................301
- سەرچاوەکانی فەسڵی هەشتەم.......................................303
* **فەسڵی نۆیەم**: مافی پارێزگاریکردنی تایبە تمەندی:................305
- دەسپێك.........................................................307
- چەمکی پارێزگاریکردنی تایبە تمەندی..............................308
- پارێزگاریکردنی تایبە تمەندی لەیاسای ئەمەریکیدا....................310
- ئەو چوار رەگەزەی پەلاماری تایبە تمەندی دەدەن........................312
- پارێزگاریکردنی تایبە تمەندی لەیاسا عەرەبییەکاندا...................316
- ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی....................................317
- پوختە..........................................................330
- سەرچاوەکانی فەسڵی نۆیەم........................................332
* **فەسڵی دەیەم**: مافی دادگاییکردنی دادوەرانە: ...................... 335
- دەسپێك.........................................................337
- پێویستی بۆ دادگاییکردنی دادوەرانە................................338
- دادگاییکردنی دادوەرانە لەیاسای ئەمەریکیدا............................340
- دادگاییکردنی دادوەرانە لەهەندێ یاسای عەرەبیدا......................343
- ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی.......................................346
- پوختە..........................................................349
- سەرچاوەکانی فەسڵی دەیەم..........................................351
* **فەسڵی یانزەیەم**: مافی بڵاوکردنەوە:..............................353
- دەسپێك.........................................................355
- پێکهاتەی مافی دانەرو رەگەزەکانی..................................356
- مافی بڵاوکردنەوە لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا.............................358
- پرەنسیپی بەکارهێنانی دادوەرانە....................................360
- پارێزگاریکردنی مافی دانەر لەکۆمەڵگای میسریدا.......................362
- ئەو کۆت و بەندانەی بۆ مافی دانەر هەن لەمیسر.........................364
- رێگاکانی پارێزگاریکردنی مافی دانەر لەمیسر..........................365
- ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی.......................................366
- پوختە..........................................................370
- سەرچاوەکانی فەسڵی یانزەیەم........................................372
*فەسڵی دوانزەیەم: مافی پارێزگاریکردنی خوڕەوشتی گشتی لەکارە بەدرەوشتییەکاندا:.....375
-دەسپێك..........................................................377
-سێکس و خرۆشاندن لەناوەندەکانی راگەیاندندا..........................378
-بابەتە بەدرەوشتییەکان لەیاسای ئەمەریکیدا............................382
-پارێزگاریکردنی خوڕەوشتی گشتی لەهەندێ یاسای عەرەبیدا.............385
-ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی.......................................386
- پوختە..........................................................391
- سەرچاوەکانی فەسڵی دوانزەیەم.......................................392
* کۆتایی..........................................................394
* لیستی سەرچاوەکان:...............................................403

www.pertwk.com

**-یەکەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**..........................................403
**-دووەم: سەرچاوە بیانییەکان**..........................................405

# پێشەكی

مرۆڤایەتی نزیكدەبێتەوە لەپێشوازیكردنی سەدەی بیستویەكەم (ئەم لێكۆڵینەوە بەراوردكارییە لە سەرەتای دەیەی كۆتایی سەدەی بیستەمدا نووسراوەو ساڵی 1994 چاپی یەكەمی كراوەو ساڵی 2002 بۆ دووەم جار چاپكراوەتەوە–وەرگێڕی كوردی) لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا بە ملیۆنان مرۆڤ لەچەندین كۆمەڵگادا هەن بێبەشن لەمافی رادەربڕین لەئازارو خەونەكانیان. لەماوەی زیاتر لەدوو هەزارو پێنج سەد ساڵ مرۆڤ لەپێناو جەختكردنەوە لە مافی لەئازادیی رادەربڕین تێكۆشاوەو ئەمەیش بەهۆی هۆكارە هەمەجۆرەكانەوە لەبارەی ئەو كێشانەی بەر ئاسایشە تایبەتییەكەیو كۆمەڵگا گشتییەكەی دەكەون، مرۆڤ لەزۆربەی كۆمەڵگاكانو ماوە مێژووییەكاندا رووبەرووی چەندین كۆتو بەند بووەتەوە كە وایكردووە نەتوانێ ئەو مافە سروشتییەی بەجێبهێنێ، ئەو كۆتو بەندانەیش دەگەنە ئاستی رووبەرووبوونەوەی بەندكردنو دەربەدەربوونو هەندێ جاریش كوشتن.

سەرباری ئەوەی پرەنسیپی مافی رادەربڕینو ئازادیی بیروڕا بووەتە یەكێ لەبەڵگەنەویستەكان كە دەستوورەكان لەكۆمەڵگا هەمەجۆرەكاندا جەختی لەسەردەكەنەوە، كەچی لێكدانەوەی ئەو مافە لەكۆمەڵگایەك بۆ كۆمەڵگایەكی ترو لەكاتی بەجێهێناندا جیاوازی گەورەیان تێدەكەوێ. لەكاتێكدا هەندێ لەرژێمە سیاسییەكان وایدەبینن ئازادیی رۆژنامەنووسیو راگەیاندن بەردی گۆشەیەكە لەپەیڕەوكردنی دیموكراسیدا، و یاسای وەها لەخۆدەگرێ كە ئەو ئازادییە بپارێزێ، كەچی رژێمی تر دەبینین كار لەسەر كۆتوبەندكردنی ئازادیی راگەیاندن دەكا بەداواكردنی پارێزگاریكردنی رژێمی گشتیو



ئاسایشی نەتەوەیی چاكەی كۆمەڵگا، ئەوەیش لەرێی سەپاندنی ئەو یاسانەوە دێ كە سنووری بۆ ئازادیی راگەیاندن دادەنێن، لەگەڵ پەیڕەوكردنی شێوازی جیاواز لەچاودێریكردنی راستەوخۆو ناراستەوخۆدا..

وشەی چاودێریكردن (سانسۆر–و.ك) بەیەكێ لە هەرە وشە ناشیرینە بەكارهاتووەكانی سەرجەمی زمانەكان دادەنرێ، سەرباری ئەوەی ئازادی نابێ رەها بێ، هێشتا سانسۆر هۆكارێكی نمونەیی نییە بۆ پارێزگاریكردنی كۆمەڵگا هاوچەرخەكان لەمەترسییە دەورە دراوەكانی.

فەیلەسوفە دەسەڵاتخوازەكان وایان نیشان دەدا– لەپاساوهێنانەوەی چاودێریكردنی حكومیدا– بایەخدان بەدەوڵەت دەبێ جێگایەكی بڵندتری لەجێگای بایەخدانی تاك هەبێ. بۆیە هەر لەساڵی 1644ی زایینییەوە كاردانەوەی سەیر لەدژی فەلسەفەی دەسەڵاتخوازیو چاودێریكردنی حكومی دەستیپێكرد، ئەوەیش لەكاتێكدا كە شاعیری بریتانی "جۆن میلتۆن" بانگەشەی بوونی كۆمەڵگایەكی ئازادی كراوەی كرد كە تیایدا راستی لەدرۆ روونده‌بێتەوەو هاووڵاتی ئاسایی دەتوانێ چەوتی لەراستی جیابكاتەوە.

لەبری فەیلەسوفانی دەسەڵاتخواز كە دەوڵەتیان دەخستە سەروو هەموو شتێكەوە، فەیلەسوفانی ئازادی دەركەوتن كە تاكیان كردە سەنتەری گەردوونو وەهایان دەبینی مافەكانی مرۆڤ پیرۆزنو لەمافەكانی دەوڵەت بایەخدارترن، و رۆڵی حكومەت قەتیس دەكرێ لەبەڕێوەچوونو پەیڕەوكردنی تاك بۆ مافە سروشتییەكانیان.

ئەنجامدانی بەكارهێنانی ناوەندەكانی راگەیاندن بۆ چەمكی ئازادی لەماوەی سەدەی نۆزدەو نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم لەپەیڕەوكردنی ئابڕووبەریدا، كە ناوەندەكانی راگەیاندنی خۆرئاوا قوربانیاندا بەبەرپرسیارێتیان بەرانبەر بەكۆمەڵگا لەپێناوی بەدیهێنانی زۆرترین هەوڵ بۆ قازانجكردن، و كاركردن بۆ لەبیر بردنەوەی خەڵكی، لەبری خستنەرووی زانیاری، و رۆشنبیریو خۆشیی بەكەڵك، ئەوە لەرێی بەربڵاوی زۆری دیاردەی

www.pertwk.com

"ڕۆژنامەنووسی زەرد"ەوە ڕەنگیدایەوە کە پشت بەبڵاوکردنەوەی ئابڕووبەرییەکان دەبەستێ، لەگەڵ ئاشکراکردنی ژیانی تایبەتیو بەکارهێنانی ورووژاندنو درۆو لایەنگیریکردن لەخستنەرووی هەواڵو زانیارییەکاندا.

ئەوە بووە هۆی دەرکەوتنی تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەدوای دووەمین جەنگی جیهانی*، ئەم تیۆرە پشت بە چەند پرەنسیپێ دەبەستێ: لەوانە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بە پابەندبوونە کۆمەڵایەتییەکانی لەخزمەتکردنی کۆمەڵگادا هەڵدەستێ، لەگەڵ یارمەتیدانی جەماوەر بەراستییە تەواوەکان سەبارەت بە ڕووداوە ڕۆژانەکان، و بوار ڕەخساندن لەبەردەم بیروڕا جیاوازەکان بۆ تەعبیرکردن لەخۆیانو دانانی پێوەری پیشەیی بۆ ڕاستگۆییو بابەتیو وردیو هاوسەنگی، لەگەڵ دوورکەوتنەوە لەبڵاوکردنەوەی تاوانو ئاژاوەو خراپەکاری بۆ کەمایەتییەکانو ڕەچاوکردنی گونجاندن لەنێوان چاکەی تاكو چاکەی کۆمەڵگادا.

لەگەڵ ئەوەیشدا سەدەی بیستەم دەرکەوتنی ئەنجومەنەکانی ڕۆژنامەنووسی بەخۆوەبینی، لەگەڵ بەڵگەنامەکانی ئابڕووی پیشەیی کە ئامانج لێیان پشتگیریکردنی ئازادیی ناوەندەکانی ڕاگەیاندنو چاککردنی بەڕێوەچوونیو پەیڕەوکردنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەیەتی بەبڕێك لەبەرپرسیارێتییەکەی دوور لە هێزو ناچارکردن، و پارێزگاریکردنی کادیرەکانی ڕاگەیاندن لەسانسۆری حکومی.

---

* لێکۆڵیار لە لێکۆڵینەوەکەیدا ئاماژە بەوە دەکا تیۆری ڕۆژنامەنووسیی "بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی" بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، کە لەراستیدا وەهایە، بەڵام جێگای سەرسوڕمانە لێرەدا لێکۆڵیار لەئاماژەکردنیدا بۆ دەرکەوتنی تیۆری لێپرسراوێتیی کۆمەڵایەتی دەڵێ بۆ دوای دووەمین جەنگی جیهانی دەگەڕێتەوە!
وەرگێڕی کوردی



## گرفتی لێکۆڵینەوەکەو گرنگییەکەی:

شارستانێتییە مرۆڤایەتییەکان خوازیاری -لەچاخە جیاجیاکاندا- ئازادکردنی مرۆڤن لەهەر فشارێ یان ناچارکردنێ کە کار لە ئیرادەی بکاو بیگوێزێتەوە بۆ ئەوەی سود لەموڵکەکانی وەربگرێ لەسەرجەمی لایەنەکانی ژیاندا. بۆیە ئازادیی خەڵکی لەرادەربڕینی سەبارەت بە کێشەو بۆچوونو ئومێدەکانیان دەکرێ ئەوەیان بۆ دەستەبەربکرێ کە بگەنە چارەسەری گونجاوو ئەقڵانی بۆ ئەو کێشانە. ئازادیی ڕادەربڕین مانای کەوتنی ئەو بەربەستانە دەگەیەنێ کە بوار نادەن بەتاك تەعبیر لەخودی خۆیو کۆمەڵگاکەی بکا بۆ هێنانەدیی خێروخۆشییەکانی. ئازادی بەگشتی داوای ڕەخساندنی بوارێك دەکا بۆ هاوولاتیان کە بەهۆکاری هەمەجۆرو بێ بوونی کۆتوبەندی پێشوەخت لەلایەنی حکومەتەکانەوە تەعبیر لەخودی خۆیان بکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا حکومەت بەتەنها نییە کە بووەتە ڕێگر لەبەردەم ئازادیی ڕادەربڕیندا -ئەگەر گرنگترین مەترسی بێ کە دەشێ هەڕەشە لەو ئازادییە بکا- بەڵکو هەژاریو نەزانیو برسێتیو هەر بارودۆخێکی تری کۆمەڵایەتی کە دەورەی تاك دەدەن دەکرێ ببنە قورساییەك بۆ سەر مافی لەپەیڕەوکردنی ئازادیدا.

سەدەی بیستەم گەشەسەندنێکی بەرچاوی لەهۆیەکانی گەیاندنو پەیوەندیکردندا بەخۆوە بینی، کە وای لەناوەندەکانی ڕاگەیاندنی خوێندراوو بیستراوو بینراو کرد بەتاڵنەبنەوە لە دەستەبەرکردنی زانیاریو ڕۆشنبیریو خۆشنودی بۆ سەرجەمی تاکەکانو لەتەواوی کاتەکاندا.

کێشەی لێکۆڵینەوەکە ئەوە دەستنیشاندەکا ئازادیی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لەچاودێریکردنی حکومی دەشێ ببێتە هۆی پەیڕەوکردنێکی نابەرپرسیارانە کە زیان بە چاکەی کۆمەڵگا بگەیەنێ، هەروەها ببێتە هۆی دەرکنەکردن بەپێداویستییە سەرەکییەکانی تاکەکانو کڕنووشبردن بۆ هەژموونی قازانجو بەجێهێنانی مەرامی خۆپەرستیو هەروەها نەخستنەرووی

www.pertwk.com

وێنەیەکی راستەقینە لەبارەی گەشەسەندنی کۆمەڵگاو ئامانجو بەهاو رەفتارەکانی.

هەروەها کرنووشبردنی ناوەندەکانی راگەیاندن بۆ چاودێریکردنە حکومییەکان پشتگیری پرۆسەی دیموکراسی ناکاو دەبێتە هۆی نەرەخساندنی زەمینە بۆ راو بیرە جیاوازەکان کە تەعبیر لە گروپەکانی کۆمەڵگا دەکەنو وێنەیەکی راستگۆیانەی ئەو شتانەی لەدەوریاندا روودەدەن بدەنەوە، وەها لەو ناوەندانە (ی راگەیاندن–و.ك) بکەن بەتەنها ببنە زوڕنای پڕوپاگەندەکردن بۆ سیاسەتەکانی حکومەت کە توانای ئاشکراکردنی ئەو گەندەڵیو هەڵانەیان نەبێ کە لەکۆمەڵگادا روودەدەن.

زۆربەی جار مافی ناوەندەکانی راگەیاندن دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەو هەواڵو زانیاریو زانینانەی کە لەرێکخراوە حکومییەکاندا روودەدەن، لەگەڵ رۆشنایی خستنەر سەر کەسێتییە گشتییەکانو بەرپرسە رەسمییەکان بۆ پێکادان لەگەڵ مافی حکومەت لەپارێزگاریکردنی نهێنییە سیاسیو ئابوریو سەربازییەکانو بەجێهێنانی چاکەی گشتیو هەروەها رەچاوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی، لەگەڵ ئەوەیشدا مافی هاووڵاتیان لەپارێزگاریکردنی ژیانە تایبەتەکەیان لەئاشکراییو ناوزڕاندن. دواجار دەبێتە هۆی زۆری ئەو مافانەی دەقە دەستورییەکان دەیانگرنە خۆیان بۆ پێکادانی بەرژەوەندییەکان لەنێو هەریەکە لەناوەندەکانی راگەیاندن، حکومەتەکان،و هاووڵاتیاندا، کە ئامانج لەئازادیی ناوەندەکانی راگەیاندن پشتگیریکردنی دیموکراسییە نەوەك بڵاوکردنەوەی ئاژاوە –بۆیە پارێزگاریکردن لەو ئازادییە داوای رێژەیەك لەهاوسەنگی دەکا تاوەکو مافی لایەنێك بەسەر لایەنەکانی تردا زاڵ نەبێ.

## گرنگی کێشەکان لەم لایەنانەدا حەشاردەدرێن:

1–گرنگیی ناوەندەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکانو زیادبوونی ئەو رۆڵەی کە لەژیانی تاکەکانو کۆمەڵگاکاندا دەیبینێ.

2–مافی ناوەندەکانی راگەیاندن بۆ دەستەبەرکردنی دەرپەڕینی ئازاد بۆ زانیارییەکانو خستنەرووی وێنەیەکی نمونەیی بۆ گروپەکانی کۆمەڵگا بەبێ پەنابردنە بەر بۆ سانسۆری حکومی بەسەرجەمی شێوەکانیەوە، لەگەڵ مافی پارێزگاریکردن لە نهێنیی سەرچاوەکانی.

3–مافی حکومەتەکان لەداڕشتنی ئەو سیاسەتانەی چاکەی کۆمەڵگا بەیدەهێنن، و پارێزگاریکردن لەبونیادنانی کۆمەڵگاو ئاسایشی نەتەوەییو هەروەها بڵاونەکردنەوەی نهێنییە سەربازیو سیاسیو ئابورییەکان، و بەرهەڵستیکردنی ئەوانەی دەیانەوێ تێکی بشکێننو بەمەرامی خۆیان بگەن.

4–مافی هاووڵاتیان لەپارێزگاریکردنی نهێنییەکانی ژیانی تایبەتییان، و پارێزگاریکردنی ئابڕویان لەناوزڕاندنو سوکایەتیپێکردن، و هەروەها مافیان لەدەستخستنی دادگاییکردنێکی دادوەرانەدا.

5–مافی کۆمەڵگا لەپارێزگاریکردن لەرەوشتی گشتی کە پارێزگاریکردن لەبەهاو داب‌ونەریتو پێوەرە باوەکانی دەڕەخسێنێ، هەروەها رەخساندنی بەکارهێنانی دادوەرانە بۆ زانیارییەکانو ئەو پەیامانەی خۆشگوزەرانیی جەماوەرەکەی بەجێدەهێنێ.

## ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەم ئامانجانەی هەیە:

1–لێکدانەوەی چەمکی ئازادیی رادەربڕینو رەگەزەکانی لە شارستانێتییە دێرینو هاوچەرخەکاندا.

2–لێکدانەوەی گەشەسەندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی لەچوارچێوەی تیۆرەکانی دەسەڵات، ئازادی، و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیو بەراوردکاری لەنێو ئەو ئازادییانەدا لەکۆمەڵگا خۆرئاواییەکانو کۆمەڵگا پەرستێنەکانو لێکۆڵینەوەی باری هەردوو کۆمەڵگای ئەمەریکیو میسری.

3–لێكدانەوەی چەمكی چاودێریكردنی حكومی و گەشەسەندنی یاساكانی هاندان، و بەراوردكاریی یاساكانی سانسۆر لەكۆمەڵگای ئەمەریكی و هەندێ لەكۆمەڵگا پەرستێنەكاندا.

4–لێكدانەوەی رۆڵی رێكخراوە تایبەتە ناحكومییەكان لەچاودێریكردنی كاروباری ناوەندەكانی راگەیاندندا.

5–لێكدانەوەی پێكهاتەی پەیوەندی لەنێوان ناوەندەكانی راگەیاندن و حكومەتەكاندا.

6–لێكۆڵینەوەی چەمكی حەسانەی رۆژنامەنووسی و مافی پارێزگاریكردنی نهێنیی سەرچاوەكان[18]

7–لێكۆڵینەوەی مافی ناوەندەكانی راگەیاندن لەزانینی ئەوانەی لەدەوروبەری حكومەتدا هەڵدەسوڕێن، و هەروەها ئاشكراكردنی نهێنیی زانیاری و بەڵگەنامەكان.

8–لێكۆڵینەوەی چەمكی ئاشكرایی (العلانیة) لەیاسا جیاوازەكان و كێشەكانی پەلاماردان بەرەچاوكردنی لەهەردوو كۆمەڵگای ئەمەریكی و میسری، و چۆنیەتی دووركەوتنەوەی ناوەندەكانی راگەیاندن لەو كێشانە.

9–لێكۆڵینەوەی چەمكی ماف لەتایبەتمەندی، و رەگەزەكانی، و جێبەجێكردنەكانی لە یاسای ئەمەریكی و هەندێ لە یاسا عەرەبییەكاندا.

10–لێكۆڵینەوەی پرەنسیپی ماف لەدادگاییكردنی دادوەرانە، و بەراوردكردنی ئەو مافە لەیاسای ئەمەریكی و هەندێ یاسای عەرەبیدا.

11–لێكۆڵینەوەی پرەنسیپی ماف لەبڵاوكردنەوە، و جێبەجێكردنی ئەو پرەنسیپە لەهەردوو كۆمەڵگای ئەمەریكی و میسریدا.

12–لێكۆڵینەوەی ئەو یاسایانەی ئامانج لێیان پارێزگاریكردنی رەوشتیی گشتییە لەو بابەتە بەدڕەوشتییانەی ناوەندەكانی راگەیاندن دەیانخەنەروو، و بەراوردكردنی ئەو یاسایانە بەیاساكانی كۆمەڵگای ئەمەریكی و هەندێ یاسای عەرەبی.

13–لێكۆڵینەوەی پەیڕەوكردنە نابەرپرسیارییەكان لەلایەن ناوەندەكانی راگەیاندنەوە بۆ كێشەكانی پێشوو بەئامانجی دوورخستنەوەی ئەو پەیڕەوكردنە بەدڕەوشتییانە.

## میتۆدی لێكۆڵینەوەكە :

ئەم لێكۆڵینەوەیە بە لێكۆڵینەوەی چۆنیەتی Qualitative Research دادەنرێ و بەمجۆرە خوازیاری بوونی گۆڕانكارییەكانی كە شایانی پێوەری چەندێتین نییە.

لێكۆڵیار لەم لێكۆڵینەوەیەدا میتۆدی مێژوویی لەرێگای چاودێریكردنی گەشەسەندنی ئازادیی رادەربڕین و ئازادیی بیروڕاو ئازادیی راگەیاندن لە سەدە جیاوازەكاندا بەكارهێناوە، و هەروەها لەلێكۆڵینەوەی یاساكاندا، كە حوكمدەكەن بەسەر كاری رۆژنامەنووسی لەكۆمەڵگای ئەمەریكیدا كە بوارێكی فراوانن لەئازادیی بیروڕاو رادەربڕین دەستەبەردەكا، میتۆدی بەراوردكردنی بەكارهێناوە، بەبەراوردكردنی بە یاسا رۆژنامەنووسییەكانی كۆمەڵگای میسری وەك نمونەیەكی كۆمەڵگا پەرستێنەكان. هەروەها وەرگرتنی هەندێ لەیاسا پەیڕەوكراوەكانی كۆمەڵگاكانی خۆرئاوا وەك كۆمەڵگای ئینگلیزی و كۆمەڵگای فەڕەنسی و یاسا پەیڕەوكراوەكانی هەندێ لەدەوڵەتە عەرەبییەكان. لێكۆڵیار شێوازی لێكۆڵینەوەی حاڵەتێك Case Study كە پەیوەندی هەبێ بەشێوازی پەیڕەوكردنی پیشەیی هەندێ لەو كێشانەی ململانێیان لێدەكەوێتەوە لەنێوان دڵسۆزیی پیشەیی و پێوەرە ئەخلاقییەكاندا بەكارهێناوە.

## كۆمەڵگای لێكۆڵینەوەكە :

كۆمەڵگای لێكۆڵینەوەكە دەوڵەتی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا و كۆماری میسری عەرەبی دەگرێتەوە بۆ لێكۆڵینەوەی گەشەسەندنی ئازادیی رادەربڕین و رۆژنامەنووسی لەهەریەكێكیاندا، لەگەڵ وەرگرتنی هەندێ

www.pertwk.com

لەحاڵەتەکانی یاسا پەیڕەوکراوەکان لەهەندێ لەکۆمەڵگاکانی خۆرئاواو هەندێ لەکۆمەڵگاکانی تری عەرەبدا.

## دابەشکردنی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵیار ئەم لێکۆڵینەوەی بەسەر چوار دەروازەدا دابەشکردووە کە دوانزە فەسڵیان لەخۆگرتووە. دەروازەی یەکەم گەشەسەندنی ئازادیی رادەربڕین و رۆژنامەنووسی لەرێی دوو فەسڵەوە لەخۆگرتووە: فەسڵی یەکەم تەرخانکراوە بۆ خستنەرووی چوارچێوەی مێژوویی و فەلسەفیی ئازادیی رادەربڕین، لەرێی لێکدانەوەی چەمکی ئازادیی رادەربڕین و رەگەزەکانی، پێکهاتەی ئازادیی رادەربڕین لەشارستانێتییەکانی چین، یۆنان و رۆمانیای دێریندا، لەگەڵ ئازادیی رادەربڕین لەمەسیحییەت و ئیسلامدا، و هەروەها کاریگەریی دۆزینەوەی چاپ بەسەر ئازادیی رادەربڕین و گەشەسەندنی ئازادیی رادەربڕین لەسەدەی حەڤدەوە تاوەکو ئێستا.



فەسڵی دووەمیش لێکۆڵینەوەی ئازادیی رۆژنامەنووسی لە دۆزینەوەی چاپ لەناوەڕاستی سەدەی پانزەیەم لەخۆدەگرێ لەگەڵ گەشەسەندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگاکانی خۆرئاوادا لەرێی تیۆرەکانی دەسەڵات، ئازادی، و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ بەجێهێنان بەسەر لێکۆڵینەوەی باری کۆمەڵگای ئەمەریکیدا، و لێکدانەوەی دادگای دەستوریی باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ئازادیی رۆژنامەنووسی. هەر لەم فەسڵەدا باسکردنی ئازادیی رۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگا پەرستێنەکاندا لەگەڵ جێبەجێکردن بەسەر لێکۆڵینەوەی باری کۆمەڵگای میسری خراوەتە روو.

لەدەروازەی دووەمی لێکۆڵینەوەکەیشدا، ئازادیی رادەربڕین و مافەکانی کۆمەڵگا دەخرێنە روو، ئەوەیش لەرێی سێ فەسڵەوە، لەسێیەمەوە بۆ پێنجەم: فەسڵی سێیەم سانسۆری حکومی و یاساکانی هاندان لەخۆدەگرێ لەرێی لێکدانەوەی پێکهاتەی سانسۆری حکومی بەسەر ناوەندەکانی راگەیاندن و شێوازەکانی چاودێریکردنی سەر ناوەندەکانی راگەیاندن لە کۆمەڵگای ئەمەریکیداو هەروەها یاساکانی سانسۆر لەکۆمەڵگا پەرستێنەکاندا لەگەڵ تەرکیزکردنە سەر کۆمەڵگای میسری.

فەسڵی چوارەمیش چاودێریکردنی رێکخستنە ناحکومییەکان بۆ ناوەندەکانی راگەیاندن لێکدەداتەوە، وەك:

بەڵگەنامەکانی ئابڕوی پیشەیی، و ئەنجومەنەکانی رۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا، لەگەڵ رێکخستنە پیشەییەکان لەهەندێ کۆمەڵگای عەرەبی و رۆڵی هەریەکە لە رەخنەگران، گروپەکانی فشار، و جەماوەر لەچاودێریکردنی پەیڕەوکردنەکانی ناوەندەکانی راگەیاندندا.

فەسڵی پێنجەمیش پێکهاتەی پەیوەندیی نێوان ناوەندەکانی راگەیاندن و حکومەت لەخۆدەگرێ، کە پەیوەندیی ناکۆکی، پەیوەندیی هاوبەرپرسیارێتی، پەیوەندیی پاشکۆیەتی، و پەیوەندیی بازرگانی دەگرێتەوە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی هەندێ حاڵەتی پەیڕەوکراو.

ئامانجی دەروازەی سێیەمی لێکۆڵینەوەکە ئازادیی رادەربڕین و مافەکانی کادیرەکانی راگەیاندنە، ئەوەیش لەفەسڵەکانی شەشەم و حەوتەمدا هاتووە. فەسڵی شەشەم ماف لەپارێزگاریکردنی سەرچاوە رۆژنامەنووسییەکان لەرێی لێکۆڵینەوەی یاساکانی حەسانەی رۆژنامەنووسی، و مافی پەیڕەوکردنی کاری رۆژنامەنووسی و سنورەکانی پەیڕەوکردنی حەسانەی رۆژنامەنووسی لەخۆدەگرێ لەگەڵ لێکۆڵینەوەی هەندێ حاڵەتی پەیڕەوکراو.

لەفەسڵی حەوتەمیشدا مافی رۆژنامەنووسان لەزانینی ئەو شتانەی لەرێکخراوە حکومییەکاندا هەڵدەسورێن دەخرێتە روو لەرێی لێکدانەوەی پرەنسیپی ماف لەزانیندا، و هەروەها نهێنیی زانیاری و بەڵگەنامە حکومییەکان، و یاساکانی ئازادیی زانیاری، و وتووێژکردن سەبارەت بە پرەنسیپی ماف لەزانیندا، لەگەڵ ئەو کێشانەی لەو مافەوە دەکەونەوە، ئەمە سەرباری لێکۆڵینەوەی هەندێ حاڵەتی پەیڕەوکراو.

لەدەروازەی چوارەمی لێکۆڵینەوەکەدا ئازادیی رادەربڕین و مافەکانی هاووڵاتی دەخرێنە روو، ئەوەیش لەرێی فەسڵەکانی: هەشتەم تاوەکو دوانزەیەم. فەسڵی هەشتەم پارێزگاریکردنی ئابڕوو پلەو پایەی کەسێتی

www.pertwk.com

لەتاوانی ناوزڕاندن و شێواندنی ئابڕو لەخۆدەگرێ لەرێی لێکدانەوەی چەمکی ئاشکرایی، و جێبەجێکردنی ئەو چەمکە لەشەریعەی ئیسلامی، یاسای ئینگلیزی، و یاسای فەڕەنسیدا، لەگەڵ تاوانەکانی زیانگەیاندن بۆ سەر پلەو پایەی کەسێتی لەهەردوو کۆمەڵگای ئەمەریکی و میسریدا، و هەروەها چۆن کادیرانی راگەیاندن لەتۆمەتی ناوزڕاندن دووردەکەونەوە، لەگەڵ لێکۆڵینەوەی هەندێ حاڵەتی پەیڕەوکراو.

فەسڵی نۆیەمیش پرەنسیپی مافی هاووڵاتی لەپارێزگاریکردنی تایبەتمەندی دەخاتەروو، لەرێی لێکدانەوەی چەمکی تایبەتمەندی و رەگەزەکانی، و بەراوردکردنی لەیاسای ئەمەریکی و هەندێ لەیاسا عەرەبییەکان، لەگەڵ هەندێ حاڵەتی پەیڕەوکراو.

فەسڵی دەیەمیش مافی هاووڵاتی لەبەدەستهێنانی دادگاییکردنێکی دادوەرانەدا ئاڕاستەدەکا، لەگەڵ ریشەی ئەو مافە لەیاسای ئەمەریکی و هەندێ یاسای عەرەبیدا، ئەمە سەرباری لێکۆڵینەوە لەهەندێ حاڵەتی پەیڕەوکراو.

لەفەسڵی یانزەیەمینیشدا مافی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان خراوەتە روو، ئەوەیش لەرێی لێکدانەوەی پێکهاتەی مافی دانەرو رەگەزەکانی، و بەراوردکردنی مافەکانی بڵاوکردنەوە لە هەردوو کۆمەڵگای ئەمەریکی و میسریدا، لەگەڵ لێکۆڵینەوەی هەندێ حاڵەتی پەیڕەوکراو.

فەسڵی دوانزەیەمین و کۆتاییش پەلدەکێشێ بۆ پارێزگاریکردنی خوڕەوشتیی گشتی لەو کارە بەدڕەوشتییانەی ناوەندەکانی راگەیاندن دەیانخەنەروو، ئەوەیش لەرێی لێکۆڵینەوەی بابەتەکانی سێکس و خرۆشاندن لەناوەندەکانی راگەیاندندا، لەگەڵ ئەو یاسایانەی رێگا نادەن بە بڵاوکردنەوەی کاروباری بەدڕەوشتی لەکۆمەڵگای ئەمەریکی و هەندێ لە کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا ، لەگەڵ لێکۆڵینەوەی هەندێ حاڵەتی پەیڕەوکراو.

لەکۆتاییدا ئەم لێکۆڵینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی نییە، سەرباری ئەوەیشی کە چەندین دەقی یاسایی و یاسای رۆژنامەنووسیی چەندین دەوڵەتیشی لەخۆگرتووە. ئەمە لێکۆڵینەوەیەك نییە لەفەلسەفەی ئەخلاقدا بەمانای لێکۆڵینەوەی رەفتاری ئەو تاکانەی لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگاکەیاندا خۆ دەگونجێنن تاوەکو ببنە هاووڵاتییەکی چاك، سەرباری ئەوەی پەیڕەوکردنی رۆژنامەنووسی ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ بیری ئەخلاقی، بەڵکو وشەی ئەخلاق Ethics لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەجۆرێ بەکاردەهێنرێ تاوەکو بەرانبەر بە رەوشتیی گشتی Morals بگرێتەوە کە دەبێ هەموو ئەوانەی لەبواری کاروباری راگەیاندندا کار بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و رۆشنبیری و خۆشی بەسوود دەکەن پێیەوە پابەندبن کە دەبێ رەچاوی ئەو هاوکێشە سەختەیش بکەن لەنێوان بەدیهێنانی بەرژەوەندیی تاك و بەرژەوەندیی کۆمەڵگا و رۆشنایی خستنەر سەر پەیڕەوکردنە نابەرپرسیارییەکان لەلایەن هەندێ لەرۆژنامەنووسەکانەوە، تاوەکو بتوانرێ دووربخرێتەوە بۆ بەدیهێنانی چاکەی کۆمەڵگا و خۆشگوزەرانییەکانی.

ئومێدەوارم ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ کتێبخانەی لێکۆڵینەوەی رۆژنامەنووسی عەرەبی کە بەدەست دەگمەنی ئەمجۆرە لێکۆڵینەوانە دەناڵێنێ، لێکۆڵیاران ئەوەی تیا بدۆزنەوەو پاڵنەریان بێ بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زیاتر لەم بوارە گرنگەدا کە دەبێتە هۆی باشکردنی پەیڕەوکردنی ناوەندەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئەرکانەی پێیەوە بەستراوە بۆ خزمەتکردنی جەماوەر.

مەبەستم رازیکردنی خودایە، و هەر ئەویش رێگای راستمان نیشاندەدا..

**حسن عماد مكاوى**

**ئەیلولی** 1993

www.pertwk.com

## دیریازیی یە یەم

# گەشەسەندنی ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەنووسی

**فەسڵی یەکەم**:

*چوارچێوەی مێژوویی و فەلسەفیی ئازادیی رادەربڕین

**فەسڵی دووەم**

*ئازادیی رۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگا هەمەجۆرەکاندا

www.pertwk.com

# فەسڵی یەکەم

## چوارچێوەی مێژوویی و فەلسەفیی ئازادیی رادەربڕین

-چەمکی ئازادیی رادەربڕینو رەگەزەکانی.
-ئازادیی رادەربڕین لەشارستانێتییە دێرینەکاندا.
-مەسیحییەتو ئازادیی رادەربڕین.
-ئیسلامو ئازادیی رادەربڕین.
-دۆزینەوەی چاپو ئازادیی رادەربڕین.
-ئازادیی رادەربڕین لەهەردوو سەدەی حەڤدەیەمو هەژدەیەمدا.
-ئازادیی رادەربڕین لەچاخی نوێدا.

www.pertwk.com

# فەسڵی یەکەم

## چوارچێوەی مێژوویی‌و فەلسەفیی ئازادیی ڕادەربڕین

### دەسپێك:

گومانی تیا نییە مرۆڤایەتی بەچاخە جیاوازەکانیەوە خەباتیکردووەو تێکۆشاوە بۆ گەیشتن بەئازادکردنی مرۆڤ لەهەر فشارێ یان زۆرلێکردنێ، تاوەکو لەتوانایدا هەبێ کە ئەگەر لەترس‌و برسێتی‌و سەرجەمی ئەو شتانە دامالرا کە کار لەئیرادەی دەکەن کەوا ئازادبێ، ئەوکات دەتوانێ تەعبیر لەخودی خۆی بکاو هەروەها سود وەربگرێ لەموڵکەکانی لەسەرجەمی بوارەکانی ئەو ژیانەی تیایدا دەژی.[1]

لەماوەی زیاتر لەدوو هەزارو پێنج سەدساڵدا خەڵکی بەردەوام بوون لەتێکۆشان لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادیی ڕادەربڕین‌و ڕەخنەگرتن لەمەسەلە کۆمەلایەتی، ئاینی، سیاسی‌و ئابورییەکان. لەزۆربەی کاتەکان‌و هەروەها زۆربەی کۆمەڵگاکاندا خەڵکی ڕووبەرووی مەترسییەکانی ڕووبەروبوونەوەی سزای گەورە تا ڕادەی کوشتن بوونەوە، ئەوەیش بەهۆی ئارەزوویان لەگوزارشتکردن لەبیرو بۆچوونەکانیان بەشێوازێکی ڕوون‌و ئازادانە.

ئەمرۆیشی لەگەڵدا بێ ژمارەیەکی زۆر لەحکومەتەکان هەن کە بەجۆێ لە ڕەخنەگرتن لەسیاسەتی ڕەسمی دەڕوانن کە شێوەیەکە لەشێوەکانی دوژمنایەتیکردنی دەوڵەتەکە، و خاوەنەکەی شایانی دەستگیرکردن، دەربەدەرکردن، زیندانیکردن، و هەندێ جاریش لەسێدارەدانە. هاوکات هەندێ لەوانەی بڕوایان بەئازادیی ڕادەربڕین هەیە، وەهای دەبینن ئەو ئازادییە یارمەتیدەری حکومەتەو جەخت لەبەرپرسیارێتییەکەی دەکرێتەوە لەبەهاناوەچوونی پێداویستییەکانی خەڵکی: بەوجۆرەی کە ئازادیی خەڵکی لەتەعبیرکردن لەکێشەو خەونەکانیان بەئازادی ئەوەیان بۆ دەستەبەردەکا بگەنە چارەسەری گونجاوو ئەقلانی بۆ ئەو کێشانە، بێجگە لەوە هەن بڕوایان وایە دەبێ ناوەندەکانی پەیوەندیکردن‌و ڕاگەیاندن خزمەتی حکومەت بکەن لەڕێی یارمەتیدانی حکومەت بۆ دەستەبەرکردنی پشتگیریکردنی خەڵکی بۆ ئەو سیاسەتانەی حکومەت بۆ بەهاناوەچوونی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا دایاندەڕێژێ. بەگوێرەی ئەو تێڕوانینە، ڕەخنەگرتن لەسیاسەتەکانی حکومەت دەشێ لێیەوە حاڵەتێکی ناڕازیبوون، یان وەڕسبوونی گشت دروست ببێ کە دەبێ سزای ئەوانە بدرێ پێی هەستاون.[2]

سەرباری ئەوەی مرۆڤایەتی نزیك دەبێتەوە لەپێشوازیکردن لەسەدەی بیست‌و یەك، هێشتا مشت‌ومڕو بەربەرەکانێکردن لەنێوان داکۆکیکاران لەئازادیی ڕادەربڕین‌و ئەوانەی دژ بەو ئازادییەن تا ئەمڕۆیش بەردەوامە.

سەرەڕای ئەوەیش پرەنسیپی سەرەکی تایبەت بە ئازادیی بیروڕا، و ئازادیی ڕادەربڕین بەوتن‌و وێناندن (التصوير)و ڕۆژنامەنووسی بووەتە شتێکی بەڵگەنەویست‌و کەس لەسەری بۆچوونی جیای نەبێ، کە بەشێوەیەکی تایبەت‌و لەجاڕی گەردونیی مافەکانی مرۆڤدا کە لەساڵی 1948دا دەرچووە جەختی لەسەرکراوەتەوە، و لەنێو ئەوانەی کە بەدەق هاتوون "هەموو کەسێ مافی ئازادیی بیروڕاو ڕادەربڕینی هەیە، ئەم مافەیش ئازادیی پێڕەویی بێ دەستێوەردانی بیروڕاو هەواڵ‌و هزر وەرگرتن‌و بڵاوکردنەوە بەهەر شێوەیەك بێ دەگرێتەوە، بەبێ پابەندبوون بەسنووری جوگرافییەوە". سەرباری ئەوەیش لێکدانەوەی مانای ئازادیی بیروڕا زۆر جیاوازە لە جێبەجێکردنیدا لەدەوڵەتێ بۆ دەوڵەتێکی دیکە، کە هەندێ ڕژێمی

www.pertwk.com

سیاسی پێیان وایە ئازادیی رۆژنامەنووسیو راگەیاندن بەردی گۆشەیەکە لەپەیڕەوکردنی دیموکراسیداو ئەم ئازادییەیش بەیاسا پارێزراو دەبێ. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم ئازادییە لەهەندێ رژێمدا کۆتو بەند دەکرێ ئەویش بەگوێرەی ئەوەی کە دەسەڵاتی حوکمڕان پێداویستییە نیشتمانییەکان تەنها لەدیدی خۆیەوە دەبینێ، کە پێیوایە ئازادی بۆ دوژمنایەتیی دەوڵەت نییە.(3)

ئەم فەسڵە چەمکی ئازادیی رادەربڕینو رەگەزەکانیو ریشە فەلسەفییەکانی ئازادیی رادەربڕین لەلای فەیلەسووفەکانی یۆنان لەخۆدەگرێ، وەك: سوکراتو ئەفلاتونو ئەرستۆ، هەروەها لەشارستانێتیی رۆمانیشدا،و کاریگەریی دەرکەوتنی مەسیحییەت لە کپکردنی ئازادیی بیروڕا لەئەوروپا لەماوەی چاخەکانی ناوەندا، لەگەڵ مەفهومی ئازادیی رادەربڕین لەئاینی ئیسلامیدا،و خستنەڕووی ئازادیی رادەربڕین لەرێی فەیلەسووفەکانی ئەخلاقەوە، وەك: تۆماس هۆبز، دیڤید هیوم، ئیمانوێل کانت، جۆن ستیوارت میل. هەروەها گەورە بیرمەندەکانی خۆرئاوا: جۆن میلتۆن، جۆن لوك، ڤۆڵتێر، رۆسۆ،و واڵتر لیبمان، تاوەکو دەرچوونی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی 1948دا.

## چەمکی ئازادیی رادەربڕینو رەگەزەکانی:

دەشێ بوترێ –بەشێوەیەکی گشتی– ئازادیی رادەربڕین (بیروڕا) جگە لەتێکشکانی بەربەستەکانو لابردنیان چیتر نییە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەخۆرسك گوزارشت لەخودی خۆیو ئەنجامگەیاندنی خێرو خۆشی کۆمەڵگاکەی بکا. هەروەها ئازادیی قسەکردنو ئازادیی رادەربڕین هەردووکیان ئەنجامی سروشتین بۆ ئازادیی باوەڕ،و ئازادیی باوەڕیش مانای ئازادیی بیرکردنەوەو باوەڕهێنان بەو شتانەی وایدەبینن راستین، هەر ئەو ئازادییەیە وامان لێدەکا ناچارنەبین یەخەی هەندێ بۆچوون بگرینو پێمان وابێ هەڵەن،و ئازادیی باوەڕ لەسەرووی ئازادییەکانەوەیە، چونکە دەستنیشانی سەرجەمی ئازادییەکانی تر دەکا.(4)

ئازادیی بەگشتی داوادەکا چەند لەتوانادا هەیە هاووڵاتیان سەربەخۆبن لەحکومەت یان دەسەڵات، واتا هەندێ گۆڕەپان هەبن کە حکومەت دەستبەرداریان ببێ بدرێنە تاك بێ ئەوەی دەسەڵات بتوانێ دەستیان تێ وەربدا. لەگەڵ ئەوەیشدا بەتەنها حکومەت نییە کە دەبێتە هۆی بەرگرتن لە ئازادیی رادەربڕین – ئەگەر گرنگترین مەترسییەکان کە دەشێ هەڕەشە لەو ئازادییە بکەن– هەژارییو نەزانیو برسێتی، یان هەر شتێکی تری بارودۆخی کۆمەڵایەتی کە دەورەی تاکیان داوە، دەشێ ببنە بارگرانی بۆ سەر مافی لەپەیڕەوکردنی ئازادیی رادەربڕیندا، بەڵام دەسەڵاتی حکومی هەرۆنێ بێ کۆڵەکەیەکی سەرەکییە لەوەی تاك بتوانێ پەیڕەوی ئازادی بکا کاتێك کە بەربەستەکانی ئەو پەیڕەوکردنەی لێ دادەماڵرێ، هەروەها ئەوەیش مەترسییەکی کتوپڕە بۆ سەر ئەو ئازادییە کە رووبەرووی هەڕەشە دەبێتەوەو تەگەرە دەخرێتە بەردەم پەیڕەوکردنی.(5)

ئازادیی رادەربڕینو بیروڕا ئەم رەگەزانە لەخۆ دەگرن تاوەکو بەباشترین نمونە هەستێ:

یەکەم: باوەڕی پتەو بەئەقڵ کە گفتوگۆو دیالۆگ دەخوڵقێنێ.

دووەم: دەرخستنی حەسانە بۆ هەر تاکێك لەکۆمەڵگادا، بەمانای نابێ کەسێ رۆژانێکی هەبێ کە نازناوی: حاکم یان حوکمدراو، زانا یان نەزان – حەسانە یان داوێن پاکی. راستی یان هەڵە بەسەر تاکێك بێجگە لەکەسی تر یان گروپێك بێجگە لەگروپەکانی تر تاپۆکرابێ. ئەوە ئەنجامێکی مەنتقییە بە باوەڕکردن بەئەقڵ کە دەشێ راست بکاو هەڵەیش بکا.

سێیەم: بوونی ژینگەیەك کە لێبوردن بۆ خۆی دەنەخشێنێو تیایدا ئازادیی رادەربڕینو بیروڕا سەروەربێ، بەمانای پێویستە لەکۆمەڵگادا مافی تانوت لێدانو سەرپێچیکردن لە بیروڕا پێشکەش بکرێ، هەروەها پێشکەشکردنی ئەوەی لەتوانادایە هاوسەنگی بکرێ لەنێوان ئەوانەی

www.pertwk.com

بۆچوونی جیایان هەیە، یان دژە بۆچوونن، کە ئەوەیش ئەنجامێکی مەنتقییە لەوەی پێکهاتەی ئەقڵی تاك پیشان بدرێ کە هەڵە دەکاو راستیش دەکا. هەروەها نابێ ژینگەیەك باوەڕ بە ئەقڵێك بهێنێ کە بەر بە رایەك بگرێ لەبەرئەوەی لەگەڵیدا ناکۆکە.[6]

## ئازادیی رادەربڕین لەشارستانێتییە دێرینەکاندا:

تێکۆشان لەپێناو ئازادیی بیروڕا بۆ چاخە دێرینەکان درێژدەبێتەوە، بەمانای تێکۆشانی تاکەکان‌و گروپەکان لەدژی ژینگە سیاسییەکەیان، و ئازادیی رادەربڕین ریشەی بۆ بیری ئەخلاقی درێژدەبێتەوەو ئەخلاقیش سیستمی پرەنسیپەکانە. ئەوە بەهاو رێسای ژیانە کە تاك یان گروپ یان کولتوور لەرێی گەڕانیدا لەبارەی رێنماییە نمونەییە مرۆییەکان دەرکی پێدەکا: چی باشەو چی خراپە، چی راستەو چی هەڵەیە. لەماوەی نزیکەی دوو هەزارو پێنج سەد ساڵدا تۆمارکراوی ئەخلاقی بیری مرۆیی بۆ گەڕان لەبارەی بەهاو رێسای ژیانی رۆژانە. هەرەند رۆشنبیریی کۆمەڵگاکان گەشەی سەندبێ، لەگەڵیدا ئەخلاقیش گەشەی کردووە، هەروەها بەڵگەنامەی ئەخلاقی هەمەچەشن لەکۆمەڵگا هەمەجۆرەکاندا دەرکەوتووەو بەپێی تێپەڕبوونی کات‌و لەناو تەنها کۆمەڵگایەکیشدا هەمان شت روویداوە.[7]

ریشەی بیری ئەخلاقی بۆ فەیلەسوفی گەورەی چین کۆنفۆشیۆس Confucius (551–479 پ.ن) درێژدەبێتەوە. کۆنفۆشیۆس گەورەترین فەیلەسوفە لەچینی دێریندا‌و هێشتا کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی بەسەر چینی هاوچەرخ‌و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بێ سنوورە. کۆنفۆشیۆس وایدەبینێ زانین مانای ژیرییە، بەتایبەتی ئەو جۆرەی ژیری کە یارمەتیدەری ژیانێکی باشترە بۆ تاك‌و کۆمەڵگا، و کۆنفۆشیۆس بە یەکەمین چاککارەکانی خەڵکی‌و حکومەتەکان دادەنرێ.

رەگەزی سەرەکیی بیری ئەخلاقی لەلای کۆنفۆشیۆس پشت دەبەستێ بە "گونجان" Propriety بەمانا رەوشتی کۆمەڵگا، و هەڵسوکەوتەکان گوزارشت لەچاکە دەکەن ئەگەر بەشێوەیەکی گونجاو یان هاوسەنگ لەگەڵ رەوشتی کۆمەڵگادا یەکیگرتەوە، و فەلسەفەی زێڕین لەلای کۆنفۆشیۆس بەمجۆرەیە "ئەوەی کە حەزناکەی بەسەرتدا رووبدا، لەگەڵ خەڵکیدا مەیکە".

جارێکیان کۆنفۆشیۆس ئەم پرسیارەی ئاڕاستەکرا: یەکەمین شت چییە ئەگەر حوکمی دەوڵەتێکی کرد؟ راستەوخۆ وەڵامیدایەوە "بەدڵنیاییەوە زمان راست دەکەمەوە". پرسیارکەر لەو وەڵامەدا تووشی سەرسوڕمان بوو، و پرسیەوە: بۆچی؟ کۆنفۆشیۆس وەڵامیدایەوە: "زمانی باو راست نییە، لەبەرئەوەی ئەو شتانەی هەمیشە دەوترێن مانای مەبەستدار لەخۆناگرن، و ئەگەر ئەوەی دەوترێ مانای مەبەستدار هەڵنەگرێ، ئەوا ئێمە ناتوانین بەو شتانە هەستین کە دەبێ بیانکەین. بۆیە ئەگەر شتە داواکراوەکە نەکەین ئەوا ئەخلاق‌و هونەرەکان گەندەڵ دەبن یان دەگەنێن Deteriorate، و ئەگەر ئەخلاق‌و هونەرەکانیش گەنین ئەوا دادوەریش گومڕا Astray دەبێ، و ئەگەر دادوەریش گومڕا بوو ئەوا خەڵکی لەبارێکی تێکەڵکردن یان دەست وەردان بەبێ بوونی هیچ تواناو هێزێك رادەوەستن، ئەوکاتەیش هیچ حوکمڕانیکردنێ کە بوترێ یان پەیڕەوبکرێ بوونی نابێ".[8]

لەماوەی سەدەی پێنجەمی بەر لەزاییندا ئەسینا جۆرێ لە دیموکراسی بەخۆوە بینی، و سەرباری ئەوەی ئەو ئەزموونە بۆ ماوەیەکی کەم بەردەوام بوو، کەچی بیرۆکەی ئەوەی دەبێ خەڵکی توانای ئەوەی هەبێ حوکمڕانی خۆی بکا بۆ ماوەیەکی درێژ بوونی هەبوو، و هەروەها بیرۆکەی دەبێ مرۆڤ ئازادیی قسەکردنی هەبێ سەبارەت بە سیاسەتەکانی حکومەت هاوەڵی دەکرد، بەوەی مرۆڤ دەبێ بۆ خۆی بڕیاربدا بەوەی چی باشەو چی خراپە.[9]

بەهۆی دەستەیەك لە مامۆستا پیشمەندەکانی فەلسەفەو گوتاربێژی کە بە سۆفستائییەکان Sophists ناسرابوون، بیرۆکەی وتووێژی گشتی بەشێوەیەکی سیستماتیکی گەشەیسەند.[10]

دەشـێ وەهـا لەسۆفسـتائییەکان بڕوانین بـەو پێیـەی سەرمەشـقی زانسـتی ئەخلاقن، لەوەدا کە بایەخیان داوە بە لێکۆڵینەوەی مەسەلەی بارودۆخی مرۆڤ لەگەردووندا، و دەیانوت مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە، و وەهایش دەردەکەوێ بەوەی ئەوە راستییە کە راستییە بەنیسبەت منەوە، ئەوەیشـی بۆ تۆیـە بەوەی راسـتییە ئـەوە بەنیسـبەت تـۆوە راسـتییە، دواتـر راسـتی لەگـەڵ روکـاردا یەکیگرتـەوەو بـووە تـەنها شـتێك، واتـا ئێمـە لـەرێی هەسـتەوە درك بەراسـتی دەکەین، و زانین بەپەی پـێ بردنـی هەستییە، و ئا بـەوجۆرە جیاکاری لەنێوان هەسـتو ئەقڵـدا نـامێنێ. ئـەم تیـۆرە درێـژبووەوە تـا ئەوکاتـەی ئـەخلاق و سیاسـەتی گرتـەوەو مـرۆڤ بـووە پێـوەری چاکەو شـەڕەنگێزی، هەربۆیـە ئەگـەر راسـتییەکان لـەبواری زانینـدا رێـژەیی گـۆڕاوبن، نـەوەك رەهـای جـێگیر، ئـەوا بـەهاو پرەنسـیپەکان لـەباری ئەخلاقـدا، و بـەپێی گـۆڕانی کـاتو شـوێن و بارودۆخ و حاڵەتەکان رێژەیی گۆڕراو دەبن.(11)

لەکۆتاییـدا دەتـوانین تیـۆری سۆفسـتائییەکان لـەبارەی ئەخلاقـەوە لـە دوو پرەنسیپی سەرەکیدا کورت بکەینەوە:

یەکـەم: پرەنسـیپی خـودی: واتـا مـرۆڤ پێـوەری هـەموو شـتەکانە، و مـرۆڤ مانای تاکـە، و دواتـر چاکە چاکەی تاکـە یـان ئەوەی وەهـای دەبینـێ چاکەیە، لەکاتێکـدا چاکە چێژی تـاك بـێ، و ئـەوە هـەمووی بـەمانای وردی ئـەو وشـەیە ببێتە هۆی داڕمانی ئەخلاق.

دووەم: پرەنسیپی رێژەیی: لەو بارەدا پرەنسیپی خودی دەبێتە پرەنسیپی رێـژەیی کـە چـاکەیەکی رەهـا Absolute لـەئارادا نـەبێ، مادامـەکی تاکـە بکەرەکـە وای ببینـێ ئەوەی کـە چاکەیە، چاکەیە بەنیسـبەت خۆیـەوە. شـتێك نییە چاکەی گشتی بێ و بەسـەر هاووڵاتیانـدا جێبـەجێ ببـێ، هـەروەها ئـەوەی پێیشـی دەوتـرێ چاکەی "بابـەتی" بـوونی نییـە کـە خـەڵکی یـان سـەرجەمی تاکەکان لەسـەری کـۆك بن، هـەروەك چـۆن چاکە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیـاوازە، هـەروەها لەچـاخێکەوە بـۆ چـاخێکی تـرو لەکۆمەڵگایەکـەوە بـۆ کۆمەڵگایەکی  تریش جیاوازە.(12)

لەمبارەیـەوە فـەزڵ بـۆ فەیلەسـوفی یۆنـانی دێـرین سـوکرات Socrates (470–399 پ.ز) دەگەڕێتەوە کە فەلسەفەو سیستمی بۆ ئازادیی رادەربڕین داناوە، و وەهای لێکردووە ببێتە مافێك کە پشت بە مافی ژیان ببەستێ و بۆ راگەیانـدنی ئـەو مافـە بەمـەیلی خـۆی ژیـانی خـۆی بکاتـە قوربـانی، و خـۆ بەختکردن بۆ ئەو ئازادییە کە بەسەر هەموو شتێکدا بەرزبێتەوە.(13)

هەنـدێ جـار میتـۆدی سـوکرات بـەمیتۆدی دیـالێکتیکی Dialectic نـاودەبرێ، واتـا ئـەو رێگایـەی کـە تیایـدا زانـین لـەرێگای پرسـیارو وەڵامـەوە داوادەکرێتەوە. سوکرات وەهای دەبینـی چاکە زانستەو خراپەیش نـەزانین، و هەروەها چاکەی ئەخلاقی –بە بڕوای ئەو– وێنەیەکە لەوێنەی مەعریفە، و هـەر کەسـێ خراپـە بکـا، ئـەوا دەگەڕێتـەوە بـۆ نەزانینەکـەی. بۆیـە، ئەگـەر ئـەخلاقی سۆفسـتائی خـودیو رێـژەیی بـێ، ئـەوا ئـەخلاقی سـوکراتی بابـەتیو رەهایـە، لەبەرئـەوەی پشـت نابەستێ بەئارەزووی خـودی لـەلای کەسێك لەکەسـەکان، و بەگۆڕینی بارودۆخ و حاڵەتەکانیش ناگۆڕدرێ، لەبەرئەوەی سوکرات پێـی وایـە ئـەوەی کـە دەگـۆڕدرێ هـەر دەبـێ سـاختە بـێ، بـەڵام راسـتی بەتێپـەڕبوونی چـاخەکان بـەجێگیریو چەسـپیو دەمێنێتـەوە بـێ ئـەوەی هـیچ گـۆڕانێکی تیـا رووبدا.

هــەر لەبــەر ئــەو هۆیەیــە ســوکرات –بەراســتی– بــە مانــا وردەکــەی بــە دامەزرێنــەری زانســتی ئــەخلاق Ethics دادەنــرێ، کــە فەلســەفەی ئــەخلاق خوازیــاری تێگەیشــتنە لەپرەنســیپە یەکەمینــەکانی ئــەخلاق کــە چــەندە بارودۆخــەکان بگــۆڕدرێنو کۆمــەڵگاکان لێــك جیــاوازبن هــەر بــە نــەگۆڕی دەمێننــەوە. ئــەوە خوازیــاری گەیشــتنە بــە پرەنســیپە رەهاکــان کــە هــەر کۆمەڵگایەکی مرۆیی ئەخلاقەکانی لەسەر بونیاد دەنێ، کە مەحاڵە بەدرێـژایی مێژوو کۆمەڵگایەك بدۆزینەوە بنەماکانی لەسـەر رێسـا خراپـەکان بونیـاد بنـێ،

بەڵکو دڵسۆزیی و راستگۆیی و ئازایەتی و داوێن پاکی لەهەر جێگا و کاتێکدا بێ لەچاکە باڵاکانی مرۆڤایەتین.[14]

سوکرات دەڵێ: "بۆ ئەوەی چاکە ئاشکرابکرێ، دەبێ خۆت بناسی، و کەسانی تریش بناسی، کە ئەوەیش چاکەی گەورەی مرۆڤایەتییە".[15]

دوای ئەو "ئەفلاتون" Plato (428–348 پ.ز) هات کە قوتابیی سوکرات و مامۆستای ئەرستۆ بوو. ئەفلاتون لەگەڵ مامۆستاکەیدا سوکرات هاوڕایە لەبارەی ئەوەی زانستی ئەخلاق لەلێکۆڵینەوەیەکی نمونەیی بەشێکی رەفتاری ئەخلاقی وەردەگیرێ، یان پێخوێندنەوەی چاکیەکان هەروەك چۆن بەفیعلی پەیڕەودەکرێن، بەڵکو دەبێ ئامانجێکی باڵا هەبێ کە لێیەوە بەهای رەفتاری چاکە دەستنیشان بکرێ، کە خاڵی سەرەتا لەهەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا بۆ ئەخلاق دەستنیشانکردنی ئەو ئامانجە مەبەست بێ، و دواتر چاکە کاری راستە کە لەهەستکردنی ئەقڵیی بۆ بەهای حەقیقی چاکە هەڵدەقوڵێ.

ئەفلاتون وەهای دەبینێ دەرونی مرۆڤایەتی بەسەر سێ بەشدا دابەش دەکرێ، ئەوانیش: دەرونی چڵێس، و دەرونی توڕە، و دەرونی ژیرین، و هەر دەرونێکیش چاکەی تایبەت بەخۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەیشدا پەیوەندی لەنێو ئەو سێ دەرونەدا چاکەی چوارەم پێك دەهێنێ و لەناواخنیشدا چاکەکانی تر هەڵدەگرێ و لەنێویاندا ئەمانە هەن: دەرونی چڵێسی چاکییەکانی داوێن پاکی یان دان بەخۆداگرتن، و دەرونی توڕەیش چاکییەکەی ئازایەتییە، و دەرونی ژیریش چاکییەکەی داناییە، و ئەم هێزە جیاجیایانە یەکەیەکی یەکبوو پێك دەهێنن، کە بەسەریدا زاڵ دەبێ تاوەکو بەهۆیەوە یەکبوونێکی تەواو بەجێبهێنرێ لەنێوان ئەو کارانەی بەئەنجامیان دەگەیەنن. هەردەبێ –کەواتە– چاکەی چوارەم ئەرکەکەی بەجێهێنانی گونجاندنی تەواوبێ لەنێو سەرجەمی چاکەکاندا، کە ئەفلاتون بەچاکەی دادوەریی ناویبردووە. ئەفلاتون پێیوایە "کەسی دادوەر رێگا نادا بە هیچ کام لەو بەشانە شتێك بکەن کە لەدەرەوەی پێکهاتەی خۆی بێ، و هەروەها رێگا بەوەیش نادرێ هیچ کام لەو سێ بەشەی دەروون بە ئەرکی بەشەکانی تر هەڵبستێ، بەڵکو ئەوە کەسێکە کە زاڵە بەسەر خودی خۆیدا "سیستمێکی تەواو". لێرەوەیە دادوەریی بەخشینی تەواوی مافەکانە بەخاوەن ماف.

ئەفلاتون لەدەمەتەقێ گەورەکەیدا "کۆمار" Republic دەڵێ: پیاوی چاکەکار هەردەبێ هاووڵاتییەکی چاك بێ، و هاووڵاتی چاکیش بەتەنها لەدەوڵەتێکی چاکدا بەدیدەکرێ، بۆیە پوچییە لەئەخلاقی تاك بگەڕێین بەجیاکردنەوە لەلێکۆڵینەوەی کە کامە بۆ هەموانیش چاکەیە، هەر لەبەر ئەمە زۆر پێویستە ئەخلاق لەگەڵ سیاسەتدا تێکەڵ بێ، و مەسەلە ئەخلاقییەکان بە بابەتە سیاسییەکانەوە بنووسێنرێن.[16]

زانایانی رێنیسانس وەها لێکدانەوەی چاکەی دادوەرییانکردووە کە بەهۆی رەگەزەکانی دانایی، و دان بەخۆدا گرتن، و ئازایەتی بەجێدێت، بەوەی دانایی مانای وەرگرتنی تێگەیشتن لەجیهان، و دان بەخۆداگرتن ئەو رێبەرەیە بەرەو دەرکردنی بڕیاری راست و تەندروست، و ئازایەتییە لەجێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەدا. سەرباری ئەوەی ئەفلاتون بایەخی بە نمونەییبوون داوە، ئەو بانگەشەی بۆ هیچ سیستمێکی فیکری نەکردووە کە بەرەو بەرەنجامێکی ببات پێشوازی لێنەکرێ.[17]

ئەفلاتون لەدەمەتەقێیەکەیدا "کۆمار" شێوەی نمونەیی حکومەت وەسف دەکا کە تیایدا چاکە و جوانی و راستی چاوبەست دەبن، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەفلاتون بەپێی پێویست واقیعی بووە تا دەرك بەوەبکا ئەو کەسانەی سەرکەوتوو دەبن بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، هەمیشە ئارەزومەند نابن بۆ خستنەرووی سیاسەتەکەیان بۆ گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن، سەرباری ئەوەی ئەفلاتون تۆمەتی گەندەڵیکردنی گەنجانیشی بۆ نمونە لەلایەن سوکراتی مامۆستایەوە خراوەتە پاڵ، لەگەڵ ئەوەیشدا بیرۆکەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەرێی گەل و ئازادیی قسەکردنەوە کە یاوەری دەکرد نەمردووە، بەڵکو

www.pertwk.com

نووسراوەکانی ئەفلاتون لەدایکبوونی بیری ئازادی بەتێپەڕبوونی ساڵ پێ بەخشرا، کە ئەوەیە "دەشێ لەڕێی گفتوگۆی ئازادەوە بگەینە حەقیقەت".[18]

دوای ئەو، ئەرستۆ Aristotle (384–322 پ.ز)ی فەیلەسوف هات، کە بۆ ماوەی بیست ساڵ قوتابیی ئەفلاتون بووەو عەرەب بە مامۆستای یەکەمی ناودەبا کە مامۆستای ئەسکەندەری گەورە بووەو هەروەها گەورەترین فەیلەسوفی یۆنان بووەو بەدرێژایی چاخی ناوەڕاست هەتا سەرەتای ڕێنیسانس بەکاریگەرترین بیری مرۆڤایەتی دادەنرێ. ئەرستۆ پێی وایە هەموو رەفتارێکی مرۆڤایەتی ئامانجێکی لەپشتەوەیە، و زۆرجار ئەو ئامانجە بە "چاکەیەك" لەجۆرێکی دیاریکراو دادەنرێ. ئەگەر ئاستەکانی رەفتاری مرۆڤایەتی زۆر بێ و هەروەها زانستو هونەرەکانیش بە هەمان شێوە، ئەوا ئامانجەکان کە دەشێ بەچاکە دابنرێن، ئەوانیش زۆرو هەمەرەنگ دەبن. ئا بەوجۆرە لەبەردەمماندا کۆمەڵێکی زۆر لەئامانج دەدۆزینەوە کە بەجیاوازی شێوەی رەفتارو رەنگەکانی ناسین جیاوازدەبن، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو ئامانجە زۆرانە دەشێ ڕێکبخرێن بەجۆرێ کە بکەونە ژێر یەکترییەوە، بەجۆرێ هەندێ لەو ئامانجانە هۆکاربن بۆ ئامانجی بالاتر، هەروەها ئەرستۆ وەهای دەبینی ئامانجە بالاکان –هەمیشە– زۆرتر بەهادار دەبن لەو ئامانجانەی دونیا کە دەکەونە ژێریەوە، و لەمبارەیەوە ئاماژە بەوە دەکا بالاترین ئامانج "چاکەی رەهایە"و چاکەی رەهایش "خۆشگوزەرانی"یە، خۆشگوزەرانیش ئەوپەڕی چاکەیە کە مرۆڤ خوازیاری پێگەیشتنیەتی.[19]

تێڕوانینی ئەرستۆ بۆ جیهان لەئەفلاتون واقیعیانەترە، و ئەفلاتون لەتیۆرە ئەخلاقییەکەیدا کاریگەربووە بە فەلسەفەکەی لەنمونەی بالادا لەشاری چاکەدا، بەلام ئەرستۆ لەسەر زەوی دەهێنێتەوە تاوەکو لەچاکە عەمەلییەکان بکۆڵێتەوەو قسەیشمان لەبارەی ئازایەتی، رەوشت بەرزی، میانڕەویی، راستی، عیززەتی نەفسەوە بۆ دەکا، هەروەها وەهای دەبینێ کە بەتەنها ڕێککەوتنی گشتی لەنێوان خەڵکیدا خوشگوزەرانی بەدیدەهێنێ، و بۆ گەیشتن بە ئامانج هەموو شتێ بەڕەوا نازانێ.[20]



هەروەها ئەرستۆ بەرپرسیارێتی دەخاتە ئەستۆی تاك لەهەڵبژاردنی ئازادانەدا، و ئەو بەرپرسیارێتییە تاکییە دەخاتە چوارچێوەی سیاقێکی گەورەتر، و لەمبارەیەوە وەهای نیشان دەدا لەڕێی بەشداربوون لەکۆمەڵگایەکی تەندروستدا تاك لەتوانایدا دەبێ ژیانێکی باش بژی، و ئەرستۆ دەسڵەمێتەوە بەوەی گەیشتن بە چاکە Virtue هەمیشە بەئاسانی نایەتەدی، هەربۆیە ئەرستۆ هەستی بەوەکرد کاری ئەوەی کامە لەرووی ئەخلاقیەوە راستە دەشێ لەڕێی نرخدانەکەیدا بپێورێ، لەگەڵ قوربانیدانی پێشوەختو خۆشگوزەرانییە بەدیهاتووەکەدا.

سەرنجی ئەوە دەدەین دیدو بۆچوونەکانی ئەرستۆ نامۆ نییە لەگەڵ زاناکانی ئەمڕۆدا کە درك بەهەستی پیشەیی دەکەن لەکاتی بەجێهێنانی پەیامەکەیاندا لەگواستنەوەی واقیعدا بەوردیو دڵسۆزییو هەستان بەرۆڵی رۆشنگەری بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵگا.[21]

هەروەها ئەگەر گەڕاینەوە بۆ شارستانێتیی رۆمانی ئەوە بەدیدەکەین رۆمای دێرین لەشێوەیەك لەشێوەکانی حوکمڕانیکردنی جەماوەری لەماوەی کۆماری رۆمانیدا (509–265 پ.ز) تاقیکردووەتەوە، کە تیایدا خەڵکی دوانیان لەسەرکردەکانی جێبەجێکردن هەڵدەبژارد، و خانەدانەکانیش ئەندامانی ئەنجومەنی پیران Senateیان هەڵدەبژارد کە یاسایان دادەنا، و ئەو کۆمارە جیاکاریی ناوخۆیی لەنێوان دوو توێژدا دەکرد: ئەوانیش ئەرستۆکراتە دەوڵەمەندەکان، و جەماوەرێکی بێشوماری هەژاران، و هەمیشە دەسەلات لەدەستی دەوڵەمەندەکاندا دەبوو.[22]

## مەسیحییەتو ئازادیی رادەربڕین:

www.pertwk.com

دوای دەرکەوتنی ئایینی مەسیحی، ئازادیی رادەربڕین رووبەرووی زۆرلێکردن و جەورو ستەم بووەوەو بووە هۆی پوکانەوەی، هەر ئەوەندەی بۆ مەسیحییەت رەخسا بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبێتەوە ئیتر نکوڵیی لەئازادیی رادەربڕین و ئازادیی بیرورا کرد، و شمشێرو ستەمکاری وەك هۆکارێ بۆ رووبەرووبوونەوەی نەیارەکەی بەخۆوەبینی، وەك ئەوەی تۆڵەی خۆی بکاتەوە لەو سەرکێشییەی کە نەیارەکەی لەوەوپێش پەیڕەویدەکرد، ئا بەوجۆرە چاخی ناوەند لەئەوروپا بووە چاخی چەوساندنەوەو زۆرلێکردن و جەورو ستەم، و ئەقڵەکان بەستیان و بێ فەڕبوون و بەهۆی تەمبەڵی و فەرامۆشکردن پاشاکان بەستیان و ژەنگیان گرت. لەگەڵ هاتنی مەسیحیەتدا، وەرچەرخانێ لەئاڕاستەی ئەخلاقی باودا روویدا کە چەمکی "تەواوبوون"یان "دەربازبوون" Salvation لەرێی خواوە دەرکەوت بەو پێیەی لەکاری چاکە Virtuous Action بایەخدارترە.[23)



کەنیسە بەرابەرایەتیی قەشە "ئۆگستین" Saint Augustine (354-430 پ.ز) دەستەواژەیەکی لەخۆگرت کە لەزاری مەسیحی پیرۆزو لەئینجیلدا هاتووە کە دەڵێ: "ناچاریان بکەن بێنە بەهەشتەکەتانەوە". کەنیسە لەو دەستەواژەیەوە بەڵگەیەکی بۆ نەهێشتنی ئیلحاد لەخۆگرت، لەگەڵ سەپاندنی مەسیحییەت بەتۆبزی بەسەر سەرجەمی هاووڵاتیاندا، کە ئەوەیش کەمکردنەوەو پوکانەوەی ئازادیی رادەربڕین و بیروڕای لێکەوتەوە، بەڵکو کەنیسە پرەنسیپێکی نوێی خزاندە ناو یاسای گشتی ئەوروپییەوە، ئەویش ئەوەیە حاکم بۆی نییە پارێزگاری بەعەرشەکەیەوە بکا تەنها لەوکاتانەدا نەبێ کە ئیلحاد لەبنەماڵەکەیدا ریشەکێش بکا، و ئەگەر شازادە دوودڵ بوو لەجێبەجێکردنی ئەوەدا، ئەوا زۆری لێدەکرێ و دەست بەسەر پارەو پولەکانیدا دەگیرێ و دەدرێتە کەنیسە.

لەساڵی 1220ی زایینیدا، پاشا "فریدریکی دووەم" لەئەڵمانیا، یاسایەکی دەرکرد کە تیایدا رێگا دەدا بەبەکارهێنانی نەقیزە بەو پێیەی ئامێرێکی بەجێیە بۆ سزادانی بێ باوەڕەکان و هەموو ئەوانەی رای دژ بەمەسیحییەت دەخەنە روو.

لەساڵی 1252یشدا پاپا "گریگۆری نۆیەم" "رژێمی پشکنین"ی دامەزراند کە کەنیسە سەرپشك دەکا بە بە پشکنینی شوێنە تایبەتییەکانی خەڵکی و بەخشینی دەسەڵاتی فراوان بەپشکێنەران، کە هیچیان ناکەونە ژێر سەرپەرشتی کەسیان و هەروەها بەرپرسیاریش نابن بەرانبەر بەهیچ مرۆڤێ.

گومانی تیا نییە ئەم ژینگەیە لەگەڵ ئەوەیشدا کە جەورو ستەمی تیایە، و مرۆڤی هاوشێوەی تیا دەبرێ و هەروەها لەرێی مەزەندەوە بەرەو مەرگ راپێچ دەکرێن، ژینگەیەکە لەو زوخاوەی کە ناکرێ مرۆڤێ تیا رش بکرێ، و بوار نەبێ بۆ قسەکردن تیایدا سەبارەت بەئازادیی رادەربڕین و ئازادیی بیروڕا.[24)

گەلانی جیهانی خۆرئاوا بۆ ماوەی پانزە سەدە لەژێر شێوازی هەمەچەشنی ئۆتۆکراتی (حوکمڕانیکردنی رەها-و.ك)دا ژیان، کە رژێمەکە پشتی دەبەست بە ژمارەیەکی کەم لەکەسەکان لەلوتکەدا کە ئیرادەی خۆیان بەسەر جەماوەرە هەژارەکەدا لەتەختانییەکاندا دەسەپاند، و ئەو حوکمدانانە دەسەڵاتی خۆیان لەسێ سەرچاوەوە وەردەگرت، ئەوانیش:

یەکەم: پەیڕەوکردنی رۆڵێکی زیندوی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەت.

دووەم: کۆنترۆڵکردنی داهاتە ئابورییەکانی نەتەوە یان نزیکبوونەوە لەوانەی کە زاڵن بەسەر ئەو داهاتانەدا.

سێیەم: بەکارهێنانی دەسەڵاتی رۆحی کەنیسە بەپاڵپشتیی پرەنسیپی پەرستن کە پشت دەبەستێ بە بەڵێنێك بۆ ژیانێکی باشتر لە جیهانەکەی تردا.

لەو ماوەیەدا هاوپەیمانێتی لەنێوان کەنیسەو دەوڵەتدا شێوازێکی سیاسی لەخۆگرت کە بە "مافی خواوەندی" Divine Right ناسراوە، کە پاشاکان حوکمدەکەن لەبەرئەوەی لەلایەن خواوەندەوە رێگایان پێدراوە، و هەر مقۆمقۆیەکیش سەبارەت بە نفوزو دەسەڵاتدارێتیان تاوانێ پێك دەهێنێ کە بە "هاندان و وروژاندنی گێرەشێوێنی" Sedition یان رێزنەگرتنی

پیرۆزگەراکان، یاخود جۆرێك لەبانگەشەی شڵەژاو Blasphemy دادەنرێ، و هەر رەخنەگرتنێ بۆ بڕیارەکانی پاشاو حوکمداران دەشێ ببێتە هۆی لەدەستدانی سیفەتی هاووڵاتیبوون یان خستنە زیندان یاخود کوشتن لەلایەن سەربازەکانی پاشاوە.(25)

## ئیسلامو ئازادیی رادەربڕین:

لەروویەکی تردا ئەزموونی ئیسلامی دەوڵەمەندە لەبواری ئازادیی رادەربڕینو بیروڕادا، ئەو دەوڵەمەندیەیش بەتەنها دەق نین یاخود هەواڵ نین هەڵبژێردرێن، هەروەك چۆن ئەوە بەشێکە لەبیری یۆنانی، بەڵکو رووداوی دیاریکراوو راستی حاشاهەڵنەگری بەدوایەکدا هاتووە لەسەر پەیڕەوکردنی رادەربڕینو بیروڕاو وتن لە سیاسەتو زانستو تەواوی کاروبارەکانی ژیاندا.

لەدەقەکانی قورئانی پیرۆزدا چەندین ئایەت دەبینینەوە کە هانی ئازادیی رادەربڕینو بیرو ڕا دەدەن، لەوانە: "وجادلهم بالتی هی أحسن"[1] "لااکراه في الدین"[2] "لا یکلف الله نفسا الا وسعها"[3] "وقل الحق من ربکم فمن شاء فیلؤمن ومن شاء فلیکفر"[4] بەوجۆرە ئەوە بەدیدەکەین ئایینی ئیسلام پشت دەبەستێ بە تێڕوانینی ئەقڵی، و رەچاوکردنی سوننەتەکانی خودا لەخوڵقاندندا، و لەخۆنەگرتنی دەسەڵاتێکی ئایینی، کە بنەمانو نابنە هۆی ئازادیی رادەربڕینو بیروڕا بەتەنها، بەڵکو بەرگری لێدەکاو بەپێویستی دەزانێ.

هەروەها لەبواری سیاسەتدا رووداوە بەدوایەکدا هاتووەکان لەوردترین کاروباردا دەلالەت لە کاروبارەکانی رەئی دەکەن، لەرووبەروبوونەوەی

1 النحل– ئایەتی: 125
2 البقرة– ئایەتی: 256
3 البقرة– ئایەتی: 286
4 الکهف– ئایەتی: 29



دادوەراندا. لەباری زانستیشدا ئەوە بەسە کە زۆربەی موسوڵمانان لەزەویو ئاسمانو نێوانیانداو بێ پابەندبوون بەرایەکی پێشوەختی ئایین یان دەقێکی پیرۆزگەران، و خواوەند نزای بۆ کردن بۆ پەیڕەوکردنو لەئەستۆگرتنو ئاشکراکردنی راستییەکانی گەردوونەکەیانو کاروبارەکانی ئەقڵو ئاشکرایی رەئی، و دۆزینەوەی زانستییەکان زۆربەیان لەسەر دەستی زانایانی موسوڵمانان بوون، و باوەڕکردن بە ئەقڵ لەشەریعەی ئیسلامیدا چەسپیووە کە لەناو رژێمەکانی تردا نەچەسپیووە، و بانگەشەکردنیش بۆ پێویست نەبوونی حەسانە بۆ تاکە کەسەکان لەکۆنەوە لەئیسلامدا جێگیربووە، کە فەزڵی خەڵکی تەنها بە خواپەرستی دەدرێ، هەروەك چۆن بانگەشەکردنی بەخشینو لێبوردن بەشێکی سەرەکییە لەشەریعەی ئیسلامدا. هەروەها فەرمان بەچاکەو نەهیکردن لەخراپە کرۆکی ئەو پەیمانانەن کە خوا پێغەمبەرانی بۆ رەوانەکرد؛ هەروەك چۆن ئیمام غەزالی دەڵێ، ئابەمجۆرە ئازادیی بیروڕاو رادەربڕین دەبێتە جەوهەری ئیسلامو پێویستییەك لەپێویستییەکانی باوەڕکردن پێی. ئەو ئازادییە بووە واقیعێکی بەرچاو لەسەردەمی پێغەمبەرەوە (د.خ) تاوەکو کۆتایی سەردەمی خەلیفەکانی راشدین.(26)

## دۆزینەوەی چاپو ئازادیی رادەربڕین:

زۆربەی مێژوونووسان هاوڕان لەبارەی ئەوەی "جۆن گۆتنبێرگ" Johann Gutenberg, یەکەمین کەس بووە چاپەمەنی بەپیتی کانزایی لەدەوروبەری ساڵی 1436ی زایینیدا دۆزیوەتەوە، و دواتر لەساڵی 1500ی زایینیدا ژمارەی چاپخانەکان لەئەوروپادا گەیشتنە نزیکەی 250 چاپخانە کە نزیکەی (40) هەزار کتێبیان چاپکرد، لەمبارەیەوە مێژوونووسان کۆکن لەسەر ئەوەی چاپخانە بەگرنگترین دۆزینەوەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێ، لەبەرئەوەی پرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراسی ئاسانکردو هەروەها بەشداریکرد لە

www.pertwk.com

بڵاوکردنەوەی فێرکردنداو بەتوندی کاریگەری بەسەر گەشەسەندنی شارستانیدا بەجێهێشت.[27]

بەر لەدۆزینەوەی چاپخانە، چاپکردنی کتێب لەماوەی سەدەکانی پێشوودا بەهۆی دەستەوە دەکرا، و ئەوکات پیاوانی ئایینیی مەسیحی کۆنترۆڵی پرۆسەی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبیان دەکرد، هەربۆیە بڵاوبوونەوەی چاپخانەی میکانیکی بووە هۆی رەخساندنی بوار بۆ ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی بۆ فێربوون و خوێندنەوە، و تەنانەت تا نیوەی سەدەی شانزەیەم کتێبە ئاینییەکان لەگرنگترین ئەو بابەتانە بوون کە خەڵکی دەیانخوێندنەوە.

کاتێ "مارتن لۆتەر" Martin Luther دەرکەوت کە یەکێك بوو لەپیاوانی ئاییني کاسۆلیکی لەئەڵمانیا، بانگەشەی ئەوەیکرد مافی هەموو کەسێکە بەبێ رولێنان لە پاپا و قەشەکان ئینجیل بخوێنێتەوە، بەمجۆرە ناوبراو لەرێبازی کاسۆلیك جیابووەوە و وایلێهات خۆی و لایەنگرانی بە "پرۆتستانت" ناسران، بەوجۆرە گفتوگۆکردنی دەسەڵات لەناوچەکانی تری تەواوی ئەوروپای خۆرئاوادا کۆتایی پێهات، و بیرمەندان و نیگارکێشان و هونەرمەندە شێوەکارەکان و مۆسیقاژەنەکان و زانایانی سروشت و جیا لەوانیش ئەوەیان سەلماندا کە مرۆڤ ناکرێ بۆ دواوە بڕوانێ، لەکاتێکدا کە دەسەڵاتی کۆن لەگەڕاندابێ بەدوای جوانی و حەقیقەتدا. بەوجۆرە دۆزەرەوەکان ئەوەیان سەلماند زەوی تەخت ئامێز نییە، هەروەك پیاوانی ئاییني و کەنیسە باسیان لێوە دەکرد، بۆیە گالیلۆ Galileo لەئیتاڵیا گەیشتە ئەو ئەنجامەی زەوی خڕە و هەروەها سەنتەری گەردوونیش نییە، بەڵام دواتر دەسەڵاتەکانی ئیتاڵیا "گالیلۆ"یان ناچارکرد بەئاشکرا دەستبەرداری ئەو باوەڕەی ببێ.[28]

## ئازادیی رادەربڕین لەهەردوو سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا :

لەماوەی سەدەی حەڤدەیەمدا "تۆماس هۆبز" Thomas Hobbes (1588–1679 زایینی) فەیلەسوفی سیاسی، تیۆری پێکەوەنانی کۆمەڵایەتی- Social Compact Theory دانا و ئەو تیۆرە لەسەر گریمانەیەك دەوەستێ بەوەی لەکاتێك لەکاتەکانی مێژوودا مرۆڤ درکی بەوە کردووە هاریکاریکردنیان لەکارکردندا دەشێ ژیانێکی باشتریان بۆ دەستەبەربکا وەك لەو ژیانەی کە لە "دەوڵەتی سروشتی"دا هەیە، کە تیایدا هەموو خێزانێ ناچاری ئەنجامدانی هەموو ئەو کارانەیە کە لەسەر ژیانی دەکەوێ: لەدەوڵەتی سروشتیدا سەروەری بەتەنها لەیاسایەکدا هەیە ئەویش "یاسای دارستان"ە و ژیان تەنها بۆ بەهێزەکان و زیرەکەکان دەستەبەردەکا. تیۆرەکەی "هۆبز" رۆدەچێتە ئەوەی کە لەخاڵێك لەخاڵەکانی گەشەسەندنداو بەگوێرەی یاسای دارستان خەڵکی لە سەختیی گوزەران ماندودەبن، ناچار دەستبەرداری بەشێ لەسەربەخۆییەکانیان دەبن لەپێناو بەدەستهێنانی ئارامیدا، و ئەو رێککەوتنانە یان پێکەوەنانی کۆمەڵایەتییە ئاماژەیەکە سەبارەت بە نیشانەکانی سەرەتای کۆمەڵگایەکی رێکخراو و دەرکەوتنی حکومەتەکان. بۆیە "هۆبز" وەهای دەبینێ پێویستە تاك لەپێناو پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێزدا دەستبەرداری هەندێ لەمافەکانی ببێ، ئەوە لەکاتێکدا کە کۆمەڵگاکە ئارەزووی زاڵبوونی هەبێ بەسەر خۆپەرستی و توندوتیژیدا.

هەروەها "هۆبز" رەخنە لەو چەمکەی هێز و سەروەری دەگرێ کە لە "مافەکانی خواوەند" Divine Rightsوە دەردەپەڕێن. ئەوەیش لەگەڵ باوەڕی رۆژنامەنووسەکانی ئێستادا یەکدەگرێتەوە لەرووی ئەوەی مافی خەڵکییە لەهەموو ئەو شتانە ئاگاداربن کە لە سیاسەت و بڕیارەکانی حکومەتدا روودەدەن، و ناوەندەکانی راگەیاندن رۆڵێکی زیندوویان لەو کۆمەڵگایەدا هەیە کە کاری تیا دەکەن.[29]

لەئەنجامی ئەو بۆچوونەوە، جیابووەوەکان لەبریتانیادا دەستیانکرد بەوەی بەتەنها بەرەنگاریی دەسەڵاتەکانی کەنیسە نەبنەوە، بەڵکو بەرەنگاربوونەوەیان بۆ دەسەڵاتی تاج یان رژێمی پاشایەتی درێژبووەوە، تا ئەو ڕادەیەی لەساڵی 1649دا "چارلزی یەکەم"ی پاشای بریتانیا

www.pertwk.com

لەسـێدارەدراو پاشـایەتیی بریتـانی وای لێهـات رازی ببـێ بەدابەشـکردنی دەسـەڵات لەگـەڵ پارلـەمانی بریتـانی هەڵبـژێردراودا، و ئـەمڕۆیش شـازادە "ئەلیزابێسی دووەم" بەجۆرێ ئاماژەی بۆ دەکرێ کە هەڵگری پەیمانەکەیە یان پیرۆزییەکەیـە بـەگوێرەی سـرووتە شـاهانەییەکانی کەنیسـەی بریتـانی، ئەمـە هەموو ئەو شتانەیە کە لەمافی خواوەندییەوە بۆ پاشاکان ماوەتەوە.

گـۆڕانی دەسـەڵات لەپاشـایەتییەوە بـۆ گـەل بـووە هـۆی گۆڕانکـاری لەسیستمی سیاسیدا، و لەکاتێکدا کە پاشا حوکمڕانی دەکرد، نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی خواوەندیان لەسەر زەوی دەکرد، یان بەوجۆرەیان نیشان دەدا، کە فـەرمان و ڕێنماییـان پـێ دەگـا و پێشـبینیی ملکەچـبوونی کوێرانـەیان لەخەڵکییـەوە دەکـرد لەبەرئـەوەی بـەناوی خواوەنـدەوە حوکمدەکـەن، و هـەر کەسـێکیش قسـەی لـەبارەی دەسـەڵاتی پاشـاوە بکردایـە دەکـرێ بەتۆمـەتی "هانـدان بـۆ ناوزڕانـدن" Seditious Libel تاوانبـاربکرێ، کـە ئـەوەیش تاوانێـك بـوو سـزاکەی تـا رادەی لەسێدارەدان بـوو، بـەڵام کـاتێ زۆربـەی دەسەڵاتەکانی پاشا بەخشرانە پارلەمانی هەڵبژێردراو، حوکمە کۆنەکان بوونە جێگـای پرسـیار، و ئەنـدامانی پارلـەمان نوێنەرایـەتیی گـەل دەکـەن و هـەر لەگەلیشەوە دەسەڵات وەردەگرن، کە ئەوەیش ئەو مافە دەبەخشێتە گەل بۆ زانینی سیاسەتەکانی حکومـەت، هـەروەها ئـەو مافەیشیان دەداتـێ کە ڕەخنـە لـەو سیاسـەتانە بگـرن بـێ ئـەوەی ڕووبـەڕووی تۆمـەتی هانـدان و ناوزڕانـدن ببنەوە.

هەروەها سەدەی حەڤدەیەم بە بڵاوبوونەوەی بیروبۆچوونەکانی فەیلەسوفی بریتـانی جـۆن میلتـۆن John Milton (1608–1674ی زایینـی) جیادەبێتـەوە، کـە ڕایگەیانـد ئـازادی لەوەدایـە بزانـی، و هـەموو ئـەو شـتانەی هەستیان پـێ دەکـەی بـێ کـۆت و بەنـد بیانڵێیـت، کـە ئـەوە لەسـەرووی هـەموو ئازادییەکانەوەیـە. هـەر ئـەو بـوو ئەوەیشـی ڕاگەیانـد: ئەگـەر سـەرجەمی مرۆڤایەتی باوەڕیان بەڕایەك هەبێ، و کەسێك بێ بەڕایـەکی نوێوە پێچەوانەی



ئەو ڕایەبێ، و دواتر سەرجەمی مرۆڤایـەتی هـەوڵی لـەباربردنی ئەو ڕایـە بدەن، گوناهی ئەوە کەمتر نییە لەهەڵەی ئەو تاکە کەسەی هەوڵی لەباربردنی ئەو ڕایە دەدا کە سەرجەمی مرۆڤایەتی لەسەری کۆکن.

میلتۆن ئەوە دەچەسپێنێ مرۆڤ لەمەسەلەیەك لەمەسەلەکاندا ناتوانێ بگاتـە ڕاستـی تـا گـوێی لـە ڕای بۆچوونە ناکۆکـەکان نـەبێ لـەو مەسـەلەیەدا: بـەوەی ڕاستی ناتوانێ زامنی مانەوەی خۆی بکا تـەنها لـەو بارەدا نـەبێ کـە بواری بۆ بڕەخسـێنرێ ڕووبـەڕوو بەراشـکاوانە و ئازادییـەکی تـەواوە ڕووبـەڕووی ڕاستییەکانی تر ببێتەوە.(30)

لـەکاتی جـەنگی ئەهلیـدا کـە مـل پەڕانـدنی "چـارلزی یەکـەم" پاشـای بریتانیـای بـەدواداهات، ئـەوکات "جـۆن میلتـۆن" یـەکێ لەبەرپرسە حکومییـە پارلەمانییەکـە بـوو کـە ئـۆلیڤر کرۆموێـڵ Oliver Cromwell سـەرۆکایەتی دەکرد و لـەو ماوەیـەدا "میلتـۆن" لەلایـەن هـەندێ لەئەندامـە "بیـۆریتانییـەکان"* Puritansەوە لـە پارلـەمان ڕووبـەڕووی هێرشـی تونـد بـووەوە، و هـۆکاری ئـەو هێرشەیش داواکردنی میلتۆن بوو بە مافی جیابوونەوە بـۆ ئـەو ژن و مێردانـەی کامـەران نـین، و ئـەو توندڕەوانـە بـەرەنگارییان کـرد لەپرەنسـیپی ڕێگـادان بەجیابوونـەوە، و تـاوانی "میلتـۆن" ئـەوەبوو ئـەو ڕایـەی بـەبێ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی سانسۆری حکومەت بڵاوکردبووەوە، و یاسـای باویش لـەو کاتـەدا ڕێگـای نـەدەدا بـە بڵاوکردنـەوەی هـیچ شـتێ تـاوەکو پێشـوەخت ڕەزامەنـدیی حکومەتی لەبارەوە بۆ وەرنەگیرێ، ئامانج لەوەیش بەرگرتن بوو لەهەر هاندانێ کە زیان بەحکومەت بگەیەنێ.

---

*بیـۆریتانییـەکان گروپێکـی پرۆتسـتانتی بـوون کـە لـەماوەی هـەردوو سـەدەی شانزەیەم و حەڤدەیەمدا لەبریتانیا دەرکەوتن. ئەم گروپە داوای ئاسانکردنی سـروتی پەرسـتنیان دەکـرد، لەگـەڵ پابەنـدبوونی شـێلگیرانە بـە ڕێگـای فەزیلـەت. ئـەوان گروپێکی توندڕەوبوون.

www.pertwk.com

"میلتۆن"لە کتێبەکانیدا کە تیایاندا داوای ئەوە دەکا سیستمی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی لەحکومەتەوە هەڵبووەشێتەوە، وەڵامی ئەو هێرشەی دایەوە. لەساڵی 1644دا "میلتۆن" وتارە بەناوبانگەکەی بەناونیشانی Areopagitica نووسی کە تیایدا داکۆکی لەئازادیی بڵاوکردنەوە دەکرد بەبێ ملکەچبوون بۆ سانسۆری حکومی، ئەو وتارە کۆمەڵێ پاساوی دژ بەسانسۆری حکومی لەخۆگرتووە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ بابەتە بڵاوکراوەکانی تایبەت بەکاروباری سیاسی. لەو وتارەدا هاتووە:

"ئەوە نا مەنتقییە گریمانەی ئەوە بکەین هەر حکومەتێ دەتوانێ سەرجەمی خەڵکی ڕازیبکا، هەروەها نا مەنتقییە گریمانەی ئەوەیش بکەین هەر شتێ حکومەت پێی هەستا دەبێتە هۆی بەجێهێنانی دادوەریی، بەڵام ئەگەر لەلای خەڵکی ئازادیی قسەکردن‌و نووسین لەبارەی سیاسەتەکانی حکومەتەوە هەبێ، و ئەوانەیشی کە حوکمڕانیدەکەن ئارەزوویان هەبێ لەبایەخدان بەو نووسینانە، ئەوا ئەنجامی مەنتقی ئەوەیە بەڕێوەبردنی حکومەت چاك دەبێ، و ئارەزووەکانی خەڵکیش بەجێدەهێنرێن.[31]

"جۆن میلتۆن"یش وەك ئەفلاتون خۆپارێزی هەبوو لەسەر ڕادەی ئەو دوراییەی ئازادیی ڕادەربڕین پێیدەگا، و هەروەها چۆنیەتی بڕواکردن پێی.

لەساڵی 1660دا پارلەمانی بریتانی ڕازیبوو بە چوونە سەر تەختی "چارلزی دووەم" لەجێگای باوکی، بەڵام بەدەسەڵاتی کەمترەوە، و ئیلنگلیزەکان بەردەوامبوون لەناڵاندن لەسزای لەسێدارەدان لەئەنجامی یاسای هاندان بۆ ئاشوب نانەوە Seditious Libel و میلتۆن یەکێ لەقوربانیانی ئەو یاسایە بوو، تا ئەوکاتەی لەساڵی 1674دا کۆچی دواییکرد لەژیانی گشتی دوورخرابووەوە، واتا بەر لە بیست‌و یەك ساڵ لەڕەزامەندیی پارلەمانی بریتانی لەهەڵوەشاندنەوەی یاسای چاپەمەنی، و هەروەها نەژیا تاوەکو هەڵوەشاندنەوەی روخسەت (مەبەست رازامەندیی سانسۆری حکومەتە-و.ك) لەبریتانیادا ببینێ.[32]

لەمبارەیەوە فەزڵ بۆ "جۆن میلتۆن" دەگەڕێتەوە لەدانانی چەمکی بازاڕی ئازاددا Open Market place of Ideas کە هەر تاکێ مافی ئازادیی ڕادەربڕینی لەبیروبۆچوونیدا دەبێ، و میلتۆن دڵنیابوو لەوەی پرۆسەی خستنەرووی دیدوبۆچوونەکان دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ڕاستی‌و فەنابوونی درۆو پڕوپوچی. دەنگۆی ئەو وشانە لەجیهانی ئەمڕۆداو لەلای ئەوانەی کە داوای ئازادیی خستنەرووی هەموو بیروبۆچوونەکان دەکەن لەڕێی بڵاوکردنەوە یان ئیزگەوە بەدەرکەوتن کە بوار دەڕەخسێنێ بۆ وەرگر بۆ خۆی بگاتە ڕاستییەکان.[33]

لەساڵی 1690دا "جۆن لوك" Johan Locke کتێبی "چارەسەرەکان" Treatisesی نووسی کە تیایدا بانگەشەی گواستنەوەی دەسەڵاتی پاشای دەکرد، کە "مافی خواوەندی" بەکاردەهێنا، بۆ پارلەمان کە نوێنەرایەتیی گەل دەکا. "لوك" لەکاتی داڕشتنەوەی ئەم کتێبەدا تیۆری "پێکەوەنانی کۆمەڵایەتی" لەبارەی ڕەسەنایەتیی حکومەتەکان لە "تۆماس هۆبز" خواست‌و تیایدا "لوك" لەڕێی دوو ئاماژەوە تیۆری پێکەوەنانی کۆمەڵایەتی پەرەپێدا:

یەکەم: پێویستیی پشت بەستنی هەر حکومەتێ لەسەر شێوەیەك لەشێوەکانی دەستور Constitution کە ئەوە بەڵگەنامەیەکە بەڕوونی دەسەڵاتەکانی حکومەت‌و بوارەکانی دیاریدەکا.

دووەم: دەبێ هەموو کەسێ ڕوون‌و ئاشکرابێ. ئەوان زیادەڕۆیی ناکەن لەهەموو مافە شەخسییەکانیان کە لە "دەوڵەتی سروشتی"دا خۆشییان لێدەبینێ، و لوك پێیوایە ژیان لەکۆمەڵگای دارستاندا سەخت دەبێ، بەڵام هەندێ لەلایەنەکانی ئازادی کە لەگەڵ ژیانی دارستاندا نەمان، نابێ هیچ حکومەتێ قۆرخی بکا.

www.pertwk.com

"لوك" وەهای نیشان دەدا دەسەلاٚتی حکومەت پێویستە بەسەر سێ بەشدا دابەش بکرێ:

1–ئەنجومەنی یاسادانانی هەلبژێردراو کە دەسەلاٚتی یاسادانانی هەیە.

2–لقی جێبەجێکردن کە دەسەلاٚتی جێبەجێکردنی ئەو یاسایەو یاسا دانراوەکانی هەیە بۆ ئەوەی کاریگەر بێ.

3–لقی دادوەریی کە دەسەلاٚتی جیاکردنەوەی هەیە لەکێشەکان‌و بەجێهێنانی دادوەرییدا.

لەهەموو بارەکاندا هەردەبێ هەموو ئەو دەسەلاٚتە حکومییانە دەسکەوتە شەخسی‌و سروشتییەکانی خەلکی لەخۆبگرێ کە مرۆڤ لەیاسای سروشتەوە وەریگرتوون، لەگەلٚ ئەوەیشدا "لوك" وای نیشان دەدا خەلکی مافیان هەیە بەرەنگاری ئەو بەرپرسانە ببنەوە کە بەخراپ دەسەلاٚتەکەیان کە لەلایەن یاساوە رێگایان پێدراوە، بەکاردەهێنن.[34]

وردە وردە بیروبۆچوونەکانی "لوك" لەبریتانیادا دەستیانکرد بە بلاٚوبوونەوە، هەروەها لەداگیرکارییەکانی ئەمەریکادا لەماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا، دواترو لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا بۆ فەڕەنسا درێژبووەوە، کە ئەوە بووە وەرچەرخانێ لەبیری سیاسیدا، چیتر دەسەلاٚت بەوە دانانرێ کە لەسەرەوەرا بێتە خوارێ، و چیتر ئەوەیش لەهاوولاٚتییە ئاساییەکان داواکراو نابێ بەبێ گفتوگۆکردن ملکەچی کوێرانە بن، و دەسەلاٚت لەهەندێ لەبەشەکانی جیهانی خۆرئاوادا بۆ گەلان گۆڕدراوە، و لەگەلٚ گۆڕانی دەسەلاٚتدا مافی خەلکی لەئارادایە بۆ هەلبژاردنی حوکمڕانان‌و لابردنیان لەکاتی خراپ بەکارهێنانی دەسەلاٚتدا. دواجار ئەوە درێژبووەتەوە بۆ مافی خەلکی لەرەخنەگرتن لەو کەسانەی بەرپرسیارێتیی گشتی لەئەستۆ دەگرن، هەروەها مافی خواوەندی لەزۆر ناوچەی ئەم جیهانەدا گۆڕراوە بۆ مافی گەل.[35]

لەماوەی سەدەی هەژدەیەمدا رێبازی ئەزمونگەری Empiricism دەرکەوت کە پشت دەبەستێ بە تێگەیشتن لەزانین لەرێی شارەزاییەوە، و بەجێهێنان لەرێی ئەزموون یان سەرنجەوە. ئەم رێبازە بەستراوە بە راپەڕینی ئاڕاستەی زانستیی ئەخلاق لەسەر دەستی "دیڤید هیوم" David Hume, (1711–1776ی زایینی). "هیوم"ی فەیلەسوف وای خستووەتە روو "چاکە" Good دەشێ لەرێی "هۆکارەوە" Reason بوونی هەبێ، و سروشتیی مرۆیی بەخۆرسکی مەیلی بەلای باشیدا Charitable بەرانبەر بەکەسانی تر هەیە، و ئامانج لەچالاکیی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی بەجێهێنانی خوشگوزەرانی‌و "سودی بەرانبەر"ە Utility، و سود گەیاندنیش پێوەری دەستنیشانکردنی هەر پرەنسیپێکی ئەخلاقییە کە لەکۆمەلٚگادا هەبێ. بۆ نمونە سەرنجی ئەوە دەدەین دادوەریی خزمەتی چاکەو مرۆڤایەتی دەکا، ئا بەوجۆرە ئەوە خۆسودییە.

دەربارەی ئەوەیشی کە سەدەی هاوچەرخی پێدەلێن بۆ بیری ئەخلاقی، بەستراوە بە فەیلەسوفی ئەلمانی "ئیمانوێلٚ کانت" Immanuel Kant (1724–1804ی زایینی). "کانت" وەهای خستووەتە روو پرەنسیپەکانی رەفتارو ئەخلاق دەبێ لەرێی هۆکارەکانەوە پێیان بگەین، و شایانی جێبەجێکردنیش بن لەهەموو کۆمەلٚگاکان‌و هەروەها لەهەموو بارو زروفێکدا. "کانت" ئەوەیشی نیشانداوە هەموو تاکێك ئازادی هەیە لەرەفتارکردندا، و دواتر بەرپرس دەبێ سەبارەت بە پێوەری رەفتارەکانی یان مامەلٚەکردنی.[36]

هەروەها "کانت" وای دەبینێ سەرجەمی خەلکی ویژدانێکی ئەخلاقی Moral-Consciousnessیان هەیە کە لەبەرهەمی شارەزاییەوە نییە، بەلکو بەدەنگەوەچوونە بۆ کاری چاکە. ئەوە ویژدانە کە دەمانبات بەرەو پەیڕەوکردنی رادەی ئەوپەڕی (الحد الاقصی) کە دەشێ بەئیرادەی خۆمان‌و وەك یاسایەکی نێودەولٚەتی قەبولٚی بکەین، و وەها مامەلٚەی تاك بکەین کە ئامانجە نەوەك هۆکار.[37]

www.pertwk.com

لەگەڵ ئەوەیشدا "کانت" وای دەبینێ "ئیرادەی چاکە" تاکە شتە کە دەشێ بە "چاکەیەك" بژمێردرێ وەك ئەوەی کە هەیە، نەك لەبەرئەوەی ئەنجام یان هەر شوێنەوارێ کە لەسەری روویدا لەئەنجامی ئەوەوەیە کە ئەو ئیرادەیە چاکەیە، لەبەرئەوەی بەگوێرەی ئەرکەکان کاردەکا بە چاوپۆشین لەئەنجامەکانی. لێرەوەو کاتێ ململانێ لەنێوان ئەرك‌و خولیادا دروست دەبێ، ئەخلاق دەست پێدەکا،و ئەوکاتە بوونی دەبێ کە ئیرادەی چاکە سەرکەوتن بەدەست بهێنی، تەنانەت ئەگەر سەرکەوتوویش نەبێ لەبەجێهێنانی ئەوەی دەیەوێ، گرنگ "نیەت"ی باشە یان چاکەیە کە هیچ چاکەیەك لەو چاکانەی لەم جیهانەدا بوونی هەیە ناگاتە ئاستی. هەروەها ئیرادەی چاکە مانای کارکردن بەگوێرەی ئەرکە بەتەنها، بەچاوپۆشین لەهەر پاڵنەرێکی تر. "کانت" ئەرك وادەناسێنێ بەوەی "پێویستیی ئەنجامدانی کارێکە کە رێزگرتن بێ لەیاسا،و رێزگرتن لەئەقڵ". واتا ئەرك پشت بەسۆز یان ویژدان نابەستێ، تەنانەت مەیل یان ئارەزووەکانیش نابەستێ چەندە جوامێرو ژەهراویش بن.[38]

لەساڵی 1776داو دوای پێنج ساڵ لەجەنگ، سەربەخۆیی موستەعمەرە ئەمەریکاییەکان لەحوکمڕانیکردنی بریتانیا راگەیاندراو بووە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و راگەیاندنی سەربەخۆیی و دەستور بۆ دامەزراندنی شێوەی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەساڵی 1789دا. دەستوری ئەمەریکی پشتی بە زۆر لەبیروبۆچوونەکانی "جۆن لوك"ی فەیلەسوف بەستووە لەرووی پێکهاتەی دامەزراوە حکومییەکان‌و دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە سەرۆکی دەوڵەت سەرۆکایەتی دەکا، لەگەڵ کۆنگرێس کە یاسا دەردەکا، هەروەها دەسەڵاتی دادوەریی کە دادگای دەستوری ئەمەریکی باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرۆکایەتی دەکا، لەکاتێکدا دەستوری ئەمەریکا دەرچوو تیایدا ئاماژە بۆ هیچ شتێکی وەك مافەکانی مرۆڤ نەکرا،و مافی ئازادیی رادەربڕین‌و نووسینیش سەبارەت بە رووداوەکانی حکومەتی ناوەندی دەگرێتەوە،و ئەوە پاڵنەرێ بوو بۆ هەندێ لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رازی بن بەدەستوورەکە، بەمەرجێ چاککاریی تیا بکرێ بەجۆرێ تاکەکان لەخۆبگرێ.

لەدوای دوو ساڵ لەدەست بەکاربوونی حکومەتی فیدراڵی لەساڵی 1789دا، کۆنگرێس دە چاککاری خستە سەر دەستوورەکە کە بە "بەڵگەنامەی مافەکان" Bill of Rights ناسراوە،و ئامانج لەو چاککارییانەیش بەرگرتنە لەحکومەتی ناوەندی لەدەستوەردان لەمافە کەسی و سروشتییەکانی گەل، لەناویاندا چاککاریی یەکەمە کە ئاماژە بەوە دەکا بێ پەیڕەویکردنی کۆنگرێس بۆ دەسەڵاتەکان دەبێتە هۆی دەستنیشانکردنی ئازادیی رادەربڕین یان ئازادیی رۆژنامەنووسی.[39]

لەفەڕەنسایش فەیلەسوفەکانی سەدەی بیستەم لەوانە "ڤۆڵتێر" Voltaire و "مۆنتسکیو" Montisquieu و "جان جاك رۆسۆ" Jean Jacque Rousseau راپەڕین‌و سەرسەختانە داکۆکیان لەئازادیی لەسەرجەمی بوارەکانیدا کرد، لەوانە ئازادیی بیروڕاو رادەربڕین وەك هەوڵێك بۆ پشت بەستنی ئەو ئازادییانە بە بیروبۆچوونەکانی یاسای سروشتی،و بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی بۆ رێبەریکردنێك‌و لکاندنی بەمرۆڤەوە، کە ئەوە بەوەوە لەدایك بووەو کەوتووەتە پێش دەوڵەتەوە. لەبەر رۆشنایی ئەو هاوارانەی ئەو فەیلەسوفانە وەك دەربازبوونێ لەو خەفەکردن‌و خۆ خواردنەوانەی کە دەسەڵات‌و کەنیسە بەسەر تاکەکانیاندا سەپاندبوویان، دەریانکرد، ساڵی 1789 شۆڕشی فەڕەنسا هەڵایسا، تاوەکو ئازادکردنی مرۆڤ رابگەیەنێ بەپاڵپشتیی بیروبۆچوونەکانی ئەو فەیلەسوفانەی پێشوەخت وەك دیارییەك بۆ لابردنی ئەو زۆرداری‌و خۆ خواردنەوانەی بەدرێژایی سەدەکانی پێشوو بەسەر مرۆڤدا سەپاندرابوون. شۆڕشی فەڕەنسا رووداوێکی گەورەبوو کە دڵسۆزیی مرۆڤ بۆ ئایین کە کەنیسەو پیاوەکانی نوێنەرایەتی دەکەن گۆڕی بۆ ئازادکردنی مرۆڤ لەو کۆت‌و بەندە. بەدەقیش لە جاڕی مافەکانی مرۆڤ

www.pertwk.com

لەفەڕەنسادا کە لەساڵی 1879دا دەرچووە، هاتووە "لەسەر ئازادیی بڵاوکردنەوەی بیروڕایە وەهای لێبکا بیانکاتە مافە پیرۆزەکانی مرۆڤ، و لەبەر رۆشنایی ئەوەدا لەسەر هاووڵاتییانە قسەبکەن و بنووسن، و هەروەها بەئازادیی تەواوەوە هەر بیروبۆچوونێکیان هەیە چاپی بکەن، و لەمبارەیەوە دوودڵ نەبن لە کۆت و بەند جگە لە مافی وەڵامدانەوەی نووسراو کە لەیاسادا هەیە". [40]

## ئازادیی رادەربڕین لەچاخی نوێدا :

لەماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا چوارچێوەی بیری ئەخلاقی لەرێی فەیلەسوفی بریتانی "جۆن ستیوارت میل" John Stuart Mill (1806–1873ی زایینی) کە یەکێکە لەناودارەکانی رێبازی ئەزمونگەری، فراوان بوو. "میل" بەجۆرێ خۆسودی Utilitarianism لێکدەداتەوە کە مانای رەفتاری ئەخلاقی بگەیەنێ، و دەبێ ئەو رەفتارەیش بگاتە چاکەی گشت و هەروەها زۆرترین رێژەی خۆشگوزەرانی بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵکی بخولقێنێ. هەروەها "میل" تانوت دەدا لەجەختکردنی "کانت" سەبارەت بەو نیەتانەی کە پێشی رەفتار دەکەون، کە وەهای نیشانداوە ئەو نیەتانە دەبنە ئەنجامی رەفتارەکان، سەرباری پرسیاری "میل" لەبارەی ئەو رەفتارەی دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆ زۆرترین ژمارە کە لەتوانادا بێ بۆ کەسەکان، لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر سەختانە قسەی لەبارەی داکۆکیکردن لەمافەکانی کەمینەکان کردووە. [41]

"میل" وای نیشان دەدا کاری چاکە پەیوەستە بەئەنجامەکەیەوە، و هەروەها ماوەی توانای ئەو ئەنجامانە بۆ تێرکردنی ئارەزووەکان، بەجۆرێ بۆ ئێمە و کەسانی تریش ئەو خۆشگوزەرانیەی ئامانجمانە پێی بگەین، بەجێبهێنێ. "میل" هەوڵی ئەوەیش دەدا فەلسەفە خۆسوودییەکەی لەسەر بنەمای ئەزمونگەرییەکی پتەوو بەهێز هەڵبسەنگێنێ، کە بڕیار لەم پرەنسیپانە دەدا:

1–خۆشگوزەرانی ئەو تاکە شتەیە کە بەئارەزووکردن لێی دادەنرێ.

2–تاکە رێبەرێ لەبارەی ئەوەی کە شتێ ئارەزووبکرێ ئەوەیە سەرجەمی خەڵکی بەفیعلی ئارەزووی بکەن.

3–خۆشگوزەرانیی هەموو کەسێ، بەپێوەری ئەو کەسە بە "چاکەیەك" دادەنرێ، و هەر لەبەر رۆشنایی ئەوە خۆشگوزەرانیی گشتی "چاکە"یە بەنیسبەت هەموانەوە.

4–دەشێ ئارەزوویان بەلای بابەتی ترەوە هەبێ، بەڵام ئارەزووی ناکەن لەبەرئەوەی هۆیەکە بۆ خۆشی "چێژ".

5–ئەگەر لەنێوان دوو چێژی جیاوازدا چێژێکت پێگەیشت و لەلایەنەکانی ئەو کەسانەی کە پەی بەهەردوو چێژەکە دەبەن فەزڵی پێدرا، ئەوا مافی خۆمانە بڵێین ئەم چێژە باشەیان لەسەرووی چێژەکەی ترەوەیە.

"میل" ئەوە بۆ تاك دەپارێزێ کە بەهەمان ئەو رۆحیەتەی خوازیاری بەجێهێنانی بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیەتی، بەهەمان شێوە خوازیاری بەجێهێنانی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگایش بێ، بەڵکو زۆرتریش و بڕیاربدا بە قوربانیدانی تاك بۆ خۆشییەکانی یان ژیانی لەپێناو خۆشگوزەرانی خەڵکیدا، کە بەوە رێز لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگا دەگرێ تا ئەو رادەی خستوویەتییە سەر بەرژەوەندییەکانی تاکەوە. [42]

"واڵتر لیپمان" Walter Lippmann (1889–1974ی زایینی) لەماوەی سەدەی بیستەمدا زیاتر رۆدەچێ لەبارەی ئەوەی یاسایەکی باڵاتر لەئیرادەی خەڵکی هەیە، کە ئەوەیش یاسای هۆیە The Law of Reason، بەوەی هیچ کەسێ نییە بەشێوەیەکی ناڕەوا مامەڵە لەگەڵ کەسانی تردا بکا، مرۆڤ بۆ خۆی کۆمەڵێ پێوەر سەبارەت بە جیهانی دەرەوە دروست دەکا، و خەڵکی لەسەر بنەمایەکی راستەوخۆ لە زانین لەبارەی جیهانی راستەقینە مامەڵە ناکا،

www.pertwk.com

بەڵکو لەسەر بنەمای وێنەیەکی بیری خۆیان لەبارەی ئەو جیهانەوە مامەڵە دەکەن، و هەروەها مرۆڤ ئەو شتانەی کە پێیان هەڵدەستێ بەشێوەیەکی گشتی و پشت بەو وێنە دروستکراوەی بیری خۆی دەبەستێ.[43]

ئـەوە بـووە ئـەنجامی گەشەسـەندنی خێـرا بـۆ ناوەنـدەکانی پەیوەنـدی و پەیوەنـــدیکردن لـــەماوەی ســـەدەی بیســـتەمدا، لەگـــەڵ بڵاوبوونـــەوەی بیروبۆچوون و بزووتنـەوەی ئازادیخوازی لـە زۆر ناوچـەی جیاجیادا، و هـەموو ئەو پرۆسانەی دەمکوتکردن و خۆ خواردنەوەیش هاوەڵی دەکردن کـە ئـەورووپا لەبەر رۆشنایی بارودۆخی نازیزم و فاشیزمدا رووبـەرووی بـووەوە، لەگـەڵ ئـەو نەهامەتیانـەی کـە لەئـەنجامی هـەردوو جەنگـە جیهانییەکـەوە کەوتبوونـەوە، و هەروەها هەری بیروبۆچوونی فەیلەسوف و زانایەکانە بەدرێژایی چاخەکان لێی کۆڵڕاوەتـەوە، ئـەوە هـەمووی بـووە هـەوێنی دەرچـوونی جاڕی گـەردوونیی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی 1948دا، لـەدوای لـەدایکبوونی نەتەوەیـەکگرتووەکان. لەبەنـدی نۆزدەیـەمی ئـەو جاڕە گەردوونییـەدا هـاتووە "هـەموو کەسـێ مـافی ئـەوەی هەیـە بـەبێ دەستوەردان بیروڕاکـانی بخاتـە روو، و هـەموو تـاکێ مـافی ئـازادیی رادەربڕینـی هەیـە، و ئـەو مافـەیش هـەر جـۆرێکی وەك وەرگرتنـی زانیـاری یـان بیروبۆچـوون و وەرگـرتن و گواسـتنەوەیان بـە چاوپۆشـین لەسـنوورەکان دەگرێتـەوە". دان نـانی نەتەوەیـەکگرتووەکان بـەئازادی و مافـەکان، پێشـوەخت بەسـتراوە بـە دان پیانـانی بەمافـەکانی گـەلان لـەمافی چـارەی خـۆ نووسـیندا، واتـا پەسـەندکردنی مافـەکانی تـاك لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی هاوکاتـە لەگـەڵ دان نـان بەمافـە کۆییـەکانی رۆڵـەکانی یـەك نیشـتمان. کۆمەڵـەی گشـتیی نەتەوەیـەکگرتووەکان لـە 14ی کـانونی یەکـەمی سـاڵی 1946 و لەیەکـەمین خولیـدا بڕیارە بەناوبانگەکـەی دەرکـرد کـە بڕیـاری ژمـارە "59"یـە، کـە تیایـدا هـاتووە: "ئـازادیی بڵاوکردنـەوەی زانیـاری لەمافـە سەرەکییەکانی مرۆڤە، ئەوە ئەو پێوەرەیە کە بەهۆیەوە سەرجەمی ئازادییەکان دەپێـوەرێن و نەتەوەیـەکگرتووەکان هەوڵـەکانی بـۆ پارێزگـاریکردن لێـی تەرخاندەکا".

سـەرلەنوێ کۆمەڵـەی گشـتیی نەتـەوە یـەکگرتووەکان جـەختی لەسـەر ئـەو مافانـە کـردەوە و لەرێککەوتنـە نێودەوڵەتییـەکانی تایبـەت بـە مافـە مـەدەنی و سیاسییەکان (کانونی یەکەمی ساڵی 1966ی زایینی)دا پەرەی پێدان –لەگەڵ هەنـدێ کـۆت و بەنـددا– کـە لەبەنـدەکانی ژمـارە (18 و 19 و 20)دا جـەخت لـەوە کراوەتەوە مافی هەموو کەسێکە ئازادیی باوەڕهێنان بە بۆچوون و باوەڕەکـانی هەبێ، هەروەها مافی ئەوەیشی هەیە ئازادیی رادەربڕینی هـەبێ. ئـەو مافـەیش وەرگرتنـی زانیـاری و بیروبۆچـوون هـەرجۆرێ بـێ وەریبگـرێ و بیگوێزێتـەوە بەچاوپۆشین لەسنوورەکان دەگرێتـەوە. ئیتر زارەکـی بێ یان نووسراو یـاخود بەچـاپکراو بەشـێوازێکی هونـەری، یـان بـەهۆی هـەر ناوەنـدێکی تـرەوە، و پیـادەکردنی ئـەو مافانـە لەگـەڵ خۆیانـدا ئـەرك و بەرپرسـیارێتیی تایبـەت هەڵدەگرن، بۆیە دەشێ ملکەچی بۆ هەندێ لەکۆت و بەندەکان بکرێت کە دەبێ لەچوارچێوەی سـنوورەکانی یاسـادا تـەوق درابـن، بـەوەی چـی پێویسـتە بـۆ رێزگرتنـی مافـەکان و ئـابڕوی خـەڵکی، لەگـەڵ پارێزگـاریکردن لـە ئاسایشـی نیشـتمانی یـاخود سیسـتمی گشـتی، یـان تەندروسـتی، یـاخود ئـەخلاقی گشتی.[44]

## پوختە:

ئازادیی رادەربڕین مانـای تێکشـکانی ئـەو کـۆت و بەندانەیـە کـە بـەردەگرن لەتاك تاوەکو گوزارشت لەخۆی و کۆمەڵگاکەی بکا بەو شتانەی پێی‌وایە خێرو خۆشیان بۆ دەستەبەردەبێ. ئازادیی رادەربڕین پشت بەسێ رەگـەزی سـەرەکی

www.pertwk.com

دەبەستێ، ئەوانیش: باوەڕبوون بەئەقڵ،و بەرتەسککردنەوەی حەسانە لەهەر تاکێکی کۆمەڵگا،و بوونی ژینگەیەك کە هەڵگری لێبوردەییبێ. ریشەی ئازادیی رادەربڕین دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفەکانی بیری ئەخلاقی لەشارستانێتییە دێرینەکاندا، سەرەتاکەی لە "کۆنفۆشیۆس"ی دانای چینەوەیە کە وای دەبینی زانین مانای داناییە،و دانایی یارمەتیدەرە بۆ بەجێهێنانی ژیانێکی باشتر بۆ تاكو کۆمەڵگا. سۆفستائییەکانیش قسەیان لەبارەی مەسەلەی باری مرۆڤ لەگەردووندا کردووە، لەگەڵ بەدیهێنانی زانین لەرێی درککردنی هەستی. بەڵام سوکراتی فەیلەسوفی دێرینی یۆنان فەلسەفەیەكو سیستمێکی بۆ ئازادیی رادەربڕین دانا،و کردیە مافێکی باڵاتر بەسەر مافی ژیانەوە.

ئەفلاتونیش بانگەشەی چاکیی دادوەریی کرد کە بەهۆیەوە رەگەزەکانی دانایی و دان بەخۆدا گرتنو ئازایەتیی بەدی دێن. دواتر ئەرستۆ هات تاوەکو بەرپرسیارێتی لەهەڵبژاردنی ئازادانەدا بخاتە ئەستۆی تاك،و ئەو بەرپرسیارێتییەی لەچوارچێوەی سیاقێکی گەورەتردا خستەروو کە ئەوەیش بەرژەوەندیی گروپە. دوای دەرکەوتنی مەسیحیش ئازادیی رادەربڕین رووبەرووی چەوساندنەوەو جەورو ستەم بووەوە، بەتایبەتی لەسەردەمی قەشە ئۆگستین دا کە بەبیانوی دژایەتیکردنی بێ باوەڕی، بەتۆبزی کاری بۆ سەپاندنی مەسیحییەت دەکرد،و هەروەها پاپا گریگۆری نۆیەم رژێمی پشکنینی دامەزراند کە کەنیسەی سەرپشك دەکرد بۆ پشکنینی شوێنە تایبەتییەکانی خەڵکی. لەو ماوەیەدا هاوپەیمانێتیی نێوان کەنیسەو دەوڵەت شێوەیەکی سیاسی لەخۆگرت کە بەناوی "مافی خواوەندی" ناسراوە،و هەر مشتومڕێ سەبارەت بە دەسەڵاتەکانیان بکرابایە بەتاوانی هاندانی ئاشوب نانەوە دادەنرا،و خاوەنەکەی رووبەرووی سزای لەسێدارەدان دەبووەوە. لەلایەکی دیکەوە ئایینی ئیسلام دەوڵەمەندە لەبواری ئازادیی بیروڕاو رادەربڕین، لەبەرئەوەی ئایینی ئیسلام پشت بەمیتۆدی ئەقڵ دەبەستێو داوێن پاکی بۆ تاکە کەسەکان وەلادەنێ، بەوەی تەنها بە خواپەرستی فەزڵی خەڵکی دەدرێ،و ئەو ئازادییە لەماوەی دەرکەوتنی ئیسلامەوە تاوەکو کۆتایی حوکمڕانیکردنی خەلیفەکانی راشدین بووە واقیعێکی بەرچاو.

لەماوەی سەدەی نۆزدەیەمیشدا "تۆماس هۆبز"ی فەیلەسوف تیۆری "پێکەوەنانی کۆمەڵایەتی" دانا، کە گوزارشت لەئاماژەکانی سەرەتاکانی کۆمەڵگای رێکخراوو دەرکەوتنی حکومەتەکان دەکا، هەروەها هۆبز تانوتی دا لەبارەی چەمکی هێزو سەروەری کە لەمافەکانی خواوەندەوە سەرچاوە دەگرن. هەروەها بیروبۆچوونەکانی فەیلەسوفی بریتانی "جۆن میلتۆن" بڵاوبوونەوە کە سەلماندوویەتی مرۆڤ ناتوانێ لەمەسەلەیەك لەمەسەلەکاندا بگاتە راستی تاوەکو گوێ نەگرێ لە رای جیاواز لەخۆی، هەروەك چۆن داکۆکی لەئازادیی رادەربڕینو بڵاوکردنەوە کرد بەبێ ملکەچبوون بۆ سانسۆری حکومی. هەروەها "جۆن لوك"ی فەیلەسوف داوای گواستنەوەی دەسەڵاتی پاشای کرد کە مافی خواوەندی بەکاردەهێنا بۆ پارلەمان کە نوێنەرایەتیی گەل دەکا.

لەماوەی سەدەی هەژدەیەمیشدا "دیڤید هیوم"ی فەیلەسوف دەرکەوت کە رێبازی ئەزمونگەری بونیادنا،و وای نیشان دەدا چاکە دەشێ بەهۆی هۆوە بوونی هەبێ،و چالاکیی مرۆیی بەشێوەیەکی گشتی ئامانج لێی بەجێهێنانی خۆسودییە. "ئیمانوێڵ کانت"ی فەیلەسوفی ئەڵمانیش لەوە دوا کە پرەنسیپەکانی رەفتارو ئەخلاق دەبێ لەرێگای هۆوە پێی بگەین،و هەروەها دەبێ لەهەموو کاتو ساتێكو لەکۆمەڵگاکاندا شایانی جێبەجێکردن بێ،و ئاماژەی بەوەیش کردووە ئیرادەی چاکە مانای کارکردنێکە کە تەنها پێویست بەئەرك دەکا، ئەمە سەرباری هەر پاڵنەرێکی تر. شۆڕشی فەڕەنسایش لەساڵی 1789دا بووە هۆی ئەوەی ئازادیی مرۆڤ بۆ جیهان رابگەیەنرێ، کە ئەو شۆڕشەیش لەدیدو بۆچوونی فەیلەسوفەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەو

www.pertwk.com

بۆچوونانەی کە پێشوەخت وەك دیارییەكو بۆ لابردنی زوڵمو زۆردار خرابوونە روو، کە بەدرێژایی سەدەکانی رابردوو بەسەر مرۆڤەکاندا دەسەپێنرا.

بۆچوونەکانی "جۆن ستیوارت میل"یش لەماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا بڵاوبوونەوە، کە تیایاندا میل خۆسودی وەها لێك دەداتەوە مانای هەڵسوکەوتی ئەخلاقی دەگەیەنێ، و دەبێ ئامانج لێی چاکەی گشتو بەجێهێنانی خۆشگوزەرانی بێ بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵکی. "میل" جەخت لەوەیش دەکاتەوە لەسەر تاکە بەهەمان ئەو رۆحیەتەی کە خوازیاری بەجێهێنانی خۆسودی شەخسی خۆیەتی، بەهەمان شێوەیش خوازیاری پاراستنی بەجێهێنانی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ببێ.

ئەو گەشەسەندنە خێرایەی ناوەندەکانی پەیوەندیکردن لەماوەی سەدەی بیستەمدا بەخۆیەوە بینی، سەرباری ئەو ژانانەی کە لەئەنجامی هەردوو جەنگە جیهانییەکەدا کەوتنەوەو هەروەها کەڵەکەبوونی بیری فەلسەفی، بووە هۆی دەرچوونی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ لەساڵی 1948دا کە لەبەندی نۆزدەیەمینیدا ئاماژە بەوە کراوە مافی تاکە بەچاوپۆشین لەسنوورەکان ئازادیی بیروڕاو رادەربڕینو ئازادیی وەرگرتنو گواستنەوەی زانیاریو دیدوبۆچوونی هەبێ.

## سەرچاوەکانی فەسڵی یەکەم


(1)عماد عبدالحميد النجار: الوسيط فی التشريعات الصحافة (القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية، 1985) لاپەڕە 43.

(2) Holsinger, Ralph L. Media Law (N. Y.: Random Hoese, 1987) P. 2.

(3) ليلى عبدالمجيد: الصحافة فی الوطن العربی (القاهرة: العربی للنشر و التوزيع، 1990) لاپەڕە 5.

(4) خليل صابات: الصحافة رسالة و استعداد و فن و علم (القاهرة: دار المعارف بمصر، ط2، 1967) لاپەڕە 270.

(5) عماد عبدالحميد النجار: (1985) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 47.

(6) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی 49–51.

(7) Fink, Conrad C. Media Ethics in the Newsroom and Beyond (N. Y.: McGraw-Hill, Inc., 1988) P. 5.

(8) River, William L. and Mathews, Cleve Ethics fov the Media (Englewood cliffs, N. J.: Prentice-Hall, Inc., 1986) P.14.

(9) Holsinger, Ralph L. (1987) op. cit, P. 3.

(10)Hardt, Hanno "Press Freedom In Western Societies" In Martin, L. John and Chaudhary, Anju Grover Comparative Mass Media Issues (N. Y.: Longman, Inc., 1983) P. 293.

(11) توفيـق الطويـل: فلسـفة الاخـلاق: نشـأتها و تطورهـا (القـاهرة: دار الثقافة، ط 5، 1985) لاپەڕە 48.

(12) امام عبدالفتاح امام: فلسفة الاخلاق (القاهرة: دار الثقافة للنشر و التوزيع، 1990) لاپەڕەكانی 67-68.

(13) عماد عبدالحميد النجار: (1985) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 64.

(14) امام عبدالفتاح امام: (1990) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەكانی 75-78.

(15) River, William L. and Mathews, cleve (1986) op. cit, P.15.

(16) امام عبدالفتاح امام: (1990) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەكانی 86-94.

(17) River, William L. and Mathews, cleve (1986) op. cit, P.15.

(18) Holsinger, Ralph L. (1987) op. cit, P. 4.

(19) امام عبدالفتاح امام: (1990) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەكانی 104-108.

(20) River, William L. and Mathews, cleve (1986) op. cit, P.15.

(21) Fink, Conrad C. (1988) op. cit, P. 5.

(22) Holsinger, Ralph L. (1987) op. cit, P.4.

(23) Fink, Conrad C. (1988) op. cit, P. 6.

(24) عماد عبدالحميد النجار: (1985) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 66.

(25) Holsinger, Ralph L. (1987) op. cit, P.5.

(26) عماد عبدالحميد النجار (1985) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەكانی 6768.

(27) خليل صابات: وسائل الاتصال: نشأتها و تطورها (القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية، طبعة خامسة،1987) لاپەڕە 31.

(28) Holsinger, Ralph L. (1987) op. cit, P. 6.

(29) Fink, Conrad C. (1988) op. cit, PP. 6-7.

(30) عماد عبدالحميد النجار:(1985) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەكانی 6869.

(31) Holsinger, Ralph L. (1987) op. cit, P. 6.

(32) Ibid, P. 7.

(33) Fink, Conrad C. (1988) op. cit, P.7.

(34) Holsinger, Ralph L. (1987) op. cit, P. 8.

(35) Ibid, P. 9.

(36) Fink, Conrad C. (1988) op. cit, P. 8.

(37) River, William L. and Mathews, cleve (1986) op. cit, P.16.

(38) امام عبدالفتاح امام: (1990) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەكانی 177-183.

(39) Holsinger, Ralph L. (1987) op. cit, PP 11-12.

(40) عماد عبدالفتاح النجار: (1985) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەكانی 72-69.

(41) Fink, Conrad C. (1988) op. cit, PP. 7-8.

www.pertwk.com

(42) امام عبدالفتاح امام: (1990) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی 209-
.211

(43) River, and Mathews, (1986) op. cit, P.17.

(44) راسم محمد الجمال: الاتصال و الاعلام فی الوطن العربی (بیروت:
مرکز دراسات الوحدة العربیة، 1991) لاپەڕەکانی 20-21.

www.pertwk.com

# فەسڵی دووەم

## ئازادیی رۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگا هەمەجۆرەکاندا

-ئازادیی رۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگاکانی خۆرئاوادا.
-لێکۆڵینەوەی باری کۆمەڵگای ئەمەریکی.
-ئازادیی رۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگا پەرستێنەکاندا.
-بیری عەرەبیو ئازادیی رۆژنامەنووسی.
-لێکۆڵینەوەی باری کۆمەڵگای میسری.

www.pertwk.com

# فەسڵی دووەم

## ئازادیی رۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگا هەمەجۆرەکاندا

### دەسپێك:

ئازادیی بیروڕاو رادەربڕین لەمرۆڤ دێرینترە، بەڵام ئازادیی رۆژنامەنووسی دەکەوێتە دوای دۆزینەوەی نووسین. لەسەرئەوەی ئازادیی رۆژنامەنووسی وەك پێداویستییەکی سەرەکی مرۆڤ بەر لەدۆزینەوەی چاپەمەنی لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا دەرنەکەوت، لەماوەی ئەو مێژووەدا حوکمڕانان بەردەوامبوون لە دانانی کۆت و بەند بۆ رۆژنامەنووسی بۆ سووککردنی مەترسییەکانی سەر دەسەڵاتەکانیان، و ئاشکراکردنی سیاسەتی حوکمرانان و توندوتیژییە شاردراوەکانیان.[1]

دەکرێ ئازادیی رۆژنامەنووسی وەها پێناسەبکرێ بەوەی مافە لەبڵاوکردنەوەی بیروبۆچوون و زانیاری بەبێ کۆت وبەندی حکومی، بەئامانجی هاندانی بڵاوکردنەوەی ئەو بیروبۆچوونانەی رەخساندنی ئاسانکاریی و وردبینی بۆ بڕیاردانی پێویست لەخۆدەگرێ سەبارەت بە کاروبارە گشتییەکان و بەرژەوەندیی کۆمەڵگاکان.[2]

ئەم فەسڵە گەشەسەندنی رۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگاکانی خۆرئاوادا لەخۆدەگرێ، ئەوەیش لەرێی گەشەسەندنی تیۆرە رۆژنامەنووسییە باوەکانەوە: کە ئەوانیش تیۆری دەسەڵات، تیۆری ئازادی، و تیۆری



بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتین. هەروەها جێبەجێکردنی بەسەر لێکۆڵینەوە لەباری کۆمەڵگای ئەمەریکیدا. هەر ئەم فەسڵە ئازادیی رۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگا پەرستێنەکاندا دەخاتە روو لەگەڵ چەمکی بیری عەرەبی بۆ ئازادیی رۆژنامەنووسی، و هاوکات لێکۆڵینەوە لەباری کۆمەڵگای میسری.

### ئازادیی رۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگاکانی خۆرئاوادا

مەفهومی خۆرئاوایی بۆ ئازادیی رۆژنامەنووسی لەسەر بنەمای ئازادیی خەڵکی لەپێشوازیکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری لەکۆمەڵگای ئازاد و دیموکراتدا دادەمەزرێ، و ئەم مەفهومە خۆرئاواییە گریمانەی ئەوەیش دەکا کە ناوەندەکانی راگەیاندن هەستن بە گوزارشتکردن لەراوبۆچوونە هەمەجۆرەکان سەبارەت بە ئەو بابەتانەی جەماوەر لەرێی بازاڕە ئازادەکانی بیروبۆچوونەکانیەوە بەلایەوە جێگای بایەخە، و لەرێی ململانێی بیروبۆچوونەکان خەڵکی دەتوانن بگەنە حەقیقەت، و هەروەها مافی خەڵکیشە لەو سیاسەت و چالاکییانە ئاگاداربن کە حکومەتەکەیان پەیڕەویان دەکا، هەروەك چۆن گریمانەی ئەوە دەکرێ ناوەندەکانی راگەیاندن بەرۆڵی چاودێر بەسەر کارەکانی حکومەتەوە هەستن.[3]

ئازادیی رۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگاکانی خۆرئاوادا لەرێی سێ تیۆری سەرەکییەوە گەشەی سەندووە: ئەوانیش تیۆری دەسەڵات، تیۆری ئازادی، و تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتین. دواتر هەریەکە لەو تیۆرانە بەمجۆرەی خوارەوە دەخەینە روو:

www.pertwk.com

### یەکەم: تیۆری دەسەڵات: Authoritarian Theory

سیستمی دەسەڵاتخوازی بۆ رۆژنامەنووسی بەستراوەتەوە بەیەکەمین دامەزراندنی رۆژنامە لەکۆتایی سەدەی شانزەیەمو سەرەتای سەدەی حەڤدەیەم لەئەوروپای خۆرئاوادا، کە لەرووی مێژووییەوە بە دێرینترین سیستمی رۆژنامەنووسی دادەنرێ. ئەم سیستمە بەدرێژایی دوو سەدەی تەواوو هەتا هەڵگیرساندنی شۆڕشی فەڕەنسا لەساڵی 1789دا بەسەپێنراوی بەسەر رۆژنامەنووسی ئەوروپادا مایەوە. نایشکرێ بەبێ ناسینی پێکهاتەی رژێمی سیاسی کە لەو کاتەدا بوونی هەبووە لەپێکهاتەی سیستمی دەسەڵاتخوازی رۆژنامەنووسی تێبگەین، و ئەوروپای خۆرئاوا لەو ماوەیەدا شێوەیەکی لەحوکمڕانیکردن بەخۆوە بینی کە تێکەڵەبوو لەحوکمڕانی توندوتیژیو حوکمڕانی رەها، و لەحوکمڕانی توندوتیژیدا حوکمڕان ملکەچی یاسا دانراوەکان نابێو هەروەها بەوە نازانێ کە دەسەڵاتەکانی سنوری هەیە، وئەو دەسەڵاتەکەی چۆنو بەچ جۆرێ دەوێ وەها بەکاردێنێو ئیرادەی خۆی دەبێتە یاسا. لەحوکمڕانیکردنی رەهایشدا دەسەڵات هەمووی لەدەستی تاکە کەسێك یان دەستەیەکدا دەبێت، بەڵام ئەو کەسە یان دەستەیە کە دەسەڵاتەکەی بۆ قۆرخکراوە بەهۆی یاساگەلێکی ملکەچکراوەوە حوکمڕانی دەکا. زۆربەی پاشاکانی ئەوروپا بەدرێژایی سەدەکانی حەڤدەیەمو هەژدەیەم دەسەڵاتیان لەنێوان حوکمڕانی توندوتیژیو حوکمڕانی رەهادا دابەش بووبوون، و لەوەیشدا پشتیان بەستبوو بە پاشماوەکانی بیری دەرەبەگایەتیو فەلسەفەکانی چاخی ناوەند، کە بیرۆکەی "مافی خواوەندی" بۆ پاشاکان بڵاوبووبووەوە.[4]

فەڕەنسا سزای لەسێدارەدانی بەخۆوە بینی بۆ ئەوانەی چاپکراوێك دەربکەن کە رەزامەندیی دەسەڵاتی حوکمڕانیان بۆ وەرنەگرتبێ، هەروەك چۆن پێشتر ناپلیۆن رایگەیاندبوو ئەو ناتوانێ لەسایەی ئازادیی رۆژنامەنووسیدا سێ مانگ حوکمڕانی بکا.

ئەدەبی فەڕەنسی ئەم شەپۆلە زیانبەخشەی لە دوژمنایەتیکردنی رۆژنامەنووسیدا داڕشت، تا ئەو رادەیەی "ڤۆڵتێر" توانجێکی سەبارەت بە ئەو کۆتو بەندانە هەیە کە دەڵێ "ناتوانم بەبێ رەزامەندیی پاشا، بیربکەمەوە". هەروەها سەبارەت بە هەمان کۆتوبەندی رۆژنامەنووسی "بۆن مارشیە" لەزاری پاڵەوانی شانۆیی "ژنهێنانی ڤیگارۆ"وە دەڵێ "بەمەرجێ لەنووسینەکانمدا لەبارەی چاپەمەنییەوە نەدوێم، هەروەها لەبارەی سیاسەتو دیانەتو هەروەها ئەخلاقو ئەوانەیشەوە نەدوێم کە پۆستیان هەیە، هەروەها نابێ سەبارەت بە دەستە رەسمییەکانیش بدوێم، نابێ لەبارەی ئۆپێراو هەر کەسێکەوە بدوێم کە جێگایەکیان هەبێ. جیاواز لەوانە دەتوانی لەبارەی هەموو شتێکەوەو بەئازادیی تەواوەوە بنوسی، ئەوەیش دوای ئەوەی نووسینەکانت لەلایەن دوو پشکێنەر یان سێ پشکێنەرەوە دەپشکێنرێن".[5]

لەسایەی ئەو تێڕوانینە دوژمنکارییەدا بۆ رۆژنامەنووسی لەلایەن دەوڵەتەوە، یاساکان هۆکارێکی ستەمکارییبوون بۆ رۆژنامەنووسیو دروستکردنی کۆتوبەند بۆی کە رێگا نەدەدرا بە بڵاوکردنەوەی شتێك یان چاپکردنی رۆژنامەیەك تاوەکو رەزامەندیی دەسەڵاتی بۆ وەرنەگیرێ، و ئەو رژێمەیش بە رەزامەندیی پێشوەخت ناسراوە یان رژێمی خۆپارێزێ لەرۆژنامەنووسی، کە ئەوەیش ئەو رژێمەیە ناپلیۆن لەفەڕەنسادا چەسپاندی، و هەروەها دادگای ئەستێرەی لەبریتانیادا پێکهێنا بۆ حوکمدانی ستەمکاریو توندوتیژی کە بۆ رووبەرووبوونەوەی رۆژنامەنووسیو رۆژنامەنووسان دەریدەکردن.

بونیادی تیۆری رژێمی دەسەڵاتخوازیی رۆژنامەنووسی پابەندی چەند بنەمایەکە کە وادەکەن رۆژنامەنووسی لەخزمەتی دەسەڵاتدابێ، و دەکرێ لەخوارەوە پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئەو رژێمە کورت بکەینەوە:

www.pertwk.com



1–ڕۆژنامەنووسی پابەندە بەپشتگیریکردنی هەموو ئەوانەی لەحکومەت و دامەزراوەکانیەوە دەردەچن، و هەروەها بەرگریکردن لەسیاسەتەکانی حوکمڕانیکردن.

2–ڕێگادان بەهەر کەسێ بۆ کارکردن لەبواری ڕۆژنامەنووسیدا بە بەخشینێکی حوکمڕان دادەنرێ و هەروەها ئیمتیازێکە دەدرێتە هەر هاوولاتییەك لەرەعیەتەکەی کە حاکم ئارەزووی دەکا، و بەپاڵپشتیی ئەو ئیمتیازەیش لەسەر تاکە پابەندبێ بەپشتگیریکردنی ڕژێمی حوکمڕان و سیاسەتەکانی، ئەگەر نا ئەو ئیمتیازەی لێ دەسەندرێتەوە.

3–دەشێ ڕێگا بەکەسەکان بدرێ مۆڵکایەتی ئەو ڕۆژنامانە بکەن کە دەریان دەکەن، بەمەرجێ مانەوەو بەردەوامبوونی ئەو ڕۆژنامانە بەستراوە بەئارەزووی دەسەڵاتەوە.

4–ئەو ڕێژەی ئازادییەی ڕێگای پێدەدرێ بۆ ڕۆژنامەکان دەبێ گونجاوبێ لەگەڵ ئەو بارە سیاسییەی کە لەکۆمەڵگادا هەیە، و خەملاندنی ئەو ڕێژەیە لەئازادیی ڕۆژنامەنووسی بۆ دەسەڵاتی حوکمڕان بەجێهێڵراوە.(6)

## دووەم: تیۆری ئازادی:

فەلسەفەی ئازادی لەهەریەکە لە بریتانیا و ئەمەریکاداو لەکۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا گەشەی سەند، ئەوەیش لەسایەی ئەو بانگەشە ئازادیخوازانانەی هەریەکە لە "جۆن میلتۆن" و "جۆن لوك" لەبریتانیا و هەروەها "ڤۆڵتێر" و "ڕۆسۆ" لەفەڕەنسا و چەندین بیرمەندی تر بانگەشەیان بۆ دەکرد. کاتێ شۆڕشی فەڕەنسا هەڵگیرسا و ئازادی ڕاگەیاند، بەڵگەنامەکانی مافی هەر هاوولاتییەکی دەستەبەرکرد لەڕووی ئەوەی هەرییەکی بوێ بە ئەوپەڕی ئازادییەوە بینوسێ و چاپی بکا، و هیچ شتێ کۆت و بەندی بۆ دانانرێ بێجگە لەوانە نەبێ کە لەیاسای گشتیدا هاتوون.

بەڵام لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاداو دوابەدوای کۆتاییهاتنی شۆڕشی ئازادی، بڕیاردرا بەدەرکردنی دەستورێك کە لەدەسپێکیدا هاتووە "هاوولاتیان بۆ ئەوە خراونەتە سەر زەوی تاوەکو ئازادی تیا بلاوبکەنەوە و هەروەها جەخت لەسەروەریی مرۆڤ بکەنەوە لەسەر ئەم زەوییە"، دواتر دەقی دەستور ئەوەی پتەوکرد کە "کۆنگرێس مافی ئەوەی نییە هیچ یاسایەك دەربکا ئازادیی خەڵك سنوردار بکا لە گوزارشتکردن لەراکانی چ بەزارەکی بێ یان چاپکراو یاخود هەر ڕێگایەکی تر".(7)

لیبراڵیەت کەمکردنەوەی ئەو کۆت و بەندانەی کە دەوڵەت سەپاندبوونی بەسەر تاکدا بۆ کەمترین رادە کردە ئامانج، تاکە پاساویش بۆ بوونی دەسەلات لەکۆمەڵگای لیبراڵدا بەرگرتنە لەزیانی تاکەکان، و هەروەها لیبراڵیەت ڕێگانادا بەهیچ پاساوێ بۆ دەستوەردانی دەوڵەت لەکاروباری تاکەکاندا تەنانەت ئەگەر دەوڵەت بانگەشەی ئەوەیشی کرد بەوە دەیەوێ بەرژەوەندییەکیان بۆ بەجێبهێنێ، و بەمجۆرە ڕژێمی لیبراڵی بۆ ڕۆژنامەنووسی لەسەر ئەم پرەنسیپانە دەوەستێ:

1–مافی تاکە لەوەی کە بزانێ و ئەوەیش مافێکی سروشتییە وەك مافی لە ئاوو هەوا، و بۆ ئەوەی تاك ئەو مافە سروشتییەی پەیڕەوبکا دەبێ ڕۆژنامەنووسی پەیڕەوی ئەوپەڕی ئازادییەکانی بکا بێ کۆت و بەند کە لەدەرەوەوە بسەپێنرێ.

2–مافی تاك لەزانیندا هیچ مانایەکی نابێ ئەگەر ئەو تاکە مافی نەبێ ئەوە هەڵبژێرێ کە دەیەوێ بیزانێ، دواتر دەبێ فرەیی هەبێ لەسەرچاوەکانی زانیاریدا کە ئەوەیش لە فرەیی ڕۆژنامەکان لەئاڕاستەی لێکنەچوودا سەرچاوە دەگرێ.

3–ڕژێمی لیبراڵ جەخت دەکاتەوە لەوەی مافی تاکە چ ڕۆژنامەیەکی دەوێ دەریبکا مادامەکی توانای ئەوەی هەیە، ئەمەیش بەبێ ڕەزامەندیی دەسەلاتی حوکمڕان.

www.pertwk.com

4–ڕێگانـەدان بەسـەپاندنی هـەر سانسـۆرێ لەلایـەن حکومەتـەوە بەسـەر ڕۆژنامەکاندا ئیتر ئایا پێشتر بۆ بڵاوکردنـەوە درابن یـان دواتـر دەدرێن، و هـەر لادانێکیش کە ڕۆژنامەیەك تێی بکەوێ ئەوە ئەرکی قەزایە بەتـەنها ڕووبـەڕووی ببێتەوە.[8]

لـەماوەی هـــەردوو ســـەدەی هەژدەیـــەمو نۆزدەیەمـــدا ڕۆژنامەنووســـی بایــەخێکی گــەورەی بــەخۆوە بینیوەك هۆکــارێ بــۆ بــەڕێوەبردنی بــیری سیاسـی، و دەرکـەوتنی پێداویسـتیی حوکمڕانـان. بـۆ هۆکـاری نـوێ لـەڕووی ئاسانکردنی هەڵایسانی زانیارییەکانو بواردانی بەشداریکردنی سیاسی.[9]

لەماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا بایـەخو جێگـای ڕۆژنامەنووسی لەکۆمـەڵگادا زیـادیکرد، و فەلسـەفەی ئازادیش بەشداریکرد لـە زیـادکردنی توانـای خـەڵکی لـەڕووی ئـەوەی بڕیـاری مـەنتقیو زیرەکانـە بـدەن بـۆ گەیشـتن بـە ڕاسـتی، ئەوەیش لەڕووی ئەوەی ئەگەری بوونی زانیـاری پێویسـتو ڕەخسـاو بـەهۆی ڕۆژنامەنووسـیی ئـازاد لەکۆمـەڵگای ئـازاددا هـەبێ کـە ئـازادیی ڕادەربـڕین دەپـارێزێ، و هـەروەها گریمانـەی ئـەوە بکرێ کە ڕۆژنامەنووسی لـەم چاخـەدا هەڵدەسـتێ بـەڕۆڵی ڕۆشـنگەریکردنی خـەڵکیو پارێزگـاریکردن لێیـان لـەدژی دەستبەسـەراگرتنی حکومــەت بەســەر ئازادییــە کەســییەکان، و هــەروەها بەربــەرەکانێکردنی ئــەو یاســایانەی دەســەڵات دەیانســەپێنێ وەك یاســای هانـدانو وەسـتان بـەڕووی حکومـەتو دامـەزراوەکانی تـردا کـە خوازیـاری سـەپاندنی کۆتوبەنـدی پێشـوەختن یـان سانسـۆرن یـاخود هـەر هەڕەشـەیەکی تری سەرەکین بۆ ئازادیی ڕۆژنامەنووسی.[10]

هەسـتکردن بـە ئـازادی درێـژبووەوە، بـەجۆرێ ئـازادی گرتـەوە لەهـەر بەرپرسیارێتییەك بەرانبـەر بەخـەڵکی بەگشتی، و لەمبارەیەوە ڕۆژنامەنووسان ڕایـان وابـوو ئـەوان بەرپرسـیارن لەپێـدانی زانیـاریو خۆشـی بەخوێنـەران، و پێشکەشکردنی ریکلامەکان بۆ فرۆشیارو کڕیار، و ئەو ئازادییە دەبێتـە مایـەی لەخۆگرتنی زیادەڕۆیی لەخستنەڕووی بابـەتی تـاوان، سێکس، توندوتیـژی، و پەلاماردانی ژیانی تایبەتی کەسێتییە گشتییەکان، و بڵاوکردنـەوەی واتـەواتو درۆ سـەبارەت بـە گەنـدەڵیی بەرپرسـە حکومییـەکان، و هـەروەها ئاشـکراکردنی نهێنییـە حکومییـەکان کـە کاریگـەریان دەبـێ بەسـەر پەیوەندییـە دیپلۆماسییە نێودەوڵەتییەکان، و خستنەڕووی زانیاری سەبارەت بە چۆنیەتی دروستکردنی بــۆمبی ئــەتۆمی، و لێــدانی ئاسایشــی نەتــەوەیی، ئــەوەیش بەپاســاوی خستنەڕووی ڕاستییەکان بۆ سـەرجەمی خـەڵکی، تـاوەکو ئـەو زانیارییانـەیان هەبێ کە بەرپرسیارێتیان وەك هاووڵاتی بۆ دەستەبەردەکا.[11]

## سێیەم: تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی:

لـەماوەی نیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەیـەمو نیـوەی یەکـەمی سـەدەی بیستەمدا، ڕۆژنامەنووسانی کۆمەڵگاکانی  خۆرئاوا پێوەری "بابەتیبوون"یان بونیادنـا لـە تەغتییـەکردنی هـەواڵو ڕاپۆرتـدا، بـەمانای لێکۆڵینـەوەی بابـەتی سەبارەت بە خستنەڕووی ڕاستییەکان، بەچاوپۆشین لەهەستو باوەڕەکان، و تانوتدان لەخستنەڕووی ڕاپۆرتی بابەتیش بەپێشێلکاریی مافە دەستوورییەکان دادەنــرێ، و بــەناوی ڕاپــۆرتی بابەتییــەوە، ڕۆژنامەنووســی ئەمــەریکیو خۆرئاوایی هەموو شتێكو هـەر شتێکیان خستەڕوو، کە ئەوەیش بووە هـۆی دەرکــەوتنی پرســیار ســەبارەت  بــەرادەی جیاکــەرەوەی نێــوان ئــازادیو بەرپرسیارێتی لەکاتی تەغتییەکردنی  بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکانداو هـەروەها ئەو کەسە کێیە کە مافی نەخشاندنی ئەو هێڵەی هەیە؟[12]

لەلایــەکی دیکــەوە ئــەو هەســت لــەلای نووســەرانو بڵاوکــەرەوەکانی ڕۆژنامــەکان گەشەیســەند بــەوەی بەرپرســیارێتیی بەرانبــەر بــە کۆمــەڵگا ئـەنجامێکی سروشـتییە بـۆ ئـازادیی ڕۆژنامەنووسـی، و ئـەو هەسـتە بووەتـە هێزێکـی هانـدەر بـۆ زیـادبوونی ئـەو ئاڕاسـتەیە بـەرەو ڕەچـاوکردنی ئەرکـە پیشـەییەکان لەلایـەنی نێـردراوو نووسـەرانی ڕۆژنامـەکان، و بـەدوای ئـەوەدا

www.pertwk.com

"یەکێتیی ئەمەریکا بۆ نووسەرانی رۆژنامەکان" American Society of Newspaper Editors (ASNE) دەرکەوت کە ئامانج لێی ئەوەیە وەها لەرۆژنامەکان بکرێ پەیامەکەیان بە رێژەیەك لەمیسالییانەو بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی بگەیەنن، و هەروەها کاری رۆژنامەنووسی پشت بە سەربەخۆیی، راستگۆیی و دڵسۆزیی، و وردبینی ببەستێ. ئەو یەکێتییە لەساڵی 1957دا بەڵگەنامەیەکی رەفتاری ئەخلاقی بۆ رۆژنامەنووسە پیشمەندەکان دانا کە بە (Sigma Delta chi) ناسراوە، و هەروەها چەندین دامەزراوەی رۆژنامەنووسی تر بەڵگەنامەی ئەخلاقی تایبەتی دانا و ئەو بەڵگەنامانە پێوەری میسالییانە بۆ پرەنسیپەکان لەخۆدەگرن. ئەو رێکخراوە رۆژنامەنووسییانە ئەو مەرجەیان وەلانا کە بەشداربوون لەو بەڵگەنامە رۆژنامەنووسییەدا مەرجێکە بۆ دامەزراندن لە رۆژنامەنووسییدا، بەو پێیەی ئەوە بەهەنگاوی یەکەم دادەنرێ بەرەو رەزامەندیی و کۆتوبەندکردنی ئازادیی رۆژنامەنووسی. ئەو بەڵگەنامە ئەخلاقیانە بەروونی ئاماژە بەوە دەکەن ناوەندەکانی پەیوەندیکردن ئیرادەی خۆیان هەیە بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی دوور لە "رێبازی ئازادی" بەرەو چاخێکی نوێ کە تیایدا رۆژنامەنووسی بەچەندین بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییەوە ببەسترێتەوە، و هەروەها مافە رۆژنامەنووسییەکانیش بەئەرکەکانیان بەرانبەر بە کۆمەڵگاوە ببەسترێنەوە.(13)

تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بۆ رۆژنامەنووسی بەهێواشی و لەچوارچێوەی گۆڕانکاریی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتیدا گەشەیسەند، و لەو گۆڕانکارییانەیش بەرزبوونەوەی رێژەی تێگەیاندن و زیادبوونی بایەخی خەڵکی بە مەسەلە گشتییەکان، و هەروەها زیادبوونی رەخنەکانیان بۆ کارەکانی ناوەندەکانی راگەیاندن.

بەدرێژایی ماوەی بیستەکان و سییەکان (ی سەدەی بیستەم–و.ك) ئامادەیی رێژەی زۆری خەڵکی دەرکەوت کە بەدوای هەواڵ و رەئیدا دەگەڕێن، نەك بەتەنها لەرۆژنامەکاندا، بەڵکو لەزۆربەی ئەڵتەرناتیڤەکانی تری وەك گۆڤار و رادیۆ کە جەماوەرێکی زۆریان وەك سەرچاوەی هەواڵ و خۆشی لەیەك کاتدا بەدەستهێناوە، و دواتر لەدەیەی پەنجاکاندا تەلەفزیۆنیش چووە پاڵیان.*

هەروەها تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی پتەوبوونی نوێتری بەخۆوە بینی ئەوەیش لەرێی زیادبوونی ترسی رۆژنامەنەنووسان لەدەستوەردانی حکومەت لەکاروبارەکانی ناوەندەکانی راگەیاندن وەك ئەگەرێکی راستەقینە – بەتایبەتی بەدرێژایی دەیەی سییەکان– ماوەی نیگەرانیی سیاسی و جێگیرنەبوونی ئارامی کۆمەڵایەتی، کە حکومەتی ئەمەریکا دەستی لەکاروباری تر دەدا، کە پێشتر دەستوەردانی لەو جۆرە رووینەدابوو، لەوانە دەست بەسەراگرتنی حکومەت لە کۆنترۆڵکردنی شەپۆلەکانی رادیۆ بەو

---

* دەشێ بگەڕێینەوە بۆ گەشەسەندنی پرەنسیپەکانی تەلەفزیۆن بۆ ساڵی 1839 کاتێ کە "ئەلکسەندەر ئەدمۆند بیکریل"ی زانای فیزیایی سەرنجی تایبەتمەندییە ئەلکترۆکیمیاییەکانی تیشکی داو دواتر پێشکەوتنی کتوپڕی تەلەفزیۆنی ئەلکترۆنی لەبیستەکانی سەدەی رابردوودا لەسەر دەستی دوو پیاو دەرکەوت کە ئەوانیش: کۆچبەری روسی "فلادیمێر رواركین" و "فیلۆ فارنس وۆرپ"ی ئەمەریکین.

یەکەمین وێستگەی پەخشکردنی تەلەفزیۆنی ئەزموونیی WZXBS لە 30 تەمموزی ساڵی 1930دا بوو لەشاری نیویۆرك لەئەمەریکا کە لەساڵی 1931دا بورجێکی ئەزموونیان بۆ پەخش لەسەر بینایەی "ئامبایر ستیت"ی بەناوبانگ دانا لەشاری نیویۆرك.

هەروەها لەبریتانیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا و یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و ئیتاڵیایش لەساڵی 1936دا یەکەمین پەخشی تەلەفزیۆنی رێکخراو دەستپێکرد.

لەمبارەیەوە بڕوانە: الدكتور هاني الرضا و الدكتور رامز محمد عمار، الرأي العام و الاعلام و الدعاية (المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع)، الطبعة الاولى، بيروت، 1998، لاپەڕەکانی 164و165.

وەرگێڕی کوردی

پێودانگەی کە داهاتێکی گشتین دەبێ بۆ بەرژەوەندیی گشتی بەکاربهێنرێن، و ئەم دەستوەردانە حکومییە بەهەستکردن بە بەپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لە لایەن سەرجەمی ناوەندەکانی پەیوەندیکردنەوە پێچەوانەبووەوە.[14]

لەساڵی 1942دا "هنری لوك" Henry R. Luce, لەدامەزراوەی "تایم" کۆمەکێکی بنەڕەتی بۆ لێکۆڵینەوە لەباری ئێستای دەوڵەتی ئەمەریکا و داهاتووی ئازادیی رۆژنامەنووسی پێشکەشکرد، و لیژنەیەك بەسەرۆکایەتیی "رۆبرت هوچنز" سەرۆکی زانکۆی شیکاگۆ پێکهێنرا کە بە "لیژنەی هوچنز" Hutchins Commission ناسرابوو، و ئەو لیژنەیە راپۆرتی خۆی لەساڵی 1947دا بەناونیشانی "رۆژنامەنووسیی ئازادو بەرپرسیار" Afree and Responsible Press ئامادەکرد، و ئەو لێکۆڵینەوەیە ئاماژەی بە پێویستیی رۆژنامەنووسیی بەپرسیار کردووە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوەیش سەرباری ئەوەی دەستەواژەی "بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی" لەو راپۆرتەی لیژنەکەدا نەهاتبوو. ئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئاماژەیان بەوە کردبوو رۆژنامەنووسی ئەمەریکی لەبەر ئەم هۆیانە لەمەترسیدایە:

یەکەم: سەرباری گەشەسەندنی ناوەندەکانی پەیوەندیکردن و بایەخیان لەژیانی خەڵیکدا. ئەو گەشەسەندنە بووەتە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو کەسانەی دەتوانن لەرێی رۆژنامەنووسییەوە گوزارشت لەراو بۆچوونیان بکەن.

دووەم: کەمینەی بەتوانا بۆ بەکارهێنانی ناوەندەکانی راگەیاندن کار دەکەن بۆ خزمەتی هەندێ گروپ لە کۆمەڵگادا، و پێداویستییەکانی کۆمەڵگا بەگشتی دەستەبەر ناکەن.

سێیەم: هەندێ جار رۆژنامەنووسی کاردەکا بۆ پەیڕەوکردنی "زیانگەیاندن بە کۆمەڵگا" و ئەگەر ئەو پەیڕەوکردنە بەردەوام بێ ئەوا رۆژنامەنووسی لەبارێکدا دەبێ کە پێویستی بەجۆرێ لە رێکخستن یان کۆنترۆڵکردن دەبێ.

لیژنەکە ئەوەیش زیاددەکا کە ناوەندەکانی راگەیاندن رەنگە لەجیهانی ئەمرۆماندا تاکە هێزی کاریگەربن لەپێکهێنانی رۆشنبیریی ئەمەریکی و رابەریکردنی رایگشتیدا، و بەرپرسیارێتیی رۆژنامەنووسی پێویستی بە رەچاوکردنی وردبینی هەیە، لەگەڵ خزمەتکردنی سەرجەمی گروپەکانی کۆمەڵگا، و پێشکەشکردنی وێنەیەکی راستگۆیانە لەبارەی سەرجەمی گروپەکانی و چالاکییەکانیان، لەگەڵ بواردان بە هەواڵ و رەئی لەچوارچێوەیەکی فراواندا و بۆ سەرجەمی خەڵکی. راپۆرتی لیژنەکە ئەوەیش زیاد دەکا ئەگەر موڵکایەتیی تایبەتی بۆ ناوەندەکانی راگەیاندن بەبەرپرسیارانەوە کارەکانی رایینەکا، ئەوا لیژنە پێشنیازدەکا حکومەتی ئەمەریکا هەستێ بە رێکخستنی کاری ناوەندەکانی راگەیاندن. لیژنەکە ئەوەیش زیاد دەکا کە ئامانج لەیەکەمین چاککاریی دەستووری ئەمەریکی پارێزگاریکردنە لەئازادیی رۆژنامەنووسی،* نەوەك خولقاندنی پیشەسازییەك کە هەڵگری ئیمتیازاتی تایبەتی بێ، و ناوەندەکانی پەیوەندیکردنی ئێستا جەماوەر بە هەند وەرناگرن، بگرە زۆربەیان فەرامۆش و ئیدانەیشی دەکەن.[15]

ئا بەمجۆرە دەبینین تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی رێگا نادا بە تاکڕەوی رەهای لیبراڵیزمی سەدەی نۆزدەیەم، و بەمەیش دوو پرەنسیپی نوێ بۆ پرەنسیپی رژێمی رۆژنامەنووسی لیبراڵی زیاد دەکا کە ئەوانیش:

---

* بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو چاککارییانەی لە دەستوری ئەمەریکادا کراون" ئەوانەی کە پەیوەنددارن بە ئازادیی رۆژنامەنووسی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی رۆژنامەنووسی و هەروەها ئەخلاقی رۆژنامەنووسی، خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ: جۆن. ل. هاتلنگ، ئەخلاقی رۆژنامەنووسی –گفتوگۆیەکی زانستیی رێساکانی ئەخلاقی رۆژنانووسییە" هەروەك چۆن کۆمەڵەی سەرنووسەرانی رۆژنامە ئەمەریکییەکان دەستنیشانیکردووە–، (پێشەکی و وەرگێڕانی: مەم بورهان قانع)، سلێمانی، 2004.

و.ك

www.pertwk.com

1-پێویستیی پابەندبوونی خودیی لەلایەنی رۆژنامەنووسییەوە بەسەرجەمی ئەو بەڵگەنامە ئەخلاقییانەی ئامانج لێیان هاوسەنگیکردنە لەنێوان ئازادیی تاكو بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگادا.

2-رۆژنامەنووسی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەیە کە ئەویش خستنەڕووی زانیارییە سەبارەت بە رووداوەکانی رۆژ، بە رەچاوکردن لەجۆری ئەو کاریگەرییەی ئەو زانیارییانە بەسەر خوێنەردا بەجێیان دەهێڵێ.[16]

## لێکۆڵینەوەی باری کۆمەڵگای ئەمەریکی:

کاتێ "جۆن لوك"ی دانەری "چارەسەرەکان" Treatises لەساڵی 1690دا نووسیو تیایدا بانگەشەی گواستنەوەی دەسەڵاتی پاشای کرد بۆ پارلەمانی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە، ئەوکات نزیکەی سەدەیەك بەسەر داگیرکردنی ئەمەریکا لەلایەن بریتانیاوە تێپەڕیبوو، بەر لەوە هەندێ لە ئەمەریکییەکان دەستیان کردبوو بە تانوتلێدان سەبارەت بە ئەو بیرۆکەیەی کە لە لەندەنەوە حوکمڕانی بکرێن، بەڵام بۆ هەریەك لە موستەعمەرە ئەمەریکییەکان هەیکەلێکی یاسایی لەیەکێ لەجۆرەکان هەبوو، کە حوکمڕانانی هەریەکە لەو موستەعمەرانە لەلەندەنەوە دادەمەزران، و پارلەمانی بریتانی توانای تانوتدانی هەبوو لەبارەی ئەو یاسایانەی لە موستەعمەرەکانی ئەمەریکادا جێبەجێدەکران. بەڵام ئەو یاسایانەی پارلەمانی بریتانی دەریدەکردن دەبوو موستەعمەرە ئەمەریکییەکان ملکچەیبن، و یەکێ لەو یاسایانە یاسای هاندانە بۆ ناوزڕاندن Seditious Libel.

لەساڵی 1734داو بۆ یەکەمین جار لەیەکێ لەدادگاکانی نیویۆرکدا بەربەرکانێی ئەو یاسایە کراو "جۆن پیتەر زنجەر" ,John Peter Zengerی خاوەنی رۆژنامەی Newyork Weekly Journal زنجیرەیەك وتاری نووسیو تیایاندا "ولیەم کۆسبی" ,William Cosbyی حاکمی ویلایەتەکەی بە فێڵبازو زۆردارو بێ ئابڕو تاوانبار کرد، کە ئەوە وای لەو حاکمە کرد تۆمەتی هاندان بۆ ناوزڕاندن بخاتە پاڵ ئەو نووسەرە. "زنجەر" بۆ ماوەی نۆ مانگو لەچاوەڕوانیکردنی دادگاییکردندا لەزیندان مایەوە، و لەو ماوەیەیشدا خێزانەکەی بەردەوام بوو لەدەرکردنی رۆژنامەکەدا. لەکاتێکدا دادگاییکردنەکە دەستیپێکرد "زنجەر" رووبەرووی رێسایەکی یاسایی بووەوەو وا وەرچەرخا بێئەوەی کێشەکە بباتەوە، و بەگوێرەی ئەو رێسایە "هەر وشەیەك ئەگەر راست بێ یان دروستکراو رێگادەدا بە حوکمڕانان یان بەرپرسە حکومییەکان بە مەرامی خۆیان بگەن لەرووی سزادانی ئەو کەسەی کە قسەکەی کردووە". لەکاتی دادگاییکردنەکەدا سەرۆکی دادوەران رایگەیاند ئەو راستییانەی "زنجەر" لەوتارەکانیدا بڵاویکردوونەتەوە دەبێ بەگوێرەی یاسا رووبەرووی سزاکانی ببێتەوە. پارێزەرەکەی "زنجەر" شایەتی بەکێشەیەکی پێشوتر دا کە لە بریتانیادا روویدابوو بەوەی دەستەی سوێندخۆران دەتوانێ لەرێنماییەکی سەرۆکی دادوەران لابدا بەبێ ئەوەی لەسزا بترسن، و هەروەها وای نیشاندا راستییە سەلمێنراوەکان نابێ بە ناوزڕاندن دابنرێن، دواتر سوێندخۆران بۆیان دەرکەوت "زنجەر" تاوانبار نییە.

سەرباری ئەوەی ئەو حوکمە گۆڕانکاری لەیاسای ناوزڕاندندا نەکرد، کەچی ئەو کێشەیە بووە ئەوەی ئاماژەیەك بێ بۆ سەرەتای ئازادیی رۆژنامەنووسی لەئەمەریکادا، لەبەرئەوەی یەکەمین سەرکەوتنی تۆمارکرد بۆ دادگای موستەعمەرەکان سەبارەت بە ئەو پرەنسیپەی خەڵکی دەبێ توانای ئەوەیان هەبێ بە ئازادی لەحکومەتەکەیان بنووسنو قسەبکەن.[17]

راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمەریکا بووە هۆی دامەزراندنی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەساڵی 1789دا، و کاتێ دەستوری ئەمەریکا دەرچوو تیایدا ئاماژە بە هیچ شتێکی وەك مافی کەسەکان وەك ئازادیی قسەکردنو نووسین سەبارەت بە ئەو رووداوانەی پەیوەنددارن بە

حکومەتی ناوەندی نەکرا. لەساڵی 1791دا کۆنگرێس "بەڵگەنامەی مافەکان"ی دانا کە دە چاککاریی بۆ دەستوری ئەمەریکی لەخۆگرتووەو ئامانج لێی رێگانەدانە بە حکومەتی ناوەندیی نوێ لەدەستوەردان لەمافە کەسیو سروشتییەکانی گەلی ئەمەریکیدا.

دوای کەمتر لەدەیەیەك ئازادیی رۆژنامەنووسیی ئەمەریکیی چالاکیی خۆی لەدەستدا دوای ئەوەی کۆنگرێس لەساڵی 1798دا یاسای هاندانی دەرکرد. ئەو یاسایە پێیوایە خستنەڕووی هەر رەخنەیەکی زیانبەخش بەسەرۆکی دەوڵەت بەتاوان دادەنرێو دەبێ سزاکەی غەرامەو زیندانیبێ، و ئەو یاسای هاندانەی ئەمەریکا پشتی بەستبوو بە بنەمای یاسایی لەمێژووی دێرینی سیاسەتەکانی دەربەگایەتی لەئەوروپادا، و لەو کاتەدا "جۆن ئادەمز" John Adams, سەرۆکایەتیی پارتی فیدراڵی Federalist Party دەکرد کە هاوسۆزبوو لەگەڵ حکومەتی بریتانیداو ئامانجی ئەوەبوو وابکات ویلایەتە یەکگرتووەکان دووربێ لەو جەنگەی لەنێوان بریتانیاو فەڕەنسادا هەڵایسابوو، پارتی فیدراڵیش بڕوای بە بوونی حکومەتێکی ناوەندیی بەهێز هەبوو کە تیایدا سەرۆك رۆڵێکی باڵادەستی هەبێ.

لەلایەکی دیکەوە کۆمارییەکان Republicans پێچەوانەی ئەو بۆچوونە دەوەستانەوە کە "تۆماس جیفرسۆن" Thomas Jeffersonی جێگری سەرۆك سەرۆکایەتیدەکردن کە ئەو پارتە پشتگیری لەلایەنی فەڕەنسی دەکرد کە لەکاتی شۆڕشی رزگاریدا یارمەتیانی دابوو. ئەوە بەروونی بەدەردەکەوێ یاسای هاندان ئامانجی سەرەکی لێی ئەو نووسەرانەیە کە لەرۆژنامەکانی پارتی کۆماریدا کاریان دەکرد، و هەروەها گومانی تیا نییە ئەو یاسایە بەربەستێکی مەترسیدار پێکدەهێنێ لەبەردەم ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەنووسیدا، کە ژمارەیەکی کەم لەکەسەکان هەبوون بڕوایان وابوو ئەو یاسایە بەدوژمنکاری بۆ سەر پارێزگاریکردنی یەکەمین چاککاریی دەستور بۆ ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەنووسی دادەنرێ.

هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی "تۆماس جیفرسۆن"دا بۆ پۆستی سەرۆکایەتیکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەساڵی 1800دا ئەو یاسایە لەکارپێکردن کەوت. یەکەمین شت کە سەرکۆماری نوێ کردی پۆزشهێنانەوە بوو بۆ ئەوانەی بەهۆی ئەو یاسایەوە زیانیان پێکەوتبوو؛ لەبەرئەوەی زۆربەی قوربانیانی ئەو یاسایە لە ئەندامانی کۆماریخوازەکان بوون. لە ساڵی 1840دا کۆنگرێس رەزامەندیی نیشاندا بە چاوخشاندنەوە بەو غەرامەیەی کە بەسەر قوربانیانی یاسای هاندندا دەسەپێنرا، و هەروەها ئەو یاسایە بەو پێیەی کە دەستوری نییە هەڵوەشێنرایەوە.[18]

دوای کۆتاییهاتن بە کارکردنی یاسای هاندانی ئەمەریکی لەساڵی 1801دا ناوەندەکانی راگەیاندن وایان لێهات بتوانن بەئازادیی تەواوە رەخنە لەحکومەتو بەرپرسە رەسمییەکان بگرن، بێئەوەی رووبەرووی هیچ سزایەك ببنەوە، و ئەوکات هەندێ کەس لەناو حکومەتو دەرەوەی حکومەتدا هەستیان بەبێزاریکرد لەو رەخنانەی رۆژنامەنووسی دەیانگرێو پەنایان دەبردە بەر دادگای ویلایەتەکە بۆ تۆمارکردنی کێشەی ناوزڕاندن Libel، و تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم دادگای دەستوریی باڵا لەولایەتە یەکگرتووەکان تاوتوێی هیچ کێشەیەکی رۆژنامەنووسی تایبەت بە پارێزگاریکردنی یەکەمین چاککاریی دەستوری نەکرد.

لەلایەکی دیکەوە یەکێ لەو مەسەلانەی لەکۆمەڵگادا پەسەنددەکرا سەپاندنی سانسۆربوو لەکاتی جەنگدا بەسەر ناوەندەکانی راگەیاندندا. لەماوەی یەکەمین جەنگی جیهانیدا، یەکەمین چاککاریی دەستور رووبەرووی یەکەم تاقیکردنەوەی راستەقینە بووەوە بۆ راستگۆییەکەی، ئەوەیش لەو کاتەدا کە کۆنگرێس لەساڵی 1917دا یاسای سیخوڕیکردن Espionage Actی دەرکرد بەدوای ئەویشدا یاسای هاندان Sidition Actی لەساڵی 1918دا دەرکرد، و لەو کاتەوە دادگای دەستوری باڵا تەماشای هەزاران کێشەیکرد کە پەیوەندداربوون بە پارێزگاریکردن لەیەکەمین چاککاریی دەستوردا، و ئەو کێشانە پەیوەندیدار نەبوون بە مافی رەخنەگرتن لە حکومەتو بەرپرسە رەسمییەکان بەتەنها، بەڵکو درێژبووەوە تا ئەو رادەیەی کێشەکانی تایبەت بە مافی کارکردنیشی گرتەوە، لەگەڵ رووبەرووبوونەوەی رەگەزپەرستی، و شێوەکانی تری بڵاوکردنەوە، هەروەها مافی پارێزگاریکردن لە تایبەتمەندێتی، و پارێزگاریکردنی ناوبانگو رێزگرتن، و هەروەها مافی تەماشاکردنی فیلمی سێکسی دەرخراو (الاباحیة)، و مافی رۆژنامەنووسی

www.pertwk.com

ئیزگـەکان لەخسـتنەڕووی بـوارێکی فراوانـدا بـۆ رای جیـاوازو هـەروەها مـافی بانگەشـەکردن. یاسـاکانی دادگاکـان –بەتایبـەتی دادگـای دەسـتوری بـالاٚ– ئـەوانن ئـەوە دیاریدەکـەن کـە چـی رەوایـە لـە رێزگرتنـی ئـازادیی رادەربـڕین‌و ئازادیی ناوەندەکانی راگەیاندن لە هەر کاتیٚ لەکاتەکاندا کە بیانەویٚ.

لەسـەدەی بیسـتەمدا هەنـدیٚ پرسـیار سـەبارەت بـە ئـەو دوراییـەی ئـازادیی رادەربڕین‌و ئازادیی ناوندەکانی راگەیاندن بۆی دەڕۆن، بەدەرکەوت‌و چەندین زانـا هـەوڵی گەشەسـەندنی هەنـدیٚ لـەو تیۆرانەیانـدا کـە مانـای یەکـەمین چاککاریی دەستور بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵگا لێکدەدەنەوە، و ئەو تیۆرانە پشت بەسـتوبوون بـە هـەوڵی سـەلماندنی بیروبۆچـوونەکانی "جـۆن میلتـۆن" کـە پێی‌وایە سیمیناری کراوە باشترین هۆکارە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت لەبارەی کێشە گشتییە بایەخدارەکان. لەو بارەیشدا هـەر دەبیٚ سنوریٚ هەبیٚ بۆ ئـەو مەودایـەی کـە دەبیٚ وشـەکانی پێی‌بگەیٚ ئەوەی زیانبـەخش یـان ئازاربـەخش بیٚ.



دادگای دەستوری بالاٚی ویلایەتـە یەکگرتووەکان بەهۆی دەستەوەستان بـوونی لـە داڕشـتنی تـۆرێکی کامـڵ سـەبارەت بـە یاسـای یەکـەمین چاککاریی دەسـتور، رووبـەرووی چـەندین رەخنـە بـووەوە، و بەدرێـژایی سـالاٚنی رابـردوو دادگای دەستوری بالاٚ چەندین تیۆرو تاقیکردنەوەی بۆ رادەی جێبەجێکردنی یەکـەمین چـاککاریی دەسـتور خسـتەڕوو، ئـەوەیش بـەپێی ئـەو بارودۆخـە سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەلاٚیەتییە باوەی کە هەیە، و ئەم تیۆرانە لەخۆدەگریٚ:

1–تیۆری خولیای خراپ: **The Bad Tendency Theory**

2–رووبەرووبوونەوەی مەترسی ئێستایی‌و روون‌و ئاشکرا: The **Clear and Present Danger**

3–تیۆری هاوسەنگیی بەرژەوەندی: **The Theory of the Balancing of Interests**

4–تیۆری بـارودۆخی باشـتر: **The Preferred Position theory**

5– تیۆری پۆزەتیڤ بۆ یەکەمین چاککاری: **A positive theory of the first Amendment**

### 1-تیۆری خولیای خراپ:

ئەم تیۆرە لەیاسای هاندانی ساڵی 1798وە وەرگیراوە، کە گریمانـەی ئـەوە دەکا هەر وشـەیەك ببێتـە هـۆی داماڵین بۆ برینـدارکردنی دەسەلاٚتی حکومـەت یـان بـە کـەم تەماشـاکردنی یـان ئـابڕوبردنی رەوشـتی هەنـدیٚ لەئەنـدامانی کۆمەڵگا، پێویست بە سزادانی ئەوانە دەکا کە پێی‌دەدوێن یان پێی‌دەنووسن. بـەگوێرەی ئـەم تیـۆرە پێویسـت بەسـەلماندنی ئـەو ئازاردانـە نـاکریٚ لەبـەردەم دادگادا، بەڵکو خستنەڕووی پاساویٚ یان مەزەندەیەك Likelihood بەسە کە دەلالـەت لـە زیانگەیاندنەکـە بکـا، و دواتـر پشـتگیریی ئیدانەکردنەکـەی Conviction بکا.

### 2-تیۆری رووبەرووبوونەوەی مەترسیی ئێستایی‌و روون‌و ئاشکرا:

ئـەم تیـۆرە لەلایـەن "ئۆلیڤـەر ونـدیل هـۆڵمز" Oliver Wendell Holmes,ی دادوەرەوە لەساڵی 1919داو لەکێشەی "چارلز چینگ"و لـەدژی ویلایەتە یەکگرتووەکان Schenck V. USA دانراوە. "شینگ" کاتی خۆی لەپۆستی سکرتێری گشتیی پارتی سۆشیالیستی ئەمەریکی‌دا بووە، و لـەکاتی یەکەمین جەنگی جیهانیداو لەگەڵ هاوڕێیەکیدا (15) پانزە هـەزار بلاٚوکراوەی چـاپ‌و بلاٚوکردووەتـەوەو تیایـدا بانگەشـەی بەرەنگارکردنـەوەی کـردووە لەبەرانبـەر تێڕوانینـە ئەمەریکییەکانـدا لـەکاتی جەنگـدا. بـەگوێرەی یاسـای توندوتیژی‌و سیخوڕیکردن "چینگ"و هاوڕێکەی دەخرێنە زیندانەوە، و دواتر هەردوو تۆمەتبار داواکە لەبەردەم دادگای دەستوری بالاٚدا دەستپێدەکەنەوەو

دوای چوار مانگ لەکۆتاییهاتنی جەنگو سەرکەوتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانو هاوپەیمانەکانی ئینجا چاو بەداواکەدا دەخشێنرێتەوەو دادگای دەستوری بالاّ بەکۆی دەنگ بڕیاردەدا بە ئیدانەکردنی هەردوو تۆمەتبار، و دادگای ناوبراو ئاماژە بەوە دەکا ئەو بلاّوکراوانە گوزارشتن لە "مەترسی ئێستایی و روونو ئاشکرا" لەدژی کۆدەنگی گەلیی لەکاتێکدا نەتەوە خوازیاری بردنەوەی جەنگەکەیە، و هەروەها ئاماژە بە نیەت خراپی تاوانکار دەکا. دادوەریی "هۆلمز" لەحوکمی ئیدانەکردنەکەدا پشتی بەمانە بەستبوو:

أ–پێویستە لەسەر حکومەت –بەرێگاپێدان لەلایەن دەستورەوە– کاربکا بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە زیندووەکانی ژیانو کەرەستەکانی هاوولاّتیان، و پارێزگاریبکا لەئارامی رژێمەکەو ئاشتییەکەیو هەروەها ئاسایشی دەوڵەت لەو هەڕەشانەی کە لەدوژمنە دەرەکییەکانەوە دەکرێن، هەر شتێکیش کە دەبێتە هۆی پەکخستنی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە داواکراوانە کە بە "شەڕفرۆشتنێکی جەوهەری دادەنرێو ئەرکی کۆنگرێسە بەری پێبگرێ".



ب–بۆ پارێزگاریکردن لەبەرژەوەندییە زیندووەکانی کۆمەڵگا، هەندێ کات هەیە دەبێ حکومەت تێپەڕاندن بکا لەئیمتیازەکانی یەکەمین چاککاریی دەستور، و هەروەها سزادانی ئەو کەسانەی زیان بە دەوڵەت دەگەیەنن، بەتایبەتی لەکاتی جەنگدا، هەروەها لەکاتی وەرچەرخانی دەسکەوتدا بەهۆی داڕمانی ئابورییەوە. لەو کاتانەدا دەبێ حکومەت رێگانەدا بەهەموو ئەو شتانەی پشێویو وەڕسبوون لەلای جەماوەر دروست دەکەن.

ج–دەشێ پارێزگاریکردنی ئازادیی بیروڕاو قسەکردن فەرامۆش بکرێ بەهۆی ئەو جێگایەی کە تیایدا دەوترێ، یان جۆری ئەو جەماوەرەی ئاڕاستەی دەکرێ، کاتێ قسەکەری توڕە بەرانبەر بە کەنارێکی بێدەنگ دەدوێ قسەکانی نابنە جێی هەڕەشە بۆ هیچ کەس، بەلاّم هەمان ئەو قسە تووڕانە کاتێ ئاڕاستەی ئاژەوەچیان دەکرێ لەدەرەوەی کۆشکی سپی دەبێتە شتێکیتر.

د–دەبێ ئەو بارودۆخەی بەئازادیی قسەکردن دەورە دراوە بەهەند وەربگیرێ.(19)

### 3-تیۆری هاوسەنگیی بەرژەوەندییەکان:

ئەم تیۆرە گریمانەی ئەوە دەکا پارێزگاریکردنی یەکەمین چاککاریی دەستور بۆ ئازادیی گفتوگۆکردنو رادەربڕین بەیەکێ لەو فرە بەرژەوەندییانە دادەنرێ کە دەستوری ئەمەریکی دەیانپارێزێ، و کاتێ رکابەری لەنێوان دوو بەرژەوەندیدا دەبێ، ئەرکی دادگاکان دەبێ ئەو بەرژەوەندییە پەسەندبکا کە بەهایەکی باشتر بۆ کۆمەڵگا و لەو بارودۆخەدا دەستەبەردەکا، و پەسەندکردنی بەرژەوەندییەکیش بەسەر ئەوی تردا لەسەر لێوەشاوەیی شەخسی دادوەرەکان دەوەستێ.

### 4-تیۆری بارودۆخی باشتر:

زنجیرەیەك یاسای دادگاکانی ئەمەریکا هەن کە پابەندن بەپارێزگاریکردن لە ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەنووسی. هەروەك چۆن بەدەق لەو مافانەی کە "بەڵگەنامەی مافەکان" دەپانپارێزێ بە "لایەنە نایابەکە" Preferred Position ناودەبرێ. ئەو دادگایانە وایدەبینن لەدەستوریشدا هاتووە کە لایەنێکی نایاب پێکدێنێ بۆ دەستوەرنەدانی حکومی. تیۆری لایەنە نایابەکە لەهەموو باوردۆخێکدا کە چاودەخشێنرێ بە حکومەتدا بەکاردەهێنرێ بەو پێودانگەی خوازیاری رێگانەدانە بەئازادیی رادەربڕین یان رۆژنامەنووسی. ئا بەوجۆرە ئەو تیۆرە دەبێتە چەکێ لەدژی سانسۆری حکومی یان وەك

www.pertwk.com

ناودەبرێ "كۆتوبەندی پێشوەخت" Prior Restraint. ئەو تیۆره گریمانەی ئەوە دەكا خەڵكی چێژیان لەئازادیی رادەربڕین بینیووە بەرلەوەی بچنە "یەكبوونی كۆمەڵایەتی"یەوە كە دەستوری لێوە بەرهەمهاتووە، بەوەی ئامانج لەدانانی دەستور پارێزگاریكردنە لەمافە تاكی و گشتییەكان، و ئەو دەستورە دەستوەرنادا لەهەندێ لەو مافانەی بۆ پارێزگاریلێكردنیان دانراوە، و ئازادیی قسەكردن و رۆژنامەنووسیش دەكەوێتە ناوچەرگەی ئەو مافانەوە، و دواتر نابێ خراپ بەكاربهێنرێ، و هەر دەستوەردانێكیش لەلایەنی حكومەتەوە بە زیانگەیاندن بۆ سەر ئازادیی رادەربڕین بە گرتنەبەری رێوشوێنی مەترسیدار دادەنرێ، ئەوەیش لەبەرئەوەیە دادگاكانی ئەمەریكا گریمانەی ئەوە دەكەن هەر كۆتوبەندێ بۆ سەر ئازادیی رادەربڕین نا دەستورییە ئەگەر بێ‌لەوە نەسەلمێنرابێ، لە حاڵەتی دانی هەر كۆتوبەندێكی پێشوەختیشدا بۆ سەر ئازادیی رادەربڕین یان رۆژنامەنووسی پێویستە لەسەر حكومەت ئەگەری ئەو زیانانەی لە كۆمەڵگادا دەكەونەوە بسەلمێنێ كە لەپێناوی‌دا ئەو كۆتوبەندانە دادەنێ، و دواتر پێویستە لەسەر حكومەت ئەمانە بسەلمێنێ:

أ–ئامانج لەكۆتوبەندی پێشوەخت پارێزگاریكردنی بەرژەوەندیی هەمووان یان گشتی‌یە و بەگوێرەی دەستور لەسەرمانە پارێزگاری لێبكەین.

ب–ئەگەر ئەو كۆتوبەندە (كۆتوبەندی پێشوەخت) بۆ ماوەیەكی دیاریكراو كاربكا، بەجۆرێ بەهۆیەوە كەمترین زیانی بۆ ئازادیی رادەربڕین لێبكەوێتەوە.

ج–حكومەت ئەوە بسەلمێنێ كە بەرژەوەندییەكی زیندوو بۆ كۆمەڵگا هەیە تەنها لەرێی دانانی ئەو كۆت و بەندەوە دەتوانرێ پارێزگاری لێبكرێ، و ئەو كۆتوبەندەیش تاكە شێوازە بۆ پارێزگاریكردن لەو بەرژەوەندییە زیندووە.

هەروەها دادگاكانی ئەمەریكا –بەگوێرەی ئەم تیۆرە– گریمانەی ئەوە دەكەن رەفتاری حكومەت لەدانانی هەر یاسایەكدا كە ئازادییەكان كۆتوبەند بكا؛ بە نادەستوری دادەنرێ ئەگەر پێچەوانەكەی نەسەلمێنرابێ.[20]

## 5-تیۆری پۆزەتیڤ بۆ یەكەمین چاككاری:

دادگای دەستوری باڵا لەزۆربەی كێشەكاندا رایگەیاندووە مافەكانی یەكەمین چاككاریی دەستور داوا لەحكومەتی ئەمەریكا دەكا جەخت بكاتەوە لەئازادیی گفتوگۆكردن و جیاوازی لە راوبۆچوونەكاندا سەبارەت بە سیاسەتەكانی، و لەمبارەیەوە دادگای ناوبراو رووبەرووی كێشەی كەم بووەتەوە لەگەڵ ئەو كێشانەدا كە پەیوەنددارن بە مافەوە لەخستنەڕووی بیروبۆچوونەكان لەشوێنی گشتی‌دا. لەدەیەی سییەكان (ی سەدەی بیستەم–و.ك)دا دادگاكان بڕیاریاندا شەقامە گشتییەكان لەو جێگایەن كە بەكاردێن بۆ بڵاوكردنەوەی بیروبۆچوونەكان بەرێگای ئاشتیخوازانە، هەروەها دادگای دەستوری بڕیاری لەوەیشدا دەوڵەت لەرێكخستنی كات و شوێن و شێوازی رەفتاركردنی هەیە بۆ خستنەڕووی بیروبۆچوونەكان.

لەگەڵ ئەوەیشدا دادگای دەستوری وێستگەكانی رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەمەریكی پابەنددەكا بەوەی سیمینار لەبارەی ئەو كێشە گشتییانەوە بكەن كە جێگای قسەوباسن، و بەشێوازێك كە هاوسەنگی‌بكرێ و لایەنە جیاوازەكانی ئەو كێشانە بخرێنەروو.

دادگاكان هیچ هەڵەیەكیان لەمافەكانی یەكەمین چاككاری نەدۆزییەوە كە بشێ بۆ بەكارهێنانی داماڵینی زانیاری لە حكومەت، بەڵكو لەیەكەمین چاككاریدا ئەوەیان بەدی‌كرد مافی نێردراوە رۆژنامەنووسییەكانە ئەو زانیاریانەیان دەست بكەوێ كە بۆ بەرژەوەندیی گشتین.

لەساڵی 1966دا كۆنگرێس یاسای "ئازادیی زانیارییەكان" The Freedom of Information Actی دەركرد كە تاراددەیەكی زۆر ئەوە بۆ رۆژنامەنووسان دەستەبەردەكا لەسەرچاوەی زانیارییەكانی حكومەت نزیك ببنەوە، و لەمبارەیەشەوە دادگای دەستوری لەرێی چەندین بڕیارەوە پشتگیری لەو یاسایە كردووە.

www.pertwk.com

لەساڵی 1980یشدا یەکێ لەدادگاکانی ئەمەریکا پابەندنەبوو بە مافەکانی یەکەمین چاککاریی دەستور؛ ئەوەیش لەکێشەی "ڕۆژنامەکانی ریچمۆند لەدژی ویلایەتی ڤێرجینیا" Richmond Newspapers V. virgenia کە دادگا تەماشای یەکێ لە کێشەکانی تیرۆری‌دەکرد، و هەندێ لە ئامادەبووانی لەهۆڵی دادگاییکردنەکەدا دەرکرد، و لەمبارەیشەوە دادگای سەرەتایی پشتگیری‌کرد لە مافی دادوەرەکە لەدەرکردنی هەندێ لەو کەسانە لەهۆڵی دادگاییکردنەکەدا، و لەکاتی تازەکردنەوەی کێشەکەدا لەبەردەم دادگای دەستوری باڵادا زۆربەی دادوەرەکان جەختیان لەوە کردەوە یەکەمین چاککاریی دەستور ئەو مافە بەکەسەکان دەدا لەکاتی تەماشاکردنی کێشەیەکدا بچنە هۆڵەکانی دادگاییکردن، و لەمبارەیەیشەوە "وارین برجەر" Warren E. Burgerی سەرۆکی دادوەرەکان پاساوی ئەو بڕیارەی بەوە هێنایەوە هۆڵی دادگاییکردنەکان بەدرێژایی مێژوو وایان لێهاتووە کە شێوەیەك لەکۆبوونەوەی گشتی بەخۆوە ببینن و هەموو هاووڵاتییەك ئەو مافەی هەیە ئامادەی کێشەکان بێ لەکاتی تەماشاکردنیدا، بەڵام ئەو مافە رەها نییە، بەڵکو دەشی بەهۆی ناکاو یان جارییەوە سنورداربکرێ.

لەگەڵ ئەوەیشدا دادگاکان ئاماژەیان بەوەکرد یەکەمین چاککاریی دەستور ئەو مافە دەبەخشێتە ڕۆژنامەنووسان هەواڵیان دەستبکەوێ، بەڵام رادەی ئەوەی کە دەشێ ئەو مافە پێی‌بگا دادگاکان بڕیاری لەسەر دەدەن، و ئەوەیش بەهەنگاوێکی گرنگ دادەنرێ بەرەو پەسەندکردنی رۆڵی ئیجابی بۆ یەکەمین چاککاری لەئازادیی رادەربڕین و ڕۆژنامەنووسیدا.[21]

لەماوەی دەیەی هەشتاکان (ی سەدەی بیستەم–و.ك)دا شتێ روویدا کە بە "کەلێنی راستگۆیی" Credibility Gap ناسراوە؛ کە ناوەندەکانی راگەیاندنی ئەمەریکا رووبەرووی چەندین تۆمەت بوونەوە، لەوانە: ئەوان راستییەکانیان شێواندووە، و وروژاندنی بەئانقەست، رۆچوون بەنێو ژیانی تایبەتی کەسەکان، و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هەواڵی بەبێ هاوسەنگی و دادوەری. لەماوەی ساڵی 1979 تاوەکو ساڵی 1983یش ڕۆژنامە ئەمەریکییەکان 83٪ی کێشەکانی ناوزڕاندنیان دۆڕاند و کاتێ ڕۆژنامەکان ئەو کێشانەیان لەبەردەم دادگاکانی باڵادا تازەکردەوە، حوکمدانی نزیکەی 70٪ی ئەو کێشانە بۆ بەرژەوەندیی ڕۆژنامەکان راستکرانەوە.

هەر وتووێژێك سەبارەت بە ئەخلاقی ناوەندەکانی راگەیاندنی ئەمەریکی ئەوە ئاشکرادەکا رێژەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسان بڕوایان وایە ناوەندەکانی راگەیاندن بەگوێرەی نەریتی پیشەکەیان دەسەڵاتەکەیان بە داناییەکی تەواوەوە بەکارناهێنن، هەروەك چۆن لەلایەن خوێنەرو بینەرانەوە تێبینیی زۆربوونی هەستی خراپی زۆری ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنەکان دەکرێ، لەگەڵ زیادبوونی گومانەکانی سەبارەت بە ئەو گوتارە سەرەکییەی ڕۆژنامەنووسان، و شێوازەکانی کۆکردنەوەی هەواڵ و خستنەڕوویان دەیانکەن، کە زۆربەی رەخنەگرەکان هەست بە گرنگیی سەرلەنوێ پشکنینەوەی ناوەندەکانی راگەیاندن و رۆڵیان لەکۆمەڵگای ئەمەریکی‌دا دەکەن.[22]

کارکەرانی ناوەندەکانی راگەیاندنی ئەمەریکی لەسەر بنەمای ئەوەی یەکەمین چاککاریی دەستوری ئەمەریکی ئەو مافەیان دەداتێ هەر زانیارییەك لەتوانایاندا هەیە دەستیان بکەوێ بڵاوبکەنەوەو پەخشیان بکەن، رەفتاردەکەن، ئەوان لەو بڕوایەیاندا راست دەکەن، یان نزیکن لەراستییەوە، ئەوەیش بەهۆی دەگمەنی بەکارهێنانی چاودێریی حکومی و پشتگوێخستنی لەکاتەکانی جەنگدا یان هەڕەشەکردندا لە ئاسایشی نەتەوەیی.

نووسەران و سیاسییەکان و دروستکەرانی فیلمەکان و بەرهەمهێنەران دەتوانن رایەکانیان بۆ خەڵکی بخەنەڕوو هەرەندە لەرادە بەدەرو زیادەرۆیی‌بێ و رەخنە لەسیاسییەکانی حکومەت بگرن، لەگەڵ رەفتاری بەرپرسە رەسمییەکان بەبێ ترس لەسانسۆر یان سزا لەلایەنی حکومەتەوە پاڵپشتن بۆ پارێزگاریکردن لەیەکەمین چاککاری دەستور.

www.pertwk.com

لەگەڵ ئەوەیشدا پارێزگاریکردن لەیەکەمین چاککاری دەستور بۆ پیاوانی راگەیاندن رەها نییە،و دادگای دەستوری باڵا مافی سەپاندنی سانسۆر بەسەر ناوەنـدەکانی راگەیاندنـدا دەپـارێزێ؛ لەکاتێکـدا ئەگـەر ئاسایشـی نەتـەوەیی رووبەرووی هەڕەشەیەکی بەرچاو بووەوە، هەروەها بۆ ئەوەی مافی هاووڵاتیان لـە دادگـاییکردنێکی دادوەرانـەدا پـارێزراوبێ، لەگـەڵ ئەوەیشـدا لـەباری خســـتنەڕووی بابـــەتی بەدڕەوشـــتی Obscenity لەلایـــەن دەزگاکـــانی راگەیاندنەوەو لادان لەداب‌ونەریت کە یەکەمین چاککاری دەستور ئەو کەسانە ناپارێزێ مامەڵەی بەدڕەوشتی دەکەن.

لەگەڵ ئەوەدا یەکەمین چاککاریی دەستوری ئەمەریکی رۆژنامەنووسان‌و بانگەشەکاران‌و وێنەگران‌و نووسەران لەبەرپرسیارێتیی یاسایی Liability لەکاتی خستنەڕووی ئەو رووداوانەی زیانیان بۆ کۆمەڵگا هەیە، نابوێرێ،و ئەو رۆژنامەنووسەی راستییەکان بەشێوەیەکی هەڵە دەخاتەڕووو بەخراپ بۆ ئابڕوی کەسێکی بێتاوان دەشکێتەوە هەردەبێ تۆمەتی ناوزڕاندن Libelی بخرێتـە پـاڵ،و هـەروەها ئـەو کەسـانەی بـەبێ وەرگرتنـی رەزامەنـدی دەست وەردەدەنـە ژیـانی تایبـەتی خـەڵکی، یـان ئـەو کەسـانەی شـێوازی هەڵخەڵەتێنەرانـە یـان فێڵبازانـە بـۆ کۆکردنـەوەی هـەواڵ بـەکاردێنن، دەبـێ دادگاییبکرێن.[23]



سەرباری هەموو ئەوانە ناوەندەکانی راگەیاندن خاوەنی رێژەیەکی زۆری ئـازادین بەبـەراورد بـەو ئازادییـەی کـە لەسـەرجەمی کۆمـەڵگاکانی تـردا هەیـە تەنانەت بریتانیاو سویدیش، بەڵام ئەو ئازادییە رەها نییە؛ ئەوەیش بـەهۆی هەنـدێ هۆکـاری دەرەکـی: وەك رەچـاوکردنی ئاسایشـی نەتـەوەیی،و رێسـای دادگاکان،و تاوانەکانی ناوزڕاندن،و فشارەکانی بانگەشەکاران‌و گروپـەکانی تر،و هـەروەها ئارەزووەکـانی جـەماوەر. هـەروەها هەنـدێ هۆکـاری نـاوخۆیش هـەن ئـازادیی ناوەنـدەکانی راگەیانـدنی ئەمـەریکی سـنورداردەکەن، لەوانـە: بەڵگەنامــەکانی ئــابڕوی ئــەخلاقی پیشــەیی،و توانــای هێــزی نووســین،و ئەنجومەنەکانی رۆژنامەنووسی، یان هەر شتێکی لەو جۆرە.

سـەرباری ئەوەیش لەلایـەن حکومەتـەوە کۆت‌وبەنـدی پێشـوەخت نییـە بۆ سەر ناوەندەکانی راگەیاندنی ئەمەریکی، ئەوەیش مانای ئەوەیە ئەو ناوەندانە توانای بڵاوکردنەوەو پەخشکردنی ئەو شتانەیان هەیە کە دەیانەوێ بێ‌ئەوەی حکومەت یان سانسۆری بەر لەبڵاوکردنەوە دەست وەربدەن؛ کـە ئـەوەیش بـە ئیمتیــازێکی دەگمــەن بــۆ کــاری ناوەنــدەکانی راگەیانــدن لەســەرجەمی پارچەکانی جیهاندا دادەنرێ.[24]

## ئازادیی رۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگا پەرستێنەکاندا:

بەدرێـژایی نیـوەی یەکـەمی سـەدەی بیسـتەم، بزووتنـەوەی رزگـاریخوازو سـەربەخۆخوازە سیاسـییەکان لەئەفـەریقیاو ئاسـیاو ئەمـەریکای لاتینـدا، دەوڵــەتانی جیهــانی ســێیەمیان پێکهێنــا،و ئــەو دەوڵەتــە بچــوك یــان مامناوەندییانــە لەبزووتنــەوەی بێلایــەن (عــدم الانحیــاز)دا کۆبوونــەوە،و خوازیاری بەرەنگاربوونەوەی شوێنەواری جەنگی سارد بوون،و هەوڵی دانانی بنەمای دادوەرییبوون لەهاریکاریکردن لەگەڵ کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا.[25]

لەماوەی قۆناغی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی نیشتمانیدا زۆر لە رۆڵـەکانی دەوڵەتە پەرستێنەکان لەپێناو هێنانەدیی نمونەی دیموکراسیی‌و چەسپاندنی چـەمکی مافـەکانی مرۆڤـدا کـە ئـازادیی رادەربـڕین‌و ئـازادیی رۆژنامەنووسـی بگرێتـەوە، قوربانیـان بـەژیانی خۆیـان دا. بـەبێ ئـازادیی رادەربـڕین‌و ئـازادیی رۆژنامەنووسی سەروەریی گەلیی سەخت دەبێ،و نابێ هیچ دەستورێ لەهـەر دەوڵـەتێ لەدەوڵەتـەکانی جیهانـدا نزیـك بێتـەوە لەپەسـەندنەکردنی ئـازادیی رادەربڕین‌و ئازادیی پەرستن، بـەڵام ئەو نمونەیـەی کـە دەستور بانگەشـەی بۆ دەکا شتێکەو پەیڕەوکردنی واقیعیش شتێکیتر، بەڵام گومانی تیا نییە کەلێن

www.pertwk.com

لەنێوان نمونەو پەیڕەوکردن لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا بەبەراورد بۆ دەوڵەتانی جیهانی سێیەم زۆر کەمترە.

بەشێوەیەکی گشتی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم پەیڕەوی رژێمی حوکمی شمولی دەکەن، و زۆربەی جار تەنها پارتێکی سیاسی بوونی هەیە، و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانیش هێشتا دیاریکراونین، هەروەها پەیوەندیی نێوان ناوەندەکانی راگەیاندن و حکومەت، زۆربەی جار ئایدیۆلۆجیایەکی سیاسیی دیاریکراو باڵادەستە بەسەر ناوەندەکانی راگەیاندندا، و هەروەها زەمینەیەکی زۆر سنوردار هەیە بۆ هەمەڕەنگی بیروبۆچوونەکان.[26]

دەوڵەتانی پەرەستێن کار بۆ پارێزگاریکردن لەکۆنترۆڵکردنی بەهێز دەکەن بەسەر دەزگاکانی راگەیاندندا، تاوەکو لەهەموو ئەوانە خۆیان دووربخەنەوە کە دەبنە رێگر لەپەلەکردن لە پرۆسێسی گەشەسەندنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، هەروەك چۆن ناوەندەکانی راگەیاندن لەدەوڵەتە پەرستێنەکاندا کاریگەرییان دەبێت بەوەی پێیدەوترێ "ئارەزووی سیاسی" Political Slant و مەبەست لە ئارەزوی سیاسی پەیوەندی (یان یەکگرتنی) دەوڵەتە پەرەستێنەکانە بەیەکێ لەدەوڵەتە زلهێزەکان، و خوازیاربوون بۆ لاساییکردنەوەی رژێمە سیاسی و ئابورییەکەی. بۆیە ئایدیۆلۆجیای سیاسی رۆڵێکی گەورە دەگێڕێ لە چۆنیەتی کارکردنی ناوەندەکانی راگەیاندن لە دەوڵەتە پەرەستێنەکاندا، و گرنگتروه ئەو رێنماییانەیە کە وەزارەتی راگەیاندنی ئەو دەوڵەتانە دەریان دەکەن، کە پشت بە خستنەڕووی خزمەتگوزاری هەواڵی لەسەر چۆنیەتی پەیوەندییە سیاسییەکانی دەوڵەتە پەرەستێنەکان لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکاندا دەبەستێ، و هەروەها رادەی کاریگەربوونی بە ململانێ هەرێمایەتییەکان. رەنگە گرنگترین ئەرکی راگەیاندن لەدەوڵەتە پەرستێنەکاندا بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و لێکدانەوەیان بێ؛

لەنێو ئەو هەزاران رووداوانەی رۆژانە لەجیهاندا روودەدەن، و دەرگاوانە* رۆژنامەنووسییەکان هەڵدەستن بە هەڵبژاردنی ئەو راستی و بیروبۆچوونانەو هەڵسەنگاندنیان بەجۆرێ بگونجێ لەگەڵ سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەداو هەروەها لەکاتی کردەی هەڵبژاردنی هەواڵەکاندا پشت بە رێنماییە حکومییەکان دەبەسترێ کە یارمەتیدەرن بۆ پێوانی بەهای هەواڵیی رووداوەکان.[27]

دەوڵەتانی پەرەستێن پێوستیان بە دامەزراوەی جێگیرو ئامادەکراو هەیە، لەکاتێکدا کە زۆربەی دانیشتوانەکانیان نەخوێندەوارن، و بیروباوەڕی پاشایی یان رەگەزی یاخود خێڵەکی هەیە، و لە دەوڵەتە پەرەستێنەکاندا رۆڵی رۆژنامەنووسەکان سنوردار دەکرێ بەو پێودانگەی مامۆستا و دروستکەری نەتەوەن، و رەواجدەدەنە فەلسەفەی حکومەت، و هەروەها رۆڵی رۆژنامەنووسان لەکۆمەڵگایەکی پەرەستێندا بۆ کۆمەڵگایەکی تری پەرەستێن دەگۆڕێ و ئەوەیش پشت بە داب و نەریتەکانی رۆژنامەنووسی لەو دەوڵەتەدا دەبەستێ، و هەروەها ئاستی پیشەیی بۆ ماوەیی سەردەمی داگیرکاری.[28]

بەشێوەیەکی گشتی لەهەندێ دەستوری دەوڵەتە پەرەستێنەکاندا پارێزگاریکردنی دەستوری بۆ ناوەندەکانی راگەیاندن خراونەتەڕوو، بەبێ بوونی کۆت و بەند وەك دەستوری دەوڵەتی "بوتسوانا" Botswana ئەوەی لەخۆگرتووە کە لەبەڵگەنامەی مافە ئەمەریکییەکان دەچێ کە بەدەق ئاماژە بە "پارێزگاریکردنی مافە بنەڕەتییەکان و ئازادیی تاکەکان کراوە؛ ئەوانەی پەیوەستن بە قسەکردن، و نووسین، و باوەڕ، و رۆژنامەنووسی و کۆبوونەوەوە".

---

*بۆ تێگەیشتن لەدەرگاوان، خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ : مەم بورهان قانع، سەرەتایەك بۆ رۆژنامەنووسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2001، لاپەڕەکانی 46 تاوەکو 48. و.ك

www.pertwk.com

بێگومان ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لەدەوڵەتە پەرەستێنەکاندا مانای ئازادیی ڕەها ناگەیەنێ بەڵکو چەندین کۆتوبەندی پێشوەخت هەن کە بەدەق لەیاسادا هاتوونو پاساوی خۆیشیان هەیە، لەنمونەی ئەو کۆتو بەندانەیش دەوڵەتی "جامایکا "Jamaicaیـە؛ کـە هەنـدێ هەڵاوێـژی لـەئازادیی ڕادەربڕینو ڕۆژنامەنووسیدا هەیە، وەك: ڕەچاوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی، و وەزارەتی بەرگری، و ئاسایشی گشتی، و نـەنگیو خراپەکردن بە دەسەڵاتەکانی حوکمڕان، و سیستمی گشتیو ڕەوشتەکان، و پارێزگاریکردنی ئابڕوی کەسەکانو تایبەتمەندییان، و هـەروەها ئاشکراکردنی ئەو هەواڵانەی کە نهێنین.

دەوڵەتە پەرستێنەکان بە زنجیرەیەك یاسای کۆتوبەندکراو لەدەوڵەتەکانی تر جیادەکرێنەوە کە لەو یاسایانەیاندا ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووسی بەشێوەیەکی سنوردار دیاریکراون، و لەنمونەی ئەو یاسایانە، یاسای ژمارە 11یە لەدەستوری دەوڵەتی "ئیندۆنیسیا" کە بەدەق لەبەندی دووەمیدا کە پەیوەندداره بە ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووسیو مافەکانی، بەمجۆرە هاتووە:

1–ڕۆژنامەنووسیی نەتەوەیی بۆ بەرژەوەندیی بینای شۆڕشگێڕیو هۆکارێکی چالاكو دینامیکیو داهێنەرانەو فێرکردنو ڕۆژنامەنووسی بەکاردەهێنرێ. ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی هەیە بۆ پاڵنانو هاندانی بیری پێشکەوتنخوازیو تەغتییەکردنی سەرجەمی دیاردەکان لە کۆمەڵگای ئیندۆنیسیدا.

2–ڕۆژنامەنووسینەتەوەیی ئیندۆنیسی بەم شتانە پابەنددەبێ:

أ–پارێزگاریکردنی ئاسایشی بەرگریو گەیاندنی "پێنج پرەنسیپەکە"ی شۆڕش، و جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی دەستوری ساڵی (1945) بەسەرجەمی بەندەکانیەوە.

ب–بڵاوکردنەوەی دەسکەوتەکانی دەوڵەت، و گەیاندنی دەنگی سکاڵاکەران بۆ بەرپرسان.

ج–تێکۆشان لەپێناوی ڕاستیو دادوەرییدا کە ئەوەیش پشت بەئازادیی ڕۆژنامەنووسی دەبەستێ.

د–کارکردن بۆ پەلەکردن لەیەکگرتنی هێزە شۆڕشگێڕە پێشکەوتنخوازەکان لەخەباتکردنیاندا لەدژی داگیرکەر.

هـ–ڕۆژنامەنووسی دەبێتە هۆکارێکی گشتگیر بۆ پێکهێنانی ڕایگشتی شۆڕشگێڕیی پێشکەوتنخوازی.[29]

**کۆتو بەندی تر هەن کە حکومەتەکانی دەوڵەتە پەرەستێنەکان بەسەر ناوەندەکانی ڕاگەیاندنیاندا سەپاندووە، و ئەو کۆتوبەندانەیش ئەمانە دەگرنەوە:**

أ–فشاری یاسایی:

1–یاسا دەستورییەکان، هەروەك چۆن لەدەستوری بەرازیلدا هەیە.

2–یاسای ئەمنی، وەك یاسای دژ بە شیوعییەت لەکۆریای باشوور.

3–یاساکانی ڕۆژنامەنووسی، وەك یاسای ڕۆژنامەنووسی لەئیندۆنیسیا.

4– یاساکانی سزادان، وەك ناوزڕاندن، و چوونە بەردەم دادگاکان، و یاساکانی تاوانکاری.

ب–فشاری سیاسیو ئابوری:

1–بەرتیلو بەخششو دیاری.

2–کۆنترۆڵکردنی چاپکەری هەواڵ.

3–جاڕدانی ڕەسمی.

4–دەست بەسەراگرتنو بڕیاردان لەقەرزە بانکییەکان.

ج–فشاری نهێنی:

1–ڕێگانەدان بە نزیکبوونەوە لەزانیارییە حکومییەکان، هەروەك چۆن لەئەرجەنتین هەیە.

www.pertwk.com

2–نەدانی بەڵگەنامەی زانیاریو هەواڵ لەلایەن بەرپرسە رەسمییەکان.

د–فشاری راستەوخۆ، وەك کۆتوبەندی پێشوەختو ناچارکردن:

1–هەرزانکردن یان تۆمارکردن.

2–سانسۆری خودی کە پشت بەپرەنسیپەکانی خۆشگوزەرانی دەبەستێ.

3–سیستمی تەلەفۆن کە بۆ نوێنەرانی حکومەت دەستەبەردەکرێ بۆ ئەوەی ئەو شتانەی کە نابێ بڵاوبکرێنەوە بۆ سەرنووسەرانی دەست نیشان بکەن.

4–دامەزراندنی چاودێران لەناوەندەکانی راگەیاندندا.

5–دەست بەسەراگرتن لەدوای چاپ بۆ ئەوەی تەمبێی رۆژنامەنووسانی پێبکەن.

6–دەستگیرکردنی رۆژنامەنووسانو ئازاردانیان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە.

7–بەکارهێنانی توندوتیژی ترسو تۆقین لەدژی ئەوانەی لە دەزگاکانی راگەیاندندا کاردەکەن.

8–سەرنگومکردنی رۆژنامەنووسان یان تیرۆرکردنیان لەلایەن بەکرێگیراوانی حکومەتو دەزگا سیخوڕییەکان.[30]

## بیری عەرەبیو ئازادیی رۆژنامەنووسی:



عەرەبەکان لەو پێشکەوتنانەی ئازادیی بیرو ڕادەربڕین لە سەرەتایی سەدەی بیستەمدا پێیدا تێپەڕیووە دوانەکەوتوون، هەروەك چۆن هەندێ دەوڵەتی عەرەبی شێوەی پێشکەوتن لەو ئازادییە رۆژنامەنووسییە لەقاڵبدراوەی هەڵگری تێڕوانینی ئازادیخوازانەن بەخۆوە بینیووە، بەتایبەتی لەو دەوڵەتانەدا کە چەندین شێوازیان لەپەیڕەوکردنی لیبرالیزم لەسیستمە سیاسیو ئابوریو رۆشنبیرییەکاندا بەخۆوە بینیووە کە سەنگی مەحەکە بۆ پلەی بەرزو نزمی لەکامڵی ئەزموونە ئەوروپییەکاندا. لەگەڵ ئەوەیشدا بیری ئازادیخوازانەی عەرەبی رەنگدانەوەی ئەو بیروبۆچوونە ئازادیخوازانەیەی بەخۆوە بینی کە بەستراوە بە ئازادیی بیرو ڕادەربڕین، راستە ئەم پەیڕەویکردنو دیدوبۆچوونانە هەمیشە لەژێر پەستانی پەیڕەویکردنی ناچاریدان لەلایەن ئەو هێزە باڵایانەی خاوەنی ئیرادەن، لەگەڵ ئەوەی ئەو ئاڕاستە ئازادیخوازانە راستییەکی واقیعینو لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە لەبیری نووسەرانو لەمیسرو سوریاو لوبناندا بەدیدەکەین.

لەگەڵ ئەوەیشدا بیری عەرەبی بەشداری‌نەکردو هەروەها بەهیچ شتێ جیاناکرێتەوە لەچارەسەرکردنی ئازادیی پەیوەندیکردن لەسەرجەمی لایەنەکانیدا، و هەموو ئەوانەی کە لەخۆی دەگرێ دووبارەکردنەوەی ئەو بیرو چارەسەرکردنە باوانەن کە لەئەدەبی خۆرئاوایی یان بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا هەن؛ ئەوانەی ئەو بابەتانەیان لەخۆگرتووە. وا پێدەچێ لەزۆربەی جارەکاندا بیری پەیوەندیکردنی عەرەبی بەسەرجەمییەوە کەمتر کامڵو بەئەزموون بێ لەچاو بیری سیاسیو یاسایی خۆرئاوادا.

هەروەها بیری عەرەبی پاشکۆی ئەدەبی خۆرئاواییە لە فراوانکردنی چەمکی پەیوەندیکردن بەجۆرێ وای لێبکرێ هەڵگرو بەستراوەبێ بەسەرجەمی مافەکانی تری مرۆڤەوە، هەروەك چۆن لەکۆتاییدا ئەوە دەبینرێ کە هەڵگری مافی تاکە لە رادەربڕینو پارێزگاریکردن لەتایبەتمەندییەکانیو جوڵانەوەکانیدا، هەروەها مافی کۆبوونەوەو کەڵك وەرگرتن لەداهاتی زانیارییەکان.[31]

سەرباری ئەو فراوانبوونە لەلێکدانەوەی مافی پەیوەندیکردندا، هەندێ لەنووسەرە عەرەبەکان ئەوەیان پەسەندکردووە کە داڕاشتنی وردو گشتگیر بۆ مافی پەیوەندیکردن کارێکی سەختە، لەبەرئەوەی وەك هەندێکیان

باسیانکردووە مەسەلەیەکی لاستیکی نییە، کە سەرجەمی ئازادییە پەیوەنددارەکان بەپەیوەندیکردن ریشەکێش بکرێن، بۆیە ئازادییەکان لەرووی فەلسەفییەوە لەیەك ئاستدا نین، و هەندێکیان لەوانیتر بنەڕەتیترن، هەروەك چۆن هەندێکیان رێگادەدەن بەکۆت و بەند و هەلاویێژ کە بەسەر ئەوانەیتردا جێبەجێنابەن. هەندێکیتر لەبیرمەندانی عەرەب پێیان وایە سەختیی مافی پەیوەندیکردن دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی ئازادییەکان کە لایەنەکانی ئابوری و یاسایی و رۆشنبیریی شارستانی لەخۆدەگری و تیایدا جێبەجێدەبن، بەو پێودانگەی لەمیانەی بواری بلاوکردنەوەی زانیارییەکان، و خودی پرۆسێسی راگەیاندندا، تۆڕێکی تەواوی مافەکان هەیە کە ناکری لەپرەنسیپێکدا دابڕێژرێن.

لەمبارەیەوە، بیری عەرەبی بەئاڕاستەی ئەوەچوو راشکاوانە یان لەگەڵیاندا دان بنێ بەوەی پەیڕەویکردنی مافی پەیوەندیکردن خودی دەسەلاتەکە دیاریدەکا، سەرباری پێکهاتەو سنورەکەی و هەروەها شێوازەکانی پەیڕەویکردنی، نیگەرانی لەبیری عەرەبیدا هەیە بەوەی مافی تاك لەپەیوەندیکردندا نابێ لەسەر حسابی مافی ئەو گروپەبێ کە لەچوارچێوەیاندا دەژی، یان نیگەرانن لەوەی مافی تاك لەپەیوەندیکردندا مافێکی رەهایە، بەلام ئازادییەکەی لەپەیڕەویکردندا رەها نییە. یان وەها دەوترێ مافی پەیوەندیکردن بەستراوە بەو دەسەلاتەوە کە پێکهاتەو سنورەکەی و بەرپرسیارێتییەکانی پێوە بەستراوە، لەبەرئەوە هەمیشە ئازادیی راگەیاندن دەبەسترێتەوە بە "لەسنوری یاسادا"، لەبەرئەوەی لەرووی تیۆرییەوە بەستنەوە هەیە لەنێوان تێڕامانە مافییەکانی مەسەلەی ئازادی، و تێڕامانە کردەی و تەکنیکی و پەیڕەوییە رۆژنامەنووسییەکاندا.[32]

سەرجەمی دەستورە عەرەبییە هەمیشەیی و کاتییەکان بەدەق باس لە ئازادیی رۆژنامەنووسی و ئازادییەکانی تری پەیوەندداری پێیەوە دەکەن، وەك ئازادییەکانی بیروباوەڕو رادەربڕین و چاپ و بلاوکردنەوە، و لەهەموو بارەکانیشدا و بەدارشتنی جیاجیاوە بەکۆت و بەندی یاساییەوە دەبەسترێتەوە، وەك "لەسنوری یاسادا"، یان "بەگوێرەی ئەم یاسایە" یاخود "بەوجۆرەی کە یاسا رێکیدەخا" یان "بەگوێرەی ئەو مەرج و بارودۆخەی یاساکە دیاری دەکا" یاخود "بەمەرجێ لەسنوورەکانی یاساکە لانەدات".

لەگەڵ ئەوەیشدا یەك دەوڵەتی عەرەبی نادۆزینەوە لەرووی شێوەو ناوەڕۆکەوە بیرە سەرەکییەکانی مافەکانی مرۆڤ پەسەندنەکا، هەریەکە لە دەوڵەتەکانی جیهان، کە ئەو پرەنسیپانە لەبواری فەلسەفیدا جۆرێ لەگەشەسەندنی مێژوویی پێکدەهێنن کە هیچ حکومەتێ ناتوانێ بەئاشکرا پەسەندیان نەکا، هەروەك چۆن بووەتە یاسایەکی نێودەوڵەتیی باو.

لەکاتی لەخۆگرتنی ئەو مافانەو جێبەجێکردنیاندا لەبوارەکانی پەیوەندیکردن و راگەیاندندا، بەتایبەتی ئازادیی راگەیاندن و ئازادییە پەیوەندداەکان لەدەوڵەتە عەرەبییەکاندا، لەیەکەمین جاردا ئەوە روون دەبێتەوە ئەو پرەنسیپانەی لەدەقە دەستورییەکە یان بەڵگەنامەو رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکاندا هاتوون شتێکە، و پەیڕەویکردنی عەمەلیش شتێکی تر. هەروەها لەکاتی هەڵسەنگاندنی ئەو مافانەداو جێبەجێکردنیان لەبوارەکانی پەیوەندیکردن و راگەیاندندا ئەوە روونده‌بێتەوە ئەو پرەنسیپانە بەهایەکی فیعلییان نییە، بەڵکو لەراستیدا ئەم مەسەلانە لەپرۆسێسەکانی ناو واقیعدا بەهایان هەیە.[33]

## لێکۆڵینەوەی باری کۆمەڵگای میسری:

لەگەڵ هەڵمەتی هاتنە ناوەوەی فەڕەنسادا بۆ میسر لە ساڵی 1798دا میسر بەچاپەمەنی ئاشنابوو، و محەمەد عەلی پاشای والیی میسر لەساڵی 1819دا چاپخانەی "بولاق"ی دانا، و لە 13ی تەمموزی ساڵی 1823دا

www.pertwk.com

محەمەد عەلی فەرمانێکی دەرکرد بە رێگانەدان بە چاپکردنی هیچ کتێبێك لەچاپخانەی  بولاق تا رەزامەندیی پاشای بۆ وەرنەگیرێ.

لەکاتێکدا سەعید پاشا حوکمڕانی میسری گرتە دەست، دوو یاسای دەرکرد: لەیەکەمیاندا چاودێریی خۆپارێزی بەسەر چاپەمەنییەکاندا بڵاوبکرێتەوە، و یاسای دووەمیشیان پەیوەندداره بە بیانییەکان، و تیایدا ئاماژە کراوە بەرێگانەدانی رۆژنامەکانیان بە بڵاوکردنەوەی هەر رەخنەیەك کە ئاڕاستەی کارەکانی حکومەت بکرێ.

لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1866دا خدێوی ئیسماعیل رازیبوو بە دامەزراندنی "پێنوس"ی رۆژنامەنووسی کە بە چاویلکەیەکی دەرەکییەوە هەڵدەستێ بە شوێنکەوتنی ئەو رێوشوێنانەی پەیوەنددارن بەرۆژنامەکان و چاپکراوەکانی ترەوە. ئەو پێنوسە هەڵدەستا بە سەرپەرشتیکردنی رۆژنامەنووسی و چاودێریکردنی ئەو شتانەی بڵاودەکرانەوە. سەرلەنوێ لە نیسانی 1869دا رێکخرایەوە بۆ ئەوەی  بەو نووسینانەدا بچێتەوە کە لە رۆژنامە عەرەبی و بیانییەکاندا دەنووسرێن، و هەروەها لەو وتارانەیش بکۆڵێتەوە کە لەئەنجامی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکانەوە دەکەونەوە. ئەو نووسینگەیە لەپێنج ئەندام پێکهاتبوو: سێ بیانی، و دوو نیشتمانی. ئەو پێنوسە تا دەرچوونی یاسای چاپەمەنیی میسری لە 26ی تشرینی دووەمی ساڵی 1881دا کارەکانی رایبیدەکرد.

بەڕاشکاویی و بەدەق  لەیاسای چاپەمەنیی میسریی ساڵی 1881دا هاتووە بەر لە دەرکردنی هەر رۆژنامەیەك دەبێ داوای رەزامەندیبوون پێشکەش بکرێ، هەروەها بارمتەدانیش سەپێنراوە، لەگەڵ بەخشینی ماف بەحکومەت بۆ لەکارخستن یان دەست بەسەراگرتنی هەر رۆژنامەیەك بەفەرمان لەچاودێری ناوخۆوە دوای ئاگادارکردنەوە، و هەروەها بڕیاری ئەنجومەنی چاودێریکردن بەبێ ئاگادارکردنەوە، ئەوەیش بۆ پارێزگاریکردن لەسیستمی گشتی، و خوڕەوشتیی گشتی، و ئایین. یاسای ساڵی 1881 ئەو چاپکراوو رۆژنامانەیش لەبیرناکا کە لەدەرەوەی میسر دەردەچن، و بەدەق ئاماژە بەوە کراوە وەزیری ناوخۆ ئەو مافەی هەیە رێگانەدا بە هاتنەناوەوەی ئەو چاپکراوانەی پێیوایە باش نین.*

گومانی تیانییە ئەم یاسایە ئازادیی بڵاوکردنەوەی لەمیسر کۆتوبەندکردووە، لەبەرئەوەی مافی لەکارخستنی رۆژنامە دەداتە دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن بەبیانووی پارێزگاریکردن لەسیستمی گشتی یان ئایین یاخود خوڕەوشت، ئەوانەیش پاساون کە هەر دادوەرێ دەتوانێ بیانو بگرێ ئەگەر قەزا ویستی رۆژنامەیەك لەکاربخا کە پێچەوانەی سیاسەتەکەی بێ.(34)

بەهەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهانی و راگەیاندنی پارێزگاریکردنی بریتانی بۆ میسر، چاودێریکردن بەسەر رۆژنامەو سەرجەمی ناوەندەکانی تری بڵاوکردنەوەدا سەپێنرا، و ئەو چاودێریکردنە تاوەکو ساڵی 1922 کاریپێکرا کە لەدەستی خودی بریتانییەکاندا بوو.

---

* لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانیشدا کە یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 1993ی پارلەمانی کوردستانەو بەژمارە بڕیاری (24) لەرۆژی 1993/4/25دا لەلایەن پارلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، کۆمەڵێ کۆتوبەندی تیایە کە کەم تازۆر لەو کۆت و بەندانە دەچن کە یاسای چاپەمەنیی میسریی ساڵی 1881 بۆ رۆژنامەنووسیی میسری دایناون..

لەمبارەیەوەو بۆ تێگەیشتن لەوردەکاریی کۆتوبەندەکانی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان، خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ : مەم بورهان قانع، ئازادیی رۆژنامەنووسی لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە بۆ یاساکانی چاپەمەنیی عوسمانی و عیراقی و گەڕانەوە بۆ نێو دانیشتنەکانی پارلەمان، بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، 2001.

وەرگێڕی کوردی

www.pertwk.com

لە 19ی نیسانی ساڵی 1923دا دەستوری میسری دەرچوو، کە لەدەقی بەندی ژمارە "15"یدا هاتووە "رۆژنامەنووسی لەچوارچێوەی یاسادا ئازادە"و رێگانادرێ بەسانسۆرکردنی رۆژنامەکان، و ئاگادارکردنەوەی رۆژنامەکان یان راگرتنیان، لەگەڵ ئەوەیشدا رێگانادرێ بەهەڵوەشاندنەوەیان لەرێگای ئیدارییەوە، تەنها لەو کاتەدا نەبێ کە زۆر پێویست بێ بۆ پاراستنی سیستمی کۆمەڵایەتی". گومانی تیا نییە دەستەواژەکەی کۆتایی ئەم بەندە دەتوانێ هەڵیبووەشێنێتەوە، لەبەرئەوەی پاراستنی سیستەمی گشتی وشەیەکی لاستیکییەو دادوەر دەتوانێ هەر کات بیەوێ بەکاریبهێنێ.*

دەستوری ساڵی 1930 دەمێنێتەوە بەسەر بەندی پانزەیەمینی دەستوری ساڵی 1923 کە بەبێ گۆڕانکارییە، و کاتێ ئەو دەستورە نوێیەیان داناوە ئازادییەکانیان پێتەسککردووە، و بەئانقەست یاسای سزادانی میسرییان چاککردووە؛ بەجۆرێ سزاکانی کەتن و تاوان و ناوزڕاندن و جنێودان توندکراون.*(35)

* ئەم لاستیکییەتە لەناو هەمان یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە، کە بەندە لەو لێکۆڵینەوەیەمدا لەبارەی یاسای چاپەمەنیی ناوبراوە ئاماژەم پێکردووە" بەو رادەیەی بەپاڵپشتیی بەندو بڕگەکانی ئەو یاسایە دادوەر دەتوانێ فریشتەیش تاوانباربکا کە ئەمە خزمەتی ئازادیی رۆژنامەنووسی ناکاو رۆژنامەنووسی کوردی ناخاتە بارێکی تەندروستەوە.

خوێنەر دەتوانێ لەمبارەیەوە بگەڕێتەوە بۆ: مەم بورهان قانع، (هەمان سەرچاوەکەی پێشوو).

و.ك

*جارێکیترو بەهەمان شێوە لەیاسای سزادانی عیراقیشدا کە یاسای ژمارە 111ی ساڵی 1969یە سزای تاوانەکانی ناوزڕاندن و ئەو تۆمەتانەی تر کە رووبەرووی رۆژنامەنووس دەکرێنەوە، توندن تا ئەو رادەیەی ئەو جۆرە تاوانە کە بڵاودەکرێنەوە بە "ضرف مشدد" دادەنرێن کە سزاکەی دوو هێندە دەکرێ، هەروەك چۆن لەبەندی (433)ی یاسای سزادانی عیراقیدا ئاماژەی پێ کراوە، کە دادوەر بە پاڵپشتیی ئەو



دوای هەڵایسانی شۆڕشی 23ی تەمموزی 1952 یاسای ژمارە 156ی ساڵی 1960 دەرچوو؛ کە خۆماڵیکردن و موڵکایەتیکردنی رۆژنامە بۆ دەسەڵات دەسەپێنێ، و دەرکردنی رۆژنامەی کردووە بە بارمتەیەك بۆ راگەیاندنی لەلایەن یەکێتیی نەتەوەییەوە کە ئەوکات بوونی هەبوو، و هەروەها گواستنەوەی خاوەنداریێتی رۆژنامەکانیش بگەڕێتەوە بۆ ئەو یەکێتییە کە دواتر یەکێتیی سۆشیالیستی شوێنی گرتەوە، و ئەمی دوایی بووە خاوەنی رۆژنامەکان و مافی دەرکردنیانی پێوە بەسترا.

هیچ لەو راستییە ناگۆڕدرێ کە دەرکردنی بەڵگەنامەی نیشتمانیی ساڵی 1960 وەك بەڵگەنامەیەك کە بەدەق ئاماژە بەئازادیی رۆژنامەنووسی کراوە کە "وشەی ئازاد تیشکێکی دەرەخەرە لەبەردەم دیموکراسیدا، و ئازادیی وشە دەسپێکی یەکەمە بۆ دیموکراسی، هەروەك چۆن ئازادیی رۆژنامەنووسی دیارترین روکاری ئازادیی وشەیە کە دەبێ هەموو زامنییەکی بۆ دەستەبەربکرێ". هەرگیز ئەو دەقانە لەسەر رووی زەویدا بوونیان نابێ مادامەکی هەموو شتەکان لەدەستی دەسەڵاتی هەژمونگەردان بەسەر رۆژنامەو رۆژنامەنووسانەوە.

بەندەو ئەو یاسایە دەستی کراوە دەبێ بۆ ئەوەی لەسەر کێشەیەکی ناوزڕاندن رۆژنامەنووسێ بۆ ماوەی (10) دە ساڵ زیندانی بکا، کە ئەم بەندەو ئەم یاسایەیش تا چاپکردنی ئەم کتێبە لە هەرێمی کوردستاندا کاری پێدەکرێ و یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی سزای تیا نییە پشت بەم یاسایە دەبەستێ.

بەداخەوە دوای زیاتر لە 13 ساڵ راپەڕین و تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێك و نیو بەسەر روخانی رژێمی بەعس و بوونی فرە میدیا لەهەرێمی کوردستان و عیراقدا هێشتا ئەو بەندو بڕگانەی یاسای سزادانی عیراقی هەڵنەوەشاونەتەوە کە دژ بەئازادیی رۆژنامەنووسین.

و.ك

www.pertwk.com

سەرباری ئەوەی دەستوری ساڵی 1960 بەدەق باس لەئازادیی رۆژنامەنووسی کردووە، لەدواتریشدا راگەیاندنی دەستوری ساڵی 1964 بەهەمان شێوە، بەڵام جێبەجێکردن ئەوەی ئاشکراکردووە لەو ماوەیەدا ئازادیی بۆ رۆژنامەنووسی بوونی نەبووە.

لەساڵی 1971دا دەستوری هەمیشەیی میسر دەرچوو کە بەدەق لەبەندی "48"یدا هاتووە" ئازادیی رۆژنامەنووسیو چاپەمەنیو بڵاوکردنەوەو ناوەندەکانی راگەیاندن زامنکراوە،و رێگانادرێ بە سانسۆری سەر رۆژنامەکان،و ئاگادارکردنەوەیان یان راگرتنیان یاخود هەڵوەشاندنەوەیان بەرێگای ئیداری قەدەغەکراوە. دەیشبێ لەباری ناکاودا یان لەکاتی جەنگدا سانسۆرێکی سنوردار بخرێتە سەر رۆژنامەو چاپکراوەکانو ناوەندەکانی راگەیاندن ئەوەیش لەو مەسەلانەدا کە پەیوەندییان بەسەلامەتی گشتی، یان بۆ مەسەلەکانی ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە، هەموو ئەوانەیش بەگوێرەی یاسا دەکرێن.

دوای ئەوە یاسای رێکخراو بۆ رۆژنامەنووسی دەرچوو، کە یاسای ژمارە (148)ی ساڵی 1980یە،و جەخت لەرێگانەدانی موڵکایەتیکردنی رۆژنامەکان بۆ کەسەکان دەکاتەوە،و پارەکانیان لەرێگای دەزگای ناوەندیی بۆ ژمێریاریو لەلایەن حکومەتەوە سەرپەرشتیدەکرێ. هەروەك چۆن بەدەق لەو یاسایەدا ئاماژە بە دانانی ئەنجومەنی باڵا بۆ رۆژنامەنووسی کراوە، ئەوەیش لەبەندەکانی 35–48ی یاساکەدایە.(36)

بەدەق لەبەندی (35)ی یاسای رۆژنامەنووسی ساڵی 1980دا هاتووە "ئەنجومەنی باڵا بۆ رۆژنامەنووسی دەستەیەکی ئازادو سەربەخۆیەو بارەگاکەی لەشاری قاهیرە دەبێ،و کەسێتییەکی مەعنەوی هەیە،و بەکاروباری رۆژنامەنووسی هەڵدەستێ بەجۆرێ ئازادیو سەربەخۆیی لەپەیڕەوکردنی دەسەڵاتەکانی لەچوارچێوەی بەها سەرەکییەکانی کۆمەڵگادا بۆ دەستەبەربکا، لەگەڵ ئەوەیشدا پارێزگاریکردن لە یەکێتیی نیشتمانیو سەلامەتیی



کۆمەڵایەتی بۆ زامن بکرێ، هەروەها جەخت لەچالاکییەکانی دەکرێ لەرووی زامنکردنی مافی هاووڵاتیان بۆ زانینو پەیوەندیکردن بەهەواڵی راستەوە".

دەشێ تێکڕای کارەکانی ئەنجومەنەکە بەمجۆرە بخرێتەروو:

1–رەئیدان لەو پرۆژەی یاسایانەی کاروباری رۆژنامەنووسی رێکدەخەن.

2–گرتنەبەری هەموو ئەوانەی لەئەستۆدان بۆ پشتگیریکردنی رۆژنامەنووسی میسریو نەشونماکردنو گەشەپێدانی بەو جۆرەی لەگەڵ رەوتی پێشکەوتنی زانستیی هاوچەرخدابێ.

3–پارێزگاریکردن لەکاری رۆژنامەنووسیو زامنکردنی مافەکانی رۆژنامەنووسان،و هەروەها زامنکردنی راپەڕاندنی ئەرکەکانیان بەوجۆرەی کە ئاشکرابێ لەیاسادا.

4–پەسەندکردنی بەڵگەنامەکانی ئابڕوی رۆژنامەنووسیو ئەو رێسا دەستەبەرانە بەزامنبوونی رێزگرتنو جێبەجێکردنی.

5–زامنکردنی لانی کەمی گونجاو بۆ کرێی رۆژنامەنووسانو کارکەرانی دامەزراوە رۆژنامەنووسییەکان.

6–هەموو ئەو پسپۆڕێتییانەی کە رێگاپێدراون لەکاروباری رۆژنامەنووسیی یەکێتیی سۆشیالیستیی عەرەبیو رێکخستنەکانیو هەروەها وەزیری هەستاو بەکاروبارەکانی راگەیاندن کە بەدەق لەیاسای 76ی ساڵی 1970دا ئاماژە بەدامەزراندنی سەندیکای رۆژنامەنووسان کراوە.

7–رازیبوون بۆ رۆژنامەنووس بەمەبەستی کارکردن لەیەکێ لەناوەندەکانی راگەیاندنی نامیسری لەناو کۆماری میسریدا یان لەدەرەوەدا، ئەوەیش دوای بەدەستهێنانی رەزامەندیی ئەو لایەنەی کە کاری بۆ دەکا.

8–گرتنەبەری هەموو ئەوانەی لەئەستۆی دابینکردنی پێداویستییەکانی دەرکردنی رۆژنامەیە،و هەروەها کەمکردنەوەی سەرجەمی ئەو بەربەستانەی رووبەرووی دامەزراوەی رۆژنامەکان دەبنەوە.

9-دیاریکردنی بەشە کاغەز بۆ خولی رۆژنامەکان، و هەروەها دیاریکردنی نرخی رۆژنامەو گۆڤارەکان، و دەستنیشانکردنی نرخی رووبەرووی ئاگادارییە حکومیو کەرتە گشتییەکان بەجۆرێ کە نەبێتە زیانگەیاندن بە مافی خوێنەر لەو رووبەرە نووسینەدا هەروەك چۆن لەعورفی نێودەوڵەتیدا هەیە.

10-پێکهاتن لەنێو رۆژنامەکان لەبوارەکانی ئابوریو کارگێڕیدا کە لەو یاسایەو یاسای سەندیکای رۆژنامەنووساندا بڕیاری لێدراوە، یان بەوجۆرەی زیان بە ئازادیی رۆژنامەنووسو سەربەخۆییەکەی بگەیەنێ.

11-لەگەڵ نەبوونی زیانگەیاندن بەمافی تۆمارکردنی سکاڵای تاوانو مەدەنیو سیاسی، ئەنجومەنەکە لەبارێکی ناکۆکی رۆژنامەنووسەکەدا دەبێ بۆ ئەو ئەرکانەی لەم یاسایەدا یان لەیاسای سەندیکای رۆژنامەنووسان یاخود بەڵگەنامەی ئابڕوی رۆژنامەنووسیدا هاتوون، کەوا لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە پێکبهێنێ کە لەسێ لەئەندامانی پێك دێو لەنێویاندا یەکێ لەرۆژنامەنووسەکان لەگەڵ دوو ئەندامە یاساییەکەدا، کە سەرۆکایەتیکردنی لیژنەکە لەلایەن دوو ئەندامە پێشکەوتووە یاساییەکەوە دەبێ.

12-لەسەر ئەنجومەنی باڵای رۆژنامەنووسییە راپۆرتی ساڵانە بۆ سەرکۆمار بەرزبکاتەوە کە بارودۆخی رۆژنامەنووسی لەخۆبگرێ، لەرووی ئەو مەسەلانەی رۆژنامەنووسی لەخۆیانی دەگرێ، لەگەڵ هەر دەستوەردانێ کە لەئازادییەکەی بدرێ، هەروەها بارودۆخی دامەزراوە رۆژنامەنووسییە داراییو ئابورییەکان.

13-ئەنجومەنی باڵای رۆژنامەنووسی پاشکۆیەکی جێبەجێکردن بۆ یاسای رۆژنامەنووسی دەردەکا، سەرباری بەڵگەنامەی ئابڕوی رۆژنامەنووسی.(37)

لەسەر ئەنجومەنی باڵای رۆژنامەنووسییە دوو مەسەلەی گرنگ بپارێزێ: یەکەمیان پەیوەندداره بەدەرکردنی رۆژنامە بە ئاگادارکردنەوە، نەوەك بەرێگاپێدان، کە ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە لەتوانایدا دەبێ پشتگیری ئازادیی رۆژنامەنووسی بکا، و مەسەلەی دووەمیان دەستنیشانکردنی موڵکایەتیی رۆژنامەی نەتەوەییە، هەروەك چۆن دەقی بەندی (22)ی ئەم یاسایە ئاماژە بەوە دەکا دامەزراوە رۆژنامەنووسییە نەتەوەییو رۆژنامە نەتەوەییەکان بە موڵکایەتییەکی تایبەتی بۆ دەوڵەت دادەنرێن، ئەنجومەنی شورا پەیڕەوی مافەکانی موڵکایەتیکردنی دەکا. مانای ئەوەیە ئەم رۆژنامە حکومیانە لەلایەن نوێنەرانی گەلەوە بەڕێوەدەبرێن کە بەگوێرەی ئەو یاسایە ئەوان ئەندامی ئەنجومەنی شوران، سەرباری ئەو لایەنە کارگێڕییەی بە ئەرکی بەڕێوەبردنی هەڵدەستی کە موڵکایەتیکردنەکەی بۆ دەوڵەتەو دەکەوێتە نێو چوارچێوەی موڵکایەتیی تایبەتەوە. یاسادانەرەکە ئەم مەسەلەیە روونەکاتەوە هەروەك چۆن لەبەندی 23ی ئەم یاسایەدا هاتووە گرێبەستی کاری تاکانەییە کە پەیوەندیی نێوان کارگەران لەو دامەزراوە رۆژنامەنووسیانەو هەروەها نێوان دامەزراوە رۆژنامەنووسییەکان رێکدەخا، هەروەك چۆن لەم بەندەدا ئاماژە کراوە بە رێپێدانی گواستنەوە لەنێو ئەم دامەزراوانەدا بۆ بەرژەوەندیی کارکردن لەدامەزراوەیەکی تری رۆژنامەنووسی ئەوەیش بەبڕیاری ئەنجومەنی باڵای رۆژنامەنووسی بەجۆرێ دەبێ کە ئەو گواستنەوەیە لەئەرکێکەوە بۆ ئەو ئەرکەی تر کە دەگوێزرێتەوە، ئەوە دوای پەسەندکردنی هەردوو دامەزراوەکەبێ، ئەوەی کە لێیەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەوەی کە بۆی گوێزراوەتەوە.

یاسادانەرەکە دەقێکی تر لەبەندی 28ی ئەو یاسایە زیاددەکا، کە تیایدا هەست بە پێکهاتەی حکومی رۆژنامە نەتەوەییەکان دەکەین کە بەدەق هاتووە دەبێ تەمەنی خانەنشین بوون بۆ کارکەرانی دامەزراوە رۆژنامەنووسییەکان لەرۆژنامەنووسانو کارگێڕییەکانو کرێکارەکان شەست ساڵ بێ، و ئەنجومەنی باڵای رۆژنامەنووسی بەراسپاردنی لەلایەن ئەنجومەنی کارگێڕیی دامەزراوەکەوە بۆی هەیە ساڵ بە ساڵ درێژبکاتەوە تاوەکو ساڵی شەستو پێنج، بەمەرجێ کەی تەمەنی گەیشتە شەست ساڵ نابێ بەسەرۆکی دامەزراوەکە یان سەرنووسەر یاخود ئەندامی ئەنجومەنی نووسین بمێنێتەوە.

www.pertwk.com

لەگەل ئەوەیشدا وردبوون لەپێکهاتەی حکومی بۆ ئەو رۆژنامە نەتەوەییانە، یاسادانەرەکە بەدەق لەبەندی 2/26دا ئاماژە بەوە دەکا دەزگای ناوەندی بۆ ژمێریاری لەسەریەتی بە دەفتەرو پسوڵەی دامەزراوە رۆژنامەنووسییە نەتەوەییەکاندا بچێتەوە، و راپۆرتێك سەبارەت بەئەنجامی پشکنینەکەی پێشکەش بکا، و لەمبارەیەوە ئەنجومەنی شورا، و ئەنجومەنی باڵای رۆژنامەنووسی، و کۆمەڵەی گشت لەو راپۆرتە ئاگاداربکاتەوە.[38]

دواجار دەگەینە ئەوەی ئازادیی رۆژنامەنووسی لەمیسر ماوەی بەستن و پەککەوتەیی لەهەندێ کاتدا بەخۆوە بینی، هەروەك چۆن ماوەی کرانەوەو ئازادبوونیشی لەماوەکانی تردا بەخۆوە بینی، ئەوەیش بەگوێرەی رژێمی حوکمڕان لەهەریەکێ لە ماوە جیاجیاکان و بەوە ئەوە بەدیدەکەین ئازادیی رۆژنامەنووسی لەرێگای ئەو دەسەڵاتەی لەسەر حوکمە دیاریدەکرێ، و ئەمەیش بۆ سەرجەمی کاتەکان دەشێ.

## پوختە:

چەمکی خۆرئاوایی بۆ ئازادیی رۆژنامەنووسی گریمانەی ئەوە دەکا ناوەندەکانی راگەیاندن هەستن بە تەعبیرکردن لە راو بۆچوونە جیاوازەکان سەبارەت بە ئەو بابەتانەی بەهۆی بازاڕی ئازادیی بیروبۆچوونەکانەوە لەلای جەماوەر جێگای بایەخن. ئازادیی رۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا لەرێی سێ تیۆری سەرەکییەوە گەشەیسەند: تیۆری دەسەڵات، و ئەم تیۆرە لەماوەی هەردوو سەدەی شانزەیەم و حەڤدەیەمدا تەشەنەیسەند، و رۆژنامەنووسی بەگوێرەی ئەم تیۆرە پابەنددەبێ بە پشتگیریکردنی هەموو ئەو شتانەی لە حکومەت و دامەزراوەکانییەوە دەردەچن، لەگەڵ داکۆکیکردن لە سیاسەتەکانی حوکمڕانیکردن.

فەلسەفەی ئازادیش لەکۆمەڵگا خۆرئاواییەکان و ئەنجامی بانگەشەکانی ئازادی دەرکەوت کە هەریەکە لە "جۆن میلتۆن" و "جۆن لوك" لەبریتانیا، و "ڤۆڵتێر" و "رۆسۆ" لەفەرەنسا بانگەشەیان بۆ دەکرد. ئامانج لەتیۆری ئازادی کەمکردنەوەی ئەو کۆت و بەندانەیە کە دەوڵەت بەسەر تاکیدا دەیانسەپێنێ ئەوەیش بۆ کەمترین رادە کە لەتوانادابێ. لەئەنجامی خراپ بەکارهێنانی ناوەندەکانی راگەیاندنیش بۆ چەمکی ئازادی لەماوەی هەردوو سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا، تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دەرکەوت کە رەفزی تاکێتیی رەها دەکا هەروەك چۆن لە لیبراڵییەتی سەدەی نۆزدەیەمدا هەبوو، و ئەم تیۆرە داوای پێویستیی هاوسەنگیکردن دەکا لەنێوان ئازادیی تاك و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگادا.

ئەو سێ تیۆرەی پێشوو هاودەمی کۆمەڵگای ئەمەریکی بووە بەدرێژایی گەشەکردنی، و دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و راگەیاندنی دەوڵەت لە ساڵی 1789دا، کۆنگریس "بەڵگەنامەی مافەکان"ی لەساڵی 1801دا دانا کە ئامانج لێی رێگانەدانە بە حکومەتی نوێی ناوەندی بەدەستوەردانی مافە تاکییەکانی گەلی ئەمەریکا. ئازادیی رۆژنامەنووسی لەویلایەتە یەکگرتووەکان پشت دەبەستێ بە مافەکانی یەکەمین چاککاریی دەستوری ئەمەریکی کە تیایدا بەدەق ئازادیی رادەربڕین و ئازادیی رۆژنامەنووسی هاتووە، و دەکرێ لەرێگای ئەو رێسایانەی دادگای دەستوری باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکان دەریاندەکا، ئەو ئازادییانە لێکبدرێنەوە، و لێکدانەوەی ئەو دادگایەیش بۆ ئازادیی رۆژنامەنووسی بەگوێرەی بارودۆخەکان جیاوازبووە، و لەئەنجامی ئەوەیشەوە پێنج تیۆر بۆ لێکدانەوەی مافەکانی یەکەمین چاککاریی دەستور هاتوونەتە بەرهەم، ئەوانیش: تیۆری خولیای خراپ، و تیۆری مەترسی ئێستایی روون و ئاشکراو تیۆری هاوسەنگیی بەرژەوەندییەکان، و تیۆری بارودۆخی باشتر، و هەروەها تیۆری پۆزەتیڤ بۆ یەکەمین چاککاری–ن.

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگا پەرستێنەکان چەندین کۆت و بەند بەسەر ئازادیی رۆژنامەنووسیدا دەسەپێنن، سەرباری ئەوەی لە دەستوری ئەو دەوڵەتانەدا بەروونی و ئاشکرایی ئازادیی رادەربڕین و رۆژنامەنووسی هاتووە، و ئەو دەوڵەتانە زنجیرەیەك یاسای کۆت وبەندکراو بۆ ئەو ئازادییە

www.pertwk.com

دادەنێن‌و ئەو کۆت‌و بەندانەیش لەفشاری یاسایی، فشاری سیاسی‌و ئابوری، فشاری نهێنی،و هەروەها فشاری راستەوخۆدا خۆیان دەنوێنن.

لەسەرجەمی دەستورەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکاندا ئازادیی رۆژنامەنووسی‌و ئازادییەکانی تری پەیوەندیدار پێیەوە وەك ئازادیی رادەربڕین‌و چاپ‌و بڵاوکردنەوە ئاماژەیان بۆ کراوە، لەهەموو بارەکاندا بەکۆت‌و بەندی یاسایی‌و بەدارشتنی هەمەجۆرەوە بەستراوەتەوە،و دواتر پرەنسیپە ئاشکراکان لەدەقە دەستورییەکاندا جیاوازن لە پەیڕەوکردنی عەمەلی بۆ ئازادیی رادەربڕین‌و رۆژنامەنووسی.

میسر بەیەکێ لە پێشکەوتووترین دەوڵەتە عەرەبییەکان دادەنرێ کە رۆژنامەنووسی ناسیووە،و پەیڕەوی ئازادیی رادەربڕینی کردووە،و رادەی ئەو ئازادییە رۆژنامەنووسییەی میسر پێیگەیشتووە بەستراوە بە پێکهاتەی رژێمی باوی حوکمڕان‌و زنجیرەیەکی درێژ لەکۆت‌وبەندی یاسایی‌و یاسادانان.



## سەرچاوەکانی فەسڵی دووەم




(1)عماد عبدالحمید النجار: الوسیط فی تشریعات الصحافة (القاهرة: مکتبة الانجلو المصریة، 1985) لاپەڕە 67.

(2) Dennis, Everette E. And Merrill, John C. Baslc Issues In Mass Communication (N. Y.: Macmillan Publishing Company, 1984) P. 1.

(3) Nasser, Munir K. "News Values Versus Ideology: A third World Perspective" In Martin, L. J. and chaudhary, A. G. Comparative Mass Media Systems (N. Y.: Longman Inc., 1983) P. 6.

(4) فاروق أبو زید: النظم الصحفیة فی الوطن العربی (القاهرة: عالم الکتب، 1986) لاپەڕە 7.

(5) عماد عبدالحمید النجار: (1985) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی 97-99.

(6) فاروق أبو زید: (1986) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی 8-9.

(7) عماد عبدالحمید النجار: (1985) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 100.

www.pertwk.com


(8) **فاروق أبو زيد:** (1986) **سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی** 11–13.

(9) Hardt, Hanno "Press Freedom In Western Societies" In Martin, L. John and chaudhary, An Ju Grover Comparative Mass Media Issues (N. Y.: Longman Inc., 1983) P. 304.

(10) Fink, Conrad C. Media Ethics in the Newsroom and Beyond (N. Y.: McGraw-Hill, Inc., 1988) P. 8.

(11) Merrill, John Calhoun The Imperative of Freedom (N. Y.: Hastings House, 1974) P. 18.

(12) Hiebert, Ray Eldon And Reuss, Carol Impact of Mass Media (N. Y.: Longman Ine., 1988) P. 37.

(13) Schudson, Micheal Discovering the news (N. Y.: Basic Books, 1978) P. 122.

(14) Fink, Conrad C. (1988) op. cit, P. 9.

(15) Ibid, PP. 10-11.

(16) **فاروق أبوزيد** (1986) **سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە** 16.

(17) Holshinger, Ralph L. Media Law (N. Y.: Random House, 1987) P. 9.

(18) Ibid, PP. 13-15.

(19) Ibid, PP. 23-24.





(20) Ibid, PP. 25-26.

(21) Ibid, P. 27.

(22) Fink, Conrad C. (1988) op. cit, PP. 13-14.

(23) Holsinger, Ralph L. (1987) op. cit, P. 28.

(24) Dennis, Evere tte E. And Merrill. John C. (1984) op. cit, PP 9-10.

(25) Gastil, Raymond d. Freedom In the World (N. Y.: Freedom Hous, 1979) P. 63.

(26) Sommerlad, E. Lioyd The Press in Developing Countries (Sydney Australia: Sydney university Press, 1966) P. 142.

(27) Nasser, Munir K. (1983) op. cit, PP. 44-45.

(28) Ibid, P. 49.

(29) Martin, L. John Aand Chaudhary. Anju Grover Comparative Mass Media Issues (N. Y.: Longman Inc., 1983) PP. 310-312.

(30) Ibid, PP. 321-324.

(31) **راسم محمد الجمال: الاتصال والاعلام فى الوطن العربى (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ط أولى،** 1991) **لاپەڕەکانی** 23–24.

(32)**هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی** 27–28.

www.pertwk.com

(33) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی 33-36.

(34) خلیل صابات: الصحافة رسالة و استعداد و فن و علم (القاهرة: دار المعارف بمصر، ط 2، 1967) لاپەڕەکانی 283-284.

(35) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی 285-286.

(36) عماد عبدالحمید النجار: (1985) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی 104-110.

(37) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی 137-141.

(38) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی 143-144.

www.pertwk.com

دیریازیی دیییم

# ئازادیی رادەربڕینو مافەکانی کۆمەڵگا

## فەسڵی سێیەم

*سانسۆری حکومیو یاساکانی هاندان

## فەسڵی چوارەم

*سانسۆری رێکخستنەکانی تایبەت بە ناوەندەکانی
راگەیاندن

## فەسڵی پێنجەم

*ناوەندەکانی راگەیاندنو حکومەت.. کێ چاودێری کێ دەکا؟

www.pertwk.com

# فەسڵی سێیەم

## سانسۆری حکومی‌و یاساکانی هاندان

⋆سانسۆری حکومی.

⋆یاساکانی سانسۆر لە کۆمەڵگای ئەمەریکیدا.

⋆ناوەنـــدە بیســـتراوو بینراوەکـــانو کۆتوبەنـــدی پێشـــوەخت لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا.

⋆داهـاتووی رێکخسـتنە حکومییـەکانی ناوەنـدەکانی راگەیانـدن لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا.

⋆یاساکانی سانسۆر لەکۆمەڵگا پەرستێنەکاندا.

# فەسڵی سێیەم

## سانسۆری حکومیو یاساکانی هاندان

### دەسپێك:

دوای ئەوەی "جۆن گۆتێنبێرگ" ئامێری چاپی بزۆکی داهێنا،و چاپخانەکەی لەناوەڕاستی سەدەی پانزەیەمدا بەڕێوەبرد، دەسەڵاتەکان لەکۆمەڵگاکانی خۆرئاوادا دەرکیان بەوەکرد ئازادیی چاپ دەشێ ببێتە جێگای هەڕەشە بۆ سەر نفوزو دەسەڵاتەکەیان، کە چاپی ئامێر یارمەتیدەرە بۆ ئاسانیو خێرایی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان، کە ئەوکات زانیارییەکانو زانینەکان جۆرێ لەمەترسییان بۆ دەسەڵاتە توندوتیژەکان دروست دەکرد، دواتر ئەو دەسەڵاتانە گەیشتنە ئەو باوەڕەی چاکتروایە چاپخانەکان بخرێنە ژێر کۆنترۆڵکردنی وردەوە،و لەمبارەیەوە خاوەنی چاپخانەکان بەرەنگاربوونەوە؛ بۆ ئەوەی مافی چاپکردن بەبێ ڕەزامەندی یان سانسۆر یاخود هەر کۆتو بەندێکی پێشوەخت لەلایەنی هەر کەسێ یان حکومەت یاخود گروپەکانی فشارەوەبێ، بۆ خۆیان مسۆگەربکەن، ئەوەیش بۆ ڕەوتی بڵاوکردنەوەی ئازادیی زانیارییەکان.(1)

ئەم فەسڵە سانسۆری حکومیو یاسا جێبەجێکراوەکانی هاندان لەهەندێ لەکۆمەڵگاکاندا لەخۆدەگرێ لەگەڵ ڕۆشنایی خستنەر سەر ئەو یاسایانەی سانسۆر لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا،و هەروەها هەندێ لەو کۆتو بەندانەی دادگای دەستوریی باڵا بەسەر ئازادیی ڕۆژنامەنووسییدا سەپاندونی، لەگەڵ



www.pertwk.com

ئەو کۆتوبەندە پێشوەختانەی سەر فیلمە سینەماییەکان،و داهاتووی ڕێکخستنە حکومییەکان لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا.

هەر لەم فەسڵەدا شێوازەکانی سانسۆر لەکۆمەڵگا پەرستێنەکاندا دەخرێنە ڕوو، ئەمە سەرباری پاساوەکانی ئەو سانسۆرە، لەگەڵ ئەو یاسایانەی سانسۆر کە لەهەندێ لەکۆمەڵگا عەرەبییەکاندا جێبەجێ دەبن.

### سانسۆری حکومی:

وشەی سانسۆر Censorship بەیەکێك لەناشیرینترین وشە لەسەرجەمی زمانەکاندا دەژمێردرێت، سەرباری ئەوەی ئازادی نابێ ڕەهابێ،و سانسۆریش نابێ لەکۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا بوونی هەبێ.(2)

یەکەمین جەنگ کە بۆ ئازادیی هەڵایسانی زانیاری دەرکەوت لە بریتانیادابوو: لەساڵی 1534دا "هنری حەوتەم" HenryVIII پێویستیی وەرگرتنی ڕەزامەندیی کارکردنی بەسەر چاپخانەکاندا سەپاند،و ئەو کۆتوبەندە بەسەپێنراوی بەسەر چاپخانەکاندا مایەوە؛ تا ئەوکاتەی پارلەمانی بریتانی لەساڵی 1694دا بڕیارەکەی هەڵوەشاندەوە.(3)

فەیلەسوفە دەسەڵاتخوازەکان –لەپاساوهێنانەوەیاندا بۆ سانسۆری حکومی– وانیشان دەدەن بایەخدان بەدەوڵەت دەبێ جێگایەکی شکۆو دەسەڵاتێکی باڵاتری لەجێگای تاك هەبێ. "تۆماس هۆبز" وەهای نیشانداوە دابەشکردنی دەسەڵات یان موڵکایەتیکردن دەشێ هەڕەشەبێ بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی "ئاژاوەچێتی" Anarchyو هەموو شتێ بخاتە ژێر بەزەیی ئەو خێزانانەی دژی ئەو بارۆنانەن کە پێشتر زەوییەکانیان تاڵان دەکردو دانیشتوانەکەیان دەردەکرد. هەربۆیە بۆ حوکمدانی کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت یاسای "هاندان بۆ ناوزڕاندن" Seditious Libel دانرا ئەوەیش بۆ زاڵبوون

بەسەر ئەگەری روخاندنی حکومەتی دان پیانراو، و رەخنەگرتنی شەخسی بۆ خودی پاشا بووە تۆمەتیٚ کە سزاکەی گەیشتە رادەی کوشتن.

بۆیە ئەرکی رۆژنامەنووسان بوو پشتگیری لەرژێمی پاشایەتی بکەن و سیاسەتەکانی دەوڵەت بڵاوبکەنەوەو هەوڵی ئاشوب نانەوەو هێرشکردنە سەر دەسەڵاتەکان نەدەن، و رژێمی پاشایەتی دەسەڵاتخوازیش چەندین شێوازی بۆ حوکمڕانیکردن بۆ رۆژنامەنووسی بەخۆوە بینی، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

1–سانسۆری راستەوخۆ بەسەر چاپخانەکاندا بەر لەبڵاوکردنەوە.

2–بەخشینی رەزامەندی بۆ مافەکانی چاپکردن، و پاوانکردنی قازانج وەك بەخششیٚ بۆ خاوەنی ئەو چاپخانانەی دڵسۆزی دەوڵەتن ئەمەیش بۆ ئەوەی بەردەوام بن لەدڵسۆزییان، و لەماوەی سەدەی حەڤدەیەمدا کۆمپانیای Stationer’s Company توانی کۆنترۆڵی بازرگانیکردنی چاپەمەنییەکان بکا لەبریتانیادا، و هەروەها دەیشیتوانی سزای ئەوانەیش بدا کە سەرپێچی لەبڕیارەکانی دەکەن.

3–سکاڵاکردن لەبڵاوکەرەوەکان لەلای دادوەر Prosecution of Publishers کە بازاڕیان بۆ ئەو بابەتانەی ئارەزوویان لیٚ ناکریٚ گەرم دەکرد. بۆ نمونە جۆن ستوبس John Stubbes, لەساڵی 1579دا ناڕەزاییەکی لەدژی شوکردنی شازادە "ئەلیزابیث" Elizabeth بە "دۆك ئەلینکۆڵن" Duke of Alencon بڵاوکردەوە، و حکومەت ئەو ناڕەزاییەی بەهاندان بۆ ناوزڕاندن دانا، و حوکمی "ستوبس"و دووان لەیاریدەدەرانی بەبڕینی دەستی راستیان درا.

4–سەپاندنی باجی تایبەت بۆ سنوردانان لەبڵاوکردنەوەی رۆژنامەکان، کە بە "باجی زانین" Taxes of Knowledge ناسرابوو.

لەساڵی 1644وە کاردانەوەی فیعلی خۆرئاوایی لەدژی فەلسەفەی دەسەڵاتخوازیو سانسۆری حکومی دەستیپێکرد، ئەوەیش لەوکاتەدا کە "جۆن میلتۆن" شاعیری ئینگلیزیو دانەری Areopagiticaی بەناوبانگ وەك پاساویٚ لەدژی سانسۆری حکومی، داوای بوونی کۆمەڵگایەکی ئازادو کراوەی کرد کە تیایدا راستی لەدرۆ جیابکرێتەوە، و هەروەها گریمانەی ئەوەی کرد هاووڵاتی ئاسایی دەیشتوانیٚ چەوتی لەراستی جیابکاتەوە، و هەمیشە "میلتۆن" جەختی لەوە دەکردەوە "راستی دەشیٚ سەربکەویٚ ئەگەر خەڵکی زانیاریی پێویستو بواری حوکمڕانیکردنیان بۆ فەراهەم بکریٚ".

لەگەڵ ئەوەیشدا "تۆماس جیفرسۆن" Thomas Jefferson, دوای ئەوە بەچەند ساڵێك نووسی "لەبری بوونی حکومەتی بیٚ رۆژنامە، چاکتراوایە رۆژنامەی بیٚ حکومەت هەبیٚ".

لەبری فەیلەسوفەکانی دەسەڵات کە دەوڵەتیان خستبووە سەرووی هەموو شتێکەوە. فەیلەسوفەکانی ئازادی جێگایانی گرتەوە کە تاکیان کردە سەنتەری گەردوون و رایان وابوو مافە پیرۆزەکانمان زۆر زۆر گرنگترن لەمافەکانی دەوڵەت، و رۆڵی حکومەت ئەوەیە دڵنیابێتەوە لەوەی چەندە لەتوانادا هەیە کەسەکان پەیڕەوی ئەو مافانە بکەن.[4]

کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان پابەندن بە نەبوونی سەپاندنی سانسۆر بەسەر ناوەندە چاپکراوەکان، و هەروەها ئازادیی رەها بۆ رۆژنامەنووسان بەجێدەهێڵیٚ لەپەیڕەوکردنی کارەکانیاندا تا ئەو رادەیەی هەست بە بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییەکانیان بکەن و هەڵسەنگاندنیان بۆ بارودۆخی کۆمەڵگاکەیان هەبیٚ، لەگەڵ مەترسییەکانی وشەو کاریگەرییەکانی، بۆیە لەنمونەی ئەو تێڕوانینەدا رۆژنامەنووسان بەوەوە پابەنددەبن بیٚ ئەوەی دەوڵەت لەمبارەیەوە هیچ یاسایەك دەربکا، بەڵکو لەرێگای بەڵگەنامەی ئارەزومەندانە بۆ ئەخلاقی پیشەکە. بەڵام کۆمەڵگا پەرەستێنەکان بەتەنها پشت نابەستن بە ویژدانی رۆژنامەنووسەکەو هەستە نیشتمانپەروەرییەکانی، بەڵکو یاسای دانراوو یاساکانی راگەیاندن لەحۆدەگرن کە رۆژنامەنووسان ناچاردەکەن بە پارێزگاریکردن لەبەهاکانی کۆمەڵگاکە، و سەپاندنی سزا بەسەر ئەوانەی سەرپێچییان لێدەکەن.

www.pertwk.com



## یاساکانی سانسۆر لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا:

چەمکی ئەمەریکی بۆ ئازادیی رۆژنامەنووسی پشت دەبەستێ بە بەربەرەکانێکردنی باوەڕە دەسەڵاتییەکان، و بیری ئەمەریکی فەلسەفەی ئازادیخوازی بونیاددەنێ، و هەروەها دەستوری ئەمەریکیش ئازادیی ناوەندەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان فەراهەم دەکا، و تارادەیەکی زۆر ناوەندە چاپکراوەکان ئەو ئازادییە بەخۆوە دەبینن، لەکاتێکدا ناوەندەکانی پەیوەندیکردنی ئەلکترۆنی لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا ملکەچی دەسەڵاتی هەندێ لەئاژانسە حکومییەکانن وەك لیژنەی پەیوەندیکردنەکانی فیدراڵی FCC لەسەر ئاستی نیشتمانی، و یەکێتیی پەیوەندیکردنی نێودەوڵەتی ITU لەسەر ئاستی جیهانی.[5]

هەروەها رۆژنامەنووسیی ئەمەریکی لەژێر سایەی یەکەمین چاککارییدا کە بەدەق هاتووە کۆنگرێس هیچ یاسایەك دانانێ رێگربێ لەبوونی ئازادیی رادەربڕین یان ئازادیی رۆژنامەنووسی، و دواتر کاری رۆژنامەنووسی لەدەرەوەی چوارچێوەی ئەو کۆتوبەندە یاساییانەدا دەبێ کە کۆنگرێس دایان دەنێ. لەگەڵ ئەوەیشدا لەچواردەیەمین چاککارییدا هاتووە "دەست وەرنەدانی تەواوەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئیمتیازەکانی هاووڵاتیانی پەیوەندیدار بە ئازادیی رادەربڕین و رۆژنامەنووسی".[6]

لەگەڵ ئەوەیشدا دەستوری ئەمەریکیی ساڵی 1867 بڕیاریدا "هیچ ویلایەتێك ئەو مافەی نییە یاسایەك بسەپێنێ کە ئیمتیازو حەسانەکانی لە هاووڵاتیانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بێ بەش بکا. هەر بڕیارێکی تایبەت بەئازادیی رۆژنامەنووسیش بەتەنها مافی دادگای دەستوری باڵا دەبێ". زۆر بەدەگمەن حکومەتی ئەمەریکا تەنانەت لەکاتەکانی جەنگیشدا سانسۆر بەسەر ناوەندەکانی راگەیاندندا دەسەپێنێ. بەدرێژایی جەنگی ئەهلی سوپا چاودێریی سیستمی تەلەگرافی دەکرد بۆ ئەوەی بەربگرێ لەرۆژنامەکان بۆ وەرگرتنی ئەو هەواڵانەی باس لەتێکشکانەکانی یەکێتیی فیدراڵ دەکەن، و بەکارهێنانی ئەو رێوشوێنانەیش بۆ دواخستنی بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە خراپ و زیانبەخشانەبوو کە بەخراپ بۆ یەکێتی دەکەوتنەوە. لەماوەی یەکەمین جەنگی جیهانیشدا سانسۆر خرایە سەر سیستمی پۆست، و ئەو رێگاپێنەدانەیش لەبنەڕەتدا لەدژی رۆژنامەکانی پارتی سۆشیالیستی بوو.[7]

بەدرێژایی ماوەی سەدەی نۆزدەیەم پێویست بوو یەکەمین چاککاریی لەدەستوری ئەمەریکیدا مافەکانی هاووڵاتیان –بەپلەی جیاجیا– لەگەڵ خاوەنی چاپخانەو بڵاوکەرەوەکان بپارێزێ، لەرووی ئازادیی رادەربڕین و چاپەمەنی بەبێ کۆتوبەندی پێشوەخت Prior Restraint لەلایەنی حکومەتەوە. دادگای دەستوری باڵا پارێزگاری لەو مافانە کرد، جگە لەو بارە هەڵاوێژییانە نەبێ کە خۆیان لەباری ئیمتیازە تایبەتییەکانی سەرکۆمارو سمبولە نیشتمانییەکاندا دەبیننەوە، لەگەڵ پارێزگاریکردن لەیەکبوونی نەتەوە لەکاتی ماوەی جەنگەکەدا، و هەروەها رووبەرووبوونەوەی سیخوڕیکردن، و پارێزگاریکردن لەئاسایشی نەتەوەیی، و پاراستنی نهێنییەکانی وەزارەتی بەرگری، و سەرجەمی ئەو بارودۆخانەی دەوڵەت تیایاندا رووبەرووی مەترسی روون و ئاشکرا دەبێتەوە، و بۆ ئەو بارودۆخانەیش دەبێ ئەمانە بخەینە روو:

"جۆرج واشنتۆن" George Washington,ی سەرۆکی ئەمەریکا رۆژانێ خۆشی بینی لەو ئیمتیازە تایبەتەی کە دەستور پێی بەخشیبوو لە حوکمدان لەجۆری ئەو زانیارییەی دەتوانێ بیداتە جەماوەر یان لێیانی بشارێتەوە With holding کە ئەوە بە بەشێ لەمافە دەستورییەکانی سەرکۆمار لەبەڕێوەبردنی کاروباری دەرەوەو ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرا، و "جۆرج واشنتۆن"یش ئەو مافە دەستورییەی لەساڵانی 1792و 1796دا بەکارهێنا.

"ریچارد نیکسۆن"یش هەوڵیدا ئەو مافە لەکاتی ئابڕووبەرییەکەی "وۆتەرگێت"دا بەکاربهێنێ، کە بەهۆی ئیستغلالکردنی ئەو ئیمتیازە ئەو

www.pertwk.com

تۆمارکراوە دەنگیانەی نەخستەروو کە لەکۆشکی سپیدا جێبەجێکرابوون، و وای نیشاندا ئەو شریتانە دەبێ ڕێگای بڵاوکردنەوەیان نەدرێ، چونکە وتووێژی نهێنیی خۆی و ڕاوێژکارەکانی لەخۆگرتووە. کاتێ دادگای دەستوری باڵا گوێی لەو شریتانەبوو، دادگاکە ڕازیبوو بە ئارەزووەکەی سەرۆك لەپارێزگاریکردن لەنهێنیی تۆمارکارییەکانی لەگەڵ ڕاوێژکارەکانیدا، و لەهەمان کاتدا دادگا ئەوەیشی پەسەندکرد ئەو پارێزگاریکردنە پاساوێکی تەواو نییە بۆ شاردنەوەی ئەو شریتانە لەدەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە لەحاڵەتی بوونی هەوڵی تاوانکاریدا، هەروەك چۆن دادگاکە بڕیاریدا بە لێنەدانی ڕێوشوێنەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەکاتی ئازادکردنی ئەو شریتانەدا.(8)

لەماوەی یەکەمین جەنگی جیهانی و لەساڵی 1917دا کۆنگرێس ڕەزامەندی لەسەر یاسای سیخوڕیکردن بۆ هەمووان Espionage Act نیشاندا، و قوربانیانی ئەو یاسایە ژمارەیەکی زۆری ئەو هاووڵاتییە ئەمەریکییانە بوون کە بە بنەچە ئەڵمانین، هەروەها کۆمۆنیستە ئەمەریکییەکان، و ئەو کەسانەیش کە قسەکانیان بەکاریگەر دادەنرێ بۆ ڕۆحی مەعنەویی هاووڵاتیان.

لەساڵی 1918یشدا کۆنگرێس ڕەزامەندیی نیشاندا لەسەر یاسای هاندانی ئەمەریکی Sedition Act کە بەگوێرەی ئەو یاسایە بڵاوکردنەوەی هەر ڕاپۆرتێکی درۆ بەدەستوەردان دادەنرێ لەهەوڵەکانی حکومەت و لەکاتی جەنگی جیهانیشدا تاوانێکە یاسا سزای بەسەردا دەدا، و لەگەڵ ئەوەیشدا بڵاوکردنەوەی هەر شتێ لەبارەی مەسەلە سەربازییەکانەوە.

لەماوەی ساڵانی 1918 و 1919دا نزیکەی دوو هەزار هاووڵاتی ئەمەریکی بەهۆی بڵاوکردنەوەی بۆچوونە ئۆپۆزیسیۆنەکانیانەوە لەحکومەت و بەتۆمەتی هاندان، دەستگیرکران.

لەگەڵ ئەوەیشدا یاسای هاندانی ئەمەریکی لەماوەی دەیەی سییەکان (ی سەدەی بیستەم–و.ك)داو لەئەنجامی سستبوونی ئابوری و ڕمانی کۆمەڵایەتیدا کە لەو ماوەیەدا ئەمەریکا بەخۆیەوە بینی، کاری پێکرا. هەروەها لەدوای دووەمین جەنگی جیهانیش کار بەهەمان یاسا کرا ئەویش لەئەنجامی ئەو گرژییەی کە لەپەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتیی سۆڤیەت (ی جاران–و.ك)دا دروست بووبوو.

بەشێوەیەکی گشتی چ لەسەر ئاستی حکومەت یان تاکەکان بێ، ئارەزوویەکی تایبەت بە پارێزگاریکردنی خود لەئارادایە؛ بۆیە هەموو دەوڵەتێك کار بۆ دانانی جۆرە یاسایەك دەکەن کە سزای ئەو کەسانەی کار لەدژی حکومەت دەکەن کەم بکاتەوە، بۆ نمونە ئەو کەسانەی ڕووی چەکەکانیان دەکەنە حکومەتەکانیان، لەئامادەباشیدا دەبن چ بۆ دەسکەوتێك و سەپاندنی ئیرادەیان، یان ڕووبەڕووبوونەوەی زیندان یاخود نەفیکردن یان مردن، و لەهەموو دەوڵەتەکاندا ئەو یاسایانە پەسەنددەکرێن کە بەردەگرن لەروخان و توندوتیژی، و ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بەدەرنییە لەو یاسایانە. کێشەی ئەو یاسایانە ملنەدانە بۆ ئەو هێڵی جیاکەرەوەیەی لەنێوان ئەو وشانەدا هەیە کە داکۆکی لەگۆڕانکاری دەکەن لەسیاسەتەکانی حکومەت یان شێوەی حکومەت، و وشەکانی تریش سووربوونە بۆ هەڵایسانی شۆڕش یان یاخیبوون To Provoke Rebellion. بۆیە داکۆکیکردن لەگۆڕانی ئاشتیخوازانە سیاسەتە، و لەهەمان کاتدا داکۆکیکردن لەگۆڕان بەتوندوتیژی هاندانە.

دوای هەڵایسانی شۆڕش لەروسیا لەساڵی 1917 و دامەزراندنی یەکێتیی سۆڤیەت، لەسەرجەمی پارچەکانی جیهاندا چەند شەپۆلێکی پێکدادان ڕوویاندا، و لەمبارەیەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ئاڕاستەکردنی تۆمەتی هاندانی کۆمۆنیستە ئەمەریکییەکان هاتە دەنگ، ئەو کۆمۆنیستانەی داوای کۆتایهێنانی ئەوەی کە ناویان دەبرد بە "چەوساندنەوەی سەرمایەداری" Copitalist Oppressionیان دەکرد.

www.pertwk.com

بەدرێـژایی سـاڵی 1940 تـرس لەکۆمۆنیسـتەکان گـەورەبوو بەراددەیـەك کۆنگرێس یاسای "سمیث" Smithی دەرکرد کە بەگوێرەی ئەو یاسایە هەر کەسێ داوای روخاندنی حکومەت بکا بەرێگای توندوتیژی یان بیڕوخێنێ، بە وروژاندن دادەنرێو سزاکەی زیندانیو غەرامەیە. هێرشکردنی ژاپۆن بۆ سەر بەندەری "بیرل هاربۆر" لە کانوونی یەکەمی 1941دا بووە هۆی تێوەگلانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەدووەمین جەنگی جیهانیدا، و لەماوەی ئەو جەنگەدا، و تەنانەت دوای کۆتاییهاتنیشی سەرلەنوێ کۆمۆنیستەکانی کاتی ئەو گومانە زۆربووەی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانو یەکێتیی سۆڤیەت هەراسانکرانەوە؛ کە بەجەنگی سارد ناسراوە، و لەو ماوەیەدا سەرجەمی سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیست(شیوعی) خرانە زیندانەوە. لەکۆتایی پەنجاکانیشدا کاتێ پەیوەندیی نێوان ئەو دوو زلهێزە چووە قۆناغی ناسراو بە "قۆناغی ترازان" Detenteوە کۆتایی بەهەراسانکردنی کۆمۆنیستە ئەمەریکییەکان هێنرا.

دادگای دەستوری باڵا لەچەندین حاڵەتدا ئەوەی پەسەندکردووە خەڵکی نابێ رووبەرووی سزا ببنەوە بۆ بەرگریکردنیان لەروخاندنی حکومەت، یان تێکشکاندنی بەتوندوتیژی ئەگەر بەروونیو ئاشکرایی نیەتیان بۆ گرتنەبەری کارێکی زیانبەخشانە نەسەلمێنرابێ، بۆیە لەکاتی جەنگی ڤێتنامدا کاتێ سەدان هەزار هاووڵاتی لەواشنتۆن کۆبوونەوە بۆ سەلماندنی بەرەنگارییان لەو جەنگە، یاسای هاندان لەدژی ئەو خەڵکە ئۆپۆزیسیۆنەو دوای دەستگیرکردنی هەزارانیانو تۆمەتبارکردنیان بە ئەنجامدانی رەفتاری نایاسایی، یاسای هاندانیان لەدژ بەکارنەهێنرا، و لەمبارەیەوە دادگاگان بڕیاریاندا ئەو رێوشوێنە حکومییانە بە زیانگەیاندن بۆ سەر مافەکانی خۆپیشاندەران دادەنرێ. بەوجۆرە دەشێ هەر رەخنەیەك بێ ئاڕاستەی سەرکۆمار، و کۆنگرێس، و حکومەت بکرێ؛ چەندە هێرشەکەیش بریندارکەربێ، تا ئەوکاتەی ئەو هێرشە ناگاتە رادەی بەکارهێنانی توندوتیژی یان هاندان بۆ سەری.(9)



لەگەڵ ئەوەی دادگای دەستوری باڵا نەرمو نیانە لەگەڵ هەر جۆرێکی رادەربڕین یان ئەو نووسینانەی کە بەئامانجی ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتو هێرشکردنە سەر سیاسەتەکانی دەکرێن، ئەوە بەدی دەکەین جۆرێ لەرادەربڕین یان نووسین هەیە دەشێ ببنە هۆی سزای زیندانیکردن، دادگاکانی ئەمەریکا هەر هەڕەشەیەکی توندوتیژ کە ئامانج لێی سمبولە گشتییەکان Public Figuresبێ بەهەند وەردەگرن –بەتایبەتی سەرۆکی دەوڵەت– ئەمەیش لەسەر ئەو بنەمایەی ئەو رەخنە رەنگدەداتەوە لەشێواندنی ژیانی سیاسی لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا، بۆیە کەسانی زۆر هەن ئامانجیان ژیانی سەرۆكو هەندێ لە ناوداران بووە بەکوشتن، و لەقوربانیانی ئەو تیرۆرکردنانە سەرۆك "جۆن کەنەدی"و "رۆبێرت کەنەدی" کاندیدکراوی سەرۆکایەتی لەدوای ئەو، و "مارتن لوسەر کینگ"ی گەورە داکۆکیکار لەمافە مەدەنییەکانن. هەندێکی تر هەن لەهەوڵی تیرۆرکردن دەربازیان بووە، لەوانە سەرۆك "جیراڵد فۆرد"* و سەرۆك "رۆناڵد ریگان". لەنمونەی ئەو کارەو هەڕەشانە بەگوێرەی یاسا سزا دانراون. ئەو کەسانەی بەئاشکرا هەڕەشەی کوشتنی سەرۆکەکان دەکەن، یان نامەی هەڕەشەیان بۆ دەنێرن لەلایەن دەزگای هەواڵگرییەوە چاودێریی نهێنیی دەخرێتە سەر جوڵاندنەوەکانیان. مانای ئەوەیش ئەوەیە مافەکانی یەکەمین چاککاریی دەستور بۆ رەخنەگرتن

---

* جیراڵد فۆرد–ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەساڵی 1975و لەسان فرانسیسکۆ رووبەرووی هەوڵی کوشتن بووەوە، و یەکێ لەو جەنگاوەرە دێرینانە رزگاریکرد کە لەرووی سێکسییەوە کەسێکی نائاسایی بوو، هەروەك چۆن زۆربەی رۆژنامەکانی ئەمەریکا لەوکاتەدا ئاماژەیان پێکردبوو، هەربۆیە کۆشکی سپی دەستبەرداری ئەوەبوو سوپاسنامەیەکی پێشکەش بکا لەبەرانبەر ئەوەی کە ژیانی سەرۆك "فۆرد"ی رزگارکردووە!

لەمبارەیەوە بڕوانە: جۆن. ل. هاتلنگ، ئەخلاقی رۆژنامەنووسی (هەمان سەرچاوەی پێشوو)، لاپەڕەکانی 98و99. و.ك

www.pertwk.com

لەحکومەتو بەرگریکردن لەتوندوتیژی پارێزگاری لێناکرێ لەکاتێکدا ئەگەر ئەو رەخنانە هەڵگری هەڕەشەکردن بن بۆ سەر ژیانی سەرۆك یان کەسێتییە گشتییەکانی کۆمەڵگا.

هێشتا یاسای هاندانی ئەمەریکیی ساڵی 1918 کاری پێدەکرێ، کە ئەو مافە بە حکومەت دەدا بەرگری لەخۆی بکا لەدژی ئەوانەی هەوڵی بەکارهێنانی توندوتیژی دەدەن بۆ تێکدانی سیستمی گشتی. ئەو مافەیش بەکارناهێنرێ تەنها لە کاتەکانی فشاری نەتەوەیی ناسکدا نەبێ کە سزای ئەو کەسانەی پێ دەدرێ داکۆکی دەکەن لەبەکارهێنانی توندوتیژی. لەمبارەیەوە دادگای دەستوری باڵا بڕیاریدا بەمافی هێرشکردن بۆ سەر سیستمی گشتی، هەرەندە ئەوە ناکەوێتە دوای هاندانی کەسانی تر بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی دوژمنکارانەو روودانی توندوتیژی خێرا لەدژی رژێم، و کاتێ گرێدانێ لەنێوان قسەو کرداردا دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بەئاسایشی گشتی. بۆ نمونە پۆلیسی ئەمەریکی هیچ پاساوێ بەدی‌ناکا بۆ دەستگیرکردنی یەکێ لەو جوتیارانەی کە کاتێ قسە بۆ ناوەندەکانی راگەیاندن دەکاو دەڵێ باری کشتوکاڵ بۆ نمونە لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا چاك نابێ تاوەکو سەرۆكو حکومەتەکەی لەدەسەڵات دورنەخرێنەوە. نمونەی ئەو زمانە دەشێ وەك بەشێ لەپەیڕەوکردنی دیموکراسی لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا پەسەندکراوبێ؛ لەبەرئەوە لەکاتی جەنگی ڤێتنامداو ئەوکاتەی سەدان هەزار کەس لەبەردەم کۆشکی سپی‌دا خۆپیشاندانیان کرد یاسای هاندان کاری پێ‌نەکرا. لەگەڵ ئەوەیشدا بەکارهێنانی ئەو یاسایە بۆ مافی حکومەت دەمێنێتەوە کە لەباری جەنگ یان پەککەوتنی ئابوریدا بەکاریبهێنێ.[10]

لەساڵی 1931دا ویلایەتی "مینسوتا" Minnesotaی ئەمەریکا یاسایەکی دەرکرد بە "قەدەغەبوونی ناچاری بۆ هەر بڵاوکراوەیەك یان چاپکراوێ کە کەسی داخ لەدڵ یان فێڵباز Malicious یاخود درۆزن Scandalous یان جنێوفرۆش "ناوزڕێنەر" Defamatory دایبنێ. ئەوە لەوکاتەدابوو کە پیاچوونەوە کرا بەتەماشاکردنەوەی کێشەی "نیر" Joy M. Near, و "هوارد جیلفۆرد" Guilford, Howard بەبڵاوکردنەوەی رۆژنامەیەکی هەفتانە کە ئامانج لێی بڵاوکردنەوەی هەڵمەتی خاچپەرستانەبوو لەسەر ئەوەی ناویان لێنابوو "گەندەڵێ" Blight کە رەنگیدایەوە لەبوونی گروپێکی چەتە کە هەوڵی رووتکردنەوەی دانیشتوانی شارەکەیان دەدا. داواکاری گشتی ئەو تۆمەتەی سەر رۆژنامەکەی سەلماندو دادگاگە بڕیاریدا بە راگرتنی رۆژنامەکە لەبڵاوکردنەوە، هەروەك چۆن دادگای "مینسوتا"ی باڵایش لایەنگری لەو بڕیارە کردو ئاماژەی بەوە کرد ویلایەتەکە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە رێگانەدا بەبڵاوکردنەوەی کینەو درۆو ئابڕوبردن. ئەوە بەبڕیارێکی نادەستوری دادەنرێ؛ لەبەرئەوەی پەلاماردانە بۆ مافەکانی یەکەمین چاککاریو چواردەیەمین چاککاریی دەستور، ئەوەیش لەرێگای سزادانی رۆژنامەکە لەگرتنەبەری شێوازی "کۆتوبەندی پێشوەخت" کە بووە هۆی لەکارخستنی رۆژنامەکە لەدەرچوون. لەکاتی ئەو بڕیارەوە دادگای دەستوری باڵا رێگای نەدا بەبواردان بەهیچ یاسایەك یان بەرپرسێکی حکومی چاودێری‌بکا یان بڕیاربدا لەهەڵایسانی زانیارییە گشتییەکان.

لەساڵی 1948دا دادگای دەستوری باڵا بڕیارێکی دەرکرد؛ کە بەگوێرەی ئەو بڕیارە دەسەڵات دەدرێتە سەرۆکی پۆلیس لەبڕیاردان لەمافی بەکارهێنانی دەنگەوەر Loudspeakers لەشوێنە گشتییەکاندا، و ئەو بڕیارەیش دیسانەوە بە نادەستوری دادەنرێ، لەبەرئەوەی مافی کۆتوبەندکردنی ئازادیی قسەکردن دەبەخشێتە پۆلیس.

لەیەکێ لەشارەکانی ویلایەتی "ئۆهایۆ" Ohioدا یاسایەك دەرچوو کە تیایدا رێگا نادرێ بە هیچ کەسێ کاغەز یان بڵاوکراوە بەسەرماڵەکاندا دابەش بکا، و کاتێ خاتوو "پیلما مارتن" Thelma Martin هەستا بە دابەشکردنی بڵاوکراوەی باوەڕداری (ئایینی-و.ك) بەسەر ماڵەکاندا، پۆلیسی ئەمەریکی دەستگیری‌کرد، بەڵام دادگای دەستوری باڵا ئەو بڕیارەی لەباربردو

تۆمەتبارەکەی ئازادکرد؛ بەو پێیەی مافی هاووڵاتیانە لەدەرگاکان بداو پەیامەکانی بۆ کەسەکان بخاتە روو، هەروەك چۆن مافی کەسەکانیشە ئەو پەیامانە پەسەندبکەن یان بەپێچەوانەوە، و مافی حکومەتی ویلایەتەکان نییە ئەو مافی تاکانەییە پێشێل بکەن.[11]

لەساڵی 1974دا کێشەیەك کەوتەوە کە ئاماژەبوو بە مەترسی ئێستایی روون و ئاشکرا بەگوێرەی ناساندنی دادگای دەستوری باڵا، ئەوەیش لەوکاتەدابوو بەڕێوبەرایەتیی "ریچارد نیکسۆن" Nixonی سەرۆکی ئەمەریکا هەوڵی راگرتنی بڵاوکردنەوەی وەرەقەکانی پێنتاگۆن "وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا" Penetagon Papersی دا؛ کە رۆژنامەی "نیویۆرك تایمز" رابەرایەتیی بڵاوکردنەوەی دەکرد، و ئەو وەرەقانە بەڵگەنامەیان سەبارەت بە تێوەگلانی حکومەتی ئەمەریکا لەجەنگی ڤێتنام دەدا بەدەستەوە، یەکەمین وتاری ئەو زنجیرەیە لە 13حوزەیرانی 1974دا بڵاوکرایەوە، و بۆ سەرلەبەیانی رۆژی دواتر "جۆن میشێل" ,Gohn Mitchell ی داواکاری گشتی داوای لەنووسەرانی رۆژنامەکە کرد بڵاوکردنەوەی ئەو وتارانە رابگرن؛ لەبەرئەوەی ئەو زانیارییانەی لەخۆیانی گرتووە بە تۆمەتبارکردنی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا دادەنرێ، هەروەك چۆن داواکاری گشتی وەهای نیشاندا ئەو وەرەقانە لەفایلی زۆر نهێنیدا دزراون، بۆیە دەبێ بەگوێرەی یاسای سیخوڕیکردن رابگیرێن. رۆژنامەی نیویۆرك تایمز گوێی نەدایە ئەو رێنماییانەو بەردەوام بوو لەبڵاوکردنەوەی ئەو وتارانە، لەگەڵ پشت بەستن بەو تێڕوانینەی پێیوایە ئەو وەرەقانە بۆ سەرجەمی خەڵکی گرنگیی گەورەیان هەیە. دواتر لە 15ی حوزەیرانی 1974دا دادوەر فەرمانیدا بە راگرتنی بڵاوکردنەوەی هەر زانیارییەك کە پێکهاتێکی سیاسیی روون لەخۆبگرێ، ئەوەیش لەسەر ئەو بنەمایەی بڵاوبوونەوەی بڵاوکردنەوەکە دەشێ زیان بەدەوڵەت بگەیەنێ، و بەشێوەیەکی خراپ رەنگبداتەوە. دوای ئەوە رۆژنامەکە گوێڕایەڵی رێنماییەکانی دادوەرەکە بوو، و چاوڕێی بڕیاری دادگای کرد بەراگرتن و قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوە، و لە 18ی حوزەیرانی 1974دا رۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی وەرەقەکانی پێنتاگۆن، لەگەڵ ئەوەیشدا کە کاردانەوەی چاوڕوانکراوی لەبەڕێوەبەرایەتیی سەرۆك "نیکسۆن" دەزانی، و دوای بڵاوکردنەوەی دوو زنجیرە لەو وەرەقانە، رۆژنامەی "واشنتۆن پۆست"یش ناچارکرا بە فەرمانی قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوە. دواتر لە 30ی حوزەیرانی 1974دا دادگای دەستوری باڵا تەماشای کێشەکەی کرد، و بڕیاریدا بەهەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانەی کە لەدژی هەردوو رۆژنامەی "نیویۆرك تایمز"و "واشنتۆن پۆست" دەرچوون*. دادگاکە (مەبەست دادگای دەستوری باڵایە-و.ك) لەو بڕیاریدا

*وەرەقەکانی پێنتاگۆن" رەنگە گرنگترین کێشەی ئەمەریکی بێ کە لەنیوەی دووەمی سەدەی رابردوودا میدیای گرتووەتەوە کە بەکێشەی وەرەقەکانی پێنتاگۆن ناسراوە، کە ئەوەیش جەنگێکە لەنێوان حکومەتی ئەمەریکاو رۆژنامەی "نیویۆرك تایمز"ی یەکێ لەهەرە رۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتەدا روویدا.

سەرەتای ئەو جەنگە بۆ ئەو کاتانە دەگەڕێتەوە کە لەساڵی 1967دا "رۆبرت ماکنمارا"ی وەزیری بەرگریی ئەوکاتەی ئەمەریکا تیمێکی بۆ ئامادەکردنی فایلی مێژووی ئەمەریکا بەرانبەر بە ڤێتنام لەساڵی 1945-1967دا پێکهێنا، کە تیمەکە لەفەرمانبەرانی پێنتاگۆن پێکهاتبوون لەگەڵ هەندێکی تر لەبەڕێوەبەرانی حکومی و گرێبەستە سەربەخۆکان. کۆکردنەوەی لێکۆڵینەوەکان پشتی بەبەڵگەنامە بەستبوو کە لەئەنجامدا راپۆرتێکی گەورەی لێ پێکهات کە ژمارەی لاپەڕەکانی زیاتر لە حەوت هەزار لاپەڕەبوو، و لەساڵی 1969دا تەواوکرا. تەنها 15 دانە لەو راپۆرتە کۆپیکرا لەبەرئەوەی تایبەتمەندبوو بە وەزارەتی بەرگری و بەڕێوەبەرایەتییە حکومییە دیاریکراوەکان..

"دانیال ئەلزبرغ" یەکێ لەو گرێبەستانەبوو، و هەروەها یەکێ لەگەورە فەرمانبەرانی کۆمپانیای "راند"بوو کە لەئامادەکردنی ئەو راپۆرتەدا رۆڵی سانەوی هەبوو. ناوبراو گومانی هەبوو سەبارەت بە سیاسەتەکانی ئەمەریکا لەڤێتنامدا، دوای ئەوەی راپۆرتەکەی تاوتوێکرد لەشتێ دڵنیابووەوەو دوای شکستهێنانی لەرازیکردنی ئەندامانی کۆنگرێس بۆ ئەوەی راپۆرتەکە ئاشکراکراوبێ، "زبرغ" بەنهێنی وێنەیەکی تری راپۆرتەکەی کۆپیکردو دایە دوو رۆژنامەنووس کە لەرۆژنامەکانی "نیویۆرك تایمز"و "واشنتۆن پۆست"دا کاریان دەکرد. ئەو راپۆرتە جگە لە هەندێ زانیاری

www.pertwk.com

پشتی بەوە بەستووە کەوا "دانانی کۆتوبەندی پێشوەخت بەسەر ئازادیی ڕادەربڕین بەپێشێلکردنێکی سەرسەختانەی دەستور دادەنرێ".

لەساڵی 1979دا گۆڤاری Progressive (پێشکەوتن–و.ك)ی قسەبێژی چەپی ئەمەریکا بڵاویکردەوەو ڕاگەیاند وتارێ بڵاودەکاتەوە کە زانیاری ئەوتۆ سەبارەت بە چۆنیەتی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی لەخۆدەگرێ، و

---

نهێنیی چیتری تیانەبوو، بەڵام هەندێ لەبەشەکانی پرسیارکردنی دەخستەوە سەبارەت بە سیاسەتەکانی ئەمەریکا لەڤێتنامدا، ئەویش لەماوەی پێش و دوای تێوەگلانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەکاروباری سەربازی لەباشوری خۆرهەڵاتی ئاسیادا.

لەحوزەیرانی 1971دا ڕۆژنامەی "نیویۆرك تایمز" تەنها دوو بەشی لەو ڕاپۆرتە بڵاوکردەوە بەر لەوەی کە بەڕێوەبەرایەتیی "ریچارد نیکسۆن" داوا لەدادگا بکا بە بەرگرتن لەبڵاوکردنەوەی بەشەکانی تری، و ئەوە یەکەمین جار بوو لەمێژووی ئەمەریکادا دادگایەکی ئەمەریکی ڕێگا لەرۆژنامەیەك بگرێ و لەماوەی تەنها (4) چوار ڕۆژدا دادگاکە بڕیاری خۆیدا، و مێژووی بڵاوکردنەوەی ئەو وتارە (وەك بەندە ئاماژەی پێدەکەم) جیاوازە لەگەڵ مێژووی بڵاوکردنەوەکە لەلای نووسەری ئەم کتێبە.

لەمبارەیەوە بڕوانە: جون دەبلیو جۆنسۆن، ڕۆڵی ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی ئازاد، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت (ماڵپەڕی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا).

لەو وتارەدا نووسەر ڕۆچووە بەنێو قسەکردن لەسەر دادگا و ڕۆژنامەو سوکایەتیپێکردن لەسەدەی نۆزدەیەم و ڕۆژنامەنووسیی ئازاد لەکاتی جەنگ و دوو بڕیاری دادگای باڵای ئەمەریکا کە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی پتەودەکەن، لەگەڵ کەسێتییە گشتییەکان و یاسای سوکایەتیپێکردن، و کۆکردنەوەی هەواڵ و یەکەمین چاککاریی دەستور، و هەروەها وەرەقەکانی پێنتاگۆن.

ئەو ڕووداوەی وەرەقەکانی پێنتاگۆن لەساڵی 1971دا بوو وەك ئەم نووسەرە ئەمەریکییە باسیلێوەدەکا نەوەك ساڵی 1974 کە لێرەدا لێکۆڵیار ئاماژەی بۆ دەکا و پێدەچێ هەڵەی چاپیش بێ، چونکە ئەم لێکۆڵیارە عەرەبە لە فەسڵی حەوتەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لەکاتی تاوتوێکردنی ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی ئەو فەسڵەدا لەچەند جێگایەکدا ئاماژە بەهەمان کێشەی وەرەقەکانی پێنتاگۆن دەکا کە لەساڵی 1971دا بووە.

وەرگێڕی کوردی

لەمبارەیەوە حکومەت داوای لەدادگاکانی فیدراڵی کرد ڕێنمایی بۆ ڕاگرتنی ئەو وتارە دەربکا، و دادگاکان ئەوەیان لێوەشایەوە کەوا بڵاوکردنەوەی ئەو وتارە لە تشرینی دووەمی 1979 دا جۆرە کارێکن بۆ ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەنووسی.[12]

لەگەڵ ئەوەیشدا حکومەتەکانی ئەمەریکا چەندین هەوڵی بەرتیلدان بە ڕۆژنامەنووسان، لەگەڵ سەپاندنی "باجەکان بۆ زانین" یان بەدرێژایی هەردوو سەدەی نۆزدەیەم و بیستەم داوە، و لەدیارترینی ئەو هەوڵانەیش ئەوانەن کە ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا CIA لەماوەی دەیەی حەفتاکان (ی سەدەی بیستەم–و.ك)داو لەرێی بەخشینی هەندێ لەبڵاوکەرەوەکان بە بودجەی گەورەیان تەرخانکرد بۆ پڕوپاگەندەکردنی نهێنی بۆ ئەو ئاژانسە، و هەروەها هێرشکردنە سەر هەندێ لەسمبول یان کەسێتییە گشتییەکان، یاخود ئەو کەسێتییە بەناوبانگانەی وەك "مارتن لۆتەرکینگ"، و هەروەها ئەنجامدانی کاری ناڕەوا لەدژی "بزووتنەوەی ئاشتیخواز" لەکاتی جەنگی ڤێتنامدا.[13]

## ناوەندە بیستراوو بینراوەکان و کۆتوبەندی پێشوەخت لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا:

لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەمدا کۆنترۆڵکردنی داهێنانی "مارکۆنی" بۆ لاسلکی بەهۆی زۆربوونی داخوازی لەسەری سەخت بوو، و دەستوەردانێکی گەورە ڕوویدا لەرووی تەشویش و قەرەباڵغی بۆ لەرینەوەی ئێزگەیی، کە ئەوە بووە هۆی ملکەچبوونی ڕادیۆ بۆ کۆنترۆڵکردنی حکومی لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا.

لەساڵی 1910دا یاسای بێ تەل بۆ کەشتییەکان، کە ئەوە یەکەمین یاسایە کە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێ بەسەر داهێنانی نوێی بێتەلەوە، و بەگوێرەی ئەو یاسایە هیچ کەشتییەکی بازرگانی بۆی نەبوو بەزەریاکەدا تێپەڕێ و کەناری ویلایەتە یەکگرتووەکان بەجێبهێڵێ و زیاتر لەپەنجا کەس بۆ

www.pertwk.com

دوراییەك كە زیاتربێ لەدوو سەد میل بەبێ بوونی تفاقی پەیوەندیكردن لەكەشتیەكەوە بۆ كەشتییەكی تر، و هەروەها لەكەشتییەكەوە بۆ كەنارەكە، و دەبێ ئەو تفاقانە لەلایەن كەسێكی تەكنیكییەوە بەڕێوەببرێ كە بۆ ئەو كارە لەباربێ. بەگوێرەی ئەو یاسایە وەزارەتی بازرگانیو كار مافو دەسەڵاتی دەستگیركردنی كەشتییەوانی هەر كەشتییەكی هەبوو ئەگەر سەرپێچییان لەو ڕێنماییانە بكردایە، و دادگاكان بەغەرامەی پێنج هەزار دۆلار سزای كەشتییەوانە سەرپێچیكارەكانیان دەدا.

ئەم یاسایە ئەم تایبەتمەندییانەی بەجێهێنا:

1–رەخساندنی هێزی پاڵنەر بۆ سەرەتای دروستكردنی رادیۆ.

2–بەڵگەیەك بوو بۆ ئەوەی كۆنگرێس درك بە گرنگی ئەو هۆكارە نوێیەو رەهەندەكانی بكا.

3–فراوانبوونی بواری لێكۆڵینەوەی پەیوەندیكردنی بێتەل بۆ چاكتركردنی خزمەتگوزاریی ماوە دوور.

دوای كەمەكێك كۆنگرێس دەركی بەوە كرد پێویستە پارێزگاری بكرێ لەشوێنكەوتنی ئەوانەی تفاقی پەیوەندیكردنی دوو ئاڕاستەیان هەیەو بەڕێوەی دەبەن، لەبەرئەوە ئەو سەرپەرشتیكردنە بەدرێژایی ماوەی جەنگو وەك پێویستییەك بۆ ئاسایشی دەوڵەت خرایە ئەستۆی سەركۆمار، و كۆنگرێس یاسایەكی نوێی بەناوی "یاسای رادیۆ بۆ ساڵی 1912" دەركرد، كە ئەو یاسایە پێویستیی بەدەستهێنانی رەزامەندیی پێشوەختو بەر لەكاركردنی ئێستگەكانی بێتەل ڕێك دەخا، و مافی بەدەستهێنانی رەزامەندی بێدەسەڵاتی دەبێ بۆ هاووڵاتیانی ویلایەتە یەكگرتووەكانو بۆرتۆریكۆ یان ئەو دەستانەی كە نوێنەرایەتی هەریەكێ لەو دوو دەوڵەتە دەكەن، و رەزامەندیش دەستنیشانی ئەو دوراییە دەكا كە دەشێ پەخشەكەی پێیبگا، هەروەها پێكهاتەی لەرە بەكارهاتووەكانیش، و یاسا دەسەڵاتی بڕیاردانی لەبری حكومەت بۆ دەستی خاوەنی وێستگەكانی پەخشكردن بەجێهێشت.



بەوجۆرە یاسای رادیۆی ساڵی 1912 هیچ ڕێگایەكی عەمەلی بۆ زاڵبوون بەسەر گەشەكردنی ئێستگە بازرگانییەكان دانەنا، لەو پێودانگەوە كە بەكارهێنانەكانی شەپۆلەكانی رادیۆ چوارچێوەی كەشتیو بازرگانیی تێپەڕاند، و وێستگە ئەزموونییەكان دەستیان كرد بە تاقیكردنەوەی شەپۆلە هەواییەكان. لەماوەی بیستەكان (ی سەدەی بیستەم–و.ك)دا خزمەتگوزاریی رادیۆ ڕێكخراو لەڕێگای وێستگەكانی وەك KDKA، و WGNوە دەستیپێكردو لەپڕێكدا رادیۆ بووە شتێ لەهەموو جێگایەكدا هەبێ* و خاوەنی وێستگەكانی رادیۆ هەستیان بە گرنگیی گەیشتن بە زۆرترین ژمارەی مومكین لەجەماوەر كردو لەدواییدا دەستیان كرد بەبەكارهێنانی لەرەی بەهێزترو هەروەها دیاردەی چوون بەناو یەكدای وێستگەكان روویاندا، و لەو ماوەیەدا وەزارەتی بازرگانیی كار چەند كۆنگرەیەكی بۆ تاوتوێكردنی ئەو

---

* بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەكتێبی "الرأی العام والاعلام و الدعایة"دا بڵاوكراونەتەوە كە ساڵی 1998 چاپكراوە، ئێستا (واتا كاتی نووسینی ئەو كتێبە) زیاتر لە دە هەزار وێستگەی رادیۆیی بەتەنها لەو ویلایەتە یەكگرتووەكاندا هەیە.

هەر بەگوێرەی زانیارییەكانی ئەو كتێبە: لەدایكبوونی راستەقینەی رادیۆ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1906 ئەوكاتەی ریگناڵد فیسندون Reginald Fessendenی زانا لەزانكۆی "بیتسبرگ" لەگەڵ هەندێ لەپارەدارانی ناوخۆی ئەمەریكا مۆسیقای بۆ كەشتییەكان پەخشكرد، و لەساڵی 1914دا یەكەمین رادیۆ لەبەلجیكادا دامەزرا ئەویش لەلایەن كەسێكەوە بەناوی "برنارد" و لەساڵی 1920یشدا لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاو ساڵی 1922یش لەبریتانیادا رادیۆ دەستی بەپەخشكردن كرد..

لەمبارەیەوە بڕوانە: الدكتور هاني الرضا و الدكتور رامز محمد عمار، الرأي العام و الاعلام و الدعاية، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، الطبعة الاولى، 1988، لاپەڕە 151و152.

وەرگێڕی كوردی

کێشانە بەست بۆ گەیشتن بەچارەسەری یاسایی رووبەرووبوونەوەی قەرەباڵغی هەوا بەشەپۆلە ئێستگەییەکان، و لەو کۆنگرانەدا نوێنەرایەتیی سەربازیو خاوەنی وێستگە تایبەتییەکانو ئارەزومەندان بەشداریانکرد، و هەموو ئەوانە بوونە پاڵنەر بۆ دەرچوونی یاسای رادیۆ بۆ ساڵی 1927.[14]

یاسای رادیۆی ساڵی 1927 هەستی بەپێویستی ئەوە کرد شەپۆلە رادیۆییەکان "بایەخدانەکانی خەڵکیو پشویان" فەراهەم بکەن، بەوەی شەپۆلەکانی رادیۆ وەك ناوەندە چاپکراوەکان نین، بەڵکو شەپۆلی سنوردارن، دواتر دەبێ حکومەت بۆ بەرژەوەندیی گشتی کۆنترۆڵیان بکا. یاسای ساڵی 1927 بنەمای کۆنترۆڵکردنی حکومی بۆ سەر ئێزگە دادەنێ، لەگەڵ پێکهێنانی لیژنەیەکی سەر بە سەرۆکی دەوڵەت کە لە پێنج ئەندام پێك دێو بە "لیژنەی رادیۆی فیدراڵی" Federal Radio Commission ناودەبرێو هەروەها ئەو یاسایەی ساڵی 1927 هەندێ یاسا –بەڵگەی رێبەری– دەستەبەردەکا کە تائێستا رەنگیان داوەتەوە بەسەر رادیۆی ئەمەریکییەوە، لەوانە پێویستیی بەدەستهێنانی رەزامەندیی پێشوەخت بۆ کارپێکردنی وێستگەکانی رادیۆو دەستنیشانکردنی ئەو لەرانەی کە ئەو وێستگانە کاریان لەسەردەکەن، لەگەڵ ماوەی تەنینەوەی رەزامەندییەکە، هەروەها حکومەت دەسەڵاتی بەخشینو نەبەخشینی رەزامەندییەکانیشی هەیە.

یاسای رادیۆی ساڵی 1927 تاوەکو ساڵی 1934 کاری پێکرا، تا ئەوکاتەی لەسەر راسپاردەی سەرۆك "فرانکلین رۆزفێڵت" کۆنگرێس یاسای "پەیوەندییەکان"ی ساڵی 1934ی دەرکرد، و لیژنەی پەیوەندییە فیدراڵییەکان– Federal Communication Commission جێگای لیژنەی رادیۆی فیدراڵی گرتەوە. لیژنەی پەیوەندییە فیدراڵییەکان FCC بەیەکێ لەو ئاژانسە حکومییانە دادەنرێ کە هەڵگری ئەو کاریگەرییە بەهێزەیە کە بەر هاووڵاتییانی ئەمەریکی دەکەوێ، ئیتر بەشێوەیەکی راستەوخۆبێ یان ناڕاستەوخۆ لەرێی ئێزگەی بیستراوو بینراوەوە. سەرباری ئەوەی ئەم لیژنەیە دەسەڵاتی سانسۆرکردنی ئەو بەرنامانەی نییە کە رادیۆو تەلەفزیۆنەکان پێشکەشیان دەکەن، بەڵام دەسەڵاتی ئەوەی هەیە دڵنیابێتەوە لەوەی ئێزگەکان بەرپرسیارانە کارەکانیان رایپەدەکەن، لەگەڵ بەجێهێنانی پشووی جەماوەرو پێویستییە سەرەکییەکانیان، و لیژنەی پەیوەندییە فیدراڵییەکان لەحەوت ئەندام پێك دێت کە دوای کاندیدکردنیان لەلایەن ئەنجومەنی پیرانەوە سەرکۆمار دایاندەمەزرێنێ، و ماوەی ئەندامێتی حەوت ساڵە، و دەبێ ئەندامەکان سەر بە هیچ پارتێکی سیاسی نەبن، و هەروەها دەسەڵاتی دەرکردنی رەزامەندی، و دیاریکردنی لەرە بەکارهاتووەکان، و ماوەی تەنینەوەی رەزامەندییەکەی هەبێ، و هەندێ جاریش لەگەڵ خاوەنی وێستگە رادیۆییەکان تووشی پێکدادان دەبن، بەهۆی پێکهاتەکەیەوە کە یەکێ لەو رێکخستنە حکومییانەیە کە ناکۆکە لەگەڵ یەکەمین چاککاریی لەدەستوری ئەمەریکیدا.[15]

لەساڵی 1941دا دادگای دەستوری باڵا لەرادەی دەستوریی رێکخستنە حکومییەکانی رادیۆی کۆڵییەوە ئەویش لەرێگای کێشەیەکی بەرزکراوەوە لەلایەن تۆڕی NBC لەدژی لیژنەی پەیوەندییە فیدراڵییەکان، ئەو دوو تۆڕەی کە تۆڕی NBC کاری بۆ دەکردن کەمکردەوەو کردنی بەیەك تۆڕ، و هەروەها کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەو تۆڕە بەسەر ئەو تۆڕانەی کە سەر بەون. تۆمەتە ئاڕاستەکراوەکەی لیژنەی پەیوەندییە فیدراڵییەکان ئەوەبوو کە پسپۆڕێتییەکانی سنوردارەو تەنها رێکخستنی لایەنە تەکنیکییەکان دەگرێتەوە، و دەستوەردانی ئەو لیژنەیە لەرێکخستنی لایەنە پرۆگرامییەکاندا بەکۆتوبەندی پێشوەختو زیانگەیاندن بۆ سەر مافەکانی یەکەمین چاککاری دادەنرێ. دادگاکە بڕیاریدا سەرباری ئەوەی پسپۆڕێتی لیژنەی پەیوەندییە فیدراڵییەکان سنوردارکراوە بە رێکخستنی کەناڵە رادیۆییەکان تاوەکو زامنی دەستوەرنەدان بکرێ لەنێو لەرەکاندا، و لەو تێڕوانینەیشەوە کە ئەو لەرانە بەگوێرەی پێکهاتەکەیان سنوردارن، زۆر پێویستە لیژنەکە هەستێ

www.pertwk.com

بەرێکخستنی بەکارهێنانی ئەو لەرانە بۆ بەرژەوەندیی گشتی،و بەپێچەوانەی شێوەکانی تری تەعبیرکردنەوە، ئەوا شەپۆلەکانی رادیۆ بۆ هەمووان نەرەخساون، هەر لەبەرئەوە پێویستە رێکخستنی حکومی بۆ ئەو کەناڵە سنوردارانە هەبێ.[16]

ئەوەی پەیوەندداره بە سانسۆر بۆ سەر فیلمە سینەماییەکان، لەساڵی 1915دا یەکەمین یاسای بۆ دەرچوو، کە دادگای دەستوری باڵا رای وابوو فیلمەکانی ئەو ماوەیە ئاماژەن بۆ "کاری ساکارو پاك"و رەزامەندیی بەخشینی فیلمە سینەماییەکانی کەمکردەوە لەرووی مافەکانی بەرهەمهێنان و نیشاندان و دابەشکردن، وەك رەزامەندییدان بە دوکانەکانی مەی خواردنەوە.

لەساڵی 1952دا دادگای دەستوری باڵا بڕیاریدا بەوەی فیلمە سینەماییەکان نابێ بخرێنە ژێر "جڵەوی چاودێریی رەها"وە،و ئەو بڕیارە دوای رێپێنەدانی نیشاندانی فیلمی پەرجو ,Robert Rossalini هات، کە فیلمەکە باسی چیرۆکی کچە جوتیارێکی ئیتاڵی سادەو ساکارو نەخوێندەوار دەکا کە بڕوای بە پڕوپوچی هەیە،و لەرێگای تێپەڕبوونی کەسێکی نامۆوە بەشارەکەدا فریودەدرێ،و ئەو فریودانە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی "سك پڕبوون" بەکچەکەوە،و کچە جوتیارەکە واپێدەزانێ ئەو "سك پڕبوونە" جۆرێکە لە پەرجو (معجزة) بەچەمکە ئاینییەکە سەبارەت بە "سك پڕبوون بەبێ گڵاوکردن" گوزارشت لەو سك پڕبوونە دەکا. ئەو فیلمە هێرشیکردە سەر هەندێ لەجەماوەرە ئاینییەکان،و ئەوانیش داوایان لە ویلایەتی نیویۆرك کرد رێگا بەو فیلمە نەدا بەو پێیەی "گڵاوکردنی پیرۆزییەکانە" Sacrilegious. بۆیە ویلایەتەکە بڕیاریدا بە قەدەغەکردنی نیشاندانی ئەو فیلمە. دوای تەماشاکردنەوەی کێشەکە لەلایەن دادگای دەستوری باڵاوە ئەو قەدەغەکردنە چاککرایەوە، بەڵام دادگاکە ئەم بڕیاری دا: "فیلمە سینەماییەکان ناوەندێکی باشن بۆ نیشاندانی بیروبۆچوون،و نابێ ئەم ناوەندە بەپاساوی گڵاوکردنی پیرۆزییەکان بخرێتە ژێر چاودێرییەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا نابێ هیچ فیلمێك لەهەر جۆرێك و لەهەر کاتێکدابێ نیشان بدرێ، دادگا سەرنجی ئەوەیدا هەندێ فیلم توانایەکی گەورەی هەیە بۆ روودانی زیان، بەتایبەتی بەسەر گەنجە ناکامڵەکانەوە،و دەشێ ئەو راستییەیش یارمەتیدەربێ لەدەستنیشانکردنی رێژەیەك لەسانسۆری ناوخۆیی لەکاتی نیشاندانی ئەو فیلمانەدا".

لەساڵی 1961دا دادگای دەستوری باڵا بڕیاریدا بەپێویستیی بەدەستهێنانی رەزامەندیی فیلمە سینەماییەکان و دابەشکردنیان لەناو ویلایەتەکاندا لەو سۆنگەیەوە کە ئەوە کارێکی دەستورییە. دەسەڵاتدارانی شاری "شیکاگۆ" داوایان لە دابەشکەرانی فیلمە سینەماییەکان کرد سەبارەت بە پێویستیی وەرگرتنی رەزامەندیی بۆ نیشاندانی فیلمەکان لەناو شارەکەدا، بەڵام یەکێ لەدابەشکەران سەرپێچی لەوەکرد فیلمەکەی بۆ سانسۆر بخرێتە روو، کە بەناونیشانی "دۆن جوان" Don Juanبووو ئەو دابەشکەرە وای نیشاندا یاسای ناوخۆی ویلایەتەکە بەکۆت وبەندی پێشوەخت دادەنرێ بۆ سەر مافەکانی یەکەمین چاککاری.

لەساڵی 1974دا هەندێ کێشەی تایبەت بەرەزامەندیی وەرگرتن بۆ نیشاندانی فیلمە سینەماییەکان روویاندا،و دادگای دەستوری باڵا پێشنیازی گرنگیی دامەزراندنی "ئەنجومەنەکان بۆ پیاچوونەوە بەئاستی هونەری فیلمەکان"ی کرد بۆ ماوەیەك کە هەشت رۆژ تێنەپەڕێنێ. دادگاکە ئەوەی بەدیکرد سەختی سەلماندنی ئەو فیلمە بەدرەوشتییە Obscene بەرەفتارێکی نادەستوریی دادەنرێ.[17]

## داهاتووی رێکخستنە حکومییەکانی ناوەندەکانی راگەیاندن لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا :

لەساڵانی رابردوودا هەندێ پرسیارکردن سەبارەت بە گرنگیی بەکارهێنانی رێکخستنە حکومییەکان بۆ ناوەندەکانی راگەیاندن لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا قوتبوونەوە، و ئەو پرسیارکردنانەیش لەئەنجامی دەرکەوتنی ناوەندە تەکنەلۆجییە نوێیەکانی وەك تەلەفزیۆنی کێبڵی، و تیلیتێکس، و ڤیدیۆ تێکسەوە سەریانهەڵدا، و لەنمونەی ئەو پرسیارکردنانە لەباری گواستنەوەی ناوەرۆکی رۆژنامەبوو، بەهۆی نێرەری تەلەفزیۆنییەوە، بەوەی ئەو بابەتە لەو بارەدا بەرۆژنامەنووسی (مەبەست رۆژنامەنووسی رۆژنامەیە نەك میدیا بەگشتی-و.ك) دادەنرێ یان تەلەفزیۆنی؟ ئەگەر بەرۆژنامەنووسیشمان دانا (جارێکیتر مەبەست رۆژنامەنووسیی رۆژنامەیە-و.ك) دەبێ نەخرێتە ژێر هیچ کۆتوبەندێکی سانسۆرییەوە، و ئەگەر بەتەلەفزیۆنیشمان دانا ئەوا هەردەبێ بخرێتە ژێر ئەو رێسایانەی کە کاری تەلەفزیۆنی رێك دەخەن، و ئەگەر بە رۆژنامەنووسیی تەلەفزیۆنیشمان دانا، ئەوا بەناوەندێکی نوێ دادەنرێو پێویستی بەیاسای نوێ دەبێ بۆ رێکخستنی. زۆر بۆچوونی وا هەیە کە چیتر پاساو نییە بۆ بوونی رێکخستنە حکومییەکان، و بوونی فرە ئەڵتەرناتیڤ کە بوار دەڕەخسێنێ بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو بیروبۆچوونو زانیارییانە لەبازاڕی ئازادی بیروبۆچوونەکاندا، کە هۆکاری سەرەکی لەپشتی رێکخستنی شەپۆلەکانی رادیۆو تەلەفزیۆنەوە دەگمەنیی لەرە هەواییەکانو ئارەزووە لەدەستەبەرکردنی پەخشکردن بۆ سەرجەمی خەڵکی، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی دەیان هۆکاری ئەڵتەرناتیڤ ئەو پاساوە ئێستا نەماوە. بەڵام داکۆکیکاران لەرێکخستنە حکومییەکان وایدەبینن ئازادی پارچە پارچە ناکرێو رێکخستنە حکومییەکان یەکێکن لەشێوەکانی سانسۆر کە دەبێ بۆ بەرژەوەندیی گشتی هەبێ. کێشەکە هێندەی هاوسەنگیکردنی ئازادییەکانە هێندە کەمکردنەوەی ئازادییەکان نییە. ئەو کێشە بووە هۆی رەخساندنی رێژەیەکی گەورە لەئازادی لەیەکێ لەبوارەکان کە زۆرجار لەسەر حسابی ئازادییەکانی تر دەبێ، بۆیە خاوەنی ناوەندەکانی راگەیاندن ئارەزووی بەجێهێنانی زۆرترین توانای مومکینن لەقازانج، و بەرهەمهێنەران دەیانەوێ شێوەیەکی نوێ لەهونەرو رێگایەکی نوێیش لەپەیوەندیکردن بخولقێنن، و هەروەها خاوەنی بۆچوونە ناکۆکەکانیش دەیانەوێ تێڕوانینەکانیان بگەیەننە سەرجەمی خەڵکی، و هاووڵاتیانی ئاساییش چەندین ئارزوو پێداویستیان لەمبارەیەوە هەیە. زیادبوونی ئازادی لەهەر لایەنێك بێ دەکەوێتە سەر حسابی ئازادی لایەنەکانی تر، هەربۆیە دەشێ بەزۆر ئەو پرسیارە بکەین لەدیاریکردنی شێوەی رێکخراوەیی کە رووداني هاوسەنگی لەنێوان بەرژەوەندییە ناکۆکەکاندا دەڕەخسێنێ.

لەو کێشە گرنگانەی تر چۆنیەتی بەجێهێنانی زۆرترین هەوڵە لەفرە بۆچووندا لەبەر رۆشنایی زۆربوونی ئاڕاستەکان بەرەو گرۆمۆڵەبوون (تکتل) Consolidation لەراگەیاندندا.

لەگەڵ نزیکبوونەوە لەکۆتایی هاتنی سەدەی بیستەم، فشاری سیاسی لەکۆمەڵگای ئەمەریکادا بەئامانجی سەرلەنوێ رێکخستنەوەی ناوەندەکانی راگەیاندن هەن، و ئەو فشارانەیش لەبەر دوو هۆی سەرەکین:

یەکەم: رازیبوونی سەرکردایەتیی سیاسی بەوەی زیادبوونی سەرچاوەکانی راگەیاندنو خۆشی بەسەربردن پێویستی بەرێکخستنەوەی زیاتری ئەو ناوەندە زۆربووانە هەیە، و رکابەری لەنێوان ئەو فرە ناوەندانەدا دەشێ بەرێگایەکی نمونەیی خزمەتی بایەخدانە گشتییەکان بکا.

دووەم: رێکخستنە حکومییەکانی ئێستا گونجاو نین لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی ناوەندەکانی راگەیاندنی جەماوەری بەخۆیانەوە دەیبینن.[18]

## یاساکانی سانسۆر لەکۆمەڵگا پەرستێنەکاندا :

www.pertwk.com

سەرجەمی دەوڵەتانی پەرستێن پابەندن بە دانانی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بۆ ژێر شێوەیەك لەشێوەکانی چاودێریی حکومی،و لەمبارەیەوە دوو ئاستی سەرەکی هەن بۆ پیادەکردنی چاودێری لەکۆمەڵگا پەرستێنەکاندا، ئەوانیش:

یەکەم:چاودێریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، کە ئەم شێوانە بەخۆوە دەبینیٚ:

أ–سانسۆری بەردەم بڵاوکردنەوە بەمانای بوونی چاودێر کە لەدامەزراوەی ڕۆژنامەنووسیدا دامەزراوە،و لەچوارچێوەی وەزارەتی ناوخۆدا، یان بەرگری، یاخود ڕۆشنبیری، یان ڕاگەیاندندا کارەکانی ڕاییدەکا،و سەرجەمی بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکان دەخوێنێتەوە بەر لەوەی بڵاوبکرێنەوە، کە بشێن یان نەشێن بۆ بڵاوکردنەوە، بەسڕینەوەی هەندیٚ بڕگە یان بەشیٚ لەو بابەتە هەڵدەستیٚ تاوەکو بڕیاری بڵاوبوونەوەی بدا.

ب–سانسۆر دوای بڵاوبوونەوەو بەر لەدابەشکردن، کە ڕێگا نادریٚ بە دابەشکردنی ژمارەیەکی ڕۆژنامەکە بەهۆی ئەوەی بابەتێکی ڕۆژنامەنووسی لەخۆگرتووە کە نابیٚ بگاتە خوێنەران،و ئەوەیش لەڕێگای دەست بەسەراگرتنی ژمارەکانی ڕۆژنامە ئامادەکراوەکە بۆ دابەشکردن دەبیٚ لەچاپخانەو بەرگرتن لەبڵاوکردنەوەی.

ج–سانسۆر دوای دابەشکردن، کە سەرجەمی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە لەبازاڕدا کۆدەکرێنەوەو دەستیان بەسەردا دەگیریٚ، کە ئەوەیش بەڕێگای کارگێڕی یان قەزایی دەکریٚ*.

دووەم: چاودێریی ناڕاستەوخۆ، کە دەشیٚ ئەم شێوانە ببینیٚ:

---

* لەهەرێمی کوردستانی عیراقیشدا دەرباری ڕاپەڕینو بوونی پەراوێزێك بۆ ئازادیی ڕادەربڕین، جاروبار ئەم حاڵەتە بوونی هەیە، کە یەکێك لەو نمونانە کۆکردنەوەی ژمارەکانی "5و6"و ژمارەکانی تری دواتری ڕۆژنامەی "ڕایگشتی"ە لەهەولێر، کە ڕۆژنامەیەکی گشتیی ئەهلیی ئازادبووو بەندە سەرنووسەری بوو.



أ–دەرکردنی لیستێکی ڕێنمایی یان ڕاسپاردەی حکومی سەبارەت بە هەندیٚ هەنگاوی تایبەت بە بڵاوکردنەوە، کە هەمیشە دەوتریٚ بەرژەوەندیی گشتی پێویستی پێیەتی.

ب–دەستوەردان لەشێوازی چارەسەرکردنی ڕۆژنامەنووسیی پەیوەندار بەرووداوەکان یان کێشەی دیاریکراو.

ج–هەندیٚ لەڕۆژنامەنووسان ڕووبەڕووی فشاری جەستەیی دەبنەوە وەك "زیندانیکردن، دەرکردن لەخزمەت، ئازاردان" یان فشاری مەعنەوی وەك "فریودان، تۆقاندن، ڕێگانەدان بەنووسین، گواستنەوە بۆ کارێکیتر"*.

د– سەپاندنی سانسۆر لەڕێی بەکارهێنانی ناولێنانو دەستەواژەی ئاڵۆز یان لاستیکی وەك بەرژەوەندیی گشتی،و بەرژەوەندیی نەتەوەیی،و پارێزگاریکردن لە یەکبوونی نیشتمانییو ئاسایشی نەتەوەیی،و بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگا، یان پارێزگاریکردن لەسیستمی گشتی*، هەموو

---

* ئەم حاڵەتانەیش لەهەرێمی کوردستانی عیراقدا بوونیان هەیە کە بەندە لەئەزموونی ڕۆژنامەنووسیمدا تووشیان هاتووم، لەوانە: زیندانیکردن (بۆ ماوەی 34 ڕۆژ)، گواستنەوە بۆ کارێکیتر،و دەرکردن لەخزمەت. هەڵبەت ڕۆژنامەنووسانی تریش لەهەرێمی کوردستاندا هەن کە توشی ئەو حاڵەتانە هاتوون.

وەرگێڕی کوری.

* لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا کە یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 1993ی پارلەمانی کوردستانە، بەهەمان شێوە ڕاشکاوانە ئەمجۆرە ناولێنانو دەستەواژانە خراونەتە ڕوو کە ڕۆژنامەنووسی کوردی نابیٚ خۆیان لەقەرە بدات، کە بەوەیش ڕۆژنامەنوسیی کوردی کۆتوبەند دەکریٚو سنورەکانی ئازادیی بیروڕاو ئازادیی ڕادەربڕین تەسك دەکرێنەوە.

لەمبارەیەوەو بۆ تێگەیشتنی زیاتر، بگەڕێنەوە بۆ: مەم بورهان قانع، ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی...، هەمان سەرچاوەکەی پێشوو.

وەرگێڕی کوردی

ئەوانە درێژدەبنەوە بۆ ئەوەی ببنە پەردەیەك تا بەهۆیەوە دەسەڵاتی گشتی خۆیو کەسێتییە گشتییەکان لەرەخنە بپارێزێ.

هـ-ئەو سانسۆرەی سەرنووسەر یان نووسەری بەرپرس پەیڕەوی‌دەکا.

و-دانانی کۆت‌وبەند لەسەر ئازادیی وەرگرتنی هەواڵ لەسەرچاوەکانو ئازادیی گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی هەواڵ.

**چەندین پاساوی‌تر لەکۆمەڵگا پەرستێنەکاندا بۆ سەپاندنی سانسۆر هەن، لەوانە:**

1-سەپاندنی سانسۆر بەسەر ناوەڕۆکی پەیامەکانی پەیوەندیکردن بەبیانووی ئەوەی ئەو بیروبۆچوونانەی کە دەیانخاتەروو درۆو پڕوپووچو مەترسیدارن، و خەملاندنی ئەوەیش بۆ بەرپرسانی دەسەڵاتەو بەپێی پێوەرە خودیو لێکدانەوە شەخسییەکانیان.

2-نیشاندانی دەستەیەکی کۆمەڵگا کە نوێنەرایەتیی چاکەکەی دەکاو بۆ خۆی راسپاردەی هەیە بۆ دەستەکانی تری کۆمەڵگا بەبیانوی ئەوەی زیاتر لەخەڵکی‌تر تێدەگەن، دواتر سانسۆر دەسەپێنێ بەسەر بیروبۆچوونی دیاریکراودا، و ئامانجی راستەقینەیش لەوە پارێزگاریکردنە لەبارودۆخی جێگیر کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەو دەستەیە دەکا، دەسەڵاتی بەسەر حوکمەوە دەمێنێتەوە.

3-سەپاندنی سانسۆر بەسەر ئەو بیروبۆچوونانەی پێشێلی پیرۆزی رەفتاری گشتی یان ئابڕووبەری یاخود ئەخلاقی گشتی دەکەن.

4-سەپاندنی سانسۆر بەسەر ئەو هەواڵو وێنەو زانیارییانەی دەسەڵات پێی‌وایە نهێنینو درکاندنیان زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی یان بەرژەوەندیی گشتی یاخود سیستمی کۆمەلایەتی دەگەیەنێ، بێ ئەوەی بەروونی مەبەستی ئەو دەستەواژە یان سنورەکانی دیاری‌بکرێ.(19)

لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی فاروق ئەبوزەید (1986) بۆ ناوەڕۆکی یاساکانی چاپەمەنی لەشانزە دەوڵەتی عەرەبی‌دا ئەوەی ئاشکراکردووە سەرجەمی رژێمە عەرەبییەکان سانسۆر دەخەنە سەر رۆژنامەکان، و شێوەکانی ئەو سانسۆرەیش لەرژێمێکەوە بۆ رژێمێکی‌تر دەگۆڕێ، ئەویش بەمجۆرە:

یەکەم: یاسای چاپەمەنیی میسر بەدەق ئاماژە ناکا بۆ سانسۆر بەسەر رۆژنامەکاندا، کەچی حکومەتی میسری پشت بەیاسای تری جیاواز لەیاسای چاپەمەنی دەبەستێ تا لەرێگایانەوە سانسۆر بەسەر رۆژنامەو چاپکراوە بیانییە هاتووەکان لەدەرەوە بۆ دابەشکردنیان لەناو میسردا بسەپێنێ، لە لایەکی دیکەوە بەردەوامبوونی یاسای ناکاو لەمیسر مافی سەپاندنی سانسۆر بەسەر ئەو رۆژنامانەی لەناو وڵاتدا دەردەچن دەبەخشێتە حکومەت، سەرباری ئەوەی یاسای چاپەمەنیی میسری باس لەو سانسۆرە ناکا.

دووەم: هەندێ سیستمی رۆژنامەنووسی عەرەبی هەن کە یاساکانی چاپەمەنیان رێگانەدان بەسەپاندنی سانسۆر بەسەر رۆژنامە ناوخۆییەکانیاندا دیاری‌دەکەن، بەڵام ئەو یاسایانە لەهەمان کاتدا رێگادەدەن بە مافی سەپاندنی سانسۆر بەسەر ئەو رۆژنامە بیانیانەی لەدەرەوەرا دەهێنرێن. هەروەها ئەو یاسانە لەهەندێ باری هەولاوێژدا رێگا بەوەیش دەدەن سانسۆر بەسەر رۆژنامە ناوخۆییەکاندا بسەپێنرێ.

لەنمونەی ئەو سیستمانە یاسای چاپەمەنیی سعودییە کە لەبەندی ژمارە (24)ی‌دا ئەوە دیاریدەکا کە "ئازادیی رادەربڕین لەبیروبۆچوون بەجیاوازی ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە لەچوارچێوەی حوکمە شەرعییە سیستماتیکییەکان رێگاپێدراوە، و رۆژنامە ناوخۆییەکان ملکەچی سانسۆر نابن تەنها لەباری هەولاوێژیدا نەبێ کە ئەوەیش ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدا".

لەیاسای چامەنیی لوبنانیشدا لەبەندی ژمارە (39)یدا بەمجۆرەی خوارەوە دیاریکراوە:

"لەباری هەلاوێژیدا وەك ئەوەی وڵات یان بەشێکی رووبەرووی مەترسییەك کە لەئەنجامی جەنگێکی دەرەکییەوە کەوتبێتەوە یان شۆڕشێکی چەکداری یاخود شڵەقاندن یان بارودۆخێ یان کارێ کە هەڕەشە لەرژێم یان

هێمنی یاخود ئاسایشی گشتی بکا ڕووی‌دابیٚ، یاخود لەکاتی کەوتنی ڕووداویٚ کە شێوەی کارەسات بەخۆوە ببینیٚ. حکومەت بۆی هەیە لەڕێگای ئەنجومەنی وەزیران‌و لەسەر پێشنیازی وەزیری ڕاگەیاندن مەرسومیٚ دەربکا بە ملکەچپێکردنی سەرجەمی چاپەمەنییەکان‌و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بۆ سانسۆر، بەوەی دەبیٚ ئەو مەرسومە ڕێکخستنی ئەو سانسۆرەو شێوازەکەی دیاری‌بکاو ئەو سەرچاوەیە دابمەزرێنی کە لەئەستۆی دەگریٚ".

سێیەم: هەندیٚ لەسیستمی ڕۆژنامەنووسیی عەرەبی هەن کە یاساکانی چاپەمەنیان بەراشکاویی سانسۆر بۆ سەر ڕۆژنامەکانیان دیاری‌دەکەن، ئیتر ئایا ئەو ڕۆژنامەیە ناوخۆیی بیٚ یاخود بیانی بیٚ‌و لەدەرەوەڕا هێنرابیٚ، وەك یاسای چاپەمەنی لەدەوڵەتەکانی قەتەرو کوەیت. بۆ نمونە بەندی (58)ی یاسای چاپەمەنیی قەتەری ئەوە دیاری‌دەکا کە: "بەڕێوەبەری کارگێڕیی چاپەمەنی‌و بڵاوکردنەوە بۆی هەیە دوای ڕەزامەندیی وەزیری ڕاگەیاندن سڕینەوە لەهەر چاپەمەنییەکی ناوخۆ یان هاوردە لەهەر بڕگەیەکی یان وتارێکی یاخود لێکۆڵینەوەیەکی یان لێدوانێکی یاخود هەر بەشێکی‌بیٚ بکا، هەرکاتیٚ بخواستریٚ ئەوانە بگرێتەوە بەوەی کە ڕێگاپێنەدراون؛ ئەمەیش بەگوێرەی حوکمەکانی فەسڵی چوارەم لەم یاسایە، و سڕینەوەکە ئایا بەبڕینی بەشە ڕێگاپێنەدراوە بڵاوکراوەکە یان سڕینەوەی بەمەرەکەب یاخود بەهەر ڕێگایەکی تری گونجاو، و ئەگەر سڕینەوەکەیش تەگەرەی تێکەوت بەڕێوەبەری کارگێڕیی چاپەمەنی‌و بڵاوکردنەوە بۆی هەیە دوای ڕەزامەندیی وەزیری ڕاگەیاندن بڕیارێك دەربکا بە ڕێگانەدان بەبڵاوکردنەوەی چاپەمەنییەکە، و نابیٚ لەبەردەم هیچ لایەنێکی قەزایشدا تانە لەو بڕیارە بدریٚ".[20]

هەروٚنیٚ بیٚ کۆمەڵگا پەرستێنەکان سوورن لەسەر پارێزگاریکردن لەکۆنترۆڵکردنی سیاسیی بەهێز بەسەر ئەوانەی کە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن دەیانخەنەروو، ئەمەیش بۆ ئەوەی هەموو ئەوانە دووربخەنەوە کە بەردەگرن لەپەلەکردن لەپرۆسێسی گەشەپێدانی سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی، بۆیە ئەو دەوڵەتانە کار بۆ ئەوە دەکەن یاساکانیان هەموو ئەوانە لەخۆبگرن کە توانای پارێزگاریکردنی هەبیٚ لەسەر پابەندبوون بەپرەنسیپەکانی کۆمەڵگاو بنەما سەرەکییەکانی. گرنگترین ئەو شتانەی ئەو یاسایانە لەخۆیانی دەگریٚ ئەمانەن:

1-بانگەشەکردن بۆ هاوکاریی کۆمەڵایەتی‌و هاننەدان بۆ ئەوەی کە هۆزێك خۆشنەویستریٚ.

2-بڵاونەکردنەوەی ئەو شتانەی بەپێشێلکردنی ئایینەکان یان پەلاماردان بۆ سەری دادەنریٚ.

3-بڵاونەکردنەوەی ئەو شتانەی وروژێنەری لەخۆبایی‌بوونی ڕەگەزپەرستی یان تیرەیی بیٚ.

4-دانانی هاندان بەتاوان لەسەر ئەنجامدانی تاوانەکان، و نەبەستنەوەی بە یاساکانەوە.

5-دانانی هێرشکردن بۆ سەر دەسەڵاتە گشتییەکان یان بەرەنگاربوونەوەیان بەتاوان.

6-نەنگی بۆ گەلانی تر یان بڵاوکردنەوەی شتیٚ کە گێرەشێوێنی بۆ حکومەتە دۆستەکان دروست بکا بەتاوان دادەنریٚ.

7-بەتاوان دانانی بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی ئاسایشی دەوڵەت‌و هێمنییەکەی دەخەنە مەترسییەوە.

8-قەشمەریکردن بەسەرۆکی دەوڵەت یان ریسواکردنی دەسەڵاتە قەزاییەکان بەتاوان دادەنریٚ.

9-بەتاوان دانانی بڕەودان بەبەرهەڵستیکردنی ئەو پرەنسیپە سەرەکییانەی سیستمی گشتیی ئابوریی کۆمەڵایەتی پێی‌هەڵدەستیٚ، و هەروەها هاندان بۆ ڕقلێبوونەوەی یاخود گاڵتەپێکردنی.[21]

بۆ نمونە لەبەندی یەکەمی یاسای دەسەڵاتی ڕۆژنامەنووسیی میسریدا هاتووە "ڕۆژنامەنووسی دەسەڵاتێکی میللی سەربەخۆیە، ئازادانە بۆ

www.pertwk.com

خزمەتکردنی کۆمەڵگا پەیڕەوی پەیامەکەی دەکا، بەجۆرێ کە گوزارشت بکا لەئاڕاستەکانی رای‌گشتی‌و بەشداریکردن لەپێکهێنان‌و ئاڕاستەکردنی، ئەوەیش لەچوارچێوەی بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگادا دەبێ لەگەڵ پارێزگاریکردن لەزانیارییەکان‌و ماف‌و ئەرکە گشتییەکان‌و رێزگرتنی ئازادیی ژیانی تایبەتی هاووڵاتیان. لەبەندی سێیەمیشدا بەمجۆرە هاتووە "رۆژنامەنووسان سەربەخۆن‌و جگە لەیاسا هیچی‌تر لەکاروبارەکانیاندا نابێتە حوکمڕانیان".

لەبەندی شەشەمیشدا بەمجۆرە هاتووە "رۆژنامەنووس لەو شتانەدا کە بڵاویاندەکاتەوە پابەند دەبێ بە بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگا هەروەك چۆن لەدەستوردا هاتووە".[22]

**لەگەڵ ئەوەیشدا یاسای سزادانی میسری ئەم شتانە بەتاوان دەزانێ:**

بەندی (98) هاندان بۆ بەربەرەکانێکردنی دەسەڵاتە گشتییەکان.

بەندی (174) هاندان بۆ سەر لوتکەی رژێمی فەرمانڕەوا یان رقلێبوونەوەی یاخود گاڵتەپێکردنی.

بەندی (175) هاندان بۆ پەسەندکردن یان برەودانی ئەو رێبازانەی بەرێگای ناڕەوا داوای گۆڕینی پرەنسیپە سەرەکییەکانی دەستور بۆ دەستە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، هەروەها هاندانی سەرباز بۆ دەرچوون لەدڵسۆزیی.

بەندی (176) هاندان بۆ خۆشنەویستنی هۆزێ.

بەندی (177) هاندان بۆ پابەندنەبوون بەیاساکانەوە.(23)

هەروەها لەبەندی ژمارە (13)ی یاسای رێکخستنی رۆژنامەنووسی‌و چاپکراوەکان لەکۆماری سودانی دیموکراتیدا هاتووە "پێویستە لەسەر هەر رۆژنامەیێ یان چاپکراوێ پابەندی ئەم رێسایانەبێ:

–بەرهەڵستینەکردنی ئایینە ئاسمانییەکان‌و بەخشندەیی باوەڕەکان.

–بڵاونەکردنەوەی ئەو هەواڵ‌و زانیارییانەی زیان بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دەگەیەنن، یان لەتوانایدا هەیە لەسەرۆك دەوڵەتەکان بدەن، یان لیخنکردنی پاکی پەیوەندییەکانی نێوان سودان‌و دەوڵەتە دۆستەکان.

–بڵاونەکردنەوەی ئەو شتەی لەتوانایدایە هاندان بێ بۆ ئەنجامدانی تاوان یان ئاشوب نانەوە یاخود بڵاوکردنەوەی رۆحی لێکترازان لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگادا".[24]

**هەروەها لەیاسای چامەنی‌و بڵاوکردنەوەی دەوڵەتی میرنشینە عەرەبییەکانیشدا بەمجۆرە هاتووە:**

بەندی (70) رێگا نادرێ بەرەخنەگرتن لە کەسێتیی سەرۆکی دەوڵەت یان فەرمانڕەوایانی میرنشینەکان.

بەندی (71) رێگانادرێ بەبڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی هاندان یان گێرەشێوێنی بۆ سەر ئیسلام یان بۆ سەر رژێمی فەرمانڕەوا لەوڵاتدا لەخۆبگرێ، یاخود زیانگەیاندن بەبەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت یان بەو رژێمانەی کۆمەڵگایان لەسەر دەوەستێ.

بەندی (73) رێگانادرێ بەبڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوان یان ئاشوبنانەوە لەخۆبگرێ، یاخود بڵاوکردنەوەی رۆحی لێکترازان لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگادا.

بەندی (81) نابێ ئەو شتانە بڵاوبکرێنەوە کە لەتوانایاندا هەیە زیان بەدراوی نیشتمانی بگەیەنن، یان ببنە هۆی پشێویی باری ئابوریی وڵات.[25]

**لەیاسای چاپەمەنی‌و بڵاوکردنەوەی سوڵتاننشینی عوممandا هاتووە:**

بەندی (25) "نابێ ئەو شتانە بڵاوبکرێنەوە کە مەبەست لێی ئابڕووبردنی کەسی سوڵتانی گەورەبێ یان یەکێ لە ئەندامانی خێزانی فەرمانڕەوا چ بەئاماژەبێ یان لێدوان بەوشە یاخود بەوێنە، هەروەها نابێ هاندان بێ بۆ سەر لوتکەی رژێمی فەرمانڕەوا لەسوڵتاننشیندا یان بانگەشەکردن بۆ باوەش پیاکردن یان برەودانی ئەو شتانەی ناکۆکن لەگەڵ پرەنسیپەکانی ئایینیی ئیسلامیی راستدا".

بەندی (26) نابێ هەموو ئەو شتانە بڵاوبکرێنەوە کە دەشێ ناکۆك بن لەگەڵ ئاسودەیی دەوڵەت یان ئاسایشی ناوخۆیی یان دەرەکی بخاتە مەترسییەوە، هەروەها هەموو هەواڵێکی سەربازی‌و پەیوەندیکردنە نهێنییە

www.pertwk.com

ڕەسمییەکان، ئەگەر دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان بڵاوکردنەوەیانیان ڕانەگەیاندبێ، هەروەك چۆن نابێ دەقی ڕێکەوتن و پەیماننامەکانیش کە حکومەت دەیانبەستێ بەر لەبڵاوکردنەوەیان لەرۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاوبکرێنەوە.

بەندی (27) نابێ ئەو شتانە بڵاوبکرێنەوە کە دەبنە هۆی زیانگەیاندن بەدراوی نیشتمانی یان دەبنە هۆی پشێویی بیروبۆچوونەکان سەبارەت بە بازاڕی دراوی سوڵتاننشین یان باری ئابوریی وڵات.

بەندی (28) نابێ هەموو ئەو شتانە بڵاوبکرێنەوە کە دەبنە هۆی لێدانی ئەخلاق و ڕەوشتیی گشتی و ئایینە ئاسمانییەکان.[26]

**یاسای چامەنیی دەوڵەتی قەتەریش ڕێگای بڵاوکردنەوەی ئەم شتانە نادا:**

بەندی (46) نابێ ڕەخنە لەشەخسی شازادەی قەتەر بگیرێ.

بەندی (47) أ–نابێ ئەو شتانە بڵاوبکرێنەوە کە هاندان بن بۆ لوتکەی ڕژێمی فەرمانڕەوا لەوڵاتدا یان گێرەشێوێنی‌بن بۆ سەری یاخود زیانگەیاندن بەبەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت.

ب–نابێ هەموو ئەو شتانە بڵاوبکرێنەوە کە هێمنیی دەوڵەت یان ئاسایشی ناوخۆی یان دەرەوەی بخاتە مەترسییەوە، یان بەرەودان بە لەخۆگرتنی پرەنسیپە وێرانکارییەکان.

ج–نابێ هەموو ئەو شتانە بڵاوبکرێنەوە کە لێدان بن بەسەرکردەی دەوڵەتەکان یان لێڵکردنی بێگەردیی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و دەوڵەتە عەرەبی و دۆستەکان.

د–نابێ هەموو ئەو بۆچوونانە بڵاوبکرێنەوە کە گاڵتەجاڕی یان بوغزیان بۆ یەکێ لەئایینە ئاسمانییەکان یان ڕێبازەکانی تیابێ یاخود یارمەتیدەربێ بۆ وروژاندنی لەخۆباییبوونی خێڵەکی یان ڕەگەزپەرستی یاخود ئایینی.

هـ–نابێ ئەو شتانە بڵاوبکرێنەوە کە دەکرێ ببنە هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوان یان ئاشوبنانەوە یاخود بڵاوکردنەوەی ڕۆحی لێکترازان لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگادا.[27]



**لەیاسای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی دەوڵەتی عەرەبستانی سعودیشدا هاتووە:**

بەندی (7) ڕێگانادرێ بە چاپکردن یان بڵاوکردنەوە یاخود بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی ئەمانە لەخۆدەگرن:

أ–هەموو ئەوانەی ناکۆکن لەگەڵ ڕەسەنایەتییە شەرعییەکان یان لەپیرۆزی ئیسلام و شەریعەتە میهرەبانەکەی دەدەن یان ئابڕووبردنی ئادابی گشتی.

ب–هەموو ئەوانەی دژ بەئاسایشی دەوڵەت و سیستەمە گشتییەکەین.

ج–هەر شتێ کە تێپەڕاندنی نهێنییەکانی ڕژێم و ڕێنماییەکان بێ، تەنها بەرێگاپێدانی تایبەت لەخاوەن دەسەڵاتی خۆی.

د–ئەو ڕاپۆرت و هەواڵانەی کە لێدانن لەهێمنیی هێزە سەربازییەکانی عەرەبستانی سعودی، تەنها لەدوای ڕەزامەندیی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

هـ–هەموو ئەوانەی لەتواناياندایە تاکەکانی هێزە سەربازییەکان یان چەکەکانی یاخود جبەخانەکانی بخاتە مەترسییەوە.

و–بڵاوکردنەوەی ئەو سیستەمانە یان ڕێککەوتننامانە، یاخود پەیماننامانە یان زانیارییە ڕەسمییەکانی دەوڵەت بەرلەوەی بەرەسمی ڕابگەیەندرێن، ئەگەر ئەوە ڕەزامەندیی لایەنە پەیوەندیدارەکانی لەسەر نەبێ.

ز–هەموو ئەوانەی لێدان بن لە ئابڕووی سەرکردەی دەوڵەتەکان یان سەرۆکی نوێنەرایەتیکردنە دیپلۆماسییە باوەڕپێکراوەکانی شانشین، یان ببێتە هۆی خراپبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا.

ح–هەموو ئەو هەواڵە درۆیانەی بەرپرسانی دەوڵەت یان دامەزراوەکانی یاخود دەستە ناوخۆییە گشتییەکان یان تایبەتییەکان یاخود تاکەکان دەگرێتەوە و دەبنە هۆی زیانگەیاندن پێیان یاخود لێدانی ناموسیان.

گ–بانگەشەکردن بۆ پرەنسیپە ڕوخێنەرەکان یان شڵۆقکردنی دڵنیایی گشتی یان بڵاوکردنەوەی جیابوونەوە لەنێو هاووڵاتیاندا.

ی– هەموو ئەوانەی تاوانکاری پەسەنددەکەن یان بانگەشەی بۆ دەکەن یاخود هاندان بۆ پەلاماردانی خەڵکی بەشێوەیەك لەشێوەکان.

**لەگەڵ ئەوەیشدا لەیاسای چاپەمەنیی دەوڵەتی لوبناندا بەمجۆرە هاتووە:**



152

www.pertwk.com

**بەندی (23) ئەگەر یەکێ لەچاپکراوەکان لەخودی سەرۆکی دەوڵەتی داو بەلێدانی ئابڕوی دانرا یان ئەو چاپکراوە کە ئەو شتانەی بڵاوکردووەتەوە لۆمە یان سوکایەتکیکردن بوو بەمافی یان بەمافی سەرۆکی دەوڵەتێکی بیانی، ئەوکات بەبێ سکاڵای زیانلێکەوتوو داوای مافی گشتی دەبزوێ.***

**بەندی (24) هەموو ئەوانەی دەبنە هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانی بڵاوکردنەوەو بانگەشەکردن لەچاپکراوێکی رۆژنامەنووسیدا، و جیاواز لەوە بەگوێرەی بەندی (218) لەیاسای سزادان (ی لوبنانی–و.ك) سزا دەدرێ، و هەموو ئەوانە بەهاندان دادەنرێن کە نووسین بن و مەبەست لێیان بانگەشەکردن بن بۆ تاوانکاری یان هاندان بەلایدا.**

**بەندی (25) ئەگەر یەکێ لەچاپکراوەکان بابەتێکی بڵاوکردەوە سوکایەتیکردن بوو بەیەکێ لەو ئاینانەی لەوڵاتدا دانیان پیانراوە، یان ببێتە هۆی خرۆشانی لەخۆباییبوونی خێڵەکی یان رەگەزپەرستی یان شڵەقانی هێمنی گشتی یان لێدانی ئاسایشی دەوڵەت یان سەروەرییەکەی یان یەکێتییەکەی یاخود هەژانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی لوبنان لەشێوەیەکدا کە ئاسایشی دەرەوەی دەوڵەت بخاتە مەترسییەوە، داواکاری گشتیی تێهەڵچوونەوە بۆی هەیە رۆژنامەکە بۆ ماوەیەك رابگرێ کە لەهەفتەیەك کەمترو لەمانگێ زیاتر نەبێ یان دەست بەسەر ژمارەکانیدا بگرێ، هەروەها دەیشتوانێ چاپکراوەکە بەرەو رووی دادگا بکاتەوە.(29)**

**لەو خستنەڕووانەی پێشووەوە ئەوە کورت دەکەینەوە ناوەندەکانی راگەیاندن لەدەوڵەتە پەرستێنەکاندا زنجیرەیەکی زۆر لەکۆتوبەندی یاسایی فەرمانیان بەسەردا دەکاو ئازادییەکەی سنوردار دەکا، و رێگا بە حکومەتەکانی ئەو دەوڵەتانە دەدا بڕیار لەوە بدەن کە دەبێ بڵاوبکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشی کە بڵاونەکرێتەوە، کە ئەوەیش کۆتوبەند بۆ سەر ئازادیی رادەربڕین و ئازادیی رۆژنامەنووسی دروست دەکا، و وەها لەناوەندەکانی راگەیاندن دەکا بەتەنها ببنە زوڕنای پڕوپاگەندە بۆ پیرۆزکردنی سیاسەتیی حکومەتە پەرستێنەکان.**

پوختە:

**ریشەی سانسۆری حکومی بۆ سەر ناوەندەکانی راگەیاندن تا فەلسەفەی دەسەڵاتخوازی درێژدەبێتەوە، و رژێمە پاشایەتییە فەرمانڕەواکان گۆڕانکارییان کردووە لەو چەندین شێوازانەی دەبنە هۆی کۆنترۆڵکردنی رۆژنامەنووسی وەك سانسۆری راستەوخۆ بەسەر چاپخانەکاندا بەر لەبڵاوکردنەوە، بەخشینی رەزامەندی بەمافی چاپکردن، و دادگاییکردنی ئەو بڵاوکراوانەی برەو بەبابەتێ دەدەن کە ئارەزووی لێناکرێ، و هەروەها سەپاندنی باج کە ئامانج لێی سنوردانانە بۆ بڵاوکردنەوەی رۆژنامە.**

**کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان وەرچەرخانیان بەخۆوە بینی لەفەلسەفەی دەسەڵاتخوازییەوە بۆ فەلسەفەی ئازادیخوازی (لیبراڵیزم) بۆ پیاچوونەوە بەمافی تاکەکەسەکاندا لەو پێودانگەوە کە لەمافی دەوڵەت گرنگترە، هەروەها**

---

* لەمبارەیەوەو لەهەرێمی کوردستانو عیراقی دوای ئازادکردنیشدا هەمان حاڵەت جێبەجێدەبێ بەوەی ئەگەر ناوی کەسێك لەکەدارکرا بەهۆی بابەتێکی رۆژنامەنووسییەوە کە لەراگەیاندندا بڵاوکرابێتەوەو کەسەکە لەکەرتی گشتیدا کاربکا، ئەوکات مافی گشت دەبێ و "داواکاری گشتی" بۆی هەیە داوا لەدژی رۆژنامەنووسەکە تۆماربکاو داوای قەرەبووبکاتەوە، تەنانەت ئەگەر کەسی ناوزڕێنراو شکایەتی نەکردبێ، یان شکایەتکار دەستبەرداری شکایەتکردنەکەیشی ببێ..

بەندە کاتێ سەرنووسەری هەفتەنامەی "رایگشتی"بووم لەناوەڕاستی ساڵی 2002دا، بەهۆی هەواڵێکەوە کە لەرۆژنامەکەدا بڵاومانکردەوەو دوای شکایەتلێکردنم و دادگاییکردنەکەم لەسەرەتای ساڵی 2004دا، سەرباری ئەوەی شکاتکەرەکەم بەرەسمی دەستبەرداری شکایەتەکەی بووبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەکەرتی گشتیدا کاری دەکرد، مافی گشت (حق العام) لەکێشەکەمدا مابووەوە بەغەرامە سزادرام. و.ك

www.pertwk.com

کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان –بەشێویەکی گشتی– پابەند دەبن بە نەسەپاندنی سانسۆری حکومی بەسەر ناوەندەکانی راگەیاندندا –بەتایبەتی ناوەندە چاپکراوەکان– و تێگەیشتنی ئەمەریکی بۆ ئازادیی رادەربڕین و رۆژنامەنووسی پشت دەبەستێ بە بەرەنگاربوونەوەی باوەڕە دەسەڵاتخوازییەکان، و هەروەها دەستوری ئەمەریکی ئازادیی بیرو پەیڕەوکردن بۆ ناوەندەکانی رادەربڕین و راگەیاندن دەستەبەردەکا، ئەوەیش بەگوێرەی بەندەکانی یەکەمین چاککاری و چواردەیەمین چاککاریی دەستور. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو ئازادییە هەندێ کۆتوبەندی  رووبەرودەبێتەوە کە خۆی لەحاڵەتی ئیمتیازە تایبەتییەکانی سەرکۆمارو سمبولە نیشتمانییەکاندا دەبینێتەوە، لەگەڵ پارێزگاریکردن لەیەکبوونی نەتەوە لەکاتی ماوەی جەنگەکەدا، و هەروەها رووبەرووبوونەوەی سیخوڕیکردن، و پارێزگاریکردن لەئاسایشی نەتەوەیی، و پاراستنی نهێنییەکانی وەزارەتی بەرگری، و سەرجەمی ئەو بارودۆخانەی تیایاندا دەوڵەت رووبەرووی مەترسی روون و ئاشکرا دەبێتەوە. ئێزگە بیستراوو بینراوەکانیش لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا ملکەچی ئەو کۆتوبەندانە دەبن کە لیژنەی پەیوەندییە فیدڕاڵییەکان، کە یەکێکە لەئاژانسە حکومییەکان و کاریگەریی بەهێزی بەسەر هاووڵاتیانی ئەمەریکاوە هەیە، دەیانسەپێنێ. هەروەها دابەشکردنی فیلمە سینەماییەکان لەناو ویلایەتەیەکگرتووەکانداو لەلایەن ویلایەتەکەوە ملکەچی رەزامەندی دەبێ.

لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتە پەرستێنەکان ناوەندەکانی راگەیاندن دەخەنە ژێر شێوەیەك لەشێوەکانی چاودێریی حکومییەوە، و دەشێ ئەو چاودێریکردنە راستەوخۆبێ وەك سانسۆرەکانی پێشووی سەر بڵاوکردنەوە، و هەروەها سانسۆری دوای بڵاوکردنەوەو بەر لەدابەشکردن و سانسۆری دوای دابەشکردن، هەروەها چاودێریی حکومیی ناڕاستەوخۆیش هەیە، کە خۆی لەئاڕاستەکردنە حکومییەکاندا سەبارەت بە هەندێ رێگاپێنەدراوی تایبەت بەبڵاوکردنەوە دەبینێتەوە، لەگەڵ دەستوەردان لەشێوازی چارەسەرکردنی رۆژنامەنووسیدا، و فشارخستنی مادی و مەعنەوی بۆ سەر رۆژنامەنووسان، و سانسۆر لەرێی سەرنووسەر، و دانانی کۆتوبەند بۆ سەر پۆسێسی دەستکەوتنی هەواڵ و بڵاوکردنەوەی.

هەر ئەم فەسڵە پاساوەکانی سەپاندنی سانسۆری حکومی لەکۆمەڵگا پەرستێنەکاندا لەخۆدەگرێ، لەگەڵ خستنەرووی هەندێ لەو یاسایانەی ئازادیی ناوەندەکانی راگەیاندن سنورداردەکەن لەهەریەکێ لەمیسر، سودان، سوڵتاننشینی عوممان، دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو، دەوڵەتی قەتەر، دەوڵەتی عەرەبستانی سعودی، و لوبناندا.

## سەرچاوەکانی فەسڵی سێیەم


(1) fink, conrad c. Media Ethics in the Newsroom Aand Beyond (N. Y.: McGraw- Hill, Inc, 1988) P. 257.

(2)christians, Clifford G. Rotzoll, Kim B., and Fackler, Mark Media Ethics cases and Moral Reasoning (N. Y.: Longman Inc., 1987) P. 299.

(3) Windlesham, Lord Broadcasting in A Free Society (England, Oxford: Basil Blackwell, 1980) P. 3.

(4) Harless, James D. Mass Communication An Introductory Survey (USA: WM. C., Brown Publishers, 1985) PP. 431-432.
(5) Bittner, John R. Mass Communication An Introduction (N. J.: Prentice Hall, Englewood Cliffs, 4th Ed., 1986) P. 338.
(6) Ibid, P. 379.
(7) Harless, James D. (1985) op. cit, P. 433.
(8) Ibid, PP. 460-461.
(9) Holsinger, Ralph L. Media Law (N.Y.: Random House, 1987) PP. 58-59.
(10) Ibid, PP. 76-77.
(11) Harless, James D. (1985) op. cit, PP. 433-434.
(12) Ibid, PP. 439-440.
(13)Ibid, P. 443.
(14) Bittner, John R. (1986) op. cit, PP. 339-341.
(15) Ibid, PP. 342-343.
(16) Ibid, P. 346.
(17) Ibid, PP. 434-435.
(18) Becker, Samuel L Discovering Mass Communication (USA: Sscott, Foresman and Company, 2nd Ed., 1987) PP. 384-386.
(19) ليلى عبدالمجيد: الصحافة فى الوطن العربى (القاهرة: العربى للنشر و التوزيع، 1990) لاپەڕەکانی 98-99.
(20) فاروق أبو زيد: النظم الصحفية فى الوطن العربى (القاهرة: عالم الكتب، 1986) لاپەڕەکانی 48-51.
(21) ليلى عبدالمجيد: (1990) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی 47-48.
(22) کۆماری میسری عەرەبی: یاسای ژمارە 148ی ساڵی 1980ی تایبەت بە دەسەڵاتی ڕۆژنامەنووسی (قاهیرە: دەستەی گشتیی تێگەیاندن).
(23) ليلى عبدالمجيد: (1990) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 88.





(24) کۆماری دیموکراتی سوودان: بڕیار بەڕێکخستنی ڕۆژنامەنووسی و چاپەمەنییەکان بۆ ساڵی 1405ی کۆچی بەرانبەر بە 1985ی زایینی (خەرتوم: وەزارەتی ڕۆشنبیری و راگەیاندن).
(25) دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو: یاسای فیدراڵی ژمارە (15)ی ساڵی 1980 ی تایبەت بە چاپەمەنییەکان و بڵاوکردنەوە (ئەبوزەبی: وەزارەتی راگەیاندن).
(26) سوڵتاننشینی عوممان: یاسای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی ژمارە 49ی ساڵی 1984 و لائیحەی جێبەجێکردنەکەی بە ژمارە 25ی ساڵی 1984 (مەسقەت: وەزارەتی راگەیاندن).
(27) دەوڵەتی قەتەر: یاسای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی ژمارە 8ی ساڵی 1979 (دەوحە: وەزارەتی راگەیاندن).
(28)میرنشینی عەرەبستانی سعودی: سیستمی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە (بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی ژمارە 65 لە ڕۆژی 1402/3/23ی کۆچی دەرچووە شاهانە بە مەرسومی شاهانەیی ژمارە م/17 لە ڕۆژی 1402/4/13ی کۆچی.
(29) دەوڵەتی لوبنان: مەرسومی سۆشیالیستیی ژمارە 104 لەڕۆژی 1977/6/30 (بەیروت: وەزارەتی راگەیاندن).

www.pertwk.com

# فەسڵی چوارەم

## سانسۆری رێکخستنەکانی تایبەت بە ناوەندەکانی راگەیاندن

-پێویستی بۆ راگەیاندنێکی ئازادو بەرپرسیار.
-بەڵگەنامەکانی ئابڕوی ئەخلاقیو ئەنجومەنەکانی رۆژنامەنووسی.
-کۆمەڵگای ئەمەریکی بۆ رۆژنامەنووسانی رۆژنامەکان.
-کۆمەڵگای رۆژنامەنووسە پیشمەندەکان.
-یەکێتیی نەتەوەییی رۆژنامەنووسانی ئیزگە.
-یەکێتیی بەڕێوەبەرانی هەواڵی رادیۆو تەلەفزیۆن.
-رێکخستنە پیشەییەکان لەکۆمەڵگای عەرەبیدا.
- بەڵگەنامەکانی ئابڕوی ئەخلاقی عەرەبی.
-دەستوری یەکێتیی گشتیی رۆژنامەنووسانی عەرەب.
-بەڵگەنامەی ئابڕوی راگەیاندنی عەرەبی.
-رۆڵی رەخنەگران لەچاودێریکردنی ناوەندەکانی راگەیاندندا.
-رۆڵی گروپەکانی فشار لەچاودێریکردنی ناوەندەکانی راگەیاندندا.
-رۆڵی جەماوەر لەچاودێریکردنی ناوەندەکانی راگەیاندندا.

www.pertwk.com

# فەسڵی چوارەم

## سانسۆری ڕێکخستنەکانی تایبەت بە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن

### دەسپێك:

ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی هاوچەرخ لەلایەن ڕێکخستنە تایبەتییە ناحکومییەکانەوە ڕووبەڕووی چەندین کۆتوبەند دەبنەوە، و ئەو ڕێکخستنە تایبەتییانە کار لەسەر ئاڕاستەکردنی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن دەکەن بەرەو پەیڕەوکردنی ڕۆڵی لەکۆمەڵگادا بە ڕێژەی ئەو ئازادییە بەرپرسیارێتییەی کە هەیە. ئەم فەسڵە پێویستیی ڕاگەیاندنێکی ئازادو بەرپرسیار لەخۆدەگرێ، لەگەڵ دەرکەوتنی بەڵگەنامەکانی ئابڕوی ئەخلاقیو ئەنجومەنەکانی ڕۆژنامەنووسی، و ئەو ڕۆڵەی کە لەکۆمەڵگادا پێیهەڵدەستێ، لەگەڵ لێکۆڵینەوەی هەندێ شێوە نمونەی خۆرئاوایی بۆ ڕێکخستنە تایبەتییەکانی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن وەك کۆمەڵگای ئەمەریکی بۆ نووسەرانی ڕۆژنامە، و کۆمەڵگای ڕۆژنامەنووسە پیشەمەندەکان، و یەکێتیی نەتەوەیی ڕۆژنامەنووسانی ئیزگە، و یەکێتیی بەڕێوەبەرانی هەواڵی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی ئەمەریکی، و دەستوری یەکێتیی گشتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب، و هەروەها بەڵگەنامەی ئابڕوی ڕاگەیاندنی عەرەبی. لەگەڵ ئەوەیشدا لێکۆڵینەوە لەو ڕۆڵەی ڕەخنەگران لەچاودێریکردنی ناوەندەکانی ڕاگەیاندنو ڕێبەریکردنیان لەبەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵگا، پێیهەڵدەستن، و هەروەها ڕۆڵی گروپەکانی فشار لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا، و ڕۆڵی جەماوەر لەچاودێریکردنی



ناوەندەکانی ڕاگەیاندنو ڕەخساندنی دەنگدانەوە (Feed-Back–و.ك) کە سودی دەبێ بۆ ئەوانەی پەیوەنددارن بەپەیوەندیکردنەوە.

### پێویستی بۆ ڕاگەیاندنێکی ئازادو بەرپرسیار:

فەلسەفەی دەسەڵاتخوازی هەڵوێستە دەکا لەوەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت، باشترن لەبەرژەوەندییەکانی تاك، و فەلسەفەی لیبراڵیش وایدەبینێ ئازادیی تاك بایەخدارترە لەئازادیی دەوڵەت؛ هەربۆیە کاردەکا بۆ ئازادبوون لەکۆنترۆڵی حکومی بۆ بەرژەوەندیی تاكو دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانییەکانی. سەدەی بیستەم دەرکەوتنی تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەخۆوە بینی کە جەخت لەپێویستیی ئازادبوونی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن دەکاتەوە لەکۆتوبەندی پێشوەخت کە حکومەت دایاندەنێ، لەگەڵ جەختکردنەوە لە پێویستیی پابەندبوونی ئەو ناوەندانەی ڕاگەیاندنی جەماوەری بە جەختکردن بۆ بەرژەوەندیی گشتی، لەبری خزمەتکردنی تەنها ئەوانەی کە خاوەنیانن. ئەم تیۆرە وای نیشان دەدا ئازادیی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بەندە بەهەندێ مەترسییەوە. ئەو ئیمتیازەی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لەژێر سایەی یەکەمین چاککاریی دەستوری ئەمەریکیدا بەخۆیەوە دەبینێ مافێکی دەستورییەو بۆ بەجێهێنانی بەرژەوەندیی کۆمەڵگا دەستەبەردەکرێ، لەگەڵ ئەوەیشدا پەیڕەویکردنەکانی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لەماوەی هەردوو سەدەی نۆزدەیەمو بیستەمداو لەپێناو دەستەبەرکردنی زۆرترین قازانج قوربانی بە بەپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکەی داوە، و هەروەها کارکردن بۆ خڵەفاندنی خەڵکی، لەبری پێشکەشکردنی زانیاریو ڕۆشنبیریو خۆشیی بەسود، و ئەوە لەپەرشبوونی زۆری ڕۆژنامەنووسیی زەرددا لەماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا ڕەنگیداوەتەوە. لەمبارەیەوەو لەساڵی 1904دا جۆزیف پۆلیتزەر ,Joseph Pulitzer نووسی "ڕۆڵی سەرەکیی ڕۆژنامەنووسی خستنەڕووی نمونەیەکی باڵایە، لەگەڵ ڕاستگۆیی، و لێکدانەوەی ورد بۆ ئەو کێشانەی کۆمەڵگا ڕووبەڕوویان بووەتەوە، لەگەڵ هەستکردنی دڵسۆزانە

www.pertwk.com

بەبەرپرسیارێتیی ئەخلاقی، هەموو ئەوانە رۆژنامەنووسی دەپارێزیٚ لە ملکەچبوون بۆ هەژموونی دەسکەوتو بەجێهێنانی ئامانجی خۆپەرستانە لەدژی خۆشگوزەرانیی سەرجەمی خەڵکی".[1]

لەساڵی 1947دا راپۆرتێکی لیژنەی "هچنز" ,Hatchins بەناونیشانی "رۆژنامەنووسییەکی ئازادو بەرپرسیار" ئاماژە بەمانە دەکا:

1–ئازادیی ناوەندەکانی راگەیاندن لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا لەمەترسیدایە،و بەشێکی ئەوەیش بۆ پەیڕەویکردنی نا بەرپرسیارانەی هەندیٚ لەبەڕێوەبەرانی ناوەندەکانی راگەیاندن دەگەڕێتەوە، لەگەڵ شکستهێنانیان لەهەستکردن بە پێویستییەکانی سەرجەمی خەڵکی.

2–شکستی تیۆری "بازاڕی بیروبۆچوونە ئازادەکان" لەدەستەبەرکردنی ئەوانەی بەڵێنیپێدابوو لەبەجێهێنانی سودە چاوەڕوانکراوەکان، لەرێی گوزارشتکردن لەسەرجەمی خەڵکیو خستنەڕووی تێڕوانینی زۆرو هەمەڕەنگ.

3–شکستی ناوەندەکانی راگەیاندن لەرووی ئەوەی لەسیاقی بەڵگەنامەییدا راستیی تەواو سەبارەت بەرووداوەکانی رۆژ ببەخشنە جەماوەر.

4–دەبیٚ ناوەندەکانی راگەیاندن وێنەیەکی نمونەیی بدەنە کۆمەڵگا،و تیایدا چەند لەتوانادا هەیە بەهاکانی کۆمەڵگاو ئامانجەکانی رەنگبدەنەوە،و وێنەی رۆتینی دووربخرێتەوە.

لیژنەی ئازادییەکان سڵەمییەوە لەبەردەوامبوونی پەیڕەوکردنی نا بەرپرسیارانەی ناوەندەکانی راگەیاندنو شکستهێنانی لەخزمەتکردنی خەڵکیدا، لەو بارەدا دەبیٚ حکومەت دەستوەربداو ئەو ناوەندانە ناچاربکا بەرێگایەکی بەپرسیارانە ئەو شتانە پێشکەش بکەن کە خزمەتی خەڵکی دەکەن. دەشیٚ ئەوەیش لەرێی رێکخستنی خودییەوە Self- Regulation کە هەڵگری کۆڵنەدانو بەرپرسیارێتییە بۆ بەرگرتن لەگەڕانەوە بۆ ژێر کۆنترۆڵی حکومی. ئەو هەڵبژاردنەی داکۆکیکاران لەتیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی دایدەنێن ئەوەیە ناوەندەکانی راگەیاندن لەرێگای کۆنترۆڵی حکومییەوە یاخود لەرێگای کۆنترۆڵی خودییەوە پەیڕەوی لەبەرپرسیارێتییەکەی بکا. پەیڕەوکردنە نا بەرپرسیارییەکانی ناوەندەکانی راگەیاندنن پاڵدەنێن بە حکومەتی ئەمەریکییەوە بۆ دەست بەسەراگرتنی پیشەسازیی جاڕدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەساڵەکانی بەرایی سەدەی بیستەمدا دەرکەوتوون،و هەمان شت بەنیسبەت وێستگەی رادیۆ نا بەرپرسیارەکان لەکاتی رکابەریاندا لەسەر لەرە هەواییەکانو لەماوەی دەیەی بیستەکان (ی سەدەی بیستەم–و.ك)دا روویداوە.[2]

### تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی هەڵگری بەجێهێنانی ئەم پرەنسیپانەیە:

1–دەبیٚ ناوەندەکانی راگەیاندن پابەندبوونی دیاریکراو بەرانبەر بە کۆمەڵگا پەسەندبکەن.

2–پێویستیی دانانی ئاستە پیشەییەکان لەرووی راستگۆییو بابەتیو وردبینیو هاوسەنگییەوە.

3–دەبیٚ هەموو ئەوانە دووربخرێنەوە کە دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی تاوان یان توندوتیژی یاخود ئاژاوەی مەدەنی یان نەنگی بۆ کەمینەکانی کۆمەڵگا.

4–رۆژنامەنووسانو پیشمەندان دەبیٚ سەرباری بەرپرسیارێتیان بەرانبەر بە دامەزراوەکانیانو هەروەها بازاڕ، دەبیٚ بەرانبەر بە کۆمەڵگایش بەرپرسیاربن.[3]

## بەڵگەنامەکانی ئابڕوی ئەخلاقیو ئەنجومەنەکانی رۆژنامەنووسی:

نزيكەی هەشتا ساڵ دەبێ (ئەم لێكۆڵینەوەیە لەسەرەتای نەوەدەكانی سەدەی رابردوودا نووسراوە–و.ك) بەڵگەنامەكانی ئابڕوی ئەخلاقی لەرۆژنامەنووسیدا دەركەوتوون، بەڵام ئەنجومەنەكانی رۆژنامەنووسی لەدەیەی شەستەكان (ی سەدەی بیستەم–و.ك)دا دەركەوتوون، كە رێكخراوی خۆبەخشی تایبەتن بەئامانجی چاككردنی راپەڕاندنی رۆژنامەنووسی و ناوەندەكانی تری پەیوەندیكردن، و لێكۆڵینەوەی ئەو سكالاّیانەی پەیوەنددارن بە پەیڕەوكردنی رۆژنامەنووسییەوە، كە رێگا بەخەڵكی دەدا رەخنە لەراپەڕاندنی ناوەندەكانی راگەیاندن بگرن بەبێ هەڕەشەی رەسمی یان یاسایی بۆ ناوەندەكانی پەیوەندیكردن، و ئامانجی بەڵگەنامەی ئابڕوی ئەخلاقیش چاككردنی راییكردنی كاری رۆژنامەنووسییە، و كاركردن لەناوەندەكانی راگەیاندن بەجۆرێ كە خزمەتی بەرژەوەندیی خەڵكی بەگشتی بكەن.[4]

لەمبارەیەوە "ئیفێرت دینیس" Dennis, پێیوایە ئەو رۆڵەی ئەنجومەنەكانی رۆژنامەنووسی پێیهەڵدەستن پێویست نییە، بەڵكو دەبنە هۆی دروستبوونی مەترسی لەدژی كۆمەڵگاو ناوەندەكانی راگەیاندن، كە چەندین دەوڵەت هەن لەرێی ئەنجومەنەكانی رۆژنامەنووسییەوە پەیڕەوی لە سانسۆر دەكەن بەسەر رۆژنامەكاندا، ئەوەیش بەهۆی رێگادان بەو ئەنجومەنەو سەپاندنی رەزامەندی بۆ دەركردنی رۆژنامە، و چاودێریكردنی كاری رۆژنامەنووسی، و سزادانی ئەو رۆژنامەنووسانەی بەرەنگاریی سیاسەتی حكومەت دەكەن.[5]

لەلایەكی دیكەوە "جۆن میرێڵ" Merrill, پێیوایە ئەنجومەنەكانی رۆژنامەنووسی بەرۆڵی راوێژكاریی هەڵدەستن، و ئەو پێشنیازانە دەخەنەروو كە گوزارشت لەپەیڕەوكردنی لاواز دەكەن، لەگەڵ پەیڕەوكردنی بەهێزی ناوەندەكانی راگەیاندن بەبێ ترس لەهێزی یاسا یان سزاكان، ئەوە كاری رۆژنامەنووسی بۆ بەرژەوەندیی خزمەتكردنی كۆمەڵگا چاك دەكا، و ئەو یاساو نەریتانە دەسەپێنێ كە دەبێ رۆژنامەنووسان لەبواری ئەخلاقیدا پێیانەوە پابەندبن.

**دەشێ ئەنجومەنەكانی رۆژنامەنووسی بەم ئەركانە هەستێ:**

1–دڵنیابوونەوە لەراستیی ئەو هەواڵانەی ناوەندەكانی راگەیاندن تەغتییەیان دەكەن.

2–كاركردن بۆ كەمكردنەوەی ئەو كێشەی ناوزڕاندنانەی دراونەتە پاڵ ناوەندەكانی راگەیاندن، و چارەسەركردنی كێشەكانی جەماوەر.

3–پشتگیریكردنی راستگۆیی لەكاری ناوەندەكانی راگەیاندندا.

4–بواردان بەكاردانەوەی جەماوەر بەرانبەر بە ئەو پەیامەی پێیان دەگا، و بڵاوكردنەوەی ئەو شتانەی جەماوەر بەباشی هەستیان پێدەكا، یان بەخراپی هەستیان پێدەكا.

5–بایەخدان بەخەڵكی لەرووی ئەو رۆڵەی ناوەندەكانی راگەیاندن بۆ خزمەتكردنی كۆمەڵگا پێیهەڵدەستن.

6–پشتگیریكردنی ئازادیی رۆژنامەنووسی لەرێی پێداگرتن لەسەر دادوەریی و چاككردنی بەڕێوەچوونی ناوەندەكانی راگەیاندن.

7–پارێزگاریكردنی ناوەندەكانی راگەیاندن لەسانسۆری حكومی.[6]

دواتر لەخوارەوە هەندێ رێكخراوی تری تایبەتتان بۆ دەخەینە روو كە ئامانجیان هاندانی پەیڕوكردنی ناوەندەكانی راگەیاندنی بەرپرسیارە لەرێی بەڵگەنامەی كۆمەڵایەتی و پیشەیی، لەبری هەوڵدان بۆ ناچاركردن و هێز بەكارهێنان:

## كۆمەڵگای ئەمەریكی بۆ رۆژنامەنووسانی رۆژنامەكان : ASNE

www.pertwk.com



ئامـــانجی کۆمـــەڵگای ئەمـــەریکی بـــۆ رۆژنامەنووســـانی رۆژنامـــەکان American Society of News-papers Editory گەشەپێدانی هەستی رۆژنامەنووسـە ئەمەریکییەکانـە بـە بەپرسـیارێتیی کۆمەڵایـەتی بەرانبـەر بـە کۆمەڵگا، بەجۆرێ وا لەرۆژنامەکان بکرێ بەشێوەیەکی نمونەییو بۆ خزمەتی بەرژەوەنـدیی گشـتی پەیامەکـەیان رایبکـەن، کـە ئـەوەیش ئاماژەیەکـە بـۆ دەســتوری ئــەخلاقی رۆژنامەنووســانیلەرۆژنامە ئەمەریکییەکانــدا، و ئــەم دەستورە جەخت لـەوەیش دەکاتـەوە کەو رۆژنامەنووسەی دەسەڵاتەکەی بۆ ئامانجی خۆپەرستانە یان بێ بەهایانە بەکاردێنێ نابێتە جێگای متمانە".
هــەروەها ئــەو دەســتورە ئەخلاقییــە گرنگیــی ئــازادیی رۆژنامەنووســیو سەربەخۆبوونی لەخۆدەگرێ. هەروەها دەستورەکە جەخت لـەوەیش دەکاتـەوە بەوەی "برەودان بە هەر پرۆژەیەکی تایبەت کە بەرژەوەندیی گشتی لێیەوە نەیەتەدی، بەنەبوونی دڵسۆزیی رۆژنامەنووسی دادەنرێ". هەر ئەم دەستورە تاوتوێی لایەنەکانی نووسین دەکا، و جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگیی پشت بەستن بەو راستیانەی گوزارشت لەرۆحی رۆژنامەنووسیی ئەمەریکی دەکەن، لەگـەڵ پێویسـتیی بـواردان بـۆ تۆمـەتبار تـاوەکو لەرۆژنامەنووسـیدا وەڵام بداتەوە، و هەروەها گرنگی رەچاوکردنی دادوەرییو هاوسەنگیو وردبینیو بابەتیبوون لەخستنەڕووی هەواڵەکاندا.[7]

## کۆمەڵگای رۆژنامەنووسە پیشمەندەکان (سیگمادلتاکای): SPJ

ئەمـە مانـای دەسـتوری ئـەخلاقی رۆژنامەنووسـە ئەمەریکییەکانـە The Society of Professiomal Journalists، کـە بـە "سـیگما دلتاکـای" Sigma Delta chi ناودەبرێو ئامانج لەم بەڵگەنامەیە دانانی کۆتوبەند نییـە بـۆ سـەر پـەیڕەوکردنی رۆژنامەنووسـی، بـەڵکو کۆمـەڵێ پرەنسـیپو رێنمـایی دەخاتـە روو کـە رۆژنامـەنووس بەئاگادێنێتـەوە لـە پێویسـتیی گرتنەبـەری بەرپرسـیارێتی. ئـەم دەسـتورە ئەخلاقییـە بەسـەر شـەش بەشـدا دابـــەش دەبـــێ. بەشـــی یەکـــەمی بەرپرســـیارێتیی رۆژنامەنووســـی Responsibility لــەخۆدەگرێ، و ئامــانج لــەم بەشــە وەبیرهێنانــەوەی رۆژنامەنووسـە بـەوەی مەبەسـت لـە پـەیامی رۆژنامەنووسـی خزمـەتکردنی بەرژەوەنـدیی گشـتییە، و کالایـەك نییـە بـۆ ئـەوەی کـێ نرخەکـەی دەدا، لەگـەڵ ئەوەیشدا پێویستیی هەستکردنی رۆژنامەنووسە بۆ بەرپرسیارێتییەکانی کە لەمتمانەی گەورەوە، کە خەڵکی بەناوەندەکانی راگەیاندن هەیانە، هەڵدەقوڵێن.

بەشی دووەمی ئەم دەستورەیش "ئازادیی رۆژنامەنووسی Freedom of Press لـەخۆدەگرێ، کـە تیایـدا چـەندین رێنمـایی هـەن سـەبارەت بـە مـافی خەڵکی لەزانیندا، لەگەڵ ئەوەی گریمانـەی بەرپرسیارێتی بۆ رۆژنامەنووسان دەکا کە نیازیان وردبینی بێ لەهەڵبژاردنی پرسیارو خستنەڕووی سەرجەمی ئەو تێڕوانینانـەی پەیوەنـدارن بەکێشـەیەکی دیاریکراوەوە، لەگـەڵ چۆنیەتی زاڵبوون بەسەر ئەو بەربەستانەی حکومـەتو دامـەزراوە گشـتیو تایبەتییـەکان لەبەردەم بەدەستهێنانی هەواڵدا دایاندەنێ.

بەشـی سـێیەمیش ئـەخلاق Ethicsی لـەخۆگرتووە، کـە چـەندین شـت دەگرێتەوە لەوانە نابێ رۆژنامەنووس بەخشینو دیـاری قـەبوڵ بکـا، و هـەروەها دەسـتوەرنەدان لـەکاروباری تایبـەتی کەسـەکان، و نەخسـتنەڕووی هونـەرێکی کـاڵوکرچ، و هـەموو ئەوانـەی بانگەشـە یـان هـانی ئەنجامـدانی ئابڕووبـەریو تـــاوانو توندوتیـــژی دەدەن، و هـــەروەها پێوەرەکـــانی حوکمـــدان بەســـەر هەواڵـەکان، و چـۆنیەتی زاڵبـوون بەسـەر ئـەو بەربەسـتانەی رێگـرن لـەوەی هەواڵەکان وردبینانە کۆبکرێنەوە، لەگەڵ پارێزگاریکردن لەنهێنیی سەرچاوەی زانیارییەکان.

لەبەشـی چوارەمی دەسـتوری ئەخلاقیـدا ئامـاژە بـە وردبینـیو بابـەتیبوون Accuracy & Objectivity کـراوە، و ئـەم بەشـە جـەخت دەکاتـەوە لـە

www.pertwk.com

پێویستیی لەبەرچاوگرتنی راستییەکان Truth وەك دوایین ئامانج و بەرپرسیارێتیی رۆژنامەنووسی، و گرنگیی جیاکاری لەنێوان هەواڵ و رەئیدا، لەگەڵ ئەوەیشدا جیاکاری لەنێوان بابەتە نووسراوەکان و بابەتە ریکلامییەکاندا، و هەروەها جیاکاری لەنێوان واقیع و لێکدانەوەکان یان وەبەرهاتووەکاندا.

بەشی پێنجەمیش ئاماژە بە دۆستایەتیی دادوەریی Fair Play دەکا، و وەك مافی وەلامدانەوە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکاندا دەکا، لەگەڵ پێشکەشکردنی ژیانی تایبەتی، و راستکردنەوەی هەڵەکان، و ناساندنی وردەکاریی تاوانەکان و تاوانبارنەکردنی تۆمەتبارکراو تا ئەو کاتەی بڕیاری دادگا دەردەچێ، و هەروەها بەدەستهێنانی زانیاری رۆژنامەنووسی لەکەسانی ترو بەرێگای خۆبەخشی، نەوەك ناچارکردن یان تۆقاندن.

بەشی شەشەم و کۆتایش "پەیمان" Pledge لەخۆدەگرێ، بەوەی رۆژنامەنووس بەڵێن دەدا بەراستگۆیی و دڵسۆزیی کاربکا بۆ جێبەجێکردنی ئەو رێنماییانەی لەبەشەکانی پێشوودا هاتوون.[8]

## یەکێتیی نەتەوەیی رۆژنامەنووسانی ئێزگە : NAB

هەندێ لە وێستگەکانی رادیۆ کە لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا کاردەکەن لەساڵی 1923دا "یەکێتیی نەتەوەیی رۆژنامەنووسانی ئێزگە" National Association of Broodcastersیان پێکهێنا کە ئەندامێتی رۆژنامەنووسانی ئێزگە لەم یەکێتییەدا خۆبەخشانەیە، و لەساڵی 1929دا یەکەمین بەڵگەنامەی ئابڕو بۆ ئەم یەکێتییە دانرا، کە ئەو بەڵگەنامەیە چەندین بەندی سەبارەت بە پێوەرەکانی بەرنامەکان و ریکلامەکان لەخۆگرتووە، لەساڵی 1958یشدا چاککاری لەو بەڵگەنامەیەدا کراو چەندین بەندی تری خرایە سەر کە پەیوەنداربوون بە خزمەتگوزاریی هەواڵی، و تەنها 14٪ی وێستگەی رادیۆ ئەمەریکییەکان بەو بەڵگەنامەیە رازیبوون، و لەساڵی 1952دا بەڵگەنامەی ئابڕوی تایبەت بە وێستگەکانی تەلەفزیۆن لەلایەن یەکێتیی نەتەوەیی رۆژنامەنووسانی ئێزگە دانرا، و ساڵی 1974یش رێژەی ئەو وێستگەی تەلەفزیۆنانەی ئیمزایان لەسەر ئەو پەیمانە کرد گەیشتە 41٪.[9]

بەڵگەنامەی ئابڕوی ئەخلاقی یەکێتیی نەتەوەیی رۆژنامەنووسانی ئێزگە هەموو ئەو بابەتانە لەخۆدەگرێ کە ئێزگەی بیستراو و بینراو لەبەرنامە هەواڵی و ریکلامییەکان و بەرنامەی دەستەبژێری و منداڵ و ئاینییەکاندا پێشکەشیان دەکا، هەروەها مامەڵەیش دەکا لەگەڵ بەندەکانی تایبەت بە هەواڵ –بۆ نمونە– لەگەڵ هەندێ بابەتی وەك: لایەنگیری، ریکلام لەنێو بەرنامە هەواڵییەکاندا، لێدوان، چاوپێکەوتن، زمانی بەکارهاتوو. هەروەها وێستگەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن ساڵانە هاوشانی بەشداربوونیان لەیەکێتییەکەدا رەسمی ساڵانە دەدەن، و ئەو رەسمی ساڵانەیەیش بەگوێرەی بارستایی وێستگەکە و بەرفراوانی جەماوەرەکەی دەگۆڕدرێ.[10]

## یەکێتیی بەڕێوەبەرانی هەواڵی رادیۆ و تەلەفزیۆن : RTNDA

"یەکێتیی بەڕێوەبەرانی هەواڵی رادیۆ و تەلەفزیۆن" Radio Television News Directors Association لەبەرپرسیارانی ئامادەکردنی کرداری هەواڵی لەوێستگەکانی رادیۆ و تەلفزیۆنە ئەمەریکییەکان پێکدێ، و دەشێ هەموو ئەوانەی لەباری هەواڵیدا کاردەکەن وەك بێژەرەکان، دەرهێنەرەکان، نووسەرەکان و بەرهەمهێنەرەکان ببنە ئەندام لەم یەکێتییەدا، و بەڵگەنامەی ئابڕوی ئەخلاقی ئەم یەکێتییە دە بەند لەخۆدەگرێ کە ئاماژە بەو کێشە سەرەکییانە دەکەن کە کاریگەرییان دەبێ بەسەر کاری رۆژنامەنووسی ئێزگەیی، و زۆربەی ئەم بەندانەیش لەبەڵگەنامەی ئابڕوی تایبەت بە کۆمەڵگای رۆژنامەنووسە پیشمەندەکان (سیگما دلتاکای)دا هەن، لەوانە پاراستنی ژیانی تایبەتی کەسەکان، و زاڵبوون بەسەر ئەو کۆت وبەندانەی رێگرن

www.pertwk.com

لەپەخشکردنی زانیارییەکان، و پارێزگاریکردن لەنهێنیی سەرچاوەکان، و پەلامارنەدانی مافە دەستورییەکان، و پەیڕەوکردنی کاری هەواڵی بەراستگۆیی و بابەتی و هاوسەنگی و وردبینییەوە، کە هەر ئەم دەستورە بەندێکی تایبەت بە دانانی کامێراکانی وێنەگرتن لە هۆڵەکانی دادگاییکردندا لەخۆدەگرێ، لەگەڵ مافی کەسەکان لەبەدەستهێنانی دادگاییکردنێکی دادوەرانەدا، و گرنگی ملکەچبوون بۆ ڕێنماییەکانی دادگا، و خستنەڕووی تێڕوانینە جیاوازەکان لەتەغتییەکردنی هەواڵی، و دوژمنایەتیکردنی ڕەگەزپەرستیدا.[11]

## ڕێکخستنە پیشەییەکان لەکۆمەڵگای عەرەبیدا:

سەرباری ئەو هەوڵە جدديانەی لەلایەن ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکانەوە خراونەتە گەڕ بۆ دامەزراندنی سەندیکا یان یەکێتیی پیشەیی کە لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەخۆیانیانەوە بینیووە، ئەو هەوڵانە بەبەدبەختی ماونەتەوە، و هیچ یاسایەکی ڕێكوپێك بۆ پیشەی ڕۆژنامەنووسی لەهەر دەوڵەتێکی عەرەبیدابێ دەرنەچووە، تەنها لەدوو دەیەی چوارەم و پێنجەمی سەدەی بیستەمدا نەبێ. بەوەیش بزووتنەوەی سەندیکایی ڕۆژنامەنووسی بەبەراورد بە پیشەکانی تر دواکەوتووە، ئەویش بەهۆی نەبوونی جۆش و خرۆشی دەسەڵاتەکان یان هەر دان نەنانیان بە ڕێکخراوی سەندیکایی. دواتر پرەنسیپی دان نان بە مافەکانی ڕۆژنامەنووسان لەپێکهێنانی ڕێکخراوە پیشەییەکانیاندا ڕێگای خۆی لەزۆربەی دەوڵەتە عەرەبییەکاندا گرتەوە، تا ئەو ڕادەیەی لەشانزە دەوڵەتدا ڕێکخراوی پیشەیی پێکهێنرا کە ئەوانیش: میسر، سۆدان، تونس، ئەردەن، لوبنان، سوریا، مەغریب، جەزائیر، کوەیت، یەمەنی باشور، یەمەنی باکور (بەر لەیەکبوون)، فەلەستین، لیبیا، عیراق، سۆماڵ و مۆریتانیان. ئەو ڕێکخراوە پیشەییانە ناوی جیاواز بەخۆوە دەبینن، وەك سەندیکا، یەکێتی، کۆمەڵ. لەبنەڕەتدا مەبەست لەم ڕێکخراوانە ڕێکخستن و دەستەبەرکردنی سەرپەرشتیکردنە بۆ ئەو زامنکردنە پێویستانەی پەیڕەوکردنی پیشەیی تەندروست داوایان دەکا، ئیتر پەیوەندداربێ بەو ڕێوشوێنە ئابورییانەوە یان ڕێوشوێنە پیشەیی و ئەخلاقییەکانەوە. هەروەها زامنکردنی پیشەیی ئەو ڕێکخراوانە لەرووی پێکهێنانی مافی ڕۆژنامەنووس لە پێزانینی ئەو ڕاستیانەی لەنووسینەکانیدا دیاریاندەکا، و نابێ ڕاستییەکان چەندە سەختیش بن لێی بشاردرێنەوە، و هەروەها ڕێگانەدان بە گرتنەبەری فشار خستنە سەر بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکانی پیشەکەی، و ئازادییەکەی لەپاراستنی نهێنیی سەرچاوەکانی، و مافی ڕەخنەگرتن لە ڕەفتاری هەر بەرپرسێکی حکومی لەچوارچێوەی یاسا و بەرژەوەندیی گشتیدا، و هەروەها ڕێگانەدان بە دادگاییکردنی تەنها لەسایەی یاسای گشتیدا نەبێ، و لەبەردەم دادگای ئاسایی نا هەڵاوێژیی (غير الاستثنائی)دا، لەگەڵ ئەوەیشدا فەراهەمکردنی ئازادیی گواستنەوەی ڕۆژنامەنووسان، و هەڵوەشاندنەوەی کۆت و بەندە سەپێنراوەکانی سەریان، و ڕێگانەدان بە ناچارکردنی ڕۆژنامەنووس بۆ ئەنجامدانی کارێ جیاوازبێ لەپێکهاتەی کارە ڕۆژنامەنووسییەکەی، لەگەڵ ڕێگانەدان بە ڕاگرتنی یان پرسیار لێکردنی بەهۆی ئەو شتانەی دەیاننووسێ یان بڵاویاندەکاتەوە، و ڕووبەڕووکردنەوەو ناردنی بۆ دەستەی تەمبێکردنی سەندیکاکەی یان ڕێکخراوەکەی لەکاتی سەرپێچییەك کە پەیوەنددار‌بێ بە پیشەکەیەوە، و پەسەندکردنی پیرۆزیی بارەگاکانی ڕێکخراوە ڕۆژنامەنووسییەکان و بینایەی ڕۆژنامەکان، و ڕێگانەدان بە پشکنینیان تەنها دوای پێزانینی یەکێ لەئەندامانی داواکارێتیی گشتی، و بەئامادەبوونی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان یان هەر کەسێ کە نوێنەرایەتی بکا، و هەروەها ڕۆژنامەنووس مافی ئەوەی هەیە ئەو فەرمانە ناکۆکانە یان لەگەڵیدا ناگونجێن پەسەندنەکا کە لەلایەن ئەو دامەزراوە ڕۆژنامەنووسییەوە ئاڕاستەی دەکرێ کە ئەندامە تیایدا، هەروەها مافی ئەوەیشی هەیە خۆی بەدوور بگرێ لە هەر فشارێ کە بۆ بونیادنانی بۆچوونێ کە پێچەوانەی باوەڕەکانی بێ بخرێتە سەری، یان ویژدانی پەسەندی نەکا.

www.pertwk.com

ئەو دەسکەوتانەی ڕێکخراوە ڕۆژنامەنووسییەکان بەدەستیان دەهێنێ لەدەوڵەتێکی عەرەبییەوە بۆ دەوڵەتێکی تر دەگۆڕدرێ، و ئەو دەسکەوتانە لەناو مێژووی ئەو خەباتەی ڕۆژنامەنووسان بۆ پەسەندکردنی مافە پیشەییەکانیان بەرپایان کردووە، ڕەنگدەدەنەوە، هەروەها بۆ چێژوەرگرتن لێی وەك واقیعێکی زیندوو لەکارلێککردنی سیستەمەکانی پەیوەندیکردن، و داماڵینی دان پیانان پێیان وەك کارلێکێکی کاریگەر لە کارلێککردنەکانی ژینگەی سیستەمە دەوڵەتییەکان. ئەوەی لەمێژووی ڕۆژنامەنووسییدا ڕوونە ئەوەیە ئەو مافانە نابەخشرێن، بگرە دەکرێ دوای خەباتێکی سەرسەختانە نەهێڵرێن.(12)

## بەڵگەنامەکانی ئابڕوی ئەخلاقی عەرەبی:

سەرباری ئەوەی ماوەیەکی زۆرە بەڵگەنامەکانی ئابڕوی ڕۆژنامەنووسی یەکێکە لەرێکخستنەکانی تایبەت بەکاری ڕۆژنامەنووسیو ڕاگەیاندن لەکۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا، کەچی هێشتا ئەو بەڵگەنامانە لەنیشتمانیی عەرەبیدا بوونیان نییە تەنها لەو وڵاتانەدا نەبێ خاوەنی پسپۆڕیی گەورەن لەبواری ڕێکخستنی پیشەی ڕۆژنامەنووسیدا.

نیشتمانیی عەرەب لەماوەی سێ دەیەی کۆتاییدا گەشەکردنی زۆری لەم بوارەدا بەخۆوە بینیووە.(13) دواتر ڕێکخستنە پیشەییەکان لەسەر ئاستی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی بەمجۆرە دەخەینەروو:

## دەستوری یەکێتیی گشتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب:

یەکێتیی گشتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب بەساتەوەختی دامەزراندنیەوە بایەخیداوە بە دەستنیشانکردنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب بەرانبەر بە کۆمەڵگای دەوڵەتەکانیان، و بەرانبەر بەسەرجەمی کۆمەڵگای عەرەبی. لەدەستوری یەکێتیی گشتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەبدا کە لەکۆبوونەوەی دامەزراندنی یەکێتییەکەدا لە بیستو یەکی مانگی شوباتی 1964 دا هاتووە بەرپرسیارێتیی پیشەییو ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب بەرانبەر بە کۆمەڵگاکەیان باسکراوە. ئەو بەپرسیارێتییانە ناچارین بۆ ڕۆژنامەنووسانی عەرەب ئەوەیش بەگوێرەی پابەندبوونیانە بەو ڕێسا پیشەییانەی سەندیکاکانیان کە پێکهێنەری یەکێتییەکەن.

ئەم دەستورە جەخت لەوەیش دەکاتەوە ڕۆژنامەنووسی عەرەب، ئیتر هەڵگری هەر ڕێبازێ بێ کە لەنووسینو ڕادەربڕینیدا لە ڕاوبۆچوونی ڕەچاوی‌دەکا، دەبێ پابەندی دڵسۆزییو ڕاستگۆیی‌بێ لە ساکارکردنەوەی بۆچوونەکانو لێکدانەوەیاندا، گەرنا کەمتەرخەمی دەکا بەرانبەر ئەو پەیڕەوکردنانە کە دەبێ لەرایکردنی ئەرکەکانیدا ڕەچاویان بکا. هەروەها دەبێ هەمیشەو لەهەموو ئەو شتانەدا کە پێشکەشی ڕای‌گشتی دەکا تیایاندا ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتی بکا، و هەمیشەو بەر لەبڵاوکردنەوە لەڕاستی ئەو زانیارییانەی بەدەستی دەگا بکۆڵێتەوە، و سووربێ لەسەر ئەوەی بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان بێ واقیعە ڕاستییەکان نەشوێنێ یان نەشارێتەوە. ئابڕوی پەیڕەوکردنی پیشەی ڕۆژنامەنووسیش بەسەریدا دەسەپێنێ هەرگیز خوازیاری دواکەوتنی سودی شەخسی نەبێ، لەگەڵ بوختانکردن یان سوکایەتیپێکردنی ئانقەست، یاخود ئەو تۆمەتانەی پشت بەبەڵگەنامە نابەستن، یان کردنی قسەی خەڵکی بەهی خۆی، یاخود وروژاندنی ئارەزووەکان بەنووسین یان بەوێنە، یان بەهەر ڕێگایەکی تر، یاخود واتەواتی لێکترازانو دەرچوون لەئادابو ئەخلاقی گشتی، یان باسکردنی تاوانێ بەجۆرێ سەرنج ڕاکێش بێ بۆ ئەنجامدانی، هەموو ئەوانە ناکۆکن لەگەڵ ئابڕوی پیشەکەو یاساکانی، و مافی ڕۆژنامەنووسی عەرەبە، هەروەها ئەرکیشیەتی پارێزگاری‌بکا لەنهێنیی ئەو سەرچاوانەی زانیارییەکانی لێوەردەگرێ، و نابێ فشاری بخرێتە سەر بۆ درکاندنی. هەروەها

www.pertwk.com

(ڕۆژنامەنووسی عەرەب–و.ك) لەسەریشیەتی خزمەتی ناموسی کەسەکان بکا، و نابێ لەژیانی تایبەتیان یان ئابڕویان بدا، تەنها لەوکاتەدا نەبێ کە بەرژەوەندیی گشتی لەبڵاوکردنەوەکەدا هەبێ. هەروەها لەسەریشیەتی بەپشت بەستن بە داوای خاوەن بەرژەوەندییەك ڕاستکردنەوەیەك بۆ ئەو شتە بکا کە لەناو چیرۆکەکاندا، یان دوای بڵاوبوونەوەی لێدوانەکان لەرۆژنامەکەیدا هاتوون، و نابێ ڕێگای بڵاوکردنەوەیان بگرێ تەنها لەو کاتەدا نەبێ کە ئەوە ناکۆك بێ لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیدا.

دەستوری پیشەیی؛ بەرێکخستنی ڕێساکانی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەرانبەر بە کۆمەڵگاو تاك‌و دامەزراوەکانی کۆتایی ناهێنێ، بەڵکو ئەو بەرپرسیارێتییە بەرەو خودی پیشەکە درێژدەبێتەوە، لەگەڵ داڵدەنەدانی ئەوانەی بەرەفتارەکانیان نەنگی دەخەنە پاڵ ئابڕوی پیشەکەوە، و هەروەها داکۆکیکردن بەسەرجەمی ئەو ناوەندانەی لەتوانادان‌و لەرێی ڕۆژنامەنووس‌و ڕۆژنامەنووسانەوە، و تێکۆشان لەدژی هەموو چەوساندنەوەیەك بۆ ئازادیی ڕۆژنامەنووسی، و دژی هەموو ڕێوشوێنێکی نایاسایی کە ڕووبەڕووی کارکەرانی ئەم پیشەیە دەکرێنەوە. هەروەها بۆیشی نییە هاوکارەکانی بریندار بکا، یان بە بەرگرتن لەمافی مادی یان ئەدەبی‌و بەگوێرەی ڕێسا عەمەلییەکانی پیشەکە بڕیار بۆ یەکێکیان بدا، یان ڕاسپاردنی بەکاروباری تایبەتی یان گشتی کە هەیبەتی کەمبکاتەوە، یان ڕووبەڕووبوونەوە بۆ لادان لەم بەڵگەنامەیە.(14)

## بەڵگەنامەی ئابڕوی ڕاگەیاندنی عەرەبی:

ئەنجومەنی جامیعەی عەرەبی لەرۆژی 14ی ئەیلولی 1978دا بڕیاریدا لەسەر بەڵگەنامەی ئابڕوی ڕاگەیاندنی عەرەبی. ئەو بەڵگەنامە لەبەر ڕۆشنایی جێبەجێکردنی بەڵگەنامەی هاریکاریکردنی عەرەبی هات کە لەکۆنگرەی لوتکەی عەرەبی "دار البیضاء" لەساڵی 1965دا دەرچووە، و بەگوێرەی دەرچوون لەبڕیارەکانی لوتکەی عەرەبی، و دەزگا پەیوەندیدارەکانی جامیعەی عەرەبییە کە ئامانج لێی دۆزینەوەی سیاسەتی ڕاگەیاندنی عەرەبییە پشت بەست بەهەردوو ئاستی نەتەوەیی‌و مرۆیی، و پابەندبوون بە ڕاسپاردەکانی لیژنەی هەمیشەیی ڕاگەیاندنی عەرەبی بۆ پێویستیی دانانی بەڵگەنامەی ڕۆژنامەنووسیی نەتەوەیی‌و مرۆیی. ئەم بەڵگەنامە پابەندییەکانی حکومەتە عەرەبییەکان بەرانبەر بەکاری ڕۆژنامەنووسی دیاریدەکا لەگەڵ پەیڕەوکردنەکانی کە بەر لەدانانی ئەم بەڵگەنامەیەو دوای دانانیشی واقیعی عەرەبی لە زۆربەی دەوڵەتەکانیدا بەخۆیەوە نەبینیووە. دانەرانی ئەم بەڵگەنامەیە سوورن لەسەر ئەوەی ئەم بەڵگەنامەیە ئەو شتانە لەخۆبگرێ کە دەبێ هەبن، نەوەك ئەوانەی کە هەن. لەبەندی دوانزەیەمینی ئەم بەڵگەنامەیەدا هاتووە "حکومەتە عەرەبییەکان ئازادیی ویژدانی پیشەیی بۆ کارکەرانی بواری ڕاگەیاندنی عەرەبی زامن دەکەن، و هەروەها مەسەلەی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان لەچوارچێوەی ئەم بەڵگەنامەیەداو هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئامانجە عەرەبییە باڵاکانی لەسەری ڕێکەوتوون ئاسان دەکەن". لەبەندی سیانزەیەمینیشدا هاتووە "حکومەتە عەرەبییەکان ئازادیی گواستنەوەی ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکان لەناوچە جیاجیاکانی نیشتمانی عەرەبیدا زامن دەکەن، لەگەڵ زامنکردنی ئازادیی کارکردن‌و ڕێکخستنی پیشەییدا بۆیان". لەبەندی چواردەیەمینیشدا هاتووە "حکومەتە عەرەبییەکان ئازادیی گواستنەوەو بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە عەرەبییەکان‌و تەنینەوەی هەواڵە پەخشکراوەکان، ئاسان دەکەن، و پەنا نابەنە بەر دەست بەسەراگرتن یا سانسۆرکردن تەنها لەکاتی زۆر پێویستدا نەبێ". لەبەندی پانزەیەمینیشدا هاتووە "مافی دانەر یاسا زامنی دەکا، و دەبێ یاسای پێویست بۆ پاراستنی ئەو مافە لەسەرجەمی دەوڵەتە عەرەبییەکاندا دابنرێ".(15)

www.pertwk.com

## رۆڵی رەخنەگران لەچاودێریکردنی ناوەندەکانی راگەیاندندا :

رەخنەگران –بەتایبەتی رەخنەگرانی ئەدەب و سینەماو بەرادەیەکی کەمتر رەخنەگرانی رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆنەکان– هەڵدەستن بەرۆڵی سەرەکی لەچاودێریکردنی ئەو کەسانەی لەناوەندەکانی راگەیاندندا کاردەکەن، لەگەڵ ئەوەی کاریگەریی بەهێزیان هەیە بەسەر بەکاربەرانی ئەو ناوەندانەوە. رەخنەگر کاریگەریی راستەوخۆی هەیە بەسەر ئەوانەی کتێب دەکڕن، و تەماشای فیلمە سینەماییەکان دەکەن، و لەبەرنامە رادیۆیی و تەلەفزیۆنییەکان رادەمێنن، ئەوەیش لەرێی پشتگیریکردنی ئەو بابەت و کارانەو برەودان پێیان، یان لەرێی هێرشکردنە سەریان و کەم بایەخکردنیان. ئێمە هەمووومان بیر لەو جۆرە کاریگەرە دەکەینەوە کاتێ ئەو رۆڵە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەی رەخنەگران پێی هەڵدەستن بەهەند وەردەگرین، لەگەڵ ئەوەیشدا –بۆ ماوەیەکی دوورمەودا– کاریگەریی راستەوخۆی رەخنەگران ئەرکی چاودێریکردنی ئەو ناوەندانەی راگەیاندن نییە کە زۆرترین بایەخیان هەیە، بەڵکو کاریگەریی ئەو رەخنەگرانەی گەورەترین بایەخیان هەیە لەرێی سەرکردایەتیکردنی چێژی گشتییەوە دەشاردرێنەوە، لەگەڵ کارلێکردنە سەر داهێنەرە جددییەکانی ناوەندەکانی راگەیاندن، و هەروەها کارلێکردن لەپەیڕەوکردنەکانی پیشەسازیی راگەیاندن. رەخنەگران بۆ چاودێریکردنی ناوەندەکانی راگەیاندن بەم ئەرکانە هەڵدەستن:

### یەکەم: پێکهێنانی چێژی گشتی: Shaping Puplic tastes

زۆربەی جار ئەو قسەیە دووبارەدەکرێتەوە کە "بۆ ئەوەی هونەرێکی گەورەت هەبێ، دەبێ جەماوەرێکی گەورەیشت هەبێ". ئەرکی سەرەکی رەخنەگر یارمەتیدانە بۆ خوڵقاندن یان پێکهێنانی جەماوەرێکی گەورە. رەخنەگرە گەورەکان ئەوانەن دەزانن خەڵکی چۆن دەخوێننەوە یان گوێدەگرن، یاخود بەرێگایەکی هۆشیارانەترو تێگەیشتووانەتر تەماشادەکەن. رەخنەگر دەتوانێ بزانێ خەڵکی چۆن رۆژنامە دەخوێنێتەوە، و چۆن بەچیرۆکە هەواڵ هەڵدەستن، ئەوەیش لەرێی پێکهێنانی توانای جەماوەرەوە بۆ تێگەیشتن، و هەروەها تێڕوانینی زۆر لەبەرهەمهێنەرانی ناوەندەکانی پەیوەندیکردن، رەخنەگران داوای بەهەرمهێنەرە باشەکانمان تیادا دەخولقێنن، و لێبوردەیشمان کەمدەکەنەوە بەرانبەر بە بەرهەمە ریسواو خۆشییە کاڵ و کرچەکان.

### دووەم: پاڵنانی داهێنەران: Shaping Media Creators

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی بەکارهێنەرانی ناوەندەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان ناخوێننەوە یان بەرێکوپێکی گوێ لەرەخنەگرانی ئەو ناوەندە جەماوەرییانە ناگرن، کەچی داهێنەران و بەپرسیارانی ئەو ناوەندانە سوورن لەسەر ئەوەی –تارادەیەک– بەهەستێکی راستەقینەو بەرێکوپێکی بەدوای کارە رەخنەییەکاندا بچن. رەخنەگران دەنگدانەوەی هەڵسەنگێنراو دەخەنەروو کە گرنگییەکی گەورە پێکدێنێ بۆ ئەوانەی پەیوەندداڕن بە پەیوەندیکردنەوەو هەروەها یارمەتیشیان دەدەن بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو کارانەی کە دەبێ ئەنجامیان بدەن، یان دووریان بخەنەوە، لەبەرئەوە رەخنەگر پاڵ بەداهێنەرەوە دەنێ بۆ ئەوەی کۆششی زیاتر بکات تاوەکو بگاتە کەماڵی داواکراو (الکمال المنشود).

### سێیەم: چاودێریکردنی پەیوەندییە جەماوەرییەکان: Serving as industry Watchdog

پێویستە رەخنەگر بەهوشیاری و هەستەوەو بۆ خزمەتی گەشەپێدانی پیشەسازیی پەیوەندیکردن کاربکا، لەگەڵ ئەوەدا بەهوشیارییەوە کاربکا بۆ

www.pertwk.com

خزمەتی تاکە داهێنەرەکانی ناو ئەو پیشەسازییە. ئەو رەخنەگرانەی لەرۆژنامە سەرەکییەکاندا دەنووسن –بەرێکوپێکی– لەلایەن بەرپرسە جێبەجێکارەکانی ناوەندە هەمەجۆرەکانی راگەیاندنەوە بەدوایاندا دەچن، هەروەها لەلایەن ئەو سەرکردە حکومیانەیشەوە کە بایەخ بە سیاسەتەکانی ئەو ناوەندانە دەدەن، لەکاتێکدا وێستگەیەکی تەلەفزیۆنی نییە –بۆ نمونە– ئارەزووی ئەوە بکا لەرۆژنامەیەکی سەرەکییەوە هێرشی بکرێتە سەر، کەچی رەخنەگرانی ئەو رۆژنامانە قورساییەکی گەورەیان هەیە بەسەر کارکەرانی ئەو ناوەندانەوە، و هەندێ لەناوەندەکانی راگەیاندنی بیستراوو بینراو جار جارە پەنادەبەنە بەر دامەزراندنی گەورە رۆژنامەنووسەکان وەك راوێژپێکاری بەرنامەکانیان تاوەکو لەرەخنەگرتن دووربکەونەوە، کە ئەو یەکگرتنەیش زۆربەی جار سەرکەوتوو نابێ، لەبەرئەوەی رەخنەگرەکە بابەتیبوون و راستگۆییەکەی لەدەستدەدا.[16]

## رۆڵی گروپەکانی فشار لەچاودێریکردنی ناوەندەکانی راگەیاندندا :

## Pressure Groups

کۆمەڵگای کراوە دیموکراسییەکان بە بوونی "گروپەکانی فشار" جیادەکرێنەوە کە جەماوەر هوشیارە بەرانبەر بە ئەو  شتانەی دەیانکا، و هەروەها چۆن دەیانکا، و لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا چەندین گروپی فشار Lobbyies هەن خوازیاری ئەوەن کاریگەرییان هەبێ بەسەر ناوەندەکانی پەیوەندیکردنی ئەمەریکاوە، وەك گروپەکانی پارەداران (رجال الاعمال)، سەندیکا کرێکارییەکان، پیاوانی کەنیسە، گروپە نەژادییەکان، پیشەییەکان، و گروپەکانی بەرژەوەندییە گشتییەکان. ئەو گروپانە خوازیاری ئەوەن لەرێی پەیرەوکردنی فشارەکانیان بۆ سەر ناوەندەکانی راگەیاندن –بەتایبەتی رادیۆو تەلەفزیۆنەکان– چاکە بۆ کۆمەڵگا بەگشتی بەدەیبهێنن. ئەم گروپانە لەماوەی شەستو حەفتاکان (ی سەدەی بیستەم–و.ك)دا لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا بڵاوبوونەوەو وایان لێهات بەناوی "بزووتنەوەی سەرلەنوێ دارشتنەوەی ناوەندەکانی راگەیاندن" بناسرێن. ئەندامانی ئەم گروپانە خوازیاری هەوڵدانن بۆ موڵکایەتیکردنی ناوەندەکانی راگەیاندن، و کارکردن تیایدا بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ئەو کەرتانەی نوێنەرایەتییان دەکەن وەك: ئافرەت، منداڵ، کەمینەکان، بەرهەڵستیی جیاکاریی رەگەزپەرستی.[17]

لەو ساڵانەی دواییدا ژمارەی ئەو سکاڵایانەی پێشکەشی لیژنەی پەیوەندییە فیدراڵییەکان کراون لە نزیکەی شەش هەزار سکاڵاوە بەزربوونەوە بۆ نزیکەی بیست هەزار سکاڵا لەساڵێکدا. زۆربەی ئەو سکاڵایانە پرەنسیپە ئەخلاقییەکانیان لەخۆگرتووە کە دەبێ بەرنامە رادیۆیی و تەلەفزیۆنییەکان لەخۆیانی بگرن، وەك: زیادبوونی بەرنامە توندوتیژەکان، بەرنامەکانی سێکس و بەدڕەوشتی، چارەسەرکردنی کێشە ئاینییەکان، و هەروەها ناوەڕۆکی بەرنامەکان کە لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا ناگونجێن و تەعبیریشیان لێناکەن.

زۆربەی ئەو چالاکییانەی گروپەکانی فشار پێیان هەڵدەستن لە هەناوی رێکخراوە ئاینییەکانەوەن. هەروەها گروپەکانی تریش کە هەڵدەستن بەهەڵسەنگاندنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان، و ئامانج لەمەیش وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکە لەوانە: ئایا بەرنامەکان یارمەتیدەرن بۆ بونیادنانی کەسێتییەکی باش بۆ منداڵ و گەنجان؟ و ئایا بەرنامەکان ناوەڕۆکی سێکسی یان توندوتیژی لەخۆدەگرن، یاخود دەرچوون لەداب ونەریت؟ ئایا بەرنامەکان یارمەتیدەرن بۆ چارەسکردنی کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا؟ ئایا بەرنامەکان دەبنە زەمینەی بونیادنانی ژیانێکی باشتر؟

www.pertwk.com

هەروەها گروپەکانی فشار چاودێریی ریکلامیش دەکەن، و لەمبارەیەوە گوتاری خۆیان ئاڕاستەی کۆمپانیاکانی ریکلام دەکەن و تیایاندا رەزامەندیی خۆیان یان ناڕازیبوونیان سەبارەت بە ناوەڕۆکی هەندێ لەریکلامەکان دەخەنەروو.

هەروەها گروپەکانی فشار داکۆکیکاران لەمافەکانی ئافرەتانیش لەخۆدەگرن، لەگەڵ داکۆکیکارانی مافە مەدەنییەکان، گروپە نەژادیی و ئاینییەکان، و ئەو گروپانەی نوێنەرایەتیی سەرجەمی پیشەو ئەرکەکان دەکەن وەك یەکێتیی پزیشکی ئەمەریکی کە سەرکەوتنی گەورەی لەبواری پەیڕەوکردنی فشار بۆ سەر ناوەندەکانی راگەیاندن بەدەستهێناوە، هەروەها گروپی ئەو جولەکانەی خاوەنی کاریگەریی چالاکانەن لەکەمکردنەوەی رێژەی ئەو بابەتانەی گوزارشت لەوێنەیەکی باوی خراپ لەکەسێتیی جولەکە دەکەن لەناوەندەکانی راگەیاندندا.[18]

## رۆڵی جەماوەر لەچاودێریکردنی ناوەندەکانی راگەیاندندا :



## The Consumer as Controller

رۆڵی جەماوەر لەحوکمدانی ناوەندەکانی راگەیاندن بەیەکێ لەگەورەترین وتووێژەکانی تایبەت بە پەیوەندیی جەماوەری دادەنرێ. تا چ رادەیەك دەشێ بەکارهێنەر دەستوەربداو بڕیاربدا لەسەر ئەو شتانەی دەیانخوێنێتەوە یان گوێیان لێدەگرێ یاخود دەیانبینێ؟ هەندێ پێیانوایە کۆمەڵگای دیموکراسی کە پرەنسیپی "لێگەڕێ کاربکا.. لێگەڕێ تێپەڕێ" حوکمیدەکا، رێگانادا بەپەیڕەوکردنی هەر حوکمدانێ کە لەلایەن بەکاربەرانی ناوەندەکانی راگەیاندنەوەبێ. لەبەرانبەردا کەسانیتر پێیانوایە بەکاربەر بڕیاردەری سەرەکییە لەرەخنەگرتنی ئەو بابەتانەی دەیەوێ لەرێی ناوەندەکانی راگەیاندنەوە بۆی بخرێتە ڕوو. توندڕەویش لەهەردوو ئاڕاستەکەدا بە ناڕاست دادەنرێ.[19]

ویلایەتە یەکگرتووەکان بەیەکەمین دەوڵەت لەجیهاندا دادەنرێ کە بایەخ دەدا بەئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی گوێگرەکان، و ئەوەیش بۆ ساڵی 1929 دەگەڕێتەوە، کە تۆڕەکانی جاڕدان لەیەکەمین قۆناغەکانی گەشەکردنیاندابوون، و لەو ماوەیەدا تۆڕەکانی رادیۆ دامەزراوەیەکی لێکۆڵینەوەیان بەناوی Cooperative Analysis of Broadcasting "CAB" دامەزراندو ئەم دامەزراوەیە شێوازی وتووێژی تەلەفۆنی بەکارهێنا بۆ زانینی جۆری ئەو بەرنامانەی لەرۆژانی رابردوودا پێشکەشی جەماوەر کراون.

لەمبارەیەوە ململانێکەی ناو کایەی لێکۆڵینەوەکانی جەماوەر لەویلایەتە یەکگرتوەکان تەرکیزی خستە سەر نێوان دوو دەستەی گەورە ئەوانیش: A.C.Nielsen کە دەزگای چاودێریکردن Audimeters بەکاردەهێنێ، و روپێوکردنی تەرکیز دەخاتە سەر بواری تەلەفزیۆن، و دەستەی Arbitron کە روپێوکردنی تەرکیز دەخاتە سەر بواری رادیۆ. سەرباری ئەوە هەندێ تۆڕو وێستگەی رادیۆیی هەن کە لەلایەن خۆیانەوە لێکۆڵینەوەکانیان ئامادەدەکەن، و لێکۆڵینەوەیش هەن لەلایەن کۆمپانیا بازرگانییە رکابەرەکانەوە ئەنجامدەدرێن، لەگەڵ ئەوەیشدا لێکۆڵینەوەی جەماوەر هەن کە ئاژانسەکانی ریکلام پێیانهەڵدەستن.[20]

لێکۆڵینەوەکانی جەماوەر لەدەوڵەتانی جیهانی سێیەمداو بەهۆی پەرشبوونی نەخوێندەوارییەوە رووبەرووی کێشەی زۆر دەبنەوە، لەگەڵ دەگمەنی هێڵی تەلەفۆنی، و کەمی ئەو بودجانەی رێگرن لە بەکارهێنانی ئەو شێوازە خۆرئاواییانەی کە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان دەگیرێنە بەر.

ناوەندەکانی راگەیاندن لەکۆمەڵگا پەرستێنەکاندا لەبنەمادا پشت دەبەستن بە گوتارەکانی خوێنەران و گوێگران و بینەران، و ئەو گوتارانەیش زۆرتر لەدانیشتوانی پایتەختەکان و شارە گەورەکانەوە دێن ئەوەیش بەهۆی کەمی ژمارەی خوێندەواران کە لەو شارانەدا چەقیان بەستووە.(21)

ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانە یارمەتیدەرن بۆ زانینی بارستایی جەماوەرەکە، و جۆری تایبەتمەندێتییەکەی، و ئارەزوو پێداویستییەکانیشی. لەنێو ئەو راستییە زانراوانەی لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا هەن ئەوەیە زۆربوونی پەسەندکردن بۆ بەکارهێنان لەنێو ئەو ئافرەتانەدایە کە تەمەنیان لەنێوان 18 بۆ 49 ساڵیدایە، و دواتر بانگەشەکاران زیاتر لەدەستەکانی تر پەنادەبەنە بەر موخاتەبەکردنی ئەو دەستەیەی تەمەن لەنێو کچاندا ،و هەروەها خوازیاری ناسینی جۆری ئەو بەرنامانەیشن کە ئافرەت لەو تەمەندا پەسەندیدەکا تاوەکو گوتارە راگەیاندراوەکانیان لەرێی ئەو بەرنامانەوە پەخشبکەن.

روپێوکردنی جەماوەریش کاریگەری دەبێ بەسەر وێستگەکانی رادیۆو تەلەفزیۆن لەرووی سەرلەنوێ پلاندانانی بەرنامەکانەوە بۆ ئەوەی زۆرتر سەرنج راکێشبن، و ناوەڕۆک و شێوازەکانی پێشکەشکردنیشی بگۆڕدرێ، هەروەها خوازیاربوون بۆ خستنەڕووی زۆرترین لەداهێنان و چاککردن.(22)

## پوختە:



سەدەی بیستەم دەرکەوتنی تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی بەخۆوە بینی، و ئەو تیۆرە کاردەکا بۆ ئازادبوونی ناوەندەکانی راگەیاندن لەکۆت وبەندی پێشوەخت کە حکومەتەکان دەیانسەپێنن، هەروەها پێویستیی پابەندبوونی ناوەندەکانی راگەیاندن بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتی، و گرنگی دانانی ئاستە پیشەییەکانی راستگۆیی و هاوسەنگی و وردبینی و بابەتیبوون. لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمیشدا بەڵگەنامەکانی ئابڕوی ئەخلاقی لەرۆژنامەنووسیی ئەمەریکیدا دەرکەوتن، بەڵام ئەنجومەنەکانی رۆژنامەنووسی لەدەیەی شەستەکان (ی سەدەی بیستەم–و.ک)دا دەرکەوتن، و ئەو ئەنجومەنانە کار بۆ پشتگیریکردنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و باشکردنی بەرێوەچوونی ناوەندەکانی راگەیاندن دەکەن، لەگەڵ پاراستنی رۆژنامەنووسان لەسانسۆری حکومی. هەروەها ئەو ساڵانەی دوایی دەرکەوتنی هەندێ رێکخستنی تایبەتی بەخۆوە بینی کە ئامانج لێیان هاندانی ناوەندەکانی راگەیاندنە بۆ پەیڕەویکردنی رۆڵی کۆمەڵایەتییان هێندەی لەرووی بەرپرسیارێتییەوە لەتوانادایە و هەروەها دوور لەهێزو ناچاری، و لەو رێکخراوانەیش "کۆمەڵگای ئەمەریکی بۆ رۆژنامەنووسانی رۆژنامەکان" ASNE، و "کۆمەڵگای رۆژنامەنووسە پیشەمەندەکان" SPJ، و "یەکێتیی نەتەوەیی رۆژنامەنووسانی ئێزگە" NAB، و "یەکێتیی بەڕێوەبەرانی هەواڵی رادیۆو تەلەفزیۆنەکان" RTNDA.

لەگەڵ ئەوەدا کۆمەڵگا عەرەبییەکان هەندێ رێکخستنی تایبەتییان بەخۆوە بینی کە ناوی جیاجیایان هەیە وەك سەندیکا، یەکێتی، و کۆمەڵە. ئامانج لەو رێکخستنانە رێکخستنی سەرپەرشتیکردنە بەسەر ئەو زامنکردنە پێویستانەی پەیڕوکردنی پیشەی تەندروست داوایان دەکا وەك مافی رۆژنامەنووس لەپاراستنی نهێنیی سەرچاوەکانی، و رەخساندنی زانیاریی پێویست بۆ کارەکەی، تەنها لەبەر رۆشنایی یاسادا دەبێ دادگایی بکرێ، و هەروەها هەڵوەشاندنەوەی ئەو کۆت وبەندانەی بەسەر رۆژنامەنووساندا سەپێنراون. لەگەڵ ئەوەیشدا جیهانی عەرەبی دەرکەوتنی دەستوری یەکێتیی گشتیی رۆژنامەنووسانی عەرەبی لە شوباتی 1964دا بەخۆوە بینی، لەگەڵ بەڵگەنامەی ئابڕوی راگەیاندنی عەرەبی لەساڵی 1978دا.

هەر ئەم فەسڵە رۆڵی رەخنەگران لەچاودێریکردنی ناوەندەکانی راگەیاندن لەرێی پێکهێنانی چێژی گشتییەوە لەخۆگرتووە، و هەروەها هاندانی

www.pertwk.com

داهێنـــەران لەناوەنـــدەکانی ڕاگەیاندنـــدا، و چـــاودێریکردنی پیشەســـازیی پەیوەندیکردنی جەماوەری.

لـەماوەی دەیـەی شەسـتەکان (ی سـەدەی بیسـتەم–و.ك)دا "گروپـەکانی فشـار" لەکۆمـەڵگای ئەمەریکیـدا بڵاوبوونـەوە؛ کـە گروپـی تایبەتمەنـد لـەخۆدەگرن لەوانـە پـارەداران (بسنسـمان)، و پیـاوانی کەنیسـە، و گروپـە نـەژادیو پیشـەییەکان، و گروپـەکانی بەرژەوەندییـە گشـتییەکانی وەك: داکۆکیکـاران لەمافـەکانی کچـان، منـاڵ، مافـە مەدەنییـەکان، نەژادییـەکان، و ئاینییەکان. ئەندامانی ئەو گروپانە خوازیاری هەوڵدانن بۆ موڵکایەتیکردنی ناوەنـدەکانی ڕاگەیانـدن، و دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی ئـەو کەرتانـەی نوێنەرایـەتییان دەکـەن، و چـاودێریکردنی ئـەو ناوەڕۆکـەی ناوەنـدەکانی ڕاگەیاندن دەیانخەنە ڕوو.

دواجـار ڕۆڵـی جـەماوەرمان لەچـاودێریکردنی ناوەنـدەکانی ڕاگەیاندنـدا خستەڕوو، لەگـەڵ گرنگیـی زانینـی پێداویسـتیو ئارەزووەکـانی جـەماوەر، و پێویستیی ئەنجامدانی ڕێگاپێدانی جەماوەریی بۆ دەنگدانەوە کە سودبەخشە بـۆ ئەوانـەی خـەریکی پەیوەنـدیکردنن لەدەستنیشـانکردنی ئـەنجامی کارەکەیاندا.

## سەرچاوەکانی فەسڵی چوارەم


(1) Harless, James D. Mass Communication An Introductory Survey (USA: Wm. C., Brown Publishers, 1985) P. 493.

(2) Ibid, P. 494.

(3) حمدی حسن: الوظیفة الاخباریة لوسائل الاعلام (القاهرة: دار الفکر العربی، 1991) لاپەڕە 154.

(4) Dennis, Everette E. And Merrill, John C. Basic Issues in Mass Communication (N. Y.: Macmillan Publishing Company, 1984) P. 161.

(5) Ibid, P. 164.

(6) Ibid, PP. 167-171.

(7) Bittner, John R. Mass Communication An Introduction (N. J.: Prentic Hall, Englewood Cliffs, 4th Ed., 1986) P. 430.

(8) Ibid, P. 429.

(9) Fink, Conrad C. Media Ehics in the Newsroom And Beyond (N. Y.: McGraw- Hill, Inc., 1988) P.12.

(10) Hunter, Julius K. and Gross, Lynne S. Broad cast News the insid out (USA: The C.V. Mosby Company, 1980) PP. 246-247.

(11) Bittner, John, R. (1986) op. cit, P. 429.

www.pertwk.com


(12) راسم محمد الجمال: الاتصال و الاعلام فى الوطن العربى (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، اغسطس، 1991) لاپەڕەکانی 63-65.

(13) ليلى عبدالمجيد: سياسات الاتصال فى دول العالم الثالث (القاهرة: الطباعى العربى، 1986) لاپەڕەکانی 31-41.

(14) راسم محمد الجمال: (1991) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی 66-67.

(15) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی 68-70.

(16) Becker, Samuel L Discovering Mass Communication (USA: Scott, Foresman and Company, 2nd Ed. 1987) PP. 394-395.

(17) Wltty, Susan "The Cltizens Movement takes a Turn"in Hiebert, Ray Eldon and Reuss, Carol., Impact of Mass Media (N. Y.: Longman Ine., 2nd Ed., 1988) PP. 93-94.

(18) Becker, Samuel L (1987) op. cit, PP. 395-398.

(19) Ibid, P. 399.

(20) Head, Sydney W. World Broadcasting Systems A Comparative Aanalysis (N. J.: Wadsworth, Inc., 1985) PP. 326-327.

(21) Mytton, Graham Mass Communication In Africa (London: Arnold, 1983) P. 113.





(22) حسن عماد مكاوى: انتاج البرامج للراديو: النظرية و التطبيق (القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية، 1989) لاپەڕەکانی 460-461.

www.pertwk.com

# فەسڵی پێنجەم

## ناوەندەکانی راگەیاندنو حکومەت..
## کێ چاودێری کێ دەکا؟

-گرنگیی ناوەندەکانی راگەیاندنو بەرپرسیارێتییان.

-پەیوەندیی ناکۆکی.

-پەیوەندیی هاوبەرپرسیاری.

-رۆژنامەنووس وەك بریکاری حکومەت.

-پەیوەندیی بازرگانی.

-ئەخلاقی پەیرەوکردنی پیشەیی.

www.pertwk.com

# فەسڵی پێنجەم

## ناوەندەکانی راگەیاندنو حکومەت.. کێ چاودێری کێ دەکا؟

### دەسپێك:

ئامانج لەیەکەمین چاککاریی دەستوری ئەمەریکی پاراستنی ئازادیی رادەربڕینو رۆژنامەنووسییە. ئەو تایبەتمەندییەی ناوەندەکانی راگەیاندن تاکە ماف نییە کە دەستوری ئەمەریکا لەخۆی دەگرێ، بەڵکو دەستوری ناوبراو چەندین بەند لەخۆدەگرێ کە ئامانج لێیان پارێزگاریکردنی حکومەت، و هەروەها پاراستنی هاوولاتیانە، بەلام پەیڕەویکردنی رۆژانە لەلایەنی زیاتر لەدوو سەد ملیۆن هاوولاتیی ئەمەریکی بەرێژەیەکی زۆر رێگادەدا بە ململانێی بەرژەوەندییە ناکۆکەکان، لەکاتێکدا فرە مافی دەبێتە هۆی پێکدادان لەنێو ناوەندەکانی راگەیاندن، و حکومەت، و هاوولاتیاندا. بۆ نمونە ناوەندەکانی راگەیاندن وەهای نیشان دەدەن بەرۆڵی چاودێریکردن "سەگەکانی پاسەوان" Watch dog بۆ کارەکانی حکومەت هەڵدەستن، بەلام دادگای دەستوری بالای ویلایەتە یەکگرتووەکان پێیوایە مافی حکومەتە، بگرە ئەرکیشیەتی خۆی بپارێزێ لەو کەسانەی مافە دەستورییەکان بۆ تێکشکاندنی بەکاردەهێنن. ئامانج لەئازادیی ناوەندەکانی راگەیاندن پشتگیریکردنی دیموکراسییە، نەوەك ئاژاوەنانەوە، و کاتێ بەرژەوەندییەکان دەکەونە ململانێوە، ئەوەمان لێ داواکراوە پارێزگاری لەئازادی بکەین لەپێناو توانایەکی زۆردا بۆ هاوسەنگیکردنو زامنکردنی پێشێلنەکردنی مافێ لەلایەنی مافێکی ترەوە.[1]

ئەم فەسڵە گرنگیی ناوەندەکانی راگەیاندنو بەرپرسیارێتییەکەی لەخۆدەگرێ، لەگەڵ شێوەکانی پەیوەندیی نێوان ناوەندەکانی راگەیاندنو حکومەت، و ئەمانەیش دەگرێتەوە: پەیوەندیی ناکۆکی، پەیوەندیی هاوبەرپرسیاری، پەیوەندیی شوێنکەوتەیی، و پەیوەندیی سودمەندبوون، و دواجار ئەم فەسڵە تاوتوێی ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی ناوەندەکانی راگەیاندن دەکا لەپەیوەندییەکانیدا لەگەڵ حکومەتو خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتیدا.

### گرنگیی ناوەندەکانی راگەیاندنو بەرپرسیارێتییان:

سەرباری ئەوەی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان ناتوانێ -لەرووی یاساییەوە- چاودێریی ناوەندەکانی راگەیاندن بکا، کەچی ناوەندەکانی راگەیاندن دەتوانن، بگرە هەڵدەستن بە چاودێریکردنی حکومەتی ئەمەریکا. لەمبارەیەوە دەستوری ئەمەریکی دەسەلاتێکی بەهێزی بەخشیووەتە رۆژنامەنووسی، و هەندێ بیرمەندان پێیانوایە رۆژنامەنووسی دەبێ لەحکومەت بەهێزتربێ، و لەگەڵ ئەو دانایییەدا بڕوا کە دەڵێ "حکومەتی نمونەیی ئەو حکومەتەیە حوکمڕانی کەمترین دەکا". پێشتریش "تۆماس جیفرسۆن" Jefferson نووسیبووی "ئەگەر مافی ئەو هەڵبژاردنەم هەبێ لەوەی حکومەتی بێ رۆژنامە هەبێ، یان رۆژنامەی بێ حکومەت، ئەوا بۆ تەنها ساتێك دوودڵ نابم لەپەسەندکردنی رۆژنامە بەبێ حکومەت".

لەساڵی 1828یشدا "تۆماس ماکیولاری" ,Macaularyی ئینگلیزی نووسی "ڕۆژنامەنووسی دەسەڵاتی چوارەمە، و ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لەبریتانیادا وایکردووە ڕۆژنامەنووسی هەروەکو ئەنجومەنی لۆردەکان، و ئەنجومەنی گشتی، و کەنیسە بەهێزبێ".



لەکۆتایی پەنجاکان (ی سەدەی بیستەم-و.ك)یشدا دۆگلاس کاتەر ,Caterی ئەمەریکی نووسی و تیایدا ڕۆژنامەنووسیی واشنتۆن وا پێناسە دەکا کە "زێی چوارەمی حکومەتە" Fourth Branch of government کە زێیەکی بەهێزو گرنگە وەك سێ دەسەڵاتەکەی تر: یاسادانان، ڕاپەڕاندن، و دادوەریی. ئەمە سەرباری ئەوەی ڕۆژنامەنووسیی دەسەڵاتێکی حکومی نییە، بەڵکو پیشەسازییەکی خاوەن پێکهاتەیەکی تایبەتە، و سێ دەسەڵاتەکەی حکومەتیش ناتوانن بەبێ هاوکاریکردنی ناوەندەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان پشتگیریکردنی جەماوەر بۆ سیاسەتەکانیان رابکێشن.[2]

دەکرێ لەرێی سێ ئاستەوە هەست بکەین بەرپرسیارێتیی ڕۆژنامەنووسی، کە ئەو سێ ئاستەیش بەشێوەیەکی گشتی سەبارەت بە ئەخلاقی پەیڕەوکردنی ڕۆژنامەنووسین:

یەکەم: ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی لەتوانادایە یان ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە گونجاوانەی ڕۆژنامەنووسی، و چوار ئەرکی سەرەکی هەن کە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن پێیان هەڵدەستن، یەکەمیان: ئەرکی سیاسی، مانای پێڕاگەیاندنی هاووڵاتیان بەهەموو ئەو شتانەی لەحکومەتدا یان لە دەسەڵاتەکانی تردا وەك چالاکی ڕوودەدەن، بەجۆرێ ناوەندەکانی ڕاگەیاندن دەبنە بەشێکی بەشداربوو لەکردەی سیاسیدا ئەوەیش لەرێی چاودێریکردنی ناوەندەکانی دەسەڵات لەسەرجەمی ئاستەکانیدا. دووەمیشیان: ئەرکی فێرکردنە، و ئەمەیش خستنەڕووی ڕاپۆرتی ڕاستگۆیانە دەگرێتەوە. لەگەڵ تاوتوێکردنی بیرۆکەو بۆچوونو هەڵوێستەکان. سێیەمین ئەرکیش: ئەرکی سودمەندبوونە Utility، و مانای خستنەڕوی زانیاریی پەیوەندداره بەرووداوەکان، بەجۆرێ ڕۆژنامەنووسی دەبێتە ئاوێنەی هەریەکە لەو ڕووداوانەی لەکۆمەڵگادا ڕوودەدەن، و چوارەمین ئەرکیش: ئەرکی ڕۆشنبیرییە، واتا هاندانی بەهاو نەریتو پێوەرە نمونەییەکانی کۆمەڵگا.

دووەم: زانینی ئەو پرەنسیپانەی ڕێنوێنیی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن دەکەن بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانی پێشوو بەرێگایەکی باش یان بەرپرسیارانە.

سێیەم: زانینی جۆری ئەو ڕەفتارانەی دەبێ لەلایەن ڕۆژنامەنووسانو بۆ بەجێهێنانی پرەنسیپە ڕێنماییکارییەکان ڕەچاوبکرێن.[3]

لەمبارەیەوە "دینی ئیلیوت" ,Elliott وشەی "بەرپرسیارێتی" Responsibility بەرانبەر بە وشەی "ناچارکردن" Obligation بەکاردێنێ، و لەرێی سێ جۆرەوە لەبەرپرسیارێتیی ڕۆژنامەنووسی دەڕوانێ، ئەوانیش:

یەکەم: بەرپرسیارێتیی ڕۆژنامەنووس بەرانبەر بە سەرجەمی کۆمەڵگا: ئەوەیش لەرێی دەستەبەربوونی زانیارییەوە دەکرێ، و هەروەها زیان نەگەیاندن بە کەسانیتر، و هەردووکیان هەندێ جار لەگەڵ ئەوی‌تریاندا دەکەونە کێبەرکێوە، و هەندێ جار خستنەڕووی زانیارییەکان زیانیان بۆ هەندێ کەس لێدەکەوێتەوە، بەڵام چەمکی "سودمەندبوون" هەندێ جار پێویست دەکا بەقوربانیدان بەبەرژەوەندییەکانی تاك لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگادا.

دووەم: بەرپرسیارێتیی ڕۆژنامەنووسی بەرانبەر بەکۆمەڵگای ناوخۆ: ئەوەیش درێژکراوەی بەرپرسیارێتیی یەکەمەو پشت بەمانە دەبەستێ:

أ-بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی تاکەکان لەکۆمەڵگای چاوەڕێ‌دەکەن، و هەروەها ئەو شتانەی کۆمەڵگا لە تاکەکانی چاوڕێ دەکا.

ب-ڕاپەڕاندنی پەیامەکەی پێشوو لەگەڵ دوورخستنەوەی هەر زیانێ کە لەتوانادابێ.

www.pertwk.com

ج-پێڕگەیاندنی خەڵکی بەو شتانەی لەئێستاو داهاتوودا بۆ بەرژەوەندییان بەدیدێ.

د-ڕاپەڕاندنی پەیامەکەی پێشوو بەجۆرێ نەبێتە هۆی کەمبوونەوەی متمانەی خەڵکی بەپیشەی ڕۆژنامەنووسی.

سێیەم: بەرپرسیارێتیی ڕۆژنامەنووسی بەرانبەر بەخۆی: ئەوەیش لەرێی ڕاپەڕاندنی پەیامی ڕۆژنامەنووسی بەئەوپەڕی وردبینیو دڵسۆزییو ڕاستگۆییو بابەتیبوون لەو شتانەی پێیوایە لەخزمەتی کۆمەڵگادان، دەکرێ.[4]



لەمبارەیەوە "جۆن میریل" ,Merrill پێیوایە ڕۆژنامەنووس کاتێ ئازاددەبێ بەرپرسیارانە مامەڵە دەکا، و نابێ لەلایەن حکومەتەوە یان جەماوەرەوە، یاخود تەنانەت دامەزراوە ڕۆژنامەنووسییەکەوە بەرپرسیارێتییەکی سەپێنراو هەبێ. پێوەری تەواوی دیموکراسی پشت دەبەستێ بە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لە ڕەفتارکردن لەوەی چۆنیان دەوێ، تەنانەت ئەگەر ڕەفتاری هەندێکیشیان نابەرپرسیارانەبێ.[5]

"ڕالف بارنی" ,Barneyیش پێیوایە ڕۆژنامەنووس کاتێ بیروبۆچوونە جیاوازەکان هۆشیارانە دەخاتە ڕوو، ڕەفتارێکی بەرپرسیارانە دەکاو بەهەمان شێوە لەو کاتانەیشدا کە بەدیلە مومکینەکان لەبەردەم سەرجەمی خەڵکیدا دەستەبەردەکا، و هەروەها کاتێکیش ڕەچاوی هەمەجۆری دەکا لەناوەڕۆکدا، و ئەو پێیوایە دیموکراسی لەگەڵ بوونی گەورەترین ژمارەی بیروبۆچوونی جیاوازدا گەشەدەکا، و دواتر پێویستە لەسەر ڕۆژنامەنووس چەندی لەتوانادایە زۆرترین ڕێژەی بیروبۆچوون بخاتە ڕوو.[6]

هەروەها "تیۆدۆر گلاسەر" ,Glasser پێیوایە بەرپرسیارێتی پێویستی بەکارکردنی ڕۆژنامەنووس هەیە بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی بەگشتی، لەبری بەرژەوەندیی شەخسی. "گلاسەر" وەهای نیشان دەدا یەکەمین چاککاری لەدەستوری ئەمەریکیدا ئامانج لێی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتییە، نەوەك خاوەنی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن، و هەروەها حکومەت دەبێ دڵنیابێ لەوەی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لەخراپ بەکارهێنانی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە بپارێزرێ، هەروەك چۆن لەکۆتوبەندەکانیش دەپارێزرێ.[7]

"دینیس" ,Dennisیش پێیوایە ڕۆژنامەنووس بەپرسیارە کە بەنوێنەرایەتیی دەستەکانی کۆمەڵگا کار لە ڕۆژنامەنووسیدا دەکا، و ڕۆژنامەنووسی دەبێ بەرپرسیارانە ڕەفتاربکا؛ لەبەرئەوەی ئەو شتانەی دەیانخاتەڕوو بەبەشێ لە ئەرکەکانی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێن، و لەگەڵ ئەوەیشدا "دینیس" وایدەبینێ پێویستییەك هەیە بۆ تاوتوێکردنی پێوەری "نوێنەرایەتیکردن" بەشێوەیەکی وردبینانە بەرلەوەی بەڕوونی بەرپرسیارێتیی ڕۆژنامەنووسی دیاریبکرێ.[8]

"کریستیانز" ,Christiansیش هاوڕایە لەگەڵ "دینیس" سەبارەت بەوەی کاتێ ڕۆژنامەنووسان سەرجەمی دەنگەکانی کۆمەڵگا دەخەنە ڕوو ئەوە مانای وایە بەرپرسیارانە قسەدەکەن؛ لەبەرئەوەی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بەرپرسیارێتیی ڕوونو ئاشکرایان هەیە لەخستنەڕووی وێنەیەکدا کە نوێنەرایەتیی سەرجەمی لایەنەکانی کۆمەڵگا بکا، و زۆربەی جاریش دەنگی گروپە زۆرلێکراوو هەژارەکان دەنگیان لەناوەندەکانی ڕاگەیاندندا فەرامۆش دەکرێ.[9]

## پەیوەندیی ناکۆکی: The Adversary Relationship

لەدەیەی شەستەکان (ی سەدەی بیستەم-و.ك)دا هەندێ لەو بانگەشانەی کۆمەڵگای ئەمەریکی سەبارەت بە گرنگیی بەڕێوەبردنی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن حکومەتەوە، بڵاوبوونەوە، سیاسییەکانو دەسەڵاتداران لەوە گەیشتن کە چۆن پەیڕەوی شێوازی هەمەجۆر دەکەن بۆ کارکردنە سەر ناوەندەکانی ڕاگەیاندنو فشارخستنە سەریان، و لەمبارەیەوە ژمارەیەکی کەمی سەرکردە ئەمەریکییەکان هەن کە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ناوەندەکانی

راگەیاندنیان نەداوە تاوەکو بەشێوەیەك لەشێوەکان پشتگیری لە سیاسەتی بەڕێوەبردنیان بکەن.

حکومەتی ئەمەریکا هەوڵی دانانی هەندێ یاسای داوە تاوەکو بەهۆیانەوە ڕێگای پێبدرێ بڕیاربدەن لەسەر ئەو شتانەی ناوەندەکانی راگەیاندن بڵاویاندەکەنەوە، هەروەك چۆن لەکێشەی "وەرەقەکانی پێنتاگۆن"ی بەناوبانگ لەدەیەی حەفتاکاندا رووی‌دا، کە سەرلەنوێ جەخت لەپرەنسیپی ئازادیی رۆژنامەنووسی کرایەوە. هەروەها لەماوەی ساڵانی رابردوودا دادگاکان بڕیاریاندا بە نەبوونی ماف بۆ حکومەت لەرووی دانانی کۆتوبەندی پێشوەخت یاخود سانسۆر بۆ سەر ناوەندەکانی راگەیاندن؛ ئەگەر حکومەت ئەوە نەسەلمێنێ کە ئەو بڵاوکردنەوەیە زیانی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لێدەکەوێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی حکومەتی ئەمەریکا ناتوانێ یاسا بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوەندەکانی راگەیاندن بەکاربهێنێ، بەڵام دەتوانێ شێوازەکانی پەیوەندییە گشتییەکان‌و رازیکردن بۆ کارکردنە سەر ئەو ناوەندانە بەکاربهێنێ، و هەروەها دەیشتوانێ رووداوی پێشوەخت لەرێی بەستنی کۆنگرەی رۆژنامەنووسی بۆ دامەزراوەکانی سەرۆکایەتیکردن ببەستێ، لەگەڵ گوێگرتن لە دانیشتنەکانی کۆنگرێس تاوەکو سەرنجی ناوەندەکانی راگەیاندنی بۆ رابکێشێ، و رێگا نەدا بە گەیشتنی هەندێ زانیاری بۆ رۆژنامەنووسی‌و هاوولاتیان، حکومەت ئەوەیش دەتوانێ بکا لەوەی بڕیاربدا لەکاتی هەواڵەکان‌و هەلایسانی زانیارییەکاندا لەرێی دەستنیشانکردنی هەڵبژێردراو بۆ هەندێ لەو راستی‌و سمبولانەی پشتگیری لەرۆڵی حکومەت‌و سیاسەتەکانی دەکەن. لەگەڵ ئەوەیشدا دەتوانێ کاریگەربێ لەتەغتییەکردنی هەواڵی رووداوەکان ئەوەیش لەرێی بەکارهێنانی شێوازەکانی رازیکردن، و لەمبارەیەوە "جۆن کەنەدی"ی سەرۆکی ئەمەریکا توانایەکی گەورەی هەبوو بۆ راکێشانی دۆستایەتیی رۆژنامەنووسان‌و هاوڕێیەتیکردنیان.

زۆربەی جار حکومەت بەشێوەیەکی دوژمنکارانە لە رۆژنامەنووسی دەڕوانێ، و دەشێ ئەو ناکۆکییە لەگەڵ زۆربوونی رۆڵی ناوەندەکانی راگەیاندندا لەکۆمەڵگا، و هەروەها زیادبوونی ئاڵۆزبوونی ئەو کێشانەی راگەیاندن لەخۆیانی دەگرێ، پەرەبستێنێ.(10)

لەمبارەیەوە "ولیەم ریفرز" ,Rivers پێی‌وایە رۆژنامەنووسی بووە بەهێزێکی کاریگەر بۆ کارکردنە سەر حکومەت بەرادەیەك بەخەونی جیلەکانی سەرەتا کە دەستوریان داناوە دادەنرێ. تا ئەو رادەیەی بەرپرسە حکومییەکان لەنێویاندا سەرۆکیش، بەرادەیەکی زۆر پشت بەو راپۆرت‌و زانیارییانە دەبەستن کە ناوەندەکانی راگەیاندن سەبارەت بە هەندێ لەو کێشانەی بایەخی گەورەیان هەیەو بڵاویاندەکەنەوە، و لەمبارەیەوەو بەپاڵپشتیی ئەو بابەتانەی رۆژنامەکان لەبارەی هەندێ لەکێشە گرنگەکانی وەك ململانێی خۆرهەلاتی ناوەڕاست، و جەنگی کەنداو بڵاویاندەکەنەوە، بڕیاردەدەن.* هەروەك چۆن سەرۆك "جۆن کەنەدی" جارێکیان دان بەوەدا

* دیارترین نمونەی بەرچاوو نزیك، ئەو وێنانەی گرتوخانەی "ئەبوغریب"ن لەعیراق" کە لەلایەن وێستگەی CBSوەو رۆژی 2004/4/29 بڵاوکرانەوە، کەئابڕووبەرییەکیان بۆ ئیدارەکەی جۆرج دەبلیو بوش تۆمارکرد" کە لەوێنەکاندا – بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ ژمارەیان هەزار وێنە زیاترە– گیراوە عیراقییەکان رووتکراونەتەوەو لەلایەن هەندێ لەسەربازە ئەمەریکییەکانیشەوە سوکایەتییان پێدەکرێ تا رادەی ناچارکردنی گیراوە عیراقییەکان لەوەی خۆیان ئابڕوی یەکتری بەرن (ناچارکردن بە ئەنجامدانی سێکس لەگەڵ یەکتریدا). ئەم وێنانە –کە دواتر زۆربەی رۆژنامەو تەلەفزیۆن‌و ئاژانسەکانی هەواڵ لەجیهاندا بڵاویانکردنەوە– کاریگەری ئەوتۆی بەجێهێشت کە خودی سەرۆك بوش‌و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەو ولاتەدا –کە بەلوتکەی دەسەلات لەئەمەریکادا دادەنرێ– کاریگەریی توندیان هەبێ‌و بڕیاری دادگاییکردنی ئەو سەربازە ئەمەریکییانە بدەن کە دەستیان لەو کارەدا هەبووە، و زیاتر بڕیاریش بدەن بە شەفافبوون لەوەی دەرگای گرتوخانەی

دەنێ لەرێی رۆژنامەی "نیویۆرك تایمز"ەوە زانیاریو زۆر نهێنی دەستکەوتووە کە پێشتر نەیدەزانی*، و زۆر کەسیش پێیان وایە یەکێ لەهۆکارە سەرەکییەکانی روخانی سەرۆك "ریچارد نیکسۆن" رقلێبوونەوەی ناوەندەکانی راگەیاندنی لەپشتەوەیە، لەگەڵ دوورخستنەوەی لەچاودێریکردن.[11]

هەروەها "جیراڵد تیر هۆرست" Gerald Ter Horst, دەڵێ "رۆژنامەنووسیی ئازاد راستییەکە نابێ بیانوو بهێنێتەوە بۆ پشتگیریکردنی سیاسەتی حکومەت، و ئازادیی رۆژنامەنووسی پێویستی بەوە نییە دوژمنکارانەبێ، بەڵکو وەك دژەکاری حکومەت بمێنێتەوە، و ئارەزووی تاقیکردنەوەی بڕیارەکانی حکومەتو دەستنیشانکردنیانی هەبێ.[12]

---

"ئەبوغرێب" و گروتوخانەکانی تری عیراق بە رووی خاچی سووری نێودەوڵەتیو رێکخراوەکانی تری مافی مرۆڤدا ئاوەڵا بکەن، و بەڵێنی ئەویش بدەن مامەڵکردنی باش لەگەڵ گیراوەکانی ئەو گرتوخانەیەو گرتوخانەکانی تری عیراقدا بکەن. ئەمە سەرباری ئەوەی مەسەلەی لابردنی "دۆناڵد رامسفێڵد"ی وەزیری بەرگریی ئەمەریکا بووە یەکێ لەئەگەرەکان کە میدیاو رایگشتی ئەمەریکا باسیان لێوەدەکرد. واتا بڵاوکردنەوەی چەند وێنەیەك لەمیدیادا بڕیاری سیاسی لەئەمەریکادا دروست دەکا.

وەرگێڕی کوردی

* هەمان حاڵەت لەو نمونەیەی پێشتر ئاماژەم بۆیکرد سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی وێنەکانی گرتوخانەی "ئەبوغرێب" روویدا، کە لەتازەترین کاردانەوەدا، رۆژی (2004/4/30)- رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانە-و بەبۆنەیساڵرۆژی راگەیاندنەکەی سەرۆك بوش بە کۆتاییهاتنی جەنگ لەعیراقدا، "بوش" رایگەیاند ئەو لەرێی ئەو وێنانەوە لەگرتوخانەی "ئەبوغریب" ئاگاداربووەو پێشتر ئەو مامەڵکردنانەی نەزانیووە کە لەگەڵ گیراوە عیراقییەکاندا لەو گرتوخانەیەدا دەکرێ.

و.ك

هاوکات "میشێل ئۆنێل" Micheal O,Neil سەرنووسەری رۆژنامەی "نیویۆرك دەیلی نیوز" رایوایە رۆژنامەنووسیی ئەمەریکی بووەتە ناکۆکێکی شێلگیر لەگەڵ حکومەتدا، بەجۆرێ هەڕەشە لە تەواوی پرۆسەی دیموکراسی دەکا. بەڵام "بنجامین برادلی" Benjamin C. Bradlee بەڕێوەبەری جێبەجێکاری رۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" رایوایە رۆژنامەنووسی بێتاوانە لەو تۆمەتە، و قوربانی بوختانەکانی حکومەتە، و "برادلی" دەپرسێ: ئایا بەجێیە رۆژنامە پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ حکومەتدا دابمەزرێنێ؟ و ئایا دەبێ وێنەیەکی زۆر باشو زۆر لێبوردەیی لەبارەی حکومەتەوە بخاتە روو؟هەروەها ئایا ئەو لێبوردەییە لەگەڵ کێدابێ؟ لەگەڵ درۆ، لەگەڵ خراپ نوێنەرایەتیکردن، و بوختانکردن! و پاوانکردنو شەیتاندا؟ بێگومان ئەوە مومکین نییە".[13]

دینیس ,Dennisیش پێیوایە چەمکی "ناکۆکی"ی نێوان ناوەندەکانی راگەیاندنو حکومەت دەشێ وەك زاراوەیەکی "درامی" لەدەستنیشانکردنی ئەو پەیوەندییەدا بناسێنرێ. ئەو زاراوەیە بارێکی یاساییو پەسەندکراوی لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا بۆ خۆی وەرگرتووە. زۆر بەسادەیی "ناکۆکی" مانای ئەوە دەگەیەنێ ناوەندەکانی راگەیاندن ئەو تاکە رێکخراوانەن کە دەبێ ئەو مافەیان لەدژی حکومەت هەبێ، و یەکێ لەئەرکە سەرەکییەکانی ناوەندەکانی راگەیاندن زامنکردنی ئازادیی هەڵایسانی زانیارییە. لەکاتێکدا هەمیشە حکومەت خوازیاری بەڕێوەبردنی هەواڵو پاوانکردنییەتی، ئەوە بەدیدەکەین ناوەندەکانی راگەیاندن یەکێکن لە هێزە کۆمەڵایەتییە ناوازەکانو لەرێی رەخنەی ئامانجدارەوە توانای بەربەرەکانێکردنی ئەو چالاکییانەیان هەیە، لەگەڵ هێرشکردن کە پشتبەستووبێ بە راستیو یاسایی. لە ماوەی رۆژانی پشتبەستنی پاشاکانیش بە "مافی خواوەندی" تاوەکو ئێستا، حکومەتەکان هەستیان بەوە کردووە زانیارییەکان مانای هێزن، و کرۆنترۆڵکردنیان بەشتێکی سەرەکی دادەنرێ بۆ زامنکردنی پشتگیریکردنی خەڵکی بە

www.pertwk.com

حکومەت‌و بەرنامەکانی، و ئەو هۆیەیشە لەپشتی دەرکردنی یاساکانی رەزامەندی، و هاندان لەلایەن حکومەتەکانەوە.[14]

زۆربەی رۆژنامەنووسان پێیانوایە پەیوەندیی ناکۆکیی نێوان ناوەندەکانی راگەیاندن‌و حکومەت تەوەرەیەکی سەرەکی پێکدێنێ بۆ سەرخستنی پەیامی رۆژنامەنووسی‌و بەدیهێنانی بەرژەوەندیی نەتەوەیی.[15]

دواجار دەشێ بڵێین پەیوەندیی ناکۆکی Adversarialism دوورە لەشێوازی راستی مامەڵکردنی ناوەندەکانی راگەیاندن لەگەڵ حکومەتدا، لەبەرئەوەی ئەو پەیوەندییە دەشێ رۆژنامەنووس ناچاربکا بۆ کردنی کاری نابەرپرسیارانە، و وای لێبکا هەندێ کات هەستبکا بەدرەفتارە، و هەروەها ئەو پەیوەندییە زیان بە هەندێ بێ‌تاوان بگەیەنێ بەبێ ئەوەی روویەکی راستی بن تەنها ئەوە نەبێ ئەوان یەکێك بوون لەرەگەزەکانی هەواڵەکە، بەڵام جیاکەرەوەی سەرەکی پەیوەندیی ناکۆکی ئەوەیە ناوەندەکانی راگەیاندن دووردەخاتەوە لەپڕوپاگەندەکردن بۆ حکومەت‌و بڕەودان بە سیاسەتەکانی ئیتر هۆشیارانەبێ یان بە ناهۆشیاری؛ هەروەك چۆن لەکۆمەڵگا پەرستێنەکاندا هەیە.[16]



## پەیوەندیی هاوبەرپرسیاری: The Symbiotic Relatioship

زۆر لە رۆژنامەنووس‌و سیاسییەکان پێیانوایە رۆژنامەنووسی نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی چوارەمی حکومەت Fourth Branch* دەکا، پێیانوایە زۆربەی ئەو شتانەی ناوەندەکانی راگەیاندن دەیانخەنەڕوو پێویستن‌و تەواوکەری پرۆسەی حوکمڕانیکردنن، و هیچ حکومەتێکی میللی ناتوانێ بەوردی کاربکا، بەبێ پشت بەستن بەو خزمەتگوزارییانەی ناوەندەکانی راگەیاندن دەیانخەنەڕوو، بۆیە ناوەندەکانی راگەیاندن لەرێی ئاگادارکردنەوەی خەڵکی بەچالاکییەکانی حکومەت‌و گەیاندنی ئارەزووەکانی خەڵکی‌و سکاڵاکانیان بۆ بەرپرسە حکومییەکان ئەرکێکی گرنگ پێشکەش دەکەن. پەیوەندیی نێوان ناوەندەکانی راگەیاندن‌و حکومەت لەمیانەی ئەو ململانێ کراوەوە بۆ هاریکاریکردنی کراوە بەڕێوەدەچێ، و لەنووسراوە پیشەییەکان‌و سەرنجە رۆژنامەنووسییەکاندا وا دەردەکەوێ ئەوان مەیلیان بەلای پەیڕەویکردنی رۆڵی پەیوەندیی ناکۆکیدا هەیە لەگەڵ حکومەت، زیاتر لەوەی کە مەیلیان هەبێ بەلای پەیڕەویکردنی پەیوەندیی هاریکاری لەگەڵ هەوڵەکانی حکومەتدا.

بەشێوەیەکی گشتی هەریەکە لەناوەندەکانی راگەیاندن‌و حکومەت پێویستیان بە موخاتەبەکردنی جەماوەر هەیە. هەروەها ناوەندەکانی راگەیاندن خوازیاری راکێشانی جەماوەرن لەرێی بەخشینی راپۆرتی زیندوو سەرنج راکێش لەبارەی چالاکییە حکومییەکان، و حکومەتیش خوازیاری ئەوەیە جەماوەرییەکەی زیادبێ، و جەماوەر هەست بەهەوڵ‌و چاکییەکانی بکا لەخزمەتگوزارییەکانیدا، و رۆژنامەنووسیش پێویستی بەهەواڵ هەیە، و حکومەتیش پێویستی بەبڵاوکردنەوە هەیە، و دواتر دەشێ هەریەکێکیان خزمەتی ئەوی تریان بکەن، کە بەرژەوەندیی کۆمەڵگای تیابێ.[17]

"جۆن میریل" Merrill,یش جەخت لەوە دەکاتەوە دابونەریتە دێرینەکان گوزارشت لەبوونی پەیوەندییەکی دۆستانەو بەهێز دەکەن لەنێوان ناوەندەکانی راگەیاندن‌و حکومەتدا. رۆژنامەنووسی پشت بە حکومەت دەبەستێ‌و هاریکاری‌دەبێ، و هەروەها پشت دەبەستێ بە وەرگرتنی هەواڵ لەسەرچاوە رەسمییەکانی حکومەت، و ئەوەیش هەندێ جار کێشەی

---

* ئەم زاراوایە Fourth Power و Fourth Estateیشی پێ‌دەوترێ کە بۆ یەکەمین جار لەلایەن سیاسەتمەداری بریتانی "ئێدمۆند بێرگ"ەوەو لە ساڵی 1771دا بەکارهێنراوە کە دەیگوت لە پارلەماندا سێ دەسەڵات هەیە بەڵام چوارەمیان لە هەموویان بەهێزترە.

و.ك

www.pertwk.com

لێدەکەوێتەوە، بەڵام حکومەت بەیەکێ لەسەرچاوە بەهێزەکانی رۆژنامەنووسی دادەنرێ، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە ناوەندەکانی راگەیاندن پشتگیری لەبەرنامە حکومییەکان دەکەن، و پەیوەندیی ناکۆکی نابێتە هۆی وەرگرتنی ئەو هەواڵانەی بەلای خەڵکییەوە بایەخداران، و ئەوە زۆربەی جار پەیوەندییەکی نا بەرپرسیارانەو هەروەها نائەخلاقیشە. لەحاڵەتی ناکۆکیشدا مافی حکومەت دەبێ کەوا دوژمنایەتیی ناوەندەکانی راگەیاندن بکا، و حکومەت دەتوانێ زانیارییەکان لەرۆژنامەنووسی بشارێتەوە، و وابکات کۆبوونەوەکانی نهێنی بن، و هانی هانی بخاتە سەر هەواڵەکان، و بەتەنها بەخشش بداتە ئەو نوێنەرانەی بەتەنها و بەرێگای جیاجیا هاریکاریدەکەن، و شێوازەکانی پڕوپاگەندەکردن بەکاربهێنێ، و هەروەها داوای قەزایی لەدژی رۆژنامەنووسان تۆماربکاو بەرێگای جیاجیا چالاکییەکانیان کۆتوبەند بکا، و بەکورتی حکومەت دەتوانێ ببێتە ناکۆکێکی راستەقینە بۆ ناوەندەکانی راگەیاندن، و دواتر هاریکاریکردنی نێوان ناوەندەکانی راگەیاندنو حکومەت زامنی کارێکی باشتر دەکا بۆ هەردوولا.[19]

هەندێ لەرۆژنامەنووسان پێیانوایە هاوکاریکردنی حکومەت ئەرکێکی نەتەوەییە، ئیتر لەسەر ئاستی دیپلۆماسی دەرەکی یان ناوەکی بێ، یاخود هاریکاریکردن لەگەڵ پۆلیسدا، تەنانەت هاوکاریکردنی هەواڵگری ناوەندیی ئەمەریکی* و ئەو هاریکاریکردنە تێپەڕی ئەوە دەکا بەتەنها زانیاری بڵاوبکرێتەوە بۆ داواکردن لەهەندێ لە رۆژنامەنووسان بۆ تەغتییەکردنی راستیی دیاریکراوو بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە حکومییەکان. هەندێ جاریش ناوەندەکانی راگەیاندن زانیاری گرنگ بۆ خزمەتی بەرژەوەندییە حکومییەکان دەشارنەوە، و هەندێ جاریش هەندێ لەپیاوانی پۆلیس ناسنامەی یەکێ لەناوەندەکانی راگەیاندن بەدەستدەهێنن بەو پێیەی کە رۆژنامەنووسن. لەمبارەیەوە "یەکێتیی بەڕێوەبەرانی هەواڵی رادیۆو تەلەفزیۆنەکان" RTNDA پێیانوایە ئەو جۆرە کارانە بەتەواوی راستگۆییو سەربەخۆیی ناوەندەکانی راگەیاندن تێکدەشکێنێ، و زیانێکی گەورە بەئازادیی هەڵایسانی زانیارییەکان دەگەیەنێ.[20]

## رۆژنامەنووس وەك بریکاری حکومەت:

## The News Reporter as Government Agent

لەکاتێکدا هەندێ لەرۆژنامەنووسان رازین لەسەر هاریکاریکردنی حکومەت وەك پێویستییەکی هاوبەرپرسیاری لەپەیوەندیی ناوەندەکانی راگەیاندندا بە حکومەتەوە، کەچی زۆربەی رۆژنامەنووسان رازینین لەسەر ئەو پێودانگەی رۆژنامەنووس ببێتە بریکاری حکومەت، واتا هەستێ بەکۆکردنەوەی هەواڵو زانیاری بۆ خزمەتی حکومەت، لەبری خزمەتکردنی دامەزراوە رۆژنامەنووسییەکە. لەماوەی دەیەی حەفتاکان (ی سەدەی بیستەم–و.ك)دا ژمارەیەکی زۆر لەرۆژنامەنووسە ئەمەریکییەکان هەستان بە پەیڕەوکردنی پشکنینی رۆژنامەنووسی بۆ بەرژەوەندیی حکومەت، و وایان لێهات هەندێ لەکاتەکانیان بۆ بەجێهێنانی بەرژەوەندییە حکومییەکان تەرخانبکەن، یاخود بۆ خزمەتکردنی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیی ئەمەریکا CIA، و

---

* لەرووی ئەخلاقی رۆژنامەنووسییەوە زۆر لەبەڵگەنامەکانی ئابڕووی کارکردنی رۆژنامەنووسی سەندیکاو رێکخراو راگەیاندنەکان رێگانادەن بە هاوکاریکردنی دەزگا هەواڵگرییەکانو پێیانوایە ئەو هاویکاریکردنە ناکۆکە لەگەڵ پرەنسیپەکانی ئەخلاقی رۆژنامەنووسیدا" هەروەك چۆن لە راگەیاندنی سیاسەتی ئاژانسی یونایتدپرێس ئینتەرناشیۆناڵدا ئاماژە بەوە کراوە بەهیچ جۆرێ رێگانادرێ بە خۆبەخشین بەیارمەتیدانی ئاژانسی هەواڵگری ناوەندیی ئەمەریکا (C.I.A) یان نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی (F.B.I).. هتد. لەمبارەیەوە بگەڕێوە بۆ: جۆن.

ل. هاتلنگ، ئەخلاقی رۆژنامەنووسی (هەمان سەرچاوەی پێشوو)، لاپەڕەکانی 134و135.

رۆژنامەنووسـان بـەوە جیادەکرێنـەوە کـە راهێنـراون لەسـەر تێبینیـی وردو لێوەشـاوەیی بـۆ بەدەسـتهێنانی زانیـاری بەخێراییـەکی کـەم وێنـە، و زۆربـەی رۆژنامەنووسـان رایـان وایـە خزمـەتکردنی حکومـەت یـان دەزگـای هـەواڵگری شـەرەفێکی گـەورەو ئـەرکێکی نیشـتمانییە. هەنـدێ لـەرێکخراوە هەواڵییـەکان رێنمـایی روون‌و ئاشـکرایان بـۆ کارکـەرانی رێکخراوەکانیـان دانـاوە بـەوەی رێگانـادەن بـەوەی وەك بریکـاری هـەر دامەزراوەیـەکی حکـومی یـان دەزگـای هەواڵگری کاربکەن.[21]

کۆمـەڵگا پـەرستێنەکانیش رۆڵـی رۆژنامەنووسەکان بـەوە دیاری‌دەکـەن کـە مامۆسـتاو دروسـتکەری نەتـەوەن، و هـەروەها دەلاڵـی ئـەو فەلسـەفەیەی حکومـەتن کـە بانگەشـەی بونیادنـانی کۆمەڵگایـەکی نـوێ دەکـا. رۆڵـی رۆژنامەنووسـان لەکۆمەڵگایـەکی پـەرستێندا بـۆ کۆمەڵگایـەکی تـری هاوشـێوە دەگۆڕێ، کە ئـەوەیش پـەیوەنددارە بـە نـەریتی رۆژنامەنووسـی لـەو دەوڵـەتـە، و ئاسـتی پیشـەیی بـۆ مـاوەیی چـاخەکانی داگیرکـاری، بۆیـە هەنـدێ لەرۆژنامەنووسـە ئەفەریقییـەکان رۆڵێکـی گـەورەیان گێـڕا لەسـەربەخۆبوونی دەوڵەتەکانیانـدا، و هەنـدێکیش پێیانوایـە پڕوپاگەنـدەکردن بـۆ حکومـەت خزمەتێکی نیشتمانییە.[22]



هەروەها "کینیث کاوندا" Kenneth Kaunda,ی سەرۆکی زامبیا ئاماژە دەکـا بـەرۆڵی رۆژنامەنووسـان‌و دەڵـێ "دەبـێ ناوەنـدەکانی راگەیانـدن ئەوانـە بخەنـەڕوو کـە لەکۆمـەڵگادا روودەدەن، و فەلسـەفەی حکومـەت بڵاوبکەنـەوەو بەرگرییان لێبکەن، هەروەها برەو بدەن بە بەهاکان‌و ئەوانەی جێگای بایـەخی دەوڵـەتن‌و بەسـتنەوەی تاکـەکانی پێیـەوە".[23] لەهەنـدێ لـە دەوڵەتـە پەرستێنەکاندا سەرنووسـەر هەڵدەسـتێ بـە چاودێریکردنی ئـەو بابەتانـەی زیانیـان بـۆ حکومـەت هەیـە، و رێگـای بڵاوکردنـەوەیان نـادا، و هەنـدێ لەکۆمـەڵگاکانی تـریش یاسـا بـۆ ئـەو بابەتانـە دادەنـێن کـە نـابێ بـەگوێرەی لەبەرچـاوگرتنی لایـەنی ئایـدیۆلۆجی یـان ئـاییني بڵاوبکرێنـەوە، و هەنـدێ لەحکومەتـەکانیش پشـت دەبەسـتن بـە بـوونی چاودێریی رەسمـی راسـتەوخۆ لەدامەزراوە رۆژنامەنووسییەکەدا بۆ بەرگرتن لەبڵاوکردنـەوەی هـەر بابـەتێ کـە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە حکومەت.[24]

"راسـم الجمـال"یـش ئامـاژە بـەوە دەکـا "سیاسـەتە پەیوەندییـەکان لەسـەرجەمی دەوڵەتـە عەرەبییەکانـدا بـەرەو ئاڕاسـتەی پشـتگیریکردنی دەسـەڵاتی رژێمـی حـوکمڕان‌و تێڕوانینـەکانی لـەبوارە هەمەجۆرەکانـدا دەڕوا، لەگـەڵ خزمـەتکردنی بەرژەوەندییـە راستی‌و تەسەورکراوەکانی بەشێوەیەکی راستەوخۆ، و لـەو ئاستەدا کـە خزمـەتی یـەکگرتنی رژێمەکـەو مانـەوەی بکـا، و ناوەنـدەکانی راگەیانـدن کچـی دەوڵـەتن، و ئـەو هۆکارانـە سـەنتەرێکی تونـد لـەخۆدەگرن ئـیتر لەبـەڕێوەبردنی‌دابێ یـان پـەیڕەویکردنی، یـاخود سەرپەرشتیکردنی‌دا، و ئەو حاڵەتـە بەسـەر سـەرجەمی دەوڵەتـە عەرەبییەکانـدا دەسەپێنرێ، بەوانەیشەوە کە رژێمی فرە پارت لەخۆدەگرن، یان تیایاندا رێگا دەدرێ بـە تـاك بـەدەرکردنی رۆژنامـە یـان گۆڤـار، کـە لوتکـەی سیسـتمی پەیوەنـدیکردن، بـەپێی باڵادەسـتی بەسـەر ناوەنـدەکانی راگەیاندنـەوە، لەسـەرویانەوە رادیـۆو تەلـەفزیۆن‌و رۆژنامـە کاریگـەرەکان، ئـەو خـاوەنی بـەهێزترین‌و بـاڵاترین بگـرە تاکـە دەنگـە. ئـەو سـەنتەرییەو ئاڕاسـتەکردنە پڕوپاگەندەییە بۆ سیاسەتەکانی حکومەت بەیەکێ لـە هۆکارە سەرەکییەکانی راگەیاندنی سەرکەوتوو لەسەرەوەڕا بۆ خوارەوە دادەنرێ، ئەوەیش لەناوەندی دەسـەڵاتەوە بـۆ سـەرجەمی کایـەکانی‌تر، لەبەرانبـەر شـەپۆلی هـاتوو لەئاڕاستەیەکی ترەوە".[25]

## پەیوەندیی بازرگانی: The Trade Relationship

"والتر جیبر" Walter Giebe,ی مامۆستای رۆژنامەنووسیی ئەمەریکی پێیوایە پەیوەندیی نێوان ناوەندەکانی راگەیاندن و حکومەت پەیوەندییەکی بازرگانییە (پەیوەندیی سودی ئالوگۆڕکراو) و رۆژنامەنووس نابێ ببێتە پاشکۆی حکومەت، و هەروەها نابێ ببێتە دوژمنیشی، و ناوەندەکانی راگەیاندن بۆ ئەوە ئامادەنەکراون تاوەکو پەیڕەوی فەرمانڕەوایی بکەن، و لەهەمان کاتدا، ئەگەر ناوەندەکانی راگەیاندن هەستان بە رۆڵی تەنها بڵاوکردنەوەی هەواڵ و سیاسەتەکانی حکومەت، ئەوا لادەدەن لەبەرانبەر بەهاووڵاتیان لەرووی بەخشینی هەواڵ و زانیاری راست پێیان لەبارەی حکومەتەوە، و هەروەها لەوەیش لادەدەن کە هەواڵ و زانیاریی راست لەبارەی کاردانەوەی جەماوەر بەرانبەر بەسیاسەتەکانی حکومەت بدەنە حکومەت. بۆیە دەشێ پەیوەندییەکە هاوسەنگبێ لەکاتێکدا لەسەر بنەمای سودی ئالوگۆڕکراوبێ، کە رۆژنامەنووس سیاسەتەکانی حکومەت یان هەواڵی بەرپرسە حکومییەکان بڵاوبکاتەوە تاوەکو جەماوەریان بۆ رابکێشێ، و لەبەرانبەردا ئازادیی کۆکردنەوەی زانیاری بەبێ دەستوەردانی حکومەت یان چاودێریکردنی حکومی بەدەستبهێنێ.[26]

## ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی:

مافی رادەربڕین و قسەکردن، و هەروەها مافی چاپکردنی هەواڵ و بڵاوکردنەوەی بەبێ کۆت وبەندی پێشوەخت بێهودە دەبێ بەبێ بوونی مافی بەدەستهێنانی زانیاری. بۆ ئەوەی ناوەندەکانی راگەیاندن ئەو زانیارییانە کۆبکەنەوە کە خەڵکی پێویستیان پێیان هەیە، هەردەبێ لەبەرپرسە حکومییەکان و ئاژانسە حکومییەکان و بڕیاربەدەستان نزیکببنەوە، و بواریان بدەن بۆ دەستکەوتنی زانیاری و تۆمارکراوەکان، و چاوەڕێی ئەوە ناکرێ هەروا بەئاسانی حکومەت رێگای ئەوە بدا، هەروەك چۆن چاوڕێی ئەوەیش ناکرێ ناوەندەکانی راگەیاندن وەك خزمەتکاری حکومەت کاربکەن. لەمبارەیەوە کۆمەڵگا دیموکراسییەکان بڕیاردەدەن بە مافی ناوەندەکانی راگەیاندن لەنزیکبوونەوە لەسەرچاوەی زانیارییە حکومییەکان هەرەند ئەو زانیارییانە پێداویستییەکانی جەماوەر دەستەبەربکەن.

شێوازی چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی * بەبەشێکی سەرەکی پەیڕەویکردنی ژیانی سیاسیی ئەمەریکی دادەنرێ، و ئەو شێوازە لەرێی پەیرەویکردنی رۆژنامەکان لەسەدەی نۆزدەیەمەوە دامەزراوە، و بۆ تۆڕەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنیش درێژبووەتەوە، و بەگشتی ئەو چاوپێکەوتنانە لەگەڵ بەرپرسە حکومییەکان، پارلەمانتاران، و سیاسییەکاندا دەکرێن و سەرجەمی ئەو مەسەلانە لەخۆدەگرن کە بەلای تەواوی خەڵکییەوە گرنگن، لەگەڵ ئەوەیشدا گواستنەوەی کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکان بەراستەوخۆ لەرۆژانی "فرانکلین رۆزفێلت" Franklin Roosevelt,ی سەرۆکی ئەمەریکا و درێژبوونەوەی ئەو چاوپێکەوتنانە بۆ سەرجەمی سەرۆکە ئەمەریکییەکانی دوای ئەو.[27]

رۆژنامەنووسانی ناوندەکانی پەیوەندیکردنی ئەمەریکا رژێمی سیاسی و ئابوریی ویلایەتە یەکگرتووەکان پەسەنددەکەن و کار بۆ پشتگیریکردنیشی دەکەن، و ژمارەیەکی کەمی تاکەکان هەن کە دژیان بەرانبەر بە کۆمەڵگا هەیە، و بەجۆرێ لە پرۆسەی سیاسیی تەقلیدی دەڕوانن کەوا جۆرێکە لە هەڵخەڵەتاندن یان مەرایی SHAM، و وایدەبینن سیاسییەکان بەدوای

---

* بۆ تێگەیشتن لەهونەری چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی وەکو یەکێ لەهونەرەکانی رۆژنامەنووسی و تێگەیشتن لەئەرك و جۆر و شێواز و مەرج و قۆناغەکان و هەنگاوەکانی چاوپێکەوتن و هەروەها ئەو رێوشوێنانەی بۆ چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی دەگیرێنە بەر لەگەڵ قاڵبە رۆژنامەنووسییەکانی نووسینی چاوپێکەوتن، خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ: مەم بورهان قانع، هونەری چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی، گەلاوێژی نوێ (گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیریی بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژە)، ژمارە 27–28، لاپەڕە 203 تاوەکو 220.

وەرگێڕی کوردی

بەدەستهێنانی ئەو جەنگانەوەن کە لەرێگای هەڵبژاردنە پارلەمانییەکانەوە خەڵکی Fuss دەهەژێنن، و پێیانوایە ئیتر ئەگەر پارتی دیموکرات یان پارتی کۆماری بیباتەوە ئەوا هەردووکیان بڕوایان بەوە هەیە حکومەت بەردەوام دەبێ لەپشتگیریکردنی سیستەمی ئابوریدا کە هەژاران کپ دەکا، و هەروەها ژینگەیش پیس دەکا، و داهاتە سروشتییە جیهانییەکانیش دەگەنن، و گەلانی پەرستێن دەخەنە باری "کۆیلەیەتی" Bondageوە. ئەو ئۆپۆزیسیۆنانە وای نیشان دەدەن تاوەکو گەل رانەپەڕێ بۆ فەرمانڕەواییکردنی ئاسایش، و پیشەسازی، و سیستەمی گواستنەوەو هاتووچۆ، و کارە تایبەتییەکانی تر، گۆڕانکارییەك نابێ بەرەو باشتر، و بەتەنها ئەوکاتە دەکرێ داهاتە نەتەوەییەکان بۆ باشکردنی گوزەرانی سەرجەمی تاکەکان بەکاربهێنرێ، لەبری پشتگیریکردنی دەستەیەکی کەمی کۆمەڵگا کە ئەوەیش دەستەی دەوڵەمەندانە.

رژێمی ئەمەریکا ئازادیی پێکهێنانی پارتی سیاسی، و زامنکردنی دەنگدانی نهێنی Pallot لەسەرجەمی ویلایەتەکانیدا دەستەبەردەکا. لەزۆربەی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییکردنەکانی ئەمەریکادا کە لەم کاتەدا دەکرێ پاڵێوراوانی پارتە شیوعی، سۆشیالیستی، کرێکاری، و پارتەکانی تر هەن، و پاڵێوراوانی ئەو پارتانە گومانیان هەیە لەوەی ناوەندەکانی راگەیاندنی ئەمەریکی بایەخ نادەنە بەرنامە هەڵبژاردنەکانیان؛ و لەبەرئەوە زۆربەی خەڵکی هەست بەبوونی پاڵێوراوانی پارتە کەمینەکان ناکا تاوەکو دەستدەکرێ بە پرۆسەی دەنگدانی نهێنی، و ناویان لەو لیستەدا دەبینن کە لەنێویدا هەڵدەبژێرن. ئا بەوجۆرە پاڵێوراوەکان وای نیشان دەدەن ئەو رژێمە سیاسیو ئابورییەی کە هەیە دەبێ بەرژێمێکی نوێ بگۆڕدرێ تاوەکو ئەوەیان بۆ فەراهەمبکرێ کە پابەندبوونە حزبییەکەیان بانگەشەی بۆ دەکا.

ئەم هەڵوێستە چەندین پرسیاری لێدەکەوێتەوە، نەك لەبارەی یاساوە، بەڵکو لەبارەی ئەخلاقەوە، بۆیە ئەگەر ناوەندەکانی راگەیاندن کاتو رووبەر ببەخشنە ئەوانەی لەچوارچێوەی رژێمەکەدا کاردەکەن، و تەنها لایەنگری سیاسەتی رەسمی دەکەن، ئایا بازاڕێکی راستەقینە بۆ خستنەڕووی دیدو بۆچوونەکان بوونی دەبێ؟ پێشتر "جۆن میلتۆن" سکاڵای لەوەکرد کە "سەختە جیاکاریی بکرێ لەنێوان راستیو درۆدا، ئەوەیش لەوکاتەدا کە حکومەت دەسەڵاتی بەکاربهێنێ بۆ دابڕانی هەندێ لەبۆچوونەکان".

لەکاتێکدا "یۆجین مکارثی" Eugene McCarthy, ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا لەساڵی 1976دا وەك بێلایەنێ خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتیکردنی ئەمەریکا پاڵاوت، سکاڵایکرد لەوەی ناوەندە سەرەکییەکانی راگەیاندن فەرامۆشیان کردووە، و سەرنووسەرانی رۆژنامەکانیش وەها وەڵامیان دایەوە کە ئەوان ئەو بایەخانە دەخەنە روو کە جەماوەر هەستیان پێدەکا، و هەموو ئەمەریکییەك دەزانێ "مکارثی" هەر لەسەرەتاوە شکستیهێناوە، و دواتر بۆچی بایەخی پێبدەن؟

ئێستایش پرسیارێ سەبارەت بە ئاڕاستەی ناکۆکی Adversary قوتدەبێتەوە کە زۆربەی رۆژنامەنووسە ئەمەریکییەکان لەکاتی تەغتییەکردنیاندا بۆ هەواڵە حکومییەکان بەکاریدەهێنن، کە بووەتە هۆی بوونی گرژییەکی هەمیشەیی لەنێوان رۆژنامەنووسو سیەسییەکاندا، کە بەر لەوە پەیوەندییەکی هاوبەرپرسیاری Symbioticی درێژخایەن هەبووە لەنێوانیاندا، و لەو کاتەوەی کۆماری دروستبوو سیاسییەکان پشتیان بەرۆژنامەنووسان بەست لەبڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانیان لەچوارچێوەیەکی جەماوەری فراواندا، و رۆژنامەنووسانیش وایان لەسیاسییەکان روانی سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکانیانن، و ئەو پەیوەندییە بۆ هەردوولاو بۆ ماوەی چەند سەدەیەك بە ئاسودەیی مایەوەو هەندێ جار بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە هەندێ لادان لەباو (مألوف) دەکەوتەوە وەك بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەبارەی موغامەرە عاتفییەکانی سەرۆکی دەوڵەت،

www.pertwk.com

یان سەلماندنی ئیدمانبوونی هەندێ لەگەورە بەرپرسەکان بە مەیو تلیاك، کە ئەوە بەبەشێ لەرێسای گەمەی سیاسی لەو ویلایەتە یەکگرتووەکان دادەنرێ.

لەکاتی جەنگی ڤێتنامەوەو بەشێوەیەکی بەرچاو پەیوەندیی نێوان ناوەندەکانی راگەیاندنی ئەمەریکاو حکومەت گۆڕدرا، لەو کاتەوە کە هەندێ لەسەرۆکەکانی وەك "جۆنسۆن" ,Johnson، و دوای ئەویش "نیکسۆن" ,Nixon ناچاربوون بەبێبەشکردنی ناوەندەکانی راگەیاندن بەزانیاری سەرەکی، یان تا رادەی درکاندنی –لەهەندێ کاتدا– زانیاری درۆ بۆ رۆژنامەکان. لەکاتی "ئابڕووبەرییەکەی وۆتەرگێت" Watergate Episodeدا پەیوەندیی نێوان هەردوولا تەقییەوە ئەوەیش لەرێی هەڵکوتانە سەر خەوشدارەکان burglary bungledی سەرکردایەتییەکانی پارتی دیموکراتی لەساڵی 1972دا، کە بەدەست لەکارکێشانەوە مەبەستدارەکەی سەرۆك "نیکسۆن" لەساڵی 1974دا کۆتاییپێهات.

لەو کاتەوە رۆژنامەنووسان راهاتن لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ گەورە بەرپرسان کەوا درۆزنو فێڵبازن، و لەگەڵ نیوەی راستییەکاندا مامەڵە دەکەن، یان لەباشترین بارودۆخدا ئەوان زانیارییە زیندووەکان دەشارنەوە.

لەگەڵ ئەوەدا جیلێکی نوێ لەرۆژنامەنووسان دروستبوون کە ئومێدیان بەجێهێنانی ناوبانگی "کارڵ برنستاین" ,Carl Bernsteinو "بۆب وودوارد" ,Bod Woodwardبوو کە لەرێی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانیانەوە لەرۆژنامەی "واشنتۆن پۆست"دا رۆڵیان بینی لە روخاندنی سەرۆك نیکسۆندا. ئەو جیلە نوێیەی رۆژنامەنووسان لەرێی هەستکردنی بەو سەرکەوتنەی کە دەشێ نێرداوێکی رۆژنامەنووسی لەکاتێکدا کاردەکا بۆ روخاندنی بەرپرسێکی گەورە، یان ئابڕووبەرییەکی دەنگدەرەوە دەخاتە ڕوو، کاردەکەنو دواتر وێنەی رۆژنامەنووسەکە لەپێشەکیی درێژەی هەواڵەکاندا دەردەکەوێ، و هەروەها جێگایەکی بەرچاویش لەلاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکاندا داگیردەکا.

بەڵام ئەو نێردراوانەی هەواڵەکان تەنها لەتێڕوانینی بەرپرسە حکومییەکانەوە دەخەنە روو، سەرنجی ئەوە دەدەن ئەم هەواڵانە بایەخێکی سنورداریان پێدەدرێ. ئەنجامی یەکلاکەرەوەیش کارکردنە بۆ دەرخستنی بەرپرسە رەسمییەکان بەشێوەیەکی خراپ یان نائاسودە.

لەسەر ئاستی هەستکردنی یاساییش یەکەمین چاککاریی دەستوریی ئەمەریکی داوا لەرۆژنامەنووسان ناکا ستایشی حکومەت Cheerleaders بکەن بەڵکو یەکێ لەمەبەستە گرنگەکانی یەکەمین چاککاری بەرگرتنە لەحکومەت لەسزادانی ئەو رۆژنامەنووسو کەسانەی تر کە هەڵەکانی دەخەنەڕوو.(28)

ئازادیی ناوەندەکانی راگەیاندن لەسانسۆری حکومی هەندێ پرسیاری ئەخلاقی ترسناك بۆ رۆژنامەنووسە پیشەمەندەکان دەسەپێنێ. کەسێ نییە نکوڵی بکا لە گرنگیی ئەو رۆڵەی حکومەتەکان بۆ بەرژەوەندیی گشتی پێیهەڵدەستن، و کەسە واقیعییەکانیش ئەوە دەزانن حکومەتێ نییە بەبێ هەڵە. حکومەتیش چۆن دەتوانێ ئەرکەکانی رابپەڕێنێ ئەگەر ناوەندەکانی راگەیاندن تەنها هەواڵە خراپەکان بڵاوبکەنەوە، و هەروەها ئەگەر بەرپرسە حکومییەکان وا بخرێنە روو کە بێئابڕوو نەزانو گەمژەن؟ دواتر ئەم پرسیارە گەورەیە دەردەکەوێ: ئایا ناوەندەکانی راگەیاندن بەتەواوی بێبەرین لەهەڵە لەو کاتانەدا کە رەخنە لەسمبولەکانی حکومەت دەگرن؟ و ئایا دەشێ ناوەندەکانی راگەیاندن بەشێوەیەکی باشتر خزمەتمان بکەن لەرێی گەڕان بەشوێن رۆڵێکدا بکەوێتە نێوان هوتافدان بۆ سەرکردەکان Cheerleaders یان ناکۆکبوونیان Adversary؟

## پوختە:

ناوەندەکانی راگەیاندن لەکۆمەڵگای هاوچەرخدا گرنگییەکی گەورەیان هەیە، و گرنگیی ناوەندەکانی راگەیاندن لەبەرپرسیارێتییەکانی بەرانبەر بە ئەو کۆمەڵگایەی کاری تیا دەکەن هەڵدەقوڵێ، و دەکرێ لەرێی سێ ئاستەوە

www.pertwk.com

تەماشای بەرپرسیارێتیی رۆژنامەنووسی بکەین ئەوانیش: بەرپرسیارێتیی رۆژنامەنووس بەرانبەر بەسەرجەمی کۆمەڵگا، و بەرانبەر بە کۆمەڵگای ناوخۆ، و بەرانبەر بە خۆی. کاتێکیش رۆژنامەنووس ئازاد دەبێ لەسانسۆری حکومی، و فەرمانڕەواییکردنی ناوەندەکانی راگەیاندندا، بەپرسیارانە مامەڵە دەکا.

لەماوەی ساڵانی رابردوودا چەندین سیمینار سەبارەت بەجۆری پەیوەندیی چاوەڕوانکراوی نێوان ناوەندەکانی راگەیاندن و حکومەت دەرکەوتن، و ئەو سیمینارانە بوونی چوار جۆر لەپەیوەندییان لێکەوتەوە:

پەیوەندیی ناکۆکی هەیە، و زۆر بەئاسانی مانای وایە ناوەندەکانی راگەیاندن ناقایل بن بە حکومەت و پاساوی دژیان هەبێ، و پەیوەندیی ناکۆکی لەدیدی هەندێکەوە تەوەرەیەکی بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتنی پەیامی رۆژنامەنووسی و بەجێهێنانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان. هەندێکی تر رایان وایە ئەو زانیارییانەی ناوەندەکانی راگەیاندن دەیانخەنە ڕوو پێویستن و تەواوکەری پرۆسەی فەرمانڕەواییکردنن و هیچ حکومەتێکی سەرکەوتوو ناتوانێ کاربکا و جەماوەرەکەی رابکێشێ بەبێ پشتگیریکردنی ناوەندەکانی راگەیاندن بۆ سیاسەتەکانی.

هەندێ جاریش ناوەندەکانی راگەیاندن وەك بریکاری حکومەت کاردەکەن لەبڵاوکردنەوەی سیاسەتەکانی و برەودان بە چالاکییەکانی، و ئەو جۆرە لەپەیوەندیی شوێنکەوتەیی لەکۆمەڵگا پەرستێنەکاندا تەشەنەدەسێنێ، لەکاتێکدا زۆربەی رۆژنامەنووسان لەکۆمەڵگا دیموکراسییەکاندا خۆشحاڵ نین بەرۆڵی رۆژنامەنووس وەك بریکاری حکومەت.

"واڵتر جیبر" رای وایە پەیوەندیی نێوان ناوەندەکانی راگەیاندن و حکومەت دەبێ پەیوەندییەکی بازرگانی بێ و پشت بە ئاڵوگۆڕی سودو هاوسەنگی ببەستێ؛ لەبەرئەوەی هەریەکە لەناوەندەکانی راگەیاندن و حکومەت دەشێ یەکتری تەواوبکەن.



بەشی کۆتایی ئەم فەسڵەیەش ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی لەخۆگرتبوو؛ بەوەی ئازادیی ناوەندەکانی راگەیاندن لەسانسۆری حکومی، بابەتیبوون و هاوسەنگی و پابەندبوونی بەسەردا دەسەپێنێ لەخستنەڕووی ئەو راستی و بیروبۆچوونانەی پشتگیری لە پرۆسەی دیموکراسی دەکەن.

## سەرچاوەکانی فەسڵی پێنجەم

www.pertwk.com

(1) Harless, James D. Mass Communication An Introductory Survey (USA: Wm. C., Brown Publishers, 1985) P. 452.

(2)Hiebert, Ray Eldon and Reuss, Carol Impact of Mass Media (N. Y.: Longman Inc., 2nd Ed., 1988) P. 211.

(3) Hodges, Louis W. "Defining Press Responsibility: A Functional Approach" In Elliott, Deni Responsible Journalism (California: SAGE Puublications, Inc., 1986) PP. 16-21.

(4) Elliott, Deni Responsible Journalism (California: SAGE Publications, Inc., 1986) PP. 35-43.

(5) Merrill, John C. "Theories of Press Responsibility And The Advantages of Pluralistic Individualism" In Elliott, Deni (1986) op. cit, PP. 47-59.

(6) Barney, Ralph D. "The Journalist and a Pluralistic Society: An Ethical Approach" In Elliott, Deni (1986) op. cit, PP. 6080.

(7) Glasser, Theodore L. "Press Responsibility and First Amendment Vaiues" In Elliott, Deni (1986) op. cit, PP. 81-97.

(8) Dennis, Everette E. "Social Responsibility, Representation, and Reality" In Elliot, Deni (1986) op. cit, PP. 99-108.

(9) Christians, Cliffory G. "Rrporting And oppressed" In Elliot, Deni (1986) op. cit, PP. 109-128.

(10) Hiebert, R. E. and Reuss, C. (1986) op. cit, P. 212.

(11) Rivers, William L. "The Media As Shadow Government" In Hiebert, R. E. and Reuss, C. (1988) op. cit, PP. 213-217.

(12) Harless, J. D. (1985) op. cit, P. 453.

(13) Fink, Conread C. Media Ethics in the Newsroom and Beyond (N. Y.: Mc Graw- Hill, Inc., 1988) P. 41.

(14) Dennis, Everette E. and Merrill, John C. Basic Issuse in Mass Communication (N. Y.: Macmillan Publishing Company, 1984) P. 24.

(15) Marro, Anthony "When the Government tells lies" Columbia Journalism Review (March / April, 1985) P. 29.

(16) Fink, C. C., (1988) op. cit, P. 43.

(17) Harless, J. D. (1988) op. cit, PP. 453-454.

(18) Fink, C. C., (1988) op. cit, P. 42.

(19) Dennis, E. E., and Merill, J. C., (1984) op. cit, PP. 18-23.

(20) Bittner, John R. Mass Communication An Introduction (N. Y.: Prentic- Hall, Englewood Cliffs, 4th Ed., 1986) PP. 426-427.

(21) Harless, J. D. (1985) op. cit, P. 455.

(22) حسن عماد مكاوى: الآخبار فى الراديو و التليفزيون (القاهرة: مكتبة الآنجلو المصرية، 1989) لاپەڕە 278.

www.pertwk.com


(23) Nasser, Munir "News Values Versues Ideology: A third World Perspective" In Martin, L. J. and chaudhary, A. G., Comparative Mass Media Systems (N. Y.: Longman Inc., 1983) P. 49.

(24) Ibid, P. 50.

(25) راسم محمد الجمال: الاتصال و الاعلام فى الوطن العربى (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، أغسطس 1991) لاثەرِەكانى 52-53.

(26) Harless, J. D. (1985) op. cit, P. 456.

(27) Ibid, P. 457.

(28) Holsinger, Ralph L. Media Law (N. Y.: Random House, 1987) PP. 78-80.




## دیریازیی سێیەم

# ئازادیی رادربڕینو مافەکانی رۆژنامەنووسان

**فەسڵی شەشەم:**

***مافی پارێزگاریکردنی نهێنیی سەرچاوە رۆژنامەنووسییەکان**

**فەسڵی حەوتەم:**

***مافی زانینی ئەوانەی لەرێکخراوە حکومییەکاندا هەڵدەسورێن**

www.pertwk.com

www.pertwk.com

# فەسڵی شەشەم

## مافی پارێزگاریکردنی نهێنیی سەرچاوە ڕۆژنامەنووسییەکان

-بنەمای حەسانەی ڕۆژنامەنووسی.
-مافی پەیڕەوکردنی کاری ڕۆژنامەنووسی.
-سنورەکانی پەیڕەوکردنی حەسانەی ڕۆژنامەنووسی.
-ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی.

www.pertwk.com

# فەسڵی شەشەم

## مافی پارێزگاریکردنی نهێنیی سەرچاوە رۆژنامەنووسییەکان

### دەسپێك:

داوای نهێنیبوونی سەرچاوە رۆژنامەنووسییەکان، یان ئەوانەی ناودەبرێ بەنهێنیی نووسین بەیەکێ لە گرەنتییە سەرەکییەکانی پەیڕەوکردنی کاری رۆژنامەنووسی دادەنرێ، لەگەڵ ئەگەری ئاشکراکردنی ئەو گەندەڵیو خراپیانەی لە کۆمەڵگادا هەن. رۆژنامەنووسان بۆ ماوەیەکی زۆرو لەپێناو داماڵینی ئەو مافەدا تێکۆشاون کە ئازادیی کارکردنی رۆژنامەنووسییان بۆ دەستەبەردەکا. پەیڕەوکردنی ئەو مافەیش ئەرکی رۆژنامەنووسە لەپابەندبوونی بەدڵسۆزییو بابەتیبوونو خوازیاربوونی هەمیشەیی بەرەو خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتی، و هەستکردنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتیی بەرانبەر  بە ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژی.

ئەم فەسڵە پارێزگاریکردنی نهێنیی سەرچاوە رۆژنامەنووسییەکان لەرێی لێکۆڵینەوەی چەمکی حەسانەی رۆژنامەنووسی دەخاتە روو، و هەروەها مافی پەیڕەوکردنی کاری رۆژنامەنووسی، و سنورەکانی پەیڕەوکردنی حەسانەی رۆژنامەنووسی، و دواجار ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی ئەو مافە لەخۆدەگرێ.



### بنەمای حەسانەی رۆژنامەنووسی:

### The Origins of the Privilege

پرەنسیپێکی یاسایی دێرین هەیە دەڵێ "خەڵکی مافی هەیە لە شایەتیدان یاخود تۆمارکردنی بەڵگە لەسەر هەر کەسێ". ئەوەیش مانای وایە دادگاکان رێپێدراون بە داواکردن Entited to Summonی هەر کەسێ کە ئەگەری ئەوە هەبێ زانیارییان لەبارەی کێشەیەکەوە یان بابەتی رووداوێکی مەدەنییەوە لەلا هەبێ. شەشەمین چاککاریی دەستوری ئەمریکیش ئەو مافە دەبەخشێتە تۆمەتبار Suspect لە دادگاییکردنێکی گشتیدا لەرێی دادوەرانی داماڵڕاو Impartial وە، هەروەك چۆن ئەو مافەیشیان دەداتێ لە ناچاربوونی دادگا بەداواکردنی ئەوانەی بۆ بەرژەوەندییان شایەتی دەدەنو لەبەردەم دەسەڵاتی دادگادا Subpoena Power نوێنەرایەتی دەکەن. ئەوە مانای وایە دادگا دەسەڵاتی دەرکردنی فەرمانی رەسمی هەیە بەداواکردنی شایەتەکانو شایەتیدانیان Testify، و هەر کەسێکیش سەرپێچی بکا لەملکەچبوون بەم فەرمانە بە ریسوابوونو شورەییبوون ناودەبرێ، و دادوەر بۆی هەیە سزای بدا، و دەسەڵاتی نوێنەرایەتیکردنی بەردەم دادگا پشت دەبەستێ بە تیۆری ئارەزووی دادگاکە بۆ گەیشتن بە بڕیارێکی تەندروست Proper Verdict کە گوێ لە شایەتیدانی هەموو ئەوانە دەگرێ کە زانیارییەکی لەلا هەبێ سەبارەت بە کێشە بینراوەکە.

لەبەرئەمە دادگاکان –زۆربەی جار– دژی ئەوەن هەر هەڵاوێژییەك لەو مەسەلەیەدا ببەخشرێ لەسەر ئەو بنەمایەی سەرجەمی هاووڵاتیان دەبێ شایەتی خۆیان بدەن. لەگەڵ ئەوەی هەندێ هەڵاوێژی هەن کە هەندێ کەس خێری لێدەبینێو "حەسانەکان" Privilegesی پێدەوترێ، و ئەو حەسانانە دەستور لەهەندێ حاڵەتی تایبەتیدا دەستەبەریان دەکا، بەهێزترینی ئەم

www.pertwk.com

حەسانانە لەیەکەمین چاککاریی دەستوری ئەمەریکیدا بەدیدەکەین کە لەبەشێکیدا هاتووە "نابێ هیچ کەسێ –لە کێشەیەکی تاوانکارییدا– ناچاربکرێ تاوەکو شایەتی لەدژی خۆی بدا"، و ئامانج لەو دەقە پاراستنی هاوولاتیانە لەدژی شێوازەکانی ئازاردان Torture کە پۆلیس بۆ بەدەستهێنانی داننانی زۆرملێیی بەکاری دەهێنێ، و لەوەدا دەقە یاساییەکە دەڵێ "گوناهی کەسە گومانلێکراوەکە هەرەندبێ، ئەوا هەر داننانێك بەشێوەیەکی خۆبەخشانەی رەهابێ لەگەڵ زانینی تەواوی سزاکەی، و ئەگەر گومانلێکراوەکە ئارەزووی نەبێ بۆ پاساوهێنانەوەی تاوانەکەی، ئەوا ئەو مافەی هەیە پابەندبێ بە بێدەنگییەوە، و دەیشتوانێ لەسەر هەر کەس بیەوێ سکالا بەرزبکاتەوەو ئەو تۆمەتەیش بسەلمێنێ کە دەیانخاتە پاڵی". ئەوە مانای وایە تۆمەتبار بێتاوانە تا ئەوکاتەی تۆمەتبارکردنەکەی دەسەلمێنرێ.

حەسانەی تر هەن دادگا هەستیان پێدەکا وەك رێزگرتنی "پەیوەندییە نهێنییەکان" Confidential Relationships و زۆر لەم حەسانانە کە بلاون حەسانەی مێرد/ژنە، کە نابێ مێرد شایەتیبدا بەسەر ژنەکەیەوە یان بەپێچەوانەوە، لەگەڵ حەسانەی پارێزەرو بەکرێگیراو، و حەسانەی پزیشكو نەخۆش، و حەسانەی پیاوی ئایینیو تۆبەکار، و هەموویان پەیوندینو یاسا رێگای حەسانەیان دەدا. بۆ نمونە دادگاکان دەزانن زەحمەتە پارێزەر بەکرێگیراوەکە بپارێزێ کە تەواوی راستییەکانی پێنەڵێ، لەگەڵ ئەوەدا پزیشکەکەیش دەشێ بگاتە بەرجەستەکردنێکی ناڕاست ئەگەر نەخۆشەکە ئامادەنەبوو زانیاریی راستی بداتێ. لەسەرجەمی حاڵەتەکاندا هەندێ پیشە هەن ئەوانەی کاری تیادەکەن ئەوەیان بەسەردا دەسەپێنرێ چەندین نهێنیو زانیاری بزانو پرەنسیپە ئەخلاقییەکان بڕیاردەدەن بەسەر خاوەنی ئەو پیشانەو هانیان دەدەن بەبێ راگەیاندنیان لەلایەن خاوەنەکانیانەوە ئەو نهێنییانە نەدرکێنن. دادگاکان ئەو پرەنسیپە ئەخلاقییانەیان گۆڕیووە بۆ حەسانە کە هەندێ کەس خێری لێدەبینن، بەڵام ئەو حەسانانە رەها نین.

بۆ ماوەی چەندین ساڵ رۆژنامەنووسان تێکۆشاون تا وا لە دادگاکان بکەن هەست بە گرنگیی پەیوەندییە نهێنییەکانیان بکەن لەگەڵ هەندێ لەسەرچاوەکانی هەواڵدا، و ئەو پەیوندییانە شێوەیەك لەشێوەکانی "حەسانە" بەخۆوە بگرێ. رۆژنامەنووسان وای نیشان دەدەن ئەوان خزمەتی سەرجەمی هاوولاتیان دەکەن کاتێ خراپەیەك Wrong doings دەپشکنن کە لەکۆمەڵگادا روویداوە، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەلایەن فەرمانبەرە گشتییەکانەوە دەکرێن، و لەمبارەیەوە سەرنجی خەڵکی بۆ ئەو خراپەیە رادەکێشن. هەروەها رۆژنامەنووسان وای نیشان دەدەن هەندێ لەو زانیارییانەی بەدەستیان دەهێنن لە سەرچاوەی وەهاوە دێن کە نایانەوێ شوناسیان ئاشکرابکەنو زانیارییەکانیش فەرهەم ناکرێن تا دڵنیانەبنەوە لەوەی نێردراوە رۆژنامەنووسەکە ئاشکرایان ناکا، و ئەو سەرچاوانە هەمیشە لەئەگەری لەدەست دانی کارەکەیان دەترسن، یان رووبەرووی ئازاری جەستەیی یاخود مەعنەوی ببنەوە لەکاتی ناوهێنانی شوناسی هەر کەسێ جگە لە رۆژنامەنووس.

لەماوەی ساڵانێکی زۆریشدا لەپەیڕەوکردنی رۆژنامەنووسیدا، ئەو بەڵێنە مایەوە کە رۆژنامەنووس بیبڕێ بەسەر خۆیدا کە رێگانەدان بە ئاشکراکردنی شوناسی سەرچاوەکە پرەنسیپێکی ئەخلاقی گرنگ لەکاری رۆژنامەنووسیدا پێکدێنێ.

ئەو رۆژنامەنووسانەی لەدادگادا سەبارەت بە ئاشکراکردنی نهێنیی سەرچاوەکانیان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ، وای نیشان دەدەن ئەگەر سەرچاوەکانیان ئاشکراکرد ئەوا متمانەی سەرچاوەکان لەدەست دەدەن کە ئەمەیش چالاکیو کارەکانیان سنورداردەکا، و هەندێ لەرۆژنامەنووسان ئەوەیان بەلاوە پەسەندترە رووبەرووی سزای زیندانیکردن ببنەوە یان غەرامەبکرێن لەبری ئەوەی دەستبەرداری بەڵێنەکەیان ببن کە بەسەرچاوەکانیان داوە بەئاشکرانەکردنیان.[1]

www.pertwk.com

لەچەندین یاسادا جیاوازی هەیە لەگرنگیی حەسانەی رۆژنامەنووسیدا، بۆ نمونە یاسای ویلایەتی "میریلاند" Maryland لەساڵی 1986وە ڕێگا دەدا بە بونیادنانی پاساوی رۆژنامەنووسان بەدەرکردنی یاسای کێ رۆژنامەنووسە، و ئەو مافەیشی دەداتێ –لەهەندێ بارودۆخدا– لەپارێزگاریکردنی نهێنیی سەرچاوەکانی. ئەو یاسایە بە "یاسای پارێزی" Shield Law ناسراوە. ئێستا 25 ویلایەتی ئەمەریکا "یاساکانی پارێزی" یان هەیە کە تیایاندا جیاوازی هەیە لە پاراستنیان بۆ نهێنیی سەرچاوەکانی رۆژنامەنووس لەپارێزگاریکردنی سنوردار تاوەکو پارێزگاریکردنی تا رادەی رەها.[2]

لەگەڵ ئەوەدا یاسای لێکچوو هەن بۆ پاراستنی نهێنی سەرچاوە رۆژنامەنووسییەکان وەك یاسای ئەڵمانی کە لەساڵی 1926دا دەرچووە، لەگەڵ یاسای سویسریی ساڵی 1937، و یاسای فەڕەنسیی ساڵی 1944، و یاسای میسریش بەدەق لەبەندی 307ی دەستوردا بەمجۆرە ئەم مافە لەخۆدەگرێ "دەبێ رۆژنامەنووسی پەیڕەوی ئازادیو هەروەها سەربەخۆیی بکا لە پەیامەکەیدا بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگا بەناوەندە هەمەجۆرەکانی رادەربڕینەوە". هەروەها لەبەندی (11)ی دەستوری میسریدا هاتووە "رۆژنامەنووسان مافی گەیشتن بە هەواڵو زانیارییان هەیە، کە ئەوەیش بەگوێرەی ئەو بارودۆخەیە یاسا دەستنیشانیدەکا، و کەس فەرمانڕەوا نییە لەکارەکەیدا جگە لە یاسا، و ئەو ئاماژانەی لەناوەڕۆکی دەستوری میسریدا هاتوون، بواریاندا بەبەندی پێنجەم لەیاسای رۆژنامەنووسی ژمارە 148ی ساڵی 1980 کە بەدەق بەمجۆرە هاتووە: "رۆژنامەنووس مافی هەیە لەگەیشتن بە هەواڵو سەرچاوەو ئامارەکان لەسەرچاوەکانیانەوە، و مافی بڵاوکردنەوەیشیانی هەیە، و نابێ ناچاربکرێ بە درکاندنی سەرچاوەی زانیارییەکان؛ تەنها لەسنوری یاسادا نەبێ".[3]

ئەو رۆژنامەنووسانەی ئامادەنین وەك شایەت بچنە بەردەم دادگا پشت بەوە دەبەستن کە حەسانەی "یاسای عورفی " Common Law یاخود حەسانەی یەکەمین چاککاریی دەستوری ئەمەریکی ئەو مافەیان بۆ دەستەبەردەکا، و لەسەرەتای حەفتاکان (ی سەدەی بیستەم–و.ك)دا دادگاکانی ئەمەریکا پەنایان بردە بەر سزادانی ئەو رۆژنامەنووسانەی ئامادەنەبوون سەرچاوەی زانیارییەکانیان بدرکێنن. لەساڵی 1972یشدا کاتێ دادگای دەستوری باڵا تەماشای کێشەی ناسراو بە "Branzburg V. Hayes"ی دەکرد، دادگاکە داوای لەسێ رۆژنامەنووس کرد لەبەردەم دادگادا شایەتی بدەن، بەو پێیەی "وەك هەرکەسێکیتر دەبێ شانازی بکەن کە لەبەردەم دادگادا شایەتی دەدەن" و دادگاکە پاساوی ئەو رۆژنامەنووسانەی پەسەند نەکرد کەوا پشت دەبەستن بە پارێزگاریکردنی یەکەمین چاککاریی دەستور لەپاراستنی نهێنیی سەرچاوەکانیان، و سزادراوەکان لەدادگاکەدا سوێندیان خوارد سەبارەت بەوەی پەیوەندداره بە پارێزگاریکردنی "یاسای نەرێت" و پارێزگاریکردنی یەکەمین چاککاری دەستور بە نەدرکاندنی سەرچاوەکانی زانیاری لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە، و بڕیاری دادگا کۆتاییەکەی بەپەسەندنەکردنی پشت بەستنی رۆژنامەنووسەکان هات بە پارێزگاریکردنی یەکەمین چاککاریو گرنگیی شایەتیدانیان لەبەردەم دادگاکەدا.[4]

لەکێشەیەکی تردا "ولیام فار" William Farr,ی رۆژنامەنووسی ئەمەریکی لەرۆژنامەی "لۆس ئەنجلس تایمز" ئامادەنەبوو لەکاتی تەماشاکردنی یەکێ لەکێشەکانی تیرۆردا سەرچاوەکانی زانیارییەکانی بدرکێنێ، کە ئەوە بووە هۆی دەستگیرکردنی رۆژنامەنووسەکە بۆ ماوەیەك. هەمان شت لەکێشەیەکی تری هاوشێوەدا رووی‌دا، و دواتر هەندێ لەویلایەتەکانی ئەمەریکا هەستیان بەوە کرد دەستور پاراستنی تەواوی رۆژنامەنووسان دەستەبەرناکا، و پێویستییەکی زۆر هەیە بۆ دەرکردنی یاسایەك کە پارێزگاریکردنی رۆژنامەنووسان فەراهەم بکا، یان پشتگیری لەو

یاسایانه بکا که بەفیعلی هەن بۆ فەراهەمکردنی ئەو پارێزگاریکردنە. لەساڵی 1980دا یاساکانی پاراستنی نهێنیی سەرچاوەکانی ڕۆژنامەنووسان لەبیست ویلایەتی ئەمەریکادا بڵاوبوونەوە.(5)

سەرباری ئەوە ڕۆژنامەنووسان ڕووبەڕووی ڕێوشوێنی دادوەریی دەبنەوە کە هەر دەبێ بەدوای بکەون لەکاتێکدا دادگاکە داوا لە ڕۆژنامەنووسەکە دەکا نهێنیی سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرابکا، و لەمبارەیەوە دادگاکان بڕیاریانداوە بەرێگانەدان بە لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسان تاوەکو پێشوەخت فەرمانی قەزاییان لەبارەوە بۆ دەرنەچێ. هێزی یاساکانی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان هەرەنیێبێ، ئەوەبەرناگریێ لەدادوەر لەداواکردنی ڕۆژنامەنووس لەهەر کاتێکدا بیەوێ ئامادەنەبێ لەبەردەم دادگادا بۆ شایەتیدان، بەڵام دەشێ بەر لە سزای قەزا بەماوەیەك بەدەستگیرکراوی بهێڵرێتەوە تا ئەوکاتەی فەرمانەکە لەبەرژەوەندیی دەردەچێ.(6)



بەدرێژایی ماوەی ساڵی 1970 تاوەکو ساڵی 1972 ڕۆژنامەنووسانی تۆڕی CBSو NBC زیاتر لە 120 سکاڵایان لەکێشەی جیاجیادا ئاڕاستەکرا بۆ شایەتیدان لەبەردەم دادگاکان، و هەندێ لەو نێردراوانە لەئەنجامی ئامادەنەبوونیان بەدرکاندنی سەرچاوەی زانیارییەکانیان خرانە زیندانەوە.(7)

لەساڵی 1985یشدا ڕۆژنامەنووسە ئەمەریکییەکان توانیان بڕیار لەبەرژەوەندییان لە 38 کێشەدا بۆ دەربکرێ کە تیایاندا پشتگیری لەحەسانە ڕۆژنامەنووسییەکەیان بکرێ، بەرانبەر بە دۆڕاندنی تەنها هەشت کێشە.(8)

بەخشینی حەسانە لە دادگاکان بە ڕۆژنامەنووسان، بووە ئەوەی سێ پرسیاری لێبکەوێتەوە، ئەوانیش:

1–کێیە ئەوەی کە ئەو حەسانەیەی پێ ڕەوادەبینرێ؟و ئەوەیش پەیوەندداره بەدەستنیشانکردنی ڕۆژنامەنووس کێیە؟

2–ئەو شتە چییە کە دەبێ بپارێزرێ؟ حەسانەی بڵاو (شائع) ڕێگادەدا بە ڕۆژنامەنووسان بەئاشکرانەکردنی نهێنیی سەرچاوەکانیان، بەڵام ئایا ئەو حەسانەیە درێژدەبێتەوە تاوەکو پاراستنی نهێنیی زانیارییەکان بگرێتەوە؟

3–سنوورەکانی ئەم حەسانەیە چین؟ لەسیاقی ئاساییدا دەشێ ئەم حەسانەیە لەڕووبەڕووبوونەوەی داوای شایەتیدان لەبەردەم دادگادا بەکاربهێنرێ، و ئەمەیش باوە کە پرسیاری ڕۆژنامەنووسەکە دەشێ بکرێ بۆ شایەتیدانی بەو پێودانگەی زانیاری هەیە سەبارەت بە بابەتی تاوانەکە یان ڕووداوە مەدەنییەکە، بەڵام لەهەندێ باری تری وەك کێشەکانی ناوزڕاندندا دەشێ ڕۆژنامەنووسەکە ببێتە تاوانبار، نەوەك بەتەنها شایەت.

## مافی پەیڕەوکردنی کاری ڕۆژنامەنووسی:

سێ شێواز بۆ مافی پەیڕەوکردنی کاری ڕۆژنامەنووسی هەن، و یەکەمیان پابەندە بە پێدانی ئەو پەیڕەویکردنە بۆ هەر هاووڵاتییەك بەبێ کۆتوبەندی پێشوەخت، ئەوە ئەو شێوازەیە کە دەبێتە هۆی تەشەنەسەندنی سیستەمی ڕۆژنامەنووسیی ئازاد. بەڵام شێوازی دووەمیان پابەندە بە بەستنەوەی مافی پەیڕەوکردنی کاری ڕۆژنامەنووسی بە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی پێشوەخت لەدەسەڵاتەوە. سێیەمین شێوازیش پابەندە بە بەستنەوەی مافی پەیڕەوکردنی کاری ڕۆژنامەنووسی بە پێویستیی کۆتوبەندی پێشوەخت بە خشتەی ئەوانەی کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەن، و ئەم خشتانەیش کۆنترۆڵ دەکرێن، و هەردوو شێوازی دووەمو سێیەم لە هەریەکە لە سیستەمی ڕۆژنامەنووسی دەسەڵاتخوازیو کۆمۆنیستیدا دەبینرێن.

لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی سیستەمە ڕۆژنامەنووسییەکان لە شانزە دەوڵەتی عەرەبیدا کە فاروق ئەبوزەید (1986) ئامادەیکردووە، ئەوە ئاشکرا دەکا لەشەش سیستەمی ڕۆژنامەنووسیی عەرەبیدا مافی پەیڕەوکردنی کاری

www.pertwk.com

رۆژنامەنووسی بۆ سەرجەمی هاوولاتیان بەبێ کۆتوبەندی پێشوەخت هەیە، کە ئەوانیش: میسر، سودان، سعودیە، لوبنان، تونس، و مەغریبن. نۆ سیستمی رۆژنامەنووسی عەرەبیش هەن مەرج دادەنێن بۆ ئەوانەی دەیانەوێ پەیرەوی کاری رۆژنامەنووسی بکەن و پێویستە رەزامەندیی حکومەت لەمبارەیەوە وەربگرن، و ئەو سیستمانەیش لەکوەیت، بەحرێن، قەتەر، شانشینی عوممان، عیراق، سوریا، یەمەن، لیبیا، و جەزائیرن. یەك سیستمی رۆژنامەنووسی عەرەبیش هەیە کە شێوازی کۆتوبەندی پێشوەخت پیادە دەکا، کە ئەوەیش رژێمی حوکمڕانە لەدەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، کە بە دەق لەبەندی (29)ی یاسای چاپەمەنیی میرنشینەکاندا بەمجۆرە هاتووە: "لەسەر خاوەنی رۆژنامەو سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕیی دامەزراوە رۆژنامەنووسی و ئاژانسەکانی هەواڵە نابێ لەکارە رۆژنامەنووسییەکانداو بەسیفەتی هەمیشەیی یان کاتی رۆژنامەنووسان یان نووسەران دابمەزرێنن تاوەکو لەفەرمانگەی پرسگەی وەزارەت (مەبەست وەزارەتی راگەیاندنە–و.ك) تۆمارنەکرێن". [9]

یاسای دەسەڵاتی رۆژنامەنووسی لەمیسر حەسانەی رۆژنامەنووسی لەرێی ئەم بەندانەوە پەسەندکردووە:

بەندی (3) رۆژنامەنووسان سەربەخۆن، جگە لە یاسا کەس فەرمانیان بەسەردا ناکا.

بەندی (4) نابێ ئەو بۆچوونەی کە لەرۆژنامەنووسەوە دەردەچێ یان ئەو زانیارییە راستانەی بڵاویاندەکاتەوە هۆی لێدانی ئاسایش بێ.

بەندی (5) رۆژنامەنووس مافی هەیە لە سەرچاوەکانییەوە هەواڵ و زانیاری و ئاماری دەست بکەوێ، و مافی بڵاوکردنەوەیشیانی هەیە، و نابێ ناچاربکرێ بە درکاندنی سەرچاوەی زانیارییەکانی، و هەموو ئەوانە لەسنوری یاسادا دەکرێن.



سەرباری ئەو حەسانەیە کە یاسای دەسەڵاتی رۆژنامەنووسی لەمیسر بۆ رۆژنامەنووسانی فەراهەم دەکا، کەچی بەندی (18)ی هەمان یاسا هەندێ دەستە بێ بەش دەکا لەمافی پەیڕەوکردنی رۆژنامەنووسی، کە ئەوەیش بەمجۆرەیە:

بەندی (18) ئەم دەستانەی خوارەوە بۆیان نییە رۆژنامە دەربکەن یان بەشداری لەدەرکردنیدا بکەن یاخود بەجۆرێ لەجۆرەکان ببنە خاوەنی:

1–ئەوانەی رێگایان پێنادرێ لە پەیڕەویکردنی مافە سیاسییەکان.

2–ئەوانەی رێگایان پێنادرێ بە پێکهێنانی پارتی سیاسی یان بەشداریکردن تێیدا.

3–ئەوانەی بانگەشەی ئەو پرەنسیپانە دەکەن کە هەڵگری نکوڵیکردنن لە شەریعەو ئایینە ئاسمانییەکان.

4–ئەوانەی لەدادگای بەهادا حوکمیان بەسەردا دراوە*. [10]

* ئەگەر ئەو قەدەغەکراوانەیش نەبێ کە یاسای چاپەمەنیی میسری دەستنیشانیکردوون، هێشتا ناکرێ بوترێ یاسای چاپەمەنیی میسری حەسانەی رۆژنامەنووسی فەراهەمکردووە (هەروەك ئەم لێکۆڵیارە میسرییە بانگەشەی بۆ دەکا) لەبەرئەوەی –هەروەك پێشتر خرایەروو– سەرجەمی ئەو حەسانەیەی یاسای چاپەمەنیی میسری بۆ رۆژنامەنووسانی ناو میسری فەراهەم دەکا، بەستراونەتەوە بە یاساوە، کە یاسای چاپەمەنیی ئەو وڵاتەیش وەك هەریەکە لە دەوڵەتەکانی تری عەرەب وایەو جیاوازییەکانیان لەدەستەواژەو زاراوەدایەو تیایاندا ئازادیی رۆژنامەنووسی فەراهەم نابێ هەروەك چۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بوونی هەیەو فەراهەم دەبێ، و ئەم لێکۆڵیارەیش لەبەراوردکردنەکانیدا بۆ ئەمەریکا و میسر جەختی لەسەر دەکاتەوە.. بۆیە ناکرێ کاتێ حەسانەی رۆژنامەنووسی بەیاسای دەوڵەتێکی داخراوو شمولییەوە دەبەسترێتەوە، بڵێین ئەوا حەسانەی رۆژنامەنووسی بوونی هەیە" کە ئەوە جگە لە نوکتەیەکی بێ تام چیتر نییە. و.ك

www.pertwk.com

لەبڕگەی (9)ی بەندی (2)ی سیستمی چاپخانەو چاپکراوەکانی دەوڵەتی عەرەبستانی سعودیو سەبارەت بە ناساندنی ڕۆژنامەنووس بەمجۆرە هاتووە: "ڕۆژنامەنووس.. هەموو ئەوانەن کە ڕۆژنامەنووسیان کردووە بەپیشەو پەیڕەویدەکەن بۆ ئەوەی ببنە پیشمەند یان رادەی پیشمەندبوون. کاری ڕۆژنامەنووسیش ئەمانە دەگرێتەوە: نووسین لەڕۆژنامەو دەرهێنانیو راستکردنەوەی بابەتەکانیو پێدانی هەواڵو ریپۆرتاجو وتارو وێنە". لەبەندی (25)ی هەمان یاسادا بەمجۆرە هاتووە: "هەموو کەسێ ئەو مافەی هەیە لەکردنی کاری ڕۆژنامەنووسی بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم سیستمو لائیحەی جێبەجێکردنە".[11]

هەروەها بەدەق لەیاسای راگەیاندنی جەزائیریدا بەمجۆرە هاتووە: بەندی (45) ڕۆژنامەنووسی پیشمەند مافو ئازادیی رەهای هەیە بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی هەواڵ لەچوارچێوەی ئەو دەسەلاتەی کە یاسا ڕێیپێداوە*.

بەندی (48) نهێنیی پیشە مافو ئەرکێکی دان پیانراوە بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی حوکمەکانی ئەم یاسایەیان بەسەردا جێبەجێدەبێ.

---

* ئەمڕۆیشی لەگەڵدا بێ لە دەوڵەتە عەرەبییەکاندا شتێ بەدینەکرێ ناوی ئازادیی ڕۆژنامەنووسیبێ. لێرەدا ئەم بەندەی یاسای راگەیاندنی جەزائیر قسە لەئازادیی رەها دەکا، بەلام بەگوێرەی ئەو دەسەلاتەی یاسای ئەو وڵاتە ڕێیپێدەدا. ئەمە جگە لەنوکتەیەکی تری بێتام چیتر نییە، دەبێ چ یاسایەك بێ لەو وڵاتەدا کاری پێبکرێ، بۆیە مەسەلەی بەگوێرەی یاسا هەمیشە لەدەوڵەتە عەرەبییەکانو کۆمەڵگا پەرەستێنەکاندا فێڵێکە بۆ کۆتوبەندکردنی ڕۆژنامەنووسی.. وڵاتی جەزائیر کە ڕۆژی 2004/4/9 سەرۆکەکەی "عەبدولعەزیز بۆتەفلیقە"ی ئەندازیاری ڕێکەوتننامەی شومی جەزائیر کە کوردی تووشی نەکسە کرد، لەو ڕۆژەداو بەهۆی تەزویرکردنەوە –هەروەك چۆن هەندێ ناوەندی راگەیاندن ئاماژەیان بۆیکرد– 83٪ی دەنگەکانی دەنگدەرانی ئەو وڵاتەی بۆ سەرۆکایەتیکردنی خولێکی تریلەو وڵاتەدا مسۆگەرکرد! ئەمە چ یاسایەکە لەو وڵاتەدا پەیڕەودەکرێ، تاوەکو ڕۆژنامەنووسی یان ناوەندەکانی راگەیاندن ئازادیی رەهایان هەبێ؟!

و.ك

لەیاسای راگەیاندنی جەزائیریدا تێبینی ئەوە دەکرێ بەندی (49)ی بێبەشە لەحەسانەی ڕۆژنامەنووسی هەروەك چۆن لەبەندی (48)دا پەسەندکراوە سەبارەت بە پاراستنی نهێنیی سەرچاوەکان، کە ئەوەیش بەمجۆرەیە:

بەندی (49) ئەو پرەنسیپەی بەدەق لەبەندی (48)دا هاتووە، بەرانبەر بە ئەو دەسەلاتەی یاسا شایستەیدەکا، لەم حاڵەتانەدا کاری پێناکرێ:

–لەبواری نهێنیی سەربازیدا بەوجۆرەی یاسای کارپێکراو دەستنیشانیدەکا.

–لەبواری نهێنیی ئابوریی ستراتیجیدا.

–کاتێ راگەیاندن لەئاسایشی دەوڵەت دەدا.*

–کاتێ راگەیاندن لەمناڵ یان هەرزەکاران دەدا.

–کاتێ مەسەلەکە پەیوەنددابێ بە لێکۆڵینەوەی دادوەرییەوە.[12]

## سنورەکانی پەیڕەوکردنی حەسانەی ڕۆژنامەنووسی:

کاری نێردراوێکی ڕۆژنامەنووسی باش ماندوبوونێکی گەورە دەخوازێ بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرچاوە هەواڵییەکاندا، و گریمانەی

---

* ئاسایشی دەوڵەت" دەستەواژەیەکی هێندە لاستیکییە دەسەلات دەتوانێ بەهۆیەوە بەتەواوی ڕۆژنامەنووسی کۆتوبەند بکا" بەپاساوی ئەوەی لێدانە لەئاسایشی نەتەوەیی یان ئاسایشی دەوڵەت.. هەمان شت لەناو یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا دەستەواژەی وای تیایە کە لاستیکینو ڕۆژنامەنووسی کوردی پێ کۆتوبەند دەکرێت.. لەمبارەیەوە خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ: مەم بورهان قانع، ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لەیاسایی چایەمەنیی هەرێمی.. ، هەمان سەرچاوەکەی پێشوو.

وەرگێڕی کوردی

www.pertwk.com

ئەوە دەکرێ رۆژنامەنووس بەروونی سەرچاوەی هەواڵەکانی بۆ سەرجەمی خەڵکی ئاشکرا بکا، بەڵام هەندێ جار درکاندنی سەرچاوەکانی هەواڵ لەلایەن نێردراوەکەوە دەبێتە هۆی کەوتنەوەی چەند زیانێ بۆ ئەو سەرچاوە، یان وای لێدەکا وردە وردە لەقسەکردن بکشێتەوە؛ و بەوەیش چەند شێوازێ دەگرێتە بەر کە خزمەتکردنی جەماوەر فەراهەمدەکا، و لەهەمان کاتدا لەبارەی پاراستنی نهێنیی سەرچاوەکانەوە "کلبرتسۆن" Culbertson, رای وایە نەدرکاندنی سەرچاوەکانی زانیاری بەشوێنی دڵنیایی (صمام أمان)ی پەیڕەوکردنی دیموکراسی دادەنرێ، بەڵام پاساویش هەیە بۆ نێردراوی رۆژنامەنووسی تەمبەڵ یان خەمسارد بۆ دابینکردنی وردبینی و راستگۆیی".[13]

لەزۆر حاڵەتدا رۆژنامەنووس لەبارودۆخی سەختدا کاردەکا، و لەوانە سەختیی دڵنیابوونەوە لەراستگۆیی ئەو هەواڵەی پێشکەشی دەکا، و ئەوەیش بەهۆی ئارەزوونەکردنی بەرپرسە حکومییەکان لەهاوکاریکردنی رۆژنامەنووسان بۆ ئاشکراکردنی راستییەکان، هەروەك چۆن هەندێ لەهاوولاتیان دەترسن بەپێدانی زانیاری وەك ترسێ لەسزای جەستەیی یان مەعنەوی، و هەندێ جار بارودۆخەکە بەسەر رۆژنامەنووسدا دەیسەپێنێ کە ناکۆك بێ بەسەرچاوەکە، و هەندێ جاری تریش هاوکاری بێ، و هەندێ جاریش پەیوەندییەکی دۆستانە دەبێ لەنێوان رۆژنامەنووس و هەندێ سەرچاوەی گرنگدا، کە دەبێتە هۆی هەندێ جار داشکاندنەوەی رۆژنامەنووسەکە بەلای بەرژەوەندیی ئەو سەرچاوەیەدا کە پەیوەندیی پتەوی لەگەڵیدا دروستکردووە، و هەروەها کێشەی تریش هەن کە پەیوەندندارن بە پابەندبوون بەکات، و سیاسەتی نووسینی ناوەندی راگەیاندنەوە.[14]

بەشێوەیەکی گشتی نێردراوەکان هاوڕان سەبارەت بەوەی باشترین هۆکار بۆ راستگۆیی زانیارییەکان لەرێی پشت بەستن بە بەڵگەنامەو بڵاوکراوە رەسمییەکانەوە دەکرێ، لەگەڵ ئەنجامدانی چەند چاوپێکەوتنێ لەگەڵ ئەو کەسانەی راستەوخۆ پەیوەندییان بەو هەواڵەوە هەیە، بەجۆرێ ئەو راستیانەی نێردراوەکە دەیانخاتەروو پشت بەستن یان بەبەڵگەنامە رەسمییەکان یاخود دەنگی تۆمارکراوی خەڵکی راستەقینە، و ئەوەیش سودمەنددەبێ بۆ ئەو نێردراوانەی بەدوای وردبینی و راستگۆییدا دەکەون و هەروەها دوورخستنەوەی کەوتنە ژێر هێزی یاسا.[15]

هەندێ پەیڕەوکردنی تر هەن کە رۆژنامەنووسان بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵی بەکاریان دەهێنێ، لەو شێوازانەیش "ئەو زانیارییە بۆ بڵاوکردنەوە ناشێ– off-the-Record" ئەوە مانای ئەو زانیارییانەیە کە نێردراوی رۆژنامەنووسی بەگوێرەی پەیوەندییە بەتینەکەی لەگەڵ سەرچاوەکەی، کە زۆربەی جار لەنێوانیاندا هەیە، لەسەرچاوەکەوە وەریدەگرێ، و رۆژنامەنووسەکە دەتوانێ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم زانیارییانە بەکاربهێنێ، لەرێی وەرگرتن و پشکنین سەبارەت بە جددیەت و راستگۆییەکەی، و رۆژنامەنووسەکە ئەوەیش دەتوانێ بۆ دڵنیابوونەوە لەو زانیارییانە لەسەرچاوەکەی تری وەربگرێ و نەترسێ لەئاشکراکردنی، و لەسەرجەمی حاڵەتەکاندا رۆژنامەنووسەکە رێزی ئارەزووی سەرچاوەکە دەگرێ کە زانیارییەکانی دەداتێ و داوادەکا بڵاوینەکاتەوە، یان ئەو زانیارییانە بڵاوبکاتەوە بێ ئەوەی بڵێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوەیە، و ئەمەیش شێوازی دووەم Background Briefingی پێدەوترێ و لەم حاڵەتەدا نێردراوەکە دەتوانێ زانیارییەکە بڵاوبکاتەوە بەبێ ئەوەی راستەوخۆ ناوی سەرچاوەکە بهێنێ، و دەستەواژەی وەك "سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو باسیکرد" بەکاربهێنێ یاخود "قسەبێژێکی حکومیی بەرپرسیار". جۆری ئەم زانیارییانە –زۆربەی جار– بەستراون بە بەرپرسانی حکومییەوە کە دەسەلاتی بەخشینی هەندێ زانیارییان هەیە بە رۆژنامەنووسان کە لەداهاتوودا زانیارییەکان بەکاردەهێنرێن، و پێویستە لەسەر نێردراوی رۆژنامەنووسی بەئاگابێ لەخراپ بەکارهێنانی ئەم جۆرە زانیارییانە.

www.pertwk.com

شێوازی تر هەن لەتێپەڕینی زانیاری بۆ ڕۆژنامەنووسان کە پشت دەبەستێ بە "دزەکردن" Leaksی ئەو زانیارییانە بۆ ئەوەی بگەنە سەرجەمی خەڵکی، و -زۆربەی جار- ئەو هەواڵانە وا دەرناکەون کە پێکهاتێکی نهێنییان هەیە، و ڕۆژنامەنووسەکە بەپاڵپشتیی ڕاستگۆیی هەواڵەکە هەڵدەستێ بە هەڵسەنگاندنی ئەو زانیارییانە، و پێویستە ڕۆژنامەنووسەکە دڵنیابێتەوە لە وردی (ڕاستگۆیی-و.ك)ی زانیارییەکانو ئامانج لەدزەپێکردنیان، و هەندێ جار ئەو سەرچاوەیەی هەڵدەستێ بە دزەپێکردنی زانیارییەکان خوازیاری بەجێهێنانی فریودانی کەسییە، و هەندێ جاری تریش پاڵنەرێك لەلای سەرچاوەکە هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی بارودۆخە هەڵەکان، یان بەڵگەنامەی هەیە بۆ بوونی بەدرەفتاری لەیەکێ لەبوارەکاندا، و ئەو ئازایەتییە تەواوەی نییە تا ئەوە ڕابگەیەنێ، و دواتر هەڵدەستێ بە دزەپێکردنی ئەو زانیارییانە بۆ یەکێ لەڕۆژنامەنووسان تا بڵاویانبکاتەوە بەبێ ئاماژەکردن بەسەرچاوەکە بەرژەوەندیی گشتی بەجێبهێنرێ.

هەندێ جاریش چەند بەرپرسێکی حکومی هەڵدەستن بەبەکارهێنانی شێوازی "باڵۆنەکانی تاقیکردنەوە"Trial Balloons، و ئەوەیش مانای لێدوانێکە کە بەرپرسێکی ڕەسمی بەئامانجی تێگەیشتن لەهەڵوێستی ڕایگشتی دەیدا؛ لەبارەی کارێکەوە کە حکومەت خۆی بۆ ئامادە دەکا بۆ جێبەجێکردنی وەك زیادبوونی ڕێژەی باج، یاخود زیادبوونی نرخەکانی هەندێ لەکەلوپەلو خزمەتگوزارییەکان، ئامانج لەم شێوازەیش هەوڵدانە بۆ تاقیکردنەوەی کاردانەوەی جەماوەر بەر لە خستنەڕووی پرۆژەکە بەرەسمی، بڵاوکردنەوەکە لەسەر ئەو بنەمایە دەبێ کە ئەو بیرۆکەیە لەژێر لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردندایە، و لەحاڵەتی پەسەندنەکردنی لەلایەن جەماوەرەوە بۆ ئەو بیرۆکەیە پرۆژەکە ڕادەکێشرێتەوەو بەرەسمی ڕاناگەیەندرێ، بەڵکو یەکێ دەردەکەوێ کە بەرەسمی لێدوان سەبارەت بە ئەو بیرۆکەیە دەداو لۆمەی دەکاو هەروەها ڕەخنەی لێدەگرێ. هەروەها ئەگەر کاردانەوەکە لەلایەن جەماوەرەوە ئیجابیبێ بەرپرسەکان پەلەدەکەن لە خستنەڕوی بیرۆکەکە بەرەسمی لەسەر ئاستی جەماوەریی.[16]

پەیڕەوکردنی ڕۆژنامەنووسی ملکەچی ئەوە دەبێ کە پەیوەندداره بە پاراستنی نهێنیی سەرچاوەکانی یاساو نەریتی ڕۆژنامەنووسی کە لەکۆمەڵگا هەمەجۆرەکاندا جێبەجێدەکرێ، و بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگا دیموکراسییەکان مەیلیان بەلای ئەوەدایە کۆتوبەند بۆ سەر پەیڕەوکردنی ڕۆژنامەنووسی دانەنرێ، و هێزی حەسانەی ڕۆژنامەنووسیش لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر لە جێگۆڕکێدایە، تەنانەت لەناو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایشدا جێبەجێکردنی حەسانەی ڕۆژنامەنووسی لەویلایەتێکەوە بۆ ویلایەتێکی تر دەگۆڕدرێ، و دەکرێ ڕۆژنامەنووس ڕووبەڕووی سزای زیندانیکردن ببێتەوە ئەگەر حەسانەی بەسەر حاڵەتێکی دیاریکراودا جێبەجێ نەبێ، بۆ نمونە لەمانگی تەمموزی 1984دا "ڕیچارد هارگراف" Richard Hargraves,ی نووسەری ڕۆژنامەنووسیی ئەمەریکی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ خرایە زیندانەوە، دوای ئەوەی ئامادەنەبوو لەبەردەم دادوەردا سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرابکا، و ئەوە وای لەدادوەرەکە کرد ڕۆژنامەنووسەکە بە ناوزڕاندن تۆمەتباربکاو بەفیعلیش توانی تۆمەتەکە لەدژی ڕۆژنامەنووسەکە بسەلمێنێ.[17]

یاساکانی کۆمەڵگا عەرەبییەکان دەستنیشانی ئەوە دەکەن کامە ڕێپێدراوە، و کامەیش لەپەیڕەویکردنی ڕۆژنامەنووسیدا ڕێگاپێنەدراوە، و بنەماکەیش ئەوەیە یاسا چاپەمەنییەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکان بەڕوونی ڕێگاپێنەدراوەکان دیاریدەکەن، و بێئەوانەیش بەجێدێڵێ بۆ پەیڕەوکردنی ڕۆژنامەنووسی.

لێکۆڵینەوەکەی پێشووی فاروق ئەبوزەید (1986) ئەوە دیاریدەکا شەش دەوڵەتی عەرەبی ڕێگا دەدەن بە ڕۆژنامەنووسان ڕەخنە لەرژێمی فەرمانڕەوا بگرن ئەوانیش: میسر، سۆدان، کوەیت، لوبنان، تونس، و مەغریبن. هەروەها

www.pertwk.com

ده دەوڵەت (ی عەرەب–و.ك)یش هەن ڕێگا دەدەن بە ڕۆژنامەنووسان ڕەخنە لەڕژێمی فەرمانڕەوا بگرن ئەوانیش: دەوڵەتی عەرەبستانی سعودی، بەحرێن، قەتەر، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، شانشینی عوممان، عیراق، سوریا، یەمەنی باشور (بەر لەیەکبوون)، لیبیا و جەزائیر. ئەو ڕێگاپێنەدراوانە ئەوانە لەخۆدەگرن کە دژی ئاسایشی دەوڵەت و سیستمە گشتییەکەین، یان بانگەشە بۆ پرەنسیپی ڕوخێنەر دەکەن، یان بەخراپ ڕووبەڕووبوونەوەی دراوی نیشتمانی و وروژاندنی بیروبۆچوونەکان سەبارەت بە باری ئابوری، و هەروەها ڕێگانەدان بە تانوتدان لەکاروباری فەرمانبەری گشتی، یان هەر کەسێ واتا سیفەتێکی نوێنەرایەتیکردنی هەبێ، یاخود ڕاسپێردراوبێ بۆ خزمەتی گشتی.[18]

## ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی:



ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لەبارەی خراپی بەرپرسە ڕەسمییەکانەوە دەنوسن دەچنە "کێڵگەی مین" Mineۏieldی یاسایی و ئەخلاقییەوە، لەتشرینی یەکەمی ساڵی 1972دا "ئابڕوبەرییەکەی وۆتەرگێت" Watergate Scandel لەڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست"و لەرێی دوو ڕۆژنامەنووسی هاوچەرخەوە کە "کارل برنستاین" Carl Bernstein, و "بۆب وۆدوارد" Bob Woodward بوون تەقییەوە، و کاتێ بۆ نێردراوان و نووسەرانی تاوتوێکردنی ڕاستییەکان IRE دوا باسی لەوە کرد ئەوەی کە لەگەڵ هاوکارەکەیدا پێیهەستاوە تەنها جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی پیشەی ڕۆژنامەنووسییە، لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو زانیارییە سەرەکییانەی لەلایانە، و

هەروەها ڕاپۆرتە باوەڕپێکراوەکانی پۆلیس کە یارمەتیدەربوون بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکەیان، و ئەم دوو ڕۆژنامەنووسە سەرچاوەی گەورەیشیان لەکۆشکی سپی نەبوو، و هەروەها لەگەورە ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەکەیش نەبوون، بەڵکو لەچەندین دەرگایان داوە، و لەگەڵ ئەوانەیشدا قسەیان کردووە کە لەسکرتاریەتدا کاردەکەن، و هەروەها فەرمانبەرە بچوك، و شۆفێرەکانیش، و توانیویانە پلە پلە بەچیاکەدا سەربکەون، و هەموو ئەو ڕاستییانە کۆبکەنەوە کە پاڵپشتن بە بەڵگەنامە بەرلەوەی ئەو چیرۆکە هەواڵییە بڵاوبکەنەوە. هەروەها بەبێ پەنابردنە بەر سەرچاوەی زانیاری کە سووربێ لەسەر شاردنەوەی شوناسی، زۆر سەخت بوو ڕاستییەکان ئاشکرابکرێن کە دوای ئەوە بوونە هۆی ڕوخاندنی "ریچارد نیکسۆن"ی سەرۆکی ئەمەریکا و بەدەستهێنانی خەڵاتی پۆلیتزەر Pulizerی ساڵی 1973 لەلایەن هەردوو ڕۆژنامەنووسەکەوە.[19]

سەرباری ئەو سەرکەوتنە پیشەییەی "برنستاین"و "وۆدوارد" لەئاشکراکردنی ئابڕوبەریی "وۆتەرگێت"دا، ئەوان چەندین ڕێوشوێنی نائەخلاقییان گرتووەتە بەر لەپێناو بەجێهێنانی ئەو ئەنجامە نایابەدا، لەو ڕێوشوێنە نا ئەخلاقییانەیش ئاشکراکردنی نهێنیی یەکێ لەسەرچاوەکانە بۆ سەرۆکە ڕاستەوخۆکەی لەپێناو دڵنیابوونەوە لە وردبینیی زانیارییەکان، و گەڕان بەدوای زانیاری لەسوێندخۆراندا، کە ئەوە بەگوێرەی یاسا ڕێگاپێنەدراوە، و هەروەها بەکارهێنانی چەندین شێوازی فێڵبازانە بۆ دوورخستنەوەی ناسینیان یاخود دەستگیرکردنیان، واتا ئەوان شێوازی نا ئەخلاقییان گرتووەتە بەر بۆ بەجێهێنانی ئامانجێکی ئەخلاقی.[20]

لەساڵی 1981دا هەمان ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" ناچاربوو خەڵاتی "پۆلیتزەر" بگەڕێنێتەوە کاتێ ڕۆژنامەکە ئاشکرای‌کرد یەکێ لە ڕۆژنامەنووسە کچەکانی هەستاوە بە دروستکردنی چیرۆکێکی ڕۆژنامەنووسی لەبارەی منداڵێکی بچوکەوە کە لەلایەن دایکی و هاوڕێیەکییەوە سرنجی سڕکەر

www.pertwk.com

"هیرۆین"ی لێدەدرێ. لەکاتێکیشدا پۆلیسی واشنتۆن دەستیکردووە بەگەڕان بەدوای ئەو منداڵەدا بۆ ئەوەی لەمردن رزگاریبکا؛ لێکۆڵەرەوەیەك ئامادەنەبووە هیچ زانیارییەك بداتە نوێنەری رۆژنامەکە کە یارمەتیدەربێ بۆ دۆزینەوەی منداڵەکە، و دوای ئەوەی کچە رۆژنامەنووسەکە خەڵاتی "پۆلیتزەر"ی بەدەستهێنا، رۆژنامەکە ئەوەی ئاشکراکرد کچەکە هەڵخەڵەتێنەر بووەو چیرۆکێکی تر (ی دروستکراو–و.ك)ی خستووەتە روو.

ئەوە یەکەمین جار نییە تیایدا سەرنووسەرانی رۆژنامەکانی ئەمەریکا فریودەدرێن، بەڵکو پێشترو لەگەڵ چەندین رۆژنامەی تردا ئەمە روویداوە لەوانە: "نیویۆرك تایمز"و "نیویۆرك دەیلی نیوز"و گۆڤاری "زەنیو یۆرکەر" کە پێشتر ئەو رۆژنامانە بابەتی هەواڵییان خستووەتە روو، و دواتر دەرکەوتووە دووربوون لەواقیعەوە، سەرچاوەکانی ئەو چیرۆکانە بەهیچ جۆرێ بوونیان نەبووە.

هەروەها چەندین سەرنووسەری رۆژنامە بوونەتە قوربانیی ئەو جۆرە فریودانە Temptations، ئەوەیش لەرێی خستنەڕووی چیرۆکە هەواڵێکی باشتر، و بەجێهێنانی ناوبانگێکی فراوانتر، و هەروەها کامڵبوونی سەبقی رۆژنامەنووسی. ئەو رۆژنامەنووسانە بەگوێرەی ئەو قسە گاڵتەجاڕییە کاردەکەن "رێگامەدە راستییەکان بوەستن لەپێناو هێنانەدیی چیرۆکە هەواڵێکی باشدا"؛ بەوجۆرە رۆژنامەنووسە پیشەمەندەکان، هەروەها دادگاکانیش وا تەماشای ئەو چیرۆکە هەواڵانە دەکەن کە لەسەرچاوەی نەزانراوەوە وەردەگیرێن وەك لەگاڵتەو قەشمەریکردن.

لەبەرئەوە رێکخستنی ئاژانسەکانی هەواڵ پێویستیان بەوریایی هەیە لەبەکارهێنانی بابەتی هەواڵییەکان لەو سەرچاوانەوە کە ئارەزوونا کرێ شوناسیان ئاشکرابکرێن. هەندێ لەسەرنووسەران رێگادەدەن بە بەکارهێنانی سەرچاوەی نادیار لەحاڵەتێکدا کە ئەو زانیارییانەی ئەو سەرچاوانە دەیانخەنەڕوو خزمەتی ئامانجێکی گشتی بکەن و هەروەها لەبەرژەوەندیی نەتەوەییدابن، و زەحمەت بێ بەرێگایەکی تر ئەو زانیارییانە دەستبکەون.

پیشمەندەکان ئەوە دەزانن ئەو سەرچاوانەی سووردەبن لەسەر شاردنەوەی شوناسیان لەراستیدا پاڵنەرێکی بەهێزیان نییە بۆ خزمەتکردنی خەڵکی، بەڵکو چەندین سەرچاوە هەن خوازیاری هێنانەدیی بەرژەوەندیی شەخسین لەدوای بڵاوکردنەوەکە ئیتر لەرێی خستنەڕووی زانیاریی راستەوەبێ یان زانیاریی هەڵە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: تا چ رادەیەك دەشێ رۆژنامەنووسان پشت بەسەرچاوەی نادیار Anonymous ببەستن کە ئارەزووی درکاندنی شوناسیان نەکەن؟ هەندێ لەرێکخراوە هەواڵییەکان نێردراوەکانیان ناچاردەکەن بەبەکارنەهێنانی سەرچاوەی نادیار تەنها لەو کاتانەدا نەبێ کە رەزامەندیی سەرنووسەری بۆ وەردەگیرێ، و زۆربەی جار ئەو رەزامەندییە هەڵگری هەستکردنە بە نەبوونی توانا بۆ گەیشتن بەو زانیارییانە بەرێگایەکی تر، و تەنانەت لەو حاڵەتەیشدا، ئەو زانیارییانەی کەلە سەرچاوە نهێنییەکانەوە بەدەست دەهێنرێن، دەبێ بەوردییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ و چاکتروایە بەکارنەهێنرێن تا ئەوکاتەی لەلایەن سەرچاوەی زانراوەوە پشت راست دەکرێنەوە.

دادگاکانی ئەمەریکا بەگشتی بۆ بەخشینی حەسانە بەرۆژنامەنووسان لەو کاتەدایە کە دەگاتە ئەو بڕوایەی هەردوو سەرچاوەو رۆژنامەنووسەکە گەیشتوونەتە رێککەوتنێکی روون کە پێویست دەکا نهێنی Confidentionlityبێ، و ئەگەر پشکنینەکانی رۆژنامەنووسەکە گەیشتنە بوونی بەرزرکردنەوەی بەڵگە بۆ بوونی گەندەڵی یان خراپە لەیەکێ لە کێشەکاندا، ئیتر لەسەرچاوەی نەزانراو یان زانراوەوەبێ، لێرەدا کێشەی ئەخلاقی و یاسایی لەبارەی بەپرسیارێتیی رۆژنامەنووسەکە زەقدەبنەوە. بۆ نمونە ئایا بەرپرسیارێتیی رۆژنامەنووسەکە لەکاتی تەنها بڵاوکردنەوەی ئەم

www.pertwk.com

چیرۆکەهەواڵەدا کۆتایی پیێدیێ؟ هەڵبەت وەڵامی پێشنیازکراو بە بەڵیێە: بەڵام چـی روودەدا کـاتیێ رۆژنامەنووسـەکە دەبێتـە تاکـە شـایەت بەسـەر یـەکیێ لەتاوانەکانـەوە؟ ئایا ئەرکەکـەی لـە بەتـەنها خسـتنەڕووی چیرۆکە هەوڵەکـەدا کۆتایی پیێدیێ بیێئەوەی نهێنیی سەرچاوەکە یان سەرچاوەکان ئاشکرابکا؟

پێویسـت بـەوە دەکـا رۆژنامەنووسـەکە زۆر بیربکاتـەوە لـەو کاتـەدا کـە سەرچـاوەکە پێیدەڵـیێ ئـەم زانیارییانـە بـۆ "بڵاوکردنـەوە نـین" off-the-Recordئـەوەیش مانـای وایـە سەرچـاوەکە نایـەویێ ئـەو زانیارییانـە بڵاوبکرێنەوە، بەڵکو پێشبینی ئەوە دەکا رۆژنامەنووسەکە ئەم زانیارییانە بۆ بەتـەنها راوێـژکردن‌و پشـکنین‌و وردبینیکردنـی زیـاتر بـەکاربهێنیێ، و هـەروەها دەشـیێ نمونـەی ئـەم زانیارییانـە وەك چوارچـێوەیەکی شـیکراوەیی یـان وەك زانیـاریی باکگراونـدیی یارمـەتی رۆژنامەنووسـەکە بـدەن بـۆ تێگەیشـتن لـە رەهەندی هەندیێ حاڵەتی ئاوێتەیی.

لەمبارەیـەوە دوورایـی نـاکۆك هـەن سـەبارەت بـە نهێنیـی سەرچـاوە رۆژنامەنووسییەکان، رای یەکـەم‌و دوانبێـژی ئەمـەریکی "جاك ئەندرسۆنس" Jack Andersons,ە، و ئـەم رایـە پشـت دەبەسـتیێ بـەوەی نـاودەبریێ بـە وێڵگەی سیاسی "المتاهة السياسية"Political Lobyrinth و مەبەست لێی هەڵبژاردنی ئەو سەرچاوانەیە کە دەشیێ زانیاریی حکومی بدرکێنن، و بەگشتی رۆژنامەنووسەکە ناتوانیێ بزانیێ چی لەناو حکومەتدا روودەدا بیێئەوەی پشت بەسەرچاوەی رەسمی ببەستیێ کە زانیاری پیێدەدا، و زۆربەی جار بەرپرسە رەسمییـــەکان شـــێوازی فرت‌وفێڵو هـــەلاتن لەپێـــدانی زانیارییـــەکان بـەکاردەهێنن، و هـەروەها زانینـی ئـەو سەرچـاوانەی دەشـیێ رۆژنامەنووسـەکە پـەنای بباتـە بـەر بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەو زانیارییانـەی بەلایـەنێکی گرنگـی لێهـاتویی پـەیڕەوکردنی رۆژنامەنووسـی دادەنـریێ، و ئـەو رۆژنامەنووسـانەی تەبـەنی ئـەم رایـە دەکـەن بەچـاکی دەزانـن هـەموو داواکـانی بڵاونەکردنـەوە بەرێژەیـەك لـەگومان بـڕوانن، و هـەروەها ئـەوەیش بەچـاك دەزانـن لـەرێی سەرچاوەی ترەوە کە خۆی ئاشکرابکا هەمان زانیارییان دەستبکەویێ.

بەپێچەوانەی ئەوەوە، خاوەنی رایەکەی‌تر پێیانوایە سەرچاوە نهێنییـەکان گـرنگن، لەبەرئـەوەی زۆر بەئاسـانی یارمـەتی رۆژنامـەنووس‌و ناوەنـدەکانی راگەیانـدن دەدەن بـۆ ئاشـکراکردن‌و خسـتنەڕووی گەنـدەڵی، و خراپـی، و ئـەو سیاسەتە هەڵانەی بەرپرسەکان پەیڕەویان دەکەن، گەرنا پارێزگاریکردنی ئەو نهێنییە نەبیێ سەرچاوەکە زانیارییەکانی دەشارێتەوە کە لەدواجاردا خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی دەکەن.[21]

## پوختە :

ئـەم فەسـڵە یـەکیێ لەلایەنـەکانی پارێزگـاریکردنی رۆژنامەنووسـانی لـەخۆگرتووە، کـە ئـەوەیش مـافی پارێزگـاریکردنی نهێنیـی سەرچـاوە رۆژنامەنووسییەکانە، پێشتر بنـەمای حەسانەی رۆژنامەنووسیمان لـەرێی ئەو حەسانانەوە خستەڕوو کـە دادگاکـان لـەکاتی شایەتیداندا لەبـەردەم دادگـادا

www.pertwk.com

دەیانبەخشنە هەندێ لەکەسەکان؛ بۆ بەرێکردنی ئەرکی شایەتیدان،و خەباتی ڕۆژنامەنووسان لەپێناو بەدەستهێنانی ئیمتیازێ کە پشتگیری لەتوانایان بکا لە پاراستنی نهێنیی ئەو سەرچاوانەی زانیارییەکانیان لێوەردەگرن، لەگەڵ ئەو یاسایانەی هەندێ دەوڵەت دایاننناون بۆ پاراستنی نهێنیی سەرچاوە ڕۆژنامەنووسییەکان، کە بە "یاسای خۆپارێزی" ناسراون، هەروەها ئەم فەسڵە مافی پەیڕەوکردنی کاری ڕۆژنامەنووسی لەکۆمەڵگا هەمەجۆرەکان Shield Lawدا لەخۆگرتوە، دواتر سنورەکانی پەیڕەوکردنی حەسانەی ڕۆژنامەنووسی،و دواجار ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی تایبەت بە پارێزگاریکردنی نهێنیی سەرچاوە ڕۆژنامەنووسییەکان خراوەتە ڕوو.



## سەرچاوەکانی فەسڵی شەشەم


(1) Holsinger, Ralph L. Media Law (N. Y.: Random House, 1987) PP. 256-257.

(2) Ibid, P. 258.

(3) عماد عبدالحمید النجار: الوسیط فی تشریعات الصحافة (القاهرة: مکتبة الآنجلو المصریة، 1985) لاپەڕەکانی 393–394.

(4) Holsinger, R. L. (1987) op. cit, P. 258.

(5) Bittner, Johan R. Mass Communication An Introduction (N. J.: Prentice Hall, Englewood Cliffes, 4th Ed. 1986) P. 381.

(6) Ibid, P. 382.

(7) Hunter, Julius K. and Gross, Lyune S. Broadcast News the Insid out (USA: The C. V. Mosby Company, 1980) P. 240.

(8) Goodale, James C. and Moodhe, Joseph P. "Reporter's Privilege Cases" Communication Law (N. Y.: Practicing Law Institute, Vol. 2, 1985) P. 11.

(9) فاروق أبو زید: النظم الصحفیة فی الوطن العربی (القاهرة: عالم الکتب، 1986) لاپەڕەکانی 34–36.

(10) کۆماری میسری عەرەبی، یاسای ژمارە 148ی ساڵی 1980ی تایبەت بە دەسەڵاتی ڕۆژنامەنووسی (قاهیرە: دەستەی گشتیی تێگەیاندن).

(11) شانشینی عەرەبستانی سعودی: سیستمی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە (بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی ژمارە 65 لە ڕۆژی 1402/3/23ی کۆچی شاهانە بە مەرسومی شاهانەیی ژمارە م/17 لەڕۆژی 1402/4/13ی کۆچی دەرچووە).

(12) کۆماری جەزائیری دیموکراسیی گەلیی: یاسای ژمارە 82 لەڕۆژی 1982/2/6

یاسای ڕاگەیاندن لەخۆدەگرێ (جەزائیر: وەزارەتی ڕاگەیاندن).

(13) Culbertson,, Hugh M. "Leaks- A Dilmma For Editors as Well as officials" Journalism Quarterly (Autumn, 1980) PP. 402-408.

www.pertwk.com


(14) Christians, clifford G. Rotzoll, Kim B. and Fackler, Mark Media Ethics Cases and Moral Reasoning (N. Y.: Longman Inc., 1987) P. 70.

(15) Siller, Robert C. Guibe to Professional Radio & TV Broadcasting (N. Y.:TAB Books, 1972) P. 17.

(16) White, Ted. Meppen Adrian, and Young, Steve. Broadcast News, Writing, Reporting, And Production (N. Y.: Macmillan Publishing Company, 1984) P. 39.

(17) Holsinger, R. L. (1987) op. cit, P. 285.

(18) فاروق أبو زيد: (1986) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی 61–66.

(19) White, T. Meppen, A. and Young, S. (1984) op. cit, PP. 265-266.

(20) Christians, C. G., Rotzoll, K. B., and Fackler, M., (1987) op. cit, PP. 71-75.

(21) Holsinger, R. L. (1987) op. cit, PP. 288-291.




# مافی زانینی ئەوانەی لەرێکخراوە حکومییەکاندا هەڵدەسوڕێن

-پرەنسیپی مافی زانین.

-نهێنیی زانیاریو بەڵگەنامەکان.

-یاسای ئازادیی زانیارییەکان.

-ئەو بەربەرەکانێیانەی سەبارەت بە پرەنسیپی مافن لەزانیندا.

-هەندێ لەو کێشانەی لەمافی زانین کەوتوونەتەوە.

-ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی.

www.pertwk.com

# فەسڵی حەوتەم

## مافی زانینی ئەوانەی لەرێکخراوە حکومییەکاندا هەڵدەسوڕێن

### دەسپێك:

پرەنسیپی مافی زانینی ئەوانەی لەرێکخراوە حکومییەکاندا هەڵدەسوڕێن لەدوای دووەمین جەنگی جیهانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەرکەوت، و ئەوەیش لەئەنجامی هەوڵەکانی حکومەتی ئەمەریکادا بوون بۆ سەپاندنی نهێنیی بەسەر ئەو بەڵگەنامەو زانیارییانەی بۆ بەرژەوەندیی گشتی گرنگن، و هەروەها لەئەنجامی فشارەکانی ناوەندەکانی راگەیاندن کۆنگرێس رەزامەندی نیشاندا بە دەرکردنی یاسای ئازادیی زانیارییەکان لەساڵی 1967دا، و ئەو یاسایە لەساڵانی 1974و 1986دا چاککاریی تیاکرا؛ بەجۆرێ یاسای ئازادیی زانیاری دەستەبەری بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە حکومییەکان دەکاو هەروەها رەخساندنی بۆ سەرجەمی خەڵکی لەگەڵ هەلاوێژییەکی کەمی تایبەت بە بەڵگەنامە نهێنییەکانی دادگاکان، و کۆنگرێس، و نووسینگەی سەرۆکایەتیکردنی ئەمەریکا.

ئەم فەسڵە پرەنسیپی ماف لەزانیندا لەخۆدەگرێ، لەگەڵ نهێنیی زانیاریو بەڵگەنامە حکومییەکان، و یاسای ئازادیی زانیاری، و سیمینارەکانی تایبەت بە پرەنسیپی مافی زانین، و هەروەها هەندێ لەوکێشانەی لە پیادەکردنی مافی زانیندا دەکەونەوە، و دواجار ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی.



### پرەنسیپی مافی زانین: The Right to Know

بەدەق لەدەسپێکی دەستوری ئەمەریکیدا هاتووە حکومەت موڵکی گەلە. ئەوە مانای بوونی نیەتێکی پێشوەختە لەلای یاسادانەران بۆ دەستەبەرکردنی زانیارییە حکومییەکان بۆ هەر کەسێ لەجەماوەر کە بیەوێ بیانزانێ. بۆیە ئەگەر لەلای خەڵکی ئارەزوویەك هەبێ بۆ زانینی چۆنیەتی بڕیاردانەکانی تایبەت بە پەیڕەوکردنی فەرمانڕەوایی، ئەوا هەردەبێ زانیارییان سەبارەت بە چۆنیەتی راپەڕاندنی پەیامەکانی حکومەت بۆ دەستەبەربکرێ. ئەم بیرۆکەیە ئەمڕۆ لەرێی دەستەواژەی "مافی زانین"دا بەرجەستەدەبێ، ئەمە سەرباری بوونی نیەتێکی پێشوەخت بۆ دانەرانی ئەو دەستورە لەو دەقەدا کە مافی ئەم نیەتە وەردەگێڕدرێتە سەر واقیعێکی بەرچاو لەناو دەقەکانی دەستوری ئەمەریکیدا.

دوو بیرۆکە لەدەستوری ئەمەریکیدا هەن کە ئاماژەن بۆ ڕادەی نەرمیی نواندنی حکومەتی فیدراڵی، و هەردوو بیرۆکەکە لەبەندی یەکەمی دەستوردان کە بەدەق ئاماژە بە دامەزراندنی کۆنگرێسو دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی دەکا، و بڕگەی یەکەمی داوای پێویستیی بڵاوکردنەوەی دانیشتنەکانی کۆنگرێس دەکا، و بڕگەی دووەمیشیان ئاماژە دەکا بە پێویستی بڵاوکردنەوەی بودجەی ساڵانە، کە بڵاوکردنەوەی بودجەی فیعلی ساڵی پێشتر لەخۆدەگرێ، لەگەڵ بودجەی چاوەڕوانکراو بۆ ساڵی داهاتوو. ئەمانە هەموو ئەو زانیارییانەن کە دەستور بڕیاریان لێدەدا بەپێویستی راگەیاندنی بەئاشکرایی لەلایەن حکومەت خۆیەوە.(1)

سەرباری ئەوەی لە دەستوری ئەمەریکیدا بەدەق –راشکاوانە– پرەنسیپی "مافی خەڵکی لەزانیندا" نەهاتووە، ئەوا بڕوایەکی گشتی لەلای رۆژنامەنووسانو کارکەرانی ناوەندەکانی راگەیاندن هەیە سەبارەت بە بوونی پرەنسیپی مافی زانین، بەو پێیەی ماف لەنزیکبوونەوەی سەرجەمی خەڵکی لەزانیارییەکانی حکومەتو سیاسەتەکانی، و هەروەها ناوەندەکانی راگەیاندن

www.pertwk.com

وای دەبینن ئەوە پابەندە بە هەستان بەو رۆڵەی لەبری تاکەکانی کۆمەڵگا. ئەو "مافی زانین"ە لەچەمکێکی رووتەوە وەرچەرخاوە بۆ "یاسا رەونەقدارەکان" Sunshine Acts، و ئەو یاسایانە رێکخراوە حکومییەکان هاندەدا بۆ بەستنی کۆبوونەوەی کراوە، و دەستەبەرکردنی تۆمارکراوە حکومییەکان بۆ سەرجەمی خەڵکی.[2]

پرەنسیپی "مافی زانین" بۆ یەکەمین جار لە دوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە دەرکەوت، ئەوەیش لەرێی "کینت کۆبر" Kent Cooper, بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی ئاسۆشێتدپرێسی ئەمەریکییەوە، کە "کۆبر" رەخنەی لە سانسۆری حکومی گرت، لەگەڵ ئەو بەربەرستانەی دەبنە هۆی بەرگرتن لە هەڵایسانی ئازادی ئەو زانیارییانەی لەبارەی جیهانەوە هەن، و هەروەها قسەی لەبارەی "مافی خەڵکی لەزانین"دا کرد بەوەی یەکەمین چاککاریی دەستوری ئەمەریکی ئەو مافە دەدا کە بەئازادییەوە را دەربېڕدرێ و بڵاوبکرێتەوە، بۆیە مافی خەڵکی لەزانیندا ئەرکی زانینی ئەوانەی لەرێکخراوە حکومییەکاندا هەڵدەسوڕێن دەداتە ناوەندەکانی راگەیاندن تاوەکو پێشکەشی خەڵکیان بکەن.[3]

ئەم بیرۆکانە بەخێرایی و لەماوەی دەیەی پەنجاکان (ی سەدەی بیستەم- و.ك)دا گەشەیانسەند؛ ئەوەیش دوای تەماشاکردنی ناوەندەکانی راگەیاندن کە "دەسەڵاتی چوارەم" Fourth Estateن و هەڵدەستن بە رۆڵی راستەقینەی فەرمانڕەواییکردنی دەوڵەت، سەرباری سێ دەسەڵاتەکانی تری حکومەت: راپەڕاندن، یاسادانان، و دادوەری.

## نهێنیی زانیاری و بەڵگەنامەکان:

لەسەرەنجامی سالانی یەکەمین جەنگی جیهانییەوە سەرۆکە ئەمەریکییەکانی سەرەتا لەسەرۆك "ترومان"ەوە و دوای ئەویش سەرۆك



"ئایزەنهاوەر" سوردەبن لەسەر دەرکردنی فەرمانی هەڵاوێژی بەئامانجی شاردنەوەی زانیارییە حکومییەکان لەجەماوەر، و ئەوەیش لەرێی جیاکردنەوەی بەڵگەنامە حکومییەکان دێ کە پەیوەنددارن بە ئاسایشی نەتەوەیی، بەرگری، دامەزراوەکانی سەرۆکایەتیکردن، و موخابەراتەوە بۆ بەڵگەنامەی نهێنی و بەڵگەنامە نهێنییەکان بۆ سێ دەستە جیادەکرێنەوە ئەوانیش: زۆر نهێنی Top Secret، نهێنی Secret، و هەستیار Confidentiolن و یاسای ئەمەریکی رێگانادا تاوەکو بیست و پێنج ساڵ ئەو بەڵگەنامانە بڵاوبکرێنەوە، تا بەرەو پێش دەچێ و گرنگی و کاراییەکەی نامێنێ.[4]

ناوەندەکانی راگەیاندنی ئەمەریکا وای نیشان دەدەن شاردنەوەی زانیارییە حکومییەکان لەجەماوەر، و سەپاندنی کۆتوبەند بەسەر بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە گرنگەکان، ناکۆکە لەگەڵ پرەنسیپی هەڵایسانی ئازادیی زانیارییەکان، و بازاڕی ئازاد بۆ ئەو بیروبۆچوونانەی گریمانەی ئەوە دەکرێ لە کۆمەڵگا دیموکراسییەکاندا تەشەنەبسێنێ. هەربۆیە کاتێ کۆتوبەندی فیدراڵی -بۆ نمونە- زیادبوو بۆ سەر ئەو رۆژنامەنووسانەی تەغتییەی هەواڵەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، کاروباری سەربازی، و دامەزراوەی سەرۆکایەتیکردن لەئەستۆ دەگرن، تێبینی ئەوە دەکەین ئەو کۆت و بەندانە دەبنە هۆی شاردنەوەی چەندین زانیاریی گرنگ لەسەرجەمی خەڵکی، و هەندێ دامەزراوەی حکومی وەك دەزگای هەواڵگری ناوەندی CIA، و وەزارەتی بەرگری (پێنتاگۆن) خوازیاری سەپاندنی نهێنین بەسەر ئەو کارانەی پێیهەڵدەستن ئەوەیش لەژێر پەردەی "پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی‌دا".[5]

لەساڵی 1959دا "فانس تریمبل" Vance Trimbleی رۆژنامەنووس کە وەك نوێنەری گۆڤاری Scripps- Howard News Service کاری دەکرد ئەوەی ئاشکراکرد هەندێ لەئەندامانی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکی راهاتوون لەسەر ئەو یاسایەی کە لەرێی دانانی ناوی کەسە نزیکەکانیان لەناو لیستی

www.pertwk.com

موچە Payrollsی ئەو فەرمانبەرانەی لە نووسینگەکانی ئەنجومەنی پیراندا کاریان دەکرد، ئەوەیش مانای وایە ئەندامانی ئەنجومەنی پیران پارەی باج بەشێوەیەکی ناشەرعی دەدەنە کەسە نزیکەکانیان. ئەو رۆژنامەنووسە زنجیرە وتارێکی سەبارەت بە ئەو کێشەیە نووسی، و ناوی ئەو ئەندامانەی ئەنجومەنی پیرانی نووسی کە ئەو کارە ناشەرعی و نائەخلاقییە دەکەن. کاتێ ئەو رۆژنامەنووسە هەوڵیدا بەڵگەنامەی لەفەرمانبەرانی ئەنجومەنی پیرانەوە دەستبکەوێ بۆ پشتگیریکردنی نووسینەکانی، فەرمانبەران هاریکارییان نەکرد، و دواتر رۆژنامەنووسەکە دەچێتە دادگا بۆ داواکردنی دەرکردنی بڕیارێ بە رێگاپێدانی بۆ تەماشاکردنی بەڵگەنامەی موچەکانی تایبەت بە ئەنجومەنی پیران، و دادوەر "ئەلکسەندەر هولتزوف" Alexander Holtzoff رایگەیاند "دادگاکە ناتوانێ رێگا بە رۆژنامەنووسان بدا بە رێپێدان بۆ داماڵینی زانیاری لەئەنجومەنی پیران، لەگەڵ ئەوەیشدا کە نەدەستور، و نەکۆنگرێس، و نە پارێزگاریکردنی یەکەمین چاککاری رێگادەدا بە داماڵینی زانیاری لەو فەرمانبەرانەی ئامادەنین زانیاری بدەن، و یاسا راگەیاندنی خشتەی کۆی موچەکە دەسەپێنێ بەبێ دیاریکردنی ناوەکان هەروەك چۆن بڕگەیەکی تایبەت بەوە لەبەندی یەکەمی دەستوردا هانی ئەوە دەدا.[6]

لەساڵی 1979یشدا چەندین هەوڵی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا دران بۆ چوونە ناو ئێران، کە سەرۆك "جیمی کارتەر" Carter, رێگای نەدا بە تاوتوێکردنی وردەکاریی ئەو پرۆسەیە ئەوەیش لەو روانگەیەوە کە ئەم زانیارییانە "دەشێ مەترسی دروست بکەن بەسەر هەندێ دۆستەوە لەناو ئێراندا".[7]

لەکاتی "جەنگی بیابان"یشدا لەکەنداوی عەرەبی ساڵی 1991دا کردەوە سەربازییەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان چانسیان هەبوو لەرێژەیەکی زۆر



لەنهێنیدا، و چەندین کۆت و بەند سەپێنران بەسەر جوڵەکانی رۆژنامەنووسان و زانیارییەکانیاندا.

بەگشتی دەوڵەتانی پەرەستێن دەوڵەمەندن لەرووی سەپاندنی کۆت و بەند بەسەر رۆژنامەنووساندا لەکاتی گەڕانیاندا لەبارەی زانیاری و بەڵگەنامەی حکومییەوە کە بەلای خەڵکییەوە جێگای بایەخ بن، و کۆمەڵگا پەرەستێنەکان کۆت و بەندی یاسایی دادەنێن بۆ پارێزگاریکردنی نهێنیی ئەو بەڵگەنامەو زانیارییانەی زیانیان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، بەرگری، و سیاسەتەکانی حکومەت هەیە.

لەکۆماری میسری عەرەبیدا بڵاوکردنەوەی هەواڵێك دەبێتە تاوان ئەگەر سەبارەت بە شتێ بێ یاسا رێگای نەدابێ بە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی، ئەوەیش لەو حاڵەتانەدا کە یاسا پێیوایە لە نهێنییەکانی بەرگریکردنن، هەروەك چۆن بەدەق لەبەندی (85)ی یاسای سزادانی میسریدا هاتووە، کە ئەو ناوچانەن پەیوەندداری بە ئاسایشی دەوڵەتەوە، و یاسادانەر پێیوایە بەگوێرەی پێکهاتەکەی وەك خۆی بمێنێتەوەو کەس نەیزانێ جگە لەوانە نەبێ کە سیفەتێکیان لەوەدا هەیە، و هەروەها لادان (تجاوز) نەبێ بۆ سەر هیچ کامێکیان، گەر نا ئاسایشی دەوڵەت دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەوە، و دواتر نابێ هەواڵی ئەم لایەنە لەچالاکییەکانی دەوڵەت بڵاوبکرێتەوە. کێیش هەواڵی ئەم چالاکییە بۆ دەوڵەتێکی بیانی یان بۆ هەر کەسێ کە کاربکەن بۆ بەرژەوەندییان ئیتر بەهەر شێوەیەك بێ بگوێزێتەوە، رووبەرووی ئەو سزایە دەبێتەوە کە لەبەندی 80/أ ی سزاداندا هاتووە، هەروەها لەدەرگای سەرەکی کەسێ کە هەواڵێکی لەرۆژنامەدا لەبارەی ئەو لایەنە خراپەوە بۆ سەر ئاسایشی دەوڵەت بڵاوکردبێتەوە؛ لەبەر ئەوەی بەوە دەیگەیەنێتە دەوڵەتێکی تر، و دواتر نهێنییەکانی دەوڵەت ئاشکرادەکاو پێشێلی پیرۆزی ئاسایشەکەی دەکا. حاڵەتی تریش هەن کە نابێ هەواڵەکانیان بڵاوبکرێنەوە، و ئەوانەن کە لەدادگاییکردنە نهێنییەکاندا هەڵدەسوڕێن، یان ئەوانەی پەیوەندداری بە

www.pertwk.com

کێشەکانی تەلاق‌و زینا ئەوەیش بەوجۆرەی کە لەبەندەکانی 189و 190و 191ی یاسای سزادانی میسریدا هاتوون. هەروەها بڵاوکردنەوەی ئەوانەی لەدانیشتنە نهێنییەکانی ئەنجومەنی گەلدا هەڵدەسوڕێن. هەموو ئەو کایانە نابێ هەواڵەکانیان بگوێزرێنەوە؛ چەندە هەواڵەکانیش راست‌و لێکچووبن لەو واقیعەی تیایدابن، لەخۆگرتنی هەواڵەکانیشیان بەتاوان دادەنرێ‌و یاسا سزای بەسەردا دەدا.[8]

هەروەها بەدەق لەبەندی هەشتەمی یاسای دەسەڵاتی رۆژنامەنووسی میسریی ژمارە 148ی ساڵی 1980دا هاتووە: "رێگانادرێ بە رۆژنامە ئەوانە لەخۆبگرێ کە دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە یان دادگاییکردن بەجێدەهێنن بەجۆرێ کاربکاتە سەر چاکیی لێکۆڵینەوەکە یان دادگاییکردنەکە، یاخود کاربکاتە سەر مەڵبەندەکانی کە ئەو لێکۆڵینەوەیە یان دادگاییکردنە لەخۆدەگرن".[9]

بەدەق لەیاسای چاپەمەنی‌و بڵاوکردنەوەی دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوویشدا بەمجۆرە هاتووە:

بەندی (74) "نابێ بەبێ رەزامەندیی لایەنی تایبەتمەند بە وەزارەت هەواڵەکانی پەیوەندییە نهێنییە رەسمییەکان یاخود کاروبارە سەربازییەکان بڵاوبکرێنەوە، هەروەك چۆن نابێ دەقی ئەو رێکەوتننامە یان پەیماننامانەیش بڵاوبکرێنەوە کە حکومەت دەیانبەستێ‌و هێشتا لەرۆژنامەی رەسمیدا بڵاونەکراونەتەوە، و بڵاوکردنەوەیان رەزامەندیی تایبەتی ئەو لایەنەی دەوێ".

بەندی (78) "نابێ هەواڵی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی تاوانێ کە رووی‌دابێ بڵاوبکرێتەوە ئەگەر دادوەرەکە فەرمانی‌کردبێ لێکۆڵینەوەکە نهێنی‌بێ، یاخود داواکاری گشتی رێگای نەدابێ بە پەخشکردنی شتێ لەبارەیەوە".[10]

لەبەندی (12)ی فەرمانی سۆشیالیستیی ژمارە 104ی ساڵی 1977ی وەزارەتی راگەیاندنی کۆماری لوبنانیشدا بەمجۆرە هاتووە:

رێگا نادرێ بەهیچ چاپکراوێ ئەمانە بڵاوبکاتەوە:

1–دەقی لێکۆڵینەوەکانی تاوان‌و کەتن بەر لەگێڕانەوەی لەدانیشتنێکی ئاشکرادا، و دادگاییکردنە نهێنییەکان، و ئەو دادگاییکردنانەیشی کە پەیوەندداربن بە تەلاق‌و هەڵوەشاندنەوەی خێزان‌و کۆچ‌و گرتنەخۆ، و دەقی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی وەزیران، و دەقی ئەو دانیشتنە نهێنییانەی ئەنجومەنی نوێنەرایەتیکردن یاخود لیژنەکانی دەیانبەستن، و دەشێ بڕیارەکانی ئەو لیژنانە بڵاوبکرێنەوە، و هەروەها راپۆرتەکانیشیان دوای ئەوەی نووسینگەی ئەنجومەنەکە بڕیاری لەسەر دەدا، و گەر لیژنەکە بڕیاری لەسەر نەدا ئەوا ناکۆك دەبێ لەگەڵی‌دا.

2–دەقی لێکۆڵینەوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی لێکۆڵینەوەکانی ناوەندی‌و پشکنینی دادوەری کە رێگا نەدرێ بە بڕیارەکان‌و راگەیاندنەکانی کە لەو بەڕێوەبەرایەتییەوە دەرچووبن.

3–ئەو نامەو کاغەزو فایلانە یان هەر شتێ لەو فایلانەی بۆ یەکێ لە کارگێڕییە گشتییەکان دەگەڕێنرێنەوەو مۆری دەستەواژەی "نهێنی"یان پێوەیە، و ئەگەر لەئەنجامی بڵاوکردنەوەیان کەسێ یان دەستەیەك زیانی لێکەوت، ئەوا مافیان هەیە لە دادگا شکایەت لە چاپکراوەکە بکەن.

4–دەقی ئەو سکاڵا مافییانەی دادگا رێگا بە بڵاوکردنەوەیان نادا.

5–ئەو راپۆرت‌و کتێب‌و نامەو وتارو وێنەو هەواڵانەی پێچەوانەی ئەخلاق‌و نەرێتی گشتین.[11]

لەیاسای چاپەمەنی‌و بڵاوکردنەوەی شانشینی عومانیشدا بەمجۆرە هاتووە:

بەندی (26) نابێ هەموو ئەو شتانە بڵاوبکرێنەوە کە دەبنە هۆی زیانگەیاندن بە سەلامەتیی دەوڵەت یان ئاسایشی ناوخۆی یاخود دەرەوەی بخاتە مەترسییەوە، و هەروەها هەموو هەواڵێکی سەربازی‌و پەیوەندیکردنی نهێنی رەسمیش، کە لەلایەن دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانەوە رێگای بڵاوکردنەوەیان نەدرابێ، هەروەك چۆن نابێ دەقی ئەو رێککەوتننامە یان

پەیماننامانـە بڵاوبکرێنـەوە کـە حکومـەت دەیانبەسـتیٚو هێشـتا لەرۆژنامـەی رەسمیدا بڵاونەکراونەتەوە.

بەندی (29) نابیٚ دەقی ئەو لێکۆڵینـەوە یان دادگاییکردنانە بڵاوبکرێنـەوە کـە پەیوەنـددارن بـە بـاری کەسـێتی یـان جیـاواز لـەو، کـە دادگاکـە رێگـای بڵاوکردنـەوەی نـەدابیٚ، هـەروەك چـۆن نایشـبیٚ بـە نیـەت خراپـی دەسـکاری ئەوانە بکرێن کە لەدانیشتنو گفتوگۆکاندا بەڕێوەدەچن.

بەنـدی (32) نـابیٚ هـیچ هـەواڵ یـان وتـاریٚ یـاخود وێنەیـەك یـان بەڵگەنامەیـەك بڵاوبکرێنـەوە کـە لەلایـەن وەزیـری راگەیاندنـەوە فـەرمانی بـۆ دەرچـووبیٚ بـۆ بڵاونەکردنـەوەی؛ تـا ئەوکاتـەی لەلایـەن هـەمان سەرچـاوەوە مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی پیٚدەدریٚ.[12]

## یاسای ئازادیی زانیارییەکان: Free of Information Act

لەسـاڵی 1967دا کۆنگرێسـی ئەمـەریکا رازیبـوو بـە دانـانی یاسـایەك کـە رێگابدا بە هاووڵاتیانی ویلایەتە یـەکگرتووەکان مافیـان هـەبیٚ فایلـەکانی هـەر هەشـت ئاژانسـەکە تاوتویٚبکـەن، و لەمبارەیـەوە سـەرۆك "لینـدۆن جۆنسـۆن" Lyndon B. Jonson, لـەژێر فشـاری کۆنگرێسـدا یاسـای ئـازادیی زانیارییـەکان FOIAی ئیمزاکرد، و دواتـر "مـافی نزیکبوونـەوە" Right to Access خرایـە سـەر ئـازادیی رادەربـڕینو رۆژنامەنووسـی کـە دەسـتوری ئەمەریکا لەساڵی 1791ەوە دەستەبەری دەکا.[13]

ئامـانجی یاسـای ئـازادیی زانیارییـەکان ئاسـانکردنی چـاوپێکەوتنی بەرپرسە رەسمییەکانـە لەلایـەن رۆژنامەنووسـانەوە، لەگـەڵ دەسـتەبەرکردنی تـاوتوێکردنی ئـەو بەڵگەنامـە حکومییانـەی یارمەتیـدەرن بـۆ ئاشـکراکردنی ئەگەری چالاکیی گەندەڵی حکومی، لەگـەڵ ئەوەیشـدا کـاریٚ بکـریٚ کۆبوونـەوە حکومییەکان کراوەبنو رۆژنامەنووسان تیایاندا بەشداربن.[14]

ئەم یاسایە رێگا دەدا بە جیاکردنـەوەی بەڵگەنامـەکان بۆ پارێزگـاریکردنی ئاسایشـی نەتـەوەیی، بازرگـانی، نهێنییـە کۆمەکییـەکان، و فایلـە پزیشـکییە کەسییەکان، و پارێزگـاریکردنی نهێنییـان بۆ پشتگیریکردنی یاسا، و لەهـەمان کاتدا یاسای ئازادیی زانیارییـەکان کـە لەساڵی 1967دا دەرچووەو لەساڵی 1974دا چـاککاری تیـا کـراوە، رێگـا دەدا بـە بەڵگەنامـە نهێنییـەکان؛ ئەگـەر پێشوەخت بڕیاری دادگای بۆ دەرچووبیٚ بۆ خستنەڕووی ئەو بەڵگەنامانـە، و زۆربەی جار دادوەران مەیلیان بەلای خستنەڕووی ئەو بەڵگەنامانەدا هەیە وەك لە دەستبەسەراگرتنیان، و دواتر ئـەو بەڵگەنامانـە بۆ ناوەنـدەکانی راگەیانـدنو جەماوەر دەستەبەردەکرێن. لەماوەی دەیەی هەشـتاکان (ی سـەدەی بیسـتەم- و.ك)دا ئـەو بەڵگەنامـە نهێنییانـە بوونـە سەرچـاوەی نزیکـەی 250 چـیرۆکە هەواڵ.[15]

یاسـای ئـازادیی زانیارییـەکان رێگـا بـە بڵاوکردنـەوەی تۆمـارکراوە حکومییەکان Government Recordsیش دەدا بۆ هەمووان جگە لە هەندیٚ هەڵاویـژیی کـەم نـەبیٚ، و ئـەم یاسـایە بەسـەر تـەواوی ئاژانسـەکانی فیـدراڵیدا جێبـەجیٚدەبیٚ جگـە لـە نووسـینگەی سـەرکۆمار، دادگاکـان، و کـۆنگرێس، سـەرباری ئـەوەی ئـەم یاسـایە سـەرجەمی ئارەزووەکـانی رۆژنامەنووسـان جێبـەجیٚناکا، بـەڵام یارمـەتی رۆژنامەنووسـان دەدا بـۆ پێزانینـی ئـەو زانیارییانەی کە لەساڵانی رابردوودا رێگای بڵاوکردنەوەیان نەدەدرا.

لەگـەڵ ئەوەیشـدا دادگـای دەسـتوری بـاڵای ویلایەتـە یـەکگرتووەکان پشتگیری لەیاسای زانیارییەکان کرد کـاتیٚ لەساڵی 1972دا بڕیاریدا بـەوەی یەکـەمین چـاککاریی دەسـتور رێگـادەدا بـە رۆژنامەنووسـان مافیـان هـەبیٚ لـە کۆکردنـەوەی زانیارییـدا، هـەروەك چـۆن مـافی بڵاوکردنـەوەی ئـەو زانیارییانەیشیان دەداتیٚ. لەساڵی 1980یشدا جارێکی تر دادگای دەستوری بڕیاریـدا بـە مـافی رۆژنامەنووسانو سـەرجەمی خـەڵکی بۆ سووربوون لەسـەر ئامادەبوونیان لەرێوشوێنەکانی پەنابردنە بەر دادوەر لە دادگاکاندا.[16]

www.pertwk.com

## ئەو بەربەرەکانێیانەی سەبارەت بە پرەنسیپی مافی لەزانیندا :

پرەنسیپی ماف لەزانیندا چەندین پاساوی لایەنگیریکردن و پاساوی ناکۆکبوونی لێکەوتووەتەوە، بەوەی هەندێ لە یاسادانەران پێیان وایە پارێزگاریکردنی یەکەمین چاککاریی دەستوری ئەمەریکی راشکاوانە باسی لە "مافی پێزانینی بەڵگەنامە حکومییەکان" نەکردووە، و وای نیشان دەدەن مەبەستی تەواو لەدەستور ئەوەیە کە بەدەق تیایدا هاتووە، کە بەدەق هیچ شتێك لەبارەی مافی نزیکبوونەوە لەهەواڵ نەکراوە. یاسادانەری تریش هەن وای نیشان دەدەن دەستور مانای ئەوەیە دادگای دەستوری باڵا لێکی دەداتەوە، و سەرجەمی ئەو یاسایانەیشی ئەم دادگایە (مەبەست دادگای دەستوری باڵایە–و.ك) دەریکردوون رێگادەدەن بە مافی پێزانینی زانیاری و بەڵگەنامەکان، و گەر نا ئەوان دەپرسن ئازادیی راستەقینەی رۆژنامەنووسی چی دەگەیەنێ؟[17]

"دینیس" Dennisیش رای وایە "مافی زانین لەو مافانە نین کە دەستوری ئەمەریکی دەستەبەریان دەکا، بەڵکو ئەوە دۆزینەوەی رۆژنامەنووسەکانە، کە ماوەی چەندین ساڵە رێکخراوە رۆژنامەنووسییەکانی ئەوە لەدادگاکان و یاساناسان دەخوازن و ئومێدیان لێی هەیە کە ماف بسەپێنن لە نزیکبوونەوە لەسەرچاوە نهێنییە هەمەڕەنگەکانی زانیاریدا. ئەمەیە کە ناودەبرێ بە "مافێك" کە ئێستا بووەتە بنەمایەکی دانراوی یاساکە، بەجۆرێ دادگاکان بڕیاریانداوە لەژێر بارودۆخێکی دیاریکراودا، و هەروەها لەهەندێ حاڵەتی زۆر تایبەتدا ماف هەیە لەزانیندا، و ئەم مافەیش رەها نییە، بەڵکو مافێکی تایبەتییە یان هەلاوێژییەکی زۆر سنوردارە، و پشت بە خەملاندنی دادوەران دەبەستێ، و دواتر ئەوەی ئەمڕۆ دەبەخشرێ، دەشێ سبەینێ رەتبکرێتەوە".[18]



جیاواز لەوە "فرانكلین هایمان" Haiman رای وایە "مافی خەڵکی لەزانیندا رەگەزێکی زیندوو لەیەکەمین چاککاریی دەستوردا پێکدێنێ؛ لەبەرئەوەی زۆر زانیاری هەن کە جەماوەر بەلایانەوە گرنگن و دەکەونە دەستی بەرپرسە رەسمییەکان و رێکخراوە حکومییەکان، و ئەوانیش لەرێی سەپاندنی نهێنی بەسەر ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەدا کە بەلای جەماوەرەوە جێیبایەخن کاردەکەن بۆ تەگەرەخستنەبەر کاروانی دیموکراسی".[19]

"جۆن میریل"یش جەخت لەسەر رایەکەی "هایمان" دەکاتەوە لەپشتگیریکردنی تێڕوانینی رۆژنامەنووساندا، و ئەو پێیوایە "زانین یەکێ لە مافە سەرەکییەکانی مرۆڤە، و ماوەیەکی زۆرە ئەو مافە لەنەرێتی رۆژنامەنووسیی ئەمەریکیدا هەیە، سەرباری ئەوەی لەدوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە بووەتە داوایەکی میللی، و جەختکردن لەسەر ئەو مافە لەرۆژنامەنووسیدا وەرچەرخاوە بۆ هاووڵاتیان، ئەوەیش لەئازادیی رۆژنامەنووسییەوە بۆ بەرپرسیارێتیی رۆژنامەنووسی، یان لەئازادیی خراپەوە بۆ ئازادیی باش، و دواتر دەرکەوتنی مافی خەڵکی لەزانیندا، گەشەکردنێکی مەنتقی ئەم ئاڕاستەیەیە، و پێویستی بۆ زانین وەرچەرخاوە بۆ مافی زانین، کە ئەوەیش یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی دیموکراسیی کۆمەڵگای ئەمەریکییە، و بەڵگەیەکە بۆ ئازادیی پەیوەندیکردن".[20]

سەرباری ئەو چاککارییانەی لەساڵی 1974 و 1986دا کرانە سەر یاسای ئازادیی زانیارییەکان FOIA کە تایبەتن بە هەستیاریی بەڵگەنامەکان لەئاژانسەکانی فیدراڵیدا، و هەروەها سەرباری تێپەڕبوونی زیاتر لە بیست ساڵ (یاسای ناوبراو لەساڵی 1967دا دەرچووە؛ هەروەك چۆن پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە–و.ك) بەسەر دەرچوونی ئەم یاسایەدا، ئاژانسە حکومییەکان ساڵانە لەنێوان 250 بۆ 300 هەزار داوایان پێدەگا بۆ تەماشاکردنی زانیاری و بەڵگەنامەکان. لەگەڵ ئەوەیشدا ئاژانسە فیدراڵییەکان بەردەوامن لە دانانی جیاکاریی نهێنیی "بەسەر چەندین ملیۆن بەڵگەنامەدا"، بەجۆرێ هەندێ لە

www.pertwk.com

پسپۆڕەکان پێشبینی جیاکردنەوەی نزیکەی 20 ملیۆن بەڵگەنامە دەکەن لەو پێودانگەوە کە نهێنین، و نابێ تەماشابکرێن، تیایدا نزیکەی 350 هەزار بەڵگەنامەی جیاکراوە هەن کە "زۆر نهێنین". ئەوەیش دەبێتە کۆت و بەندکردنێکی توند بۆ هەڵایسانی زانیارییەکان، و ئەو بەڵگەنامانەیش پەیونددارن بە وەزارەتی داد، بەرگری، دەرەوە، و ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی CIAیەوە، و هەموو ئەوانە هەڕەشەن بۆ سەر ئازادیی پەیوەندیکردن.[21]

لەگەڵ ئەو پشتگیریکردنە بەهێزەدا بۆ پرەنسیپی بازاڕی ئازاد بۆ ئەو بیروبۆچوونانەی بانگەشەکاران، خوێنەران، و بینەران پشتگیری لێدەکەن، هێشتا ناوەندەکانی راگەیاندن شێلگیرانە خەبات دەکەن لەپێناو نزیکبوونەوە لە زانیارییە نهێنییەکان، تاوەکو ئازادییەکی راستەقینە هەبێ بۆ ناوەندەکانی راگەیاندن، و لێیەوە خەڵکی ئاگاداری سەدان هەزار بەڵگەنامە ببن کە بەلایانەوە جێگای بایەخن. بەڵام ئاژانسە حکومییەکان هەمیشە لەهەوڵی رەنگکردنی ئەو بەڵگەنامانەدان بە جیاکردنەوەی "نهێنین"، و دواتر ئەو رێکخراوە حکومییانە بۆ کۆت و بەندکردنی ئازادیی زانیارییەکان کاردەکەن.[22]

## هەندێ لەو کێشانەی لە "مافی زانین" کەوتوونەتەوە:

کاتێ بەڵگەنامە حکومییەکان بۆ گشت دەبن و بۆ هەموو تاکێ فەراهەم دەکرێن هیچ کێشەیەك نابێ، بەڵکو کێشەکان لەو کاتەدا دەردەکەون کاتێ کە بەڵگەنامەکان بەروونی سنورداردەبن بۆ سەرجەمی خەڵکی، و کاتێکیش رۆژنامەنووسێ لە بەدەستهێنانی زانیارییەك تێوەدەگلێ کە نابێ بۆ سەرجەمی خەڵکی دەستەبەربکرێ، لێرەدا هەندێ پرسیارو کێشە سەرهەڵدەدەن. بەمجۆرە دەیانخەینە ڕوو:

### یەکەم: ئایا رۆژنامەنووس مافی هەیە تۆمارکراوە حکومییەکان پێبزانێ و ئامادەی کۆبوونەوە رەسمییەکان ببێ؟

لەرووی یاساییەوە ئەوە بۆ رۆژنامەنووس نابێ، بەوەی کە یاساکانی تۆمارکراوە حکومییەکان کۆت و بەند دەخەنە سەر مافی تەماشاکردنیان لەلایەن هاووڵاتیانەوە، و ئەمە رۆژنامەنووسانیش دەگرێتەوە، و لەگەڵ ئەوەیشدا دەشێ نێردراوە رۆژنامەنووسییەکە بتوانێ –دوای بەدەستهێنانی متمانەی سەرچاوەکە– ئەو تۆمارکراوانەی دەستبکەوێ کە یاسا سنوداریکردوون بۆ ئەوەی بۆ گشت یان تەنانەت جگە لە گشت Nonpublicیش دەستەبەرکراون، ئەوەیش دوای وەرگرتنی لێدوانی رەسمی لەبەرپرسان.

لەگەڵ ئەوەیشدا رۆژنامەنووسان هیچ مافێکی یاسایی تایبەتییان نییە لە بەشداربوونیان لە کۆبوونەوەکانی حکومەت یان دامەزراوەکانیدا، کەچی ئەندامانی حکومەت بەگشتی جێگای تایبەت بۆ رۆژنامەنووسان دابین دەکەن تاوەکو ئەو شتانەی کە روودەدەن ببیستن و بیانبینن، بەگشتی ئەندامانی حکومەت وێنەیەك لە پلانە یاساییەکان و بەڵگەنامەکانی تر دەدەنە رۆژنامەنووسان.[23]

### دووەم: ئایا رۆژنامەنووس مافی هەیە تۆمارکراوەکانی پۆلیس بپشکنێ؟

ئەم لایەنە پشت دەبەستێ بەجۆری ئەو تۆمارکراوانەی رۆژنامەنووسەکە بەدوایاندا دەگەڕێ، لەگەڵ جۆری ئەو یاسایەی لەو دەوڵەتەدا هەیە، و هەروەها سیاسەتەکانی پۆلیس کە ئایا رێگا بەوەدەدا یان نا. لەزۆربەی حاڵەتەکاندا تەماشاکردنی تۆمارکراوەکانی پۆلیس دەستەبەرکراوە جگە لەو کۆنووسانە نەبێ کەوا دەخوازێ نهێنی بن.

### سێیەم: ئایا رۆژنامەنووس مافی پێزانینی دادگاییکردنەکانی نەوجەوانانی Juvennile Court هەیە؟

بەشێوەیەکی گشتی نابێ رۆژنامەنووس ئەوانە بڵاوبکاتەوە کە لەدادگاییکردنەکانی نەوجەوانانـدا هەڵدەسوڕێن، ئەوەیش لەسەر ئەو بنەمایەی کە "نەوجەوانان" هەڵەدەکەن لەبەرئەوەی کەسێکیان نەدۆزیووەتەوە راستیان فێربکا، و دواتر ئامانجی سیستمی نەوجەوانان فێرکردنە، نەوەك سزادان، و زۆربەی جار "رووداوەکە" دەبێتە چاککاری وەك لە زیندانیکردن، و لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لەساڵی 1980دا تێبینی ئەوە کراوە رێژەی 22٪ لە دەستگیرکردنی ئەوانەی لە کێشەکانی پەلاماردان بۆ سەر خەڵکی یان کەلوپەلەکانیان لەو نەوجەوانانەوە کەوتوونەتەوە کە تەمەنیان لە هەژدە ساڵ کەمترە لەنێو کوڕو کچاندا، و زۆربەی جار دانیشتنی دادگاییکردنی ئەو نەوجەوانانە داخراوەبن، و ئەگەر یاسای ئەمەریکی رێگای بدایەتە دادوەر کە ئەو مافەی هەبێ لەوەی هەندێ لەو دانیشتنانە کراوەبن، دواتر رۆژنامەنووسان دەتوانن ئامادەی بن، و دەسەڵاتەکانی پۆلیسیش مافیان دەبێ لە بڵاوکردنەوە یان بڵاونەکردنەوەی ناوی تاوانبارەکاندا.



### چوارەم: ئایا رۆژنامەنووس مافی هەیە لە شانۆی تاواندا دەربکەوێ؟

ئەوە بەگوێرەی بارودۆخەکە دەگۆڕدرێ، بەوەی پشکنینەکانی پۆلیس ئەولەویەتیان هەیە ئیتر ئایا تاوانەکە لەجێگایەکی گشتیدا روویدابێ یاخود جێگایەکی تایبەتی، و ئەرکی هاووڵاتیانە پارێزگاریکردن دەستەبەربکەن بۆ شانۆی تاوانەکە لە کاتی کۆکردنەوەی بەڵگەکان، و دواتر رێگانادرێ بە هیچ کەس لەشانۆی رووداوەکەدا دەرکەوێ، بەڵام ئەگەر تاوانەکە لەجێگایەکی گشتیدا کرابێ وەك رووداوی ئۆتۆمبێل بۆ نمونە، هیچ کەس ناتوانێ بەربگرێ لە رۆژنامەنووس یان سەرچاوەکە لە نزیکبوونەوە لە جێگای رووداوەکە. بەگشتی پۆلیس رێگای ئەوە دەدا. لەجێگا تایبەتییەکانیشدا رێگانادرێ بە رۆژنامەنووسان نزیك بکەونەوە لە شانۆی تاوانەکە تەنها لەو کاتەدا نەبێ کە رۆژنامەنووسەکە لەلایەن دەسەڵاتەکانی پۆلیسەوە بواری پێدرابێ نزیك ببێتەوە وێنەبگرێ، و چەندە ئەوە نەبێتە دەستوەردان لەو رێوشوێنانەی پۆلیس دەیانگرێتە بەر.

### پێنجەم: ئایا رۆژنامەنووس مافی هەیە ئەوانە بزانێ کە دادوەران پێیان هەڵدەستن؟

کاری دادوەران نهێنیبوونیان بەسەردا دەسەپێ، و ئەو دادوەرەی دزە بە زانیاری دەکا لەکاتی لێکۆڵینەوەدا رووبەرووی سزاو ریسواکردن دەبێتەوە، و رێگانادرێ بە رۆژنامەنووسان بە لێپرسین لە شایەتەکان لە ناو دادگادا، بەڵکو دەکرێ ئەو کاتانە رۆژنامەنووسان قسەیان لەگەڵدا بکەن و پرسیاریان لێبکەن دوای ئەوەی شایەتییان دابێ و لەدادگا دەرچووبن.[24]

### ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی:

یاسای ئازادیی زانیارییەکان کردنەوەی چەندین فایلی ئاژانسەکانی فیدراڵی دەستەبەردەکا کە داخراوبوون لەبەردەم چاودێریکردنی میللیدا، و لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو رۆژنامەنووسانەی ئەم یاسایە بەکاردەهێنن دەبێ زۆر بە ورياييەوە مامەڵە بکەن لەکاتی بەکارهێنانی ئەم بەڵگەنامە حکومییانە، و هەندێ لەو زانیارییانەی ئەو بەڵگەنامانە لەخۆیانی دەگرن پێکهاتەیەکی وشکیان هەیە، یاخود دوورن لە خولیاکانی جەماوەرەوە، یان زانیاری هاتوو

www.pertwk.com

لەخۆدەگرن، و ئاشکراکردنی هەندێ لەم بەڵگەنامانە دەشێ زیان بە بەرژەوەندیی گشتی بگەیەنن، تەنها خزمەت بە بەرژەوەندیی ئەو دوژمنانەی لە بۆسەدان بکەن؛ بۆیە چاکتروایە ئەو رۆژنامەنووسەی بەدوای زانیاری حکومی‌دا دەگەڕێ پەیوەندی بە بەرپرسانی ئەم زانیارییانەوە بکا ئەوەیش بۆ ئەوەی بەئاسانی ئەو بابەتە پێویستانەی دەستبکەوێ کە دەشێ سودمەندبن بۆ خەڵکی، و لەهەمان کاتدا زیانیان نەبێ بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو رێوشوێنە رەسمییانە دەشێ درێژخایەن و ئاڵۆزبن، بۆیە هەمیشە رۆژنامەنووس پشت دەبەستێ بە دروستکردنی تۆڕێ لەسەرچاوەی راستگۆ کە بەدەستهێنانی زانیاری پێویستی بە خێراییەکی گەورەتر بۆ دەستەبەردەکا.[25]

لەزۆر حاڵەتی تردا رۆژنامەنووسان بەئانقەست پەنادەبەنە بەر بەکارهێنانی شێوازی نا ئەخلاقی بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی حکومی ئەوەیش لە ئەنجامی ئارەزووکردنی بۆ بەدەستهێنانی ئەم زانیارییانە بەخێرایی و بەجێهێنانی "لێدانی رۆژنامەنووسییانە". دیارترین نمونەیش لەمبارەیەوە کێشەی "وەرەقەکانی پێنتاگۆن" Pentagon Papersی ساڵی 1971. وەرەقەکانی پێنتاگۆن ئاماژەیەکە بۆ راپۆرتێکی نهێنیی چڕوپڕ لەبارەی تێوەگلانی ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڤێتنام لەکاتی دووەمین جەنگی جیهانییەوە، و ئەم راپۆرتە "رۆبێرت مکنمار" Robert Mcnamar, دایناوە ئەوکاتەی کە وەزیری بەرگری بووە لە ویلایەتە یەککگرتووەکان. لەمانگی ئازاری 1971یشدا رۆژنامەی "نیویۆرك تایمز" رایگەیاند حەوت هەزار لاپەڕەی لەم بەڵگەنامە نهێنییانەی لێکۆڵینەوەکان لەرێی نێردراو Neil Sheehan,وە دەستکەوتووە، و رۆژنامەکە بڕیاریداوە لە 13ی حوزەیرانی 1971وە بەزنجیرە ئەو بەڵگەنامانە بڵاوبکاتەوە.

دوای خستنەڕووی زنجیرەی دووەمی ئەو بەڵگەنامانە، "جۆن میشێل"ی داواکاری گشتیی ئەمەریکا داوای لەرۆژنامەی "نیویۆرك تایمز" کرد بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە رابگرێ و ناوبراو وای نیشاندا "ئەم وەرەقانە زانیاری ئەوتۆیان لەخۆگرتووە کە پەیوەندیی بەتینیان بە ئاسایشی بەرگریی ویلایەتە یەککگرتووەکانەوە هەیە، و بڵاوکردنەوەیان زیانێکی راستەوخۆی دەبێ بۆ دەوڵەت، ئەوەیش بەگوێرەی یاسای سیخوڕیکردنی ساڵی 1917. دوای ئەوە رۆژنامەکە ئەوەی بڵاوکردەوە "سەرباری رێزی بۆ خولیای داواکاری گشتی، ناتوانێ ئەو داوایە جێبەجێ‌بکا؛ لەبەرئەوەی بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە لەبەرژەوەندیی گشتی‌دا دەبن، ئەوەیش بەگوێرەی پرەنسیپی مافی زانین و یاسای ئازادیی زانیارییەکانی ساڵی 1967". دواتر رۆژنامەکە دەستبەرداری بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانەبوو دوای ئەوەی فەرمانێکی دادوەری بۆ دەرچوو، لەدواییدا کێشەکە بۆ بەردەم دادگای دەستوری باڵا بەرزکرایەوە و تیایدا داواکرا بە راگرتنی بڕیاری رێگانەدان بەبڵاونەکردنەوە و هەروەها بەردەوامبوون لە بڵاوکردنەوەی ئەو زنجیرە وتارانە، و لە 17ی حوزەیرانی 1971دا رۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" رایگەیاند کەوا چوار هەزار لاپەڕەی لە "وەرەقەکانی پێنتاگۆن" دەستکەوتووە و رۆژی هەینی 18ی حوزەیران دەستی‌کرد بە بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە، دواتر داواکاری گشتی بڕیارێکی دەرکرد بە رێگانەدان بە بڵاوکردنەوەی لەلایەن رۆژنامەی "واشنتۆن پۆست"یشەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا رۆژنامەی تر هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانەیان دا، بەڵام چەندین بڕیار دەرچوون بە راگرتنی بڵاوکردنەوەیان.

لەرۆژی 30ی حوزەیرانی 1971یشدا فەرمانی دادگای دەستوری باڵا بەزۆرینەی شەش دادوەرو پەسەندنەکردنی تەنها سێ دادوەر بۆ بەرژەوەندیی رۆژنامەکان دەرچوو.[26]

ئەو چیرۆکەی پێشوو سێ پرسیار لەبارەی ئەخلاقی پەیڕەوکردنی رۆژنامەنووسی لەخۆدەگرێ؛ ئەوانیش:

www.pertwk.com

1–ئایا لەرووی ئەخلاقییەوە دەبێ بابەتی "ڕێگا پێنەدراو" بڵاوبکرێتەوە بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و نەبوونی کۆت و بەند بەسەریدا؟ وەڵامی ئەوە لەرێی ئەو دادگاییکردنەوە درایەوە کە لە بەرژەوەندیی ڕۆژنامەنووسەکە کەوتەوە وەك پشتگیریکردنێ بۆ یاسای مافی زانین و ئازادیی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان، بەڵام لەهەندێ کاتی نالەباری دەوڵەتدا دەشێ ئەم پەیڕەویکردنە ملکەچی یاسای سیخوڕیکردن ببێ.

2–ئایا ڕۆژنامە بۆی هەیە بەڵگەنامەی دزراو وەك سەرچاوەیەکی زانیارییەکانی بەکاربهێنێ؟ کە بسەلمێنرێ ڕۆژنامەنووسەکە بەبێ ڕەزامەندیی دەسەڵاتەکان ئەو بەڵگەنامانەی بەدەستهێناوە. لە تێڕوانینێکی تەواو ئەخلاقیدا ئەو شتە نابێ، ئەوەیش بەگوێرەی پرەنسیپی "ئەوەی پێی ڕازی‌نین بۆ خۆمان، نابێ ڕێگای‌بدەین بۆ کەسانی تر". هەروەها ناشێ کۆمەڵگاکان ڕاپەڕن ئەگەر تیایاندا ڕێگادرا بە کردەوەی دزی و هەڵکوتانە سەر. بەڵام ئەو تێڕوانینەی ڕێگا بەوە بدا پشت بە بنەمای "سودمەندبوون" دەبەستێ واتا تەماشای ئامانجی کۆتایی و پرەنسیپی "بۆ گەیشتن بە ئامانج هەموو شتێ بەڕەوا دەزانرێ" دەکا و ئەوەبووە هۆی ئەوەی پەنجاو پێنج هەزار کەسی ئەمەریکی لەڤێتنامدا بمرن، و خەرجکردنی دەیان بلیۆن دۆلار بۆ چەکسازیی، و هەروەها ئەو جەنگە بووە هۆی دابەشکردنی نەتەوە.

3–ئایا ڕۆژنامەکان لەگەڵ بەڵگەنامەکانی پێنتاگۆندا دادوەرانەو وردبینانە مامەڵەدەکەن؟ بێگومان ناشێ حەوت هەزار لاپەڕە بڵاوبکرێنەوە کە ڕووداوەکانی بیست و پێنج ساڵیان لەخۆگرتبێ بێ پشت بەستن بە هەڵبژاردن Selectivity، و ئەم هەڵبژاردنە توانایەکی باڵا لەوردبینی و بابەتیبوون دەخوازێ.

سەرباری ئەوە ئەم کێشەیە نوێنەرایەتیی سەرکەوتنێ بۆ ئازادیی ڕۆژنامەنووسی دەکا، بەوەی جەخت دەکاتەوە لەرێگانەدان بە کۆت وبەندی



پێشوەخت کە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاداو بۆ ماوەی سێ سەد ساڵ بوونی هەبووە.(27)

لەگەڵ ئەوەدا ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەرەتای هەشتاکاندا کێشەیەکی بەخۆوە بینی کە بەڵگەبوو بۆ پەیڕەوکردنی نابەرپرسانە لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە. هەندێ زانیاری لەلایەن قەزاکانەوە بۆ ڕۆژنامەنووس "لیزلی میتلاند" Leslie Maitland, لەرۆژنامەی "نیویۆرك تایمز" دزەیان کرد و ئەم زانیارییانە وایان نیشاندا هەندێ لەپارەدارانی عەرەب کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان نیشتەجێن لەهەوڵی پێکهێنانی تۆڕێکن لە بەکرێگیراوانی ئەمەریکی نا عەرەب لە "نووسینگەی فیدراڵی بۆ پشکنین" Federal Bureau of Investigation و ئەم شێوازە پشت بە پێدانی "بەرتیل" Bribes دەبەستێ. ڕۆژنامەی "نیویۆرك تایمز" وردەکاریی ئەم چیرۆکەی بڵاوکردەوە، و باسی لەوە کرد کەوا نووسینگەی فیدراڵی بۆ پشکنین ماوەی دوو ساڵ دەبێ سووڕە لەسەر لێکۆڵینەوە لەم بابەتە، و ڕۆژنامەکە ناوی تۆمەتبارەکانی بڵاوکردەوە، لەگەڵ دەستبەسەراگرتنی ئەو داراییانەیان کە هەریەکەیان بەدەستیان هێناوە بۆ پێشکەشکردنی ئیمتیازاتی سیاسی بۆ عەرەب، لەگەڵ کات و شوێنی کەوتنی ئەو ڕووداوەدا، ڕۆژنامەنووسەکە باسی لەوە کرد ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بەم نزیکانە دەخرێنە بەردەم سوێندخۆرانی فیدراڵییەکان، و چاوەڕوانی تۆمەتبارەکانی هەندێ لەبەرپرسە ڕەسمییەکان دەکرێ، و ئەو هەواڵەیش خرایە پاڵ سەرچاوەکانی "دەسەڵاتە یاساییە زانیارەکان".

ئەم کێشەیە پرەنسیپێکی ئەخلاقی لێدەکەوێتەوە، و دەبێتە ئەوەی تۆمەتبار بێ تاوانە تا ئەوکاتەی تۆمەتبارکردنەکەی دەسەلمێنرێ، و تێبینی ئەوە دەکرێ ڕۆژنامەکە پەلەیکردووە لە ئاڕاستەکردنی تۆمەتەکاندا بەر لەوەی قەزا بڕیاری خۆی بدا. ئەم کێشەیە سێ پرەنسیپی ئەخلاقی ئاشکرادەکا کە دەبێ ڕەچاوبکرێن ئەوانیش:

پرەنسیپی یەکەم گرنگیی پارێزگاریکردنی بێتاوانە Innocent؛ کە هەواڵەکە بڵاوکراوەتەوە بەبێ ناوهێنانی سەرچاوە رۆژنامەنووسییەکان، و هەواڵەکەیش تاوانبارکردنی تیایە بۆ کەسێتیی گشتی کە ئەگەری ئەوە هەیە قەزا بێتاوانییان بسەلمێنێ، و دواتر رۆژنامەکە هەندێ کەسی ریسواکردووە بەرلەوەی ئەو تۆمەتەی ئاڕاستەیان کراوە بسەلمێنرێ. پرەنسیپی دووەمیش ئەوەیە رۆژنامەکە دەستی وەرداوە لەمافەکانی تاکەکان لەبەدەستهێنانی دادگاییکردنێکی رەوادا؛ لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی خستۆتە بارێکی گوناهبارییەوە تا ئەو کاتەی تۆمەتبارکردنەکەیان دەسەلمێنرێ، لەبری ئەوەی بێتاوان بن تا ئەوکاتەی تۆمەتبارکردنەکەیان دەسەلمێنرێ، و دەشێ ئەوە ببێتە هۆی لەدەستدانی متمانەی خەڵکی بە سەرجەمی سیاسییەکان. سێیەمین پرەنسیپی ئەخلاقیش لەوەدایە کە دەبێ بەگوێرەی هۆیەکان مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکەین نەوەك بەگوێرەی ئەنجامەکان، بەڵام بڵاوکردنەوەی ئەو درۆ هەڵبەستراوانە Allegation بەهۆی دزەپێکردنی زانیارییەکانەوە بەرلەوەی جەخت لەراستگۆییەکەی بکرێتەوە بەشتێکی نائەخلاقی دادەنرێ.[28]

هەر لەو پەیڕەوکردنە نائەخلاقیانەی کە هەندێ جارو هەندێ لەرۆژنامەکانی ئەمەریکا پێیانهەڵدەستن کێشەی هەندێ لە پزیشکەکان بۆ قازانج دەگەڕێن لەکاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی لەبارچوونی ژنان Abortions. لەمبارەیەوەو لەمانگی مایسی 1978دا هەندێ زانیاری بۆ رۆژنامەی Chicago Sun- times دزەیانکرد کە لەبارەی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی لەبارچوونی هەندێ ژنانەوەبوو سەرباری ئەوەی ئەو ژنانەن لەکاتی "سك پڕبوون"دا بوون رۆژنامەکە هەستا بە پشکنین لەبارەی ئەو زانیارییانە، تاوەکو بتوانێ زانیاری وردی دەستبکەوێو دواتر هەندێ لەکچە رۆژنامەنووسەکانی رۆژنامەکە رابسپێردرێ وەك سستەر یان فەرمانبەر لەو کلینیکە تایبەتەی ویلایەتی "ئیلینوی" Illinoisدا کاربکەن ئەوەیش بۆ ئاشکراکردنی راستییەکە. دوای گرتنەخۆی سیفەتی سستەر کچە رۆژنامەنووسەکانی رۆژنامەکە چەندین حاڵەتی لەباربردنی هەندێ لەو ژنانەیان لە کلینیکە تایبەتەکەدا ئاشکراکرد کە بێ "سکبوونێکی راستەقینە"یە، و وێنەی ئەو بەڵگەنامانەیان گرت کە تایبەت بوون بەسەدان حاڵەت بە شێوازی ناشەرعی، و دوای چەند مانگێ لە پشکنین تەواوی ئەو چیرۆکە لە تشرینی دووەمی 1978دا بڵاوکرایەوە. ئەوەیش بووە هۆی ئەوەی ویلایەتی "ئیلینۆی" چەندین یاسای نوێ دابنێ کە نەشتەرگەرییەکانی لەباربردن رێکبخا، و هەروەها دوو کلینیکلیش لە "مەشیگان" داخرانو یەکێ لە پزیشکەکانیش خرایە زیندانەوە، و ژمارەیەکی زۆری پزیشکەکانیش هەڵاتن، لەگەڵ ئەوەیشدا یەکێ لە کلینیکەکان کێشەی ناوزڕاندنی لەدژی رۆژنامەکە بەرزکردەوە.

تێبینی ئەوە دەکرێ رۆژنامەی "شیکاگۆ صن تایمز" چەندین شێوازی هەڵخەڵەتێنەرانەی لەکاتی ئەنجامدانی پشکنینەکاندا ئەنجامداوە بۆ دڵنیابوونەوە لەراستیی زانیارییەکانی تایبەت بە رووداوی لەباربردنەکە. پرسیارەکە لێرەدایە: ئایا بەکارهێنانی شێوازی هەڵخەڵەتێنەرانە بۆ بەدەستهێنانی زانیاریو بەڵگەنامە لەرووی ئەخلاقییەوە پەسەندکراوە، سەرباری ئەوەی ئەنجامە کۆتاییەکەی دەرچوونە بەزانیاریی زۆر گرنگەوە بۆ رایگشتیو بە ئابڕووبەری ئەخلاقی دادەنرێ؟. هەندێ پێیان وایە "بۆ گەیشتن بە ئامانج هەموو کارێ بە رەوا دەزانرێ"، بەڵام لەبارێکی ترەوە فریودان هەر فریودانە، هەروەك چۆن فەیلەسوفی ئەڵمانی "کانت" Kant, دەڵێ "هەموو فریودانێ هەڵەیەکی ئەخلاقییە"و بەگوێرەی ئەم پرەنسیپە رۆژنامەکە شێوازەکانی فریودانی بەکارهێناوە بۆ بەدەستهێنانی لێدانێکی رۆژنامەنوسی، و کچە رۆژنامەنووسەکانیش بۆ ماوەی چەند مانگێ بەردەوامبوون لە چاودێریکردنی ئەو ژنانەی نەشتەرگەریی لەبارچوونی بێ سکبوون ئەنجامدەدەن، و کچە رۆژنامەنووسەکان لەپێناو ئەو گەندەڵییەو پارێزگاریکردنی نهێنیی تەغتییە هەواڵییەکەدا خۆیان گۆڕی، و دواتر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشداریانکرد لە پەیڕەوکردنی هەڵەدا.[29]

www.pertwk.com

لەکاتی پەیڕەوکردنی پیشەیی‌دا هەمیشە ناکۆکی لەنێوان ڕۆژنامەنووسان‌و پۆلیسدا ڕوودەدا، بەجۆرێ پۆلیس وای نیشان دەدا هەوڵێکی گەورە دەدا لەپێناو خزمەتکردنی کۆمەڵگاو پاککردنەوەی لەگەندەڵی، و نوێنەرایەتیکردن‌و دادگاکانیش ئەرکەکانیان لەوان سەختترە، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆژنامەنووسان زیاتر تەرکیز دەخەنە سەر هەڵەکانی پۆلیس وەك لەباشییەکانیان. هەندێ جاریش پیاوانی پۆلیس هەندێ زانیاری لەپێناو خزمەتکردنی کێشەیەکدا دەشارنەوە، لەکاتێکدا ڕۆژنامەنووسان دەیانەوێ هەموو ڕاستییەکان ئاشکرابکەن، و لێرەدا ململانێ لەنێوانیاندا دروست دەبێ. ڕۆژنامەنووسەکان هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن لەوە دووربکەونەوە کە دەشێ ناوببرێ بە "بەکرێگیراوانی پۆلیس لە ڕۆژنامەنووسی‌دا" و لەبەرئەوە بەئانقەست دەیانەوێ ڕاستییەکان ئاشکرابکەن‌و هەندێ جاریش ڕەخنە لەدەسەڵاتەکانی پۆلیس بگرن.

لەیەکێ لەخاڵەکاندا، پرەنسیپی مافی زانینی ئەوانەی لەڕێکخراوە حکومییەکاندا هەڵدەسوڕێن تێپەڕی چوارچێوە یاساییەکەی دەکا، و دەچێتە بواری ئەخلاقەوە، و لەو خاڵەدا دەبێ ڕۆژنامەنووسان ڕەچاوی بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکەیان‌و ئەخلاقی پیشەییان بکەن.[30]

## پوختە:



سەربارى ئەوەی دەستوری ئەمەریکی بەدەق -ڕاشکاوانە- ئاماژەی بە پرەنسیپی مافی خەڵکی لەزانینی ئەوانەی لە ڕێکخراوە حکومییەکاندا هەڵدەسوڕێن نەکردووە، کەچی ڕۆژنامەنووسان داوای ئەو مافە بۆ سەرجەمی خەڵکی دەکەن، و پێیان وایە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن ئەو ڕۆڵەیان پێوە بەستراوە کە بەنوێنەرایەتیکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا چاودێری ئەوانە بکەن لەدامەزراوە حکومییەکاندا هەڵدەسوڕێن. لەماوەی دووەمین جەنگی جیهانیشدا سەرۆکەکانی ئەمەریکا سوردەبوون لەسەر شاردنەوەی هەندێ لەزانیارییە زیندووەکان کە بەلای گشتەوە جێی‌بایەخن؛ بەپاساوی نهێنیی ئەو زانیارییانەو بایەخیان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی‌و بەرگری‌و سیاسەتی دەرەوە.

هەروەها دەوڵەتە پەرەستێنەکانیش هەوڵی سەپاندنی کۆت‌وبەند دەدەن بەسەر ڕۆژنامەنووساندا لەکاتی گەڕانیاندا بەدوای ئەو زانیاری‌و بەڵگەنامانەی بەلای خەڵکییەوە گرنگن، و هەروەها حکومەتە پەرستێنەکان کۆت‌و بەندی یاسایی دادەنێن بۆ پاراستنی نهێنیی ئەو بەڵگەنامانەو دەستەبەرنەکردنیان بۆ ناوەندەکانی ڕاگەیاندن.

لەساڵی 1967یشدا کۆنگرێس ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر یاسای ئازادیی زانیارییەکان، و ئامانجی ئەو یاسایەیش ئاسانکارییە بۆ ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسەکان لە بەدەستهێنانی ئەو بەڵگەنامە حکومییانەی یارمەتیدەرن لەئاشکراکردنی ئەو چالاکییە گەندەڵییانەی ئەگەری ڕوودانیان هەیە لەلایەن حکومەت‌و بەرپرسە ڕەسمییەکانەوە.

لەساڵی 1972یشدا دادگای دەستوری باڵا لەویلایەتە یەکگرتووەکان پشتگیری لەیاسای ئازادیی زانیارییەکان کرد؛ کاتێ بڕیاریدا پارێزگاریکردنی یەکەمین چاککاریی دەستور مافی کۆکردنەوەی زانیاری لەدامەزراوە حکومییەکاندا بۆ ڕۆژنامەنووسان دەستەبەردەکا. لەساڵی 1980یشدا هەمان دادگا بڕیاری ئەوەیشی‌دا مافی ڕۆژنامەنووسان‌و سەرجەمی خەڵکییە لەسووربوونیان بۆ ئامادەبوونی ڕێوشوێنەکانی پەنابردنە بەر دادوەر لەدادگاکاندا.

پرەنسیپی مافی زانین‌و یاسای ئازادیی زانیارییەکان چەندین بەربەرەکانێیان لەنێوان لایەنگران‌و ناکۆکەکانیاندا لێکەوتەوە، و سەرباری ئەوە هێشتا حکومەتی ئەمەریکا نهێنی‌بوون دەسەپێنێ بەسەر سەدان هەزار بەڵگەنامەی گرنگدا، و ناوەندەکانی ڕاگەیاندنیش خەبات دەکەن لەپێناو تەماشاکردنی ئەو بەڵگەنامانە تاوەکو ئازادییەکی ڕاستەقینە بۆ ڕادەربڕین‌و ڕۆژنامەنووسی لەئارادابێ.

www.pertwk.com

لەگەڵ ئەوەیشدا مەسەلەی مافی زانین هەندێ گرفتی ئەخلاقیو یاسایی لێکەوتووەتەوە وەك رادەی مافی رۆژنامەنووسان لەپێزانینی تۆمارکراوە حکومییەکانو ئامادەبوونیان لەکۆبوونەوە رەسمییەکاندا، و هەروەها مافی تەماشاکردنی کۆنووسەکانی پۆلیس، دادگاییکردنەکانی نەوجەوانان، دەرکەوتن لە شانۆی تاوانەکە، و پێزانینی ئەوانەیشی کە دادوەران پێیان هەڵدەستن.

دواجار ئەخلاقی پەیڕەوکردنی رۆژنامەنووسیمان خستەڕوو، لەگەڵ بەکارهێنانی رێگای نائەخلاقی لەلایەن هەندێ لەرۆژنامەنووسانەوە بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکانو لێکۆڵینەوەی لێدانە رۆژنامەنووسییەکان. لەوانەیش کێشەی "وەرەقەکانی پێنتاگۆن" لەساڵی 1971دا، و هەروەها کێشەی لەباربردن بەبێ سکپڕبوونی شەرعی لەساڵی 1978دا، و دواتر کێشەی دزەپێکردنی زانیارییەکان لەلایەن دادوەرەکانەوەو بڵاوکردنەوەیان لەسەرەتای هەشتاکاندا بەر لەوەی دوابڕیاریان بۆ دەربچێ.

## سەرچاوەکانی فەسڵی حەوتەم




(1) Holsinger, Ralph L. Media Law (N. Y.: Random House, 1987) P. 292.

(2) Dennis. Everette E. and Merrill, John C., Basic Issues in Mass Communication (N. Y.: Macmillan Publishing Company, 1984) P. 31.

(3) Fink, Conrad C. Media Ehtics in the Newsoom And Beyond (N. Y.: McGraw- Hill, Inc., 1988) P. 11.

(4) Harless, James D. Mass Communication An Introductory Survey (USA: Wm. C., Brown Publishers, 1985) P. 462.

(5) Fink, C. C., (1988) op. cit, P. 258.

(6) Holsinger, R. L., (1987) op. cit, P.293.

(7) Harless, J. D., (1985) op. cit, P.458.

(8) عماد عبدالحمید النجار: الوسیط فی تشریعات الصحافة (القاهرة: مكتبة الانجلو المصریة، 1985) لاپەڕە 216.

(9) فاروق أبو زید: النظم الصحفیة فی الوطن العربی (القاهرة: عالم الكتب، 1986) لاپەڕە 79.

(10) دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو: یاسای فیدراڵیی ژمارە (15)ی ساڵی 1980ی زایینی تایبەت بە چاپەمەنیو بڵاوکردنەوە (ئەبوزەبی: وەزارەتی راگەیاندن).

(11) کۆماری لوبنان: مەرسومی سۆشیالیستیی ژمارە 104 لەرۆژی 1977/6/30 (بەیروت: وەزارەتی راگەیاندن).

(12) سوڵتاننشینی عوممان: یاسای چاپەمەنیو بڵاوکردنەوەی ژمارە 1984/49و لائیحەی جێبەجێکردنەکەی (مەسقەت: وەزارەتی راگەیاندن).

(13) Fink, C. C., (1988) op. cit, P. 259.

(14) Bittner, John R. Mass Communication An Introduction (N. J.: Prentice- Hall, Englewood Cliffs, 4th Ed, 1986) P. 382.

(15) Harless, J. D., (1985) op. cit, P. 462.

(16) Holsinger, R. L., (1987) op. cit, PP. 293-294.

(17) Fink, C. C., (1988) op. cit, P. 259.

(18) Dennis, E. E., and Merrill, J. C., (1984) op. cit, P. 32.

www.pertwk.com

(19) Haiman, Franklyn S. Speech and Law in a Free Society (Chicago: University of Chicago Press, 1981) P. 368.

(20) Dennis, E. E., and Merrill, J. C., (1984) op. cit, PP 40-41.

(21) Fink, C. C., (1988) op. cit, P.260.

(22) Ibid, P. 282.

(23) Holsinger, R. L., (1987) op. cit, P. 381.

(24) Ibid, PP. 318-323.

(25) Ibid, P. 342.

(26) Witcover, Jules "Tow Weeks that Shook the Press" Columbia Journalism Review 10 (September/ October. 1971) PP. 9-11.

(27) Christians, Clfford G. Rotzoll, Kim B., And Fackler, Mark Media Ethics Cases and Moral Reasoning (N. Y.: Longman Inc., 1987) PP. 76-78.

(28) Ibid, PP. 78-80.

(29) Bok, Sissela Lying: Moral Choice in Publice and Private Life (N. Y.: Pantheon Books, 1978) PP. 123-126.

(30) Holsinger, R. L., (1987) op. cit, P.325.

www.pertwk.com

# دیریازیی چواریم

# ئازادیی ڕادەربڕینو مافەکانی هاووڵاتیان

**فەسڵی هەشتەم**:

*مـافی پارێزگـاریکردنی ئـابڕوو پلـەو پایـەی کەسـێتی لـەتاوانی ناوزڕاندندا..

**فەسڵی نۆیەم**:

*مافی پارێزگاریکردنی تایبە تمەندی

**فەسڵی دەیەم**:

*مافی دادگاییکردنی دادوەرانە

**فەسڵی یانزەیەم**:

*مافی بڵاوکردنەوە

**فەسڵی دوانزەیەم**:

*مافی پارێزگاریکردنی خوڕەوشتی گشتی لەکارە بەدڕەوشتییەکاندا

www.pertwk.com

# فەسڵی هەشتەم

## مافی پارێزگاریکردنی ئابڕوو پلەو پایەی کەسێتی لەتاوانی ناوزڕاندندا

-چەمکی ئاشکرایی (العلانية).
-ئاشکرایی لەشەریعەی ئیسلامیدا.
-ئاشکرایی لەیاسای ئینگلیزیدا.
-ئاشکرایی لەیاسای فەڕەنسیدا.
-زیانگەیاندن بۆ سەر پلەو پایەی کەسێتی لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا.
-تاوانەکانی زیانگەیاندن بۆ سەر پلەو پایەی کەسێتی لەکۆمەڵگای میسریدا.
- نیەتی تاوانکاری لەتاوانەکانی ئابڕوو پلەو پایەی کەسێتیلەمیسر.
-چۆن رۆژنامەنووس لەتۆمەتی ناوزڕاندن دووردەکەوێتەوە؟
-ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی.

www.pertwk.com

# فەسڵی هەشتەم

## مافی پارێزگاریکردنی ئابڕوو پلەو پایەی کەسێتی لە تاوانی ناوزڕاندندا*

### دەسپێك:

لەماوەی زیاتر لە شەش سەدەدا، دادگاکانی بریتانیا و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەستیان بە بەهای ئابڕوی تاکەکان Reputationکرد، هەروەك چۆن دادگاکان هەستیان بەوەیش کرد دەشێ لەرێی وشەی راگەیاندراوەوە وەك تۆمەتبارکردنی کەسانی تر بەئەنجامدانی تاوان، یان نەبوونی ئەخلاق، یاخود درۆکردن ئابڕو ئازار بدرێ. دادگاکان رێگایانداوە بەوانەی دەبنە قوربانی قسەی بریندارکەرانەی ئەو کەسانەی کە لەهەیبەتیان کەمکردوونەتەوە، یان ریسوایانکردوون پەنا ببەنە بەر دادوەر Sue، و بڕی هاوسەنگیی بارستایی بریندارکردنەکە وەربگرنەوە کە تووشی هاتوون و ئەوەیش لەلایەن دادگاکەوەو بەپاڵپشتیی یاسای شێواندنی ئابڕو

* لەلێکۆڵینەوەکەی لێکۆڵیاردا وشەی "ماف" کە دەکەوێتە سەرەتای ناونیشانەکە دانەنراوە، بەڵام لەبەرئەوەی پێشتر دایناوەو لە "پێڕست"یشدا بەهەمان شێوە، و لەم فەسڵەیشدا گرنگیی مافی پارێزگاریکردنی ئابڕوو پلەو پایەی کەسێتی لە تاوانی ناوزڕاندندا دەخاتەڕوو، بۆیە پێدەچێ دانەنانی وشەی "ماف" لەناونیشانە عەرەبییەکەداو لێرەدا هەڵەی چاپبێ، بۆیە بەندە دامناوەتەوە.

و.ك



Law of Defamation کە بەیاسای "ناوزڕاندن" Libel ناسراوە دەخەملێنرێ.

لەچارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمیشدا، رۆژنامەنووسان زیاتر لەهەر یاسایەکی تر بایەخیاندا بەیاسای ناوزڕاندن. دادگای دەستوری باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانیش ئەوەی پەسەندکرد یەکەمین چاککاریی دەستوری ئەمەریکی ناوەندەکانی راگەیاندن لەرووداوی ناوزڕاندن Libel Actions دەپارێزێ، بەڵام ئەو پاراستنە رەها نییە، و بەهۆی ئەم پارێزگاریکردنەوە ئەو کەسانەی بە تۆمەتی ناوزڕاندن لەلایەن ناوەندەکانی راگەیاندنی ئەمەریکاوە دەچنە لای دادوەر لەنێو هەر دە کێشەی بەردەم دادگادا تەنها کێشەیەك دەبەنەوە، و کێشەکانی ناوزڕاندن پێویستیان بە تێچوونێکی گەورە هەیە؛ لەبەرئەوە ئەوانەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا سەرقاڵی پەیوەندیکردنن هەڵدەستن بە کارپێکردنی بەڵگەنامەیەك بۆ دڵنیابوون لەدژی تۆمەتی ناوزڕاندن لەبەر زۆری تێچوونەکەی؛ و لەبەرئەوە زۆر لە بڵاوکەرەوەکان و پەخشکەران دووردەکەونەوە لە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە کێشانەی کە دەشێ بیانخەنە ژێر هێزی یاسای ناوزڕاندن.(1)

ئەم فەسڵەیش چەمکی ئاشکرایی (العلانیه) لەخۆدەگرێ؛ بەو پێیەی یەکەمین رەگەزە لەرەگەزەکانی تاوانی ناوزڕاندن، و هەروەها لێکۆڵینەوەی ئاشکرایی لە شەریعەی ئیسلامی، و یاسای ئینگلیزی، و یاسای فەڕەنسی، و تاوانەکانی زیانگەیاندن بۆ سەر پلەو پایەی کەسێتی لەکۆمەڵگای ئەمەریکی، و زیانگەیاندن بۆ سەر پلەو پایەی کەسێتی لەکۆمەڵگای میسریدا، لەخۆدەگرێ و هەروەها چۆن دەکرێ لەتاوانی ناوزڕاندن دووربکەویتەوە، لەگەڵ ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی.

www.pertwk.com

## چەمکی ئاشکرایی (العلانية):

ئاشکرایی لەناوەڕۆکیدا بەستراوە بە بنەمای جاڕدان یان پەخشکردن یاخود بڵاوکردنەوەی بیرۆکەیەکی دیاریکراو بۆ ئاگادارکردنی خەڵکی بە ناوەرۆکی ئەم بیرۆکەیە. لەسەر ئەو بنەمایە ناوەڕۆکی راگەیاندن دوو پاڵپشتی هەیە:

یەکەم: مانایەك لەماناکان رایەك یان بیرۆکەیەك لەبارەی بابەتێ لەکاروباری ژیان لەخۆدەگرێ ئیتر بابەتەکەبێ، یان لەبارەی یەکێ لەو کەسانەوەبێ کە پێکهاتەکەی سروشتیبێ یان مەعنەوی.

دووەم: پەخشکردنی ئەم واتایەو جاڕدانی لەنێو خەڵکیدا سەبارەت بە زانینو ئیرادە.[2]

مەبەست لەتاوانی ئاشکرایی ئەو جۆرەیە لەتاوان کە پەیوەندداره بەو بیرۆکەو باوەڕو رێبازو پرەنسیپانەوە بەجیاوازی جۆرو شێوە سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو فەلسەفییەکانیەوە کە لەرێی ناوەندەکانی راگەیاندن (ئاشکرایی)ەوە ئەنجام دەدرێن، و لەخراپ بەکارهێنانی ئازادیی راگەیاندنیشەوە دەکەوێتەوە، بەجۆرێ لەسەر ئەوە بەرپرسیارێتیی مەدەنی یان تاوانکاریی یاخود هەردووکیان پێکەوە رێکدەخرێ.

**دەشێ ئەم تاوانانە بۆ سێ جۆر جیابکرێنەوە، ئەوانیش:**

1–هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوانو توندوتیژی، و لەسەر پابەندبوون بە یاساکان، و بە سووککردنی تیرەیەك لەخەڵکی، و پێشێلکردنی پیرۆزی رەوشتەکان، و لێدانی دڵی دەوڵەت، و لێدانی بەرەنگاربوونەوەی سیستمی کۆمەڵایەتی.

2–درکاندنو بەهەڵەبردنی ئەو زانیارییانەی خراپن بۆ دادوەریی، و سیستمی گشتی.

3–زیانگەیاندن بۆ سەر ئابڕوو پلەو پایەی کەسێتی، و هەروەها تاوانەکانی ناوزڕاندن، جنێودان، ئابڕووبردن، توانجدان دەکەونە ژێری.



تێبینی ئەوەیش دەکرێ زۆربەی جار دەق بۆ ئەم تاوانە لەیاسای سزادانداد دێن، نەوەك لەیاساکانی رۆژنامەنووسیدا.[3]* ئەم فەسڵەیش بایەخدەدا بەجۆری سێیەمی تاوانی ئاشکرایی، و مەبەستلێی پەلاماردانی ئابڕوو پلەو پایەی کەسێتییە.

## ئاشکرایی لە شەریعەی ئیسلامیدا:

شەریعەی ئیسلامی ئاشکرایی وەك یەکێ لە کۆڵەکەکانی تاوانی ناوزڕاندنناسیووە، و تاوانی ناوزڕاندن لەشەریعەی ئیسلامیدا کورتدەبێتەوە بۆ "تاوانبارکردنی ژنی مێرددار بە داوێنپیسی"و سزای نادرێ تەنها لەو کاتانەدا نەبێ کە ناوزڕاندنەکە ئاشکرابێ، و ئاشکرایی لە ناوزڕاندنیشدا کۆڵەکەیەکە بۆ ئەوەی یاساییانە پێیهەستی.

گوناهبارکردنی جنێودان لەدەقی ئەم ئایەتەدا دەردەکەوێ:

(یا أیها الذین أمنوا لا یسخر قوم من قوم عسی أن یکونوا خیرا منهم و لانساء عسی أن یکن خیرا منهن ولا تلمزوا انفسکم ولا تنابزوا بالالقب بئس

---

* لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانیشدا کە ژمارە (10)ی ساڵی 1993ی پارلەمانی کوردستانەو بەژمارە بڕیاری (24) لە 1993/4/25دا دەرچووە، بەهەمان شێوە سزای تیا نییەو ئەگەر رۆژنامەنووسێ تۆمەتباربکرێ بە تاوانی ناوزڕاندن یان توانجدان یاخود سوکایەتیپێکردن ئەوا بەگوێرەی یاسای سزادانی عیراقیو بەتایبەتی بەندی (433) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ کە دادوەر تا دە ساڵ بۆی هەیە رۆژنامەنووسەکە زیندانیبکا.. هەروەك چۆن بەندە پێشتر تووشی کێشەیەکی رۆژنامەنووسی لەو جۆرە هاتمو بەگوێرەی ئەو بەندەی یاسای سزادانی عیراقی سزادرام..

جارێکیترو بۆ تێگەیشتن لە وردەکارییەکانی یاسای چاپەمەنیی بگەڕێوە بۆ: مەم بورهان قانع، ئازادیی رۆژنامەنووسی لەیاسای.. (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

و.ك

www.pertwk.com

الاسم الفسوق بعد الايمن ومن لم يتب فاولئك هم الظلمون)[1] .گاڵتەجاڕی لێرەدا ریسـواکردن‌و بەدەرخسـتنی نـەنگی‌و کەمییەکانـە، و ڕەنگـە ئـەم ئایەتـە بـە دەستەواژەی کۆ هـاتبێ بۆ ئاگادارکردنـەوە لەبیرۆکـەی ئاشـکرایی، بـەجۆرێ گرنگیی ریسواکردن یان گاڵتەجاڕی بەئاشکرا بەدەربخرێ.

هەروەها ئەم ئایەتە بەخشندەیەیش:

(لا يحب الله الجهر بالسؤ من القول الا من ظلم)[2]

ئەوە ئایەتێکی یەکلاکەرەوەیە لە واتای نەهیکردن لەئاشکرایی، و ئەوە ئەو شتەیە کە قسەیەکی خراپ لەخۆدەگرێ، تەنها لەحاڵەتەکانی خوازیاربوون بۆ دوورخسـتنەوەی خراپییەکـە، یـان ئاگادارکردنـەوە بـۆ چـاکە، بـەجۆرێ ئاشـکراکراوەکە ڕێگـای بڵاوبوونـەوەی ئـەوە بـدا، بـەکارکردن بەئایەتـە میهرەبانـەکان لـەکار بەچـاکەو نـەهیکردن لەخراپـە، و پارێزگـاریکردنی بەرژەوەندیی تاك‌و کۆمەڵ.

هەروەها ئاشکرایی لەشەریعەی ئیسلامیدا پشت بە فەرمودەکانی پێغەمبەر (د.خ)یش دەبەستێ، کە دەڵێ "خوا بەدڕەوشتی داوێن پیسی لەبازاڕدا خۆش ناوێ"، و لەوتەیەکی تریشیدا درودی خوای لێبێ دەفەرموێ "جنێوفرۆش‌و ئاشکراکەران دوو گەلن لەگەڵ دووروویی" مەبەست لەئاشکراکردن لێرەدا پەیوەندی بەجنێودانی ئانقەستی ئاشکراکراوەوە هەیە کە هەمیشە مرۆڤی شەرم دەکا لەراگەیاندن‌و دەربڕینی.(4)

## ئاشکرایی لەیاسای ئینگلیزیدا :

بیرۆکەی ئاشکرایی لەیاسای ئینگلیزی‌دا پاڵپشتە بە بنەمای پەخشکردنی مانـای خـراپ لـەبارەی کەسێکەوە بـەبێ ئـەوەی پێویسـت بکـا، و بیرۆکـەی

---

[1] الحجرات: 11

[2] النساء– ئایەتی: 148

ئاشکرایی لەیاسای ئینگلیزی‌دا سادەو ئاسانە، ئەگەر دەستەواژەکان جێگای بایەخبوون کە ناوزڕاندنە یان جنێودانە یاخود ئابڕوبردنی زارەکییە ئەوە بەسـە تۆمـەتکار بـۆ کەسێکی‌تری باسـکردبێ، ئەگـەر ئـەوەی جنێوەکـەی پێدرابێ خۆیشی‌بێ، و ناوزڕاندن بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبێ: ناوزڕاندنی نووسراو، کە Libel (ناوزڕاندن–و.ك)ی پێدەوترێ، لەگەڵ ناوزڕاندنی زارەکی (جنێـودان) کـە Slanderی پێـدەوترێ. یاسـای ئینگلیـزی بـۆ ئەنجامـدانی ناوزڕاندنی زارەکی ئەو مەرجە دادەنێ ئەو دەستەواژانەی لەناوزڕاندنەکەدا هاتوون‌و ئەو کەسەی ئاڕاستەی کراوە ناوزڕاندنی رقلێبوونەوە Hated یان گاڵتـەجاڕی Ridicule یـاخود ئـابڕوبردن Contempt بـێ لەلایـەن کەسـانی ترەوە، و ببێتە هۆی زیان بۆ ئابڕوی پەلاماردراو لەلای خەڵکی‌و دەبێ ئەوەیش بە ئاشکرایی دەرچووبێ. بەکورتی پێڕاگەیاندنی کەسێ بەدەستەواژەی خراپ بـە کەسـانی‌تر کـە ئاشـکراکراوبێ؛ کەسـەکە ئـەوەیش بزانـێ ئاشـکراکراوەکە دەسەلمێنێ، مادامەکی پاساو نەبێ بۆ وتنی ئەو دەستەواژانە.

بەڵام ئاشکرایی (العلانية) لـە ناوزڕانـدنی نووسـراودا، جیـاواز نییـە لـەوەی کـە لەناوزڕانـدنی زارەکـی‌دا دەردەکـەوێ. وشـەی نووسـراو، یـان وێنـە، یـاخود نیگار، یان پەیکەرسازی، یان جیا لـەو ناوەندانـە ئەگـەر جگـە لـە نووسـەرەکەی یان وێنەکێشەکەی بەوە ئەو مەرجە یاساییە پێویستەی تیابێ بۆ سزادانی ئەو ناوزڕاندنـە مادامـەکی پاسـاونەبووبێ بـۆ ئـەو بڵاوکردنەوەیـە. پاسـاویش لەیاسای ئینگلیزی‌دا بەتەنها راستگۆییە لە باسکردنی واقیعەکەدا.

## ئاشکرایی لەیاسای فەڕەنسی‌دا :

چەند گۆڕانکارییەك لـەدەقی ئاشکرایی یاسای تایبـەت بە رۆژنامەنووسـی کـە لـە 29ی تـەممووزی 1881دا دەرچـووە،کراوەو دواینیـان لەسـاڵی 1958دا بووە.

www.pertwk.com

لەهەردوو بەندی 23و 24ی یاسای رۆژنامەنووسیی فەرەنسیدا رێگاکانی ئاشکراکردن هاتوون کە بەهۆیانەوە تاوانی وتن دەکەوێتەوە، و سودمەند لەیاسای رۆژنامەنووسیی فەرەنسی ئەو ناوەندانەی راگەیاندن کە لەم دوو بەندەدا هاتوون ئەمانەن:



یەکەم: بڵاوبوونەوە بەوتن، سەرجەمی ئەوانەی لەهاوار یان هەرەشە دەچن دەکەونە ژێر باری ئەم هۆیەوە.

دووەم: بە نووسین، مانای هەموو دەربڕینی بیرۆکەیەکە لەرێگای پیت و چاپکراوەوە، و ئەوەیش دەگرێتەوە کە بەدەست دەنووسرێ، ئەوانیش کە بەشداریکردنی ئامێرە لەچاپکردنیدا بەسەرجەمی جۆرەکانییەوە، دەکەونە ژێر ئەم هۆیە نووسراوەوە، لەگەڵ نیگارکێشان، وێنە، رەمز.[5]

## زیانگەیاندن بۆ سەر پلەو پایەی کەسێتی لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا:

دەشێ ناوزڕاندن لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا بەوە بناسێنین کە "بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانە کە دەبنە هۆی ریسواکردنی کەسێ، و لەئەنجامی ئەوەوە ئەو کەسە رووبەرووی رقلێبوونەوەو گاڵتەپێکردن و هەروەها شێواندنی ئابڕو دەبێتەوە کە وا لەکەسانیتر دەکا لێی دووربکەونەوەو لەهەیبەتی کەمبکەنەوە".

پەیوەندی لەنێوان ناوزڕاندن Libelو جنێودان Slandeیشدا هەیە کە بە بڵاوبوونەوەوە دەبەسترێتەوە، و لێیەوە "پەخشکردنی جۆرە دەستەواژەیەک دەکەونەوە کە ببنە هۆی ریسواکردنی کەسێ بۆ بەرژەوەندیی کەسێکیتر"، و هەندێ جار یەکبوون روودەدا لەنێوان تۆمەتەکانی ناوزڕاندن و جنێودانددا، بۆ نمونە دەشێ کەسێ لەدرێژەی هەواڵێکی پەخشکراودا رووبەرووی تۆمەتی ناوزڕاندن و جنێودان ببێتەوە.

**تاوانی ناوزڕاندن لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا پشت بەسێ کۆڵەکە دەبەستێ، ئەوانیش:**

1–ئاشکرایی: Publicity

2–ریسواکردن یان شێواندنی ئابڕو: Defamation

3–هاونمونەیی یان لێکچوون: Identification

ئەگەر کەسێ رووبەرووی بابەتێکی نووسراو، یاخود چاپکراو لەرۆژنامەدا، یان پەخشکراو لە ناوەندە بیستراوو بینراوەکاندا بووەوە، و بابەتە چاپکراوەکەیش ریسواکردن، و لێکچوونی لەخۆگرتبوو کە بەسەر ئەو کەسەدا پیادەببێ، ئەوکات کەسەکە بۆی هەیە ناوەندە راگەیاندنەکە بەتۆمەتی ناوزڕاندن تاوانبارکا.[6]

چەندین سەدە تێپەڕین هێشتا ویلایەتە یەکگرتووەکان لەدەستنیشانکردنی تاوانی ناوزڕاندندا پشتیان بەیاسای ئاسایی Common Law دەبەست، و ئەم یاسا نەنووسراوەیش جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی هەر کەسێ دەشێ ببێتە ئامانجی قسەی بریندارکەرو مافی ئەوەی هەیە لەدژی ئەوەی ئابڕوی شێواندووە یان ناوی زڕاندووە پەنابەرێتە بەر دادوەر، کە لەم هێرشەدا ئەو کەسە ئامانجدارەکەبووە، و هەروەها هێرشکردنەکەیش بۆ سەری بووەتە هۆی کەمکردنەوەی شان و شکۆی لەلای خەڵکی. پشت بەست بەوەیش سەرجەمی گریمانەکان لەبەرژەوەندیی قوربانیدا یان "شکاتکەر" Plaintiffدا دەبن.

لەگەڵ ئەوەیشدا "شکاتلێکراو" دەتوانێ ناوزڕاندنەکە بەرێتەوە لەکاتێکدا ئەگەر توانی یەکێ لەم سێ رەگەزەی خوارەوە بسەلمێنێ:

www.pertwk.com

یەکەم: زمانی گوناهبارکردنەکە Offending Languge بەکارهاتووە کە لەتۆمەتبارکردنەکەدا راستگۆیانەیە.

دووەم: تۆمەتبارکردنەکە وردبینیی و دادوەریی Accuracy and Fair تیایەو دەشێ پشتی پێببەسترێ بۆ سەلماندنی بە بەڵگەنامە یاخود تۆمارکراو.

سێیەم: بابەتە بەکارهاتووەکەی تۆمەتبارکردنەکە گوزارشت لەراپۆرتێکی دادوەری دەکا لەبارەی "چالاکییە گشتییەکان"ی تۆمەتبار. سێیەمین رەگەزیشیان لەدژی بەرپرسە حکومییەکان و کەسێتییە گشتییەکان بەکاردەهێنرێ.



بەمجۆرە رێساکانی سەلماندن لەبەردەم دادگادا زۆر سەخت دەبن، بۆ نمونە شکاتلێکراو Defendant کە بەرگریکردنەکانی لەسەر بنەمای "راستگۆیی" Truth بونیاد دەنێ، دەبێ ئەو توانایەی هەبێ بۆ رازیکردنی دادوەر بەوەی سەرجەمی وردەکارییەکانی تۆمەتبارکردنەکە یان گوناهبارکردنەکە راستگۆیانەو هەروەها راستیشن.[7]

لەساڵی 1735یشدا کۆمەڵگای ئەمەریکی یەکەمین کێشەی ناوزڕاندنی بەخۆوە بینی، ئەوەیش لەو کاتەدابوو کە رۆژنامەنووس "جۆن پیتەر زینجەر" Jon Peter Zenger رووبەرووی تۆمەتی هێرشکردنە سەر فەرمانڕەوای ویلایەتەکە بووەوە، و ئەوە بەهاندان بۆ ئاشوبنانەوە، و هەڕەشەکردن بۆ دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دانرا. رۆژنامەنووسەکە کێشەکەی دۆڕاند؛ لەبەرئەوەی نەیتوانی راستگۆیی یان بانگەشەکانی بسەلمێنێ.

یاسای ناوزڕاندن لەکۆمەڵگای ئەمەریکی‌داو لەماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا گەشەسەندنی بەخۆوە بینی، و نەبوونی راستگۆیی بووە پێوەری حوکمڕان بەسەر ناوزڕاندندا، بەوەی مافی هەر کەسێکە کەسێکی‌تر تۆمەتباربکا ئیتر بەهەر تۆمەتی‌بێ‌و بشتوانێ ئەوە بسەلمێنێ تۆمەتبارکردنە ناڕاستەکراوەکە بۆ ئەو کەسەی‌تر راستە، و ئەوە بە شێواندنی ئابڕوی دانانرێ، بەڵکو لەسەریانە بوغزو درۆ لەم تۆمەتبارکردنانەدا بسەلمێنن تاوەکو کێشەیەکی ناوزڕاندن ببەنەوە.[8]

لەساڵی 1964یشدا بۆ یەکەمین جار دادگای دەستوری باڵا لەویلایەتە یەکگرتووەکان تەماشای کێشەیەکی ناوزڕاندنی کرد، ئەوەیش ئەو کێشەیەیە کە ناسراوە بە "Newyork Times V.Sullivan"و لەم کێشەیەدا دادگای دەستوری باڵا پارێزگاریکردنی یەکەمین چاککاریی دەستوری ئەمەریکی بۆ ناوەندەکانی راگەیاندن پەسەندکرد، کە حوکمەکەی بۆ بەرژەوەندیی رۆژنامەی "نیویۆرك تایمز" دەرکرد، و لە هۆکارەکانی ئەو حوکمەدا هاتووە یەکێ لەئامانجەکانی یەکەمین چاککاریی دەستور جەختکردنەوەیە لە تاوتوێکردنی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی بەپرسە حکومییەکان بەو پێیەی "قەدەغەکراونین" Uninbibited، بەتایبەتی ئەگەر ئەم گفتوگۆیانە پەیوەندداربن بە کێشەیەکەوە کە لەلای جەماوەر یان سەرجەمی خەڵکی جێگای بایەخبن، و هەروەها فەرمانبەری رەسمی بۆی نییە کێشەیەکی ناوزڕاندن بباتەوە ئەگەر "بەڵگەی رازیکەرو روون" Clear and Convincing evidenceی نەبێ بۆ ناڕاستیی ئەو تۆمەتانەی لەدژی کراون، کە ئەم تۆمەتانە لە "بوغزی‌کەوتو" وە کەوتوونەتەوەو دادگایش مەبەستی واتای "بوغز" Maliceی بەوە دیاریکردووە مانای بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ زانینی ناڕاستیی تۆمەتبارکردنەکەدا، یاخود هێرشکردنی ئانقەست بەچاوپۆشین لەراستییەکە.

لە حوکمی دادگای دەستوری باڵادا وەرچەرخانی "سەختی سەلماندن"ی ناوزڕاندن Burden of Proof لەشکاتلێکراوەوە بۆ شکایەتکار کەوتەوە، ئەوەیش لەوکاتەدا کە ئەگەر "شکاتکەر" "فەرمانبەری گشتی"بێ، و نەیتوانی هەر لەسەرەتاوە ئەوە بسەلمێنێ قوربانیی تۆمەتی ناڕاستە، ئەوا ناتوانێ حوکمێك بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەدەستبهێنێ.

بەوەی کە حوکمەکەی کە لە کێشەکەی پێشوودا لەبەرژەوەندیی رۆژنامەی "نیویۆرك تایمز" کەوتەوە ئەوە بەنیسبەت یاسای ئاساییەوە کە بۆ ماوەیەکی

www.pertwk.com

زۆر کاری پێدەکرا زۆر دەگمەنە، بۆیە دادگاکانی خواروتر لەدەرکردنی حوکمەکانیاندا لەکێشەکانی ناوزڕاندندا هەمەڕەنگبوون، لەکاتێکدا داوا لە دادگای دەستوری باڵادا دەکریٚ ئەو نیەتەی مەبەستیەتی روونیانبکاتەوە.

لەساڵی 1967یشدا دادگای دەستوری باڵا پێویستیی سەلماندنی کەسێتییە گشتییەکانی پەسەندکرد بۆ کاری فێڵبازانە یاخود بوغزاوی Actual Malice لەکاتی تۆمارکردنی سکاڵای ناوزڕاندن لەسەر ناوەندەکانی راگەیاندن، و دادگاکە رایگەیاند: کەسێتییەکان دەبنە گشتی Pulic Figures لەکاتێکدا لە گفتوگۆکردنی ئەو کێشە گشتیانە تێوەدەگلێن کە جەماوەر بەلایەوە گرنگە. دادگای دەستوری باڵا هەستی بەو راستییەیش کرد کە پێویست بەوە ناکا خەڵکی ببنە بەرپرسانی حکومی تاوەکو کاریگەرییان بەسەر سیاسەتی گشتییەوە هەبیٚ، و کەسێتییە گشتییەکان Public Figures لەبەرپرسە رەسمییەکان Public officials دەچن لەرووی سەرنج راکێشانی ناوەندەکانی راگەیاندن بۆ دیدوبۆچوونەکانیان.[9]

لەساڵی 1971یشداو لەکێشەی Rosenbloom V. Metromediaدا دادگای دستوری باڵا پارێزگاریکردنی ناوەندەکانی راگەیاندنی لەدژی تۆمەتی ناوزڕاندن فراوانکرد، بەجۆریٚ دادگا پشتی بەوە بەستبوو کە ئامانج لەیەکەمین چاککاری پارێزگاریکردنی تاوتوێکردنی کێشە گشتییەکانە؛ و بەمجۆرە دادگاکە پێیوابوو هەر کەسیٚ لەرێی هەواڵ و لێدوانەوە کە کێشە گشتییەکان لەخۆبگرن رووبەرووی ناوزڕاندن بوەوە لەسەریەتی "بوغزی کەتووەوە" Actual Malice بسەلمێنیٚ.

هەروەها لەساڵی 1974دا دادگای دەستوری باڵا لەکاتی تەماشاکردنی کێشەی Gertz V. Robert Welchدا جەختیکردەوە لە دڵنیابوونەوە لە بڕیارەکانی دادگاکانی پێشوو کە ئەوەیان پەسەندکردبوو کەسێتییە گشتییەکان، و کەسێتییە رەسمییەکان هەردەبیٚ "کاری ریسواکردن یان سەرزەنشتکردن" بسەلمێنن تاوەکو کێشەی ناوزڕاندن ببەنەوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا دادگاکە ئەوەی پەسەندکرد کەسێتییە ئاساییەکان Private Individuals لەسەریانە لەسەر ئاستێکی کەمتر لەسەلماندنی داواکراو لە کەسێتییە گشتییەکان و بەرپرسە رەسمییەکان کێشەکانی ناوزڕاندن لەدژی ناوەندەکانی راگەیاندن ببەنەوە، و تاکە حاڵەت کە دادگاکە دەیسەپێنیٚ ئەوەیە کەسەکە هاوەڵی زیانەکە بخاتەڕوو، یاخود پلەیەکی هەڵەی ناوەندی راگەیاندنەکە وەك فەرامۆشکردن Negligence، یان هەر هەڵەیەك کە نەگاتە ئاستی "کاری بوغزاوی" Actual Malice، و مەبەست لە فەرامۆشکردن دەرچوونە لەئاستی چاودێریکردنی راهاتوو "بۆ کەسی ژیرو سەنگین" Prudent Person و رەفتارەکانی لە بارودۆخە واقیعییەکاندا بۆ یەکیٚ لەهەڵوێستەکان، و لەم حاڵەتەدا دەشیٚ کەسی ئاسایی کێشەی ناوزڕاندن لەدژی ناوەندەکانی راگەیاندن بباتەوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا دادگاکە بڕیاریدا بەوردبینییەکی گەورەترەوە کەسێتییە گشتییەکان دیاریبکا، کە ئەو کەسێتییانە بەسەر دوو دەستەدا دابەشکراون:

أ–کەسێتیی گشتی لەهەموو مەبەست و سیاقەکاندا.

ب–کەسێتیی گشتی لەبواری تایبەتمەند و سنورداردا لەو کێشانەی جێگای قسەو باسن.

لەسەر کەسی زیانلێکەوتوویشە، خۆی وەك کەسێتییەکی گشتی یاخود لەبارێکی دیاریکراودا بسەلمێنیٚ تاوەکو نا ڕاستیی تۆمەتەکە لەتاوانی ناوزڕاندنەکە بسەلمێنریٚ.[10]

هەروەها دادگاکە بڕیاری ئەوەیشیدا کەسە ئاساییەکان نابیٚ رێگایان پیٚبدریٚ بە داواکردنەوەی مەعنەوی مادامەکی نەتوانن ئەوە بسەلمێنن کە زیانێکیان لێکەوتووە، و دادگاکە ئەو زیانەی بەوە دەستنیشانکرد کە بەتەنها لەدەستدانی پلەو پایەی کەسێتی نییە یاخود کەمکردنەوەی نییە لەکۆمەڵگادا، بەڵکو داوای سەلماندنی ریسواکردنە کەسییەکە Persnal Humiliation دەکا لەگەڵ تێوەگلان Embarrassment کە ئەوانە لەو

www.pertwk.com

شتانەن بۆ تاك سەختن بەوردی بیانسەلمێنێ. دادگاکە ئەوەیشی راگەیاند رووداوەکانی ناوزڕاندن دەبێ زەمینەکەی تەنها پشت بە دڵنیابوون لەحەقیقەتی درۆکە یان شێواندنی ئابڕووەکە ببەستێ.

بەوەیش پارێزگاریکردنی یەکەمین چاککاری دەستوری بۆ ناوەندەکانی راگەیاندن درێژبووەوەو ناڕاستی ناوزڕاندنیشی گرتەوە لەوکاتانەدا کە هاووڵاتیی ئاسایی دەستبەرداری دەبێ، دوای ئەوەی دەستەوەستان بوو بۆ بەدرۆخستنەوەی تۆمەتبارکردنەکە بەنسیبەت فەرمانبەرە رەسمیو کەسێتییە گشتییەکانەوە.

لەساڵی 1986یشدا دادگای دەستوری باڵا جەختی لەم ئاڕاستەیە کردەوە کاتێ بڕیاریدا بەوەی یەکەمین چاککاریی دەستور داوا لە هەرکەسێ دەکا داوای ناوزڕاندن لەدژی ناوەندەکانی راگەیاندن تۆماربکا ئەگەر راگەیاندنەکە شتێکی لەو شتانە لەخۆگرتبوو کە جێگای بایەخی هەمووانبێ، و بەبەڵگە سەلمێنەری روونی ناڕاستی ئەو تۆمەتە، یان ئەو شێواندنەی ئاڕاستەیکراوە بسەلمێنێ؟

دادگاکە ئەوەیشی پەسەندکرد "رووداوەکانی ناوزڕاندن" بەسەر "بۆچوونەکان"دا جێبەجێنابن چەندە ئەو بۆچوونانەیش زیادەڕۆییو لەتام دەرکراویی لەخۆگرتبێ. دواتر زەحمەتێکی زۆر گەورە هەیە لەبردنەوەی کێشەکانی ناوزڕاندندا کە ئاڕاستەی ناوەندەکانی راگەیاندن کراون، ئەگەر شکاتکەر نەتوانێ لەرێی راستیی دڵنیاکراوەوە ئەوە بسەلمێنێ بووەتە قوربانی درۆو شێواندن.(11)

## تاوانەکانی زیانگەیاندن بۆ سەر پلەو پایەی کەسێتی لەکۆمەڵگای میسریدا:

مافێ هەیە بۆ هەموو مرۆڤێ بۆ ئەوەی بەگوێرەی پێوەرە بابەتییە چەسپاوەکانی کۆمەڵگا لەنێو خەڵکیدا لەبەرچاوبگیرێ، و هەروەها مافی لەپاراستنی ئابڕوی، و بەم هۆیانەی خوارەوەیشەوە ئەو مافە پێشێلدەکرێ.

**ناوزڕاندن:** پشت بە ئاشکرایی دەبەستێ بۆ واقیعێکی دیاریکراو ئەو کەسەی پشتی پێبەستووە یان بەئابڕووبردنەکە هەستاوە شایانی سزادانە.

**جنێودان:** پشت بەستنە بە هەر کارێ کە ئابڕووبردن یان پلەو پایەی کەسێتی لەخۆبگرێ بێ دەستنیشانکردنی واقیعێکی دیاریکراو.

**ریسواکردن:** دەستەواژەیەکی گشتییە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە دەبنە هۆی لێدانی ئابڕو یاخود کەرامەت، ئەمە هەموو ئەو قسە یان کردەوانەن کە ئاشکراو ریسواکردن یاخود ئابڕووبردنی کەرامەتیان تیایە لەبەرچاوی خەڵکیدا، بەجۆرێ ناوزڕاندنو جنێودان نەگرێتەوە.

**توانج:** ئەو ریسواکردنەیە کە ئاڕاستەی پاشاو سەرکردەو نوێنەرانی دەوڵەتە بیانییەکان دەکرێ.(12)

بەندی (171)ی یاسای سزادان بەسەرچاوەی ئاشکراییو لەیاسای گشتیی میسریدا دادەنرێ، و سیاقی ئەم بەندە بەمجۆرە هاتووە:

"هەر کەسێ هانی کەسێ بدا یان زیاتر بۆ ئەنجامدانی تاوانێ یاخود کەتنێ بەوتن یان بەدەنگی بەرزی ئاشکرا، یاخود دەرکەوتنی نیشانەی ئەوەی بەئاشکرا لێیەوە دەرچووە، یان بەنووسین، یاخود بەوێنەکێشان، یان بەوێنەی فۆتۆگراف، یاخود بەرەمز، یان بە هەر رێگایەکی تر لەرێگاکانی نواندن کە وایلێبکا ئاشکراکراوبێ، یاخود بەهەر هۆکارێکی تری هۆیە ئاشکراکراوەکان.. هتد.

لەبڕگەی دووەمیشیدا هاتووە:

www.pertwk.com

"وتن یان هاوارکردنی ئاشکرا ئەگەر بەدەنگی بەرزبێ یاخود درکاندنی بەیەکێ لەناوەندە تەکنیکییەکانو لەشوێنێکی گشتیدا یاخود ڕێگایەکی گشتی یان هەر جێگایەکی تری ئاوەدان، یان ئەگەر هاوارکردنەکە یان وتنەکە بەجۆرێ بوو ئەوانە گوێیان لێبێ کە لەو ڕێگایە یان جێگایەن، یاخود ئەگەر بەهۆی لاسلکییەوە یان هەر هۆیەکی ترەوە پەخشبکرێ".

لەدوایین بڕگەی ئەم بەندەیشدا بەمجۆرە هاتووە:

"نووسینو وێنەکێشانو وێنەگرتنی فۆتۆگرافو ڕەمزو هەر ڕێگایەکی تری نواندنی ئاشکرا ئەگەر بەبێ جیاکاری بەسەر چەند کەسێکدا دابەشکرا، یان ئەگەر خرایەڕوو بەجۆرێ ئەو کەسانەی لەڕێگای گشتی یاخود لە هەر ڕێگایەکی ئاوەداندا توانیان ببینن، یاخود ئەگەر فرۆشرا یان لەهەر جێگایەکدا بۆ فرۆشتن خرایەڕوو".[13]



**ناوزڕاندن:**

بەگوێرەی بەندی (302)ی یاسای سزادانی میسری، ناوزڕاندن لەسەر سێ کۆڵەکە دەوەستێ: "هەر کەسێ بەهۆی یەکێ لە ڕێگا دیاریکراوەکانی بەندی 171ی ئەم یاسایە کارێك هەرەن ڕاستگۆبێو سزای هەبێو بەگوێرەی سزا بڕیاری لێدرابێو بەکەسێکی تری بڵێ یان بەزۆر ڕیسوایبکا لەلای خەڵکی نیشتمانەکەی، بە ناوزڕاندن دادەنرێ".

**پشت بەست بەوە ئەنجامدانی ناوزڕاندن لەرووی یاساییەوە پێویست بەم سێ کۆڵەکەیە دەکا:**

1–پشت بەستن یان بانگەشەکردن بەکارێ کە ڕاست دەربچێ بۆ دروستکردنی تاوانێ، مافی ئەو کەسەیە کە پشتیپێبەستووە یان هۆیەك بووە لەریسواکردنی لەلای خەڵکی نیشتمانەکەی.

2–ئاشکرایی ئەم پشت بەستنە هەروەك چۆن لەبەندی 171ی سزاداندا هاتووە.

3–فەراهەمبوونی مەبەستی تاوانکاری ئەم دوو کۆڵەکەیە.

کاری دیاریکراو یاخود واقیعێکی دیاریکراو جیاکەرەوەن لەنێوان ناوزڕاندنو جنێوداندا، و یەکەم لەکاتێکدا دەبێ کە دەستنیشانی واقیعە پشت بەستووەکە بکرێ، بەڵام دووەمیان لەکاتی دواکەوتوویی ئەو دەستنیشانکردنەدا دەبێ، و دەستەواژەی ئاڵۆز یان لێدانی ئابڕوو پلەو پایەی کەسێتی نا دیاریکراو بۆ شورەییە خراوە پاڵەکە جنێودانە. هەر کەس شتێ دەخاتە پاڵ کەسێ کەوا جزدانی کەسێکیتری لەرۆژێکی دیاریکراودا دزیووە دەبێتە ئەوەی ناوزڕاندن بخاتە پاڵی، بەڵام کەسێ ئەوە بخاتە پاڵ کەسێ کە دزە یان بەرتیلخۆرە بەبێ دەستنیشانکردنی ئەو ڕاستییانە، خستنە پاڵەکە لەوکاتەدا دەبێتە خستنە پاڵی شوورییەکی ئاڵۆز، کە لەزمانی یاسادا جنێودانی پێدەوترێ.[14]

**یاسا هەندێ حاڵەتی دەستنیشانکردووە کە ڕێگادەداتە ئەو ناوزڕاندنەی بەهۆی بڵاوکردنەوەوە دەکرێ، ئەویش:**

1–تانوتدان لەکاروبارەکانی فەرمانبەری گشتی. مەبەستیش لە فەرمانبەری گشتی هەموو ئەوانەن کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی یان کاتی بەکاروباری حکومەت هەڵدەستن، یان ڕاسپێردراون بەکارێکی ڕەسمیو وەرگرتنی کرێ لەبەرانبەر ئەو کارەدا؛ لەگەڵ ملکەچبوونی بۆ دەسەڵاتی حکومەتە پەروەردکارەکە. هەروەها تانوتدانیش لەوانەی لەحوکمی فەرمانبەری گشتیدان لەرووی سیفەتی نوێنەرایەتیکردنو ڕاسپێردراو بە خزمەتکردنی گشتی. مەبەست لەراسپێردراویش بە خزمەتێکی گشتی ئەوەیە کەسەکە ڕاسپێردراوبێ بەکارێ لەکارەکانی دەسەڵاتی گشتی وەك دادوەریو ئاسایش، و یاسایش لایەنگیری سەلماندنی ڕاستیی واقیعی ناوزڕاندنەکە دەکا، و لەم حاڵەتەیشدا ناوزڕاندنەکە بەرێپێدراو دادەنرێ.

www.pertwk.com

2–مافی رەخنەگرتن.

3–مافی بڵاوکردنەوەی هەواڵ، ئەوە ئەنجامی مافی جەماوەرە لەزانینی ئەو شتانەی کە لەو کۆمەڵگایەدا روودەدەن کە تیایدا دەژی.[15]

**جنێودان:**

بەدەق لەبەندی 306ی یاسای سزادان (ی میسری–و.ك)دا هاتووە "هەموو جنێودانێ پشت بە واقیعێکی دیاریکراو نابەستێ بەڵکو بەشێوەیەك لەشێوەکان برینداركردنی ئابڕوو پلەو پایەی کەسێتی لەخۆدەگرێو لەحاڵەتە دەرخراوەکانی بەندی 171دا سزای زیندانیکردنی بەسەردا دەسەپێنرێ؛ بۆ ماوەیەك کە لەساڵێك زیاتر نەبێ، و بەغەرامەکردنێ کە لەسەد جونەی زیاتر نەبێ، یان بەیەکێ لەو دوو سزایە.

سودمەند لەم دەقە ئەوەیە جنێودان ئەم سێ کۆڵەکەیە دەگرێتەوە:

1–کارێك بخرێتە پاڵ واقیعێکی دیارینەکراوو لەتوانایدا هەبێ لێدان بێ لەئابڕو پلەو پایەی کەسێتی.



2–ئەم خستنە پاڵە ئاشکرایی بێ.

3–خستنە پاڵەکە بەمەبەستی تاوانکاریبێو لە پیادەبوونیدا مانای خراپکردن هەڵبگرێ.[16] لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر جنێودان ناوزڕاندنی بەدرەوشتانەی پێوەبوو، بە گوێرەی بەندی (185)ی سزادان بەبەدڕەوشتی دادەنرێ.

**ریسواکردن:**

یاسای میسری لەسێ حاڵەتدا سزای ریسواکردن (اهانە) دەدا:

1–ئەگەر ریسواکردنەکە کەوتبێتە سەر مافی دەستەیەکی گشتی (وەك دادگای دادوەریی یان کارگێڕی یاخود دەستەکانی نوێنەرایەتیکردنو سوپاو پۆلیسو حکومەت)، ئەوەیش بەگوێرەی بەندی 184ی سزادان.

2–ئەگەر ریسواکردنەکە کەوتبێتە سەر مافی فەرمانبەرێکی گشتی لەکاتی راپەڕاندنی ئەرکەکەیدا یان بەهۆی ئەرکەکەیەوە، ئەوەیش بەگوێرەی بەندی 133ی سزادان.

3–ئەگەر ریسواکردنەکە کەوتبێتە سەر مافی سەرکۆمار، ئەوەیش بەگوێرەی بەندی 179ی سزادان.

**توانج:**

یاسای میسری لەدوو حاڵەتدا سزای توانج دەدا:

1–حاڵەتی توانجگرتن لە سەرۆکی دەوڵەتێکی بیانی (بەندی 181ی سزادان).

2–حاڵەتی توانجگرتن لە نوێنەری دەوڵەتێکی بیانی (بەندی 182ی سزادان).

## نیەتی تاوانکاری لەتاوانەکانی ئابڕوو پلەو پایەی کەسێتی لەمیسر:

لەتاوانی ناوزڕاندنو جنێوداندا یاسا جگە لە نیەتی تاوانکاریی گشتی چیتر داواناکا کە ئەوەیش زانینو ئیرادە دەگرێتەوە لەکاتی ئاڕاستەکردنی ئەو دەستەواژەدا کە جێگای بایەخە، لەگەڵ ئەوەدا خستنە پاڵی واقیعێ لەخۆبگرێ کە ئەگەر راست دەرچوو پەلاماردراو لەپێناویدا سزادەدرێ، یاخود لەلای خەڵکی نیشتمانەکەی ریسواکرابێ، یاخود لێدانی ئابڕوو پلەو پایەی کەسێتی لەخۆگرتبێ.

بەشێوەیەکی گشتی دەشێ ئەوە بوترێ چەندە بەسەر فەرمانڕەواییدا کزەبای توندوتیژی بێ حوکمەکانی تانوتلێدانیش توندتردەبن، و هۆیەکانی خستنەڕویش دەستکورت دەبن، و وەرگرتنی بەنیەت باشیو مەبەست چاکی

www.pertwk.com

نابینرێن و چەندەیش کزەبا (سروە)ی ئازادیی لەنیشتماندا تەشەنەی‌سەند، و کۆڵەکەکانی دیموکراسیش پتەوبوون، وا لەدادگاکان دەکا بچەمێنەوە بەلای لەبەرچاوگرتنی فراوانبوون لەپەیڕەوکردنی ئازادیی رادەربڕیندا، و هەروەها بۆ رەچاوکردنی نیەت باشی بۆ بەرەوپێشبردنی بەرپرسیارێتی، و رەچاوکردنی مافی رەخنەگرتن دەبێتە هۆکارێك بۆ مافی جنێودان.

لەو روانگەیەوە تێبینی ئەوە دەکەین لەماوەی بەر لەدەستوری 1923 دادگاکان پابەندبوون بە مەنتقی توندی یاسا بەسەر رووداو، و واقیعەکان نەبوونە هۆی کەوتنەوەی ئەو ئەنجامانەی کە بەگوێرەی مەنتقی ئەقڵ بەسەریاندا رێکیان خستبوون، لەگەڵ مافی رەسەنی مرۆڤ لەرادەربڕیندا. دوای دەستوری ناوبراو پەلهاویشتنی شنەبای ئازادی هەڵیکرد، دادگاکانیش لەزۆربەی حوکمەکانیاندا گوزارشتیان لەو شنەبای ئأزادییە کردو زیاتر نیەت باشیان لەبەرچاو دەگرت و بڕیاری پرەنسیپێکیان داو بەزۆریش پیادەیان دەکرد کە ئەویش مافی رەخنەگرتنە؛ بۆ ئاسانکاریی ژیانی رۆژانە.

لەساڵی 1924یشدا دادگای هەڵوەشاندنەوە کۆتاییهێنا بە بێتاوانکردنی رۆژنامەنووسێ کە دادگای تاوان بەتۆمەتی بڵاوکردنەوەی وتارێ کە تیایدا تانوتی خستبووە پاڵ زۆرینەی پارلەمان و وتبووی "حکومەت دەپەرستێ و نیشتمانی خۆش ناوێ، و ئەوان کۆیلەی ئارەزووەکانیانن، و برسی و بێئابڕون، و ئەرکەکەیان ماشینەوەی نیشتمان، و پارە پەرستییە، و زۆر ئاسانە رازیبکرێن، و دڵسۆزنین بۆ خزمەتکردنی نیشتمانەکەیان" ئەوەیش لەتەنیشتی ئەوەوە رۆژنامەنووسەکە درۆو ترسنۆکی و تێنەگەیشتن و کورتبینی خستبووە پاڵیان، و دادگای دەستوری بالآیش دادوەرییەکەی بەبێ تاوانکردنی رۆژنامەنووسەکە دامەزراند لەسەر بنەمای دەستبەرداربوونی نیەتی تاوانکاری کە دادگاکە دەیویست بیدۆزێتەوە بۆ تاوتوێکردنی ئەوەی ئەگەر نووسەری وتارەکە ئارەزووی قسەکانی سودگەیاندنە بە وڵات یاخود تەنها زیانگەیاندن بەو کەسانەی کە لەسەرجەمی وڵاتی دەستوری‌دا لەسەری



هاوڕاین، ئەوەیە تانوتدان لەتایبەتمەندیی سیاسییەکان بەشێوەیەکی گشتی دەبێ بەشێوەیەکی گشتی و سەرتاپاگیری پەسەندبکرێ وەك لەتانوتدان لەفەرمانبەرێکی دیاریکراو بەتایبەتی.

لەگەڵ ئەوەیشدا دادگای هەڵوەشاندنەوە لەساڵی 1928دا کۆتاییهێنا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو حوکمی ئیدانەکردنەی کە دادگای تاوانکاری بۆ ئیدانەکردنی رۆژنامەنووسەکەو بەتۆمەتی خستنەپاڵ و ریسواکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرایەتیکردن و یەکێ لەوەزیرەکان دەریکردبوو. ئەگەر رۆژنامەنووسە تۆمەتبارەکە وەسفەکەی بەوجۆرەبێ بەوەی ئەوو گوێدرێژەکەی سەردەکەون. جارێکیان لەسەرەوە دەبێ، و جارەکەی تریشیان لەخوارەوە. دادگای تاوانکاری ئەو دەستەواژەی وەها بینیبوو کە مەبەستی تاوانکاریی دەستەبەردەکا. بەڵام دادگای هەڵوەشاندنەوە حوکمەکەی هەڵوەشاندەوە بەوەی: هەڵەیە گریمانەی نیەتی خراپ لەرێی بەتەنها بڵاوکردنەوەی دەستەواژەوە بکەین، و دادگا دەبێ تاوتوێی سەرجەمی مەرجەکان بکا بۆ ئەوەی ئەوە دەربخرێ کەوا ئەگەر بڵاوکەرەوەکە سودی وڵاتی دەوێ یان بەتەنها زیانگەیاندن بەو کەسانەی کە تانوتی‌لێداون.[18]

## چۆن رۆژنامەنووس لەتۆمەتی ناوزڕاندن دووردەکەوێتەوە؟

مەسەلەی ناوزڕاندن پشت بە سێ کۆڵەکە دەبەستێ، ئەوانیش:

1-بانگەشەکردن بۆ کارێ کە راست دەربچێ بۆ دروستکردنی تاوانێ لەمافی ئەو کەسەی پشتی پێبەستووە یان بووە بەهۆکارێ بۆ ریسواکردنی لەلای خەڵکی نیشتمانەکەی.

2-ئاشکرایی ئەو پشت بەستنە (بڵاوکردنەوەیە).

3-فەراهەمبوونی نیەتی تاوانکاریی ئەم دوو کۆڵەکەیە.

www.pertwk.com

سەربارى هەستكردنى زۆربەى رۆژنامەنووسان بەياساكانى پەيوەنديى جەماوەرى، و هەروەها وێڕاى ئەوەى هەر كێشەيەك پاڵنەرى جياوازو باكگراوندى تايبەتى هەيە، و دەكرێ هەر دادوەرێ بابەتى ناوزڕاندن بەشێوەيەكى جياواز لێكبداتەوە، هەندێ رێنمايى هەن كەوا لەرۆژنامەنووسان دەكەن دووربكەونەوە لەشايەتى‌دان لەبەردەم دادگادا بەهۆى ناوزڕاندنەوە، و گرنگترين ئەو پاڵنەرانەيش بەمجۆرەن:

يەكەم: سووربوون لەسەر بەهەند وەرگرتنى وردبينى لەكاتى پەيڕەوكردنى رۆژنامەنووسيدا، و نووسينى ناوێك بەشێوەيەكى هەڵە، يان بوونى پەيوەنديى ناڕاست لەگەڵ شانۆى تاوانەكەدا، ياخود هەر رەفتارێكى نائەخلاقى، دەشێ ببێتە هۆى بەهەدەردانى چەندين مليۆن دۆلار بۆ ناوەندە رۆژنامەنووسييەكە، و دواتر شتێكى‌ترى گرنگتر نييە لە ويستنى وردبينى ئەمە سەربارى بارستايى چيرۆكە هەواڵييەكە.

دووەم: پابەندبوون بەراستييەوە Truth سەربارى ئەوەى پابەندبوون بەراستييەوە گرنگترين داكۆكيكردن لەدژى تۆمەتى ناوزڕاندن پێكدێنێ، ئەوا دادگاكە بەهەند وەريناگرێ مادامەكى نەتوانرێ ئەم راستييە بسەلمێنرێ، و زۆر ئاسانە داتاشين لەراستيى شتێكدا بكەين ، بەڵام زۆر سەخت دەبێ راستگۆيى ئەو راستييە لەبەردەم دادگادا بسەلمێنرێ. رۆژنامەنووسيش خۆى وا نيشان نادا ئەو شتە راستييە لەبەرئەوەى ئەو وا دەڵێ، لێرەدا گرنگيى رۆڵى ئەو بەڵگەنامانە دێن كە رۆژنامەنووسەكە پشتيان پێ‌دەبەستێ، يان تۆماركراوەكان بەنيسبەت رۆژنامەنووسى ئيزگەيى، كە بەباشترين داكۆكيكەر دادەنرێن بۆ دوورخستنەوەى تۆمەتى ناوزڕاندن.

سێيەم: بابەتيبوون: بۆ ئەوەى رۆژنامەنووس لەتۆمەتى ناوزڕاندن دووربكەوێتەوە، لەكاتێكدا كە رۆژنامەنووسێ كەسێ بەوە تۆمەتباربكا دزە يان بەرتيلخۆرە، هەردەبێ بەڵگەى هەبێ راستيى تۆمەتەكەى بسەلمێنێ، وەك ئەوەى بڵێ: ئەم كەسە پێشتر بە بەرتيل وەرگرتن بۆ نمونە تۆمەتباركراوە، و ئاسانە ئەوەيش بسەلمێنرێ.

چوارەم: ئەگەر رۆژنامەنووسەكە بكەوێتە هەڵەيەكى واوە ببێتە هۆى تاوانى ناوزڕاندن، هەردەبێ راستەوخۆ كار بۆ راستكردنەوەى هەواڵەكە بكا، يان پاشگەزببێتەوە ياخود داواى لێبوردن بكا لەوەى كە بڵاوبووەتەوە، و ئەو پاشگەزبوونەوەيەيش كاريگەرييەكەى كەمدەكاتەوە.*

بەڵام لەحاڵەتەكانى كەوتنەوەى تاوانى ناوزڕاندندا، بەگشتى داكۆكيكردن پشت بەم هۆكارانە دەبەستێ:

1–سەلماندنى راستييەكە ياخود راستگۆيى بانگەشەكردنەكە.

2–پابەندبوون بە ئيمتيازەكانى رۆژنامەنووسان لەلێدوانياندا لەسەر رووداوەكان هەروەك ئيمتيازاتى سياسييەكان.

3–سەلماندنى خستنەڕوى لێدوانێكى رەواو بابەتى.

---

* زەقترين حاڵەتى لەمجۆرە لەدواى راپەڕينەوە تووشى رۆژنامەى "راى‌گشتى"و سەرنووسەرەكەى هات كە بەندە سەرنووسەرى بووم.

لەژمارە (5)ى رۆژى 2002/5/5و لەلاپەڕە (1)ى ئەو رۆژنامەيەدا هەواڵێكمان بڵاوكردەوە، و دواى ئەوەو بۆ راستكردنەوەى ئەو هەواڵە كە بڵاوبووتەوە، لەژمارە (8)ى رۆژى 2002/5/26و لەلاپەڕە (1)ى هەمان رۆژنامەدا خاوەنى ئيمتياز بەناوى رۆرژنامەكەوە داوايەكى لێبوردنى بڵاوكردەوە" كە ئەوەيش يەكانگيربوو لەگەڵ ئەخلاقى رۆژنامەنووسى، بەڵام ئەو لێبوردنە سەربارى ئەوەى دەبێ كاريگەرييەكەى كەم بكاتەوە (وەك لێرەيشدا ئاماژەى پێكراوە)، بەڵام بەهەند وەرنەگيراو بەندە بۆ ماوەى (34) رۆژ لەگرتوخانەى ئاسايشى هەولێر لەشارى هەولێر زيندانيكرام" كە ئەوەيش يەكەمين حاڵەتى لەوجۆرەبوو لەدواى راپەڕين سەرنووسەرێ لەسەر هەواڵێ زيندانى‌بكرێ.

و.ك

4–پاشگەزبوونەوە لە تۆمەتبارکردنەکە.

5–رێگادان بەو کەسەی ناوی زڕێنراوە لەناوەندە راگەیاندنەکەدا وەڵام بداتەوە.[19]

## ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی:

لەساڵی 1985دا لە "فیلادلفیا"ی ویلایەتە یەکگرتوەکان رووداوی شکایەتکردنی پانزە فەرمانبەر بەتۆمارکردنی رەسمی نۆزدە کێشەی ناوزڕاندن لەدژی رۆژنامەو گۆڤارو وێستگەکانی رادیۆو تەلەفزیۆنەکان کەوتەوە. لەبارەی ئەوەوە "یۆجین رۆبرتس" Eugene Roberts بەڕێوەبەری جێبەجێکاری رۆژنامەی Philadelphia Inquires کە رۆژنامەیەکە بووەتە ئامانجی چەندین کێشەی ناوزڕاندن بەقسەی ناوبراو، و لەمبارەیەوە وتی "فەرمانبەرە رەسمییەکان بەرانبەر بە مەسەلەکانی ناوزڕاندن بەهێزن؛ لەبەرئەوەی حەسانەی تەواو یان رەهایان هەیە؛ لەبەرئەوە دەبێ رۆژنامەنووسانیش هەمان حەسانەی هاوشێوەیان هەبێ لەو کاتانەدا دەنووسن یان قسەدەکەن لەبارەی بەرپرسە رەسمییەکانەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا بەرپرسەکان پشت بەخەرجییەکی لەرادەبەدەر دەبەستن بۆ جێبەجێکردنی رووداوەکانی ناوزڕاندن، کە ئەوەیش دەبێتە جێگای هەڕەشە بۆ رەخنەگران و ناچارکردنیان بۆ بێدەنگبوون".[20]

بەچاوپۆشین لەو حەسانەیەی هەندێ لە بەرپرسە رەسمییەکان هەیانە، کاتی وا هەیە کە تیایدا ناوەندەکانی راگەیاندن ناڕاستی لەبری خستنەڕووی راستییەکان پێشکەش دەکەن، و هەندێ جاریش ئەوە لەسۆنگەی نەویستنی وردبینییەوەیە، یاخود ئەنجامی درۆکردنی ئانقەستی سەرچاوەکەوە، یان دەرچوون بە ئەنجامی هەڵەوە لەحاڵەتە دیاریکراوەکاندا، هەروەها لەهەندێ بۆنەدا ئەوەیش روودەدا کە رۆژنامەنووسەکە چیرۆکەهەواڵێ دەخاتەڕوو



بەرلەوەی چاودێریی سەرجەمی لایەنەکانی بکا تا کۆتاییەکەی، و دەشێ ئەوە رووبدا سەرباری هەوڵە گەورەکانی رۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی دادوەرو وردبین بن.

ئەوە وامان لێناکا وا تەماشای مەسەلەی ناوزڕاندن بکەین کە کێشەیەکی یاساییە، و ئەگەر ئەو پرەنسیپە یاساییانەمان جێبەجێکرد کە دادگاکانی ئەمەریکا دەیانگرنە بەر؛ بۆ نمونە تێبینی ئەو دەکەیت فەرمانبەرە رەسمی و کەسێتییە گشتییەکان دەشێ زۆربەی ئەو کێشانە بدۆڕێنن کە لەدژی ناوەندەکانی راگەیاندن تۆماریان دەکەن، و تەنها لەیەك حاڵەتدا بواری بردنەوەی ئەو کێشانەیان هەیە، ئەویش سەلماندنی ئەوەی رۆژنامەنووسەکە پێدەزانێ ئەو راوبۆچوون یان زانیارییانەی لەرێی ئەو کەسانەوە دەیانخاتەڕوو ناڕاستن لەگەڵ ئەوەیشدا دەشێ هاوولاتی ئاسایی کێشەی ناوزڕاندن لەدژی ناوەندەکانی راگەیاندن بباتەوە؛ ئەگەر توانی دەستدرێژی بۆ سەر پێوەرە پیشەییەکان بسەلمێنێ. هەموو ئەوانە وامان لێدەکا گریمانەی ئەوە بکەین بابەتی "ناوزڕاندن" بووەتە پرسیارێکی ئەخلاقی زیاتر لەوەی پرسیارێکی یاسایی‌بێ.

ئایا دەکرێ لەرێی خستنەڕووی زانیاریی ناڕاستەوە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی بکەین؟ و هەروەها ئایا ناوەندەکانی راگەیاندن دەسەڵاتی تۆمەتبارکردنی کوێرانەیان هەیە؟

سێ مامۆستای زانکۆی "ئیوا"ی ئەمەریکی لێکۆڵینەوەیەکیان لەبارەی مەسەلەکانی ناوزڕاندنی بەرزکراو (القذف المرفوعة) لەدژی ناوەندەکانی راگەیاندنی ئەمەریکا بە درێژایی ماوەی 1974 تاوەکو 1984 ئامادەکرد. لێکۆڵیارەکان تێبینی ئەوەیان کرد زۆربەی کێشەکانی ناوزڕاندن دەکرا بەرێککەوتن چارەسەربکرابانایە ئەگەر ناوەندەکانی راگەیاندن هەوڵی ئەوەیان بدایە دڵیانبکەنەوە بۆ دانانی بەو هەڵەیەی لەسەر کۆمەڵ کردویانە، و لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بەوەیش دەکا زۆربەی خاوەنی داواکار لەکێشەکانی

www.pertwk.com

ناوزڕاندندا پێیان وابووە ئەوان قوربانی درۆو زیانن، و پەنایان بردووەتە بەر دادگا؛ دوای ئەوەی کە هەوڵیانداوە ئەو هەڵەیە لەرێی ئەو ناوەندی راگەیاندنەوە راستبکەنەوە کە زیانی پێیانگەیاندووە، لەگەڵ ئەوەیشدا لێکۆڵیارەکان ئەوەیان بەدیکرد لایەنی بەڵگەنەویست لەکێشەکانی ناوزڕاندندا لەو شێوازەدا خۆی مەڵاسدەدا کە خەڵکی لەکاتی رۆشنایی خستنە سەریان لەرێی ناوەندەکانی راگەیاندنەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن. لێکۆڵیارەکان ئەم مامەڵەکردنە خراپە وا لێکدەدەنەوە کە بۆ ئاڕاستەیەکی داکۆکیکردنە لەرۆژنامەنووسان یاخود کادیرەکانی راگەیاندن کە وا دەردەکەوێ ئاڕاستەیەکی بۆماوەییە لەپەیڕەوکردنی تەواوی کاری هەواڵیدا. رۆژنامەنووسانیش زۆربەی کاتەکانیان لەژێر چەندین فشاردا بەسەردەبەن، وەك فشاری کات، و پێویستیی خستنەڕووی هەواڵەکە لەکاتی دیاریکراوو ئارەزووکردن بۆ بەجێهێنانی سەبقی رۆژنامەنووسی، وەهەروەها چاوپێکەوتنی هەندێ لەو کەسانەی ریاییکەرن و ئارەزووی تەنها ئەوەیان هەیە لەهەواڵدا دەربکەون هەرەن بۆ مەبەستی بێتامیشبێ، هەروەها ئەو کەسانەی کە هەوڵی ئەوە دەدەن هەواڵە راستییەکان بڵاونەکرێنەوە.

سەرباری ئەوە هەوڵدانی دەرکەوتنی سەربەخۆیی و ئازادیی رۆژنامەنووسان لەو کۆت‌وبەندانە ئەوەیە دەیانخاتە ژێر هێزی یاسای ناوزڕاندنەوە، و ئەوەیش لەئەنجامی ئارەزووی رۆژنامەنووسەکانەوەدێ لە ملنەدان بۆ ئەو کەسانەی نوێنەرایەتیی دەسەڵات و هێز دەکەن لەکۆمەڵگادا. لەگەڵ ئەوەیشدا پارەدارانیش بەتەنها مرۆڤن و بەشداردەبن لەو ئارەزووە مرۆییانەدا کە ئامادەنین دان بەو هەڵانەدا بنێن کە روودەدەن، لەبەرئەوەی داننان لەحاڵەتی ئەواندا بەهەڵە هەردەبێ ئاشکرابێ.

گومانی تیا نییە کێشەکانی ناوزڕاندن لەدژی ناوەندەکانی راگەیاندن دەشێ کەمبکرێنەوە یان هەر نەمێنن ئەگەر ئەو ناوەندانە رەچاوی گرنگیی راهێنانی نێردراوان و رۆژنامەنووسانیان کرد بۆ پەیوەندییە مرۆییەکان، و ئەگەر سووربوونیش هەبوو لەسەر وردبینی و بابەتیبوون و ئازادبوونی زیاتر لەدەسەڵاتی شمشێری کات بەسەر گەردنیانەوە.(21)

## پوختە :

مەبەست لەتاوانی ئاشکرایی بەو جۆرەی تاوانە کە پەیوەندداره بە بیروبۆچوون و باوەڕ بە جیاوازیی جۆرەکانییەوە کە بەهۆی ناوەندەکانی راگەیاندنەوە ئەنجامدەدرێ، لەخراپ بەکارهێنانی ئازادیی راگەیاندنەوە دەکەوێتەوە.

ئەم فەسڵە چەمکی ئاشکرایی لە هەریەکە لەشەریعەی ئیسلامی، ویاسای ئینگلیزی، و یاسای فەڕەنسی، و هەروەها زیانگەیاندن بۆ سەر پلەو پایەی کەسێتی لە کۆمەڵگای ئەمەریکیدا دەخاتە روو. دەشێ تاوانی ناوزڕاندن لە کۆمەڵگای ئەمەریکی‌دا بەوە بناسێنین کە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەن دەبنە هۆی ریسواکردن و سووککردنی کەسێك و شێواندنی ئابڕوی، کە ببێتە هۆی دوورکەوتنەوەی خەڵکی لێی، و کەمکردنەوەی هەیبەت و پلەو پایەی کەسێتی. تاوانی ناوزڕاندن لەکۆمەڵگای ئەمەریکیشدا پشت بەسێ کۆڵەکەی سەرەکی دەبەستێ؛ ئەوانیش: ئاشکرایی، ریسواکردن یان شێواندنی ئابڕو، و لێکچوونی ئەوەی پشتی بێبەستراوە. یاسای ناوزڕاندن لە کۆمەڵگای ئەمەریکی‌دا بۆ ماوەی چەند سەدەیەك گەشەی‌سەند، و بڕیارەکانی دادگای دەستوری باڵای ئەمەریکا ئاماژەیان بەوەکردووە پارێزگاریکردنی یەکەمین چاککاری دەستور درێژدەبێتەوە بۆ ئەوەی ناوەندەکانی راگەیاندن لەدژی تاوانی ناوزڕاندن بگرێتەوە، بەجۆرێ بڕیارەکانی دادگاکە ئاماژەیان بە سەختیی هێنانەوەی بەڵگە کردووە بۆ روودانی ناوزڕاندن لەلایەن شکایەتکەرەوە لەدژی ناوەندەکانی راگەیاندن.

www.pertwk.com

یاسای سزادانی میسریش تاوانەکانی زیانگەیاندن بۆ سەر پلەو پایەی کەسێتی بەسەر چوار جۆردا دابەشدەکا؛ ئەوانیش: ناوزڕاندن، جنێودان، ریسواکردن، و توانجن. یاسایش هەندێ حاڵەتی دەستنیشانکردووە کە رێگادەدا بە ناوزڕاندن لەرێی ناوەندەکانی راگەیاندنەوە؛ کە ئەمانە دەگرێتەوە: تانوتدان لەکاروبارەکانی فەرمانبەری گشتی، و مافی رەخنەگرتن، و مافی بڵاوکردنەوەی هەواڵ کە پشت بە بنەمای مافی زانین ببەستێ. هەروەها نیەتی تاوانکاریمان لەتاوانەکانی ئابڕوو رەچاوکردن لەمیسردا خستەڕوو، لەگەڵ لێکدانەوەی دادگاکە بۆ ئەو نیەتە تاوانکارییەی پشتبە رادەی سەروەریی دیموکراسیی فەرمانڕەواییکردن لەکاتە جیاجیاکاندا دەبەستێ.

هەر ئەم فەسڵە چۆنیەتی دوورکەوتنەوەی کادیرانی راگەیاندن لەتۆمەتی ناوزڕاندنی لەخۆگرتووە، ئەوەیش لەرێی سووربوون لەسەر گرنگیدان بەوردبینی، و پابەندبوون بەراستی، و بابەتیبوون، و راستکردنەوەی هەڵەکان لەگەڵ کەوتنەوەیاندا، و دەستەبەرکردنی بواری وەڵامدانەوە بۆ زیانلێکەوتووان.

دواجار ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەییمان خستەڕوو کە پەیوەندداره بە کێشەکانی ناوزڕاندن و پێویستیی راهێنانی کادیرانی راگەیاندن بۆ بەهەند وەرگرتنی بەرپرسیارێتی لەپەیڕەوکردنی کارەکانیاندا؛ لەپێناو بەجێهێنانی بەرژەوەندیی تاک و کۆمەڵگادا.

## سەرچاوەکانی فەسڵی هەشتەم


(1) Holsinger, Ralph L. Media Law (N. Y.: Random House, 1987) P. 83.

(2) عماد عبدالحميد النجار: الوسيگ فی تشريعات الصحافه (القاهره: مكتبه الأنجلو المصريه، 1985) لاپەڕە 157.

(3) ليلى عبدالمجيد: الصحافه فی الوگن العربی (القاهره: العربی للنشر و التوزيع، 1990) لاپەڕە 74.

(4) عماد عبدالحميد النجار (1985) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی 161–163.

(5) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی 166–170.

(6) Bittner, John R. Mass Communication An Introduction (N. J.: Prentice Hall, Englewood Cliffs, 4th Ed., 1986) P. 389.

(7) Holsinger, R. L., (1987) op. cit, p. 84.

(8) Harless. James D. Mass Communication An Introductory Survey (USA: Wm. C., Brown Publishers, 1985) PP. 437-438.

(9) Holsinger, R. L., (1987) op. cit, p. 84.

(10) Harless, J. D., (1985) op. cit, PP. 475-477.

(11) Holsinger, R. L., (1987) op. cit, p. 85.

(12) ليلى عبدالمجيد: (1990) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 75.

(13) عماد عبدالحميد النجار: (1985) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 177

(14) عماد عبدالحميد النجار: (1985) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی 238–239.

(15) ليلى عبدالمجيد: (1990) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 75.

(16) عماد عبدالحميد النجار: (1985) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 259.

(17) ليلى عبدالمجيد: (1990) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 75.

(18) عماد عبدالحميد النجار: (1985) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی 357–361.

(19) Bittner, J. R., (1986) op. cit, PP. 389-390.

(20) Holsinger, R. L., (1987) op. cit, P. 161.

(21) Ibid, PP. 162-164.

www.pertwk.com

-چەمکی پارێزگاریکردنی تایبەتمەندی.

-پارێزگاریکردنی تایبەتمەندی لەیاسای ئەمەریکیدا.

-ئەو چوار رەگەزەی پەلاماری تایبەتمەندی دەدەن.

-پارێزگاریکردنی تایبەتمەندی لەیاسا عەرەبیەکاندا.

-ئەخلاقی پەیرەوکردنی پیشەیی.

## فەسڵی نۆیەم



## مافی پارێزگاریکردنی تایبە تمەندی

# فەسڵی نۆیەم

## مافی پارێزگاریکردنی تایبەتمەندی

### دەسپێك:

پێویستی پارێزگاریکردنی پرەنسیپی "مافی تایبەتمەندی" لەچەندین یاسای رۆژنامەنوسیدا بەدەق ئاماژەی بۆ کراوە، و ئەمەیش مانای وایە هەریەکە لە ئێمە ژیانی تایبەتی خۆی هەیە کە سووردەبن لەسەرئەوەی دووربن لە ئاشکراکردن و سوکایەتیپێکردن؛ کە ئەوە ژیانی تایبەتەو بەلای رایگشتییەوە بایەخدار نییە، و سودیش بەبەرژەوەندیی گشتی ناگەیەنێ، بەڵکو چونە بنج وبناوانیەوە دەستوەردان دەبێ لە مافێکی پیرۆزی مافەکانی مرۆڤ، کە ئەوەیش ئازادییە شەخسییەکەیەتی لەرەفتارکردن و کارکردندا بەبێ سانسۆر جگە لەویژدان، و هەندێ جاریش لەسەرپێچیکردنی ئەم پرەنسیپەدا دەکەوینە ژێر فەرمانی یاساوە.

ئەم فەسڵە چەمکی پارێزگاریکردنی تایبەتمەندی لەخۆدەگرێ، لەگەڵ دەرکەوتنی ئەم چەمکە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم، و پارێزگاریکردنی تایبەتمەندی لەیاسای ئەمەریکیدا، و هەروەها ئەو چوار رەگەزەی پەلاماری تایبەتمەندی دەدەن، و یاسا عەرەبییەکانیش کە مافی تایبەتمەندی لەخۆدەگرن، و دواجار ئەخلاقی پەیرەوکردنی پیشەیی دەخەینەڕوو.



### چەمکی پارێزگاریکردنی تاییە تمەندی:

پرەنسیپی مافی پارێزگاریکردنی تایبەتمەندی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و لەئەنجامی پەیرەوکردنەکانی "رۆژنامەی زەرد" Yellow Journalismدا دەرکەوت کە رۆژنامەکانی خۆرئاوا بە ئانقەست پەلاماری ژیانی ناوداران و دەوڵەمەندەکانیان دەدا، و هەروەها کارکردن بۆ روونکردنەوەیان لەرێی بڵاوکردنەوەی نهێنییەکانی ژیانیان، و ئابڕووبەرییە ئەخلاقییەکانیان.[1]

ناوەندەکانی راگەیاندن لەرێی تاوتوێکردنیاندا بۆ راستی رۆژانە مامەڵەیان لەگەڵ کێشەی "پەلاماردانی تایبەتمەندی" Invation of Privacyو شاردنەوەی کێشەی ئەوەی کە: تا چ ئاستێ لە تواناداب‌ێ ناوەندەکانی راگەیاندن بەدوای زانیاریدا دەگەڕێن بێئەوەی دەست وەربدەنە مافەکانی کەسانیتر دەکرد، بەتایبەتی مافی تاکەکان لەپاراستنی نهێنییەکانی ژیانی تایبەتییان؟ لەمبارەیەوە سنوری یاسایی هەن کە دەبێ رۆژنامەنووس لەکاتی گەڕانیدا بەشوێن زانیارییدا پێشێلیان نەکا، و پێشێلکردنی ئەو سنورەیش دەبێتە هۆی گرتنەبەری رێوشوێن لەدژی ناوەندەکانی راگەیاندن کە ئەوەیش لە ئەنجامی پەلامارادانی تایبەتمەندییەوە دەکەوێتەوە، و دواتر تۆمەتی ناوزڕاندن یاخود جنێودانی دەخرێتە پاڵ (رۆژنامەنووسەکە یاخود ناوەندی راگەیاندنەکە–و.ك)، و ئەوەیش بەگوێرەی جۆری ئەو زانیاریانەی بڵاوکراونەتەوە.[2]

ئەگەر رۆژنامەنووس هەستیاربێ بۆ ئازارە مرۆییەکان، ئەوکات ئاگاداردەبێ لەوەی چەندین جار هەست بەپەژارەیی دەکا لەکاتی پەیڕەوکردنی کاری هەواڵیدا، و پێیوادەبێ "هەواڵەکە بەوجۆرە دەبێ" یاخود پشت دەبەستێ بە "مافی خەڵکی لەزانیندا" بەڵام بێگومان کاتێ دەبێتە هۆی ئازاردانی هەستی کەسانیتر، هەست بە ئاسودەیی ویژدان ناکا، و مافی تاکیشە کە تایبەتمەندییەکانی بپارێزێ، و هەروەها ئەو مافەیشی هەیە کە

www.pertwk.com

دوور لە بەرپرسیارێتیی کۆکردنەوەی هەواڵ بمێنێتەوە، و هەندێ جاریش رای‌گشتی هەست بە پەلاماردانی ناوەندەکانی راگەیاندن دەکا بۆ تایبەتمەندیی کەسەکان، و ئەم پەیڕەوکردنە لەکاری رۆژنامەنووسیدا ریسوادەکرێ.(3)

کاتێکیش کامێراکانی تەلەفزیۆن گرتە نزیکەکان لەوێنەگرتنی هەڵچوونەکانی خەڵکیدا بەکاردەهێنن کە بەر لە ساتێك زانیویانە هاوڕێکانیان یان کەسە نزیکەکانیان بوونەتە قوربانی رووداني تەقینەوەی فڕۆکەیەك – یاخود کاتێ لەراپۆرتە هەواڵێکدا بەدی‌دەکەن –یان بەبێ بوونی هۆیەکی زیندو– ئەو کەسەی تەقەی لەسەرۆکی ئەمەریکا کرد لەرووی سێکسییەوە نائاساییە– لەوکاتەدا چەندین خەڵك دەپرسن: بۆچی؟ ئایا ئەوە لەو نمونە رۆژنامەنووسیانە نییە کە بەپەلاماردانی ژیانی تایبەتی دادەنرێ*؟

یان هەست بەوە دەکرێ لەیەکێ لەخاڵەکاندا، مافێکی دڵنیاکەرەوە هەیە بۆ پارێزگاریکردنی تایبەتمەندی کەسەکان لەرووبەرووبوونەوەی ئەو پەلاماردانانەی ناوەندەکانی راگەیاندن لەژێر پارێزگاریکردنی یەکەمین چاککاریی دەستوری ئەمەریکیدا پێی‌هەڵدەستن، و ئەوەیش لەسۆنگەی مافی خەڵکییەوەیە لەزانیندا.

کێشەیەك لەبوونی جیاوازییەکی زۆر لەنێوان هەریەکە لە ناوەندەکانی راگەیاندن و کەسەکان لەدەستنیشانکردنی مەبەستی "پەلاماردانی ژیانی

---

* ئەمە پەیوەندداره بە نازناوی بەکارهێنراو لەهەواڵدا.. ئەو جەنگاوەرەی ساڵی 1975 سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە رزگارکردنی ژیانی سەرۆك "فۆرد" لەهەوڵی کوشتندا لەسان فرانسیسکۆ، رۆژنامەکان بڵاویانکردەوە لەرووی سێکسییەوە کەسێکی نائاساییە، هەربۆیە کۆشکی سپی دەستبەرداری ئەوەبوو سوپاسنامەیەکی رەسمی ئاڕاستەبکا، و خستنەڕووی ئەو تایبەتمەندییەیش پەلاماردانی ژیانی ئەو کەسەبوو لەلایەن راگەیاندنەوە.. لەمبارەیەوە بڕوانە: جۆن. ل. هاتلنگ (هەمان سەرچاوەکەی پێشوو)، لاپەڕەکانی 98و99.



تایبەتی"دا خۆی مەڵاسداوە. بۆ نمونە زۆربەی خەڵکی پێیان وایە بڵاوکردنەوەی وێنەی قوربانیانی رووداوێ بەپەلاماردانی تایبەتمەندی دادەنرێ، بەهەمان شێوە خستنەڕووی چیرۆکەهەواڵێ لەبارەی خۆکوشتنی کەسێکەوە، یاخود بڵاوکردنەوەی ناونیشانی ئەو کەسانەی تووشی رووداوی پەلاماردان هاتوون. ئەوەی روونە ناوەندەکانی راگەیاندن بەمجۆرە پەیڕەوکردنانە هەڵدەستن بێ‌ئەوەی ئەوە بە دوژمنایەتیکردنی یاسا بزانن. هەندێ لێکۆڵینەوەیش ئاماژە بەوە دەکەن یەکێك لەهۆیەکانی دابەزینی راستگۆیی ناوەندەکانی راگەیاندن لەلای خەڵکی بۆ ئەو هەستکردنەیان دەگەڕێتەوە کە رۆژنامەنووسان پەلاماری ژیانی تایبەتی کەسەکان دەدەن.

سەرباری ئەو کێشە ئاڕاستەکراوانەیش لەدژی ناوەندەکانی راگەیاندن سەبارەت بە پەلاماردانی تایبەتمەندی وەك کێشەکانی ناوزڕاندن زۆر نین، و هەروەها سەرباری ئەوەیشی کە داواکاران لەم کێشانەدا بوارێکی گەورەیان لەبەردەمدا نییە بۆ بردنەوەیان، بەجۆرێ ئەو بڕیارانەی بەهۆی پەلاماردانی تایبەتمەندی لەدژی ناوەندەکانی راگەیاندن دەرچوون دەگمەنن –سەرباری هەموو ئەوانە ژمارەی رووداوەکان و پێکهاتەکانیان وا لەیاسای تایبەتمەندی Privacy Law دەکەن مەنتقێکی سەرەکی‌بێ بۆ بایەخ پێدان، نەوەك بەتەنها بۆ رۆژنامەو تەلەفزیۆن، بەڵکو بۆ وێنەگران و بانگەشەکاران، و پەیڕەوکارانی پەیوەندییە گشتییەکانیش.(4)

## پارێزگاریکردنی تایبە تمەندی لەیاسای ئەمەریکیدا:

مافی تاکەکان لەپارێزگاریکردنی ژیانی تایبەتییان مێژوویەکی درێژی لەرۆشنبیریی خۆرئاوادا هەیە. هەریەکە لە "ساموئیل وارین" Samuel Warren و "لویس براندیس" Louis D. Brandeis, شێوەیەکی یاساییان بۆ چەمکی "مافی تایبەتمەندی" لە وتارە بەناوبانگەکەیاندا داناوە؛ کە بەناوی

The Right of Privacy و لەکانوونی یەکەمی ساڵی 1890دا بڵاوکراوەتەوە، و لەو وتارەدا داوایانکردووە لەپێناو "ماف لەچێژوەرگرتن لەژیان.. و ماف لەمانەوە بە تەنهایی" پیاچوونەوە بە یاساکەدا بکرێ. لەگەڵ ئەوەی وشەی "تایبەتمەندی" Privacy بەدەق لەدەستوری ئەمەریکادا نەهاتووە، بەڵام لەئەسڵدا بوونی هەیە، کە ئەوەیش بەستراوە بە پارێزگاریکردنی ژیانی کەسەکان لەدژی خۆهەڵقورتاندن یان پەلاماردان Intrusion.[5]

جیاواز لەیاسای ناوزڕاندنیش کە ریشەی بۆ زیاتر لە حەوت سەد ساڵ دەگەڕێتەوە، یاسای تایبەتمەندی بەراددەیەك بەنوێ دادەنرێ، کە وەك لقێك لە"یاسای زیان" Tort Law تاوەکو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم هەستیپێنەکرا، و هەروەها جیاواز لەیاسای ناوزڕاندن، یاسای تایبەتمەندی فیدراڵی نییە (واتا لەتەواوی هەرێمە فیدراڵییەکانی ئەمەریکادا جێبەجێناکرێ، وەك بۆ نمونە یاسای لەسێدارەدان کە لەهەندێ ویلایەتی ئەمەریکادا بوونی نییەو لەویلایەتەکانی تردا بوونیان هەیەو جێبەجێدەکرێ–و.ك).

یاسای ئاسایی بایەخ دەداتە ئەو زیانەی کە بەهۆی ناوەندەکانی راگەیاندنەوە لەکەسەکان دەکەونەوە، و مافی کەسەکانیش دەبێ ئەوانەی کە پێیان وایە کەسانی تر بەقوڵی رۆچوونەتە ناو ژیانی تایبەتییانەوە، و بووەتە هۆی تێوەگلانیان کە پێویست بەوە ناکا Needless Embarrassment بەدوای Lawsuits ئەو ناوەندانەی راگەیاندن بکەون کە بوونەتە هۆی ئەو تێوەگلانە، و دەیشتوانن کێشەکە ببەنەوە ئەگەر دادگاکە رایوابوو تێوەگلانی ئەو کەسانەی بەهای هەواڵییان نییە، و هەروەها ئەگەر ئەو زانیارییانەی کە رۆژنامەنووسەکە کۆیکردوونەتەوە لەرێی بەکارهێنانی "شێوازەکانی پەلاماردان" Intrusive Methoodsەوە بەئەنجامگەیاندرابێ، و رۆچوون بێ لەئاشکراکردنی نهێنیی زۆر تایبەتمەند، یاخود بەکارهێنانی کامێرا یان



مایکرۆفۆن بەجۆرێ کە لەبەرچاودانەبێ، ئەوا ئەوە دەبێتە هۆی تۆمارکردنی داوای قەزایی لەلایەن زیانلێکەوتووەکەوە، و دەکرێ داواکارەکەیش ئەو زیانانە ئاشکرابکا کە لەو پەلاماردانەوەو لەچیرۆکە هەواڵەکەوە کەوتوونەتەوە؛ ئەوەیش لەرێی سەلماندنی ئەوەی هەواڵەکە خراوەتە ژێر "تیشکی دروستکراو" False Light و بووەتە هۆی تێوەگلان و شپرزەکردنی ژیانی لەئەنجامی ئەوەی خراوەتە بارودۆخێکەوە کە لەگەڵ هەستکردنی کەسی ئاسایی یان سروشتیدا ناگونجێ.[6]

## ئەو چوار رەگەزەی پەلاماری تایبە تمەندی دەدەن:

وا دەردەکەوێ دەستەواژەی "پەلاماردانی تایبەتمەندی" سادەو دیاریکراوبێ، بەڵام لەکاتی لێکدانەوەی یاسایی دادگاکاندا وەها جێگیرکراوە کە دەستەواژەیەکی زۆر ئاڵۆزە، و لەمبارەیەوە "ولیام بروسەر" William L. Prosser,ی یاسادانەر پێیوایە پەلاماردانی ژیانی تایبەتی نابێتە هۆی تەنها زیانێك، بەڵکو دەبێتە هۆی چەپکێکی پێکهاتوو لەچوار زیان، بەجۆرێ یاسای تایبەتمەندی لەنێو چوار جۆری پەلاماردان جیادەکرێتەوە کە پەیوەنددارن بە چوار بایەخدان لەلایەنی داواکارەوەو ئەم چوار رەگەزە ناوێکی بەرچاو "پەلاماردانی تایبەتمەندی" پێکدەهێنن، کە رەگەزی بەیەکاچوون و ئەو مافەی داواکاریش دادەمەزرێنێ کە بەتەنهاو بەبێ دەستوەردان لێیبمێنێتەوە. ئەو رەگەزانەیش ئەمانەن:

**یەکەم: پەلاماردانی مادی یان خۆهەڵقورتان:** Physical Intrusion

مەبەست لێی خۆهەڵقورتاندنە لەکاروباری تایبەتی کەسانی تر، و ئەگەر پۆلیس بۆ نمونە کەسێکی دەستگیرکردو بە شەقامەکەدا جڵەویکرد، دواتر هەستا بەوێنەگرتنی تۆمەتبارەکەو بڵاوکردنەوەی ئەو فیلمە لەدرێژەی

www.pertwk.com

هەواڵەکانی شەودا، لەو کاتەدا وێنەگرەکە دەشێ تۆمەتی پەلاماردانی تایبەتمەندی بخرێتە پاڵ، و بەکارهێنانی وێنە فۆتۆگرافییەکەیش بۆ ئەو حاڵەتە بە پەلاماردان بۆ سەر تایبەتمەندی دادەنرێ.

لەساڵی 1971یشدا یەکێ لە نوێنەرانی گۆڤاری "لایف" Life چووە ماڵی یەکێ لە پزیشکەکانو وای نیشاندا کە نەخۆشە، دواتر بە ڕێگایەکی نهێنی هەندێ وێنەو تۆمارکراوی تایبەت بە پزیشکەکەی دەستکەوتو لەگۆڤارەکەیدا بڵاویکردنەوە، و پزیشکەکەیش ئەوەی سەلماند کە ئەو کارە پەلاماردانی تایبەتمەندییەو بەهۆیەوە بڕی هەزار دۆلاری وەك قەرەبوو بۆ ئەو زیانەی لەئەنجامی خۆهەڵقورتانی ڕۆژنامەنووسەکەوە تووشی هاتووە، وەرگرت.[7]

## دووەم: ئاشکراکردنی نهێنییە تایبەتییەکان بۆ هەمووان: Disclosure of Embarrasing Private Fact

مەبەست لێی ڕاگەیاندنی ئاشکرای هەندێ ڕاستیی شپرزەکەری کەسێکە، لەنمونەی ئەوەیش وێنەگرتنی یەکێ لەنەخۆشەکانو بڵاوکردنەوەی وێنەکەی لەڕۆژنامە یان تەلەفزیۆندا بەبێ ڕەزامەندی وەرگرتنی کە دەبێتە هۆی زیان بۆی.

تێوەگلانی یەکێ لەبەرهەمهێنەرانی سینەما لەبەرهەمهێنانی فیلمێ بەناوی The Red Kimono ڕوویدا کە ژیانی پێشووی یەکێ لەلەش فرۆشانی لەخۆگرتبوو، و ئەو ئافرەتە شوویکردبووو وازی لە ژیانی بەدڕەوشتیهێنابوو، و بووبووە ئەندامێکی پەسەندکراو لە کۆمەڵگادا، و ئەم فیلمە تێوەگلانی ئەو ئافرەتەی لەژیانی لەشفرۆشیدا ئاشکراکردبوو، کە بووە هۆی شڵەژانی ژیانی تایبەتی ئافرەتەکە، و ئەم خانمە کێشەکەی لەدادگاکەدا بردەوە دوای ئەوەی کە ئەوەی سەلماند ئاشکراکردنی نهێنییە تایبەتییەکانی دەبنە هۆی ئازاردانو ژیانی خێزانداریێتی دەخاتە مەترسییەوە.[8]

## سێیەم: تیشکی دروستکراو: False Light

مەبەست لێی ئەو بڵاوکردنەوەیەیە کە یەکێ لەکەسەکان دەخاتە ژێر تیشکی دروستکراوەوە، و بڵاوکردنەوەی وێنەی پۆلیسێ کە بەنووسین گەندەڵی پۆلیسی لەگەڵدا نووسرابێ بێئەوەی پەیوەندییەك هەبێ لەنێوان ئەو پۆلیسە بەگەندەڵی پۆلیسەوە بەشێوەیەکی گشتی، ئەوە دەبێتە هۆی پەنابردنە بەر دادوەر لەدژی ڕۆژنامەکە.

جارێکیان ڕوویدا یەکێ لەوێستگەکانی تەلەفزیۆنی ئەمەریکا فیلمێکی هەواڵی نیشاندا کە تیایدا وێنەی دەستگیرکردنی کەسێكو کۆتکردنی دەرخرابوو، ئەو کەسە بڕی پانزە هەزار دۆلاری وەك قەرەبوو لە وێستگەی تەلەفزیۆنەکە وەرگرت؛ دوای ئەوەی دادگای دەستوری باڵا بڕیاریدا بەوەی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن ئەو ئیمتیازە یاخود ئەو مافەیان نییە بە ئانقەست ڕاستییە ئابڕووبەرییەکانی یەکێ لەهاووڵاتیان بخاتە ڕوو بێئەوەی بەهای هەواڵی هەبێ.

## چوارەم: هەڵکوتانە سەر یان دەست بەسەراگرتن: Appropriation

ئەوەیش لەرێی بەخراپ بەکارهێنانی ناوی کەسێ یان وێنەکەیەوە دەکرێ لەلێکۆڵینەوەی تایبەتمەندی کەسێکیتر بێئەوەی ڕێگای بەوە دابێ، و زنجیرەیەکی گەورە لەو کێشانە هەن کە ناوی هەندێ کەس یان وێنەکانیان کوێرانە تێوەدەگلێنن بێئەوەی پێشوەخت ڕەزامەندیی ئەو کەسانەیان وەرگرتبێ، کە ئەوەیش بەپەلاماردان بۆ سەر تایبەتمەندی دادەنرێ.[9]

لایەنی ئەخلاقیش لەپارێزگاریکردنی تایبەتمەندیو پرۆسەی کۆکردنەوەی هەواڵو دابەشکردنیدا دادەمەزرێ، ئەوەیش لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: یاسای ئەمەریکی بایەخ دەدا بە پارێزگاریکردنی تایبەتمەندیی کەسە ئاساییەکان، و ئەو پارێزگاریکردنە بۆ بەرپرسە رەسمییەکان ؛ Public offiicials و کەسێتییە گشتییەکان Public Figures دەستەبەردەکریٚ و لەم سالاٚنەی دواییدا دادگاکان دەسەلاٚتێکی گەورەیان داوە بە ناوەندەکانی راگەیاندن بۆ رووبەڕووبوونەوەی ژیانی تایبەتی کەسێتییە گشتییەکان. لەکێشەی "NewYork Times V. Sullivan"یشدا لەساڵی 1964دا، دادگای دەستوری بالاٚ ئەوەی پەسەندکرد تەنانەت ئەگەر ئەو زانیارییانەیشی ناوەندەکانی راگەیاندن بلاٚویانکردوونەتەوە دروستکراوبن، ئەوا یاسا دەیانپارێزیٚ ئەگەر ئەوە نەسەلمێنریٚ ئەوانە هەڵگری "ئابڕووبەری راستەقینە" Actual Malice ن و لەساڵی 1971یشدا دادگاکە هەمان رای پەسەندکرد کاتیٚ کە "رۆزنبلوم" Rosenbloom دەستگیرکرا لەبەرئەوەی هەستابوو بە دابەشکردنی کتێبی سێکسی ئابڕووبەری.[10]



دووەم: پارێزگاریکردنی تایبەت بۆ ناوەندەکانی راگەیاندن هەیە لەدژی یاسای پەلاماردانی تایبەتمەندی، ئەوەیش لەوکاتەدایە کە ئەو ناوەندانە ئەوە بسەلمێنن ئەوەی خستوویاننەتەڕوو بەهای هەواڵیی News Worthiness (News Values–و.ك)یان هەیە، و لەنموونەی ئەوەیش هەواڵەکە لەزیاتر لەرۆژنامەیەك یان گۆڤارێکدا بلاٚوکرابێتەوە.

سێیەم: هەوڵێکی یاسایی هەیە داوای دەستنیشانکردنی پەیوەندیی نێوان تاك و کۆمەڵگا دەکا، و تیۆری دیموکراسیی سیاسی لەسەدەی شانزەیەمەوە تەرکیز دەخاتە سەر ئازادیی تاك، و دواتر لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا لەدڵنیابوونەوە لەسەر ئازادیی تاك وەرچەرخا بۆ دڵنیابوونەوە لەسەر ئازادیی هەمووان لەسەدەی بیستەمدا. لەکاتێکدا "تۆماس جیفرسۆن" داکۆکی لەئیرادەی زۆرینە کرد، ئەوەی بەدیدەکەین کە "جۆن ستیوارت میل" سووربوو لەسەر ئەوەی هەموو تاکیٚ دەبیٚ ئازادبیٚ لەدەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی ئەوەی سودی لیٚدەبینیٚ و هەروەها بەرژەوەندییەکانی بەجێدەهێنیٚ.[11]

جیاواز لەچەمکی "مافی زانین" چەمکی "مافی تایبەتمەندی" هەوڵدەدا هێڵێکی جیاکەرەوە دابنیٚ لەنێوان تاکێتی و گشتیدا، لەنێوان خود و کۆمەڵگادا، بەدوای ئەوەدا دەگەڕیٚ جەختبکاتەوە لە ئازادیی تاك لەمەنتقێکدا کە تیایدا هەست بە تاکێتی بکریٚ، نەوەك وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگا، و تاك لەم مەنتقەدا دەتوانیٚ ببێتە خاوەنی بیروبۆچوونە تایبەتییەکانی، و نهێنییە تایبەتییەکانی کۆنترۆڵبکا، و تەنها ئەوانە ئاشکرابکا کە دەیەویٚ بدرێنە جیهانی دەرەوە. دواتریش مافی تایبەتمەندی مەنتقێکی هەولاٚوێژکراو لەژیانی هەمووواندا دادەمەزرێنیٚ.[12]

## پارێزگاریکردنی تایبە تمەندی لەیاسا عەرەبییەکاندا :

زۆربەی یاسا رۆژنامەنووسییەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکان بەدەق ئاماژە بە پارێزگاریکردنی پرەنسیپی "مافی تایبەتمەندی" دەکەن، و بەکارهێنانی ناوی کەسیٚ یان وێنەکەی لە ریکلاٚمێکی بازرگانیداو بەبیٚ وەرگرتنی رەزامەندیی بە پێشێلکردنی تایبەتمەندی دادەنریٚ. هەروەها ئەوەی کە لەبارەی ژیانی کەسەکەوە بلاٚویشیدەکاتەوە راست بیٚ و لەکەدارکردنی پلەو پایەی کەسێتی نەبیٚ، ئەوا بلاٚوکردنەوەی–ئەگەر لەرووی یاساوە رێگاپێدراویش بیٚ– پێویست بە نەریتی رۆژنامەنووسی دەکا کە بەڵگەنامەکانی ئابڕوی رۆژنامەنووسی رێکیدەخات بە بلاٚوکردنەوەی ئەوەندەی کە لێدانی ژیانی تایبەتی هاوولاٚتیان بیٚ.

ئەم مافە لەتایبەتمەندیدا لەوێدا دەوەستیٚ کە تا چەندە ناکۆك دەبیٚ لەگەڵ پێویستیی پارێزگاریکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا، و بلاٚوکردنەوە یان بلاٚونەکردنەوەی لێرەدا دەبیٚ دروستکردنی هاوسەنگییەکی دڵنیاکەرەوەبیٚ لەنێو ئەو بەرژەوەندییانەی بلاٚوکردنەوەکە بەجێیان دەهێنیٚ، لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییانەی زیانیان لێدەکەویٚ.[13]

www.pertwk.com

لەیاسای سزادانی میسریو لەبەندی 193یدا بەمجۆرە هاتووە "رێگانەدان بەبڵاوکردنەوەی ئەو سکاڵایانەی پێکهاتەیەکی خێزانیی تایبەتییان هەیە وەك سکاڵای تەڵاق یان لێکجیابوونەوە یاخود داوێنپیسی".[14]

لەبەندی 79ی یاسای چاپەمەنیو بڵاوکردنەوەی دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوویشدا بەمجۆرە هاتووە: "نابێ ئەو هەواڵ یان وێنە خێزانیانەی کەسەکان بڵاوبکرێنەوە هەرەندە راستیش بن، ئەگەر بەهۆی بڵاوکردنەوەیان زیان بکەوێتەوە، هەروەك چۆن رێگایش نادرێ بە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانەی درکاندنی نهێنییان لەخۆگرتووەو لەتوانایاندایە زیان بە ئابڕوی کەسێ یان موڵكو ماڵی یاخود بەناوە بازرگانییەکەی بگەیەنن، یان بڵاوکردنەوەی مەسەلەیەك کە مەبەست لێی هەڕەشەلێکردنی یان ناچارکردن بێ بە دانی پارە یاخود پێشکەشکردنی سودێ بۆ کەسانێ یان بێبەریکردنی لەئازادیی کارکردن".[15]

لەگەڵ ئەوەیشدا لەبەندی ژمارە (30)ی یاسای چاپەمەنیو بڵاوکردنەوەی سوڵتاننشینی عوممان–یشدا بەمجۆرە هاتووە: "نابێ ئەو هەواڵو وێنەو لێدوانانە بڵاوبکرێنەوە کە پەیوەنددارن بە نهێنییەکانی ژیانی تایبەتی یان خێزانیی کەسەکان، تەنها لەو کاتەدا نەبێ کە بڵاوکردنەوەکە جێبەجێکردنی بڕیارێکی دادوەریی‌بێ یاخود بەبڕیارێکی ئیداریو پێویستیی بەرژەوەندیی گشتی‌بێ، و رێگادان بە بڵاوکردنەوەکە بەبڕیاری وەزیری راگەیاندن بێ".[16]

لەبەندی ژمارە (47)ی یاسای چاپەمەنیو بڵاوکردنەوەی دەوڵەتی قەتەریشدا بەمجۆرە هاتووە:

بڕگەی (ی) "نابێ دەقی ئەو لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنانە بڵاوبکرێنەوە کە پەیوەنددارن بە مەسەلەکانی باری کەسێتی مادامەکی دادگا پەیوەنددارەکە رێگای بڵاوکردنەوەی نەدابێ".

بڕگەی (ك) "نابێ هەموو ئەو شتانە بڵاوبکرێنەوە کە لەتوانایاندا هەیە زیان بە ئابڕوی کەسێ یان موڵكو ماڵی یاخود ناوە بازرگانییەکەی بگەیەنن یاخود بەمەبەستی ناوزڕاندن یان ناچارکردنی بۆ دانی پارە یاخود پێشکەشکردنی سود بۆ خەڵکی یان بێبەشکردنی لەپەیوەندیکردن بەکارەکەیەوە".[17]

## ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی:

ئەو راو پەیڕەوکردنانەی پەیوەنددارن بە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان هەواڵی گشتو راستی تایبەتی هەمەجۆرن، و ئەو رۆڵەی رۆژنامەنووس پێیهەڵدەستێ بۆ هەواڵی گرتنی فەرمانبەرێکی حکومی توشبوو بەوەرگرتنی بەرتیل لەلای هەندێ بەپەیڕەوکردنێکی رۆژنامەنووسییانەی نایاب دادەنرێ، هاوکات هەندێکی‌تر وەك کارێکی نا ئەخلاقی تەماشای دەکەن، و لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ململانێیەك لەلای رۆژنامەنووس روودەدا ئەویش لەنێوان خستنەڕووی کارێکی رۆژنامەنووسیانەی باشو گرتنەبەری شێوازی نائەخلاقی. کاتێکیش رۆژنامەنووسەکە دەزانێ بەرپرسێکی حکومی یان کەسێتییەکی گشتی هەیە مەی یان تلیاکی کردووە بەپیشە، ئایا ئەو مافەی هەیە یەکەمین جار ئەوە بڵاوبکاتەوە؟ کە خستنی کەسێتییە گشتییەکان بۆ ژێر چاودێریکردن ئەرکێکە بڵاوکردنەوەی دەیسەپێنێ، هاوکات ئەرکی لەبەرچاوگرتنی ئەو مەسەلە تایبەتیانە کە لەلای رایگشتی بێبایەخن دەبێ بڵاونەکرێنەوە.[18]

چەندین چیرۆکە هەواڵیش هەن کە لەلایەن ناوەندەکانی راگەیاندنەوە جیاوازی هەیە لە هەڵسەنگاندنی گرنگیی بڵاوکردنەوە یاخود بڵاونەکردنەوەیان، و لەنمونەی ئەم چیرۆکانەیش چیرۆکی سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگە کە رۆژێك دوای خۆکوشتنی کوڕەکەی ئامادەی پێشبڕکێیەکی ئۆتۆمبێل دەبێ، هەروەها ئەو ئافرەتە بەناوبانگەیش کە لەگەرماوی مەلەوانگەی یەکێ لەئوتێلەکاندا خۆی دەشواو بەتەواوی رووتە Nude لەگەڵ

www.pertwk.com

ئەوەیشدا پالێوراوێکی سەرۆکایەتیکردن کە ئەوە خراوەتە پالّی مێبازەو لەمبارەیەیشەوە بەڵگە هەیە.[19]

هەروەها بلاوکردنەوەی هەواڵی کەسێتییە گشتییەکان، و هاووڵاتییە ئاساییەکانی توشبوو بە نەخۆشی "لەدەستدانی بەرگەگرتنی سروشتی" ناسراو بە "ئایدز" AIDS ئایا یەکەمین جار دەشێ هەواڵی ئەو کەسانە بلاوبکرێنەوە؟ هەندێ لەرۆژنامەنووسان رایان وایە شورەیی نییە لەبلاوکردنەوەیان مادامەکی ئامانج لێی سەرنج راکێشانی بایەخی خەڵکییە بۆ گرنگیی ئەو نەخۆشییەو مەترسییەکانی و رادەی بلاوبوونەوە، لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوانەی کە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن. رۆژنامەنووسانی تریش رایان وایە بەهای بلاوکردنەوەی نمونەی ئەم هەواڵانە لەسەر رادەی ناوبانگی توشبووان دەوەستێ، و ئەگەر توشبووەکە یەکێ لە سمبولەکانی کۆمەڵگابێ هەواڵەکە هەردەبێ بلاوبکرێتەوە، و هەروەها ئەگەر نەخۆشەکە نکوڵیکرد لەوەی تووشی ئەو نەخۆشییە بووە، و هاوکات یەکێ لە پزیشکەکان جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی بەفیعلی تووشی ئەو نەخۆشییە هاتووە، لێرەدا دەبێ هەردوو رایەکە بلاوبکرێنەوە.[20]

بەڵگەنامەکانی ئابڕوی ئەخلاقی کە رێکخراوە رۆژنامەنووسییەکان دایاندەنێن سوێندی پارێزگاریکردنی تایبەتمەندی لەخۆدەگرن، لەوانەیش ئەوەیە کە لەیەکێ لەبەندەکانی دەستوری "کۆمەڵگای رۆژنامەنووسانی پیشمەند" Sigma Delta chiدا هاتووە کە بەمجۆرەیە "دەبێ ناوەندەکانی راگەیاندن وەرچەرخێنە سەر پەلامارنەدانی مافی کەسەکان لە تایبەتمەندیدا". لەبەڵگەنامەی یەکێتیی بەرێوەبەرانی رادیۆو تەلەفزیۆن RTNDAیشدا هاتووە "رۆژنامەنووسان و رۆژنامەنووسەکانی ئیزگە دەبێ لەهەموو کاتەکاندا رەچاوی رێزگرتنی مرۆیی بکەن بۆ تایبەتمەندیی تاکێتیی، و بەباشی مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن کە هەواڵەکان لەخۆیانیانی دەگرن".[21]

جارێکیان یەکێ لەنێردراوە تازەکانی رۆژنامەی "Dayton Journal Herald" لەپەنجاکان (ی سەدەی بیستەم–و.ك)دا بۆ کارێك رادەسپێردرێ. نێردراوەکە لەشارەکەدا نامۆیە، هەوڵی دۆزینەوەی کارێ دەدا لەنەخۆشخانەی نەخۆشییە ئەقڵییەکانی شارەکەدا، ئامانج لەوەیش خستنەڕووی لێکۆڵینەوەیە لەرادەی خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشییەکان، و نێردراوەکە دەتوانێ بۆ ماوەی سێ رۆژ پەیوەندی بەکارێکەوە بکات لەنەخۆشخانەکەدا، و لەو ماوەیەدا زنجیرەیەك ریپۆرتاج سەبارەت بە گەندەڵی ئەو نەخۆشخانەیە بلاودەکاتەوە، و ئەو ریپۆرتاجانە دەبنە هۆی گۆڕینی ئیدارەی نەخۆشخانەکە، و ریپۆرتاجەکانیش دوو خەلات لەخەلاتەکانی رۆژنامەنووسی لەویلایەتە یەکگرتووەکان بەدەست دەهێنن.

لەکۆتایی حەفتاکان (ی سەدەی بیستەم–و.ك)یشدا دوو نێردراوی رۆژنامەی SunTimes Chicago بۆ کڕینی مەیخانە Tavernیەك و کارپێکردنی رادەسپێرن، و ئامانج لەمە هەوڵدانە بۆ پشکنینی ئەوانەی پشکێنەرانی بینای شارەکە پێیەهەڵدەستن بۆ سەرانەسەندن لەخاوەنی کارە بچکۆلەکان و هەروەها بەڵێندەرە بچوکەکان، هەردوو رۆژنامەنووسەکە لەم لادانانە لەوە دڵنیابوونەوە، و هەروەها کامێراو مایکی شاردراوەیان بۆ تۆمارکردنی ئەو سەرانە سەندنە بەکارهێنا، و خستنەڕووی ئەو لێکۆڵینەوانە بۆ ماوەی چوار هەفتە بەردەوام بوو.[22]

لەمبارەیەوە رۆژنامەنووسان و رەخنەگران لەهەڵسەنگاندنی ئەم شێوازەدا بۆ تەغتییەکردنی هەواڵ رای جیاوازیان هەیە، کە هەندێکیان پێیان وایە ئەمجۆرە کارانە بە ئابڕوبەری دادەنرێن و هەروەها بە فریودان ناودەبرێن، و دەشێ ئەگەر رۆژنامەنووسەکان هەوڵێکی گەورەتر بدەن، و کاتێکی زۆرتر بەسەرببەن لە پشکنیندا بگەنە هەمان ئەنجام، و رایەکەی تر پێیوایە رۆژنامەنووس مافی خۆیەتی فریودان بەکاربهێنێ تا ئەو رادەیەی ئەوە تاکە

www.pertwk.com

شێوازبێ بۆ گەیشتن بە چیرۆکە هەواڵێکی سەرنج ڕاکێش و زیندو بۆ سەرجەمی خەڵکی.

لەمبارەیەوە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێو ڕۆژنامەنووساندا سەبارەت بە ئەو کەسانەی دەبێ هەواڵە تایبەتییەکانیان بڵاوبکرێنەوە. لایەنێك هەیە ڕای وایە کەسێتییە بەناوبانگەکان مافی ئەوەیان نییە نهێنییە تایبەتییەکانیان بپارێزن، بەڵکو دەبێ بەبەردەوامی هەواڵە تایبەتییەکانیان بڵاوبکرێنەوە، لەکاتێکدا لایەنەکەی تر ڕای وایە کەسێتییە بەناوبانگەکان مافی پارێزگاریکردنی تایبەتمەندی و نهێنییەکانیان هەیە لەئاشکراکردن.

لەم خاڵەداو لەماوەی سی ساڵی ڕابردوودا تێبینی گۆڕانکارییەك بە ئاڕاستەی بەرەو خراپ بوون دەکرێ لەئەخلاقی پەیڕەوکردنی ڕۆژنامەنووسیدا. ئەوکاتەی کە "جۆن کەنەدی" لەشەستەکان (ی سەدەی بیستەم–و.ك)دا سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو، تا ڕاددەیەك پەیامنێرێکی ڕۆژنامەنووسی نەبوو کە چیرۆکەکانی "کەنەدی"و موغامەرەکانی لەگەڵ ژناندا نەزانێ، لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ ڕۆژنامەنووسێ سەبارەت بە ئەو موغامەرانەیان نەنووسی. لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆژنامەنووسان ئەوەیان زانی کە "ولبور میلز" Wilbur Millsی سەرۆکی فەرمانبەران لەکۆشکی سپی، و یەکێ لەپیاوە بەهێزەکانی واشنتۆن لەماوەی حوکمڕانیکردنی سەرۆك "جۆن کەنەدی"دا، زۆر بەهەڵپە مەی دەخواتەوە، و لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ کەسێ سەبارەت بە ئەو مەسەلەیەیان نەنووسی تا ئەوکاتەی پۆلیس دەستگیریکرد کە لەئەنجامی خواردنەوەکەدا بەمەست و دڵخۆشی لەیەکێ لەشەقامەکاندا، کچێکی لەگەڵدا دەبێ کە جلەکانی لەبەر داکەندراوە Stripper.[23]

لەماوەی هەشتاکان (ی سەدەی بیستەم–و.ك)یشدا چەند ڕووداوێ کەوتنەوە کە والێکردین هەست بەو گۆڕانە بکەین کە کتوپڕ ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی بەرەو خراپتربرد. لەساڵی 1985یشدا ئەوکاتەی ئەکتەری ئەمەریکی "ڕۆك هدسۆن" Rock Hudson, هەوڵی گەڕانیدا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی "ئایدز" ئەوە بووە هۆی ئاشکراکردنی مەسەلەی ئەوەی کە نەخۆشی سێکسی نائاسایی Homosexual هەیە، و هەریەکە لە تۆڕی CBSو NBC ئەو هەواڵەیان لەپێشەوەی درێژەی هەواڵەکانی شەودا بڵاوکردەوە.

لەهەمان ساڵی 1985دا ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەیەکی "کۆمەڵگای ئەمەریکی بۆ نووسەرانی ڕۆژنامەکان" ئاماژەیان کردووە بە ڕاستگۆیی ڕۆژنامەکان کە 78٪ی لێکۆڵەرەوەکان پێیان وایە ڕۆژنامەنووسان بایەخ نادەن بە بریندارکردنی هەستی خەڵکی و ئازاردانیان.[24]

لەمانگی مایسی 1987یشدا ڕۆژنامەی Miami Herald چیرۆکی "گاری هارت" Gary Hart,ی پاڵێوراوی سەرۆکایەتیکردنی ئەمەریکای پارتی دیموکراتی لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی 1988دا بڵاوکردەوە، و ئەو پاڵێوراوە بەهۆی دروستکردنی پەیوەندییەکی نادروست لەگەڵ خانمێکی 29 ساڵە کە خۆی تەمەنی 50 ساڵانەبوو خۆی خستە تەنگەبەرێکەوە، و واتەواتەکانی وەهابوون کە ناوبراو پاشەڵ پیسە یان مێبازە، و کێشەکەیش لەوەدابوو ئەو یەکێ بوو لە سمبولەکانی کۆمەڵگای ئەمەریکی، هەروەها ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی تریش وێنەی ئەو کچە ئەکتەرە شۆخ وشەنگەیان بڵاوکردەوە کە جلی مەلەکردن "مایۆی بیکینی"ی لەبەردایە، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" ئەوەی بڵاوکردەوە کە "هارت" پەیوەندییەکی درێژخایەنی لەگەڵ کچێکی تریشدا هەبووە. "هارت" ئەو ڕۆژنامەیەی بە ناوزڕاندن و مەبەستبوون لەناڕاستی و بڵاونەکردنەوەی تێڕوانینەکانی تۆمەتبارکرد، و ئەم هەڵمەتە ڕۆژنامەنوسییە بووە هۆی پاشەکشێکردنی "هارت" لەهەڵبژاردنەکاندا.

لایەنێکی نائەخلاقی کە لەم چیرۆکەدا خۆی نیشاندەدا لەهەڵبژاردنی ڕۆژنامەنووسەکەدایە بۆ ئەوکاتە گونجاوە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە بەبۆنەی

www.pertwk.com

خۆکاندیدکردنی "هارت" بۆ سەرۆکایەتیکردن، هەروەها لە گرتنەبەری شێوازی نائەخلاقی لەچاودێریکردنو بەدەستهێنانی زانیاریدا بەرێگای دزەکردن بۆ ژیانی تایبەتی. لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی "میامی هیراڵد" داکۆکی لەو تۆمەتانەکرد بەوەی "گاری هارت" کەسێتییەکی گشتییە، و مافی هەموو کەسێکە هەموو شتێ لەبارەیەوە بزانێ.[25]

لێرەدا دەچینە سەر خاڵێکی تری ئەخلاقی ئەویش ئەوەیە: کەی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن ئەو مافەیان دەبێ ڕۆشنایی بخەنە سەر هاووڵاتیی ئاسایی؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن دەخاتە حاڵەتێکی زۆر سەختەوە، بەوەی پاساو نییە بۆ ڕۆشنایی خستنە سەر هاووڵاتیی ئاسایی کە ئارەزووی لێنەکا، و هەروەها هیچ بەهایەکی هەواڵیش نییە لە ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ژیانی تایبەتی هاووڵاتیان بۆ جەماوەر. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەیش ئەم کێشانە دەخەینە ڕوو:

لەماوەی دەیەی شەستەکان (ی سەدەی بیستەم–و.ك)دا یەکێ لە وێنەگرە ڕۆژنامەنووسەکان هەستا بە وێنەگرتنی لاشەی چوار منداڵ لەکاتی وێنەگرتنیاندا لەیەکێ لەروبارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا خنکابوو، و سەرباری ئەوەی هێزەکانی پۆلیسو خەڵکەکە داوایان لەڕۆژنامەنووسەکە کرد وێنەیان نەگرێ، بەڵام وێنەگرتن بەردەوام بوو، و وای نیشاندا کە بەوە ئەرکە پیشەییەکانی ڕاییدەکا، و پرسیاری ئەخلاقی لێرەدا ئەوەیە: تا چ ڕاددەیەك وێنەگرتنی مەرگەساتە تایبەتەکان کارێکی ئەخلاقییە؟ لەڕووی باری پیشەیشەوە ئەوە دەبێتە هۆی دەرچوون بەوێنەیەکی باشو کاریگەر، و لەڕووی ئەخلاقیشەوە نابێ لەم حاڵەتەدا مەرگەساتەکانی خەڵکیو وێنەگرتنیان بەکاربهێنرێ.[26]



لە 28ی شوباتی 1976یشدا ڕۆژنامەی Dallas Times Herald ڕیپۆرتاجێکی ڕۆژنامەنووسی بڵاوکردەوە کە ڕۆژنامەنووس Hugh Aynesworth, پێیهەستابوو، کە زانیارییەکانی بەدرێژایی سێ مانگ کۆکردبووەوە، و ئەو ڕیپۆرتاجە تێوەگلانی ئەندازیارێکی پێشووی نەوت بەناوی "نۆرمان ریس" Norman J. Rees, لەکارێکی سیخوڕیدا بۆ یەکێتیی سۆڤیەت (ی جاران–و.ك)ی لە دووەمین جەنگی جیهانییەوە تاوەکو ساڵی 1975 ئاشکراکردبوو، و لەساڵی 1971وە "ریس" بووەتە بەکرێگیراوێکی دووانە (مزدوج) بۆ نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی. لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسیشدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "دالاس تایمز هیراڵد"، "ریس" دان بەوەدا دەنێ لەبەرانبەر پێدانی زانیاری تەکنیکی بە یەکێتیی سۆڤیەت پارەی وەرگرتووە، و کاتێکیش بەوە دەزانێ ڕۆژنامەنووسەکە نیەتی بڵاوکردنەوەی ئەو ڕیپۆرتاجەی هەیە هەڕەشەی خۆکوشتنی کردووە. لە سەرلەبەیانی ڕۆژی بڵاوکردنەوەکەدا "ریس" بەفیعلی خۆی دەکوژێ*، و ڕۆژنامەکە سەبارەت بە ئەو ڕووداوە وای ڕاگەیاند بەوەی هەڕەشەکردن بە خۆکوشتن نابێ ببێتە هۆی نەخستنەڕووی چیرۆکە هەواڵێك کە لای سەرجەمی خەڵکییەوە جێگای بایەخ بێ.[27]

---

* ئەم مەسەلەیە پەیوەنددارە بەرەچاوکردنی دادوەری لەنووسینەوەی چیرۆکەهەواڵدا کە لەشەشەمین بەندی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی سەرنووسەرانی ڕۆژنامە ڕۆژانەکانی ئەمەریکادا ئاماژەی پێکراوە، و تیایدا شوێنگەی ڕۆژنامەنووس لە نووسینەوەی چیرۆکە هەواڵدا دیاریدەکرێ کە لەکوێدا دەوەستێو دەبێ لەحاڵەتی لەمجۆرە هەڕەشەکردنانەدا چۆن مامەڵە لەگەڵ چیرۆکە هەواڵەکەدا بکا، کە زۆر لەڕۆژنامەنووسان ڕایان وایە ئەگەر ئەو کەسەی لەچیرۆکەهەواڵەکەدا ناوی دەهێنرێ پێشوەخت هەڕەشەی خۆکوشتنی کرد لەحاڵەتی بڵاوکردنەوەیدا، ئەوا دەبێ ڕۆژنامەنووسەکە لەمبارەیەوە ڕاوێژ بە پزیشکیی تایبەتی کەسەکە بکا..

لەمبارەیەوە بڕوانە: جۆن. ل. هاتلنگ، (هەمان سەرچاوەی پێشوو)، لاپەڕەکانی 87 تاوەکو 111 بەتایبەتی لاپەڕەکانی 94و95.

وەرگێڕی کوردی

لە 17ی کانوونی دووەمی 1979یشدا پۆلیسی واشنتۆن لاشەی کچێکی کوژراوی دۆزییەوە، کە ئەو کچە "کاندی هیربۆ" ,Candy Herbowبوو کە تەمەنی کەمتر لە بیست ساڵ بوو، و کاری خستنەڕووی جلوبەرگ بوو، و هەروەها کچە تاقانەی خێزانێکی بەناوبانگی شاری Missoulaی ویلایەتی Montana بووو رۆژنامەی Missoulian ئەم چیرۆکەی لە لاپەڕەی یەکەمو رۆژی دواتری رووداوەکەدا بڵاوکردەوە بەو پێیەی کە مەرگەساتێکە بۆ کۆمەڵگای ناوخۆو هەروەها خێزانەکەیشی، و وردەکارییەکانی ژیانی کچەکە نەبووە بەشێك لە تەغتییە رۆژنامەنووسییە ناوخۆییەکە. بەڵام رۆژنامەی "واشنتۆن پۆست" ئەم مەرگەساتەی بەمجۆرە بڵاوکردەوە:

"مردنی کچێکی خراپ کە کاری فرۆشتنی خولیایەکی سوتاوی هەبوو لەشەقامەکاندا لەکاتی پەیڕەوکردنی بازرگانیکردندا"، و رۆژنامەکە چیرۆکی ژیانی کچەکەی بڵاوکردەوە، کەوا لەپەیمانگەی مۆسیقا کە لەواشنتۆن دەیخوێند دەرکراوە، و گەڕاوەتەوە بۆ شارەکەی "میزولا" و لەوێ کوڕێکی گەنجی ناسیووەو لەگەڵیدا هەڵاتووە بۆ واشنتۆن، و لەوێ لەسەر لەشفرۆشی راهاتووە. لەمانگی کانوونی یەکەمی 1977یشدا بەتۆمەتی بەدڕەوشتی دەستگیرکراوە. رۆژنامە ناوخۆییەکانیش سەرجەمی ئەو وردەکارییەی لەرۆژنامەی "واشنتۆن پۆست"ەوە گواستەوە، و ئەوە بووە هۆی شێواندنی ئابڕوی خێزانی کچەکە، و هەروەها بووە هۆی لاوازبوونی بارستایی ئەو مەرگەساتەی ئەو خێزانە تووشی هاتبوون.(28)

لەرووداوێکی تریشدا یەکێ لە خانمەکان بەتۆمەتی دزینی کاڵاکانی یەکێ لەبازرگانەکان Shoplifer تۆمەتبارکرابوو، و داوایکردبوو لەو چیرۆکە هەواڵەدا ناوی نەهێنرێ؛ لەبەرئەوەی منداڵی لەقوتابخانەدا هەیە، و تەڵاقدراویشە، و بڵاوکردنەوەی ئەو چیرۆکە بۆی دەبێتە ئابڕوبەرییەکی گەورە، بەڵام رۆژنامەنووسەکە ئەوەی رەفزکردو وای نیشاندا سیاسەتی رۆژنامەکە هانی بڵاوکردنەوەی ناوی سەرجەمی تۆمەتبارەکان دەدا لەهەر کێشەیەکدابێ.

پرسیاری ئەخلاقیش لێرەدا ئەوەیە: ئایا بڵاوکردنەوەی وردەکاریی ناوەکان بەهایەکی هەواڵی بەمجۆرە رووداوانە دەدا؟(29)

لەساڵی 1986یشدا وێنەگری رۆژنامەنووسی "جۆن هارت" John Harte, کە لەرۆژنامەی Bakersfield Californianدا کاردەکا وێنەی لاشەی منداڵێکی کوژراوی (5 ساڵانە)ی گرت کە لەکاتی گرتنەکەدا منداڵەکە لەیەکێ لەدەریاکاندا خنکابوو، و هەروەها وێنەگرەکە وێنەی باوكو برا گەورەکەی منداڵە خنکاوەکەیشی لە ساتەوەختی کردنەوەی ئەو جانتایەدا گرتبوو کە لاشەی منداڵەکەی تیابوو بۆ ناسینەوەی سیمای، و لەو ساتەوەختەدا باوکەکە بەسەر لاشەکەدا چەماوەتەوە، و دواتر بەهەردوو دەستی فشاریکردووە تاوەکو هەردوو چاوی قوربانییەکە دابخات کە لەو کاتەدا شێلگیرانە دەگریا، و برا گەورەکەیش بەپێوە وەستابووو بەسەر قۆڵی دایکییەوە هاواریدەکرد. رۆژنامەی Californian ئەم وێنەیەی لەرۆژی دواتری رووداوەکەدا بەکارهێنا، و هەروەها وێنەکەیشی دایە ئاژانسی "ئاسۆشێتدپرێس" کە لەسەر ئاستی نەتەوەیی دابەشیکرد. لەماوەی دوو رۆژی دواتریشدا رۆژنامەکە زیاتر لە پێنج سەد تەلەفۆنی لەلایەن خوێنەرانەوە بۆ کرا کە تیایاندا بێزاری خۆیان لەو وێنەیە دەربڕیبووو رایان وابوو ئەوە پەلاماردانی تایبەتمەندیی خێزانەکەیە، و هەروەها رۆژنامەکە هەڕەشەی بەکارهێنانی بۆمبی ئاڕاستەکرا بۆ تەقاندنەوەی بینایەی رۆژنامەکە. دوای ئەوەیش "بۆب بینتلی" ,Bob Bentleyی سەرنووسەر وتارێکی نووسیو تیایدا داوای لێبوردنی لەخوێنەران کردو ئەوەی باسکرد بڵاونەکردنەوەی ئەمجۆرە وێنانە مانای رێگانەدانە بە رۆژنامە بەبەکارهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی، هەروەها چۆن بەیەکێ لەهاوڕێ رۆژنامەنووسەکانی وتبوو ئەوە سەختترین حاڵەتە کە رۆژنامەکە لەلایەن خوێنەرانیەوە رووبەرووی بووەتەوە، و وتبووی "ئێمە وەك رۆژنامە وامان بیرکردەوە کە زۆربەی خوێنەران پێیان وابوو ئێمە لەسەر هەڵەین، و پێیان راگەیاندین بڵاوکردنەوەی

ئەم وێنەیە بە پەلاماردانی "یادەوەریی منداڵەکە" دادەنرێ" هەربۆیە ناچاربووین داوای لێبوردن لە خوێنەران بکەین".

وێنەگرەکەیش "جۆن هارت" لەمبارەیەوە ناڕازیبوونی خۆی نیشاندا، و وتی ئەو "شانازی بەو وێنەیەوە دەکا، کە هێزێ نیشان دەدا بۆ باسکردن بۆ خەڵکی لەپێویستیی بەئاگابوون لەئاو لەکاتی مەلەکردندا"، لەگەڵ ئەوەیشدا سەرنووسەرەکە جەختی لەوە کردەوە وێنەگرەکە مافی خۆیەتی شانازی بەگرتنی ئەو وێنەیەوە بکا، و لەگەڵیشیدا هاوڕایە کە ئەوە گرتەیەکی بەهێزو دراماییە، و ئارەزووی کاندیدکردنی ئەو وێنەیەیشی هەبوو بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی "پۆلیتزەر" Pulizer.

سەرباری ئەوە، ئەو وێنانەی لەو ساڵەدا 1986 خەڵاتی "پۆلیتزەر"یان بەدەستهێنا، وێنەی دوو وێنەگری ڕۆژنامەی "میامی هیراڵد" بوو کە وێنەی مەرگ و شوێنەواری قوربانیانی یەکێ لە گڕکانەکانی دەوڵەتی کۆلۆمبیابوو.[30]

لەوەوە دەگەینە ئەوەی گرفتی "مافی تایبەتمەندی" گوزارشت لە بڕیاردانی سەخت دەکا، بۆ نمونە سیاسەتی زۆربەی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن پێویست بە بڵاونەکردنەوەی ناوی قوربانیانی بەزۆر گاین Rape Victims دەکا و لەگەڵ ئەوەیشدا دەشێ هەندێجار ئەوە لەرێی شاشەکانی تەلەفزیۆنەوە ڕووبدا. لەو بارەیەوە و لەساڵی 1984دا ئەوە رویدا کاتێ تۆڕی CNNی ئەمەریکی لایەنێکی گەورەی دادگاییکردنی شەش کەسی پەخشکرد کە تۆمەتبارکرابوون بە بەزۆرگاین(الاغتصاب)ی کچێك لەسەر مێزی مەیخانەیەکدا لەناوچەی "نیوبید فۆرد" New Bedford لەویلایەتی "ماساشوستس" Massachusetts و کامێراکە کچەکەی لەکاتی دان پیانانەکانیدا لەبەردەم دادگاکەدا نیشان دەدا، و چەندین جاریش ناوی کچەکە بڵاوکرایەوە.

لەساڵی 1985یشدا کچێکی تر چانسی هەبوو بەهۆی قوربانی بەزۆر گاین کە بووە ناوبانگێکی گەورە بۆی ئەوکاتەی لە دادگاکەدا ڕایگەیاند ناچاربووە لەبەردەم دادگاکەدا درۆبکا سەبارەت بە بەزۆرگاینی لەماوەی چەندین ساڵدا، و ئەو کەسەی کە دادگاکە ئیدانەی کردووە نەیگاوە، و دەیەوێ لەزیندان بەربدرێ.

هەندێ ڕۆژنامە کە ناوی قوربانیانی بەزۆر گایینی کچان بڵاودەکەنەوە، پێیان وایە ئەوە دەبێتە هۆی بەرگرتن لە هەندێ لەکچان لەئاڕاستەکردنی تۆمەتی ناڕاست بۆ مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لەهەندێ لەپیاوان.[31]

ناوەندەکانی ڕاگەیاندنیش لەکۆمەڵگای میسریدا هەندێجار پەیڕەویی ڕەفتاری نائەخلاقی دەکەن لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەندێ مەسەلەی تایبەت بە بەزۆرگایین ،و لەمبارەیەوە ئەم دوو نمونەیە دەگێڕینەوە:

ڕووداوەکانی یەکەمین کێشە لە 17ی کانوونی دووەمی ساڵی 1985دا کەوتنەوە کە ناسراوە بە کێشەی (فتاة المعادی)و ئەم کێشەیە چانسی ناوبانگێکی گەورەی هەبوو، نەك بەهۆی ناوبانگی خاوەنەکەیەوە، بەڵکو بەهۆی ژمارەی دەستدرێژیکارەکان و ئەو ڕێگایەنەیشی کە بەهۆیانەوە کراون، لەگەڵ ناڕوونیی کێشەکەدا کە ژمارەی لاپەڕەکانی بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکە گەیشتە 35 لاپەڕەی فولسکاب، و لەم ئاڕاستەیەیشدا وروژاندنەکە کۆتایی پێنەهات، بگرە گەیشتە سەکۆی دادوەریی و بڕیاردان لێی بە لەسێدارەدان. قوربانییەکە "غادە"بوو لەگەڵ دەستگیرانەکەیدا لەیەکێ لە شەقامەکانی دەوروبەری مەعادیدا دەنیشتبوو خەریکی ڕێکخستنی هەنگاوەکانی دەستگیرانی و خەونەکانی دروستکردنی ژیانی خێزانداریێتی بوو لەداهاتوودا، لەپڕ شەش گەنج پەلاماریان دەدەن لەناو ئۆتۆمبیلەکەداو هەموو پارەکانیان لێدەستێنن. پاڕانەوەو تکاکردنی قوربانییەکەو دەستگیرانەکەی دادی نەدان کاتێ دەست درێژیکارەکان سووربوون لەسەر بردنیشیان پێکەوە. لەیەکێ لەجێگا بەکرێگیراوەکاندا ناشیرینترین کاری بەزۆر گایین دەکرێ، کۆمەڵگای میسری سەری سوڕما کاتێ دەستکرا بە وردەکاریی دانیشتنەکان لەکاتی دادگاییکردنەکەدا کە لەیەکەمین دانیشتنیدا زیاتر لەهەزار هاووڵاتی

www.pertwk.com

ئامادەبوون. ڕووداوەکانی ئەو کێشەیە تا دەرچوونی بڕیاری کۆتایی لە ڕۆژی 26ی مارتی 1988 بە لەسێدارەدانی دوان لە دەستدرێژیکاران بەردەوام بوو، لەگەڵ کارکردنی قورسی هەتا هەتایی بۆ سیان لەدەست درێژیکاران، بەڵام ئەوی دواینیان بە پێنج ساڵ حوکمدرا، و ئەو موفاجەئەیەی پزیشکی شەرعیش بۆیان نەبووە تکاکار کە ئەوەی دڵنیاکردەوە کچەکە سەرباری دەستدرێژیکردنەکە بۆ سەری هێشتا کچێنی ماوە.

کێشەی ئەخلاقیش لەم کێشەیەدا ئەوەیە ئارەزووی ڕۆژنامەکان بۆ پەلاماردانی ژیانی تایبەتی خێزانی کچەکەو دەستگیرانەکەی خۆی مەڵاس داوە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی تەواوی ناوی قوربانییەکان، و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی وردەکاریی نهێنیی سەبارەت بە پەیوەندیی کچەکە بەدەستگیرانەکەیەوە، و ڕەخساندنی بوار بۆ فرە لێکدانەوەیی کە دەشێ زیان بە ئابڕووی کچەکە بگەیەنن.

بەڵام دووەمین ڕووداو لەمانگی ڕەمەزانی شکۆدار (مارتی 1992)دا کەوتەوەو کێشەکە بەهۆی قەرەباڵغی هۆیەکانی گواستنەوەبوو لەشاری قاهیرەدا، کە ئەتککردنی کچێك لەگۆڕەپانی ئەلعەتەبەی قەرەباڵغدا دەرکەوت لەکاتی سەرکەوتنی کچەکەدا بۆ پاس، کە ئەوە ڕووداوێکی بەناوبانگە بە "کچەکەی عەتەبە" ناسراوە کە تیایدا دوو پیاو تۆمەتبارکران. ئەو کێشەیە بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو سەرنجی ڕایگشتی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو، دواتر دووەمین موفاجەئە ڕوویدا کاتێ دادوەرەکە بێتاوانی دوو تۆمەتبارەکەی ڕاگەیاند؛ ئەوەیش بەهۆی ناکۆکی لەقسەکانی کچەکەدا.

ڕۆژنامەکان لەم کێشەیەدا ناوی تەواوو ناونیشانی نیشتەجێبوون، و شوێنی کارکردن، و وێنەی کچەکەیان بڵاوکردەوە، کە بەپێشێلکردنی تایبەتمەندی کچەکەو خێزانەکەی دەکرێ بۆ گەڕان بە شوێن وروژاندن و مەترسی خستنەوە.



دواجار نمونەی ئەم ڕووداوانە کە گوزارشت لە پێشێلکاریی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن دەکەن بۆ تایبەتمەندیی کەسەکان، لەسەریەتی (مەبەست ناوەندەکانی ڕاگەیاندنە–و.ك) ئەم لەبەرچاوگرتنە ئەخلاقیانە لەکاتی پەیڕەوکردنی پیشەییدا بەهەند وەربگرێ؛ و هەر بۆ ئەوەیش دامەزراوە ڕۆژنامەنووسییەکان لێکۆڵینەوە دەکەن سەبارەت بە ڕاستگۆیی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن، و لایەنێکی گەورەی ئەم لێکۆڵینەوانە بایەخ دەدەن بە ئەخلاقی تایبەتمەندی، و لەماوەی دەیەی هەشتاکان (ی سەدەی بیستەم–و.ك)دا چەندین کتێب و سەرچاوە لەبارەی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسییەوە دەرکەوتن، لەگەڵ خوێندنی ئەم بڕیارلێدراوە بۆ خوێندکارانی ڕاگەیاندن. ئامانج لەسەرجەمی ئەم چالاکییانە هۆشیارییە بە لەبەرچاوگرتنی لایەنە ئەخلاقییەکان، و ڕۆژنامەنووس هەردەبێ خۆی بخاتە جێگای قوربانییەکەوە، و بیر لەوە بکاتەوە ئەگەر ئابڕووبردنەکە یان پەلاماردانی تایبەتمەندییەکە بەرانبەر بەخۆی یان بەیەکێ لە ناسیاوەکانی بێ، ئەوکات هەستی چۆن دەبێ.

بەکورتی کێشەی پەلاماردانی تایبەتمەندی زیاتر کێشەیەکی ئەخلاقییە وەك لەوەی کێشەیەکی یاسایی بێ.

## پوختە:

لەزۆربەی یاسا رۆژنامەنووسییەکان و بڕیارەکانی دادگاکاندا ئاماژە بە پێویستیی پارێزگاریکردنی پرەنسیپی "مافی تایبەتمەندی" کراوەو ئەوەیش مانای وایە هەموو کەسێ مافی پارێزگاریکردنی ژیانی خێزانەکەی، و ژیانی تایبەتی خۆی هەیە لەبڵاوکردنەوەو ناوزڕاندندا، و ئەم پرەنسیپەیش ناکۆك دەبێ لەگەڵ پرەنسیپی "مافی زانین" کە ناوەندەکانی راگەیاندن لەو ساڵانەی دوایشدا بانگەشەیان بۆ دەکەن.

کێشەی تایبەتمەندی لەچۆنییەتی لێکۆڵینەوەی ناوەندەکانی راگەیاندندا بەشوێن زانیاریدا خۆی مەڵاسدەدا بەبێ پەلاماردان بۆ سەر مافەکانی کەسانی تر. پرەنسیپی "مافی تایبەتمەندی"یش ریشە یاساییەکەی بۆ وتارێکی "لویس براندیس"و "صمویل وارین" لەساڵی 1980دا دەگەڕێتەوە، و یاسای زانینیش بایەخ بەتایبەتمەندی دەدا بەو زیانەی کە دەشێ بەهۆی پەلاماردانی ژیانی تایبەتییان لەلایەن ناوەندەکانی راگەیاندنەوە بکەونەوە.

یاسای پارێزگاریکردنی تایبەتمەندیش گوزارشت لە گورزەیەکی پێکهاتوو دەکا لەچوار زیان بۆ چوار جۆری بایەخ، و ئەم چوار رەگەزەیش ناوێکی بەربڵاوی وەك "پەلاماردانی تایبەتمەندی" پێکدەهێنن، و ئەم رەگەزانە دەگرێتەوە:

1–پەلاماردانی مادی یان خۆهەڵقورتان بۆ کاروبارە تایبەتەکان یاخود نهێنیی کەسەکان.

2–ئاشکراکردنی گشتی بۆ نهێنییە تایبەتەکان لەتوانایدایە ببێتە هۆی شڵەژانی ژیانی کەسە زیانلێکەوتووەکە.

3–خستنی یەکێ لەکەسەکان بۆ بەر رۆشناییەکی دروستکراو بەبێ پاساو یان بەهایەکی هەواڵی.

4–دەست بەسەراگرتنی ناوی کەسێ یان وێنەکەی بۆ بەجێهێنانی سود بۆ کەسێکی تر.

یاسای ئەمەریکی پارێزگاریکردنی تایبەتمەندی بۆ هاووڵاتییانی ئاسایی دەستەبەردەکا، لەکاتێکدا ئەو پارێزگاریکردنە بۆ بەرپرسان یان کەسێتییە گشتییەکان فەراهەم ناکرێ.

لەگەڵ ئەوەیشدا لەزۆربەی یاسا عەرەبییەکانیشدا بەدەق ئاماژە بە پرەنسیپی "مافی تایبەتمەندی" کراوە، و ئەم مافەیش لەتایبەتمەندیدا لەسەر ئەوە دەوەستێ کە ناکۆك بێ لەگەڵ ئەوەدا کە پارێزگاریکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا پێویستی پێیان هەیە، و بڵاوکردنەوە یان بڵاونەکردنەوەیشی لەسەر هاوسەنگیکردنێکی سەر ڕاستانە دەوەستێ لەنێوان ئەو بەرژەوەندییانەی لەتوانادا هەیە بڵاوکردنەوەکە بیانهێنێتە دی بەرانبەر بە ئەو بەرژەوەندییانەی زیانیان پێ‌دەگا.

دواجار ئەم فەسڵە ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی بۆ پرەنسیپی "مافی تایبەتمەندی" دەخاتە روو، و چەندین نمونەیشمان لەپێشێلکارییەکانی ناوەندەکانی راگەیاندن بۆ ئەو پرەنسیپە خستەڕوو، لەگەڵ گرنگیی تەغتییەکردنی ئەو هەواڵانەی هاوسەنگی بەدیدەهێنن لەنێوان پارێزگاریکردنی تاك و بەرژەوەندیی کۆمەڵگادا.

www.pertwk.com

## سەرچاوەکانی فەسڵی نۆیەم




(1) Harless, James D. Mass Communication An Introductory Survey (VAS: Wm. C., Brown Publishers, 1985) P. 480.

(2) Bittner, John R. Mass Communication An Introduction (N. J.: Prentice Hall, Englewood cliffs, 4th Ed., 1986) P. 391.

(3) Fink, conrad c. Media Ethics in the Newsroom and Beyond (N. Y.: McGraw- Hill, Inc., 1988) PP. 26-27.

(4) Holsinger, Ralph L., Media Law (N. Y.: Random Hous, 1987) PP. 166-167.

(5) Christians, Clifford G. Rotzoll, Kim B., and Fackler, Mark Media Ehics cases and Moral Beasoning (N. Y.: Longman Inc., 1987) P. 109.

(6) Holsinger, R. L., (1987) op. cit, PP. 167-168.

(7) Harless, J. d., (1985) op. cit, P 480.

(8) Ibid, P. 480.

(9) Bittner, J. R., (1986) op. cit, P. 392.

(10)Brenner, daniel L. and Rivers, William L. Free But Regulated: conflicting Traditions in Media Law (Ames, Iowa: Ioma state University Press, 1982) PP. 102-105.

(11) Christians, C.G., Rotzoll, K. B. and Fackler, M. (1987) op. cit, P. 110.

(12) Emerson, Thomas I. The System of free Experssion (N. Y.: Vintage books, 1970) P. 545.

(13) ليلى عبد المجيد: الصحافة فى الوطن العربى (القاهرة: العربى للنشر و التوزيع، 1990) لاپەرە 53.





(14) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە 54.

(15) دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو، یاسای فیدراڵی ژمارە 15ی ساڵی 1980ی زایینیی تایبەت بە کاروباری چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە (ئەبوزەبی: وەزارەتی راگەیاندن).

(16) سوڵتاننشینی عوممان: یاسای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی ژمارە 1984/49 (مەسقەت: وەزارەتی راگەیاندن).

(17) دەوڵەتی قەتەر: یاسای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی ژمارە 8ی ساڵی 1979 (دەوحە: وەزارەتی راگەیاندن).

(18) Christians, C. G. et al, (1987) op. PP. 111-113.

(19) Stepp, Carl Sessions "When a Puplic Figure's Private Life is News?" In Hiebert, Ray Eldon and Reuss, Carol Impact of Mass Media (N. Y.: Longman Inc., 2nd Ed., 1988) PP. 83-88.

(20) Genovese, Margaret "AIDS: Reporting the tragedy" In Hiebert, R. e. and Reuss, C. (1988) op. cit, PP 78-80.

(21) Holsinger, R. L., (1987) op. cit, P. 207.

(22) Miller, Abraham H. Terrorism: the Media and The law (Dobbs ferry. N. Y.: Transnational Publishers, Inc., 1982) PP. 116-122.

(23) Holsinger, R. L., (1987) op. cit, P. 209.

(24) Ibid. P. 209.

(25) Fink, c. c., (1988) op. cit, PP. 28-29.

(26) Hohenberg, John The News Media: A Journalist Looks At his Profession (N. Y.: Holt, Rinehart and Winston, 1986) P. 212.

(27) Christians, C. G, el Al, (1987) op. cit, PP. 114-116.

(28) Ibid, PP. 116-118.

(29) Ibid, PP. 118-120.

www.pertwk.com

(30) Holsinger, R. L., (1987) op. cit, P. 210.
(31) Ibid, P. 210.

www.pertwk.com

# فەسڵی دەیەم

## مافی دادگاییکردنی دادوەرانە

-پێویستی بۆ دادگاییکردنی دادوەرانە.

-دادگاییکردنی دادوەرانە لە یاسای ئەمەریکیدا.

-دادگاییکردنی دادوەرانە لە هەندێ یاسای عەرەبیدا.

-ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی.

www.pertwk.com

# فەسڵی دەیەم

## مافی دادگاییکردنی دادوەرانە

### دەسپێك:

سیستمی دادوەری ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە یارمەتیدانی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بە هەواڵی تاوانکاری, دادگاییکردنەکان, و هەندێ جار پێکادان لە نێو ناوەندەکانی ڕاگەیاندندا دروست دەبێت ئەوەیش بەهۆی خولیای ناوەندەکانی راگەیاندن لە درکاندنی نهێنییەکان و خستنە ڕووی زانیاری لەبارەی هەواڵی دادگاییکردنەکان و ئەگەرەکانی و ئەنجامەکانی و ئارەزووکردن لە خستنە ڕووی خزمەتگوزاری هەواڵیی پێگەییوو بەجێهێنانی سەبقی ڕۆژنامەنووسی. لەلایەکی دیکەیشەوە دادوەری سوور دەبێ لەسەر دەستەبەرکردنی پارێزگاریکردنی پێویست بۆ سەرجەمی داواکارو داوالێکراو وزامنکردنی دزەنەکردنی زانیاری کە کاریگەرییان هەبێ بەسەر ئاڕاستەی دادوەریی و بێلایەنیی دادگاوە، هەروەها جۆشنەدانی رایگشتی لەدژی تۆمەتباران بەر لەدەرچوونی دوا بڕیار ئیتر بە بێتاوانکردن بێ یاخود ئیدانەکردن، ئەوەیش بۆ بەجێهێنانی دانایی ئەوەی کە "تۆمەتبار بێتاوانە تا ئەوکاتەی ئیدانەکردنەکەی دەسەلمێنرێ".

ئەم فەسڵەیش پێویستی بۆ دادگاییکردنێکی دادوەرانە دەخاتەڕوو، لەگەڵ ڕۆڵی ناوەندەکانی راگەیاندن لەهاریکاریکردنیدا، و دەستەبەرکردنی دادگاییکردنێکی دادوەرانە لەیاسای ئەمەریکیدا، و ئەو دەقانەی لەبارەی دادگاییکردنی دادوەرانەوەن لەهەندێ لەیاسا عەرەبییەکاندا، و دواجار ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی بۆ فەراهەمکردنی دادگاییکردنێکی دادوەرانە دەخرێتە روو.



### پێویستی بۆ دادگاییکردنی دادوەرانە:

سەرباری ئەوەی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانکاریو لێکۆڵینەوەکانو دادگاییکردنەکان مافێکی رەوای ناوەندەکانی راگەیاندنە کە مەبەست لێیان دڵنیاکردنەوەی خەڵکییە بۆ باش بەڕێوەچوونی دادوەری، هەموو بۆ ئەوەیشە خەڵکی بزانن کە وەك کاری نایاسایی روودەدەن تاوەکو دووربخرێنەوەو لەبارببرێن، و بۆ ئەوەیشی ئەو شتانە بزانن کە لەکۆمەڵگادا روودەدەن، تاوەکو دڵنیاببنەوە لە بەرەللاَنەبوونی تاوانکاران، و نەگرتنەبەری هۆکاری نادروست لە لێکۆڵینەوەو تۆمەتبارکردنەکەدا، و لەبەرئەوەی تاوان بەشێوەیەکی گشتی بەرووداوێکی گرنگ بۆ جەماوەر دادەنرێ ، سەرباری ئەوە کە توندڕەوی لەلایەن ناوەندەکانی راگەیاندنەوە- جاروبار- هەیە لەهەستان بە ڕۆڵی رەخساندنی زانیاری لەبارەی تاوانەکانەوە کە دەشێ ببێتە هۆی بێبەشکردنی تۆمەتبارەکە لەدادگاییکردنێکی دادوەرانەدا، و هۆکارێ بۆ زیانگەیاندن بە تۆمەتبارەکەو جۆشدانی رایگشتی لەدژی؛ بەر لەوەی بڕیاری دادگا دەربچێ، ئەو شتە بەشێوەیەکی تایبەتی لەهەندێ لەو تاوانانەدا روودەدا کە لەلایەن رایگشتییەوە بایەخی پێدەدرێ وەك کوشتنو بەزۆرگاینو گەندەڵی.[1]

لەبیستەکانیشدا "ڕۆژنامەنووسی چاخی جاز" Jaz Press لە ویلایەتە یەکگرتووکان دەرکەوت کە مەبەست لێی ئەو جۆرەی تەغتییەکردنی ڕۆژنامەنووسییە کە پشت بەوروژاندن Sensationalism دەبەستێو ئەم وروژاندنەیش بەهۆی رۆچوون لەخستنەڕووی زانیاری لەبارەی نهێنییەکانی ژیانی تایبەتی کەسێتییە گشتییەکانو هاوولاَتیان بەدیدەهێنرێ، و هەواڵی دادگاکانو تاوانەکان بە بابەتێکی سەرەکی دادەنرێ بۆ سەرنج راکێشانی خوێنەران لەبەر رۆشنایی ئەم گفتوگۆ بەدڕەوشتیانەی لەنێو رۆژنامەکاندان، و لەگەڵ ئەوەیشدا دەیەی بیستەکان دەرکەوتنی جیهانی تاوانی رێکخراو Spawned Ganglandی بەخۆوە بینی، ئەوەیش لەرێی دەرکەوتنی چەتەی رێکخراوەوە کە دەستبەرداری ملنەدان بۆ یاساو هەڕەشکردن لەژیانی

www.pertwk.com

کەسەکان و موڵکەکانیان نابن، تەنانەت هەڕەشەکردن لەهەندێ لەسمبولە سەرەکییەکانی حکومەتەکانیش، لەدیارترین نمونەی ئەم چەتانەیش: "ئال کابونی" Al Cabone و "جۆن دیلینگەر" John Dillinger ،و "پریتی بۆی فلۆید" Pretty Boy Floyed ن و هەواڵی تاوانی ئەم چەتانە ئەو بابەتە سەرەکیانەن کە ڕۆژنامەکان تینوی دواکەوتنیانن، و ناونیشانی سەرەکیش لەلاپەڕەکانی یەکەمدا داگیردەکەن. کاتێکیش کەسێ دەستگیردەکرێ کە گومان Suspect ی تۆمەتی کوشتنی لێدەکرێ، ڕۆژنامەنووسەکان شێلگیرانە دەکەونە ململانێوە بۆ کۆکردنەوەی ئەو بەڵگانەی تۆمەتەکە بەسەر ئەو کەسەدا دەسەلمێنن، و هەندێکی تریش خوازیاری کۆکردنەوەی بەڵگەدەبن کە بێتاوانبوونی هەمان کەس بسەلمێنێ. بەو مانایە ڕۆژنامەکان دادگاییکردنی تایبەت بەخۆیان دەبەستن، سەرباری ئەو دادگاییکردنە تەقلیدییانەی لەرێی قەزاوە بۆ تۆمەتبارەکان دەکرێن. لەماوەی ئەم دادگاییکردنانەیشدا کە ڕۆژنامەکان ئەنجامیان دەدەن دەشێ پشت بەسەرچاوەکانی هەندێ لەئەفسەرانی پۆلیس، و هەندێ لەدادوەران، و پارێزەران ببەسترێ کە ئارەزوومەندن بۆ بەدیهێنانی ناوبانگ و بڵاوبوونەوەی ناوەکانیان لەرۆژنامەدا.

لەئەنجامی ئەو پەیڕەوکردنە نابەرپرسیارانەی لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە دەکرێن، ئەوە ئاشکرابوو کەوا کەسێکی بێتاوان innocent لەرێی حوکمێکی ناڕاستەوە Improper Conviction ئیدانەکراوە؛ ئەوەیش لەئەنجامی لایەنگیریکردنی دادوەران بەهۆی ئەو حوکمە پێشوەختانەوە کە ڕۆژنامەکان بڵاویاندەکەنەوە Prejudical Publicity.

لەدەوروبەری ساڵی 1960دا دەستکرا بە گۆڕینی ئەم سیستمە، ئەوەیش بەهۆی دەستبەرداربوونی هەندێ ڕۆژنامە لەپەیڕەوکردنی نابەرپرسیارانە، و ئارەزووکردن لەهێنانەدیی سەبقی ڕۆژنامەنووسی لەسەر حسابی هاووڵاتییان، و هەروەها دەرکەوتنی تەلەفزیۆنیش وەك ركابەرێکی مەترسیداری ڕۆژنامە، کە تەلەفزیۆن بایەخ نادا بە تەغتییەکردنی وردەکاریی تاوان، و لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆژنامەنووسانی ڕاهێنراو لەپەیمانگە تایبەتمەندەکان دەرکەوتن، و سووردەبوون لەسەر دۆستایەتیکردنی وردبینی و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی لەو هەواڵانەدا کە بڵاویاندەکەنەوە، و فەزڵی ئەوەیش بۆ زۆربوونی ڕێژەی فێربوون و هۆشیاری دەگەڕێتەوە، و هەروەها دەرکەوتنی ئەڵتەرناتیڤی وەها کە وروژاندن بەراددەیەکی زۆرتر لەرۆژنامەکان بەدیبهێنێ، وەك ئەو تاوانانەی لەزنجیرە تەلەفزیۆنی و فیلمە سینەماییەکاندا نیشان دەدرێن.

لەوانەیە گرنگترین هۆکار لەدابەزینی دادگاییکردنەکانی ڕۆژنامەکان دەرکەوتنی "دادگای وارین" Warren Court بێ کە ئەو زاراوەیەیش بۆ "ئێرل وارین" Earl Warren, دەگەڕێتەوە کە "ئایزەنهاوەر" Eisenhower ی سەرۆکی ئەمەریکا وەك سەرۆکی دادوەران لەماوەی ساڵی 1953وە دایمەزراند و تاوەکو ساڵی 1969 لەکارەکەیدا بەردەوام بوو. لەژێر سایەی فەرمانڕەواییکردنی "وارین"دا، دادگای دەستوری باڵا زۆرتر بایەخداربوو بە پارێزگاریکردنی مافی گومانلێکراو لە بەدەستهێنانی دادگاییکردنێکی دادوەرانەدا.(2)

## دادگاییکردنی دادوەرانە لەیاسای ئەمەریکیدا :

پرەنسیپی "مافی دادگاییکردنی دادوەرانە" پشت بە شەشەمین چاککاریی دەستوری ئەمەریکی دەبەستێ، کە ئەو چاککارییەیە دادگاکانی ئەمەریکا لەکاتی بڕیاردانیاندا بۆی دەگەڕێنەوە. دەقی شەشەمین چاککاریش بەمجۆرەیە:

"تۆمەتبار لەهەموو سکاڵای قەزایی تاوانکارییدا مافی سودمەندبوونی هەیە لە دادگاییکردنێکی خێراو دادوەرانەو ئاشکرادا، و ئەوەیش دادوەرانی داماڵراو لەخۆدەگرێ، و دەبێ جۆری تۆمەتەکەو هۆکارەکەیشی بە

تۆمەتبارەکە رابگەیەنریّ، لەگەڵ ریّگادان بە تۆمەتبارەکە بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەو شایەتانەی لەدژی دەوەستنەوە، و هەروەها مافی تۆمەتبارەکەیشە شایەت بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەدەستبهیّنیّ".

ئەو دەقەی پیّشوو تەرکیز دەخاتە سەر دوو رەگەزی سەرەکی ئەوانیش:

1-پاکیّتیی قەزا: Impartial Jury

2-ئاشکرایی دادگاییکردن: Public Trial

بۆ ئەوەی رەگەزی پاکیّتی بەدەیبهیّنریّ هەردەبیّ ریّگا بەناوەندەکانی راگەیاندن نەدریّ بەردەوام بن لەبلاوکردنەوەی ئەو حوکمدانە پیّشوەختانەی دەشیّ کاریگەرییان ببیّ لەداماڵینی دادوەرەکان، بەجۆریّ ئەوە بۆ داوالیّکراو برەخسیّنیّ دادگاییکردنیّکی دادوەرانە بەدەستبهیّنیّ.[3]

لەساڵی 1935یشدا یەکیّ لەدادگاکانی ئەمەریکا تەماشای کیّشەیەکی رفاندنی کوڕی یەکیّ لەناودارەکانی دەکرد، و دادوەرەکە فەرمانیدا بە ریّگانەدان بەویّنەگرتنی فۆتۆگرافی لەناو هۆڵی دادگاییکردنەکەدا، ئەوەیش لەو روانگەیەوە کە ئەو ویّنەگرتنە کاریگەری دەبیّ بەسەر چۆنیەتی بەڕیّوەچوونی دادوەرییەوە. لەساڵی 1963یشدا ریّگانەدانی ویّنەگرتن کامیّرای تەلەفزیۆنیشی گرتەوە، ئەوەیش بۆ دەستەبەرکردنی دادگاییکردنیّکی دادوەرانە.[4]

لەهەوڵەکانیشیاندا بۆ فەراهەمکردنی دادگاییکردنیّکی دادوەرانە، هەندیّ لە دادوەران کۆتو بەندیان بەسەر رۆژنامەنووسیدا سەپاند؛ ئەوەیش لەریّی ریّگانەدان بەبلاوکردنەوەی هەندیّ لەو لایەنانەی دادگاییکردنەکان کە دادوەر تیایاندا هەست بەوە دەکا کاریگەرییان دەبیّ بەسەر پرۆسەی دادوەرییەوە، و ئەو ریّوشویّنانەیش "بەرگرتن لەبلاوکردنەوە" Gag Orders ی پیّدەوتریّو بۆ یەکەمین جار ئەو کۆتو بەندە لەساڵی 1966دا لەلایەن دادگاوە بەکارهیّنرا ئەوەیش لەکاتی تەماشاکردنی کیّشەی "Sheppard v. Maxwell"دا. ئامانج لەو کۆتو بەندانەیش ریّگانەدانە بە رۆژنامەکان لەخستنەڕووی



زانیاری ئەوتۆ کە حوکمدانی پیّشوەخت لەخۆبگرن، و بشیّ کارگەرییان هەبیّ بەسەر پاکیّتیی لیّکۆڵینەوەوە. ئەم کۆتو بەندانە دوو شیّوەیان بەخۆوە گرتووە: یەکەمیان تایبەتە بەبەشداربوون لە دادگاییکردندا وەك داواکار لەهەردوو لایەنو شایەتەکانو فەرمانبەرانی دادگاکە، و دووەمیشیان تایبەتە بەو رۆژنامەنووسانەی تەغتییەی سکالاّی قەزاییەکە دەکەن، و ئەوانەیشی کە حوکمدانی پیّشوەخت بلاّودەکەنەوە، و دادگای دەستوری بالاّیش پشتگیری لەو کۆتوبەندانە کرد، ئەوەیش بەو رادەیەی کە چەندە مەترسیی روون هەبیّو لەتوانادابیّ کاریگەری هەبیّ بەسەر دادوەریی دادگاوە.[5]

لەو ساڵانەی دوایشدا فەرمانی ریّگانەدان بەبلاّوکردنەوە بەربلاّوتربوو سەرباری ئەوەی بنەمایەکی دەستوریشی نییە، و لەئەنجامی ئەوەیشەوە ململانیّیەکی بەردەوام لەنیّوان ناوەندەکانی راگەیاندنو دادوەراندا کەوتەوە؛ بەهۆی مەسەلەی ئازادیی رۆژنامەنووسی لەبەرانبەر دادگاییکردنی دادوەرانەدا، و هەندیّ جار دادوەر فەرمان دەدا بە "ریّگانەدان بەبلاّوکردنەوە"ی ناوی هەندیّ لەشایەتەکان یاخود بۆ باش بەڕیّوەچوونی دادوەریی لەکیّشەیەکی تیرۆرکردندا بۆ نمونە، و دەبیّ ناوەندەکانی راگەیاندن ئەم ریّنماییانە جیّبەجیّبکەن، و هەندیّ جاریش ناوەندەکانی راگەیاندن پەنا دەبەنە بەر قەزا، ئەوەیش وەك ناڕەزاییەك بۆ فەرمانی ریّگانەدان بە بلاّوکردنەوە، و زۆربەی جار ئەم جۆرە کیّشانە لەدادگای تیّهەڵچوونەوەدا دەبریّنەوە.[6]

هەروەها دادگای دەستوری بالاّی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەگەری داخراوەیی هەندیّ لەدانیشتنەکانی دادگاییکردنی پەسەندکرد؛ تاوەکو پاریّزگاریبکریّ لەنهیّنییو بلاّونەکردنەوەی هەندیّ لەزانیارییەکان بەر لەدەرچوونی دوایین بڕیار.

ئەوەیش بووە هۆی دەرکەوتنی کیّشەی کەڵکی پاریّزگاریکردنی شەشەمین چاککاریی بۆ سەرجەمی دادگاییکردنەکان Public Trialو بۆ

www.pertwk.com

چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دادگای دەستوری باڵا کۆتاییهێنا بەوەی یەکەمین چاککاریی دەستور ئەو مافە دەداتە رۆژنامەنووسان و سەرجەمی خەڵکی لە رێوشوێنەکانی دادگاییکردندا ئامادەبن، و دەشێ لەو مافە لابدرێ ئەوەیش لەحاڵەتی بەڵگەهێنانەوە بەوەی گومانلێکراو ناتوانێ لەو بارودۆخەدا پەیڕەوی مافەکانی بکا لەبەدەستهێنانی دادگاییکردنێکی دادوەرانەدا، و دواتر دەشێ هەندێ لەدانیشتنەکانی دادگاییکردن داخراوبن.

حاڵی حازر پارێزەران و پیاوانی داد بەلای شەشەمین چاککاریی دەستوردا دەوەستن کە پێیوایە بڵاوکردنەوەی کێشەکان لەلایەن رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆنەکانەوە دەشێ ببێتە هۆی ئەوەی تۆمەتبار دادگاییکردنێکی دادوەرانە بەدەست نەهێنێ، و بەپێچەوانەی ئەوەیشەوە رۆژنامەنووسان پابەندن بە یەکەمین چاککاری کە چانس دەدا بەمافی بڵاوکردنەوەو ئازادیی رۆژنامەنووسی، و مافی خەڵکی لەزانیندا.[7]

## دادگاییکردنی دادوەرانە لەهەندێ یاسای عەرەبیدا :

دەقی یاساکان لەکۆمەڵگا خۆرئاواییەکان و هەروەها یاساکانی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەیش ئاماژە بۆ سووربوون دەکەن لەدەستەبەرکردنی دادگاییکردنی دادوەرانە لەلایەنی نەیارەوە، و ئەم یاسایانە هانی دەستوەرنەدانی ناوەندەکانی راگەیاندن دەدەن لەرێوشوێنەکانی دادگاییکردندا، و هەروەها کارنەکردنە سەر بێلایەنی دادوەران لەرێی دەرکردنی حوکمدانی پێشوەخت.

**بەگوێرەی یاسای سزادانی میسری نابێ رۆژنامەکان هەواڵی لێکۆڵینەوەکان لەم سێ حاڵەتدا بڵاوبکەنەوە، ئەوانیش:**

1–ئەگەر دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە بڕیاریدابێ رێوشوێنی لێکۆڵینەوەکە بەئامادەنەبوونی نەیاران بێ، یاخود رێگای نەدابێ بە پەخشکردنی شتێك لەبارەیەوە وەك لەبەرچاوگرتنی سیستمی گشتی یان نەرێت یاخود بۆ بەدەرکەوتنی لێکۆڵینەوەکە (بەندی 193).

2–ئەگەر لێکۆڵینەوەکە پەیوەندداربێ بەداوایەکی وەك داوای تەڵاق یان جیابوونەوە یاخود داوێن پیسی (بەندی 193).

3–ئەگەر لێکۆڵینەوەکە تایبەت بوو بەیەکێ لەو تاوانانەی لەلایەنی دەرەکییەوە زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی دەگەیەنن (بەندی 85).

لەگەڵ ئەوەیشدا بەدەق لەبەندی 187ی هەمان یاسادا ئاماژە بەوە کراوە "بڵاوکردنەوەی هەواڵی رێوشوێنە دادوەرییەکان بەتاوان دادەنرێ ئەگەر بڵاوکردنەوەکە مەسەلەیەکی وەهای لەخۆگرتبێ کە ببێتە هۆی کارکردنە سەر بەرێوەچوونی دادوەری بۆ بەرژەوەندی یان لەدژی یەکێ لەلایەنەکانی سکاڵاکە، ئیتر کاریگەرییەکە لەو دادوەرانەبێ کە جیاکردنەوەی سکاڵا پێشکەشکراوەکەیان پێسپێردراوە یاخود پیاوانی دادوەری یان نوێنەرایەتیکردن یاخود شایەتەکان یان رایگشتی؛ بۆ بەرژەوەندیی لایەنێکی داواکە، یاخود لێکۆڵینەوە لەدژی".[8]

هەروەها بەدەق لەبەندی هەشتەمی یاسای دەسەڵاتی رۆژنامەنووسیدا لەمیسر هاتووە "رێگا بەرۆژنامە نادرێ ئەوانە لەخۆبگرێ کە دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوەکە یان دادگاییکردنەکە، یاخود کاریگەری هەبێ بەسەر پێگەی ئەوانەی لێکۆڵینەوەکە یان دادگاییکردنەکە لەخۆیانی دەگرێ، و رۆژنامەکان پابەنددەبن بە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی داواکاری گشتی، و هەروەها بڵاوکردنەوەی دەقی بڕیارەکان یان ئەو بڕیارانەی لەو کێشانەدا دەردەچن کە بڵاوکردنەوەیان لەخۆگرتووە لەکاتی لێکۆڵینەوە یان دادگاییکردنەکەدا، و بەتەنها کورتەیەك بۆ ئەو هۆکارانەی لەسەری دادەنرێن، ئەوەیش ئەگەر بڕیارەکە دەرچوو بە پاراستن لەدەرکردنی حوکم بەبێ تاوانی".[9]

بەدەق لەبەندی ژمارە 13ی بڕیاری رێکخستنی رۆژنامەنووسی و چاپەمەنیی سوداندا هاتووە "لەسەر هەر رۆژنامەیەك یان چاپکراوێکە

www.pertwk.com

پابەندبێ بە دوورکەوتنەوە لە وروژاندن و زیادەڕۆییکردن لەو شتانەی پەیوەنددارن بە لێکۆڵینەوەکان یان دادگاییکردنە دادوەرییەکان و کارکردن بۆ دڵنیابوونەوە لەپرەنسیپی سەروەریی یاسا، و نابێ لێدوان بدرێ لەسەر لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنەکان تا ئەوکاتەی بەیەکجارەکی جیاکردنەوە لەسکالاکەدا دەکرێ".[10]

هەروەها لەیاسای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوویشدا بەمجۆرە هاتووە:

1–نابێ بەئانقەست واتا گۆڕینی ئەوانەی لەدانیشتنەکاندا یان تاوتوێکردنە ئاشکراکانی دادگاکان یاخود لەدەستە نیزامییەکانی دەوڵەتدا بەڕێوەدەچن بڵاوبکرێنەوە (بەندی 75).

2–نابێ هەواڵی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی تاوانکاریی سەربەخۆ بڵاوبکرێتەوە؛ ئەگەر دادوەریی لێکۆڵینەوە فەرمانیدابێ لێکۆڵینەوەکە نهێنیبێ، یاخود داواکاری گشتی ڕێگاینەدابێ بەپەخشکردنی شتێك لەبارەیەوە (بەندی 78).[11]

لەبەندی 43ی یاسای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی دەوڵەتی بەحرێنیشدا بەمجۆرە هاتووە: "بڵاوکردنەوەی هەموو ئەوانەی لەسکالای قەزادا بەڕێوەدەچن بەتاوان دادەنرێ کە دادگاکە بڕیاریدابێ لەدانیشتنێکی نهێنیدا گوێی لێبگرێ، یان ئەوانەی لەدانیشتنە ئاشکراکاندا بەڕێوەدەچن واتایان بگۆڕدرێ و بەئانقەست بڵاوبکرێنەوە. هەروەك چۆن بڵاوکردنەوەی حوکمە دەرچووەکان لەتاوانەکانی بەزۆرگاین و دەستدرێژیکردنە سەر ناموس و تاوانەکانی نەوجەوانان بەتاوان دادەنرێ ئەگەر نیەت لەبڵاوکردنەوەیان هاندان بێ بۆ داوێنپیسی بەدڕەوشتی، هەروەها بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەر تاوانێ کە دەسەڵاتە پەیوەنددارەکان بەلێکۆڵینەوە بڕیاریاندابێ هەواڵەکانیان بڵاونەکرێنەوە".[12]

لەبەندی 29ی یاسای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی سوڵتاننشینی عوممانیشدا بەمجۆرە هاتووە:

"نابێ دەقی لێکۆڵینەوەکان یان دادگاییکردنەکانی پەیوەنددار بە باری کەسێتی و جیاواز لەوەیش بڵاوبکرێنەوە کە دادگا ڕێگای بڵاوکردنەوەیانی نەدابێ، هەروەك چۆن نابێ بەئانقەست واتای ئەوانە بگۆڕدرێن کە لەدانیشتن و دادگاییکردنەکاندا بەڕێوەدەچن".[13]

## ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی:

دادگاییکردنە تاوانکارییەکان بەکارێکی جددی و چارەنووسساز دادەنرێن، ئەوە ڕووداوێکی وەرزشی، یان درامایەکی تەلەفزیۆنی نییە، بەڵکو زۆربەی دادگاییکردنە تاوانکارییەکان بەهێواشی و ساردی بەڕێوەدەچن تا دەگەنە ئەنجامێکی مەنتقی ئەوتۆ کە ماف بخرێتە سەرەتاوە. زۆربەی جاریش لەزۆربەی دادگاییکردنەکاندا جگە لە ژمارەیەکی کەمی دۆست و کەسوکاری ئەوانەی پەنایان بردووەتە بەر دادوەر کەسی تر ئامادەنابن. بەڵام هەندێ جار کێشەیەکی هەرانانەوە Celebrated Case کەسێتیی ناودار یان گشتی لەخۆدەگرێ، ئیتر لەداواکارەوەبێ یاخود داوالێکراوان، و ئەم کێشانەیش سەرنجی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن و سەرجەمی خەڵکی بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن. ئیتر کێشەکە سەرنج ڕاکێش بێ بۆ وەرسبوون یان هەرانانەوەیەکی سەرنج ڕاکێش بێ، ئەوا کەسێ یان چەند کەسێ لەخۆدەگرێ کە موغامەرە بەژیان و ئازادییەکانیانەوە دەکەن؛ و لەبەرئەوەیش دادگاییکردنە تاوانکارییەکان کارێکی مەترسیدارو جددییە. لەسەر ئەو بنەمایەیش پیشەگەرانی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن مامەڵە لەگەڵ دادگاییکردنە تاوانکارییەکاندا دەکەن؛ و لەبەرئەوەیش هەواڵی تاوان و دادگاییکردنەکان بابەتێکی سەرەکیی ڕۆژانەی ڕۆژنامەکان پێکدێنێ، بەتایبەتی ئەو تاوانانەی گوزارشت لە لایەنێکی دیاریکراو دەکەن لەکۆمەڵگادا، وەك کێشەکانی

www.pertwk.com

بەزۆرگایین، و تیرۆرکردنی سیاسەتمەداران، و مادەی سڕکەر، و ڕێکخستنە راپەڕیووەکان لەڕێساکانی کۆمەڵگا. ئامانجیش لەبڵاوکردنەوەی هەواڵی ئەم تاوانانە کارکردنە بۆ بەئاگاهێنانەوەی خەڵکی بەرەو ئەو کێشانەی سەرئاو دەکەون بەسەر رۆخی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، هەروەك چۆن بڵاوکردنەوەکە سودمەندیشە بۆ دڵنیابوونەوە لەراستی رێوشوێنەکانی پۆلیس، و پەخشکردنی دڵنیایی لەلای هاووڵاتییان بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی دادوەری رێچکەی خۆی گرتووە.(14)

هەندێ جاریش ناوەندەکانی راگەیاندن لەتەغتییەکردنیاندا بۆ هەواڵی تاوان و دادگاییکردنەکان دەکەونە پەیڕەوکردنی نائەخلاقی، و دیارترین نمونەیش لەوبارەیەوە لەساڵی 1955دا لەویلایەتە یەکگرتوەکاندا رووی‌دا لەکاتی دادگاییکردنی پزیشکێکدا کە بەکوشتنی خێزانەکەی تۆمەتبارکرابوو. هەندێ لەناوەندەکانی راگەیاندن وردەکاریی پەیوەندیی ئەو پزیشکەیان بە خانمێکی گەنجەوە بڵاوکردەوە، و ئەم هەواڵە کاریگەریی بەسەر رێڕەوی دادگاییکردنەکە بەجێهێشت، و بەشداریکرد لەوروژاندنی رای‌گشتی لەدژی پزیشکەکە، کە وای لەدادگای دەستوری باڵا کرد ئیدانەی بڵاوکردنەوەی ئەو تۆمەتانە بکا بەوەی حوکمی پێشوەختن و دەکرێ کاربکەنە سەر دادگاییکردنێکی دادوەرانە کە دەبێ پزیشکەکە لێی‌سودمەندبێ.

هەمان شت لەساڵی 1968دا رووی‌دا، کاتێ دادگا تەماشای کێشەیەکی تیرۆرکردنی سیناتۆری ئەمەریکی "رۆبێرت کەنەدی" دەکرد، بەجۆرێ دەستوەردانی ناوەندەکانی راگەیاندن گۆڕدرایە بارێکەوە کە بۆ مافی تۆمەتبار "سرحان بشارة" نەبێ لەوەی سودمەندبێ لە دادگاییکردنێکی دادوەرانە. کامێراکانی تەلەفزیۆن وێنەی "کەنەدی"یان گرتبوو کە لەبەردەم ئوتێلی "ئامبا سادۆر"دا لە لۆس ئەنجلوس فڕێدرابوو. کامێراکان ئەو دیمەنەیشیان تۆمارکردبوو کە تیایدا دەمانچەکە "هۆکاری تاوانەکە" دوور لەدەستی تۆمەتبارەکە دەرکەوتبوو. رۆژنامەکانیش هەواڵیان لەبارەی بوونی ئۆتۆمبیلی سەرحان بەشارە بڵاوکردەوە کە نزیکبووە لەجێگای رووداوەکە، هەروەك چۆن ئەوەیش بڵاوکرایەوە پۆلیس لەکاتی پشکنینی ماڵی تۆمەتبارەکەدا بوونی هەندێ وەرەقەی ئاشکراکردووە کە تیایاندا پلانی تیرۆرکردنەکە داڕێژراوە، و گومانی تیا نییە بڵاوکردنەوەی ئەمجۆرە زانیارییانە بەر لەکۆتایی‌هاتنی دادگاییکردنەکە دەتوانن کاریگەرییان هەبێ بەسەر دادوەریی دادگا و بێلایەنیی دادوەرانەوە.(15)

هەندێ جاریش کێشەی هەرانانەوە دەبێتە هۆی زیادبوونی گرژی لەنێو سیستمی یاسادانان و ناوەندەکانی راگەیاندندا. ئەو دادوەرانەیشی مامەڵە لەگەڵ ئەمجۆرە کێشانەدا دەکەن زۆر هۆشیار دەبن لەراییکردنی ئەرکەکانیاندا، و دواتر هەموو ئەوەی لەتوانایاندایە دەیکەن بۆ پارێزگاریکردنی مافی داوالێکراو لەبەدەستهێنانی حوکمێك کە جێگای گومان و تێهەڵچوونەوە نەبێ. لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێ دادوەران بەئاگابن لەئاشکراکردنی زانیاری بۆ رۆژنامەنووسان کە بشێ دوای ئەوەو لەسکالایەکدا بەکاربهێنرێ بۆ گۆڕینی دادگاکە Venue یاخود تێهەڵچوونەوەی حوکمەکە لەسەر ئەو بنەمایەی بڵاوکردنەوەکە بووەتە هۆی رێگرتن لە داوالێکراوەکە لەمافەکانی لەبەدەستهێنانی دادگاییکردنێکی دادوەرانەدا.

بەدەق لەزۆربەی بەڵگەنامەکانی ئابڕوی ئەخلاقی رۆژنامەنووساندا هاتووە بڵاوکردنەوەی حوکمدانی پێشوەخت دەشێ کاریگەری هەبێ بەسەر مافی تۆمەتبارەوە لە دادگاییکردنێکی دادوەرانەدا، لەگەڵ گرنگیی پشکنینی وردبینی و هاوسەنگی لەکاتی تەغتییەکردنی هەواڵی دادگا و تاوانەکاندا. لەگەڵ ئەوەیشدا لەژێر سایەی ئەو رکابەرییە سەرسەختانەیەدا لەنێو ناوەندەکانی راگەیاندندا تێبینی ئەوە دەکەین دزەکردنی هەندێ زانیاری لەبارەی دادگاییکردنەوە لەیەکێ لەناوەندەکانی راگەیاندندا وا لەناوەندەکانی تر دەکا خوازیاری بەدیهێنانی هەمان شت بن، و دەشێ لەئەنجامی ئەم

www.pertwk.com

ململانێیـەوە بەهەڵـەبردنی دادوەریـی و دەرچـوونی حوکمـدانی پێشـوەختی لێبکەوێتەوە.

گومانی تیا نییە بڵاوکردنـەوەی هـەواڵی تاوان و دادگاییکردنەکان تیراژی رۆژنامـەکان زیاددەکـا، لەگـەڵ بەجـەماوەریبوونی ناوەنـدە ئەلکترۆنییـەکان، و سەرنجی خـەڵکی زیاددەکـا لـەرێی خستنەڕووی ئەو هەواڵانـەوە وەك ئـەوەی بـەفیعلی رویانـدابێ، لەگـەڵ سـاتەوەختی روودانیانـدا. لەگـەڵ ئەوەیشـدا بڵاوکردنەوە سودی دەبێ لەرۆشنایی خستنە سەر گەندەڵیی چاوەڕوانکراو لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە، یان ئەوانەی بەرپرسن لە تۆمارکردنی سکالای تاوانکـاری، یـان لایـەنگیریکردنی هەنـدێ لـەدادوەران، و لەهاوشـێوەی ئـەم حاڵەتانـەدا خـەڵکی پێویستیان دەبێ بە زانینـی ئەوانـەی لەکۆمەڵگاکەیانـدا روودەدەن ئـەوەیش وەك ئامادەباشییەک بۆ چاککردنی شورەییەکان، و یـەکێ لـەو رێگایەنەیشـی کـە چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـانە دەیخـوازێ ئەوەیـە ناوەنـدەکانی راگەیانـدن هەسـتن بـە هـەڵکۆڵینی راسـتییەکان و پشـکنینیان، و دیـاریکردنی ئەو تاوانکردنانـەی گومانلێکراو دەیانکـا تـاوەکو بـەئازادی بـۆی دەرنەچێ، لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ جار ناوەندەکانی راگەیاندن وەردەچەرخێن بێئەوەی حوکمدان بەئیدانەکردنی کەسە بێتاوانەکە دەرچووبێ. لەنمونـەی ئـەم حاڵەتانـەدا رۆژنامەنووسـان ئومێـدی ئـەوە دەخـوازن کـە رەخسـاندنی راستی و زانیارییەکان دەبنە هۆی حوکمدانێکی دادوەرانەی دروست.

لـەزۆر حاڵـەتی تریشـدا رۆژنامەنووسـان بێـدەنگ دەبـن لەدرکانـدنی زانیارییـەکان ئـەوەیش لـەو کاتـەدا کـە هەسـت بـەوە دەکـەن لەبەرژەوەنـدیی دادوەریـیدا دەبـێ، و هـەروەها لەروانگـەی هەسـتکردنی گەشەسـەند و بەبەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی.[16]



## پوختە :

سەرباری ئەوەی بڵاوکردنـەوەی هـەواڵی تاوان و دادگاییکردنەکان لـە مافـە رەواکـانن لەپەیڕەوکردنـەکانی ناوەنـدەکانی راگەیاندنـدا، بـەڵام هەنـدێ جـار توندڕەوی ناوەندەکانی راگەیاندن لەخستنەڕووی زانیاریدا دەشێ ببێتە هۆی ئەوەی تۆمەتبارەکە دادگاییکردنێکی دادوەرانە بەدەست نەهێنێ. پرەنسیپی مـافی دادگـاییکردنی دادوەرانـەیش لەئـەنجامی پـەیڕەوکردنی نابەرپرسانەدا دەرکـەوت؛ لەلایـەن هەنـدێ رۆژنامـەوە لەبڵاوکردنـەوەی هـەواڵی تـاوان و دادگاییکردنەکاندا. بەدەقیش لەشەشەمین چاککاریی دەستوری ئەمەریکیدا هاتووە تۆمەتبار مافی بەدەستهێنانی دادگاییکردنێکی دادوەرانە و ئاشکرای هەیە، لەرێی دادوەری داماڵراوەوە بۆ بەجێهێنانی دادوەریی دادگاییکردنیش هەنـدێ لـەدادوەران کـۆت و بەنـدیان دانـاوە کـە ناسـراوە بـە کـۆت و بەنـدی بڵاوکردنـەوە Gag Orders بـۆ بـەرگرتن لـە ناوەنـدەکانی راگەیانـدن لەخسـتنەڕووی ئـەو زانیارییانـەدا کـە حوکمـدانی پێشـوەخت لـەخۆدەگرن و دەشـێ کارگـەرییان هـەبێ بەسـەر بەڕێوەچـوونی لێکۆڵینەوەکـە و پـاکێتیی دادگاییکردنەکـەوە. یاساناسـانیش لەکۆمـەڵگای ئەمـەریکیدا پابەنـدن بـە مافەکانی شەشەمین چاککاریی دەستور کە بەدەق ئاماژە بە مافی تۆمـەتبار دەکا لەبەدەسـتهێنانی دادگـاییکردنی دادوەرانـە، و بەپێچـەوانەی ئەوەیشـەوە رۆژنامەنووسان پابەندن بە مافەکانی یەکەمین چاککاری (دەستور–و.ك) کە چـانس دەداتـە بڵاوکردنـەوەی زانیـاری بـە پشـت بەسـتن بـە مـافی خـەڵکی لەزانیندا.

یاسـاکانی رۆژنامەنووسـیش لەکۆمـەڵگا عەرەبییەکانـدا ئامـاژە دەکـەن بـە مـافی تۆمـەتبار لەبەدەستهێنانی دادگاییکردنێکی دادوەرانە، و ئەم یاسایانە رێگانـادەن بـە رۆژنامـە دەسـتوەربدەن لـە رێوشـوێنەکانی دادگـاییکردن یـان خسـتنەڕووی حوکمـدانی پێشـوەخت، یـاخود بڵاوکردنـەوەی هـەر بابـەتێ کـە دەسـەڵاتەکانی یاسـادانان وایـان بـەلاوە بـاش بـێ کـە بڵاونەکرێنـەوە، و

www.pertwk.com

لەمبارەیەیشەوە چەندین نمونەمان لەم یاسایە لەمیسرو سودان و دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو بەحرێن و سوڵتاننشینی عوممان خستەڕوو.

هەروەها لەرووی ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیشەوە ئەوانەیشمان خستەڕوو کە پەیوەنددارن بە مافی دادگاییکردنی دادوەرانە، و هەروەها گرنگیی پابەندبوون بە وردبینی و بابەتیبوون لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنەکاندا.

## سەرچاوەکانی فەسڵی دەیەم


(1) لیلی عبدالمجید: الصحافة فی الوطن العربی (القاهرة: العربی للنشر و التوزیع، 1990) لاپەڕە 55.

(2) Holsinger, Ralph L., Media Law (N. y.: Random House, 1987) PP. 214-215.

(3) Merrill, John c. and Odell, S. Jack Philosophy and Journalism (White Plains, N. Y.: Longman Inc., 1983) P. 37.

(4) Bittner, John r. Mass Communication An Introduction (N. J.: Prentice hall, Englewood Cliffs 4th Ed. 1986) P. 383.

(5) Harless, James D. Mass Communication an Introductory Survey (USA: Wn. C. Brown Publishers, 1985) P. 488.

(6) Bittner. J. R . (1986) op. cit, P. 386.

(7) Holsinger, R. L. (1987) op. cit, P. 216.

(8) لیلی عبدالمجید: (1990) سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 56.

(9) کۆماری میسری عەرەبی: یاسای ژمارە 148ی ساڵی 1980ی تایبەت بە دەسەڵاتی رۆژنامەنووسی (قاهیرە: دەستەی گشتیی تێگەیاندن).

(10) کۆماری دیموکراتیی سۆدان: بڕیار بۆ رێکخستنی رۆژنامەنووسی و چاپەمەنیی ساڵی 1405ی کۆچی بەرانبەر بە ساڵی 1985ی زایینی (خەرتوم: وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن).

(11) دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو: یاسای فیدراڵی ژمارە 15ی ساڵی 1980ی تایبەت بە کاروباری چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە (ئەبوزەبی: وەزارەتی راگەیاندن).

(12) دەوڵەتی بەحرێن: مەرسومی یاسای ژمارە (49)ی ساڵی 1979ی تایبەت بەکاروباری چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە (مەنامە: وەزارەتی راگەیاندن).

(13) سوڵتاننشینی عوممان: مەرسومی یاسای ژمارە (49)ی ساڵی 1984 بە دەرچوونی یاسای چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە (مەسقەت: وەزارەتی راگەیاندن).

(14) Lambeth, Edmund B. Committed Journalism: An Ethic for the Profession (Bloomington: Indiana University Press, 1987) PP. 48-49.

(15) Hunter, Julius K. And Gross, Lynne S. Broadcast News the inside out (USA: The C. V. Mosby Company, 1980) PP.239-240.

(16) Holsinger, R. L., (1987) op. cit, PP. 252.

www.pertwk.com

# فەسڵی یانزەیەم

## مافی بڵاوکردنەوە

-پێکهاتەی مافی دانەرو رەگەزەکانی.

-مافی بڵاوکردنەوە لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا.

-پرەنسیپی بەکارهێنانی دادوەرانە.

-پارێزگاریکردنی مافی دانەر لەکۆمەڵگای میسریدا.

-ئەو کۆتو بەندانەی بۆ مافی دانەر هەن لەمیسر.

-رێگاکانی پارێزگاریکردنی مافی دانەر لەمیسر.

-ئەخلاقی پەیرەوکردنی پیشەیی.

www.pertwk.com

# فەسڵی یانزەیەم

## مافی بڵاوکردنەوە

**دەسپێك:**

مەبەست لەمافی بڵاوکردنەوە بڕیاردانە لەسەرلەنوێ بەرهەمهێنان یان دابەشکردنی گوتارێك، و ئەوەیش سەرجەمی کارە زانستی و هونەری و ئەدەبییەکان دەگرێتەوە ئیتر ئایا کۆپیکراوبێ یان چاپکراو یاخود بەهەر شێوەیەك لەشێوەکانی گوزارشتکردن پەخشکراوبێ، بەوێنەو تابلۆو فیلم و پارچەی مۆسیقی و سەمایشەوە، و تەنانەت بەهونەری گوزارشتکردنی بێدەنگی "پانتۆمایم"یشەوە.

دەشێ یەکێ لەو کێشە سەرەکییانەی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی پیشەسازیی پەیوەندیکردن دەبێتەوە مافی بڵاوکردنەوە، بەجۆرێ کە زانیاری لەهیچ بابەتێکی تر ناچێ کە بشێ خاوەنداریێتی بکرێ، و سەرمایە بۆ کەسەکان و دەوڵەت دەستەبەربکا، بۆیە مەسەلەی مافی بڵاوکردنەوەو فەراهەمکردنی زانیاری بۆ سەرجەمی تاکەکان ناکۆکە لەگەڵ مەسەلەی پارێزگاریکردنی مافەکانی دانەر یاخود بڵاوکەرەوە، و کێشەکەیش لەوەدایە تەکنەلۆجیای نوێ ئاسانکاری کردووە بۆ سەرلەنوێ چاپکردنەوەو جەردەیی و دزینی زانیاری.[1]

ئەم فەسڵە مەسەلەی مافی بڵاوکردنەوە لەرێی پێکهاتەی مافی دانەرو ڕەگەزەکانی دەخاتەڕوو، و هەروەها مافی بڵاوکردنەوە لەکۆمەڵگای ئەمەریکی، و پرەنسیپی بەکارهێنانی دادوەرانەی زانیاری یان گوتارەکان، و پارێزگاریکردنی مافی دانەر لەکۆمەڵگای میسری، و هەروەها ئەو کۆت وبەندانەیشی کە بۆ مافی دانەر هەن لەخۆدەگرن، ئەمە سەرباری خستنەڕووی هۆکارەکانی پارێزگاریکردنی مافی دانەر، و ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی بۆ مافەکانی بڵاوکردنەوە.

### پێکهاتەی مافی دانەرو ڕەگەزەکانی :

ناکرێ تەسەوری ئەوە بکرێ داهێنراو یان داهێنان بابەتی موڵکایەتیکردنە وەك ئەوەی کەسێ گواستراوەیەکی مادی هەبێ. موڵکایەتیکردن دەسەڵاتی خاوەندارە بەسەر شتێکدا کە بشێ بۆ لایەنگیریکردن، و تەسەوری ئەوە ناکرێ کە کەسێ دەسەڵاتی بشکێ بەسەر بیرۆکەیەك لەبیرۆکەکاندا، هەروەك چۆن لەپێکهاتەیدا لایەنگیریکردن قەبوڵ ناکا. ڕەئیش جێگیرە بەوەی مافی دانەر لەپێکهاتەکەیدا کاتی یە. دوای کاتێکی دیاریکراویش یاسا دەستنیشانی لێکدانەوەی جیاکارییەکان دەکا بۆ موڵکایەتیی گشتی، و دەکەوێتە بەردەستی هەمووان، لەکاتێکدا موڵکایەتیکردنی باو هەمیشەییەو لەبارنابرێ و نافەوتێ لەپێگەیشتنی خۆیدا؛ لەبەرئەوە تەبابوون ئەوەیە بوترێ دانەر مافێکی لەجۆری تایبەتی هەیە، و ئەو مافەیش دوو ڕەگەزی هەیە، ئەدەبی و مادی:

#### یەکەم : ڕەگەزی ئەدەبی لەمافی دانەردا :

یاداشتی ڕوونکراوەیی یاسای مافی دانەر لەمیسردا بەمجۆرە گوزارشت لە ڕەگەزی ئەدەبی دەکا: "مافی دانەر لایەنێکی ئەدەبی تەواو لەخۆدەگرێ کە ڕێگا تەنها بەدانەر دەدا مافی بڕیاردانی بڵاوکردنەوەی دانراوەکەی هەبێ بەسەر جەماوەردا؛ و کەسی تر بۆی نییە زیادەی بخاتە سەر یان لێی بسڕێتەوە یاخود گۆڕانکاری تیابکا، هەموو ئەوانە ئەگەر بۆ دابەزینی دانراوەکەیش بن، کە ئەمە مافی ئەدەبی پێدەوترێ".

**لەئەنجامی ئەوەوە مافی ئەدەبی ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێ:**

www.pertwk.com

1–مافی ئەدەبیی دانەر ئازادیی رەهای دانەر دەخوازێ لەبیرکردنەوەو داهێناندا. دانەریش لەسنوری یاسادا ئازادە لەگوزارشتکردن لە راوبۆچوونەکانی.

2–هەمیشە لەسەر دانەرە ئەو راو بۆچوونانەی رێکبخا کە لێیبووەتەوە بەر لەوەی کۆتایی پێبهێنێ یاخود بڵاویبکاتەوە.

3–رەگەزی ئەدەبی لەمافی دانەردا داوای ئەوە دەکا دانراوەکەی بۆی بگەڕێتەوە، و مافی خۆیشیەتی ناوی خۆی و ئیمزاکەیشی بخاتە سەر.



4–نابێ بەربەست بخرێتە سەر مافی دانەر، بەڵکو دەشێ بەربەست بخرێتە سەر نوسخەی ئەو دانراوی بڵاوکراوەتەوە، و هەروەها نایشبێ بەربەست بخرێتە بەردەم ئەو دانراوانەی خاوەنەکانیان بەر لەبڵاوکردنەوەیان دەمرن تاوەکو بەیەکجاری نەسەلمێنرێ بەرلەوەی بمرێ ئارەزووی چاپکردنیانی هەبووە.

**دووەم: رەگەزی مادی لەمافی دانەردا:**

مافی دارایی یاخود مادی دانەر مافێکە لەبەکارهێنانی دانراوەکەی ئیتر ئایا ئەوە گواستنەوەی راستەوخۆبێ بۆ جەماوەر، هەروەك چۆن لەژەنینی مۆسیقادا یاخود نمایشی ئاشکرا یان سینەمادا روودەدا، و ئەوەیش بەمافی ئەداکردنی ئاشکرا ناودەبرێ، یاخود گواستنەوەی بێ بەرێگایەکی ناڕاستەوخۆ، وەك لەچاپکردنی هەر کتێبێکدا هەیە، و یاسا ناوی دەبا بە مافی کاری شێوە نمونە لەدانراودا.

**لەئەنجامی ئەوەیشەوە دانەر ئەم مافە مادییانە بەخۆوە دەگرێ:**

1–هەر کەسێ بۆی هەیە دانراوی کەسێکیتر بۆ ئەو مەبەستەی خۆی بۆ ئامادەکردووە بەکاربهێنێ. ئیتر کتێبێکی چاپکراوبێ، یان ئاوازێك بێ بیژەنێ بەمەرجێ بەهۆیەوە سودمەندی دارایی نەبێ.

2–دانەر خۆی خاوەنی ئەو مافەیە لەدەستبەرداربوون لەمافەکانی بڵاوکردنەوە، و ئەوەیش بەگشتی بەگوێرەی گرێبەستی بڵاوکردنەوە دەبێ. لەگەڵ ئەوەیشدا یاسا رێگای‌داوە بە پارێزگاریکردنی دانەرەکە لەبەرانبەر بڵاوکەرەوەکەدا، و مەرجی ئەوەیشی داناوە کە رەفتارکردنی دانەرەکە لەمافە داراییەکانی‌دا دەستنیشانی هەموو مافەکان بەجیا بکاو دەبێتە جێگای مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکدا کە رادەکەی‌و مەبەستەکەی‌و هەروەها ماوەی بەکارهێنان‌و جێگاکەی لەگەڵدابێ.[2]

## مافی بڵاوکردنەوە لەکۆمەڵگای ئەمەریکی‌دا:

دانەرانی دەستوری ئەمەریکا هەستیان بەوە کردووە ئەو کەسانەی مامەڵە لەگەڵ وشەو هۆیەکانی تری گوزارشتکردندا دەکەن مافی ئەوەیان هەیە کرێیەك بەرانبەر بە هەوڵەکانیان وەربگرن، و دەستوریش لەکاتی دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی کۆنگرێسدا لەبەشی یەکەمی دەستور –بەرگی هەشتەم–دا ئەوەی لەخۆگرتووە کە بەمجۆرەیە: "بۆ پشتگیریکردنی خستنەڕووی زانیاری‌و هونەری بەکەڵك پێویستە مافی تەواوی نووسەران‌و داهێنەران زامن بکرێ لەبەرانبەر بە نووسین‌و داهێنانەکانیاندا، و ئەوەیش بۆ کاتی دیاریکراو دەبێ".

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەساڵی 1790وە تاوەکو دەرچوونی دوایین بڕیاری گشتی لەساڵی 1984دا زنجیرەیەك یاسای بڵاوکردنەوەی لەبارەی بەرنامەکانی کۆمپیوتەرو کەرەستەکانی بەخۆوە بینی.[3]

ئامانجیش لەیاسای مافی بڵاوکردنەوە لەویلایەتە یەکگرتووەکان پارێزگاریکردنی خاوەنی لێهاتووییە لەرادەبەدەرەکانە لەهەر بوارێ لەبوارەکانی گوزارشتکردندا لە پەلاماردانی کاروبارەکانیاندا لەوانەی کە ئەو دەسەڵاتەیان نییە، و ئامانجیش پارێزگاریکردنی مافیانە لەسودمەندبوون لەو

www.pertwk.com

توانایە یاخود لێوەشاوەییە، و دواتر هاندانی بەکارهێنانی، و هەروەها یاسا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پاوانکردنی ئەو کارانەیان پێدەبەخشێ کە دایاندەهێنن.

هەندێ بیرمەندیش رایان وایە یاسای مافی بڵاوکردنەوە Copyright Law لەگەڵ مافەکانی یەکەمین چاککاری دەستوردا بێکەموکوڕی دەبێ کە هانی ئازادیی رادەربڕین و ئازادیی رۆژنامەنووسی دەدا، و لەپێناو بوونی بازاڕی ئازاد و چالاك Vigorousیشدا بۆ بیرو بۆچوونەکان، هەردەبێ خاوەنی لێوەشاوەییەکان لە وشەو وێنەو هۆکارەکانی تری گوزارشتکردن بەرانبەرێکی مادیان بۆ کارەکانیان دەستبکەوێ، و هەر کەسێکیش دەیەوێ ئەم کارانە بەکاربهێنێ دەبێ لەبەرانبەر ئەو بەکارهێنانەدا باج بدا، و لەرێی پارێزگاریکردنی مافی بەدەستهێنانی قازانجیشدا بۆ خاوەنی لێوەشاوەییە داهێنراوەکان، گفتوگۆکردنی ئازاد بۆ بەرژەوەندیی گشتی زیاد دەبێ.

بەپێچەوانەی ئەوەیشەوە تێڕوانینێکی تر هەیە پێیوایە یاسای بڵاوکردنەوە کۆت و بەند بۆ سەر بازاڕی ئازادی بیروبۆچوونەکان دادەنێ، و ئەم کۆت و بەندانەیش لەپێویستیی دانی باجدا خۆیان دەنوێنن بەرانبەر بە بەکارهێنانی ئەم کاروبارە داهێنراوانە، و دەشێ ئەم باجانە ببنە رێگر لەئازادیی بەکارهێنانی ئەم کاروبارە داهێنراوانەدا.[4]

لەساڵی 1976یشدا سەرۆکی ئەمەریکا "فۆرد" Ford یاسای مافی بڵاوکردنەوەی نوێی ئیمزاکرد، کە سەرجەمی کارە ئەدەبی و هونەرییەکان، و تەواوی ناوەندەکانی پەیوەندیکردنی بیستراو و بینراو، و سینەما، و کتێب، و تۆمارکراوی دەنگی دەگرێتەوە، و ئامانج لەم یاسایەیش پارێزگاریکردنی چۆنیەتی ناوەڕۆکی کارەکەیە، نەوەك بیروبۆچوون و رێوشوێنەکان و پرۆسە سەرەکییەکانی بەگەڕخستنی ئەو کارە.[5]

لەکانونی دووەمی 1978یشدا یاسایەکی تازە بۆ مافی بڵاوکردنەوە دەرچوو، کە لەیاساکانی پێشووتر گشتگیرتربوو، و تەکنەلۆجیای



لەبەرگرتنەوەی وەرەقە Photo Copy و تەلەفزیۆنی کێبڵیشی گرتەوە، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی لەناکاودا روویاندا بۆ فرۆشتن و دابەشکردنی ئەو بابەتانەی بۆ لەبەرگرتنەوە دەشێن، و یاسا تازەکە هەر کارێکی داهێنراوی لەخۆدەگرت ئیتر هۆی گوزارشتکردنی بەکارهاتوو تیایدا هەرۆنێك بێ، ئەگەر کارەکە نووسین بێ، یان شیعر، یاخود وتاریێ بێ، یان هەر شێوەیەك بێ لەشێوەکانی گوزارشتکردنی نووسراو، و دادگای دەستوری بالایش ئەوەی پەسەندکرد بیروبۆچوون و تیۆرو رووداوە مێژووییەکان و هەواڵەکانیش نابێ سەرلەنوێ چاپبکرێنەوە تاوەکو رەزامەندیی دانەرەکەی بۆ وەرنەگیرێ. لەگەڵ ئەوەیشدا پارێزگاریکردنی مافی بڵاوکردنەوە وێنەی فۆتۆگراف، نیگارکێشی، هێڵکاری، چاپکراوەکان، دانراوە مۆسیقییەکان، سەما، و هونەری گوزارشتکردنی بێدەنگ Pantomime و بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەمایش دەگرێتەوە.[6]

یاسای مافی بڵاوکردنەوەی ئەمەریکی کۆنترۆڵکردنێکی تەواو دەبەخشێتە داهێنەران و خاوەنی مافی بڵاوکردنەوە بۆ بەکارهێنانی کارەکانیان لەلایەن کەسانی ترەوە، و بەوجۆرە یاسای بڵاوکردنەوە لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا بەیەکێ لەشێوەکانی موڵکایەتیکردن دادەنرێ، کە ئەوەیش شایانی فرۆشتن یان دەستبەرداربوون یاخود میراتگرییە وەك هەر شێوەیەکی موڵکایەتیکردنەکانی تر، و هەروەها دانەر خێردەبینێ لە مافی بڵاوکردنەوە تاوەکو لەژیاندابێ تەنانەت تاوەکو پەنجا ساڵیش لەدوای مردنیەوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا یاسای بڵاوکردنەوەی ئەمەریکی ئەوە دەزانێ لەژیانی رۆژانەدا هەموو نووسەرێك ناتوانێ هەموو زانیارییەك بگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوە ئەسڵییەکەی، و بۆ رەواجدانیش بەزانیاری و هونەرو فێرکردن یاسای بڵاوکردنەوەی ئەمەریکی رێگادەدا بە "بەکارهێنانی دادوەرانە" Fair Useی زانیاری بەبێ بەرانبەر.[7]

www.pertwk.com

## پرەنسیپی بەکارهێنانی دادوەرانە : Fair Use

پرەنسیپی "بەکارهێنانی دادوەرانە" لەیاسای بڵاوکردنەوەی ئەمەریکیدا ڕێگادان بەبەکارهێنانی پۆلبەندیکردنی بێبەرانبەر دەرەخسێنێ؛ ئەوەیش لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

1–بەکارهێنانی ڕێژەیەکی سنوردار لەکارەکە لەلایەن کەسەکانەوەو لەرێی کۆپیکردنی کارەکانەوە بەئامێری کۆپیکردن، کە ئەوەیش لەو پەیڕەوکردنە بەربڵاوانەوەیە کە لەکۆلیج و زانکۆکاندا هەن، و یاسا نوێیەکە بژاردن ناسەپێنێتە سەر ئەو کەسەی نوسخەیەك لەیەکێ لەکارەکان کۆپیبکا، لەکاتێکدا بژاردن بەسەر ئەوانەدا پیادەدەکرێ کە کارێ بۆ ئامانجی فرۆشتن و دابەشکردن کۆپیدەکەن.

2–بەکارهێنانی دادوەرانە بۆ بابەتە بڵاوکراوەکان بۆ مەبەستی بازرگانینەکردن وەك ئەو بابەتانەی رۆژنامەنووسان و رەخنەگران و مامۆستایانی زانکۆ بەکاریاندەهێنن، هەموویان بەخشراون لە کۆت و بەندی بڵاوکردنەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو بڵاوکردنەوەیە لە کەمترین چوارچێوەدابێ و لەبەهای بازرگانیی کارە ئەسڵییەکە کەم نەکاتەوە. بەڵام ئەگەر وەرگرتنەکە جەوهەریبێ، یان بووە هۆی کەمکردنەوەی بەهای بازرگانیی کارە ئەسڵییەکە ئەوا بەپێشێلکاریی infringementی مافی بڵاوکردنەوە دادەنرێ.

3–بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندیی گشتی، کە لەهەندێ بارودۆخدا کەسە سەرپێچیکارەکە infringer وای نیشاندا ئەو کارەی کە پێیهەڵدەستێ بەشێوەیەکی سەرەکی و بەگوێرەی یەکەمین چاککاریی دەستوری ئەمەریکی خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی دەکا.[8]

4–شریتە تەلەفزیۆنییە فێرکارییەکان Instructional Programs کە دەسەڵاتەکانی دادوەریی ئەو مافەیان داوە بەکەسەکان کۆپی بەرنامە فێرکارییەکان بکەن، چەندە ئەوە پەیوەندداربێ بە ئەرکی خوێندن بەبێ دانی باج.[9]

5–بەکارهێنانی ناوەندەکانی راگەیاندن وەك رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆن و ئاژانسەکانی هەواڵ، بەجۆرێ بشێ ئەم ناوەندانە تێڕوانینی دیاریکراو لەیەکێ لەکارە بڵاوکراوەکانەوە بڵاوبکەنەوە؛ بەئامانجی سەلماندنی راستگۆیی هەواڵەکان، و ئەوەیش بەپێشێلکاریی مافەکانی بڵاوکردنەوە دانانرێ.[10]

## پارێزگاریکردنی مافی دانەر لەکۆمەڵگای میسریدا :

تا دەرچوونی یەکەمین یاسا بۆ پارێزگاریکردنی مافی دانەر لەساڵی 1954دا کە یاسای ژمارە 354ی ساڵی "1954"ە، مافەکانی دانەران لەمیسر بەبێ بوونی پارێزگاریکردنی جددی مانەوە. حوکمەکانی ئەم یاسایە سودیان لە رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەمافی دانەر وەرگرتووە، لەگەڵ هەندێ یاسای هاوچەرخدا.

لەبەندی یەکەمی یاسای پارێزگاریکردنی مافی دانەردا ئەو پۆلبەندییانە دەردەکەون کە یاساکە لەخۆیانی دەگرێ؛ دوای ئەوەی رەگەزەکانی تەواو دەبێ. ئەوەیش باسکراوە کە پۆلبەندیی داهێنراو لەئەدەب و هونەرو زانستدا بەجۆرە جیاوازەکانیانەوە، و هەروەها شێوازی گوزارشتکردن لێی بەنووسین یان بەوتن یاخود بە پەیکەر یان مۆسیقا یاخود بەوێنەگرتن.

پێوەری دانەریش جێگای پارێزگاریلێکردنە کە ئەوەیش ئەو داهێنانەیە کە دەرکەنار دەبێ. هەروەها حوکمدان لەپێکهاتەی پۆلبەندییەکەدا کە داهێنراوە یان داهێنراو نییە دەگەڕێتەوە بۆ خەملاندنی قەزا لەسەر ئەو شتەی ناکۆکی لەسەرە.

لەبەندی دووەمی یاسای پارێزگاریکردنی مافی دانەردا جێبەجێکردنی هەمەجۆر بۆ پۆلبەندییەکان هاتوون کە پارێزگاریکردنی تەواو دەبێ لەوانە: پۆلبەندییە نووسراوەکان، و ئەو پۆلبەندییانەی لەناوەوەدان بۆ هونەرەکانی نیگارکێشان و وێنەگرتن بەهێڵکاری یان رەنگ یاخود هەڵکۆڵین یان

www.pertwk.com

پەیکەرسازی یاخود بیناسازی، ئەو پۆلبەندییانەیشی کە زارەکی دەگەن وەك موحازەرەکان و گوتارو ئامۆژگارییە ئایینییەکان و هاوشێوەکانیان، ئەو پۆلبەندییە شانۆیی و شانۆییە مۆسیقییانەیش، لەگەڵ پۆلبەندییە مۆسیقییەکاندا ئیتر بە زارەکییەوە لکاوە یاخود پێوەی نەلکاوە، هەروەها پۆلبەندییە فۆتۆگرافی و سینەمایی، و نەخشە جوگرافی و هێڵکارییەکان، لەگەڵ پۆلبەندییە بەرجەستەکانی پەیوەنددارن بە جوگرافیا یان تۆبۆگرافیا یاخود زانست، ئەو پۆلبەندییانەیشی پەیوەنددارن بەهونەری تەتبیقییەوە، لەگەڵ ئەو پۆلبەندییانەی بەتایبەت دادەنرێن یان بەهۆی ئیزگەی لاسلکی یان تەلەفزیۆنەوە پەخشدەکرێن.

یاساکەیش ناونیشانی دانەرەکە لەخۆدەگرێ کە جیاکراوەبێ بە خەسڵەتێکی داهێنەرانە، و واژەیەك کە دەلالەت نەبێ لە بابەتی پۆلبەندییەکە (بەندی دووەم).

ئەوە شتێك نییە کە هەردەبێ دانەر بیکا لەرووی تازەییەوە لە چۆنیەتی دارشتندا تاوەکو سود لە پارێزگاریکردن ببینێ، هەربۆیە یاساکە پۆلبەندیی وەرگێڕ یان نووسەر یاخود کورتکەرەوە یان رێکخەر یاخود ئەو کەسەی لێکدانەوەیەك یان لێدوانێ لەشێوەیەکی نوێدا لەخۆدەگرێ، دەگرێتەوە (بەندی سێیەم).

بەندی چوارەمیش ئاماژە بەوە دەکا یاساکە ئەو چاپکراوانە لەخۆناگرێ کە هەڵبژێردراون وەك شیعر یان پەخشان یاخود مۆسیقا تەنها لەو کاتانەدا نەبێ کە جیاکراوەبێ بەداهێنان لە رێکخستن یان نمایشکردندا، هەموو ئەوانەیش بەبێ کەمتەرخەمی نواندن بەمافەکانی دانەران بەهەموو ئەو رەگەزانەیشی کە ئەم گروپە لەخۆیانی دەگرن.

لەگەڵ ئەوەیشدا یاساکە بەڵگەنامەکان وەك دەقی یاسایی و بڕیارەکان و رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و حوکمەکانی دادگاکان لەخۆناگرێ؛ لەبەرئەوەی بەگوێرەی پێکهاتەیان و بۆ بەجێهێنانی بەرەژەوەندیی گشتی دەبێ لەبەر دەستی هەمووانـدابێ، و هەر کەسێکیش هەڵدەستێ بە بڵاوکردنەوەی چەند یاسا و حوکمێك بەپەلاماردانی مافی دانەر دانانرێ، هەروەك چۆن دانەرەکەی بەجێگای پارێزگاریکردن دانانرێ. بۆ زیاتر لەلایەك دەشێ ئەم یاسایانە یان بەڵگەنامانە بڵاوبکاتەوە، سەرباری ئەوەی ئەگەر دانەرەکە هەستا بە کۆکردنەوەی ئەم یاسایانەو رێکخستنیان بەجۆرێکی داهێنەرانە کە ئاسانکاربێ بۆ گەڕانەوە بۆی یان پیاهەڵواسینی، ئەوا هەوڵەکەی سودمەنددەبێ بەپارێزگاریلێکردن (بەندی چوارەم).

تێبینی ئەوەیش دەکرێ دانەر دەشێ هەندێ لەمافەکانی لەبەکارهێنانی داراییدا بۆ کەسێکی‌تر بگوزێتەوە کە تەعبیری لێبکا بۆ بڵاوکەرەوەکە. هەروەها کایەی بەکارهێنانی دارایی بۆ بنەماڵەی دانەرەکەی و دوای مردنی دانەر دەگوێزێتەوە.(11)

## ئەو کۆت و بەندانەی بۆ مافی دانەر هەن لەمیسر:

لەیاساکەدا چەند کۆت و بەندێ بۆ مافی دانەر دانراون کە مەبەست لێیان بەجێهێنانی بەرژەوەندیی کۆمەڵگایە، و گرنگترین ئەو کۆت و بەندانەیش ئەمانەن:

1-مافی دانەر لەبەکارهێنانی داراییدا هەتاهەتایی نییە، بەڵکو دوای پەنجا ساڵ لەمردنی ئەو مافە نامێنێ. سەبارەت بە دانراوە فۆتۆگرافی و سینەماییەکانیش کە شێوەی دارشتن بەخۆوە نابینن، مافی دانەرەکەیەتی تا پانزە ساڵ لەرۆژی یەکەمین بڵاوکردنەوەیەوە مافی بەکارهێنانی داراییەکەی هەبێ (بەندی 20).

2-یاساکە رێگا لەهیچ کەسێ ناگرێ لەبەکارهێنانی دانراوەکەدا لەکۆبوونەوەیەکی خێزانیدا یاخود لەکۆمەڵەیەکدا یاخود یانەی تایبەتیدا

(بەندی 11) بۆ نمونە دەشێ لەوجۆرە گردبوونەوانەدا هەر پارچە مۆسیقایەك بێ بژەنرێ بێئەوەی بە پەلاماردانی مافی دانەرەکەی دابنرێ.

3–مافی دانەر بەبێ خستنەڕووی لێکدانەوەکانو وەرگرتنە کورتەکان وەرناچەرخێ ئەگەر مەبەست لێی رەخنەگرتن یان گفتوگۆکردن یاخود هەواڵ بێ مادامەکی ئاماژە بکرێ بە دانراوەکەو ناوی دانەرەکەیشی (بەندی 13).

4–یاساکە رێگادەدا –بۆ بەجێهێنانی بەرژەوەندیی کۆمەڵگا– بەوەزیری پەیوەنددار دانراوەکە دوای مەرگی دانەرەکەی بڵاوبکاتەوە ئەگەر میراتگرەکەی یان هەر کەسێ ئەو مافە بیگرێتەوە ئەگەر خۆیان کارەکەیان ئەنجامنەدا ئەوا وەزیر دەتوانێ بیکا بەمەرجێ سەبارەت بەوە قەرەبووبکرێنەوە بە باربوکردنەوەیەکی دادوەرانە (بەندی 23).

5–یاساکە رێگادەدا بەو دەستەکۆمپییانەی ئیزگەی لاسلکییان پێوە بەستراوە ئەو مافەیان هەبێ لەپەخشکردنی ئەو دانراوانەی نمایش دەکرێن یان لەشانۆکاندا یان هەر شوێنێکی تریگشتیدا دەخرێنە روو لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی دادوەرانەدا (بەندی 35).[12]



## رێگاکانی پارێزگاریکردنی مافی دانەر لەمیسر:

یاسای میسری دوو هۆکار بۆ پارێزگاریکردنی مافی دانەر رێکدەخا: یەکێکیان شارستانییە، و ئەوی دیکەیشیان تاوانکاری:

یەکەمین هۆکاریان رێگادەدا بە دانەرەکە یان هەر کەسێ کە میراتگریەتی داوای قەرەبوکردنەوە لەوانە بکا کە پەلاماری مافەکانی داوە ئەوەیش بەگوێرەی ئەو رێسا گشتییانەی لە بەرپرسیارێتیی شارستانێتییدا هەن، و قەرەبوکردنەوەکەیش سودمەندبوونە لە ئیمتیازێکی تایبەت (بەندی 45).

دووەمین هۆکاریش لە لەبەرچاوگرتنی پەلاماردانەدا خۆی دەنوێنێ بۆ سەر مافی دانەرەکە، تاوانێکی ئاسایی لەهەندێ حاڵەتدا سزاکەی غەرامەکردنە، و هەمیشە حوکمدانەکە دەستبەسەراگرتنی ئامێرە رێکخەرو نوسخە لەبەرگیراوەکان دەبێ، هەروەك چۆن دەشێ فەرمان بدرێ بە بڵاوکردنەوەی حوکمە دەرچووەکە بەسزادان.

بەدەق لەبەندی ژمارە 48ی یاسای پارێزگاریکردنی مافی دانەریشدا دوای چاککردنی بەیاسای ژمارە 14ی ساڵی 1968 هاتووە "دە دانە لەهەر دانراوێكو راستەوخۆ بەر لەدابەشکردنی بسپێردرێ بەناوەندی سەرەکیی دامەزراوەی کتێبو بەڵگەنامە نەتەوەییەکان". هەروەك چۆن هاوکات بەدەق لەیاساکەدا هاتووە کە نەسپاردنی نابێتە هۆی ئەوەی مافەکانی دانەرەکەی بشێوێنرێ هەروەك ئەم یاسایە بڕیاری لەسەرداوە.[13]

تێبینی ئەوەیش دەکرێ پارێزگاریکردنی مافی دانەر لەیاسای میسریدا لەسەر هیچ رێوشوێنێ ناوەستێ، وەك ئەمەی پێویست بکا لەدانراوەکەدا ئەوە باسبکرێ کە دەستەواژەیەکە پارێزگاریکردنی مافەکانی بڵاوکردنەوە سودبەخش دەبێ یان دانراوەکە بسپێردرێ یاخود تۆماربکرێ، ئەوەیش بەپێچەوانەی ئەوانەوەیە کە لەهەندێ وڵاتدا بڕیاری لێدراوە لەوانە ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەجۆرێ کە دەبێ لەسەر هەر نوسخەیەك ئەو بسەلمێنرێ کە هەر دانراوێ لەئەمەریکادا بڵاوبکرێتەوە دەستەواژەیەکە سودبەخشە بۆ پاراستنی مافی دانەرەکە یان وشەی "C" کە یەکەمین پیتەکانی وشەی Copy Right،و دواتر لەنووسینگەی مافەکانی دانان لەنووسینگەی کۆنگرێسدا تۆماردەکرێ.

## ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی:

www.pertwk.com

یەکێ لەو گرفتانەی ئەمڕۆ رووبەرووی پیشەسازیی پەیوەندیکردن دەبنەوە شێوازەکانی لەبەرگرتنەوەی ناشەرعیی فیلمە سینەماییەکان، و بەرنامە تەلەفزیۆنی، و کتێب، و تۆمارکراوە مۆسیقییەکانن، بێ ئەوەی حکومەتەکان بتوانن پارێزگاریکردنێکی پێویست بۆ داهێنەران و بڵاوکەرەوەکان فەراهەم بکەن. مانگە دەستکردەکان، و سیستمەکانی کێبڵ ئەگەری گرتنی ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنییانەی رەخساندووە کە وێستگەکانی تر بەرهەمیان دەهێنن و چەندین هەزار میلیش دوورن، لەگەڵ تۆمارکردنی ئەو بەرنامانە، و فرۆشتنیان بەبێ رەزامەندیی خاوەنەکانیان. لەگەڵ ئەوەیشدا بڵاوبوونەوەی ئەو ئامێری وێنەگرتنانەی کە هەزاران کتێب چاپ دەکەن بەبێ وەرگرتنی رەزامەندیی دانەرەکە یان بڵاوکەرەوەکە، و هەمان شت بەسەر سەرجەمی بەرنامە رادیۆیی و تەلەفزیۆنی، و فیلمە سینەماییەکاندا جێبەجێدەبێ کە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر سیستمی مافی بڵاوکردنەوە، و پارێزگاریکردنی مافەکانی دانەران.[14]

گرفتەکە لە لەبەرگرتنەوەی ئەو بابەتە رۆژنامەنووسییانە بۆ نیشاندانیان لەماڵەوەدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو کۆمپانیای وەها دەرکەوتوون هەڵدەستن بە دزیکردن و دەست بەسەراگرتنی ئەو بابەتانە، و سەرلەنوێ چاپکردن و فرۆشتنیان بەبێ رەزامەندی وەرگرتنی مافەکانی بڵاوکردنەوە، و کۆمپانیاکانی تۆمارکردنی مۆسیقی –بۆ نمونە– ساڵانە زیاتر لە 600 ملیۆن دۆلار زیانیان لێدەکەوێ ئەوەیش لەئەنجامی دزینی بابەتی تۆمارکراوەوە.[15]

لەساڵی 1985یشدا کارێك کرا بۆ روپێوکردنی کێشەکانی مافی بڵاوکردنەوە لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا، بەجۆرێ هەندێ کەسێتی و دەستەکان وایان نیشاندا کاری سەرکەوتوو هەن تایبەتن پێیانەوە و ناکۆکن لەگەڵ مافەکانی بڵاوکردنەوەدا، بەڵام نەیانتوانی ئەم تۆمەتبارکردنە بسەلمێنن. هەروەها ئەنجامەکانی روپێوکردن ئاماژەیان کردووە بە نەبوونی هیچ

کێشەیەکی پەیوەندندار بە پیشەسازیی هەواڵ و لێدوانەکانەوە جگە لەدوو کێشە نەبێ کە پەیوەنددارن بە گۆڤارەکانەوە.

لەیەکەمین کێشەیشدا گۆڤاری Hustler دەستیکردەوە بە سەرلەنوێ چاپکردنەوەی دوو وێنە لەهونەرە جوانەکان "سوریالیزم" بەڵام دادگا گۆڤارەکەی بێتاوان کرد، و رایوابوو ئەمجۆرەی بەکارهێنان بەبەکارهێنانێکی دادوەرانە Fair Use دادەنرێ.

بەڵام گۆڤاری High Society لەکێشەیەکی تردا تۆمەتبارکرا بە بەکارهێنانی وێنەیەکی فۆتۆگرافیی بژارکراو Retouchedی کچە ئەکتەری ئەمەریکی "راکیل وێڵش" Raquel Welch, کە کچە ئەکتەرەکە لەوێنەکاندا و بە روتی تەواو Nudeوە دەردەکەوێ و بڕیاری دادگا بەئیدانەکردنی گۆڤارەکە دەرچوو، بەوپێیەی ئەوە پێشێلکارییە بۆ مافی بڵاوکردنەوە.

لەگەڵ ئەوەیشدا گرفتی تر دەرکەوتن کە پەیوەنددارن بە سنورە رێگاپێدراوەکان بۆ بڵاوکردنەوەی شێوەکانی تەکنەلۆجیای نوێ وەك بەرنامەی کۆمپیوتەر Computer Software و سیستمەکانی کێشانەوەی زانیاری Data Retrieval Systems، و چینەکانی فەزا Satellite Dishes. دادگاکان بڕیاریاندا بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی کۆمپیوتەر بەبێ رێگاپێدان، بە پەلاماردانی مافی بڵاوکردنەوە دادەنرێ، و هەروەها سیستمی تایبەتی کۆمپانیایەکی کۆمپیوتەر لەلایەن کۆمپانیایەکی ترەوە، یان بەکارهێنانی چینە فەزاییەکان لەلایەن هەندێ لە دامەزراوە و ئوتێلەوە بەهەمان شێوە بە پەلاماردانی مافی بڵاوکردنەوە دادەنرێ.

پارێزگاریکردنی مافی بڵاوکردنەوە لەرۆژنامەدا بەیەکێ لەو بابەتانە دادەنرێ کە تائێستا یەکالانەکراونەتەوە و هێشتا جێگای مشتومڕن. هەندێ لە بڵاوکەرەوەکانیش هەڵدەستن بەگرتنەبەری رێوشوێنی مافی بڵاوکردنەوە بەشێوەیەکی رۆتینی بەسەر هەریەکە لە چاپە جیاجیاکانی رۆژنامەکەدا، و

www.pertwk.com

هەندێکی تریشیان مافی بڵاوکردنەوە وەك هۆکارێ بۆ رەواجدان بەرۆژنامەو سەرنج راکێشانی خوێنەران دەخەنەڕوو بەو پێیەی رۆژنامە بابەتی بەهادار دەخاتەڕوو، و چەندین رۆژنامەی تریش هەن هیچ رێوشوێنێکی تایبەت بە مافی بڵاوکردنەوە ناگرنە بەر. ئەگەر هەر رۆژنامەیەکیش رەزامەندیی مافی بڵاوکردنەوەی هەر وتارێ یان چیرۆکی رۆژنامەیەکی تر یان ئاژانسێکی تری وەرگرت، ئەوا مافی بڵاوکردنەوە ئەسڵییەکە لەگەڵ رۆژنامەکەدا یان ئاژانسی هەواڵەکەدا دەبێ کە خاوەنی چیرۆکەکە یان وتارەکەیە.

بەجۆرێ کە ناوەرۆکی زۆربەی رۆژنامە رۆژانەکان چاپکردنیان بۆ بەکاربردنی رۆژانە دەبێ، واتا لەبازاڕدا زۆر بەهادار نابێ، ئەوا دواتریش شایانی دانی باجی تۆمارکردن نابێ، و لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێ لەبڵاوکەرەوەکان سووردەبن لەسەر ئەنجامدانی رێوشوێنی مافەکانی بڵاوکردنەوە بۆ رۆژنامە رۆژانەکانیان، ئەوەیش لەبەر دوو هۆ: هۆی یەکەمیان ئەوەیە وا لە سەرنووسەرەکان دەکرێ بڕیاربدەن لەبەکارهێنانی هەندێ بۆنەدا کە بەهایان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەمێنێتەوە، و بەهایەکی تەنها بەسەرچوو Transient نییە، و هۆی دووەمیشیان خزمەتی ململانێی نێوان رۆژنامە یان ناوەندە ئەلکترۆنییەکان دەکا، بەجۆرێ سەرجەمی ناوەندەکان سووربن لەسەر ئامادەکردنی داهێنانە تایبەتییەکانیان.

هەروەك پێشتر تێبینیمان کرد یاسای مافی بڵاوکردنەوە رێگا دەدا بەوەرگرتن لەکارێکیتر لەچوارچێوەیەکی گونجاودا، و دەشێ ئەوەیش بکرێ بەبێ وەرگرتنی رەزامەندیی داهێنەرە ئەسڵییەکەی تا ئەو رادەیەی ئەو وەرگرتنە نەبێتە هۆی زیانێکی ئابوری، بۆیە یاسای مافی بڵاوکردنەوە دانەرانی تیۆرەکان لەخۆناگرێ، یان گەشەپێدەرانی بیروبۆچوونەکان چەندە ئەو تیۆرانە یان بیروبۆچوونانە بەرجەستەکراو یان مادی نەبن، و ئا بەوجۆرە لەیاسادا رێگرییەك نییە رێگابدا بە وەرنەگرتنی تیۆرەکان یان بۆچوونەکان، و وەرچەرخانیان بەلێوەشاوەییەوە بۆ کاروباری بازرگانیی بەهادار.



لەگەڵ ئەوەیشدا پیشەگەران لەسەرجەمی بوارەکاندا هەست بە گەورەیی داهێنەرە ئەسڵییەکە دەکەن، و لەکارەکانیاندا بۆیان دەگەڕێنەوە.[16]

ئەو خوێندکارەیشی هەندێ بەشی مەوسوعەی زانیاری دەگوێزێتەوە ئەرکێکی ئەخلاقی لەسەرە، کەوا بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوە ئەسڵییەی لێوەی وەرگرتووە، و ئەگەر وایشی نەکرد، ئەمەیش لەو روانگەوەیە کە ئەوە بەپەلاماردانی بڵاوکردنەوە دانانرێ، بگرە گوزارشت لە شێوەیەك لەشێوەکانی تەڵەکەبازی Plagiarism دەکا.

لەهەندێ بارودۆخی دەگمەنیشدا سزاکان توندتردەبن، ئەو کەسەی هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی ئەتروحەیەك بۆ بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا، و ئاماژە ناکات بۆ ئەو سەرچاوانەی لێیانەوە وەریگرتووە، رووبەرووی ئەوە دەبێتەوە کە پلەی زانستی نەدرێتێ.

لەناوەندەکانی راگەیاندنیشدا نێردراوی رۆژنامەنووسی یان نووسەری ستون کە کاری کەسانی تر دەدزێ رووبەرووی دەرکردن و لەدەستدانی کارەکەی دەبێتەوە، و سزاکانیش هەمیشە ئاشکراو راشکاوانە نابن.

چاکەیەك کە کۆتایی پێ‌بهێنین بەم فەسڵە، رێنماییەکە کە "جەیمس ریستۆن" James Reston, لەرۆژنامەی "نیویۆرك تایمز"دا ئاڕاستەی رۆژنامەنووسانی دەکا، کە دەڵێ: "خۆت دەبینیتەوە کە ناتوانی تەغتییەی هەموو هەواڵەکان بکەی، کەسێ لەئێمە نییە ئەوە بتوانێ، هەندێ کات دەبێ کە تیایاندا هەست دەکەی بە پێویست بوون بە وەرگرتنی کەم لەهەندێ رۆژنامەنووسان یاخود نووسەرانی تر، هەندێ جار هەموومان ئەوە دەکەین، بەڵام ئەگەر زۆرت وەرگرت، و هەروەها لەزۆر کاتیشدا ئەوەت کرد، ئەوا سست دەبی، و وەکو رۆژنامەنووسێ دەمری".[17]

## پوختە:

www.pertwk.com

مەبەست لە مافی بڵاوکردنەوە حوکمدانە بەسەر سەرلەنوێ بەرهەمهێنان یان دابەشکردنی گوتارەکان، و ئەوەیش تەواوی کارە زانستی و هونەری و ئەدەبییە پێشکەشکراوەکان بەهەر شێوەیەك لەشێوەکانی تەعبیرکردن بێ دەگرێتەوە. تەنها دانەرە کە مافی بڕیاردانی بڵاوکردنەوەی دانراوێکی هەیە بەسەر جەماوەردا، و ئەوە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، و هەروەها راکێشانەوەیشی لەبڵاوکردنەوە، و ناچارکردنی کەسانی تر بەرێزگرتنی دانراوەکەیشی مافی ئەدەبی پێدەوترێ، لەگەڵ ئەوەیشدا دانەر ئەو مافەی هەیە دانراوەکەی بەکاربهێنێ ئیتر ئەوە بەگواستنەوەی راستەخۆبێ بۆ جەماوەر، کە ئەوەیش مافی درکاندنی ئاشکرای پێدەوترێ، یان گواستنەوەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەك چاپکردنی هەر کتێبێك، ئەوەیە کە یاسا ناوی لێدەنێ مافی کارکردنی شێوەیەك لە دانراو، و بەمافی مادی دانەر دادەنرێ.

کۆمەڵگای ئەمەریکی لەساڵی 1790وە تاوەکو ساڵی 1984 زنجیرەیەك یاسای مافی بڵاوکردنەوەی بەخۆوە بینی و یاسای مافی بڵاوکردنەوەی ئەمەریکی رێگادەدا بە داهێنەران و خاوەنی مافەکانی بڵاوکردنەوە دەسەڵاتێکی تەواویان هەبێ بەسەر بەکارهێنانی کەسانی تر بۆ کارەکانیان، ئەوەیش بۆ هەتاهەتایە و تەنانەت تاوەکو پەنجا ساڵ دوای مردنی دانەرەکەیشی.

هەروەها یاسای ئەمەریکی رێگادەدا بەبەکارهێنانی دادوەرانەی دانراو لەهەندێ کاتدا بەبێ بەرانبەر، وەك بەکارهێنانی رێژەیەکی سنوردار لەکار لەلایەن کەسەکانەوە، و بەکارهێنان بۆ مەبەستی نابازرگانی، و بەکارهێنان بۆ بەرژەوەندیی گشتی، و هەروەها بەکارهێنانی شریتی فێرکاریی تەلەفزیۆنی، و بەکارهێنانی ناوەندەکانی راگەیاندن بۆ بەشێ لەکارە بڵاوکراوەکان بۆ سەلماندنی راستگۆیی هەواڵەکان.

لەساڵی 1954یشەوە یاسای پارێزگاریکردنی مافی دانەر لەکۆمەڵگای میسریدا دەرچووە، و لەساڵی 1968دا ئەو یاسایە چاککاری تیا کراوە و یاساکە جۆری ئەو دانراوانە جیادەکاتەوە کە لەخۆیانی دەگرێ؛ ئەوەیش دوای پێکهێنانی رەگەزەکانی، و هەروەها پێوەرەکانی دانەر جێگای پارێزگاریکردنن، لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو دانراوانەی یاساکە پارێزگاریلێکردنیان تەواودەکا. لەگەڵ ئەوەیشدا لەیاساکەدا هەندێ کۆت و بەند هاتوون کە بۆ مافی دانەر هەن لەکۆمەڵگای میسریدا، و لەمبارەیەوە ئاماژە کراوە بە هۆکارەکانی پارێزگاریکردنی مافی دانەر ئیتر شارستانی بێ یاخود تاوانکاری.

دواتر ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی یاسای مافی بڵاوکردنەوەمان خستەڕوو، و ئەوەمان باسکرد کە پارێزگاریکردنی مافی بڵاوکردنەوەی ناوەندەکانی راگەیاندن هێشتا لەو بابەتانەن یەکالانەکراونەتەوە و جێگای مشتومڕن، لەگەڵ گرنگیی وەرگرتنی کاری کەسانی تر لەهەندێ کاتدا لەگەڵ پێویستیی ئاماژەکردنی بەردەوام بۆ سەرچاوەی وەرگرتنی زانیارییەکان، و هەروەها بۆ کەمی ئەم وەرگرتنە.

## سەرچاوەکانی فەسڵی یانزەیەم

(1) حسن عماد مكاوى، تكنولوجيا الاتصال الحديثة فى عصر المعلومات (القاهيرة: الدار المصرية اللبنانية، 1993) لاپەڕە 254.

(2)جمال الدين العطيفى: حرية الصحافة وفق تشريعات الجمهورية العربية المتحدة (القاهرة: مطابع الآهرام التجارية، 1971) لاپەڕەکانی 228–231.

(3)Holsinger, Ralph L. Media law (N. Y.: Random House, 1987) P. 440.

(4) Galvin, Latherine M. Media Law: Alegal Handbook for the working Journalist (Berkely, CA Nolo Press, 1984) PP. 55-57.

www.pertwk.com

(5) Harless, James D. Mass Communication An Introductory Survey (Dubuque, IA: Wm. C. Browm Publishers, 1985) P. 481.
(6) Bittner, John R. Mass Communication An Introduction (N. J.: Prentice Hall, Englewood cliffs, 4th Ed., 1986) P. 347.
(7)Holsinger, R. L. (1987) op. cit, P. 441.
(8) Ibid, P. 442.
(9) Bittner, J. R. (1986) op. cit, P. 348.
(10) Harless, J. D. (1985) op. cit, P. 481.

(11) **جمال الدين العطيفي:** (1971) **سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی** 222–227.

(12) **هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە** 232.

(13) **هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی** 233–234.

(14) Williams, Frederick The New Communication (Belmont, California: Wadsworth, 1984) P. 128.
(15) Becker, Samuel L. Discovering Mass Communication (USA: Soctt, Foresman and Company, 2nd Ed., 1987) P. 338.
(16) Holsinger, R. L. (1987) op. cit, P. 466.
(17) Ibid, P.  467.

www.pertwk.com

# فەسڵی دوانزەیەم

## مافی پارێزگاریکردنی خوڕەوشتی گشتی لەکارە بەدڕەوشتییەکاندا

-سێکس‌و خرۆشاندن لەناوەندەکانی ڕاگەیاندندا.

-بابەتە بەدڕەوشتییەکان لەیاسای ئەمەریکیدا.

-پارێزگاریکردنی خوڕەوشتی گشتی لەهەندێ یاسای عەرەبیدا.

-ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی.

www.pertwk.com

# فەسڵی دوانزەیەم

## مافی پارێزگاریکردنی خوڕەوشتی گشتی لەکارە بەدڕەوشتییەکاندا*

### دەسپێك:

"سێکس دەفرۆشرێ" Sex Sells وادیارە ئەم زاراوەیە لەکۆمەڵگای ئەمەریکای هاوچەرخدا بووەتە شتێکی ئاسایی،و ناوەندەکانی ڕاگەیاندنیش پێکهاتەیەکن لە پرۆژەی تایبەت، کە پێویستیان بەوە هەیە بفرۆشن تاوەکو قازانج بەدەستبهێنن کە ئەوەیش زامنی بەردەوامبوونیان دەکا،و بابەتەکانی سێکس و خرۆشاندنیش بەو ڕەگەزە سەرەکییانە دادەنرێن کە قازانج بۆ ئەو ناوەندانەی ڕاگەیاندن کە وەك پرۆژەی تایبەت کاردەکەن دابین دەکەن.[1]

ناوەندەکانی ڕاگەیاندن لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا پشت دەبەستن بە پێشکەشکردنی ڕێژەی نزیکەی 90٪ی بابەتی کات بەسەربردن بەرانبەر بە

---

* لێرەدا لێکۆڵیار وشەی "ماف"ی لەبیریکردووە کە دەکەوێتە سەرەتای ناونیشانەکەوە کە پێدەچێ هەڵەی چاپ بێ، چونکە پێشتر و لە"پێڕست"و هەروەها سەرەتای ئەم فەسڵەو سەرەتای "دەروازەی چوارەم"ی لێکۆڵینەوەکەیشیدا وشەی "ماف"ی داناوە، هەربۆیە بەندەیش دامناوەتەوە.

و.ك



ڕێژەی 10٪ی ئەو بابەتانەی خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی دەکەن. بەدەستهێنانی قازانجیش دوایین ئامانجی ناوەندەکانی ڕاگەیاندنە لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا؛ کە هەر لەبەر ئەوەیشە هۆکاری قازانج ڕۆڵ دەبینێ لەپیشەسازیی کات بەسەربردن،و بڕیاردانەدا،و هەندێ لەچاودێرانیش ڕایان وایە ئەوە (مەبەست ئەو هۆکاری قازانجەیە–و.ك) گرنگترین هۆکار نییە، بگرە تاکە هۆکارە. لەمبارەیەیشەوە جێگری سەرۆکی یەکێ لەکۆمپانیا گەورەکانی بەرهەمهێنانی سینەما دەڵێ: "بڕیاری ئەخلاقی نییە لەوانەی کە پەیوەنددارن بە پیشەی سینەماوە، بەوەی پاڵنەری قازانج نەگونجاندنی ئەخلاقی دەتوێنێتەوە".[2]

بەربڵاوی کارە سێکسییە بەدڕەوشتییەکان لەناوەندەکانی ڕاگەیاندندا دەبنە هۆی پێشێلکردنی ئازادیی خوڕەوشتی گشتی لەکۆمەڵگادا، ئەوەیش لەڕێگای بڵاوکردنەوەی بێئابڕویی و داوێنپیسی و بەدڕەوشتی و پاشەڵپیسییەوە.

ئەم فەسڵە مافی پارێزگاریکردنی خوڕەوشتی گشتی لەکارە بەدڕەوشتییەکاندا لەخۆدەگرێ کە لەناوەندەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەرییەوە دەخرێنە ڕوو، ئەوەیش لەڕێگای لێکۆڵینەوەی سێکس و خرۆشاندن لەناوەندەکانی ڕاگەیاندن،و هەروەها ئەو یاسایانەیشی کە بەردەگرن لە بڵاوبوونەوەی کارە بەدڕەوشتییەکان لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا، لەگەڵ ئەو یاسانەی هانی پاراستنی خوڕەوشتی گشتی دەدەن لەهەندێ یاسای عەرەبیدا،و دواجار ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی بەرانبەر بە بڵاوبوونەوەی کاری بەدڕەوشتی دەخەینە ڕوو.

### سێکس و خرۆشاندن لەناوەندەکانی ڕاگەیاندندا:

هەر ناوەندێ لەناوەندەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری خەسڵەتێکی هەیە بۆ بوونی پێوەرێکی پلەپلەیی کە دەشێ ناوی لێبنێین "پێوەری جوانی"

Scale Aesthetic، و لەیەکێ لەلاکانی ئەم پێوەرەدا هونەرمەندە جددییەکان هەن، لەگەڵ ئەو بەرهەمهێنەرانەی رەچاوی چاکی دەکەن، و سوردەبن لەسەر ئەوەی کارەکانیان قولاییەکی باشتریان هەبێ بۆ مانای ژیانی مرۆڤایەتی. لەلایەکی تری پێوەرەکەیشدا ئەو هونەرمەندو نووسەرو بەرمهەمهێنەرانە هەن کە خوازیاری رەواجدانن بەو کارە میللییانەی هەڵگری خەسڵەتی خرۆشاندن و بەدڕەوشتین، و لەکارەکانیاندا زۆر بایەخ بە دیدگای هونەری نادەن، بەڵکو بایەخدانەکانیان لەسەر راکێشانی زۆرترین ژمارەی جەماوەر بۆ ئەو کارانەی دەیانخەنەڕوو دادەمەزرێنن. سەرنج راکێشانی بازرگانیی ناوەندەکانی راگەیاندنیش دەبێتە هۆی فەرماندەییکردنی چێژی بەرنامەکانی رادیۆو تەلەفزیۆن، و فیلمەکانی سینەما، و ئەو بابەتە بڵاوکراوانەی ناو کتێب و رۆژنامەو گۆڤارەکان بەرەو پڕوپوچکردنی ژیانی مرۆڤایەتی، یان هەڵاتنی تەواو لێی. لەیەکێ لەلایەکانیدا وەها تەماشای پارە دەکرێ کە هەموو شتێکەو لەلایەکەی تریشدا پارە بەتەواوی بەهاکەی لەدەست دەدا. هەموو رۆژێ پەیڕەوکارانی کاری رۆژنامەنووسی رووبەرووی پێویستیی هەڵبژاردن لەنێوان داخوازییەکانی هونەری راقی، و داخوازییەکانی بازاڕی پڕوپوچی دەبنەوە.[3]

لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانی ناوەڕۆکی ناوەندەکانی پەیوەندیکردن لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا ئاماژەیان بەمانە کردووە:

**یەکەم: نمایشەکانی ڤیدیۆ:**

1–نزیکەی نیوەی گۆرانییە وێنەگیراوە ئەمەریکییەکان لەدەوری حەزی رۆمانسی و حەزی سێکسی دەسوڕێنەوە.

2–لەچارەکێك بۆ یەك لەسەر سێی ئەو کەسێتییانەی نمایشەکانی ڤیدیۆ پێشکەش دەکەن، جلەکانیان بەجۆرێ لەبەردەکەن کە سەرنج راکێش بێ یاخود حەز بزوێن بێ.

3–نزیکەی 60٪ی نمایشەکانی ڤیدیۆ رەنگدانەوەی هەستی سێکسین.



4–زیاتر لەنیوەی نمایشەکانی ڤیدیۆ دیمەنی توندوتیژی لەخۆدەگرن، و زیاتر لەسێ لەسەر چواریشیان دیمەنی سێکسین.

**دووەم: زنجیرەکان:**

1–تێکڕای هەموو سەعاتێ لەزنجیرە ئەمەریکییەکاندا 1.5 کرداری سێکسیی بەدڕەوشتی دەخرێنە روو، هەروەك چۆن لەتێکڕای هەموو یانزە سەعاتێکیشدا ئاماژە دەکەن بە رووداوەکانی بەزۆرگاین.

2–چالاکیی سێکسیی نا شەرعی لەچوار بۆ پێنج هێندە زیاتر خۆی دەنوێنێ لەچاو ئەوەی لەواقیعی ئەمەریکیدا روودەدا.

3–لەتەنها زنجیرەیەکی ئەمەریکیدا کە بۆ ماوەی شەش مانگ بەردەوام بوو هەشت رووداوی تەڵاق رووی‌دا، لەگەڵ چوار حاڵەتی لێکجیابوونەوە بەبێ تەڵاق، و شەش حاڵەتی دەستپێکردن بەتەڵاق، و بیست و یەك پەیوەندیی سێکسیی تەواو بەبێ شوکردن.

**سێیەم: ناوەندەکانی تر:**

1–زیاتر لە سێ بەشی ریکلامەکانی تۆڕە ئەمەریکییەکان ئیحای روون و ئاشکرای سێکسی لەخۆدەگرن.

2–رێژەی فرۆشتنی شریتی سێکسیی ڤیدیۆ لەنێوان 15–25٪ دەبێ.

3–لەوێستگەی "پلەی بۆی" Play Boy تایبەت بەنمایشکردنی فیلمی سێکسیدا نزیکەی 800 هەزار بەشداربوو هەیە.[4]

لێکۆڵەرەوانیش هەوڵی لێکۆڵینەوەی کاریگەریی ژینگەی پەیوەندیکردن دەدەن لەتەرکیز خستنیان بۆ سەر بابەتەکانی سێکس و خرۆشاندن بۆ منالان و هەرزەکاران تەشەنەدەسەنێ، و بەتەواوی کارێکی سەختە دەستنیشانی کاریگەریی ناوەندەکانی راگەیاندن بکرێ لەبڵاوکردنەوەی سێکس و خرۆشاندن لەنێو چەندین رەگەزی تردا، بەڵام هەندێ لێکۆڵینەوەی بنچینەیی

www.pertwk.com

رای وایە ناوەڕۆکی سێکسی لەناوەندەکانی پەیوەندیکردندا دەشێ کاریگەری هەبێ بەسەر بیروبۆچوونەکانی هەرزەکاران و شارەزاییە سێکسییەکانیانەوە.

بۆ نمونە لێکۆڵیاری ڕۆژنامەنووسی "ستانلی باران" Sstanley Baran, وای نیشاندەدا هەستکردنی هەرزەکاران بۆ ئەو کەسێتییانەی لە ناوەندەکانی ڕاگەیاندندا دیمەنی سێکسی بەشێوازێکی باش پێشکەش دەکەن، وایان لێدەکا هەست بە ناڕازیبوون بکەن بەرانبەر ئەو شارەزاییە سێکسییەی هەیانە، هەروەك چۆن لێکۆڵیارەکە تێبینی ئەوەیشی کردووە چەندە تەمەنی هەرزەکارەکە زیاتر بێ، ئەو باوەڕەیشی لەلا زیاتر دەبێ بەوەی ئەو سێکسەی کەسێتییە درامییەکان پەیڕەوی‌دەکەن زۆرتر تەعبیر لە واقیع دەکەن، و کەسێتییەکانی تەلەفزیۆن پەیڕەوی شارەزاییەکی سێکسیی ڕازیکەر دەکەن، و دواتر ناڕازیبوونی هەرزەکاران لەکۆمەڵگای ئەمەریکی‌دا بەرانبەر بە شارەزاییە سێکسییەکانیان زیاتر دەبێ.

دەبێ هەست بەوەیش بکەین لێکۆڵینەوەکانی پێشوو دەستنیشانی هیچ گۆڕراوێکیان نەکردووە کە پێش ئەوی‌تر بکەوێ: چالاکیی سێکسی یاخود خستنەڕووی ناوەندەکانی ڕاگەیاندن، بەمانای ئایا ئارەزوکردن لەپەیڕەوکردنی چالاکیی سێکسی ئەوەیە کە دەبێتە هۆی خستنەڕووی بابەتی سێکسی لەرێی ناوەندەکانی ڕاگەیاندنەوە، یان خستنەڕووی ئەو بابەتانەیە کە ئارەزوکردن لەچالاکیی سێکسی دەخولقێنێ، بەڵام تاکە شتێ گومان هەڵناگرێ هەستی هەرزەکارانە بەناڕازیبوون دوای بینینی سێکس لەناوەندەکانی ڕاگەیاندندا.[5]

لەگەڵ ئەوەیشدا ئەنجامەکانی یەکێ لە پێوانەکان لە کۆمەڵگای ئەمەریکی‌دا ئاماژەیان کردووە بۆ ئەوەی کە نیوەی نمونەکە پێی‌وایە تەماشاکردنی بابەتی سێکسی لەناوەندەکانی ڕاگەیاندندا –بەتایبەتی تەلەفزیۆن– هاندەردەبێ بۆ ئەنجامدانی تاوانی بەزۆرگایین، و نزیکەی سێ بەشی نمونەکەیش (العینة) پێی‌وایە تەماشاکردنی بابەتە سێکسییەکان هەندێکیان تووشی ئارەزووی سێکسی دەبن، و شەش کەسیش لەنێو هەر دە کەسدا پێی‌وایە بابەتە سێکسییەکان زانیارییان لەبارەی سێکسەوە بۆ زیاد دەکا، و نزیکەی نیوەی کەسەکانی نمونەکەیش ئاماژەیان بەوە کردووە بابەتە سێکسییەکان دەبنە هۆی باشکردنی پیادەکردنی سێکسی لەنێو ژن و مێرددا.[6]

## بابەتە بەدڕەوشتییەکان لەیاسای ئەمەریکی‌دا :

مێژووی سانسۆری بابەتە بەدڕەوشتییەکانی وێنەو نووسین لە کۆمەڵگای ئەمەریکی‌دا بۆ ڕۆژانی داگیرکاری دەگەڕێتەوە، و جاران دادگاکان جەختیان لەو سانسۆرە دەکردەوە وەك هەنگاوێکی پێویست بۆ پارێزگاریکردنی ئەخلاقی گشتی، ئەوەیش لەسەر ئەو بنەمایەی بڵاوکردنەوەی بابەتی بەدڕەوشتی ناخرێتە ژێر پارێزگاریی یاساوە.[7]

هەڵبەت یەکێ لەو گرفتانەی دادگای دەستوری باڵا لەویلایەتە یەکگرتووەکان ڕووبەڕووی بووەتەوە کردەوەی ناشیرین و نیشاندانە لە هونەردا، و گرفتەکە لەدەستنیشانکردنی ئەوەدا خۆی مەڵاس داوە کە کامە بەدڕەوشتییە Obscenity و کامەیش بەدڕەوشتی نییە.

چەندین ویلایەتی ئەمەریکا هەن لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە ڕێگا نادەن بە فرۆشتن و دابەشکردنی بابەتە بەدڕەوشتییەکان. کۆنگرێسیش لەساڵی 1842وەوە یەکەم یاسای بۆ بەدڕەوشتی دەرکردووە.

یاسای ئەمەریکیش دەستنیشانکردنی کاری بەدڕەوشتی لەکێشەیەکی ئینگلیزی بەناوبانگەوە خواستووە کە لەساڵی 1868دا ڕوویداوە، کە کێشەی Regina V. Hinkin،ە و دادگای ئینگلیزی پێی‌وابوو کاری ئەدەبی بەبەدڕەوشتی دانانرێ ئەگەر هەر بەشێکی ئابڕووبردنی ئەخلاق Deprave بگرێتەوە، دادگا ئەو ڕایەیشی هەبوو هەموو بابەتێکی وروژێنەر بۆ ئارەزووی سێکسی Erotic لەنووسین یان وێنە بابەتی بەدڕەوشتین.

"یاسای کۆمستۆك" Comstock Lawی ساڵی 1873 ئەو مافە دەبەخشێتە دەسەڵاتی حکومی لەدەست بەسەراگرتنی کتێب و بابەتە بەدڕەوشتییەکان، و تەنانەت ئەگەر کتێبێکی زانستیش بن. نمونەی لەو

www.pertwk.com

جۆرەیش ڕێگا گرتن بوو لەرەواجدان بە کتێبێکی فێرکاریی "مێژووی بێ ئابڕوویی" The History of Prostitution و دادگاکانی ئەمەریکا لەماوەی سەدەی بیستەمدا بەردەوامبوون لە جێبەجێکردنی ئەم ئاڕاستەیەدا.

لەساڵی 1930یشداو لەبەر هەمان هۆ چەندین چیرۆکی ئەدەبی قەدەغەکران، لەنێویاندا چیرۆکە بەناوبانگەکەی "هەمەنگوای" Hemingway "زەنگەکان بۆ کێ لێدەدرێن" To Whom the Bell Tolls.[8]

لەساڵی 1931یشدا لەلایەن دادگای دەستوری باڵاوەو لەکێشەی " Near V. Minnesota"دا جەخت لەهەمان حوکم کرایەوە کە دادوەرەکە Charrles E. Hughes, نووسی "یاسا ڕێگادەدا بە دانانی کۆتو بەندی پێشوەخت بۆ بەرگرتن لە بڵاوکردنەوەی بابەتی بەدڕەوشتی"و بەدرێژایی مێژووی ئەمەریکاو تەنانەت تاوەکو دوای دوووەمین جەنگی جیهانیش، وەسفکردنی هەر چالاکییەکی سێکسی –شێوەی تەعبیرکردنەکەیشی هەرۆنێك بوایە– دەبوو بخرایاتە ژێر سانسۆرەوە، بۆ نمونە کاتی خۆی رۆمانی "Ulysses"ی نووسەر "جەیمس جۆیس" James Joyce, کە ئێستا دەخوێندرێ بەو پێیەی لەکارە کلاسیکییەکانە، ڕێگاپێنەدراوبوو گوایە لەکارە بەدڕەوشتییەکانە، تا ئەو کاتەی دادوەری فیدراڵی لەساڵی 1933دا بڕیاریدا ئەوە ئەدەبە نەوەك هونەرێکی دەرخراو (اباحی). هەمان شت لەگەڵ ڕۆمانی تری نووسەرە گەورەکانی وەك "هنری مێلز"و "ئێدمۆند وێلسن"دا ڕوویدا.[9]

دوای دووەمین جەنگی جیهانیش گۆڕانێکی بەرچاو لەبڕیارەکانی دادگای دەستوری باڵادا ڕوویدا، لەساڵی 1946دا سەرۆکی دەستەی پۆستە بڕیاریدا بەدابەشنەکردنی گۆڤاری Esquire لەرێی خزمەتگوزاریی پۆستەوە بە پاساوی ئەوەی گۆڤارێکی خراپو بازاڕییە. گۆڤارەکە لەبەردەم دادگای دەستوری باڵادا ئەو کێشەیەی بردەوە کە بڕیاردرا سەرۆکی پۆستە ئەو مافەی نییە گۆڤارەکە لەخزمەتگوزاری پۆستکردن بێبەش بکا.

لەساڵی 1957یشدا دادگاکە (مەبەست دادگای دەستوری باڵایە–و.ك) تەرکیزی خستە سەر "بیرۆکەی ناوەڕۆك" Content Ideaو رادەی باشێتی، و دادگاکە بڕیاریدا بابەتەکان بەدڕەوشتی دەبن ئەگەر ئامانجی زاڵبوو تیایدا خرۆشاندنی ئارەزووی سێکسی Prurientبێ و دادگاکە ئەوەیشی خستە سەر کە وشەی سێکس بەرانبەر بە بەدڕەوشتی Osscenity نایەتو مانای وایە ئەو بابەتانەی بەرێگایەکی بەرپرسیارانە یان زانستییانە مامەڵە لەگەڵ کاروباری سێکسیدا دەکەن، دەبێ پارێزگاری لێبکرێ لەبەرئەوەی مامەڵە لەگەڵ بیروبۆچووندا دەکا.

لەساڵی 1966یشدا دادگای دەستوری باڵا پێناسەیەکی نوێی بۆ بەدڕەوشتی دانا کە دەبێ ئەم سێ مەرجەی خوارەوەی تیابێ:

1–دەبێ بیرۆکەی سەرەکیی کارە پێشکەشکراوەکە سەرنجی ئارەزووی سێکسی رابکێشێو هانیبدا یان بەتەواوی پشتی پێببەستێ.

2–کارەکە بە بەدڕەوشتی دادەنرێ ئەگەر لەلایەن کۆمەڵگای ناوخۆوە یان پێوەرەکانی کۆمەڵە ناوخۆییەکانەوە پەسەندنەکرێ.

3–ئەگەر کارەکە بەتەواوی بەتاڵ بێ لەهەر بەهایەکی کۆمەڵایەتی یان زانستی یاخود هونەری.[10]

لەساڵی 1973یشدا دادگاکە ئەم پێناسە نوێیەی لەکاتی تەماشاکردنی کێشەی "Miller V. California"دا روونکردەوەو باسی لەوە کرد "بابەتە سێکسییەکان بەبەدڕەوشتی دانانرێن ئەگەر گوزارشت لە ئەدەبێکی جددی بکەن، و بەهای هونەری، یان سیاسی، یاخود زانستییان هەبێ". ئەو بڕیارەیش لەدەستنیشانکردنی بەهای کارەکەدا بۆ ئەو دادوەرە دەگەڕێتەوە کە بۆ هەر حاڵەتێکی جیا پێوەرە باوەکانی کۆمەڵگا جێبەجێدەکا.

ئەوەیش مانای وایە ئەو بابەتە سێکسییانەی بەهادارن نابێ ڕێگایان لێبگیرێ؛ لەبەرئەوەی بەدڕەوشتینین، بەڵام ئەو بابەتانەی بەتەواوی نقوم دەبن لە سێکس بە بەدڕەوشتی دادەنرێن، ئەوەیش روونو ئاشکرایە کە هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان ئەم دوو جۆرەدا نییە، لەبەرئەوەی دادگای دەستوری ئەو بڕیارەی بۆ دادوەر بەجێهێشتووە، و لەئەنجامی ئەوەیشەوە وا لەهەندێ بابەتی سێکسی دەڕوانرێ کە لەویلایەتێکدا بەدڕەوشتییە، و هاوکات هەمان کار لە

www.pertwk.com

ویلایەتێکی تردا بە بەدڕەوشتی دانانرێ، ئەوەیش بەگوێرەی ئەو پێوەرە باوانەی لە کۆمەڵگادا هەن.[11]

## پارێزگاریکردنی خوڕەوشتی گشتی لە هەندێ یاسای عەرەبیدا :



کۆمەڵگا عەرەبییەکان پابەنددەبن لەبەرچاوگرتنی خوڕەوشتی گشتیو پاراستنی رەوشتەکان، و ئەم کۆمەڵگایانە باوەش دەکەن بە ئایینی ئیسلامی راستدا کە هانی فەرماندان بە چاکەو نەهیکردن لە خراپە دەدا، و پێشێلکردنی پیرۆزیی خوڕەوشتەکان لە کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا لەرێی ئەنجامدانی کردەوەی ناشیرین یان هاندان بۆی دەکرێ، لەگەڵ ئەوەیشدا شێواندنی زیندەگی، و هاندان بۆ داوێنپیسیو خراپەکردنو بێئابڕوویی.

ئەو پێوەرانەیشی لەسەر بنەمای رادەی پابەندبوونی ناوەندەکانی راگەیاندن دەپێورێن بە دەرنەچوون لە خوڕەوشت، بەهای کۆمەڵو نەرێتو شێوەی رەفتارەکانی، لەگەڵ کاریگەریی چاوەڕوانکراو بۆ ئەو ناوەڕۆکەی پێشکەشی هاوولاتیی ئاسایی دەکرێ، پێوەری تری نەگۆڕ نییە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو پێوەرانە، بەڵکو مەسەلەکە بۆ دادوەری بەجێدەهێڵرێ.

بەدەق لەبەندی 178ی یاسای سزادانی میسریشدا هاتووە "بڵاونەکردنەوەی ئەوانەی بە پێشێلکردنی پیرۆزیی خوڕەوشت دادەنرێن یان هاندان بۆ زیانگەیاندن پێی، گەرنا راگەیاندن ئەوانە بڵاودەکەنەوە کە خراپن بۆ رودان".[12] بەدەق لەبەندی شەشەمی یاسای دەسەڵاتی رۆژنامەنووسیی میسریشدا هاتووە "رۆژنامەنووس پابەنددەبێ بە بڵاوکردنەوەی بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگا هەروەك لەدەستوردا هاتووە".[13]

لەبڕگەی "ح"ی بەندی ژمارە 13ی یاسای چاپەمەنیی سودانیشدا هاتووە "پێویستە لەسەر هەر رۆژنامەیەك یان چاپکراوێ پابەندبێ بە بڵاونەکردنەوەی ئەوانەی ئابڕووی خوڕەوشتی گشتی دەبەن".[14]

هەروەها لە بڕگەی (أ)ی بەندی حەوتەمی یاسای چاپەمەنیی سعودیەیشدا هاتووە کە رێگا نادرێ بە چاپکردن یان بڵاوکردنەوەی "هەموو ئەوانەی ناکۆکن لەگەڵ یاساکاندا یان لەپیرۆزی ئیسلامو شەریعەتە لێبوردەییەکەی دەدەن، یان ئابڕووی خوڕەوشتی گشتی دەبەن".[15]

بەدەق لەبەندی ژمارە 72ی یاسای چاپەمەنیی دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبیشدا هاتووە "نابێ ئەو راوبۆچوونانە بڵاوبکرێنەوە کە پیشێلکارییان بۆ پیرۆزی خوڕەوشت تیایە، یان دەبنە هۆی روودانی خراپەکردن یاخود بانگەشەکردن بۆ لەخۆگرتن یان رەواجدان بە پرەنسیپە روخێنەرەکان".[16]

هەروەها لە بڕگەی ژمارە "6"ی بەندی 56ی یاسای چاپەمەنیی لوبنانیشدا بەمجۆرە هاتووە: "رێگانادرێ بە بڵاوکردنەوەی ئەو راپۆرتو کتێبو وتارو وێنەو هەواڵانەی پێچەوانەی ئەخلاقو خوڕەوشتی گشتین".[17]

لە بڕگەی "ب"ی بەندی 41ی یاسای چاپەمەنیی بەحرێنیشدا بەمجۆرە هاتووە: "رێگا نادرێ بە بڵاوکردنەوەی ئەوانەی پێچەوانەی خوڕەوشتی گشتین یان زیانیان بۆ ئابڕووی کەسەکان یان ژیانی تایبەتییان دەبێ".[18]

لەبەندی ژمارە 28ی یاسای چاپەمەنیو بڵاوکردنەوەی سوڵتاننشینی عوممانیشدا بەمجۆرە هاتووە: "نابێ ئەو شتانە بڵاوبکرێنەوە کە زیانیان دەبێ بۆ ئەخلاقو خوڕەوشتی گشتیو ئایینە ئاسمانییەکان". لەبەندی 31ی هەمان یاسادا هاتووە "نابێ هەموو ئەوانە بڵاوبکرێنەوە کە دەبنە هۆی هاندان بۆ ئەنجامدانی تاوان یان کینە نانەوە یاخود واتەواتی بەدڕەوشتی یان بڵاوکردنەوەی رۆحی لێکترازان لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگادا".[19]

## ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی:

بە تێپەڕبوونی ساڵ، هەوڵی جددی هەبوون "بۆ کپکردنی بەدڕەوشتی" Suppress Obscenity لەتەواوی کۆمەڵگاکاندا، ئەوەیش لەرێگای پیاوانی

ئاییینی، و ڕێکخراوە حکومی، و هەندێ لە گروپە هەمەجۆرەکان، و هاووڵاتییان بۆ بەجێهێنانی بەرژەوەندیی تاك و کۆمەڵگا.

تەنانەت لە کۆمەڵگا خۆرئاواییە ئازادیخوازەکانیشدا یاساگەلی ئەوتۆ هەن ئامانج لێیان سنوردانانە بۆ بڵاوبوونەوەی خراپەو بەدڕەوشتی، و ئارەزووکردن بۆ کپکردنی ئەو ناوەندو کەسانەی هانی ئەوە دەدەن. ئەو گروپانەی بەرگریدەکەن لە مافەکانی ژنان ڕۆچوونەتە ئەو بوارەوەو وای نیشان دەدەن نیشاندانی بابەتی سێکسیی داوێنپیسی هاندەر دەبێ بۆ ڕوداوی بەزۆرگاییین Rape لەرێی وێنەگرتنی ئەو کچانەوە کە بەهەموو شێوەکانی پەیڕەوکردنی سێکسی چێژدەبینن.

ڕەئی لە کۆمەڵگای ئەمەریکیدا دابەش بووە بەسەر لایەنگرانی یاساکانی بەدڕەوشتیو ناڕازیبووانی یاساکە. دادگای دەستوری باڵایش ئەوەی پەسەندکرد کە کارەکان کاتێ بەدڕەوشت دەبن وروژێنەری حەزی "ئارەزوهەڵسان" Prurient بن ئەوەیش لەرێی وێنەگرتنی کارە سێکسییەکان بەرێگایەکی نا چوون یەك یان پێشێلکاری " Offensive Way" کە دەبێتە هۆی زێدەڕۆییکردنی سێکسی Obsessive بەرێگایەکی ناچوون یەك Morbid و یاسای ئەمەریکی حوکمدانی ئەوەی بۆ خەملاندنی دادوەری بەجێهێشتووە.

زۆر لە لێکۆڵیاران وایدەبینن بەربڵاوی بابەتە بەدڕەوشتییەکان دەشێ کۆمەڵگا بڕمێنێ و ئابڕوی ئەخلاقیش ببا، و هاندەری سێکسی ڕێگاپێدراو Sexual Permissiveness بێ.

لەساڵی 1970یشدا لیژنەی سەرۆکایەتیکردنی بەدڕەوشتیو بێ ئابڕویی گەیشتە ئەو ئەنجامەی پەیوەندی نییە لەنێوان زۆری توشبوون بە بابەتی سێکسیو ڕەفتارکردنی دژ بەکۆمەڵگا Antisocial Behavior.[20]

بەپێچەوانەی ئەوەیشەوە لێکۆڵینەوەیەکی هاوچەرخی "دۆنرستاین" Donnerstein, و "لینز" Linz, (1984) ئاماژەیان کردووە بەوەی "توشبوون ئەگەر بۆ چەند دەقیقەیەکیش بێ بۆ بینینی توندوتیژیو سێکسو ئابڕوبەریو بەزۆرگاییینی ژنان دەبنە هۆی ڕەفتاری زیانکەوتوو بە کۆمەڵگا.[21]

سیستمی فێرکردنیش لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پشت دەبەستێ بەو بڕوایەی کە بەکارهێنانی وشەو وێنە دەشێ پشتگیری لە زانین بکەن، و بەهاو ڕەفتارەکان ڕێکبخەن. ناوەندەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکانیش چەندین بلیۆن دۆلار تەرخان دەکەن بۆ بەرهەمهێنانی شێوەی هەمەجۆر لەبابەتی خۆشیو کات بەسەربردن، کە کاریگەریی گەورەیان دەبێ بەسەر بەهاو ڕەفتارەکان لە کۆمەڵگای ئەمەریکیدا، و لایەنێکی گەورەی ئەم بابەتە کات بەسەربردنانە پشت دەبەستن بە خستنەڕووی خرۆشاندنو سێکسی ڕاشکاوانە، و ڕۆشنبیریی ئەمەریکی بەشێوەیەکی گشتی وایدەبینێ خستنەڕووی بابەتی سێکسی شورەیی نییە تەنها لەو کاتەدا نەبێ کە بەتوندوتیژییەوە بەسترایەوە.[22]

توندوتیژی بەو گرفتە دەگمەنانە دادەنرێ کە چانسی بایەخدانێکی زۆری هەیە لەلایەن ڕەخنەگرانی سینەماو تەلەفزیۆن، و کێشەکە ئەوەیە دیمەنە توندوتیژەکان لەکاتی کاریگەرییاندا بەسەر هەرزەکارانەوە ببنە هۆی تاوانکردن، ئەوەی هەرزەکار دەیبینێ، هەندێ جار هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی. بەرنامەکانی توندوتیژی بەتەنها لەرەفتاری توندوتیژیدا کورت ناکرێنەوە، و ڕەنگە دانانی سانسۆر چارەسەربێ، بەڵام کێشەی سانسۆر ئەگەری بەربڵاوبوونییەتی بەجۆرێ لایەنەکانی تریش بگرێتەوەو زیان بەئازادیی ڕادەربڕین بگەیەنێ.[23]

هەندێ جار کێشەیەکی ئەخلاقی لەبەکارهێنانی ناوەندەکانی ڕاگەیاندندا بۆ بابەتەکانی خرۆشاندنو سێکسو ڕەواجدان بە فرۆشتنیو زیادبوونی جەماوەریو زامنکردنی بەدەستهێنانی سەرمایەی دارایی گەورە خۆی مەڵاس داوە. گومانیشی تیا نییە بەکارهێنانی وشەی جنێوفرۆشی لەو ناوەندانەدا کە

www.pertwk.com

خۆیان دەهاوێژنە ماڵەکانەوە وەك رادیۆو تەلەفزیۆن بە پەلاماردانی ئەخلاق دادەنرێ* و بۆ بەڵگەهێنانەوەی ئەوەیش ئەم واقیعەی خوارەوە دەخەینە روو:

لە 10ی ئەیلولی ساڵی 1974دا تۆڕی NBC درامایەکی تەلەفزیۆنی بەناوی "لەدایکبوونێکی بێتاوان" Innocent Borی بۆ سەرجەمی وێستگەکانی سەر بەتۆڕەکەی نارد، و ئەم دراما کۆمەڵایەتییە ئاماژە دەکا بە هێزی کاریگەریی تەلەفزیۆن بەسەر رەفتاری مرۆییەوە، و بیرۆکەی دراماکە لەدەوری کچێکی دەربەدەردا دەسوڕێتەوە کە لەناو چاکسازییەکی نەوجەوانان Reformatoryدا پێشێلی پاڕانەوەی دەکرێ و ئەم درامایە دیمەنی توندوتیژی لەخۆدەگرێو دەشێ لەلایەن هەندێ لەبینەرانەوە رێی لێبگیرێ، و هەر لەبەرئەوەیش تۆڕی NBCلەسەرەتای پیشاندانی درامەکەدا ئاگادارکردنەوەیەکی دانا و تیایدا دەڵێ "ئەم کارە لەبارەی رەفتارێکی راستەقینەی تایبەت بە پێشێلکردنی نەوجەوانان"ەوە دەدوێ لەگەڵ کاریگەریی بەسەر ژیانیان و کەسێتییانەوە، و تۆڕەکە پێشنیازی ئەوەی بۆ بینەران کرد بڕیاربدەن لەسەر رادەی لەتوانادابوونی تەماشاکردنی ئەم درامایە لەلایەن مێرمنداڵو بچوکەکانیانەوە. بە پشت بەستن بەو ئاگادارکردنەوەیەیش پانزە وێستگەی سەر بەتۆڕی NBC بڕیاریاندا ئەم درامایە پێشکەش نەکەن.

دوای پێشکەشکردنی دراماکەیش تۆڕەکە سەدان تەلەفۆنی بۆ کرا کە تیایاندا ناڕەزاییان لەو کارە نیشاندا، هەروەها تۆڕەکە ژمارەیەکی کەم تەلەفۆنی لەو کەسانەوە بۆ کرا کە دەستخۆشییان لەو کارەو وێنە واقیعییەکانی دەکرد.

دوای تێپەڕبوونی سێ رۆژ بەسەر پێشکەشکردنی ئەم درامایە، کچێك کە تەمەنی نۆ ساڵ دەبوو لەناوچەیەکی نزیکی "سان فرانسیسکۆ" دەستدرێژی سێکسی کرایە سەر و ئەوانەی بەکاری دەستدرێژیکردنەکە هەستابوون سێ کچ و منالێك بوون کە تەمەنیان لەنێوان نۆ بۆ پانزە ساڵ دەبوو و لەکرداری دەستدرێژیکردنەکەدا بوتڵی شوشەی بیرەی بەتاڵیان بەکارهێنا، و ئەم کردارە قێزەونە بەتەواوی وەك هاوشێوەی ئەوە کرا کە لەدراما تەلەفزیۆنییە پێشکەشکراوەکەدا رووی‌دابوو.

دایکی کچەکە داوایەکی لەدژی تۆڕی NBC بەرزکردەوەو بەبێ باك تۆمەتباری کردبوو؛ لەبەرئەوەی ئەو درامایەی لەسەعات 8ی شەودا پەخشکردبوو، واتا لەکاتێکی نەگونجاودا، و پارێزەری کچەکە داوای لەتۆڕی NBCکرد بڕی یانزە هەزار ملیۆن دۆلار وەك قەرەبوو لەو زیانەی کە کچەکە تووشی‌هاتووە بدات.

لە ئەیلولی 1976یشدا حوکمەکە بۆ بەرژەوەندیی تۆڕی NBC دەرچوو دادگاکە بڕیاری‌دا "تۆڕەکە بێباك نەبووە، و نابێ داوای لێبکرێ داهێنانە هونەرییەکانی رابگرێ".

دوای ئەوە پارێزەری کچەکە تێهەڵچووەوە لە حوکمەکە، بەڵام تۆڕی NBC داوای گواستنەوەی کێشەکەی کرد بۆ دادگای دەستوری باڵا بە پشت بەستن بە مافەکانی یەکەمین چاککاری لە پارێزگاریکردنی ئازادیی رادەربڕین، و تۆڕەکە پشتی بەستبوو بەوەی بەر لەپیشاندانی دراماکە ئاگادارییەکی داوەتە بینەران، و هێرشبەرەکانیش منالێ "نەوجەوان"بوونو لەگەڵ ئەوەیشدا پشت بەستن بە قسەی هەندێ لەشایەتەکان بە تەماشانەکردنی دراما تەلەفزیۆنییەکە لەلایەن هیچ کام لە منالە پەلاماردەرەکانەوە.

لەئابی 1978یشدا حوکمی دادگای دەستوری باڵا بۆ بەرژەوەندیی تۆڕی NBC دەرچوو بەو پێیەی ئەم کارە یەکەمین چاککاریی دەستوری تایبەت بەئازادیی رادەربڕین دەیپارێزێ.[24]

---

* ئەو پەلاماردانی ئەخلاقە کە لەرێی جنێوفرۆشییەوە بەهۆی رادیۆو تەلەفزیۆنەکانەوە دەکرێ، زۆر بەزەقی لەماوەی شەڕی ناوخۆی دوای راپەڕیندا لەمیدیای حزبە بەشەڕهاتووەکاندا بوونی هەبوو.

و.ك

www.pertwk.com

بەشێوەیەکی گشتی کێشەکەی پێشوو گوزارشت دەکا لەپێویستیی لەبەرچاوگرتنی ئەخلاقی پەیڕەوکردن لەلایەن ناوەندەکانی راگەیاندنەوە، و پابەندبوون بە بەڵگەنامەکانی ئابڕوی پیشەیی لە پێشکەشکردنی بەرنامەکانی توندوتیژیو وروژاندندا. کێشەی خستنەڕووی بابەتی بەدڕەوشتی لەناوەندەکانی راگەیاندندا زیاتر گوزارشت لەکێشەی ئەخلاقی دەکا وەك لەوەی کێشەیەکی یاساییبێ.

## پوختە:



ئامانجی ناوەندەکانی راگەیاندن کە وەك پرۆژەی تایبەت کاردەکەن بەجێهێنانی قازانجی زیاترە وەك لەوەی ئامانجیان خزمەتکردنی بەرژەوەندیی گشتی بێ. ناوەندەکانی راگەیاندن لە کۆمەڵگای ئەمەریکیدا پشت دەبەستن بە خستنەڕووی نزیکەی 90٪ی بابەتی خۆشیو کات بەسەربردن بەرانبەر بەرێژەی تەنها 10٪ی بەرنامەی خزمەتگوزاریی گشتی، و بەرنامەکانی خرۆشاندنو سێکسو توندوتیژیش رێژەیەکی گەورە لەناوەڕۆکی بەرنامە تەرفیهییەکاندا داگیردەکەن.

یەکەمین یاسا بۆ بەرەنگاریکردنی کارە بەدڕەوشتییەکان لە کۆمەڵگای ئەمەریکیدا لەساڵی 1842وەوە دەرچووە، و ئەم یاسایە تاوەکو دەیەی حەفتاکانی سەدەی بیستەم چەندین چاککاری تیا کراوە، و کاری بەدڕەوشتی لە کۆمەڵگای ئەمەریکیدا لەرێی سێ رەگەزەوە دیاری دەکرێ کە دەبێ هەموویان لەم کارەدا هەبن، و ئەو رەگەزانەیش ئەمانەن:

1–بیرۆکەی سەرەکیی کارەکە ئارەزوی سێکسیبێ، و بەتەواوی پشتی پێببەستێ.

2–کارەکە دەبێ لەلایەن پێوەرەکانی کۆمەڵ یان کۆمەڵگای ناوخۆ نەویستراوبێ.

3–دەبێ کارەکە تەواو بەتاڵ بێ لە هەر بەهایەکی هونەری یان زانستی یاخود کۆمەڵایەتی.

لەگەڵ ئەوەیشدا کۆمەڵگا عەرەبییەکان پابەندن بەدانانی ئەو یاسایانەی ئامانج لێیان پارێزگاریکردنی خوڕەوشتی گشتییە لەدژی کاری بەدڕەوشتی، و ئەوەیش لەرێی سانسۆری حکومی، و یاسا رۆژنامەنووسییەکانەوە دەکرێن، بە لەبەرچاوگرتنی خەملاندنی دادوەری.

دواجار رێگادان بە پیشاندانی کاری بەدڕەوشتی لەناوەندەکانی راگەیاندندا زیاتر گوزارشت لەکێشەیەکی ئەخلاقی دەکا وەك لەوەی کێشەیەکی یاساییبێ.

## سەرچاوەکانی فەسڵی دوانزەیەم


(1) Hiebert, Ray Eldon and Reuss, Carol Impact of Mass Media (N. Y.: Longman Inc., 1988) P. 161.

(2) Christians, Clifford G., Rotzoll, Kim B., and Fackler, Mark. Media Ethics Cases and Moral Reasponing (N. Y.: Longman Inc., 1987) P. 251.

(3) Ibid, P. 269.

(4) Brown, Jane D. "Sex in the Media" In Hiebert, R. E. and Reuss, c. (1988) op. cit, PP. 167-171.

(5) Ibid, P. 169.

(6) Wright, Charles R. Mass Communication A Sociological Perspective (N. Y,: Random House, Inc., 1975) P. 143.

(7) Holsinger, Raslph L. Media Law (N. Y.: Random House, 1987) P. 328.

(8) Herless, James D. Mass Communication An Introductory Survey (USA: Wm. C. Brown Publishers, 1985) P. 442.

www.pertwk.com

(9) Holsinger, R. L., (1985) op. cit, P. 442
(10) Harless,J.d. (1985) op. cit, P. 442.
(11) Holsinger, R. L. (1987) op. cit, P 330.

(12) لیلی عبدالمجید: الصحافة فی الوطن العربی (القاهرة: العربی للنشر و التوزیع، 1990) لاپەڕەکانی 52–53.

(13) کۆماری میسری عەرەبی: یاسای ژمارە 148ی ساڵی 1980ی تایبەت بە دەسەڵاتی رۆژنامەنووسی (قاهیرە: دەستەی گشتیی تێگەیاندن).

(14) کۆماری دیموکراتیی سۆدان: بریار بەرێکخستنی رۆژنامەنووسیو چاپەمەنیی ساڵی 1405 کۆچی بەرانبەر بە 1985ی زایینی (خەرتوم: وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن)

(15) شانشیی عەرەبستانی سعودی: بڕیاری ژمارە 65 لەرۆژی 1402/3/23ی کۆچیی تایبەت بە رێکخستنی چاپەمەنیو بڵاوکردنەوە (ریاز: دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران).



(16) ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو: یاسای فیدراڵیی ژمارە 15ی ساڵی 1985ی تایبەت بەچاپەمەنیو بڵاوکردنەوە (ئەبوزەبی: وەزارەتی راگەیاندن).

(17) کۆماری لوبنان: یاسای چاپەمەنیی دەرچوو لەرۆژی 14ی ئەیلولی ساڵی 1962 (بەیروت: وەزارەتی ئیرشاد).

(18) دەوڵەتی بەحرێن: مەرسومی یاسای ژمارە 14ی ساڵی 1979ی تایبەت بەچاپەمەنیو بڵاوکردنەوە (مەنامە: وەزارەتی راگەیاندن).

(19) سوڵتاننشینی عوممان: مەرسومی شاهانەیی ژمارە 49ی ساڵی 1984 بەدەرکردنی یاسای چاپەمەنیو بڵاوکردنەوە (مەسقەت: وەزارەتی راگەیاندن).

(20) Holsinger, R. L. (1987) op. cit, P. 329.

(21) Donnerstein, Edward and Linz, Daniel "Sexuel Violence in the Media: Awarning" Psychology Today (Jan., 1984) P.144.

(22) Holsinger, R. L. (1987) op. cit, PP. 350-352.

(23) Christians, c. G., et al., (1987) op. cit, P. 233.

(24) Ibid, PP. 234-237.

www.pertwk.com

# کۆتایی

ناوەندەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان رۆڵێکی زیندو دەگێڕن لەژیانی کەسەکانو کۆمەڵگادا. ئەو ناوەندانە بوونەتە ئەو دیاردە گرنگانەی کە شێوەی ژیانیان لەسەدەی بیستەمدا جیاکردەوە. خەڵکیش وەها لەم ناوەندانە دەڕوانن بەوەی ئامێرێکنو جیهانی دەوروبەریان بۆ دەگوێزنەوە. رووددا کەی بایەخدانمان بەهەندێ رووداوو کێشە زیادبکا، ئەمەیش بەتەنها لەبەرئەوە نییە کە ئەم رووداوانە بڵاوکردنەوەیان لەناوەندەکانی راگەیاندندا دووبارەدەبێتەوە. ناوەندەکانی پەیوەندیکردنیش زۆر لە بەهاو نەریتو شێوازەکانی ژیان دەخەنە ڕوو، نەوەك لەبەرئەوەی گوزارشت لەواقیع یان حەقیقەتێ دەکەن، بەڵکو بۆ بەدەنگەوەچوونی هەندێ لەپێداویستییەکانی کۆمەڵگا، و ئەم ناوەندانە جیهانێکی تایبەت دەخوڵقێنن کە لەحەقیقەت بچێ، یان بەنیسبەت وەرگرەوە وەردەچەرخێنە سەر واقیع، و وەرگریش ئەو واقیعە رۆژنامەنووسییە قەبوڵ دەکا، لەبەرئەوەی هۆشیارنییە بەو پرۆسانەی کە بۆ دۆزینەوەی روودەدا، و لەگەڵ کەڵەکەبوونی ئەو واقیعەدا کە ناوەندەکانی راگەیاندن دەیانخولقێنن، ئەو واقیعە وەك شتێکی راستەقینە لەهۆشیاریماندا دەردەکەوێ، و زۆرێکیش لەئێمە ناتوانن جیاکاریی بکەن لەنێوان ئەو واقیعەی ناوەندەکانی راگەیاندن دەیانخولقێنن لەگەڵ واقیعی راستەقینەدا.

سەرباری ئەوەی ناوەندەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکان بەشێوازی هەمەجۆر ئەوانە دەخەنە روو کە لەجیهاندا روودەدەن، ئەم ناوەندانەیش ئەو شتانەی کە هەڵیاندەبژێرن بۆ پیشاندانیان بۆمان وا دەردەکەوێ راستەقینەبێ، و ئێمە ئەم لێکدانەوەیە پەسەنددەکەین کە بووەتە بەشێ لەهەستکردنو ئەزمونەکانمان.

کێشەی لێکۆڵینەوەکە لەوەدا خۆی حەشارداوە کە ناوەندەکانی راگەیاندن زۆر جارو لەکاتی پەیڕەوکردنو لەپێناو بەدەستهێنانی قازانجو بەجێهێنانی سەبقی رۆژنامەنووسیدا قوربانی بەلایەنی ئەخلاقی دەدەن، و بەر یەك کەوتنێ دروست دەبێ لەنێوان مافی ناوەندەکانی راگەیاندن لەبەدەستهێنانی هەواڵو هاووڵاتیان لەپارێزگاریکردنی ئابڕویان لەناوزڕاندنو سوکایەتیپێکردن، و پاراستنی نهێنییەکانی ژیانی تایبەتییان.

حکومەتەکانیش سەپاندنی سانسۆریان بەسەر ناوەندەکانی راگەیاندندا تاقیکردووەتەوەو بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو هەواڵو زانیاریو رۆشنبیریو هونەرانەی دەیانگوێزنەوە، بەڵام ئەم شێوازە ناوەندەکانی راگەیاندن دەکاتە تەنها زوڕنای پڕوپاگەندەکردن بۆ رەواجدان بە سیاسەتەکانی حکومەت، و لایەنگیریکردنی پەیڕەوکردنەکانی بەراستی یان بەپوچی، و ئەم شێوازەیش دەبێتە هۆی خەفەکردنەکانی چەندین دەنگ لە راگەیاندنی راو بۆچوونەکانیان بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگا، سەرباری ئەوەی ئەم شێوازە ئێستا لەگەڵ ئەو گەشەسەندنەی تەکنەلۆجیادا ناگونجێ کە جیهان بەخۆیەوە دەبینێو

www.pertwk.com

شوێنکەوتەی تێکشکانی بەربەستەکانە لەنێو گەلان، و هەروەها هەلآیسانی ئازادو راستەوخۆی زانیارییەکانیش فەراهەم دەکا.

لەلایەکی دیکەیشەوە ئازادبوونی ناوەندەکانی راگەیاندن لەسانسۆری حکومی بەتەواوی بووەتە هۆی رووردانی پەیڕەوکردنی نا بەرپرسیارانە لەلایەن ئەو ناوەندانەوە، و وەرچەرخانی هەندێکیشیان بۆ ئامێری گواستنەوەی ئابروبەریو درۆ، و درکاندنی ئەو نهێنییانەی زیان بەئاسایشی دەوڵەت دەگەیەنن، و هەروەها پەلاماردانی تایبەتمەندیی کەسەکان، و رەواجدان بەو پرەنسیپو بیروبۆچوونە دیاریکراوانە بۆ خزمەتی گروپێکی خەڵك لەسەر حسابی گروپێکی تر.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵی لێکدانەوەی چەمکی ئازادیی رادەربڕینیدا لەقەیرانە هەمەجۆرەکان، و گەشەسەندنی ئازادیی ناوەندەکانی راگەیاندن، و ئەو رۆڵەی کە بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا پێیهەڵدەستێ، لەگەڵ ئەو کۆت و بەندە پێشوەختانەی حکومەتەکان بەسەر پەیڕەوکردنی ناوەندەکانی راگەیاندندا دەیانسەپێنن و رۆڵی رێکخراوە ناحکومییەکانیش لەچاودێریکردنی ئەو ناوەندانەدا، و لێکۆڵینەوەی ئەو یاسایانەی زامنی پەیڕەوکردنی مافی ناوەندەکانی راگەیاندن دەکەن؛ لەزانینی ئەوانەی لە کۆمەڵگادا روودەدەن، و هەروەها مافیشیان لە پارێزگاریکردنی نهێنیی ئەو سەرچاوانەی بەکاریدەهێنن، و مافی حکومەتەکانیش لە پارێزگاریکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی بۆ بونیادنانی کۆمەڵگاو بنەماکانی، و هەروەها زامنکردنی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانەی خزمەتی بەرژەوەندیی کۆمەڵگا دەکەن، و لەگەڵ ئەوەیشدا مافی هاوولآتییان لەپاراستنی نهێنییە تایبەتییەکانیان و پارێزگاریکردنی ئابڕوویان لە ناوزڕاندن و سوکایەتیپێکردن. گومانیشی تیا نییە زێدەڕۆیی لە پەیڕەوکردنی هەر مافێك لەمافەکانی پێشوو لەسەر حسابی کەمکردنەوەی مافەکانی تر دەبێ، بەجۆرێ پێویست بەبوونی هاوسەنگی دەکا لەمافەکاندا، بە دوورکەوتنەوە لەو ململانێیەی ئەگەری دارمانی کۆمەڵگای هەیە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی دادەنرێ کە ئەوە بۆ لێکۆڵیار دەرەخسێنێ قوڵبێتەوە لەو دیاریدەیەدا کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەیە لەگەڵ تاقیکردنەوەی قولآییەکانی، و ئەم لێکۆڵینەوەیە لێکۆڵینەوەی میتۆدی مێژوویی و میتۆدی بەراوردکردن بەکاردەهێنێ بۆ لێکۆڵینەوەی ئازادیی رادەربڕین و راگەیاندن و ئەو یاسا رێکخراوانەیشی کە لە کۆمەڵگای ئەمەریکی و میسریدا هەیانە، هەروەك چۆن لێکۆڵیار شێوازی لێکۆڵینەوەی حاڵەتێکی بەکارهێناوە بۆ ئاشکراکردنی شێوازەکانی پەیڕەوکردنی نا بەرپرسیارێتی لەهەندێ لەو کێشانەدا کە ناوەندەکانی راگەیاندن لەخۆیانی دەگرن.

لێکۆڵیار ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەسەر چوار دەروازەدا دابەشکردووە، کە دوانزە فەسڵیان لەخۆگرتووە، و دەروازەی یەکەم گەشەسەندنی ئازادیی رادەربڕین و رۆژنامەنووسی دەخاتە ڕوو، و دەروازەی دووەمیش ئازادیی رادەربڕین و مافەکانی کۆمەڵگا دەخاتە ڕوو، و دەروازەی سێیەمیش بایەخ بە ئازادیی رادەربڕین و مافەکانی رۆژنامەنووسان دەدا، و ئامانجی دەروازەی چوارەمیش ئازادیی رادەربڕین و مافەکانی هاوولآتییانە.

فەسڵی یەکەمیش چوارچێوەی مێژوویی و فەلسەفی ئازادیی رادەربڕین لەرێی لێکدانەوەی چەمکی ئازادیی رادەربڕین و رەگەزەکانی لەخۆدەگرێ، لەگەڵ رەگ و ریشەکانی ئەم ئازادییە لەلای فەیلەسوفەکانی بیری ئەخلاقی: کۆنفۆشیۆس، سوکرات، ئەفلآتون، ئەرستۆ، تۆماس هۆبز، دیڤید هیوم، جۆن ستیوارت میل، و تۆماس جیفرسۆن تاوەکو دەگاتە جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ، کە بەدەق لەبەندی نۆزدەیەمینیدا ئاماژە کراوە بە زانیاریو بیرو بۆچوون و گواستنەوەی، بە چاوپۆشین لە سنورە جوگرافییەکان.

www.pertwk.com

فەسڵی دووەمیش ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لە کۆمەڵگا هەمەجۆرەکاندا خستووەتە ڕوو، لەگەڵ گەشەسەندنی ئەم ئازادییە لەکۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا ئەوەیش لەرێی سێ تیۆری سەرەکییەوە کە ئەوانیش: تیۆری دەسەڵات، تیۆری ئازادی، و تیۆری بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتین، و هەروەها لێکدانەوەی ئەو تیۆرانەی کە دادگای دەستوری باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ لێکدانەوەی ئازادیی راگەیاندن جێبەجێیان دەکا، لەگەڵ ئەو کۆت و بەندانەیشی کە کۆمەڵگا پەرستێنەکان دەیانخەنە سەر پەیڕەوکردنی ئازادیی راگەیاندن، و چەمکی بیری عەرەبی بۆ ئازادیی ڕۆژنامەنووسی، و بەراوردکردنی حاڵەتی هەردوو کۆمەڵگای ئەمەریکی و میسری لە پەیڕەوکردنی ئەو ئازادییەدا.

فەسڵی سێیەمیش سانسۆری حکومی و ئەو یاسایانەی هاندان لێکدەدەنەوە کە بۆ فەلسەفەی دەسەڵات دەگەڕێنەوە لەگەڵ پابەندبوونی کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا بە شێوەیەکی گشتی بە نەسەپاندنی سانسۆری حکومی بەسەر ناوەندەکانی راگەیاندندا، و ئەو کۆت و بەندانەیشی کە حکومەتی ئەمەریکی بەسەر ناوەندەکانی راگەیاندندا دەیانسەپێنێ؛ وەك حەسانەی سەرکۆمارو بەرپرسە رەسمییەکان، و رێگانەدان بە گواستنەوەی نهێنییە سەربازی و سیاسییەکان لەکاتی جەنگەکان، و بەرەنگاریکردنی سیخوڕیکردن، و پارێزگاریکردنی ئاسایشی نەتەوەیی، و هەروەها پارێزگاریکردنی نهێنییەکانی وەزارەتی بەرگری، و سەرجەمی ئەو حاڵەتانەیشی کە تیایاندا دەوڵەت ڕووبەڕووی مەترسی روون و ئێستایی دەبنەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم فەسڵە جۆری ئەو سانسۆرانەیشی خستووەتە روو کە حکومەتەکانی دەوڵەتە پەرستێنەکان بەسەر ناوەندەکانی راگەیاندندا دەیانسەپێنن، و لەگەڵ پاساوەکانی ئەم سانسۆرانە، و ئەو یاسایانەیشی سنور بۆ ئازادیی ناوەندەکانی راگەیاندن لە میسرو هەندێ دەوڵەتی عەرەبیدا دادەنێن.



لەفەسڵی چوارەمیشدا باس لەسانسۆری رێکخستنەکانی تایبەت بە ناوەندەکانی راگەیاندن کراوە، لەگەڵ دەرکەوتنی بەڵگەنامەکانی ئابڕوی پیشەیی و ئەنجومەنەکانی ڕۆژنامەنووسی، و هەندێ لەو رێکخستنانەی ئامانجیان هاندانی ناوەندەکانی راگەیاندنە لە پەیڕەوکردنی رۆڵی کۆمەڵایەتییان بە بەرپرسیارانەو دوور لەهێزو ناچارکردن، و لەو رێکخراوانەیش "کۆمەڵگای ئەمەریکی بۆ ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژنامەکان" ASNE و کۆمەڵگای ڕۆژنامەنووسە پیشەمەندەکان SPJ و یەکێتیی نەتەوەییی ڕۆژنامەنووسانی ئێزگە NAB و یەکێتیی بەڕێوەبەرانی هەواڵی رادیۆو تەلەفزیۆن RTNDA لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا. کۆمەڵگا عەرەبییەکانیش دەرکەوتنی یەکێتیی گشتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب، و بەڵگەنامەی ئابڕوی راگەیاندنی عەرەبی بەخۆوە بینیووە. هەر فەسڵی چوارەم رۆڵی هەریەکە لە رەخنەگران، و گروپەکانی فشار، و جەماوەر لەچاودێریکردنی ناوەندەکانی راگەیاندندا لەخۆدەگرێ.

فەسڵی پێنجەمی لێکۆڵینەوەکەیش پەیوەندیی ناوەندەکانی راگەیاندن بە حکومەتەوە لەخۆدەگرێ و چوار جۆر دەگرێتەوە، ئەوانیش: پەیوەندیی ناکۆکی، پەیوەندیی هاوبەرپرسیاری، پەیوەندیی پاشکۆیەتی، و پەیوەندیی بازرگانین، لەگەڵ لێکۆڵینەوەی هەندێ حاڵەتی پەیڕەوکراو بۆ هەریەکێ لە پەیوەندییەکانی پێشوو.

لەفەسڵی شەشەمیشدا پرەنسیپی مافی ڕۆژنامەنووسان لەپارێزگاریکردنی نهێنیی سەرچاوەکاندا خراوەتە ڕوو، ئەوەیش لەرێی لێکدانەوەی یاسای حەسانەی ڕۆژنامەنووسی، و مافی پەیڕەوکردنی کاری ڕۆژنامەنووسی، و سنورەکانی پەیڕەوکردن، و هەروەها لێکدانەوەی هەندێ لەو کێشە ئەخلاقییانەی تایبەتن بە پارێزگاریکردنی نهێنیی سەرچاوەکان.

ئامانجی فەسڵی حەوتەمیش لێکۆڵینەوەی پرەنسیپی مافی زانینی ئەوانەی لەرێکخراوە حکومییەکاندا هەڵدەسوڕێن لەخۆدەگرێ، و ئەم مافەیش

www.pertwk.com

ناکۆك دەبێ لەگەڵ ئەرکی حکومەت لە پاراستنی نهێنیی زانیاری و بەڵگەنامەکان، و یاساکانی ئازادیی زانیاری، و ئەو کێشانەی لەپرەنسیپی مافی زانیندا دەکەونەوە، لەگەڵ لێکۆڵینەوەی هەندێ لەو کێشانەی تایبەتن بەئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەیی.

فەسڵی هەشتەمیش پرەنسیپی مافی هاووڵاتییان لە پارێزگاریکردنی ئابڕوو پلەو پایەی کەسێتی لەتاوانی ناوزڕاندن و شێواندنی ئابڕودا لێکدەداتەوە، ئەوەیش لەرێی لێکدانەوەی چەمکی ئاشکرایی و جێبەجێکردنی لەشەریعەی ئیسلامی، و یاسای ئینگلیزی، و یاسای فەرەنسی، و هەروەها خستنەڕووی کۆڵەکەکانی تاوانی زیانگەیاندن بۆ سەر پلەو پایەی کەسێتی لەهەردوو کۆمەڵگای ئەمەریکی و میسریدا، و چۆن رۆژنامەنووس لەم تاوانە دووردەکەوێتەوە. هەروەها لێکۆڵینەوەی حاڵەتی هەندێ لەو کێشانەی تایبەتن بە ئەخلاقی پەیڕەوکردنی پیشەییەوە.

فەسڵی نۆیەمیش پرەنسیپی مافی هاووڵاتییان لە پارێزگاریکردنی تایبەتمەندیدا لەخۆدەگرێ، ئەوەیش لەرێی لێکدانەوەی چەمکی پارێزگاریکردنی تایبەتمەندی، و رەگەزەکانی پێشێلکردنی تایبەتمەندیی کەسەکان، و بەراوردکردنی ئەم پرەنسیپە لەیاسای ئەمەریکیدا بەهەندێ لە یاسا عەرەبییەکان، و خستنەڕووی ئەو کێشە ئەخلاقییانەی پەیوەنددارن بە پێشێلکردنی تایبەتمەندی.

لەفەسڵی دەیەمی لێکۆڵینەوەکەیدا پرەنسیپی مافی هاووڵاتییان لەبەدەستهێنانی دادگاییکردنێکی دادوەرانەدا خراوەتەڕوو، و بەراوردکردنی پەیڕەوکردنی ئەم پرەنسیپە لەیاسای ئەمەریکیدا بەهەندێ لەیاسا عەرەبییەکان، و لێکدانەوەی هەندێ نمونە لە پەیڕەوکردنی پیشەییدا.

فەسڵی یانزەیەمینیش بابەتی مافی بڵاوکردنەوەو بڵاوکردنەوەی زانیاری ا دەخاتەڕوو، ئەوەیش لەرێی لێکدانەوەی پێکهاتەی مافی دانەرو رەگەزەکانی، و پرەنسیپی بەکارهێنانی دادوەرانە بۆ زانیارییەکان، و بەراوردکردنی مافەکانی بڵاوکردنەوە لەنێوان هەردوو کۆمەڵگای ئەمەریکی و میسریدا، و هەروەها ئەو کێشە ئەخلاقییانەی کە لەم بوارەدا پەیوەنددارن بە پەیڕەوکردنی پیشەیی.

فەسڵی دوانزەیەمینیش مەسەلەی مافی پارێزگاریکردنی خوڕەوشتی گشتی لەکارە بەدڕەوشتییەکاندا لەخۆدەگرێ، کە ناوەندەکانی راگەیاندن رێژەیەکی گەورە لە بەرنامەی تەرفیهی دەخەنەڕوو بۆ گەڕان بەدوای دەستمایەو جەماوەریبوون، و خستنەڕووی کارە سێکسییە بەدڕەوشتییەکانیش لەناوەندەکانی راگەیاندندا دەبنە هۆی پێشێلکردنی پیرۆزی رەوشتی گشتی، و هەروەها ئەم فەسڵە ئەو یاسایانە دەخاتەڕوو کە رێگا دەگرن لە بڵاوبوونەوەی بابەتی بەدڕەوشتی لەکۆمەڵگای ئەمەریکیدا و بەراوردکردنی بە یاسای هەندێ لەدەوڵەتە عەرەبییەکان، لەگەڵ ئەوەیشدا لێکدانەوەی هەندێ لەو کێشە ئەخلاقییانەی لە پەیڕەوکردنی ناوەندەکانی راگەیاندندا رەنگ دەدەنەوە.

دواجار، سەدەی بیستەم بە دیاردەی تەقینەوەی زانیارییەکان جیادەبێتەوە، و هەروەها خەرجکردنی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بۆ بەرهەمهێنانی زانیاری و بڵاوکردنەوەی پارەی ئێجگار زۆر، و گواستنەوەی لایەنێکی گەورەی ئەم زانیارییانە لەرێی ناوەندەکانی پەیوەندییە جەماوەرییەکانەوە دەکرێن، و ئەوەیش پێویستیی پابەندبوون بە بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەرانبەر بە کۆمەڵگا بەسەر رۆژنامەنووساندا دەسەپێنێ، لەگەڵ زاڵ نەکردنی لەبەرچاوگرتنە پیشەییە تەسکەکان بەسەر لەبەرچاوگرتنە ئەخلاقییە گشتییەکاندا. کاتێکیش رۆژنامەنووس بەرپرسیارانە رەفتاردەکا کە ئازادیێ لەکۆت و بەندی پێشوەخت و سانسۆری سەپێنراو بەسەریدا، ئیتر لەلایەن حکومەتەوە بێ یان دامەزراوە رۆژنامەنووسییەکەوە یاخود هەر گروپێکەوە کە پەیڕەوی فشارەکانی بکا بەسەر کارو ویژدانییەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا بەرپرسیارێتی

www.pertwk.com

ئەوە دەخوازێ رۆژنامەنووس بۆ بەرژەوەندیی گشتی کاربکا، نەوەك بۆ سودی تایبەتی. راگەیاندنی ئازادیش حەقیقەتێکە کە نابێ دوژمنکارانەبێ، بەڵکو دەبێ بەرگریکاری حکومەت بێ، و ئارەزوومەندبێ لە تاقیکردنەوەی بڕیارەکانیداو رەخنەگرتن لە سیاسەتەکانی بۆ بەرژەوەندیی گشتی، و رەنگە ناوەندەکانی راگەیاندن تاکە دامەزراوە بن بۆ هەستان بەو رۆڵە لەرێی رەخنەی ئامانجدارەوە، و زانیارییە پشت پێبەستووەکان بۆ راستی، و گواستنەوەی سەرجەمی ئەو راو بۆچوونانەی کە رەنگدانەوەی ئەو شتانەن لە کۆمەڵگادا هەڵدەسوڕێن، و کەسە واقیعییەکانیش هەست بەوە دەکەن حکومەتێك نییە بێبەری بێ لە هەڵەکردن، و هەروەها راگەیاندنێکیش نییە بێبەری بێ لە هەڵەکردن، بەڵام دان نان بە هەڵە گوزارشت لە ناوبانگێکی باش دەکا، نەوەك هەمیشە پەندوەرگرتن بە سەپاندنی یاساکان، بەڵکو پەندوەرگرتن بە لەبەرچاوگرتنی ئەخلاق لە پەیڕەوکردنی کاری رۆژنامەنووسیدا.



# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوە عەرەبییەکان


(1) الجمهورية اللبنانية: المرسوم الاشتراكى رقم 104 بتأريخ 1977/6/30 (بيروت: وزارة الاعلام).

(2) الجمهورية اللبنانية: قانون المطبوعات الصادر بتأريخ 14 أيلول سنة 1962 (بيروت: وزارة الارشاد).

(3) المملكة العربية السعودية: نظام المطبوعات و النشر (صادر بقرار مجلس الوزراء رقم 65 بتأريخ 1402/3/23 هـ و المتوج بالمرسوم الملكى رقم م/17 بتأريخ 1402/4/13 هـ.

(4) امام عبدالفتاح امام: فلسفة الآخلاق (القاهرة: دار الثقافة للنشر و التوزيع، 1990).

(5) توفيق الطويل: فلسفة الآخلاق: نشأتها و تطورها (القاهرة: دار الثقافة، طبعة خامسة، 1985).

(6) جمال الدين العطيفى: حرية الصحافة وفق تشريعات الجمهورية العربية المتحدة (القاهرة: مطابع الآهرام التجارية، 1971).

(7) جمهورية الجزائر الديمقراطية الشعبية: قانون رقم 82 بتأريخ 1982/2/6 يتضمن قانون الاعلام (الجزائر: وزارة الاعلام).

(8) جمهورية السودان الديمقراطية: قرار بتنظيم الصحافة و المطبوعات لسنة 1405 هـ سنة 1985م (الخرطوم: وزارة الثقافة و الآعلام).

(9) جمهورية مصر العربية: القانون رقم 148 لسنة 1980 بشأن سلطة الصحافة (القاهرة: الهيئة العامة للاستعلامات).

(10) حسن عماد مكاوى: انتاج البرامج للراديو: النظرية والتطبيق (القاهرة: مكتبة الآنجلو المصرية، 1989).

(11) حسن عماد مكاوى: الآخبار فى الراديو و التليفزيون (القاهرة: مكتبة الآنجلو المصرية، 1989).

(12) حسن عماد مكاوى: تكنولوجيا الاتصال الحديثة فى عصر المعلومات (القاهرة: الدار المصرية اللبنانية، 1993).

(13) حمدى حسن: الوظيفة الآخبارية لوسائل الاعلام (القاهرة: دار الفكر العربى، 1991).

(14) خليل صابات: الصحافة رسالة و استعداد و فن وعلم (القاهرة: دار المعارف بمصر، ط 2، 1967).

www.pertwk.com

(15) خليل صابات: وسائل الاتصال: نشأتها وتطورها (القاهرة: مكتبة الآنجلو المصرية، طبعة خامسة، 1987).
(16) دولة الامارات العربية المتحدة: قانون اتحادى رقم 15 لسنة 1980 فى شأن المطبوعات و النشر (أبوظبى: وزارة الاعلام).
(17) دولة البحرين: مرسوم بقانون رقم 14 لسنة 1979 فى شأن المطبوعات و النشر (المنامة: وزارة الاعلام).
(18) دولة قطر: قانون المطبوعات و النشر رقم 8 لسنة 1979 (الدوحة: وزارة الاعلام).
(19) راسم محمد الجمال: الاتصال و الاعلام فى الوطن العربى (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، 1991).
(20) سلطنة عمان: قانون المطبوعات و النشر رقم 49 لسنة 1984 و لائحته التنفيذية رقم 25 لسنة 1984 (مسقط: وزارة الاعلام).
(21) عماد عبدالحميد النجار: الوسيط فى تشريعات الصحافة (القاهرة: مكتبة الآنجلو المصرية، 1985).
(22) فاروق أبو زيد: النظم الصحفية فى الوطن العربى (القاهرة: عالم الكتب، 1986).
(23) ليلى عبدالمجيد: الصحافة فى الوطن العربى (القاهرة: العربى للنشر و التوزيع، 1990).
(24) ليلى عبدالمجيد: سياسات الاتصال فى دول العالم الثالث (القاهرة: الطباعى العربى، 1986).

## دووەم: سەرچاوە بیانییەکان



(25) Barney, Ralph D. "The Journalist and a Pluralistic Society: An Ethical Approach" In Elliott, Deni Responsible Journalism (California: SAGE Publications, Inc., 1986).
(26) Becker, Samuel L. Discovering Mass Communication (USA: scott. Foresman and Company, 2nd Ed., 1987).
(27) Bittner, John R. Mass Communication An Introduction (N. J.: Prentice- Hall, Englewood cliffs, 4th Ed., 1986).
(28) Bok, Sissela Lying: Moral choice in Public and Private Life (N. Y.: Pantheon Books, 1978).
(29) Brenner, Daniel L. and Rivers, William L. Free But Regulated conflicting traditions in Media Law (Ames, Jowa: Iowa State university Press, 1982).
(30) Brown, Jane D. "Sex in the Media" In Hiebert, R. E. and Reuss, c. Impact of Mass Media (N. Y.: Longman Inc., 1988).
(31)Christians, Clifford G. "Reporting and the oppressed" In Elliott, Deni Responsible Journalism (California: SAGE Publications Inc., 1986).
(32) Christians, Clifford G. Rotzoll, Kim B. and Fackler, Mark Media Ethics Cases and Moral Reasoning (N. Y.: Longman Inc., 1987).
(33) Culbertson, Hugh M. "Leaks- A Dilemma for Editors as well as officials" Journalism Quarterly (Autumn, 1980).
(34) Dennis, Everette E. "Social Responsibility, Representation, and Reality": In Elliott, Deni Responsible Journalism (California: SAGE Publications, Inc., 1986).
(35) Dennis, Everette E. and Merrill, John C. Basic Issues in Mass Communication (N. Y.: Macmillan Publishing Company, 1984).
(36) Donnerstein, Edward and Linz, Daniel "Sexuel Violence in the Media: A Warning" Psychology Topday (Jan., 1984).

www.pertwk.com


(37) Elliotte, Deni Responsible Journalism (California: SAGE Publications, Inc., 1986).

(38) Emerson, Thomas I. The system of free Experssion (N. Y.: vintage Books, 1970).

(39) Fink, Conrad C., Media Ethics in the Newsroom and Beyond (N. Y.: McGraw- Hill, Inc., 1988).

(40) Galvin, Katherine M., Media Law: A Legal Handbook for the working Journalist (berkely, CA: Nolo Press, 1984).

(41) Gastil, Raymond D. freedom in the World (N. Y.: Freedom House,1979).

(42) Genovese, Margaret "AIDS: Reporting the Tragedy" in Hiebert, R. E. and Reuss, C. Impact of Mass Media (N. Y.: Longman Inc., 2nd Ed. 1988).

(43) Glasser, Theodore L. "Press Responsibility and first Amendment Values" In Elloitt, Deni Responsible Journalism (California: SAGE Publications, Inc., 1986).

(44) Goodale, James c. and Moodhe, Joseph P. "Reporter's Privilege Cases" Communication Law (N. Y.: Practicing Law Institute, Vol. 2, 1985).

(45) Haiman, Franklyn s. Speech and Law in a Free Society (Chicago: University of Chicago Press, 1981).

(46) Hardt, Hanno "Press Freedom in Western Societies" In Martin, L. John and Chaudhary, Anju Grover Comparative Mass Media Issues (N. Y.: Longman, Inc., 1983).

(47) Harless, James D. Mass Communication An Introductory Survey (USA: Wm. C., Brown Publishers, 1985).

(48) Head, Sydeny W. World Broadcasting Systems A Comparative Analysis (N. J.: Wadsworth, Inc., 1985).

(49) Hiebert, Ray Eldon and Reuss, Carol Impact of Mass Media (N. Y.: Longman Inc., 2nd Ed., 1988).

(50) Hodges, Louis W. "Defining Press Responsibility: A functional Approach" In Elliott, Deni Responsible Journalism (California: SAGE Publications, Inc., 1986).

(51) Hohenberg, John The News Media: A Journalist Looks at his Profession (N. Y.: Holt, Rinehart and Winston, 1968).

(52) Holsinger, Ralph L. Media Law (N. Y.: Random House, 1987).

(53) Hunter, Julius K. and Gross, Lynne s. Broadcast News The inside out (USA: The C. V. Mosby Company, 1980).

(54) Lambeth, Edmund B. Committed Journalism: An Ethic for the Profession (Bloomington: Indiana university Press, 1987).

(55) Marro, Anthony "When the Government tells lies" Columbia Journalism Review (March / April, 1985).

(56) Martin, L. John and Chaudhary, Anju Grover Comparative Mass Media Issues (N. Y.: Longman Inc., 1983).

(57) Merril, John Calhoun The Imperative of Freedom (N. Y.: Hastings House, 1974).

(58) Merrill, John c. "Three theories of Press Responsibility and the advantages of Pluralistic individualism" In Elliot, Deni Responsible Journalism (California: SAGE Publications, Inc., 1986).

www.pertwk.com


(59) Merrill, John C. and Odell, s. Jack Philosophy and Journalism (White Plains, N. Y.: Longman Inc., 1983).

(60) Miller, Abraham H. Terrorism: The Media and the Law (Dobbs Ferry, N. Y.: Transational Publishers, Inc., 1982).

(61) Mytton, Graham Mass Communication in Africa (London: Arnold, 1983).

(62) Nasser, Munir K. "News valus versus ideology: A third World Perspective" In Martin, L. and Chaudhary, A. G. Comparative Mass Media Systems (N. Y.: Longman Inc., 1983).

(63) River, William L. and Mathews, Cleve Ethics for the Media (Englewood Cliffs, N. J.: Prentice- Hall, Inc., 1986).

(64) Schudson, Micheal Discovering the News (N. Y.: Basic Books, 1978).

(65) Siller, Robert C. Guide to Professional Radio & TV Broadcasting (N. Y.: TAB Books, 1972).

(66) Sommerlad, E. Lioyd The Press in Developing Countries (Sydney, Australia: Sydney university Press, 1966).

(67) Stepp, Carl Sessions "When a Public Figure's Private Life is News? In Hiebert, Ray Eldon and Reuss, Carol Impact of Mass Media (N. Y.: Longman Inc., 2nd Ed., 1988).

(68) White, Ted. Meppen, Adrian, and Young, Steve. Broad cast News, Writing, Reporting, and Production (N. Y.: Macmillan Publishing Company, 1984).

(69) Williams, Frederick The New Communications (Belmont, California: Wadsworth, 1984).

(70) Windlesham, Lord Broadcasting in A free Society (England, Oxford: Basill Blackwell, 1980).







(71) Witcover, Jules "Two weeks that shook the Press" Columbia Journalism Review 10 (September/ October, 1971).

(72) Witty, Susan "The citizens Movement takes a turn" In Hiebert, Ray Eldon and Reuss, Carol Impact of Mass Media (N. Y.: Longman Inc., 2nd Ed., 1988).

(73) Wright, Charles R. Mass Communication A Sociological Perspective (N. Y.: Random House, Inc., 1975).